قودس
قودس پەناگەی پێغەمبەران
لە ئیبراهیم تاگەڕانەوەی عیسا(عليه السلام)
نوسینی: م.محمد عزیز لۆتەری
2025
عَنْ أَبِي أُمَامَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ لَعَدُوِّهِمْ قَاهِرِينَ لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَالَفَهُمْ إِلَّا مَا أَصَابَهُمْ مِنْ لَأْوَاءَ حَتَّى يَأْتِيَهُمْ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ كَذَلِكَ, قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَأَيْنَ هُمْ؟ قَالَ:
بِبَيْتِ الْمَقْدِسِ وَأَكْنَافِ بَيْتِ الْمَقْدِسِ
الإمام أحمد في المسند(21286)

قودس پەناگەی پێغەمبەران لە ئیبراهیمەوە تا گەڕانەوەی عیساعلیهم السلام

نوسینی:محمد عزیز لۆتەری .

پێڕستی بابەتەکان:

ناوی بابەت	ژمارەی لاپەڕ
پێشەکی	٩-١٤
ڕێخۆشکردن پێناسەی چەمکەکانی بابەت : پێناسەی بەیت المقدس و هاوماناکانی .	١٥-١٩
تەرخانکردنی پەیام وپەیامبەرێتی بە وەچەکانی نوح وئیبراهیم علیهما السلام.	١٩-٢٠
کێ نەوەی ئیبراهیمە ومەرجەکانی پەیرەوکردن لە ئیبراهیم علیه السلام چین؟	٢٠-٢١
پێناسەی ئەوگەلانەی کە لەسفری تکوین زەوی میعادیان لێ سەنراو درایە کوڕانی ئیبراهیم	٢١
پایە وبایەخی ولآتی شام وبە تایبەت فەلەستین لە تەورات دا:	٢٢
ئەوەی ناوی دێن ئیسرائیلی گەورە کوێ دەگرێتەوە؟	٢٢-٢٣
ئایا بەلێنەکەی تەورات تەنیا بۆ بنەماڵەی ئیسرائیلە؟ یان بۆ وەچەی هەموو کوڕەکانی ئیبراهیمە؟	٢٣-٢٤
بەلێنی هەلگرتنی سپاردەی پیرۆز کەسە ستەمکاروفاسقەکان ناگرێتەوە با نەوەی ئیبراهیمیش بن.	٢٤-٢٥
دوا وەسیەتی ئیبراهیم ویەعقوب علیهما السلام بۆ نەوەکانیان .	٢٦-٢٧
سفری تەکوینی تەورات چۆن باسی درۆزنی وپیلانگێڕی وچەواشەکاری بنەماڵەی ئەبراهام ویەعقوب دەکا ؟	٢٧-٣٣
بۆچی بنەماڵەکانی ئیسرائیل لەسەرزمانی داود وعیساعلیهما السلام بە نەفرەت کران؟	٣٣-٣٩
پایە وبایەخی ولآتی شام وبە تایبەت فەلەستین لە قورئانی پیرۆزدا:	٣٩-٤١

وڵاتی پیرۆز و موبارەک و مقدسی سام لە کێوی جودیەوە تاکو توری سینا ،لە سەردەمی نوحەوە تاکو دووبارە گەڕانەوەو هاتنەوەی مەسیح علیهما السلام .	٤١-٤٣
گۆڕانی زمانەکان شەریعەتەکان و ژیاروشارستانیەکان نابێتە هۆی کاڵ بوونەوەی پیرۆزی وڵاتی سام.	٤٣-٤٥
سیماکانی بنەماڵەی ئیسرائیل وجولەکە لەسورەتی النساء والمائدة .	٤٥-٤٦
١- سیماکانی نەوەی ئیسرائیل وجولەکەکان لەسورەتی (النساء	٤٦
ا- گومڕاکردنی کۆمەڵگاچونکە خۆیان گومڕان:	٤٦
ب- ساختەکردنی دەقەکان ودرۆهەڵبەستن بەدەم خواوە .	٤٦-٤٧
ج- چاوچنۆکی و ئیرەیی بردن وچروکی :	٤٧-٥٣
د-کەللەڕەقی وتاکڕەوی	٥٤-٥٥
ه-بێ ئەدەبی بەرامبەرخوا .	٥٧-٦٦
- سیماکانی نەوەی ئیسرائیل وجولەکەکان لەسورەتی (الْمَائِدَة) دا :	٦٦-
ا-بەڵێن و پەیمان شکێنی	٦٦-٩٣
فەرمودەکان لەسەر بوونی تائیفەی مەنسورە وکۆمەڵی سەرکەوتو لەقودس ودەوروبەری قودس-اکناف بیت المقدس-.	٩٣-١٠٧
لێکدانەوەو شیکردنەوەی فرە ڕەهەندی هەندێک لە فەرمودەکان لەلایەن زانایانەوە :	١٠٧-١١٥
پێناسەی (العصابة) لەڕووی زمانەوانی:	١١٥
پێناسەی الطَّائِفَةُ لەعەرەبیدا	١١٦-١٢٣
پێناسەی الرباط	١٢٣-١٢٦
عەسقەلان(ئەشکەلان)لانەی عەشق وئەشکی جانبازانی شەهادەت(وإن أفضل رباطكم عسقلان.)	١٢٦-١٢٧
ئاشوبی یاجوج وماجوج واتە بنەبڕبوونی مرۆڤایەتی ومانەوەی ئەوچەندسەدکەسەی لەگەڵ عیسی علیه السلام لەکێوی تور پەنادراون..	١٢٧-١٣٢

ئاياكۆبوونەوەی بنەماڵەی ئیسرائیل لەفەلەستین سزایە بۆیان یان پاداشت؟	١٣٢-١٣٥
کاریگەری داگیرکران وجولەکەنشینکرانی فەلەستین لەسەربوژانەوەوبەرپابوونی ڕابوونی ئیسلامی:	١٣٥-١٣٨
ژیاننامەی شێخی موجاهید محمد عز الدین کوڕی عبد القادر القسام (1300ھ/1883م - 1354ھ/1935م)ناسنامەی بنەماڵەی قەسسام:	١٣٩-١٤٥
بەشی دووەمی ژیاننامەی شێخی موجاهید محمد عز الدین القسام (1300ک/1883ز - 1354ک/1935ز) ڕۆڵی قەسسام لەشۆڕشی عومەرموختار دژی ئیتالیاوشۆڕشی مەیسەلۆنی سوریادژی فەرەنسا	١٤٥-١٤٩
بەشی سێیەمی ژیاننامەی شێخی موجاهید محمد عز الدین کوڕی عبد القادر القسام (1300ک/1883ز - 1354ک/1935ز)بەرپاکردنی شۆڕشی بۆراق لەدژی بەریتانیا	١٤٩-١٥٧
بارودۆخی فەلەستین دوای شەهید بوونی قەسسام لەساڵانی١٩٣٦-١٩٤٨ز لەشۆڕشی گەورەی فەلەستینەوە بۆ دامەزرانی دەوڵەتی جولەک	١٥٧-١٦٠
فەلەستین وئەقسا لەیاداشتەکانی شەهید (حسن بەننا) دا:	١٦٠-١٦٧
بەناوبانگترین کەسایەتیەکانی مێژووی هاوچەرخی فەلەستین:	١٦٧
١-حاجی محمد أمين الحسيني موفتي قودس (1895 - 4 يوليو 1974)	١٦٨-١٧١
٢-ئەحمد حلمي عبد الباقي (1882-1963)	١٧١-١٧٢
٣-أحمد أسعد الشقيري (1908 - 26 فبراير 1980)	١٧٢-١٧٣
مێژووی دەوڵەتی عیبری لە نێوان چەپەکان وڕاسترەوەکاندا:	١٧٣
سەرۆکەکانی دەوڵەتی عیبری: 1-: دافید=داود- کوڕی گوریون	١٧٣-١٧٤
2- موشيه شاريت١٩٥٣-١٩٥٥	١٧٤
3-ليفي أشكول	١٧٥
4-جولدا مائير	١٧٥

5-إسحاق رابين	١٧٥
6- مناحم بيگن(מְנַחֵם בֵּגִין) (1913–1992)	١٧٦
7-إسحاق شامير[יִצְחָק שָׁמִיר](1915–2012)	١٧٦
8-شمعون بيريز(שִׁמְעוֹן פֶּרֶס)(1923–2016)	١٧٦
(9) -بنيامين نتانياهو[בִּנְיָמִין נְתַנְיָהוּ](1949–)	١٧٧
10-إيهود باراك	١٧٧
11- ئارئيل شارون[אֲרִיאֵל שָׁרוֹן](1928–2014)	١٧٧
12-إيهود أولمرت:	١٧٨
١٣- دوباره بنيامين نتانياهو بۆ ماوەی١٣ساڵ:	١٧٨
١٤- نفتالي بينيت	١٧٨
: ١٥-يائير لبيد	١٧٨
١٦-بنيامين نتنياهو بۆجاری سێیەم .	١٧٩
جەنگەکانی نێوان وڵاتانی عەرەب وقەوارەی زایۆنی لە١٩٤٨-١٩٨٥:	١٧٩
1– جەنگی 1948:لە 15 مايو/ أيار 1948 تاكو مانگی ٢٤ ی شوباتی 1949	١٨٠
٢– جەنگی 1956 (جەنگی سێقۆڵی)	١٨٠
3 – جەنگی شەش ڕۆژەی نسكۆ 1967: 4 – جەنگی 1973 دەی ڕەمەزان :	١٨١
5 – جەنگی 1982:جەنگی باشوری لوبنان :	١٨١- ١٨٢
چۆنێتی دامەزران وگرنگترین قۆناغ و وێستگەکانی بزوتنەوەی بەرەنگاری ئیسلامی /حركة المقاومة الإسلامية "حماس" وبە ناوبانگترین کەسایەتیەکانی:	١٨٢
پێناسەی زمانەوانی وهێمایی حەماس:	١٨٢- ١٨٥
بەرپاکردنی (انتفاضة الحجارة)لەساڵی ١٩٨٧:	١٨٥- ١٨٧
دامەزرانی کەتیبەکانی قەسسام وشەهیدکرانی عياش.	١٨٧
بەرپابوونی ئینتیفازەی دووەم کەبەڕاپەڕینی ئەقسا ناسراوە لەساڵی ٢٠٠٠ز	١٨٨

بەشداری حەماس لەکاری سیاسی وهەڵبژاردنی سێیەم لە٢٠٠٦زدا.	-١٨٨ ١٨٩
ژیاننامەی بەناوبانگترین کەسایەتیەکانی حەماس: ١-ژیاننامەی شەهیدی دامەزرێنەر شێخ ئەحمەد ئیسماعیل یاسین .	-١٨٩ ١٩٠
٢- ژیاننامەی شەهید عبدالعزیز ڕەنتیسی :	١٩٠
٣-ژیاننامەی شەهید صلاح شحادة دامەزرێنەری باڵی سەربازی قەسام:	-١٩٠ ١٩١
٤- ژیاننامەی شەهید ئیسماعیل حسن محمد ئەبوشەنەب:	١٩١
٥- ژیاننامەی شەهید محمود أبو هنود:	-١٩١ ١٩٢
٦- ژیاننامەی شەهید عدنان الغول:	١٩٢
٧- ژیاننامەی شەهید سعید صیام:	١٩٢
٨- ژیاننامەی شەهید أحمد الجعبري:	١٩٢
٩- ژیاننامەی شەهید رائد صبحي احمد العطار	-١٩٢ ١٩٣
١٠- ژیاننامەی شەهید عمادحسن إبراهیم عقل:	١٩٣
١١- ژیاننامەی شەهید یحیی عیاش:	١٩٣
١٢- ژیاننامەی شەهیدی سەرکردە یحیی إبراهیم حسن السنوار:	-١٩٣ ١٩٨
١٣-ئەندازیاری باڵی م.س ی حەماس موسی محمد محمد أبو مرزوق	-١٩٨ ١٩٩
١٤- پوختەیەک لەژیانی شەهید سوپاسالاری بەتوانا محمد الضیف وپۆلێک لەبرا شەهیدە کانی :	-١٩٩ ٢٠٣
١٥-عیسى علي خلیل النشار	٢٠٣
١٦-ژیاننامەی محمود خالد الزهار :	٢٠٣

١٧-ژیاننامەی شەهیدی پێشەنگ وباوکی شەهیدان إسماعیل عبد السلام أحمد هنية	٢٠٣-٢٠٥
١٨-ژیاننامەی فەرمودەناسی شەهید نزار عبد القادر محمد ريان العسقلاني	٢٠٥
بەراوردی پێنج جەنگەکەی وڵاتانی عەرەب وجولەکە لە نێوان ساڵانی١٩٤٨-١٩٨٥لە گەڵ چواردە ڕووبەڕوو بوونەوەی حەماس وجولەکە لە ساڵانی١٩٨٧-٢٠٢٣بە داتا و ژمارە.	٢٠٥
١-ڕاپەڕین وئینتیفازەی یەکەم لە مانگی ١٩٨٧تاکو ١٩٩٣ ز	٢٠٥
- ڕووبەڕووبونەوەکانی قسام وجولەکە لە١٩٩٣- تا١٩٩٩ز.	٢٠٦
٣-ڕاپەڕین وئینتیفازەی فەلەستینی دووەم کەبە ئینتیفازەی ئەقسا ناسراوە:	٢٠٦
٤- قەوارەی جولەکە ئۆپراسیۆنی قەڵغانی پارێزەر الدرع الواقي٢٧-٥-٢٠٠٢ز	٢٠٧
٥-پاشەکشەی جولەکە لە کەرتی غەزە لە١٥-٨-٢٠٠٥ز	٢٠٧
-ئۆپراسیۆنی الوهم المتبدد داله جمادی یەکەم لەساڵی 1427ک / 25 حزیران 2006زداوگرتنی جلعات شالێت .	٢٠٨
٧-لە 27 دیسمبر 2008 دا قەوارەی جولەکە هێرشێکی کردەسەرغەززە کە 22 ڕۆژی خایاند	٢٠٨
٨-لە 14 نوفمبر 2012 جولەکە أحمد الجعبري سەرکردەی حەماسی شەهیدوتیرۆرکرد وبوەهۆی جەنگ .	٢٠٨
٩- لە مانگی حەوت وهەشتی 2014 حەماس سێ لەسەربازانی جولەکەی کوشت وچەندیشی ڕفاندن	٢٠٩
١٠-قەسابخانەی خۆپیشاندانی مارسی 2018	٢٠٩
١١-کاردانەوەی پشێوی لە مزگەوتی ئەقسا لە مایو 2021 ز.	٢٠٩
١٢-هێرشی فڕۆکەکانی جولەکە بۆسەرخەڵکی سڤیل لە مانگی٨-٢٠٢٢	٢٠٩

١٣-گەمارۆی ئۆردوگای پەنابەرانی فەلەستینی لە ینایر 2023 دا	٢٠٩
١٤-لە حەوتی دەی 2023 حەماس لە ئۆپراسیۆنێکی دەگمەن بەناوی تۆفانی ئەقسا بەسەردیواری عازل دا بازی داو تائێستاش بەردەوامە.	٢١٠
دۆخی غەزە لەپێک هاتنی ئۆسلۆوە تائێستا بەداتاوژمارە قۆناغەکانی باری گوزەرانی کەرتی غەزە لەساڵی ١٩٩٢-٢٠٢٥.	٢١٠
قۆناغی یەکەم کۆتاییەکانی ١٩٩٠ەکان - سەرەتای ٢٠٠٠ەکان	٢١٠
- ٢-ئاب - ئەیلوولی ٢٠٠٥ — کشانەوەی ئیسرائیل لەغەزە	٢١١
٣-حوزەیرانی ٢٠٠٦ — ڕێوشوێنەکانی داخستن دوای ڕووداوە ئەمنییەکان و کۆنترۆڵی جوڵە دوای گرتنی شالێت .	٢١١
٤-حوزەیرانی ٢٠٠٧ — دەستبەسەرداگرتنی غەزە لەلایەن حەماسەوە و دەستپێکردنی گەمارۆی گشتگیر	-٢١١ ٢١٢
٥-٢٠٠٨–٢٠٠٩ — ئۆپراسیۆنی "الرصاص المصبوب" و دوای ئەوە (زیادبوونی گەمارۆی مرۆییەکان)	٢١٢
٦-٢٠١٠ (تەمموز) — لیستی کاڵا چاودێرکراوە/قەدەغەکراوەکانی ئیسرائیل	-٢١٢ ٢١٣
٧-٢٠١٤ — جەنگی هاوینی ٢٠١٤ (عملية "الجرف الصامد"" / Protective Edge) و داخستنی تونێلەکان	٢١٣
٨-٢٠١٧–٢٠٢٠ — کۆبوونەوەی قەیرانەکان: سنوردارکردنە ئیسرائیلییەکان + ڕێوشوێنە میسرییەکان + قەیرانە داراییەکان	٢١٣
٩-٢٠٢١–٢٠٢٢ — ژمارە ئازارهێنەرەکان وگەمارۆی کارەساتبار:	٢١٤
١٠-نیوەی یەکەمی ٢٠٢٣ (هەتا ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣) — زیادبوونی ئاگادارکردنەوە نێودەوڵەتییەکان لەکارەساتی گەمارۆ:	٢١٤
گەمارۆکان جانبازی ٧ی ئۆکتۆبەریان کردە تاکەهەڵبژاردە چونکە چارەنوسی مەرگ بۆ هەموان مسۆگەربوو:	٢١٥

ڕەوشی غەزە لەدوای حەوتی ئۆکتۆبەر : لە نیوەی دووەمی ٢٠٢٣ ← ١١ی ئابی ٢٠٢٥)	-٢١٥ ٢٢٠
قەیرانی فەلەستین و مل ملانێی نێوان جولەکەو مەسیحیەکان و مسوڵمانان لە ڕوانگەی جیهانبینی نەخشە ڕێگای تەورات وتلمود وئینجیلەوە.	-٢٢٠
نەسرانیەکان سێ جۆری تەوراتیان لەبەردەستە کە هەریەکەیان سەرژمێری لەوەی تر جیایە بەم شێوەی خوارەوە . ١-تەوراتی ئەرسدۆکسەکان :	٢٢١
٢-تەوراتی کاسۆلیکەکان	-٢٢١ ٢٢٤
٣-تەوراتی پرۆتستانتەکان	-٢٢٤ ٢٢٦
٤-ساڵژمێری تلمودی سەنهەدرێن لای جولەکەکان :	-٢٢٦ ٢٣٠
پێشبینیە ئاینیەکانی تەورات وئینجیل پایەکانی ستراتیژی سیاسەتمەدارانن .	-٢٣١ ٢٣٢
قەشە فولویل چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس روبەرت شیر لە٤-٥-١٩٨١دا کردوە :	-٢٣٣ ٢٣٥
کۆمێنت وتۆمارەکانی فۆلۆیل لە سەر پێشبینیەکانی تەورات وئینجیل :	٢٣٥
نوسەری ڕاستڕەوی ئەمریکی هال لیندسی لە کتێبی داهاتووی جیهانی نوێ دا نوسیویەتی:	-٢٣٥ ٢٣٦
لێدوانەکانی ئینجیلیە زایۆنیەکان وهەوڵەکانیان بۆ لەسەر هەیکەل و هەوڵی ڕوخاندنی ئەقسا .	-٢٣٦ ٢٣٩
نەخشەڕێگای هەڵێنجراو لەسەرەتای سورەتی ئیسرا :	-٢٣٩ ٢٤٠
بەراوردی جەنگ وهەرای هەرمجدۆن لەنێوان دەقە دینیەکان و ولێدوانەکان وئۆپراسیۆنەکاندا:	-٢٤١ ٢٤٥
تضرع المسلمین الی الله رب العالمین من اجل نصرة المجاهدین المرابطین في اکناف بیت المقدس	-٢٤٦ ٢٥١

پێشەکی :

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذي شرع لعباده العبادة ، وجعله سببا للهداية والسيادة ، ووضع في ارضه القبلتين فيهما ذكريات وانفاس الانبياء والمرسلين . وقائدهم المبعوث رحمة للعالمين .

اما بعد .

خوای گەورە لە قورئاندا بە موبارەك وپیرۆز ناوی مزگەوتی پیرۆزی ئەقساو دەوروبەری بردووە, وەکو دەفەرموێت:

﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ] { الاسراء : 1 }﴾

واتە: پاکی و بێگەردی وستایش بۆ ئەو خوایەی کە شەوڕەوی کرد لەبەشێکی کەمی شەودا بەبەندەی خوی محمد ﷺ لە مزگەوتی حرام ،کەعبەی پیرۆزەوە بۆ مزگەوتی ئەقصی لە بیت المقدس کە دەوروبەریمان پیرۆز وپڕبەرەکەت کردووە.

وە بێگومان دەوروبەری مزگەوتەکەش کە پڕبەرەکەت وپیرۆز کراوە پێك دێت لە قودس ، بۆیە پیرۆزە.

خوای گەورە وەصفی دەکات بەوەی موقەدەسە لەسەر زمانی پێغەمبەر موساوە عليه الصلاة والسلام وەکو دەفەرموێت:﴿يَاقَوْمِ ادْخُلُوا الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ][المائدة:21 }﴾

واتە: ئەی قەوم و عەشرەتم بچنە ناو ئەو زەویە پیرۆزەی القدس, کە خوا پێویستی کرد لەبەر سوودی خۆتان بچنە ناوی.

بيت المقدس یەکەم ڕووگە وقیبلەی موسڵمانانە, وەکو لەم فەرموودەیەدا هاتووە:

عَنِ الْبَرَاءِ قَالَ: لَمَّا قَدِمَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْمَدِينَةَ صَلَّى نَحْوَ بَيْتِ الْمَقْدِسِ سِتَّةَ عَشَرَ شَهْرًا أَوْ سَبْعَةَ عَشَرَ شَهْرًا...

واته: بەرائی کوری عازب دەڵێت: کە پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ مەدینە بەرەو بیت المقدس نوێژی کرد بۆ ماوەی شازدە یان حەڤدە مانگ.

جالەکاتێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ سێزدەساڵی مەکەو ساڵێک وچوار مانگی مەدینەش هەر نوێژی بەرەو بیت المقدس کردوە واتە لەکۆی ٢٣ ساڵی پێغەمبەرێتی تەنیا هەشت ساڵ وهەشت مانگ نوێژی بەرەو کەعبە کردوە .

هەربۆیە مسوڵمانان شەویان خستەسەر ڕۆژ وقوربانی زۆریان دا تالەدەست ڕۆم لەسەردەمی خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتتاب لە ١٥ی ڕەجەبی ساڵی ١٥کۆچی فەتحیان کرد بەڵام کلیلی شاری قودس لە١٦ مانگی مەولودی ساڵی١٦کۆچی ڕادەستی مسوڵمانان کرا، وەدواتریش بەهەمان پەرۆشی لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ٥٨٣کۆچی ئەیوبەکان لەخاچەکانیان ستاندەوەوئازادیان کرد ،وەلەکاتی مەغۆلیش کاتێ مەترسی مەغۆل گەیشتە سەرقودس مسوڵمانان لێی بەخۆ کەوتن و مەغۆلیان لە جەنگی عەین جالوت شکاند کە مێرگێکە لەباکوری قودس لە ٢٥ی ڕەمەزانی ساڵی ٦٥٨کۆچی.

وائەم جارەش لەساڵی١٩٦٧ز قودس کەوتۆتە دەستی کەسانێک کە خوای گەورە بەدوژمنی سەرسەختی بڕواداراانیان دادەنێ .

خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا ....(المائدة: 82) ﴾

واتە :

"زۆر بە ڕوونی بۆت دەردەکەوێ ودەبینیت کە سەر سەختیرینی خەڵک لە دوژمنایەتیدا بەرامبەر بە ئیمانداران جولەکەو هاوەڵدانەرەکانن"

هەر جولەکەکان بوون هەوڵی تیرۆرکردنی پەیامبەریانﷺ داو هۆزی بەنو نەزیری جولەکە ویستیان کە لە بن دیوارێک پێغەمبەر ﷺ خەریک کەن بەقسەکردن و یەکێکیشیان ڕاسپارد کە بچێ باگردێنی سەربانەکەی بەسەردە بەرداتەوەو تیرۆری بکا وەک ئەبوداود ئەم ڕوداوەی گێڕاوەتەوەو ئەلبانیش بەدروستی داناوە .

بوخاری دەگێڕێتەوە کە جولەکەکان سحروجادویان لە پێغەمبەرمان ﷺ کرد و بۆچارەسەری لەوسحرە خوای گەورە هەردوو سوڕەتی (المعوذتین)ی بۆ نارد.

لە خەیبەر ژەهرخواردویان کرد وهەر بەوهۆیەوەش پێغەمبەری خوا ﷺ شەهید بوو.

وەک لەفەرمودەدا هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی :

(هەتا ئێستاش ئەوخواردنە ژەهراویەی لەخەیبەرخواردومە هەموو ساڵێک لێم هەڵدەداتەوەو خەریکە شادەماری دڵم دەبڕێ)ئیبن بەستە وئەبونەعیم گێڕاویانەتەوەو ئەلبانی بەدروستی داناوە ئیبن مەردەویە لەتەفسیری ئەم ئایەتە فەرمودەیەکی لەئەبوهورەیرە گێڕاوەتەوە کە پەیامبەرﷺ فەرمویەتی:

(هەرکاتێ هەرجولەکەیەک مسوڵمانێک بەتەنیاببینێ بەدڵنیایی نیازی کوشتنی مسوڵمانەکەی لەدڵدایە)

چونکە تیرۆرو کوشتن وبڕین لە خوێنیاندا دەگەڕێ. هەرئەوان بە باوکی خۆیان یەعقوب علیه السلام دەگوت :

﴿ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ(یوسف ٨)﴾

واتە : "بەڕاستی باوکمان بەتەواوی گومڕاو سەرلێشێواوە "

درۆیان لەگەڵ یعقوب علیه السلام کردو یوسفیان علیه السلام لەبیرهاویشت و دواتریش کەیعقوب باسی یوسفی دەکردکەماوە دەیانگوت تۆهەربەوگومڕایی وسەرلێ شێواویە سەردەنێیەوە .

قورئان باسی سەرکەشی ویاخی بون و گۆلکپەرستی ودرۆزنی وترسنۆکی وقرچۆکیان دەکا.

فەرمودەکەباسی دابەش بوونیان بۆ٧١دەستەو ئاراستەی ناکۆک ودژبەیەک دەکا، کە زۆربەی بەهۆی دووزمانی وئاژاوەگێڕی وفیتنەوئاشوبی جولەکەکانی وەک پۆلسی ڕەسول و ئیبن سەبە ئو ئیبن ڕاوەندی وباتنی وحەشاشەکان بووە کە مەسیحی و مسوڵمانەکانیشیان چەواشە کرد ..

خوا لەبارەیانەوە دەفەرموێ :

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا نُؤْمِنُ بِمَا أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَاءَهُ وَهُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنبِيَاءَ اللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (البقرة :91) ﴾

واتە :" کاتێك پێیان دەوترێت باوەڕ بهێنن بەوەی کە لە لایەن الله ڕەوانەکراوە، دەڵێن: ئێمە تەنها باوەڕمان بەوە هەیە کە بۆ ئێمە ڕەوانەکراوە و باوەڕ ناهێنن بە هیچ کتێبێک کە دوای (تەورات) هاتووە وەکو (ئینجیل و قورئان) لەکاتێکدا کە هەر ئەو قورئانە حەق و ڕاستی یەو بەڕاست دانەری (تەورات)ی ئەوانیشە، پێیان بڵێ: ئەی کەواتە بۆچی پێشتر پێغەمبەرەکانی خواتان دەکوشت ئەگەر ئێوە ئیماندارن بە تەورات؟!"

بەڵام ئەوان زۆر ئازاری موساوهاڕونیان دا ،گۆلکیان پەرست ،یەحیاپێغەمبەریان گۆشاوگۆش سەربڕی و زەکەریایان شەق کرد وئەشعیایان شەهید کرد وهەوڵی لەخاچدانی مەسیح یان داووبوختانیان بۆ مەریەم کرد.

ئەوان دوژمنایەتی یوشەع و تالوت وداود وسلێمانیان کرد وبەکافریان دەزانین.

ئیبن قەیم وقورتوبی وتەبەری دەگێڕنەوەکەئەوان بەڕۆژێک حەفتا پەیامبەریان شەهید کردوە.

قورئان باسی دڵ ڕەقی و سەرسەختی ودرۆزنی ودەمارگیریان دەکا، ئەوان لەبەرترسنۆکی هەمیشە خەریکی بنیاتنانی قەڵاو شورەو(جداری عازل-دیواری پارێزەر) وقوبەی ئاسنینن ،وایان دەزانی پەیامبەر علیه السلام لەقەڵاکانیان زەفەریان پێنابا ،هەردەم لەدوای دیوارخۆدەشارنەوە، وادەزانن یەکگرتوون بڵام دڵەکانیان لەت لەتە ،ئەوان تەوڕاتیان دەسکاری کرد ، لەکاتێکدا دەیانزانی کە موحەممەد ﷺ پەیامبەری خاتەمە بەڵام دوژمنایەتیان کرد.

ئەوان هەردەم خەریکی ئاژاوەنانەوەبوون ،بەڵام هەموو جارێ الله ئاگری ئاژاوەیان دادەمرێنێ.

ئەوان پێشەنگی سوخۆری وقورغکارین لەدێرزەمانەوەتائێستا .

ئەمریکا کەجولەکەبەڕێژەی دانیشتوان 1.8% بەڵام 25%ی ملیاردێرەکانی ئەمریکاجولەکەن .

بێگومان لە وڵات وکیشوەرەکانی تریش هەربەوشێوەن.

هەرخۆیان لە پرۆتۆکۆلەکانیان شانازی بەوەدەکەن کەزۆربەی جەنگە خوێناویەکانی جیهان وزۆربەی بیردۆز و تیۆریە لاڕێکەرەکانی مرۆڤایەتی بە پلانی ئەوان بووە .

هەربۆیەشە قورئان کەباشی ناسیون دەفەرموێ:

﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَانًا وَكُفْرًا وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ كُلَّمَا أَوْقَدُوا نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا اللَّهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ (مائدة 64) ﴾

واتە:

" ئەو جولەکانە دەیانوت: الله دەستی بەستراوە و خێری لەدەست نابێتەوە!! دەک دەستیان بەستراو و بێ خێرو کەلەپچە و تووشی شەلەل بێت، دەک نەفرینیان لێ بێت، بۆ خۆیان و قسەیان، نەخێر، وانیە بەڵکو دوو دەستی(پڕ لە بەرەکەتی پەروەردگار) هەمیشە و بەردەوام کراوەیە، چۆنی بوێت و چەندی بوێت دەیبەخشێت! سوێند بێت زۆربەیان ئەوەی نێردراوەتە خوارەوە بۆت کە قورئانە لەلایەن پەروەردگارتەوە لێی یاخی بوون و ستەمیان زیاد دەکات و نغرۆیان دەکات لە کوفردا، ئێمەش هەتا ڕۆژی قیامەت دوژمنایەتی و ڕق و کینەمان لەنێوانیاندا بەرپاکردووە، هەر کاتێک دەیانەوێت جەنگ بەرپا بکەن و ئاگری شەڕ هەڵبگیرسێنن الله دەیکوژێنێتەوە و نایەڵێت تەشەنە بکات، ئەوانە زۆر بەپەلە و بەگەرمی هەوڵی بڵاو بوونەوەی فەسادو تاوان دەدەن لە زەویدا، الله ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە تۆوی خراپە دەچێنن "

ڕێخۆشکردن پێناسەی چەمکەکانی بابەت :

-پێناسەی بەیت المقدس و هاوماناکانی .

ئاشکرایەکە دەستەواژەکانی (المسجد الأقصى=مزگەوتی ئەوپەڕ ،بیت المقدس=ماڵی پیرۆز، الأرض المباركة=زەمینی بەفەڕ) چەندناوێکن بۆو زەویەی کە بەڵێنی حەقی لەسەرهاتووە کەلە کۆتایی زەماندا ئەو وڵاتە جێگاوگۆڕەپانی مل ملانێ ویەکلابوونەوەی ڕوداوەکانی کۆتایی دەبێ .

ئەم شارە پیرۆزەودەوروبەرەکەی لەمێژوودا توشی چەندین کارەسات وکاول کاری بۆتەوە ، هەرئەوەندەش نا، بەڵکو هێندەی ئەوکاول کاریانە درۆودەلەسەو بوختانیش هەڵبەسەراوەبۆ بانگەشەی خۆبەخاوەنکردنی ئەوناوچە پیرۆزە لەکۆن ونوێدا.

وئەو هەموو فەرمودانەی لەسەرئیسراوومعراج هاتوون کە ئەوە دەسەلمێنن کە ئیمامەتی محمد علیه السلام بۆ هەموو پەیامبەران وئیمامەتی و موهەیمینی وزاڵی

قورئان بەسەرهەموو پەیامەکانی پەیامبەران وزاڵی وتەنیا شەرعی بوونی ئیسلام لەناو دینەکان ودانانی هەموو دین و پەیامبەران بەسەروەری محمدوقورئان وئیسلام پەیوەندی بە قودس ومزگەوتی ئەقسا وە هەیە ، هەروەها پێنج نوێژەکان کە گەورەترین پایەی دینن دوای شەهادەت لە گەشتی ئیسراومیعراج فەرزکراون .بۆیە دەبێ ئەو وڵاتە بەهەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێ کەهی مسوڵمانان بێ ، چونکە لەدەست چونی ئەو وڵاتە لەدەست چونی شوێنێکە کە تیایدا سەروەرمان ﷺ بۆتە پێشەوای پێغەمبەران .

جگەلەم بەڵگانەش سەروەرمان ﷺ گێڕاویەتەوە وئەحمەد لە موسنەد باسی کردوە کە ،پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی :

شام وڵاتی:"أرض المحشر والمنشر= زەوی مەحشەر کۆبوونەوەو مەنشر بڵاوبونەوەیە" وەرن ونوێژی تێدابکەن ،چونکە نوێژێک لەوێ بەهەزارنوێژە .کە کەسێک نەیتوانی نوێژی لێ بکا زەیتی بۆ بنێرێ بۆ ڕوناک کردنەوەی ئەوە وەک نوێژوایە.

هەرئەم فەرمودە لەگێڕانەوەی زەیلەعی کەئەلبانی بە سەحیحی داناوە، دەفەرموێ شام شوێنی حەشروکۆبونەوەی مرۆڤەکانە لە ڕۆژی دواییدا.

کەبەسواری وپیادە هەموو لەوێ کۆدەبنەوە، ترمزی وحاکم وئەحمەد لە ئەبوزەڕ یش گێڕاویانەتەوەوئیبن حجر بەبەهێزی داناوە.

ئیبن کەسیر پێی وایە کەمەبەست لە حەشروکۆکردنەوەی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کەلەئاخرزەماندا لەسەرزەوی دەژین،

وەلەقورئاندا بە "الأرض المقدسة"ناونراوە کەباسمان کرد.و"أرض بیت المقدس" لەفەرمودەدازۆرهاتووە بەناوبانگترینیان فەرمودەی:

(تشد الرحال إلى ثلاثة مساجد المسجد الحرام والمسجد الأقصى ومسجدي هذا»

کەزۆربەی شەش کتێبەکە لەچەندین سەحابە گێڕاویانەتەوە.

واته :تەنیا بۆ سێ مزگەوت ڕێپێدراوە کە مسوڵمان سەفەربکاوبارگەلێک نێ ، مزگەوتی مەککەو مزگەوتی ئەقساو مزگەوتی مەدینە .

وەلە ئیبن عباسیش گێڕدراوەتەوە بیت المقدس پارچێکە لە فیردەوس.

وە زۆرلەزانایان وتەفسیر کاران ئایەتی :

﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ﴾ [١٠٥: الانبياء]

واته: بەڕاستی ئێمە لە کتێبی زەبووردا دوای تەورات بڕیارمان داوە کە: بێگومان بەندە شیاو و چاکەکانم دەبنە خاوەن و ئاوەدانکەرەوەی زەوی (پیرۆزی ئەقسا).

وەلە فەرمودە بە" خير مهاجر"باس کراوە ،کە دەفەرموێ:

(لتكونن هجرة بعد هجرة إلى مهجر إبراهيم عليه السلام -أي: الشام- حتى لا يبقى في الأرض إلا شرار أهلها، وتلفظهم أرضوهم، وتقذرهم نفس الله -وفي رواية: روح الرحمن عز وجل- وتحشرهم النار مع القردة والخنازير تقيل حيث يقيلون وتبيت حيث يبيتون وما سقط منهم فلها)،

واتە: خەڵک وەچە دوای وەچە کۆچ دەکەن هەمویان بۆ شوێنی کۆچی ئیبراهیم علیه السلام ، تالەوالاتانی تر تەنیا خەڵکی بەدکار دەمێنن ،ئەوانیش ئاگر ی ئاخرزەمان لەگەڵ وەچەی مەیمون وبەراز کۆیان دەکاتەوە کە مەبەست لێیان جولەکەیە .

ئەمەباسی ئەوئاگرەی پێش ڕۆژی قیامەتە کەلەیەمەن دەردەکەوێ وهەموو مرۆڤایەتی لەشام کۆدەکاتەوەویەکێکە لەنیشانەگەورەکانی ئاخری زەمان ،ئەم کۆچ وهجرەتە کەبەهجرەتی نوح بۆسەرجودی دەست پێدەکا کەسەرەتای وڵاتی شامە ،وەپاشان هجرەتی ئیبراهیم ولوت ودواتر کۆچی موساوهاڕون ولەکۆتایشداشەوڕەوی محمد ﷺ ودابەزینی عیسى عليهم السلام دواترکۆچی هەموو مرۆڤایەتی بۆشام دەبێ.

ئیبن تەیمیە لە کتێبی (مناقب الشام وأهله) باسی گەورەیی بیت المقدس لەمێژوودادەکا ودەڵێ:

لەشام مزگەوتی ئەقسا و جێگای هاتنی پەیامبەرانی لێیە و ئیبراهیم علیه السلام کۆچی بۆ ئەوێ کردووە ، پەیامبەریش ﷺ ئیسراوشەوڕەوی پێکراوە بۆ ئەوێ ولەوێ پەیامبەرانی بۆکۆکراونەوە ، هەرلەوێش بنکەی دەسەڵات وکۆڵەکەی دینەکەی وکتێبەکەی هەرلەوێیەوتائیفەی مەنسورو سەرکەوتوش مەکۆیان هەرلەوێ دەبێ وکۆتا کۆبوونەوەی ئیمانداران وهەموو مرۆڤایەتیش هەرلەوێیە لەئاخری زەمان وخاکی میعاد و بەڵێنە .

هەروەها دەڵێ:

وەک چۆن مەککە سەرەتایە، بەهێلکە کردنی زەوی لە ژێرمەککەوە دەستی پێکردوە ،هەرواش شاری ئیلیا=قودس ،میعادوبەڵێنی کۆتاییە ، بۆیە پەیامبەریش ﷺ - شەوڕەوی پێکراوە بۆ ئەوێ ولەوێ پەیامبەرانی بۆکۆکراونەوە کەواتەدەستپێکەکەی مەککە و دەرچونگەکەی قودسە ،مەهدی علیه السلام پایتەختە کەی قودسە ، لە بڕیاری چارەنوس سازی خوادا ، مەککە سەرەتا و قودس کۆتاییە وجێی مەکۆی تائیفەی سەرکەوتویە هەتا بەرپابوونی قیامەت...

مەبەست لە گوتەی ئیبن تەمیە بەعامودی دین ئەوەیە کە تەبەرانی لە (عبد الله کوڕی حوالة) لە رسول الله ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی :

(رأيت ليلة أسري بي عمودا أبيض كأنه لواء تحمله الملائكة فقلت ما تحملون؟ قالوا: عمود الكتاب أمرنا أن نضعه بالشام قال: وبينا أنا نائم رأيت عمود الكتاب اختلس من تحت وسادتي فظننت أن الله تخلى عن أهل الأرض فأتبعته بصري فإذا هو نور ساطع حتى وضع بالشام.

واتە :ئەوشەوەی شەوڕەویم پێکرا کۆڵەکە (عەمود) ێکی سپیم بینی وەک داری ئاڵاوابوو فریشتە هەڵیان گرتبوو ، لێم پرسین ئەوەچیە؟ گوتیان کۆڵەکەی کتێبی بیرۆزە فرمانمان پێکراوە لەشام بیچەقێنین ، وەمن لەخەودابینیم کۆڵەکەکە لەژێر دۆشەکەکەی من فڕێندرا ،وام گومان برد کە خوا وازی لەخەڵکی زەوی هێناوە ،بەچاوم بەدوای فریشتەکان کەوتم و سەیرم کرد وەک ڕوناکیەکی درەوشاوە لەشام دانرا ، .

ئەم فەرمودە ئیبن حجرلە فەتح دا لە چەندین سەحابی گێڕاویەتیەوەو بە بەهێزی داناوە وئیبن عساکر لە مێژووی دیمەشق هەموو گێڕانەوە کانی هێناوە..

هەروەها ئەبوداود لە ئیبن حەواڵە دەگێڕێتەوە کەپەیامبەر ﷺ هەواڵی داوەکە :

(سيصير الأمر إلى أن تكونوا جنودا مجندة، جند بالشام وجند باليمن وجند بالعراق. قال ابن حوالة خر لي يا رسول الله إن أدركت ذلك فقال: عليك بالشام فإنها خيرة الله من أرضه يجتبي إليها خيرته من عباده، فأما إن أبيتم فعليكم بيمنكم واسقوا من غدركم فإن الله توكل لي بالشام وأهله.

واتە لە ئایندەدا ئێوە دابەشی چەند سەربازگەیەک دەبن ، سەربازگەی شام وسەربازگەی یەمەن و سەربازگەی عیراق ، ئیبن حەواڵە پرسی پێت باشە لەگەڵ کامیان بم ؟

فەرموی :شام هەڵبژێرە چونکە جێی کۆبونەوەی باشترین بەندەکانی خوایە ، کەهەرئەوێش نەبوو ڕوو لەیەمەن بکەن ولەکانیاوەکانی بخۆنەوە ، خوا پشتیوانی شام وخەڵکەکەیەتی.

ئیبن حبان وئەلبانی بەسەحیحیان داناوە.

بێگومان ئەم فەرمودە مەبەستی سەردەمی معاویەو بەنومەڕوان وسەردەمی ئەمەویەکان نیە ، بەڵکو مەبەستی لە سەربازگەی شام لەجەنگی خاچەکان

ومەغۆلەکان وئیمپریالیزم وزایۆنزمی نوێیە چونکە لەسەردەمی خاچپەرستەکانەوە تا ئێستا هیچ کاتێ جیهاد لەشام نەپچڕاوەتەوە.

وە هەر لە درێژەیی گەورەیی وڵاتی شام فەرمودەی ئیبن عومەرکە بوخاری دەیگێڕێتەوە کە پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی :

"اللهم! بارك لنا في شامنا، اللهم! بارك لنا في يمننا". قالوا: وفي نجدنا؟ قال: "اللهم! بارك لنا في شامنا، اللهم! بارك لنا في يمننا. قالوا: يا رسول الله! وفي نجدنا؟ فأظنه قال في الثالثة: "هناك الزلازل والفتن، وبها يطلع قرن الشيطان"

واتە :خوایە بەرەکەت وپیرۆزی بخە ناو شامەکەمان ، وە خوایە بەرەکەت وپیرۆزی بخە ناو یەمەنەکەمان ،گوتیان ئەو بەرەکەت لەنەجدمان نەبێ ؟ فەرموی نەخێر لەنەجد زەمین لەرزەوئاشوب دەست پێدەکەن و قۆچی شەیتان لەوێوە دەردەکەوێ .

تەرخانکردنی پەیام وپەیامبەرێتی بەوەچەکانی نوح وئیبراهیم علیهما السلام.

قورئان دەفەرموێ کە کتێبی ئاسمانی و پەیامبەرێتی تایبەت کراوە بۆ نوح علیه السلام ولە وەچەی نوحیش تایبەتکراوە بۆ ئیبراهیم علیه السلام ،لەویشوە بۆ نەوەکانی

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَاهِيمَ وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِمَا النُّبُوَّةَ وَالْكِتَابَ فَمِنْهُم مُّهْتَدٍ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ (الحديد 26) ﴾

واتە:بێگومان ئێمە نوح و ئیبراهیم مان ڕەوانەکردووە ، پێغەمبەرایەتی و کتێبی ئاسمانیشمان تایبەت کردووە بە نەوەکانیان ، جا لەنەوەکانیان دا کەسانێک هەبوون کەرێگە و ڕێبازی هیدایەتیان گرتۆتەبەر، زۆربەشیان لاڕێ ولەسنوردەرچوو بوون★

کەواتە ئەوانەی فاسق ولاڕێ بن لەنەوەکانیان ئەم سپاردەیان پێ ناسپێردرێ. بۆیە ئەم سپاردە هەربۆ وەچە سەر ڕاستەکانی کوڕانی ئیبراهیم علیه السلام دەمێنێتەوە..

کێ نەوەی ئیبراهیمە ومەرجەکانی پەیڕەوکردن لە ئیبراهیم علیه السلام چین؟

سەردەمی ئیبراهیم علیه السلام لەساڵانی ٢٠٠٠-١٩٠٠ پ ز لە ژیاندابووە ، وەچەکانی ئیبراهیمیش لەهەرسێ خێزانەکەی سارای ئامۆزای کە وەک خۆی عیبرانی بوە دایکی ئیسحاق ونەنکی یعقوب وبنەماڵەی ئیسرائیلە.

دووەم خێزانی هاجەری کچی سقمون ڕەع کە باوکی هاجر فیرعەونی میسر بووەو لەلایەن(ئاپۆپیس)ی پاشای هەکسوسیەکانەوە کوژراوە ،هاجەر بۆتە کەنیزەی پاشای هەکسوسی ، وەپێش کوژرانی باوکی سەرچاوە مێژوویەکان دەڵێن کە فیرعەون وبراکانی هاجەر ڕقیان لەهاجەربووە چونکە کاهینەکان گوتویانەکە هاجەر لەسەرئاینی ئیدریسە علیه السلام ،بۆیە دوای کوژرانی بابی لەگەڵ خۆیان نەبرد وبووە کەنیزە بەڵام دوعای کردکە پاشای هەکسوسی نەیناسێ و سەرجێی نەکا ، خوای گەورە دوعاکەی قبوڵکرد وخەلیلەکەی ئیبراهیم وسارای ژنی پەلکێشی میسر کردن تاکو هاجەرە لەوبەندیە دەربێنن وببێتە خێزانی خەلیل ودایکی زبیح الله وبنیاتنەری قیبلەوداپیرەی خەلیلی دووەم کە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ.

خێزانی سێیەمی ئیبراهیم قنتورای کچی یەقتنی یافسی تورانیە کە شەش کوڕی بووە کەناویان ["زمران، یقان، مدان، مدیان، أسباق، سنوخ"] بووە ، لەفەرمودە تورک بە پێچەوانەی ئەفسانەکانی خۆیان کەخۆیان بە نەوەی ئۆغۆز دەزانن ،بەڵام لەفەرمودەکان ئەوان پاڵدراونە ئەو داپیرەیان کە ناوی(قنطورا کچی یقطن)ە

فەرمودەکە لای ئیبن حبان و ئەبوداود هاتووەو ئەلبانی بەدروستی داناوە

سەیرئەوەیە کە قنتورا وەک ئۆغۆز شەش کوڕی هەبووە کەناوی زۆریان نزیکە لە ناوی کوڕەکانی ئۆغۆزخان ،وە مێژونوسان دەڵێن دوای مردنی هاجەروسارا ، ئیبراهیم ئەم ژنەی هێناوە وخەڵکی مەدیەن لە دورگەی عەرەب کەموسا پەنای بۆ هێنان وشوعەیب علیه السلام لەوانە کوڕی مەدیانی کوڕی قنتوران .

و زانایان دەڵێن کە مەغۆل وتەتەر وتورکەکان بەگشتی لەنەوەی ئەوژنەن .

کەواتە ئەو کوڕانەی دەبێ میراتی ئیبراهیم بیانگرێتەوە ئیسماعیل وئیسحاق ومەدیان باوکی شوعەیب علیه السلام کەشوعەیب بەخەتیبی پەیامبەران ویەکەم پەیامبەری عەرەب ناسراوە لە

گێڕدراوەکان ودیارە ئەویش وەک ئیسماعیل مستعرب وبەعەرەب بووە چونکە دایک وباوکی هیچیان بەڕەچەڵەک عەرەب نین ..

ئیسماعیلیش باوکی عەرەبی موستەعرەبە یە و زۆربەی عەرەب لەنەوەی دوازدەکوڕەکانی ئیسماعیلن .

پایەوبایەخی وڵاتی شام وبەتایبەت فەلەستین لە تەوڕات دا:

لەسفری تەکوینی تەوڕات لە (18:15-21)بەڵێنی پەروەردگاربۆ ئیبراهیم ئەمەیەکە:

[لەورۆژەدا پەروەرێن پەیمانێکی لەگەڵ ئیبرام بەست وگوتی:دەدەمە وەچەکانی تۆ هەموو ئەم دۆڵە،لە دۆڵی عەریشەوە لەمیسر هەتاروباری گەورەی فوڕات ★ زەوی ژێردەستی قینیەکان وقەنیزیەکان وقەدمونیەکان★ وحیسیەکان وفەرزیەکان ورفائیەکان ★ وئاموریەکان وکەنعانیەکان وجرجاشیەکان ویبوسیەکان .

پێناسەی ئەوگەلانەی کە لەسفری تکوین زەوی میعادیان لێ سەنراو درایە کوڕانی ئیبراهیم .

١-قینیەکان :مێژووناسان بە گەلێکی سامی دەیانناسێنن ودەڵێن لەساڵی ٢٠٠٠ پ ز دەرکەوتون . ،کە یەسرونی خەزوری موسا لەوان بووە کەلای مێژووناسانی مسوڵمان دەڵێن شوعەیبە بەڵام پێناچێ خودی شوعەیب بێ ،لەوەیەنەوەی شوعەیب بێ ،دەگوترێ ئەم گەلە نەقەبەوتاسینا نیشتەجێ بوون تادەگاتە تەبووکی سعودیە ، ئەوانەکەنەوەی مەدیانی کوڕی ئیبراهیم بن چ پێویستە کەخوا بڵێ من زەوی ئەوانەت پێدەدەم ، کەواتە ئەودەقە بەم بەڵگە دەردەکەوێ کەلەسەردەمی ئیبراهیم نەبووە چونکە خودی ئەوگەلە نەوەی مەدیانی کوڕی ئیبراهیمن وسافیرای ژنی موساعلیە السلام لەوانە وبوونە بەشێک لە عیبریەکان لەکۆتاییدا .

٢-قەنیزیەکان:ئەوانیش لەبیابانی نەقەب بوون وسامی بوون ولە٢٠٠٠ پ ز دەرکەوتوون

٣-قەدمونیەکان لەهەمان سەردەم لە بیابانی سوریاوعیراق ژیاون سامی بوون.

٤-حیسیەکان :لە٣٠٠٠-١٣٠٠پ ز خاوەنی ئیمپراتۆری بوون وهندوئەورویی بوون وتورکیاو سوریایان لەژێردەست بووە.

٥-فەرزیەکان :لەباکوری فەلەستین بوون کەنعانی سامی بوون لەهەمان سەردەمی ٢٠٠٠پ ز

٦-رفائیەکان :ئەمانە پێیان دەگوترێ عمالقە وزەبەلاح لە ئوردن و نزیکی قودس بوون لە پێش مێژووەوە تائەوسەردەمە زمانیان سامی بوو.

٧-ئاموریەکان :نەتەوەکەی حەموڕابی لە ٣٠٠٠-٢٠٠٠پ ز زۆر ڕۆڵیان دیوە لەپاشایەتی بابل عیراق و سوریاسامی بوون.

٨-کەنعانیەکان فینیقیەکان :لە ٣٠٠٠-١٢٠٠پ ز داهێنەری ئەبجەدیەت وکەشتیگەلی وشارستانی بوون لەلوبنان وسوریاوشارەکەناریەکانی تورکیاوئەفریقیا بوون ،گەلێکی سامی بوون.

٩-جرجاشیەکان:سامی بوون لە ڕۆژهەڵاتی ئوردن لە ٢٠٠٠پ ز

١٠-یبوسیەکان : دانیشتوان وبنیاتنەری شاری ئۆرشەلیم قودس بوون لە ٣٠٠٠-١٠٠٠پ ز دیارە پێش ئیبراهیم هەزارساڵ بوو ئەوشارە ئەم یەبوسیە سامیانە ئاوەدانیان کردۆتەوە ،شەڕی داودعلیه السلام لەگەڵ ئەمانەبوو .

ئەوەی ناوی دنێن ئیسرائیلی گەورە کوێ دەگرێتەوە؟

[هەرلەسفری تەکوین هاتووە: 18:15-21 ئەوزەویەی کە پەروەردگار داویەتیە کوڕانی ئیبراهیم کە ئیسماعیل وعیمران ویەفشان ومەدیەن وئیسحاقن لە فوڕاتەوەبۆ ڕوباری میسرە.

ئەم دەقانە ئەم شوێنانە دەگرنەوە:

[فلسطین، لبنان، سوریا، ئوردن ، وبەشێک لەعیراق، کویت، سعودیة،،بەشێک لە تورکیا، بەشێک لە میسر].

کە زایۆنیزمەکان بە نەخشەی ئیسرائیلی گەورە:بەعیبری :

[ארץ ישראל השלמה] دەیناسێن..

ئێستا سەدان ملیۆن کەس لەم زەویانە دەژی ،ئەوەسەد ساڵە جولەکە هەیە لەساڵی (١٩١٧)یەوە بۆتە حەوت ملیۆن، هەموو جولەکەی جیهان ١٦ملیۆنن چۆن دەتوانن ئەم هەموو زەویانە پڕکەنەوە ئەوسەدان ملیۆنە دەرکەن ؟ جامەگەم جینۆسایدیان کەن، ئەم خاکە کوردستانی باشووروکوردستانی ڕۆژئاواو کوردستانی باکوریش دەگرێتەوە.

ئایا بەڵێنەکەی تەوڕات تەنیا بۆ بنەماڵەی ئیسرائیلە؟ یان بۆ وەچەی هەموو کوڕەکانی ئیبراهیمە؟

بێگومان کەسەیری مێژوو بکەین ئەم بەڵێنە لەمێژە هاتۆتەدی،عەرەب نەوەی ئیسماعیلن، وەهەندێکیان نەوەی مەدیەن ویەفشانی کوڕی ئیبراهیمن کەلەتەوڕات ئاماژەیان پێکراوە کەئەم بەڵێنە دەیانگرێتەوە.

بەڵێنی هەڵگرتنی سپاردەی پیرۆز کەسە ستەمکاروفاسقەکان ناگرێتەوە با نەوەی ئیبراهیمیش بن.

وەئەوانەی ئەمڕۆخۆیان بەنەوەی ئیسحاق دەزانن داواکەیان ڕاست دەرناچێ ،چونکە هەم لەسەردەمی یەعقوب ویوسف وداودوعیسی علیهم السلام ودانپێدانی خودی براکانی یوسف یش کە هەموو کوڕانی ئیسحاق ئەوانن سەرلێشێواوگومڕاو فاسق ودڵ ڕەق وبگرە لەسەرزمانی داوود وعیسی علیهما السلام بەنەفرەت کران ومەلعون بوون، وەک لەئایەتەکان هاتووە، وە هەرواش بەڵێنەکە بە ئیبراهیم درابوو کاتێ داوای کرد کەئەم ئامانەتە لە وەچەکانی بەردەوام بێ بەڵام الله پێی فەرمو کە بەڵێن وپەیمانی من ستەمکاروزاڵمان ناگرێتەوە،وەک دەفەرموێ:

بەڵێنی هەڵگرتنی سپاردەی پیرۆز کەسە ستەمکاروفاسقەکان ناگرێتەوە بانەوەی ئیبراهیمیش بن.

خوای گەورە دەفەرموێ :

﴿وَإِذِ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ (124بقره) ﴾

واتە:

(یادی ئەوە بکەنەوە) پەروەردگاری ئیبراهیم، ئیبراهیمی تاقیکردەوە بە چەند فەرمان و بڕیارێك، ئەویش زۆر بە جوانی ئەنجامیدان، دوایی (کە لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوت)
پەروەردگار پێی فەرمو: من بڕیارمداوە بتکەمە پێشەوای خەڵکی، ئیبراهیم وتی: حەز دەکەم نەوەکانیشم لەوکارە پیرۆزە بێ بەهرە نەبن، فەرمووی: پەیام و پەیمانی من بۆ ستەمکاران نابێت (با نەوەی تۆش بن)

چونکە ئەو پەیمانە بەستراوەتەوە بە دینداریەوە ،وەک لەدوا ڕاسپاردەی یەعقوب علیه السلام بۆ کوڕەکانی پێی گوتن:

دوا وەسیەتی یەعقوب علیه السلام بۆ نەوەکانی .

﴿أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَٰهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (بقره 133) ﴾

واته:

ئایا ئێوە (ئەی جوولەکەو مەسیحیەکان کە باوەڕ بەمحمد ناکەن و خۆشتان بەشوێنکەوتەی ئیبراهیم و یەعقوب دەزانن) ئامادەی سەرەمەرگی یەعقوب بوون؟ ئەو کاتەی بەکوڕەکانی وت: دوای مردنی من چی دەپەرستن؟! هەموو وتیان: پەرستراوی تۆ و باوو باپیرانت دەپەرستین، کە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاقن، پەرستراوێکی تاك و تەنهایەو ئێمە هەموو تەسلیم و فەرمانبەرداری ئەوین.

کەواتە رێبازی ئیبراهیم ویەعقوب یش ئەوەیە کە مسوڵمان بن، ئەگەرنا ئەوبەڵێن وپەیمانە نایانگرێتەوە ،وەک قورئان دەفەرموێ:

﴿أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطَ كَانُوا هُودًا أَوْ نَصَارَىٰ قُلْ أَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّهُ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَادَةً عِندَهُ مِنَ اللَّهِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (بقره140) ﴾

واته:چۆن دەڵێن کە: ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و کوڕەکانی، جولەکە یان گاور بوون؟!! پێیان بڵێ: باشە ئایا ئێوە دەزانن یان الله؟ جا کێ لەوە ستەمکارترە کە شایەتیەکی الله ی لەلایێت و شاردبێتیەوە، بێگومان الله بێ ئاگانیە لەو کاروکردەوانەی ئەنجامی دەدەن.★

وەهەروەها دەفەرموێ:

واته:

﴿وَقَالُوا كُونُوا هُودًا أَوْ نَصَارَىٰ تَهْتَدُوا قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (بقره135)﴾

واته:

(کەچی هێشتا ئەوان بە موسوڵمانان) دەڵێن: وەرن ببنە جولەکە یان گاور تا بکەونە سەر رێگەی ڕاست!! (ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) پێیان) بڵێ: (نەخێر وانابین) بەڵکو شوێن ئاین و

بەرنامەی ئیبراهیم دەکەوین کە پاك و دروستەو هەرگیز لە ڕیزی بت پەرستان و هاوەڵگەراندا نەبووە.★

وەدەفەرموێ:

﴿قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (بقره136) ﴾واته:

(ئەی پەیڕەوانی محمد ﷺ ئێوە) بڵێن: ئێمە باوەڕمان بە الله هێناوەو بەو قورئانەش کە دابەزیوە بۆمان و بەوەش کە دابەزیوە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکانی یەعقوب، هەروەها بەو پەیامەی کە بۆ موساو عیسا هاتووە و بەو پەیامانەی کە بۆ پێغەمبەران بەگشتی ڕەوانە کراوە لە لایەن پەروەردگاریانەوە و ئێمە جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کام لەو پێغەمبەرانەدا، ئێمە هەموومان تەنها تەسلیمی فەرمانی پەروەردگارین.★

وەدەفەرموێ:

﴿فَإِنْ آمَنُوا بِمِثْلِ مَا آمَنتُم بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوا وَّإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ(137) ﴾

واته:

جا ئەگەر ئەوان (جولەکەو مەسیحیەکان) باوەڕیان هێنا، وەك ئەوەی ئێوە باوەڕتان پێ هێناوە، ئەوە بەڕاستی مانای وایە ڕێبازی هیدایەتیان دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەگەر پشتیان تێکرد، ئەوە بێگومان دەکەونە پەرتەوازەیی و دوبەرەکی یەوە (بەڵام دڵنیابە ئەی محمد ﷺ ، ئەی ئیماندار) الله دەتان پارێزێت لە پیلان و تەڵەکەیان کەتەنیا هەرئەو زۆر بیسەرو زانایە.★

﴿قُلْ أَتُحَاجُّونَنَا فِي اللَّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ وَلَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُخْلِصُونَ (139) ﴾

واته:

(بەو جوولەکانە) بڵێ: ئایا ڕەوایە ئێوە دەربارەی ئاینی الله قرەو گاڵەو کێشەمان لەگەڵ دەکەن و - دەتانەوێت ئێمەش وەک ئێوە بە گومڕایی ئەوبناسین و پێغەمبەرایەتی هەر لەناو ئێوەدا بێت!

لەکاتێکدا کە قەدری الله نازانن و کوڕو هاوسەری بۆ بڕیار دەدەن!!)، خۆ خۆتان چاك دەزانن کە ئەو پەروەردگاری ئێمە و ئێوەشە، کاروکردەوەی خۆمان بۆ خۆمان و کارو کردەوەی ئێوەش بۆ خۆتانە (ئێمە لە بۆچوون و کاروکردەوەتان بەرین)، ئێمە تەنها دڵسۆزو ملکەچی ئەو پەروەردگارەین.

لەم ئایەتانە دیارە بە ئاشکرا کە میراتگرو سەروەسیەتی دین وپابەندی ڕێبازی ئیبراهیم مسوڵمانانن کەنەوەی ئیسماعیلن کە ئیمانیان بەهەموو پەیامبەران وبنەماکانی دینی ئیبراهیمی باوکی پەیامبەران هەیەو هەمیشە دڵسۆزو گوێڕایەڵی پەروەردگاری جیهانن..

باچیرۆکی ئیبراهام وئیسرائیل لەتەوڕات بخوێنینەوە .

بنەماکانی پیلانگێڕی وتەڵەکەبازی ودڵ ڕەقی لەبنەماڵەی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم خلیل دا علیهما السلام لە سفری تەکوینی تەوڕات دا :

لەسفری تەکوین ئیسحاحی ٢١ دا بەم شێوە باسی ئەو ڕوداوەدەکات :

[لەدایکبوونی ئیسحاق 1یەزدان بەو شێوەیەی فەرمووی سارای بەسەرکردەوە و یەزدان چۆنی فەرموو ئاوای بۆ سارا کرد.2ئینجا سارا سکی پڕ بوو؛ لە تەمەنی پیریی ئیبراهیمدا و لە هەمان ئەو کاتەی کە خودا پێی فەرمووبوو، منداڵێکی بوو.3ئیبراهیم ئەو کوڕەی ناو نا ئیسحاق، کە سارا بۆی ببوو.4کاتێک ئیسحاقی کوڕی بووە هەشت ڕۆژ، ئیبراهیم خەتەنەی کرد، هەروەک چۆن خودا ڕایسپاردبوو.5تەمەنی ئیبراهیم سەد ساڵ بوو کاتێک ئیسحاقی کوڕی لەدایک بوو.

6سارا گوتی: «خودا منی خستووەتە پێکەنین، هەرکەسێکیش ئەمە ببیستێت لەگەڵ من پێدەکەنێت.»7هەروەها گوتی: «کێ بە ئیبراهیمی دەگوت سارا شیر دەداتە منداڵان؟ لەگەڵ ئەوەشدا لە پیریی ئەودا کوڕێکم بوو.»

بەڕێکردنی هاجەر و ئیسماعیل 8کوڕە گەورە بوو و لە شیر برایەوە. لەو ڕۆژەی ئیسحاق لە شیر برایەوە، ئیبراهیم خوانێکی گەورەی ساز کرد.9بەڵام سارا کوڕەکەی هاجەری میسری بینی کە لە ئیبراهیم بوو، گاڵتەی دەکرد.10جا بە ئیبراهیمی گوت: «ئەم کەنیزەیە و کوڕەکەی دەربکە، چونکە کوڕی ئەم کەنیزەیە لەگەڵ ئیسحاقی کوڕی من نابێتە میراتگر.»

11ئەم بابەتە ئیبراهیمی زۆر نارەحەت کرد، چونکە پەیوەندی بە کوڕەکەی ئەوەوە
هەبوو.12بەڵام خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: «نارەحەتی کوڕەکە و کەنیزەکەت مەبە. هەرچی سارا
پێت دەڵێت بە قسەی بکە، چونکە نەوەی تۆ لە ڕێگەی ئیسحاقەوە ناودەبردرێت.13هەروەها لە
کوڕی کەنیزەکەشەوە نەتەوەیەک دروست دەکەم، چونکە وەچەی تۆیە.»

14ئیبراهیم بەیانی زوو لە خەو هەستا و نان و مەشکەیەک ئاوی هێنا و خستییە سەر شانی
هاجەر و لەگەڵ کوڕەکە بەڕێی کرد. ئەویش ڕۆیشت و لە چۆڵەوانی بیری شابەع سەرگەردان بوو.

15کە مەشکەکە ئاوی تێدا نەما، کوڕەکەی لەژێر دەوەنێک دانا.16ئینجا ڕۆیشت و لە دوورەوە
لە دووری تیرهاوێژێک بەرامبەری دانیشت، چونکە گوتی: «ناتوانم بە چاوی خۆم مەرگی کوڕەکەم
ببینم.» ئیتر بەرامبەری دانیشت و بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە گریان.

مەترسە، خودا دەنگی کوڕەکەی بیست لەو شوێنەی لێی دانراوە.18هەستە، کوڕەکە هەڵبگرە و
دەستی بگرە، چونکە دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن.»

19ئینجا خودا هەردوو چاوی هاجەری کردەوە، ئەویش بیرێکی ئاوی بەدی کرد. ئیتر چوو
مەشکەکەی پڕکرد لە ئاو و ئاوی دایە کوڕەکە.

20خودا لە کاتی گەورەبوونی کوڕەکەدا، لەگەڵی بوو. لە چۆڵەوانیدا ژیا و بووە تیرهاوێژ.21کاتێک
کە ئیسماعیل لە چۆڵەوانی پاران دەژیا، دایکی ژنێکی میسریی بۆ هێنا.

پەیمانی بیری شابەع 22لەو سەردەمەدا ئەبیمەلەخ لەگەڵ فیکۆل کە فەرماندەی گشتی
سوپاکەی بوو، بە ئیبراهیمیان گوت: «لە هەموو ئەوەی دەیکەیت خودات لەگەڵدایە.23ئێستاش
لێرەدا سوێندم بۆ بخۆ بە خودا کە ناپاکی لە خۆم و منداڵ و نەوەکانم ناکەیت. من چ چاکەیەکم
لەگەڵ تۆدا کرد، تۆش هەمان چاکە لەگەڵ من و لەگەڵ ئەو خاکەدا دەکەیت کە تێیدا ئاوارە
بوویت.»

24ئیبراهیمیش گوتی: «سوێند دەخۆم.»

25ئینجا ئیبراهیم گلەیی لە ئەبیمەلەخ کرد سەبارەت بەو بیرە ئاوەی کە خزمەتکارەکانی
ئەبیمەلەخ داگیریان کردبوو.26بەڵام ئەبیمەلەخ گوتی: «ئاگادار نیم کێ ئەم شتەی کردووە.
هەروەها تۆ پێت ڕانەگەیاندووم، منیش ئەمڕۆ نەبێت نەمبیستووە.»

27ئیتر ئیبراهیم مەڕ و مانگای هێنا و دایە ئەبیمەلەخ، ئیتر هەردووکیان پەیمانیان بەست.28ئیبراهیم لە مێگەلەکە حەوت کاوڕەمێی بە تەنها ڕاگرت.29ئەبیمەلەخیش بە ئیبراهیمی گوت: «ئەم حەوت کاوڕەمێیە چییە کە بە تەنها ڕاتگرتوون؟»

30ئەویش گوتی: «ئەم حەوت کاوڕەمێیە لە دەستی من وەردەگریت بۆ ئەوەی ببێتە شایەتییەک بۆم کە من ئەم بیرەم هەڵکەندووە.»

31لەبەر ئەوە ئەو شوێنەی ناو نا بە بیری شابەع[a] ، چونکە هەردووکیان لەوێ سوێندیان خوارد.

32لەدوای ئەوەی لە بیری شابەع پەیمانیان بەست، ئەبیمەلەخ و فیکۆلی فەرماندەی گشتی سوپاکەی هەستان و گەڕانەوە خاکی فەلەستییەکان.33ئینجا ئیبراهیم داری گەزی لە بیری شابەع چاند، لەوێش بە ناوی یەزدانی پەروەردگاری هەتاهەتاییەوە نزای کرد.34ئیتر ئیبراهیم لە خاکی فەلەستییەکان ماوەیەکی زۆری بە ئاوارەیی بەسەربرد.

چیرۆکی فێڵ وتەڵەکەی یەعقوبی کوڕی ئیسحاق لە عیسۆی براگەورەی لەتەوڕاتدا :

لەسفری تەکوین ئیسحاحی ٢٧ دا بەم شێوە باسی ئەو ڕوداوەدەکات :

کتێبی پیرۆز » پەیدابوون » بەشی 27

یاقوب بەرەکەتی ئیسحاق وەردەگرێت 1کاتێک ئیسحاق پیر بوو و چاوەکانی نەیدەبینی، عیسۆی کوڕە گەورەی خۆی بانگکرد و پێی گوت: «کوڕی خۆم.»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «ئەوەتام.»

2ئیسحاق گوتی: «ئەوا پیر بووم و ڕۆژی مردنی خۆم نازانم.3ئێستاش چەکەکەت و تیردانەکەت و کەوانەکەت هەڵبگرە و بڕۆ لە دەشتودەر نێچیرێکم بۆ ڕاو بکە.4ئەو خواردنەی حەزم لێیەتی بۆم ئامادە بکە و بیهێنە تاکو بیخۆم، بۆ ئەوەی بەر لەوەی بمرم داوای بەرەکەتت بۆ بکەم.»

5ڕڤقە گوێی لێبوو کاتێک ئیسحاق قسەی لەگەڵ عیسۆ دەکرد. ئینجا عیسۆ چوو بۆ دەشتودەر تاکو نێچیرێک ڕاو بکات و بیهێنێتەوە.6ڕڤقە لەگەڵ یاقوبی کوڕی قسەی کرد و گوتی: «گوێم لە

باوکت بوو قسەی لەگەڵ عیسۆی برات دەکرد و گوتی:7”نێچیرێکم بۆ بهێنە و خواردنم بۆ ئامادە بکە، بەر لە مردنم دەیخۆم و لەبەردەم یەزدان داوای بەرەکەتت بۆ دەکەم.“8ئێستاش، کوڕی خۆم، باش گوێم لێ بگرە و ئەوە بکە کە پێت دەڵێم:9بڕۆ لەلای مێگەلەکە دوو گیسکی ناسکم بۆ بهێنە، تاکو بەو جۆرە بۆ باوکتی ئامادە بکەم کە حەزی لێیەتی.10ئینجا بۆ باوکتی دەبەیت و دەیخوات، بۆ ئەوەی بەر لە مردنی داوای بەرەکەتت بۆ بکات.»

11یاقوبیش بە ڕفقەی دایکی گوت: «بەڵام عیسۆی برام پیاوێکی تووکنە و منیش پیاوێکی کۆسەم.12ئەی ئەگەر باوکم دەستم لێ بدات؟ ئەو کاتە لەبەرچاوی دەبمە فێڵباز و ئیتر لە جێگەی بەرەکەت، نەفرەت بەسەر خۆمدا دەهێنم.»

13دایکیشی پێی گوت: «کوڕی خۆم، با نەفرەتەکەت لە من بکەوێت. تەنها گوێ لە من بگرە و بڕۆ بیانهێنە بۆم.»

14ئیتر ئەویش چوو کاریلەکانی گرت و هێنانی بۆ دایکی. دایکیشی خواردنی دروستکرد، بەو جۆرەی کە باوکی حەزی لێ دەکرد.15ئینجا ڕفقە جلوبەرگە باشەکەی عیسۆی کوڕە گەورەی هێنا، کە لەماڵەوە لەلای خۆی بوو، لەبەر یاقوبی کوڕە بچووکی کرد.16دەستەکانی و ئەو بەشەی ملی کە لووسە بە پێستی گیسکەکان داپۆشی.17ئینجا ئەو نان و خواردنەی کە دروستی کردبوون، دایە دەست یاقوبی کوڕی.

18یاقوب هاتە لای باوکی و گوتی: «باوکە.»

ئەویش گوتی: «ئەوەتام، تۆ کێیت کوڕم؟»

19یاقوبیش بە باوکی گوت: «من عیسۆی نۆبەرەتم. ئەوەی پێت گوتم کردم. هەستە، دابنیشە و لە ڕاوەکەم بخۆ، بۆ ئەوەی داوای بەرەکەتم بۆ بکەیت.»

20ئیسحاقیش بە کوڕەکەی گوت: «ئەوە چۆن وا خێرا پەیدات کرد، کوڕی خۆم؟»

ئەویش گوتی: «یەزدانی پەروەردگارت بۆی هێنام.»

21ئینجا ئیسحاق بە یاقوبی گوت: «وەرە پێشەوە با دەستت لێ بدەم، کوڕی خۆم، بۆ ئەوەی بزانم ئایا تۆ عیسۆی کوڕی منیت یان نا.»

22یاقوبیش لە ئیسحاقی باوکی چووە پێشەوە، ئەویش دەستی لێدا و گوتی: «دەنگەکە دەنگی
یاقوبە، بەڵام دەستەکان دەستی عیسۆن.»23ئیتر نەیناسییەوە، چونکە دەستەکانی وەک
دەستەکانی عیسۆی برای تووکن بوون، کاتێک کە ویستی داوای بەرەکەتی بۆ بکات،24پێی گوت:
«ئایا تۆ عیسۆی کوڕی منی؟»

ئەویش گوتی: «منم.»

25ئینجا گوتی: «بیهێنە پێشم با لە ڕاوی کوڕەکەم بخۆم، بۆ ئەوەی داوای بەرەکەتت بۆ بکەم.»

ئیتر یاقوب هێنایە پێشی و خواردی، ئینجا شەرابی بۆ هێنا و خواردیەوە.26ئیسحاقی باوکی پێی
گوت: «وەرە پێشەوە و ماچم بکە، کوڕی خۆم.»

27ئەویش چووە پێشەوە و ماچی کرد. ئیتر ئیسحاق بۆنی جلەکانی کرد، داوای بەرەکەتی بۆ کرد و
گوتی:

«بڕوانە، بۆنی کوڕەکەم

وەک بۆنی دەشتودەرە

کە یەزدان بەرەکەتداری کردووە.28با خودا لە شەونمی ئاسمان و

لە چەوری زەویت بداتێ،

هەروەها دانەوێڵەی زۆر و شەرابی نوێ.29با گەلان ببنە خزمەتکارت،

نەتەوەکانیش کڕنۆشت بۆ ببەن.

ببە بە سەرووەری براکانت،

کوڕانی دایکت کڕنۆشت بۆ ببەن.

با ئەوانەی نەفرەتت لێ دەکەن نەفرەت لێکراو بن و

ئەوانەی داوای بەرەکەتت بۆ دەکەن بەرەکەتدار دەبن.»

30پاش ئەوەی ئیسحاق لە داواکردنی بەرەکەت بووەوە بۆ یاقوب، یاقوب لەلای ئیسحاقی باوکی چووە دەرەوە، عیسۆی برای لە ڕاوەکەی هاتەوە.31ئەویش خواردنی ئامادە کرد و بردیە ژوورەوە بۆ باوکی و پێی گوت: «باوکە، هەستە لە ڕاوی کوڕەکەت بخۆ، تاکو داوای بەرەکەتم بۆ بکەیت.»

32ئیسحاقی باوکیشی پێی گوت: «تۆ کێیت؟»

ئەویش گوتی: «من کوڕە نۆبەرەکەی خۆتم، عیسۆ.»

33ئیتر ئیسحاق زۆر توند لەرزی و گوتی: «ئەی کێ بوو ئەوەی کە نێچیرێکی ڕاوکردبوو و بۆی هێنام؟ منیش لە هەموویم خوارد، پێش ئەوەی تۆ بێیت داوای بەرەکەتیشم بۆ کرد، هەروەها بەرەکەتداریش دەبێت.»

34عیسۆ کە قسەکانی باوکی بیست، بە دەنگێکی زۆر بەرز و بە خەمبارییەوە هاواری کرد و بە باوکی گوت: «باوکە، دە داوای بەرەکەت بۆ منیش بکە!»

35بەڵام ئیسحاق گوتی: «ئاخر براکەت بە فێڵبازی هات و بەرەکەتی تۆی برد.»

36عیسۆ گوتی: «ئایا لە جێی خۆیدا نییە کە ناونراوە ”یاقوب“[فێڵباز وپاشقولگر [a ؟ ئەوە دوو جارە فێڵم لێ دەکات، نۆبەرایەتییەکەی منی برد، وا ئێستاش بەرەکەتەکەی منی برد.» ئینجا گوتی: «ئەی هیچ بەرەکەتێکت بۆ من نەهێشتووەتەوە؟»

37ئیسحاق وەڵامی دایەوە و بە عیسۆی گوت: «وا ئەوم کردووە بە سەروەری تۆ و هەموو کەسوکاریشیم داوەتێ بۆ ئەوەی ببنە خزمەتکاری ئەو، بە دانەوێڵە و شەرابی نوێ پشتگیریم کردووە. ئیتر بۆ تۆ چی بکەم، کوڕم؟»

38عیسۆش بە باوکی گوت: «ئایا تەنها یەک بەرەکەتت هەیە؟ باوکە، داوای بەرەکەت بۆ منیش بکە.» ئیتر عیسۆ دەنگی هەڵبڕی و گریا.

39ئیسحاقی باوکی وەڵامی دایەوە:

«نشینگەکەت دوور لە دەوڵەمەندی زەوییەوە دەبێت،

دوور لە شەونمی ئاسمان لە سەرەوە.40لەسەر شمشێرەکەت دەژیت ودەبیتە خزمەتکاری براکەت.

بەڵام کاتێک سەرکێش بوویت،

نیرەکەی[b] دەشکێنیت کە بە ملتەوەیە.»

ڕاکردنی یاقوب بۆ لای لابان 41ئیتر عیسۆ ڕقی لە یاقوب هەڵگرت، بەهۆی ئەو بەرەکەتدارییەی کە باوکی داوای بەرەکەتی بۆ کردبوو. عیسۆ لە دڵی خۆیدا گوتی: «ڕۆژانی پرسەی باوکم نزیکە، ئینجا یاقوبی برام دەکوژم.»

42ڕیڤقەش لەم قسانەی عیسۆی کوڕە گەورەی ئاگادار کرایەوە، ئیتر ناردی بەدوای یاقوبی کوڕە بچووکیدا و پێی گوت: «عیسۆی برات وا دڵخۆشی خۆی بەوە دەداتەوە کە تۆ
دەکوژێت.43ئێستاش کوڕی خۆم، گوێ لە قسەی من بگرە و ڕابکە بۆ لای لابانی برام لە
حەڕان.44بۆ ماوەیەک لەلای ئەو بمێنەوە هەتا ڕقی براکەت هێور دەبێتەوە.45کاتێکیش تووڕەیی
براکەت بەرامبەر بە تۆ هێور دەبێتەوە و ئەوەی لەبیر کرد کە پێت کردووە، ئەوا دەنێرم و لەوێ
دەتهێنمەوە. ئیتر بۆ بە یەک ڕۆژ هەردووکتان لەدەست بدەم؟»

46ئینجا ڕیڤقە بە ئیسحاقی گوت: «لەبەر کچانی حیتییەکان لە ژیانی خۆم بێزارم، خۆ ئەگەر یاقوبیش ژنێکی وەک ئەمانە لە کچانی حیتییەکانی ئەم خاکە بهێنێت، ئیتر ژیانم بۆ چییە؟»

36:a.27 یاقوب واتا پاژنە دەگرێت، واتایەکی مەجازییە واتا هەڵدەخەڵەتێنێت. 26:25.

کەواتە یەعقوب واتە فێڵباز وخەڵەتێنەر وپاشقولگر .

ئەمە هەمووی دەقی تەورات بوو ،هیچ پێویست بەکۆمێنت ناکات ،تەورات پڕیەتی لەوجۆرە چیرۆکانە کە ئەوەدەگەیەنێ کە بنەماڵەی ئەبراهام وئیسرائیل وکوڕەکانی هەموو لەسەر فێڵ وتەڵەکەو پیلانگێڕی و مافی یەکترزەوتکردن ودرۆ وبوختان دامەزراوەو پێغەمبەران هەمیشە خەڵکانێکی چاوەشە کارو فێڵباز بوون ودووربوون لە پابەندبوون بەڕاستگۆیی وداد وبڕوا وچاوتێری..

بۆچی بنەماڵەکانی ئیسرائیل لەسەرزمانی داود وعیساعلیهما السلام بە نەفرەت کران؟

چونک لقەکەی تری وەچەکانی ئیبراهیم کە نەوەکانی ئیسحاقن وکوڕەکانی یەعقوبن علیه السلام لە فاسقی وستەمکاریشیان تێ پەڕاندووەو گەندەڵ وبەدکاروفاسد بوون

وەهەرواش دەبن وبگرە تاڵ گەیشتە بەنەفرەت کرانیان لەسەرزمانی عیسی و داود علیهما السلام :

ئایەتی [٧٨-٧٩] لەسورِەتی(الْمَائِدَة)

﴿لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرائِيلَ عَلى لِسانِ داوُدَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذلِكَ بِما عَصَوْا وَكانُوا يَعْتَدُونَ (78) كانُوا لا يَتَناهَوْنَ عَنْ مُنكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كانُوا يَفْعَلُونَ(79)﴾

واتە :

نەفرین کراوە لەوانەی: بێ باوەڕ بوون لە نەوەی ئیسرائیل لەسەر زاری داودو عیسای کوڕی مەریەم، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئەوان یاخی و سەرکەش بوون و دەستدرێژیان دەکرد.★

ئەوانە قەدەغەی یەکتریان نەدەکرد لە خراپەو تاوانێک کە دەیانکرد، بۆیە ئەوەی دەیانکرد زۆر خراپ و ناپەسەندبوو ★

ئەم دوو ئایەتە جولەکەکانی لەنەسرانیەکان جیاکردەوەو هەرلەسەردەمی داودەوە ،بگرە هەرلەسەردەمی موساوە ئەوان هەرخەریکی بەدکاری ویاخی بوون بوون وگومڕایی جولەکەکان و بێباوەڕ بوونیان بە پێغەمبەران ڕەگێکی کۆنی هەیە ، چونکە لەنێوان داود وعیسادا نزیکەی هەزارساڵە هەموو ئەوماوە جولەکەکان وبێباوەڕەکانی نەوەکانی ئیسرائیل بەنەفرەت کراوبوون وئاشوروی وبابلی و میدیەکان وگریک ورۆمانیەکان چەندجار سەبیان کردوون ..

نەفرەتی داود علیە السلام لە مەزموری ژمارە٥٣ دادەڵێت :

«اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ أَشْرَفَ عَلَى بَنِي الْبَشَرِ لِيَنْظُرَ هَلْ مِنْ فَاهِمٍ طَالِبِ اللَّهَ كُلُّهُمْ قَدِ ارْتَدُّوا مَعًا فَسَدُوا- ثُمَّ قَالَ- أَخْزَيْتَهُمْ لِأَنَّ الله قد وفضهم لَيْتَ مِنْ صِهْيُونَ خَلَاص إِسْرَائِيلَ»

واتە :خودا لە ئاسمانەوە سەیری ئادەمیزاد دەکات،تاکو بزانێت کەس هەیە تێگەیشتوو بێت؟

کەس هەیە ڕوو لە خودا بکات؟

.3هەموو هەڵگەڕانەوە،

هەموو گەندەڵ بوون،

کەس نییە چاکە بکات،

تەنانەت یەکێکیش نییە.

4ئایا ئەم هەمووو گوناهبارانە هیچ نازانن؟

ئەوانەی وەک نان گەلەکەی من دەخۆن و ئەوانەی لە خودا ناپاڕێنەوە.

5لەوێ ترسێکی گەورەیان لێ نیشت،

کە هیچ ترسی لێ نەبوو.

خودا ئێسقانی ئەوانە پەرشوبڵاو دەکاتەوە کە گەمارۆیان داویت،

ڕیسوایان دەکەیت، چونکە خودا ڕەتی کردنەوە.

6با ڕزگاریی ئیسرائیل لە سییۆنەوە دەربکەوێت!

وەلەمەزموری 109 دەڵێت «قَدِ انْفَتَحَ عَلَيَّ فَمُ الشِّرِّيرِ وَتَكَلَّمُوا مَعِيَ بِلِسَانٍ كَذِبٍ أَحَاطُوا بِي وَقَاتَلُونِي بِلَا سَبَبٍ- ثُمَّ قَالَ- يَنْظُرُونَ إليّ وينغضون رؤوسهم- ثُمَّ قَالَ- أَمَّا هُمْ فَيُلْعَنُونَ وَأَمَّا أَنْتَ فَتُبَارَكُ، قَامُوا وَخُزُوا أَمَّا عَبْدُكَ فَيَفْرَحُ»

واتە... دەمی بەدکار و دەمی فریودەر لێم کراونەتەوە،

بە زمانی درۆ قسەم لەسەر دەکەن.3بە قسەی ڕقەوە دەوریان گرتووم،

بەبێ هۆ لە دژم دەجەنگن.4لە جیاتی خۆشەویستییەکەم دژایەتیم دەکەن،

بەڵام من نوێژم کردووە.5لە پاداشتی چاکە خراپەم لەگەڵ دەکەن،

ڕقیش لە پاداشتی خۆشەویستیم. 6بەدکارێکی لەسەر دابنێ،

با سکاڵاکار لەلای ڕاستیەوە ڕاوەستێت.7با لە دادگایی تاوانبار بکرێت،با نوێژی بۆی بە گوناه دابنرێت.8با ڕۆژگاری کورت بێت،

یەکێکی دیکە ئەرکەکەی ئەو وەربگرێت!9با کوڕەکانی هەتیو بن،

ژنی بێوەژن بێت.10با کوڕەکانی سەرگەردان بن و سواڵ بکەن،

لە ماڵە کاولەکانیان دەربکرێن.11با هەرچی هەیەتی خاوەن قەرز بیبات،

بێگانەش بەری ڕەنجی تاڵان بکەن.12با کەس نەبێت دەستی خۆشەویستی بۆ درێژ بکات،

کەس نەبێت دڵی بە هەتیوەکانی بسووتێت!13با نەوەکانی ببڕێتەوە،

ناوی لە نەوەی داهاتوو بسڕێتەوە!14با تاوانەکانی باوباپیرانی بخرێنە بەردەم یەزدان،

با گوناهەکانی دایکی نەسڕێنەوە!15با هەمیشە لەبەردەم یەزدان بن

هەتا یادیان لەسەر زەوی ببڕێتەوە!16لەبەر ئەوەی بیری نەکردەوە کە خۆشەویستی نەگۆڕ

بنوێنێت،

بەڵکو کەسی هەژار و نەدار و دڵشکاوی ڕاوناوە و کوشتووە.17حەزی لە نەفرەت لێکردن بوو،

با بۆی بێت!

دڵشاد نەبوو بە داوای بەرەکەت بۆ کردن،

با لێی دووربکەوێتەوە!18نەفرەتی وەک کراس لەبەرکردبوو،

وەک ئاو چووە ناو لەشی،

وەک ڕۆن چووە ناو ئێسقانەکانی.19با وەک بەرگێک بێ لە خۆی بیپێچێتەوە،

هەمیشە وەک پشتێنێک بێ لە خۆی ببەستێت!20با ئەمە کرێی یەزدان بێت بۆ سکاڵاکارانم،

ئەوانەی بە خراپە لە دژی من دەدوێن.21بەڵام تۆ ئەی یەزدانی پەروەردگار،

لە پێناوی ناوی خۆت چاکەم لەگەڵ بکە،

دەربازم بکە، چونکە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت چاکە.22لەبەر ئەوەی من هەژار و نەدارم،

دڵم لە ناخمدا بریندارە.23وەک سێبەری ئێوارە دەڕۆم .

وەک کوللە هەڵدەوەرێم.24ئەژنۆم شل بووە لەبەر ڕۆژووگرتن،

لەشم لاواز بووە لە کەمی چەوری.25بووم بە سووکایەتی بۆیان،

دەمبینن سەر بادەدەن.26ئەی یەزدان، خودای من، یارمەتیم بدە،

بەگوێرەی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت ڕزگارم بکە.27با بزانن کە ئەمە دەستی تۆیە،

ئەی یەزدان، کە تۆ ئەمەت کردووە.28ئەوان نەفرەت دەکەن، بەڵام تۆ بەرەکەت دەدەیت،

هەستان و شەرمەزار بوون،

بەڵام خزمەتکاری تۆ دڵخۆش بوو.29با سکاڵاکارانم بەرگی نامەردی بکەنە بەر،

با شەرمەزاری وەک کەوا لە خۆیان بئاڵێنن.30بە دەمی خۆم زۆر سوپاسی یەزدان دەکەم،

لەنێو خەڵکێکی زۆر ستایشی دەکەم،31چونکە ئەو لە دەستەڕاستی نەدار ڕادەوەستێت،

بۆ ڕزگارکردنی لەوانەی حوکمی بەسەردا دەدەن.

وەلەفەرمودەش دا هاتووەکە :

«كَانَ الرَّجُلُ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ يَلْقَى الرَّجُلَ إِذَا رَآهُ عَلَى الذَّنْبِ فَيَقُولُ: يَا هَذَا اتَّقِ اللَّهَ وَدَعْ مَا تَصْنَعُ، ثُمَّ يَلْقَاهُ مِنَ الْغَدِ فَلَا يَمْنَعُهُ ذَلِكَ أَنْ يَكُونَ أَكِيلَهُ وَخَلِيطَهُ وَشَرِيكَهُ، فَلَمَّا فَعَلُوا ذَلِكَ ضَرَبَ اللَّهُ قُلُوبَ بَعْضِهِمْ بِبَعْضٍ وَلَعَنَهُمْ على لِسَانِ دَاوُدَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ، ثُمَّ قَرَأَ: لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ إِلَى قَوْلِه: فاسِقُونَ [الْمَائِدَة: 78- 81] ثُمَّ قَالَ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَتَأْمُرُنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلَتَنْهَوُنَّ عَنِ الْمُنْكَرِ وَلَتَأْخُذُنَّ عَلَى يَدِ الظَّالِمِ وَلَتَأْطُرُنَّهُ عَلَى الْحَقِّ أَطْرًا أَوْ لَيَضْرِبَنَّ اللَّهُ قُلُوبَ بَعْضِكُمْ عَلَى بَعْضٍ أَوْ لَيَلْعَنَنَّكُمْ كَمَا لَعَنَهُمْ» .

وەک لەفەرمودەکەداهاتووە کە وازهێنان لە فرمانکردن بەچاکە وڕێگری لەخراپە دژایەتی نەکردنی ستەم هۆکاری سەرەکی بەنەفرەتکرانی نەوەی ئیسرائیل بووە هەرلەکۆنەوە .

وەبێدەنگ بوون لەبەردەم کرانی خراپەکاری وستەمکاری بۆوکەسەی کەتوانای گۆڕینی هەیە جۆرێکە لە پێڕازی بوون بەخراپەکاری وبەوشێوەش ئەوکەسە لەتاوانەکەی بەشداره .

کەواتە بەپێچەوانەی ئەوانەی وازلێنان بەکردەوە نازانن ،لێرەدا وازهێنانی خەڵکێک لە ڕێنەگرتن لەخراپەوبەدکاری وستەم ناونراوە کردنی ستەم و ئەوکەسانە بەهۆی ئەم وازهێنانەیان دووچاری بەنەفرەتکردن لەلایەن داود وعیسا علیهما السلام..

ئایەتی [٨٠-٨١] لەسورەتی (الْمَائِدَة)

﴿تَرى كَثِيراً مِنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنْفُسُهُمْ أَنْ سَخِطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِي الْعَذابِ هُمْ خالِدُونَ (80) وَلَوْ كانُوا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالنَّبِيِّ وَما أُنْزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِياءَ وَلكِنَّ كَثِيراً مِنْهُمْ فاسِقُونَ (81)﴾

واتە :

زۆربەیان دەبینیت ڕازین بەخۆشەویستی و پشتیوانی ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون، سوێند بە خوا دەست پێشکەرییەکی خراپیان بۆ خۆیان ئەنجامداوە کە خوایان لە خۆیان تووڕە کردووە (بەو کارەیان)، (لە قیامەتیشدا) لەناو سزای دۆزەخدا دەبێت بۆ هەمیشە بمێننەوە.★

خۆ ئەگەر ئەوانە باوەڕیان بەخواو بەم پێغەمبەرەو ئەو قورئانە ببوایە کە بۆی دابەزیوە، ئەوە ئەوانەیان نەدەکرد بەخۆشەویست و سەرپەرشتیاری خۆیان، پشتیان بەوان نەدەبەست، بەڵام زۆربەیان تاوانبارو لادەرو یاخین و (حەق و ڕاستی مەبەستیان نیە، بەڵکو بەردەوام دژایەتی ئاینی ئیسلام دەکەن).★

ئەگەرلە ئایەتەکانی پێشوو باسی سەرپێچی وبەدکاریەکانی نەوەی ئیسرائیلی کردبێت هەرلە سەردەمی موسا علیه السلام لە ساڵانی ١٤٠٠پ ز هەتاسەردەمی داودعلیه السلام ١٠٠٠ساڵ پ ز تاکوسەردەمی عیسا علیه السلام سەرەتای دەسپێکی مێژووی زاینی ، لەم ئایەتە ئاماژە بەسەرپێچیویاخی بوون وبەدکاریەکانی جولەکە ونەوەکانی ئیسرائیلە لەسەردەمی پێغەمبە ر ﷺ لە ساڵانی ٦٣٠ ز واتە بەچەند ئایەتێکی ڕوماڵی دووهەزار ساڵی کرد کە نەوەکانی ئیسرائیل تیایدا بەدکاربوون وهەمیشە پشتی ناحەق وستەمکارانیان گرتوە .

لەسەردەمی پێغەمبەریش ﷺ

هاوپەیمانی سەرەکی جولەکەکان گروپی دووڕووەکان بوون کەوەک جولەکە خەریکی فێڵ وتەڵەکەو پیلانگێڕی بوون و وەک مەنجەڵ وسەرقاپ بەیەکەوە گونجاوبوون .

بگرە کەسانی وەک کەعبی کوڕی ئەشرەف هەم لەگەڵ دووڕووەکان وهەم لەگەڵ قورەیش خەریکی پیلان گێڕی بوون .

ئایەتی :[أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيباً مِنَ الْكِتابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا هؤُلاءِ أَهْدى مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا سَبِيلًا [النِّسَاء: 51] .

باسی ئەوشایەتیە ناڕەوایەیە کەئیبن ئەشرەف بۆ بێباوەڕەکانی قورەیشی داوە .

هەربۆیە لەزۆرئایەت لەقورئان باسی ئەوەی کردوە کە ئەم نەفرەتکران و لێستاندنەوەی شکۆیە هەرتەنها بۆ جولەکەو نەسرانی و نەوەکانی ئیسرائیل نیە ،بەڵکوهەر گروپ وکۆمەڵگایەک لەهەرئاینێکدا پشتی ناحەق وستەم بگرێت وبەپێی توانا ڕێگری لە کاری خراپەوبەدکاری وستەم نەکات ئەوە نەفرەتکرانی خوایی و هەڕەشەی خوا ئەوانیش دەگرێتەوە بۆیە لەزۆرئایەت ئەوئاماژەی بە مسوڵمانانیشداوە وفەرمویەتی :

﴿ لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ [آل عمران: 28]

چونکە هەرکەسێک دۆست وگوێڕایەڵی هاوبەشدانەران ودوژمنانی بڕواداران وپێغەمبەران بێت خۆشی دەبێتە دوژمنی بڕواداران وپێغەمبەران.

چیرۆکی پێشەنگی خانمەکان خاتوهاجەری دایکمان:

شازادە خاتوهاجری کچی سقنون ڕەعی فیرعەونی میسرو خوشکی ئەحموسی ڕزگارکەری میسر لە هەکسوکسیە کاشیەکان و دایکی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم علیهم السلام..:

هەندێک وێستگەی مێژوویی پێویست :

ئەوەی کە مێژووناسان نوسیویانە کە:

- هەکسوسەکانی میسر گەلێکی کۆچەرو شوانکارەوسروشت توندی شاخی بوون وپێدەچێ پێش هاتنیان بۆشام وفەلەستین بەعیراق وئێران وئەنادۆڵ دا تێپەڕیبن لە وڵاتی دووڕوبار ناویان گۆتیەکان=کاشیەکان بووە لە وڵاتی ڕافیدین فەرمانڕەواییان کردبێ وبەشێکیان لە شام وفەلەستین ومیسر .

لەمیسر لەساڵی 1730 پ ز بۆ ماوەی چەندسەدە حاکمی میسربووبن.

گێڕانەوە مێژوویەکان باس لە پەیوەندی خزمایەتی ورەگەزی نێوان هەکسوس وعیبرانیەکان-بەرەبابی ئیبراهیم وسارا- دەکەن ، بە پێی گێڕانەوەی تەوڕات ئەوکاتەی هاتۆتە میسر تەمەنی ئیبراهیم ٧٦ساڵ وساراتەمەنی٦٦ساڵ بووە .

مێژووناس (فیلیب فارادای) دەڵێ :

" هەم لەڕووی ڕەچەڵەک وهەم لەڕووی ژن وژن خوازی هکسوس وعبرانییەکان پەیوەندیان بەیەکەوەهەبو، هەروەها(نایت ولوماس) دەڵێ؛

ئیبراهیم هەکسوس بووەولەساڵی1780پ زهاتۆتە میسر ، هۆگربوونی پاشای هەکسوسی میسر بەسارە وای کرد کەڕێزی ئیبراهیم زۆربگرێ، لەوانەش ئەو شازادە دیلەی کە باوکی کوشتبوو وبەکەنیزەی کردبوو دابە سارا، .

ڕۆژهەڵات ناس و نوسەرانی عەلمانی زۆریان هەوڵ داوە کە تانە لە مێژووی ئاماژە پێکراو لەتەوڕات وقورئان بکەن وگومان بخەنە سەر گەشتەکانی ئیبراهیم وروداوو ژیانی ئیبراهیم وخانەوادەکەی وتەنانەت گومانیان لە بوونی کەسایەتیەک بە بەناوی ئیبراهیم هەیەودەڵێن ئەوهەربراهمای هیندیەو عبرانیەکان دزیویانەو ویستویانە بیکەنە باپیری خۆیان و محمدیش تا جولەکەکان بۆلای دینەکەی ڕاکێشێ کردویەتیە باپیری خۆی ..گومان و بۆچونە بێ سەرو بەرەکانیان زۆرن و لەژمارە نایەن، وڵام دانەوەشیان زۆری دەوێ..

هەروەها ڕەخنەی زۆریشیان لە گوتەو کردەوەکانی ئیبراهیمیەکان وئیسماعیلیەکان وزەوتکردنی عەرەبی وازهێنانیان لەکلدانی کردوە، کە ئەمە لەژیانی گەلانی کۆن ونوێ ڕووی داوە.

بۆ نمونە زمانە هیندۆ ئەوروپیە ئاریە یافسیەکان بەرهەمی کوڕانی یافسن لە بنەچەدا کەچی ئەوەتا کوڕانی کورد کە وەک (قەلەشقەندی) لە کتێبی (نهایەت الارب) دەڵێ :

"کورد... کوڕی ئێرانی کوڕی ئاشوری کوڕی سامن.

و ە فارس نەوەی فارسی کوڕی سامن"

کەچی دەبینین ئێستا زمانەکانی خۆیان بیرکردوەو بەزمانی هندۆ ئەوروپی (یافسی) دەدوێن.

بگرە زمانەکەش ناونانێن یافسی ناوی دەنێن هندۆئەوروپی.

لەم سەردەمەش دا زۆرێک لەگەلانی ئەفریقی وئەمریکی و ئوسترالی سەدان زمان ودین وکەلتوریان گۆڕبەگۆڕکراو بوونە ئیسپانی و ئینگلیزی وفەڕەنسی وپرتوگالی و زمانە کۆنەکانیان مردن .

کەواتە ئەم دیاردە سەدان جاردووبارە بۆتەوە لە مێژووی مرۆڤایەتی.

ڕەچەڵەکی خلیل الله إبراهیم:

ئیبراهیم کوڕی آزر کوڕی ناحور کوڕی ساروغ کوڕی راعوا کوڕی فالغ کوڕی عابر کوڕی شالح کوڕی ئەرفەخشەد کوڕی سام کوڕی نوحە .

بەڵام خاتوو شازادە هاجر کچی سقنن رع ی نەوەی حامی کوڕی نوحە وباوانی دامەزرێنەری بنەماڵەی ١٧ فیرعەونی میسرن .

باوکی هاجر دەگوترێ بەدەستی هەکسوسەکان کوژراوە، پاشان براکانی حوکمیان لە باشوری میسر (سودانی ئێستا)کردوەو هەکسوسەکان دەستیان بەسەر باکوردا گرتوە ، هاجەر بە کەنیزەیی کەوتۆتە دەستی هەکسوسیەکان کەلەنێوان سالانی - ١٧٠٠ تاکو ١٥٠٠ پ ز فەرمانڕەوای باکوری میسربوون، یەکەم پاشایان (ئەبوفیس) بوو کە هاجرکەنیزەی ئەوبوو ،بەڵام دەڵێن نەیزانیوە کە ئەوکەنیزە کچی کێیەو هاجەرخۆی ئاشکرانەکردووەوپاشا سەرجێیی نەکردوە .

دیارە هاجەر لە پەرستنی بت وپەیکەر ودیاردە کانی ئاینی میسری پەست وبێزاربوو ، بۆیەش ، ئەوبێزاریەی مایەی دڵگرانی کاهینەکانی پەرستگاو براکانی ودایکی وخوشکانی بوو، بۆیەش هیچ هەوڵیان نەداوە لە کەنیزەیی ڕزگاری بکەن، دیارە هاجەر لەسەردینی ئیدریس پەیامبەربووە کەلەوسەردەمەدا لەناو میسردا بڵاو بوو ،ئەم دینەبەهۆی نوسراو وسەحیفە پیرۆزەکانی یەکەم پەیامبەری کە پێنوسی بەکارهێناوە لەناو شازادەو کاهین وگەورەپیاوان ونوسەر وڕۆشنبیروهونەرمەندوزانایانی میسر بەنهێنی بڵاوبوو، کاهینەکانی پەرستگا چەندەها شازادەوکاهین وڕۆشنبیروشاژن وپاشایان لەسەر باوەڕهێنان بە سەحیفەکانی ئیدریس پاکتاوو تیرۆرکردبوو، تەنانەت دەگوترێ کە فیرعەونێکی بەدەسەڵات وخاوەن هەڕەمی گەورەی وەک (خۆفۆ) بەدەستی کاهینەکان کوژراوە کاتێ وابڵاوبوو کە خۆفۆ باوەڕی بەدینی ئیدریس هێناوە، بۆیە شازادەیەکی وەک هاجر کە ئەم چیرۆکەی خۆفۆی باپیری لەبەرچاوبوو بۆیە کەنیزەبوون دەربازبوون بووە لە پاکتاوو تیرۆری کاهینەکانی پەرستگا بۆ ئەو ،بۆیە ئەم بەکەنیزە بوونە وەک کەرامەت وموعجیزەیەکی ئیلاهی بوو تالە دەستی کاهینەکان وبنەماڵەبت پەرستەکەی ڕزگاری بێ، وە نەناسرانی لەلای ئەبوفیسی پاشای هەکسوسەکان و سەرجێیی نەکرانیشی هەر کەرامەت وموعجیزەیەکی ترە بۆ شازادە هاجری دایکمان.

موعجیزەو کەرامەتێکی تری دایکمان ئەوە بوو کە ئیبراهیمی خلیل الرحمن علیه السلام کەهەر لە١٦ساڵی کەدوای شکاندنی پەیکەری پەرستراوەکانی پەرستگای مەردۆخ لەشاری ئور (شوێنەواری ئەوشارە دەکەوێتە لای شاری دیوانیەلەخواروی عیراق لەئێستادا)لە ئاگر هاویژراوپاشان لەگەڵ سارای -ئامۆزایان برازا-وخێزانی کچی کرد بۆ حەڕان ولەوێشەوە بۆ فەلەستین و لەوێشەوە بۆ میسر ،لەم کۆچە ئەم خانەوادەبەڕێزە پڕ مەینەتە لە ماوەی ٧٠ساڵ دا زیاتر لە(٢٠٠٠)دووهەزار کیلۆمەتریان بڕیوە ، لەدوای ئەوهەموو مەینەتیەش توشی برسێتی بوون وتاکە بنەماڵەی ئیماندارلەسەرزەوی عیراق وشام برسێتی وای لێ کردوون بڕۆنە میسر.

بەڵام ئەوە برسێتی نەبوو ،بەڵکو پاراستن و چارەنوسی شازادەهاجەر وای کرد کە ئیبراهیم وسارا کۆچ بکەن، تاکو ئەو پێشەنگە بەڕێزە، ئەوەی دەبێتە دایکی دامەزرێنەری تاکە قیبلەو پەرستگای حەق و کۆتایی بە پەرستگاساختەکان دێنێ، ئەوەی دەبێتە نەنک و ڕەسەن وئەسڵی سەروەروسەرداری پەیامبەران و سەرمەشقی مرۆڤایەتی وجیهان لە پێناوی ئەو پەرستشە دروستکراوە کەنەوەکەی هاجری پێشەنگ دای دەمەزرێنێ، بەڵێ هاتنی ئیراهیم وسارا موعجیزەوکەرامەت وخاوەن پایەی هاجەر دەردەخا ، ئیبراهیم وسارا بۆ خزمەت کردن ورزگارکردنی هاجەر ژێربارخراون وتوشی مەترسی کراون، ئیبراهیم ناچاری درۆکردن کراوە کەبڵێ ساراخوشکمە ، سارایەک کە لەحەفتاساڵی تەمەن نزیک دەبێتەوەوهیچ کەس لەو پاشاو پیاوانەی بەلایاندا ڕەت بووە هەر لە عیراق وحەڕان و سوریاو فەلەستین کەس هەستی بەجوانیەکی ناوا زەی سارا نەکردوە، ئێستە خێرە لەم حەفتاساڵیە دەبێتە شاجوانێکی وەها سەرنج ڕاکێش و پاشا ئەبۆفیسی هەکسوسی سەدان کەنیزەو شازادەو ژنی لەبەرچاودەکەوێ بۆ پیرەژنێکی حەفتاساڵە؟؟

بەڵام ئەندازەگیری پەروەردگاری بەتواناو میهرەبان کە خەلیلێکی لەسەرزەوی هەیە زۆرنیگەرانی دەکاو توشی شەرمەزاری درۆی دەکا، خێزانە پاک داوێنەکەی ئەوەندە جوان دەکا تاکو توشی ئەوەی دەکا دڵی پاشای هەکسوس بچێتەسەری ،ناموسی خەلیل بکەوێتە مەترسیەوە تاکو بەم هەموو پلان و ڕوداوانە هاجەر خاتوونی نگینی شاراوەی هەست پێ نەکراو ، کەشای هەکسوس نازانێ چ نگینێکی ڕاستەقینە لەناوکۆشکەکەی دایە؟ ڕزگاربکرێ.

الله موعجیزەیەک لەناوکۆشکی پاشای هەکسوسی دەخولقێنێ ،سارا دەکاتە مایەی ترس وبیم وسامناکی بۆ ئەبوفیس و دەڵێ : ئەم شەیتانەم لێ دوورخەنەوە" ، ئەی چۆن کەسێک شەیتان

لەخۆی دوورخاتەوە دیاری دەداتێ؟ ئەمەش موعجیزەو کەرامەتێکی ترە بۆ هاجەر چونکە ئەم هەموو ئەندازەگیریە وردە هەمووی بۆ دەرخستنی گرنگی وگەورەیی هاجەرە.

ئێستا دەبێ خوێنەر بپرسێ ئایا هەر بەڕاست کێ لە خێزانەکانی ئیبراهیم کەنیزەیەوکێ خاتوونە؟؟

هەموو مێژوو دەڵێن ساراخاتوونەو هاجر کەنیزەیە ، بەڵام کەلە ڕوداوەکان وردەبیەوە دەزانی کە نەک هەرسارا بەڵکو ساراو ئیبراهیم هەردوو بۆ خزمەتکردنی هاجر ژێر بار خراون ، چونکە گەورەیی ئیبراهیم بەهۆی هاجەرەوە لەجیهان دەردەکەوێ وبەدرێژایی مێژوو کوڕانی ئیسماعیل ناوبانگی ئیبراهیم وحەجی ماڵەکەی دەپارێزن تاسەروەری پەیامبەران دێ وڕێبازەکەی ئیبراهیم علیه السلام زیندوو دەکاتەوە .

سارا بەدڵخۆشی دەگەڕێتەوە لای ئیبراهیم و خزمەتکارێکیشی پێشکەش کراوە، سارای بەساڵاچووی نەزۆک بەزەیی بە پیاوە بەش مەینەت و نامۆو دوورلەوڵات وبێکەسەکەی دادێتەوەو هاجری کەنیزەی کە پێشکەشی کراوە دەداتە ئیبراهیم تاسەرجێیی بکاو مناڵیان بێ، ئەمە لەدوای گەڕانەوەیان بۆ فەلەستین ، بەم شێوە ئاواتی ئەم دوو پیرەژن وپیرەمێردە دێتەدی و کەنیزەکەیان دوای دەساڵ لە خزمەتکردنیان ئیسماعیلی دەبێ ،ئەوکاتە ئیبراهیم تەمەنی ٨٦ساڵ وساراش٧٦ساڵ دەبێ.

دەبێ چ وا لە پیرەژنێکی نزیک لەهەشتاساڵ بکا کە غیرەی بجوڵێ بەرامبەر کەنیزەیەکی گوێڕایەڵی سی چل ساڵی ؟ وڵامی ئەم پرسیارە هەرئەوەیە ئەوەی وای لە ئەبوفیس کرد کە بۆ پیرەژنێک هەموو ژنەکانی میسری لەپێش چاوبکەوێ وئەوکەسەی نیوەی جوانی ژنانی دایە سارای حەفتاساڵ تابیکاتە هۆکاری دەربازبوونی هاجەر، هەرئەویش ئێستا ئەو غیرەی هاویشتۆتە دڵی ئەو پیرەژنەو وای کردوە وەک هەرزەکارێک هەڵس وکەوت بکا، تەنانەت وای لە ئیبراهیم کردوە کەنازی ئامۆزاکەی بکێشێ و ڕێ بدا کەئامۆزاکەی وەک سوکایەتی کردن بەو ژنە زەیستانە بێ دەرەتانە گوێکانی بسمێ وخەزێمەی لە لوت بکا تا هەمیشە گوێلەمست وئاڵقەلەگوێ بێ وهەمیشە بەرامبەری هەست بە لوت شکاوی بکا.

بەڵام دیسان ئەمەش بۆتە موعجیزەوکەرامەت وڕێز وپایە بۆ شازادەی جیهان خاتوو هاجر، کچان وشاجوان وشاژنان لەوڕۆژەوە کە گوێکانیان نەسمن و کەلوتیان بەخەزێمەنەبێ خۆیان

وادەزانن کە کەم وکوڕیان هەیە، ئەوەیە کە فەرمودەکە دەفەرموێ هەرکەسێ بۆ الله خۆی بەکەم بنوێنێ الله پلەوپایەی بەرزدەکاتەوە.

هاجەر پشتێنی کارەکەری و خزمەتکاری بۆ سارا بەست و خۆی وەک کەنیزەی سارا پیشان دا، هەرگیز شانازی بە باپیرانی خۆیەوە نەکرد، نەی گوت من کچی پاشایانم ، بۆیە چیرۆک وسەرگوزەشتەکەی بووە شانامەی چیرۆک وداستانەکان ، ماڵەکەی بوەتاکە قیبلەو پەرستگاو ڕێو شوێن وتراژیدیاو یادگاری ئەو بووبە سەرگوزەشتەی هەموو سەردەمەکان....

با تۆزێک گوێ لە بوخاری بگرین کە لە ئیبن عباس چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوەکە:

[کاتێ ئەوەی لەنێوان ئیبراهیم وخێزانی ڕووی دا، هاجرپشتێنی بەستبوو تا شوین پێکانی لەسارە بزر بکا-هاجەر یەکەم کەس بوولەناو ژنان کەپشتێنی بەست، ئیبراهیم هاجری دایکی ئیسماعیل وئیسماعیلی لەگەڵ خۆی بردن کوندەیەکیان ئاو پێبوو،دایکی ئیسماعیل لەومەشکە ئاوی دەخواردەوەوشیری دەدا بە منداڵەکەی، پاشان هاجر وئیسماعیلی هێنان،هەتاگەیشتنە مەککە]-(شنەبای سەکینە لە ئەرمینیاوە لەگەڵ ئیبراهیم بوو ڕێی نیشان دەدا)

(کاتێ گەیشتە مەککە، ئیبراهیم لە ئاستی شوێنی بەیت وەک پەڵەهەورێکی بینی کە وەک شێوەی دەم وچاوی هەبوو، ئەو هەورە ئیبراهیمی دواندوگووتی ئەی ئیبراهیم بەئەندازەی سێبەری من بناغە دانێ ،کاتێ بنیاتی نا)(بایەکە بازنەی بۆ کێشاوشوێنی بەیتی بۆدیاری کرد .

ئیبراهیم هاجری لای بەیت دانالەلای درەختە گەورەکە کەلەسەرشوێنی زەمزەم لەلای سەرەوەی مزگەوت ، ئەوکاتە مەککە کەسی لێ نەبوو، ئاوی لێ نەبوو، ئیبراهیم هاجر و ئیسماعیلی لەوێ دانان،وە هەمبانەیەک خورماوکوندەیەک ئاوی لادانان،پاشان ئیبراهیم پشتی تێکردن تابۆلای سارای خێزانی بگەڕێتەوە)دایکی ئیسماعیل بەدوای کەوت[هەتا گەیشتنە(کەدا)شوێنێکە لەمەککە بانگی ئیبراهیمی کرد، گوتی :هۆ ئیبراهیم بۆکوێ دەڕۆی وبەجێمان دێڵی لەم دۆڵە چۆڵەی کەنە کەسێکی لێ یەو نە هیچ شتێک؟ هاجرچەندجارئەم پرسیارەی دووبارە دەکردەوە، بەڵام ئیبراهیم ئاوڕی لێ نەدایەوە،[[هاجرگوتی:بەئومێدی کێ بەجێمان دێڵی؟ئیبراهیم گووتی:بەئومێدی الله ،هاجرگووتی :ڕازیم بەالله .ئایاالله فرمانی پێ کردوی جێمان بێڵی؟ گووتی بەڵێ، گووتی کەواتە الله بە زایەمان ناداو ئیدی هاجرگەڕایەوە. ئیبراهیم ڕۆیشت تاگەیشتەلای دەروەکە ولەچاو یان بزربوو،ڕووی لە بەیت کردودەستی بەرزکردەوەوبەم ووشانە پاڕایەوە:

﴿ رَّبَّنَآ إِنِّيٓ أَسۡكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيۡرِ ذِي زَرۡعٍ عِندَ بَيۡتِكَ ٱلۡمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجۡعَلۡ أَفۡـِٔدَةً مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهۡوِيٓ إِلَيۡهِمۡ وَٱرۡزُقۡهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَشۡكُرُونَ﴾[إبراهيم:37]

واتە : ئەی پەروەردگارمان من هەندێ لە ڕۆڵەکانم نیشتەجێ کرد لە شیوێکی بێ کشتوکاڵ دا لای ماڵە پیرۆز و ڕێزگیراوەکەت ئەی پەروەردگارمان تا بە چاکی نوێژ بەجێ بێنن بەڵکو دڵی خەڵکانێ وا لێبکەیت سۆزیان بێ بۆ لایان و لە هەموو بەر و میوەیەکیش ڕۆزیان بدە بەڵکو شوکرانە بژێربن.★

دایکی ئیسماعیل لەوئاوەی دەخواردەوەوشیری دەدایەکۆرپەکەی تائاوەکە تەواوبوو،تینوی بوو شیری وشک بوو،کۆرپەکەی تینوی بوو کەوتە پەلەقاژەی مردن، هاجەروای زانی کە کۆرپەکەی دەمرێ، دوورکەوتەوە پێی خۆش نەبوو لەکاتی گیان کێشان ببینێ،گوتی ئیسماعیل بالەکاتی مردنت نەت بینم ،،گوتی کەبڕۆم بەڵکو هەست بەیەکێ بکەم ، هەستا گردی (سەفا) نزیکترین شاخ بوو لێیەوە،چووە سەر سەفا ورووی لەدۆڵەکە کرد بەڵکو کەسێک ببینێ ، بەڵام کەسی نەدیت، لە سەفادابەزی تاگەیشتە دۆڵەکە،دامێنی کراسەکەی بڵندکردو وەک کەسێکی ماندوی هەناسەسوار ڕای کرد تالەدۆڵە کەڕەت بووچووە سەر گردی مەروە ولەسەری ڕاوەستائاخۆ کەس دەبینێ ؟ ،کەسی نەدی، حەوت جارئەم هاتن وچوونەی کرد ،ئیبن عباس لە پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە کە ،بەم هۆیەوە خەڵک لەنێوانیان ڕادەکەن،پاشان هاجەر بەخۆی گووت،بابچم بزانم کۆرپەکە چی لێ هاتووە؟کەچوو سەیری کرد هەرلەحاڵەتی گیان کێشان دایە،دەروونی ڕێی نەدا سەیری کا،،گوتی بەڵکوبچم هەست وخوستێک بکەم،کاتێک لەسەرمەروە بوو دەنگێکی گوێ لێ بوو ،بەخۆی گووت،ووس ،گوێ قوڵاغ بوو،گووتی :گوێم لێت بوو کەفریادڕەست لابێ،سەیری کرد کەجبریل لەشوێنی زمزمە،جبریل بانگی کرد:تۆ کێی؟گووتی من هاجرم دایکی کوڕی ئیبڕاهیم،گوتی بەکێی سپاردوون، گوتی بەالله ی سپاردووین، گوتی الله بەسە بۆبریکاری .

جبریل بە پاژنەی گەڕاو ولەزوویەکەی چەقاند تاکو ئاو هەڵ قوڵی ،دایکی ئیسماعیل سەرسام بوو،،بەهەردوودەستەکانی دەیکردە ئەستێر ودەیگوت : ئائەوا، ترسی لەوەبووکەتاکوندەکەی دێنێ ئاوەکە نەمێنێ،بە مستەکانی ئاوی لەکوندەکە دەکرد،ئاوەکە فوارەی دەکرد،ئەو ئاوەکەی ڕاگرت، جبریل گوتی: لێی گەڕێ ئەوە تێرئاوت دەکا)

ئیبن عباس دەڵێ پێغەمبەرﷺ فەرموی: رەحمەت لە دایکی ئیسماعیل بێ ئەگەر بەری ئاوەکەی نەگرتایە زەمزەم کانیئاوێکی لەبەررۆیشتوو دەبوو.

هاجر لەوئاوەی دەخواردەوەو شیری دەدابە منداڵەکەی ، جبریل پێی گوتن لە هیچ مەترسن ، ئێرە شوێنی بیت الله یە،ئەوکورەوباوکی دروستی دەکەن،الله خەڵک وخۆشەویستانی بەزایە نادا، شوێنی بەیت وەک تەپۆلکەو گردبوو،ئاوی لافاو بەم لاوئەولای دا دەرۆیشت،،هاجرو ئیسماعیل بەم شێوە مانەوە تاکو قافڵەیەکی جورهومی کەلە شامەوە دەگەرانەوە بەرێگەی (کەدا) دا هاتن گەیشتنە خوار مەککە، باڵندەیەکی ئاویان بینی، گوتیان:ئەم باڵندە لەدەوری ئاو دەسورێتەوە،چەند ساڵە ئێمە بەم دۆڵەدا دێین ودەچین ئاومان لێ نەدیوە، دووکەسیان نارد،سەیریان کرد ئاوی لێ یە،هەموویان هاتن دایکی ئیسماعیل لای کانیاوەکەبوو،گوتیان :مۆڵەتمان دەدەی لێرە نیشتەجێ بین؟

گوتی بەڵێ بەلام ئێوە هیچ بەشتان بە ئاوەکەوە نیە وئاوەکەهی منە، گوتیان باشە.

ئیبن عباس دەڵێ: پێغەمبەر صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ:فەرموی:دایکی ئیسماعیل ناو خەڵک وئاوەدانی پێ خۆش بوو، جورهومیەکان چوون خانەوادەیان هێناولای نیشتە جێ بوون، تابوونە چەندماڵێک.

(ئیبراهیم بەسواری بوراق ماوە،ماوە سەردانی ئیسماعیل ودایکی دەکرد.- ئیبراهیم بە بچوکی ئیسماعیلی پەنادەدا بە کەلیمەودەستەواژەکانی الله لە هەموو شەیتان و بەلایەک،لە هەموو دەروون وچاوێکی پیس)

وئیسماعیل بووە گەنج ولەجورهومەکان فێری عەرەبی وراوکردن بوو، زۆررێزیان دەگرت وخۆشیان دەویست ،کچێکیان کردە هاوسەری ودایکی ئیسماعیل کۆچی دوایی کرد،ئیبراهیم پاش هاوسەرگیری ئیسماعیل بۆ بەسەرکردنەوەی ئەوەی جێی هێشتوون گەراپەوە ،ئیسماعیلی نەدی،پرسیاری لەژنەکەی کرد،گوتی چووەشتێکمان بۆ پەیدابکا،پاشان لە حاڵ وبژێویانی پرسی،گوتی حاڵمان زۆرخراپە،لەناخۆشی داین وسکالای کرد، ئیبراهیم فەرموی:کەمێردەکەت هاتەوە سەلامی لێ بکەوپێی بڵێ با رێسمەی دەرگاکە بگۆرێ،کە ئیسماعیل هاتەوە وەک هەستی بەشتێک کردبێ،گوتی:کەس سەردانی کردن؟،گوتی بەڵێ پیاوێکی بەتەمەنی لەوشێوە هات پرسیاری تۆی لێ کردم وهەواڵم دایە،وەپرسیاری گوزەرانمانی کرد،گوتم لە تەنگانەوزەحمەتی

داین،ئیسماعیل گوتی:ئەی هیچ ڕاسپاردەی نەدایەی؟ گوتی:بەڵێ، گوتی کەسەلامی ئەوت پێ بگەیەنم وپێت بڵێم ڕێسمەولەوانەی دەرگاکەت بگۆڕە،ئیسماعیل گوتی:ئەوەباوکم بووەوفرمانی پێ کردووم کەلێت جیا ببمەوە،بڕۆوە بۆلای کەس وکارت،ئیسماعیل لێی جیابۆوە وژنێکی تری لەجورهوم هێنا،پاش ماوەیەک دووبارە ئیبراهیم هاتەوەو ئیسماعیلی نەدی،،چووەلای ژنەکەی کە(ناوی سەیدەی کچی مزاز کوڕی عمری جورهومی بوو) وپرسیاری ئیسماعیلی لێ کرد،گوتی چووە بژێویمان بۆ پەیدابکا،،ئیبراهیم پرسی:حاڵتان چۆنە؟پرسیاری گوزەران وژیانی لێ کرد،گوتی:ئێمە لەخێروخۆشیداین،وسوپاسی الله ی کرد،فەرموی خواردنەکەتان چیە؟گووتی:گۆشتە، فەرمووی:خواردنەوەتان چیە؟ گووتی:ئاو،،فەرمووی : اللَّهُمَّ بَارِكْ لهمْ في اللَّحْمِ والمَاءِ،یا الله تۆ بەرەکەت بخەیە نێو گوشتەکەیان وئاوەکەیان، پێغەمبەر فەرموی :

(ئەوکاتە دانەوێڵەیان نەبوو،کەدانەوێڵەیان هەبوویایە دوعای ئەویشی بۆ دەکردن)،ئیبن عباس دەڵێ:ئێستا هیچ ماڵێک نیە لە مەککە گۆشت وئاوی تێدانەبێ.

ئیبراهیم فەرموی : کە پیاوەکەت هاتەوە سەلامی منی پێ بگەیەنە ووپێی بڵێ(بارێسمەولەوانەی دەرگاکەی جێگیر بکا) ، کاتێ ئیسماعیل هاتەوەپرسی:کەس سەردانی کردن؟،گوتی بەڵێ پیرمێردێکی شێوەجوان هاتە لامان ،،پرسیاری تۆی لێ کردم ،:هەواڵم دایە، پرسیاری گوزەرانمانی کرد،،گوتم باشین، ،فەرموی:هیچ ڕاسپاردەی پێ دای؟ گوتی بەڵێ:سەلامی لێ کردی وگوتی بالەوانەو ڕێسمەی دەرگاکەت جێگیربکەی،

ئیسماعیل فەرموی: ئەوەبابم بوو ،تۆش ڕێسمەی دەرگاکەی، فەرمانی پێکردوم کەدەستت پێوەبگرم.

پاشان ئیبراهیم کەسەردانی کردبینی ئیسماعیل تیرەکانی تیژدەکرد لە ژێر درەختەگەورەکە کەنزیکی زەمزەم بوو، کاتێ باوکی بینی هەستاو وەک باوک وکوڕێک باوەشیان لێک دا، پاشان ئیبراهیم فەرموی: الله فرمانێکی پێ کردوم. ئیسماعیل فەرموی:گوێ ڕایەڵی فرمانەکە ی بە، فەرموی :یارمەتیم دەدەی؟ فەرمووی:یارمەتیشت دەدەم ،فەرموی :الله فرمانی پێکردووم کە ماڵێک لەسەرئەم تەپۆڵکە دروست بکەم ، ئالەم ساتەدابناغەکانی بەیتیان بڵندکرد، ئیسماعیل بەردی دێناوئیبراهیم دیواری دەکرد،تا بیناکە بڵند بوو،ئەم بەردەی بۆهێنا(کە پێی دەڵێن مەقام

وجێی ڕاوەستانی ئیبراهیم)وئیبراهیم لەسەری وەستا،ئیبراهیم دیواری دەکردوئیسماعیل بەردی دەدایە، وئەوان دەیان فەرموو :

{رَبَّنَا تَقبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ} [البقرة: 127]

واتە :اللە لیمان وەرگرە چونکە بەڕاستی هەرتۆ بیستەرترین وزاناترینی. بەهەرچواردیوارەکە دیواریان دەکردو دەسوڕانەوەوئەم دوعایەیان دەفەرموو.

بوخاری لە عبداللە کوڕی عباس گێڕاویەتیەوەلە سەحیحەکەی

(تاکوشوێنی بەردێک مابوو ئیبراهیم داوای لە ئیسماعیل کرد ،ئیسماعیل لە کێوەکانی دەور وبەردەگەڕاکە جبریل لە ئاسمانەوە حجری ئەسوەد=بەردەڕەشەکەی هێنا،کە ئیسماعیل هاتەوە،پرسی :کێ ئەوبەردەی هێنا؟ ئیبراهیم وڵامی دایەوە:ئەوکەسەهێنای کە پێویستی بە بنیاتی من وتۆ نیە)

ئیبراهیم وئیسماعیل ئەم دوعایەیان دەخوێند:

﴿رَبَّنَا وَٱجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾[البقرة:128]

واتە: پەروەرێنمان هەر دووکمان بکە بە فەرمانبەری خۆت وە لەنەوەشمان گەلێک بکە بەفەرمانبەری خۆت وە ڕێگاکانی حەج کردن و پەرستنمان نیشان بدە وە پەشیمانی مان گیرابکە بەڕاستی هەرتۆی گیراکەری پەشیمانی و میهرەبانی.

﴿رَبَّنَا وَٱبْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾[البقرة:129]

واتە: پەروەردگارمان لە ناو نەوەکانماندا پێغەمبەرێک بنێرە لەخۆیان ئایەتەکانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوە قورئان و دانایی یان فێربکات و پاکیان بکاتەوە (لە هەموو گوناهێک) بێگومان هەرتۆی زاڵ وداناو بەتوانای .

(کاتێ ئیبراهیم لە بنیاتی بەیت تەواوبوو، پێی گوترا بانگی خەڵک بکە بابێن بۆ حەج، ،فەرموی پەروەردگارم جا دەنگی من دەگاتە کوێ؟؟ فەرموی تۆبانگکردنت لەسەرە گەیاندنی لەسەرمنە، ئیبراهیم بانگی کرد:ئەی خەڵکینە حەجتان لەسەرنوسراوە حەج بکەن،دەنگەکەی هەموو ئەوەی لەنێوان زەوی وئاسمانە گوێی لێ بوو،)

(پەروەردگار فرمانی کرد شاخەکان سەریان دانەواند،گوندوشارەکان بڵندکران،هەموو شتێک هەتا مێش هەنگوینیش گوێی لێ بوو بە (لەبەیک)وڵامی دایەوە،ئەوەیەکەم تەلبیەوبانگەوازی حەج بوو ،شەیتان ،ویستی ڕێگری بێ بەڵام ئیبراهیم پێشی کەوت)پاشان جبریل ئیبراهیمی هێنایە میناوگوتی شەولێرەبە بۆ بەیانی بردیە عەرەفات گوتی ئەمڕۆ لێرە بە،شەو هێنایەوە موزدەلیفە ،بەیانی بردیە لای عەقەبەو گوتی دەبێ ئیسماعیل سەربڕی، ئیبراهیم خەمباربوو، جبریل پرسی :چۆنێتی حەجکردنت زانی؟ ئیبراهیم فەرموی نەخێر، بۆیە دووبارە جبریل بردیەوە میناو موزدەلیفەو عرفات ،فەرموی زانیت؟ ئیبراهیم فەرموی زانیم بۆیە ناونراعرفات زانراو، پاشان ئیبراهیم بە ئیسماعیلی فەرمووی:

﴿فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعۡىَ قَالَ يَٰبُنَىَّ إِنِّىٓ أَرَىٰ فِى ٱلۡمَنَامِ أَنِّىٓ أَذۡبَحُكَ فَٱنظُرۡ مَاذَا تَرَىٰ قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُ سَتَجِدُنِىٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾

واتە: جا کاتێ ئەو (کوڕە گەورە بوو تا) گەشتە ئەوەی ئیش و کار بکات لەگەڵ (ئیبراهیم دا،(ئیبراهیم) وتی ئەی کوڕە خۆشەویستەکەم بەڕاستی من لە خەودا دیم کە سەرت دەبڕم جا سەرنج بدە دەڵێ ی چی و ڕات چی یە؟ (کوڕەکە) وتی بابە گیان ئەوەی فەرمانت پێ دراوە بیکە دڵنیابە دەمبینی ان شا اللە لە خۆگران دەبم.

(ئیبراهیم چەقۆکەی بۆ گەردنی برد ورووی لەولاکرد ،یسماعیلی بەسەرڕوودا خست تا لە پشتەوە سەری بڕێ، بەڵام چەقۆکە وەرگەڕا، ئیسماعیل کراسێکی سپی لەبەربوو ،فەرمووی بابە هەرئەوکراسەم هەیە پاشان بیکە کفنم لێم دانێ باپیس نەبێ، هەوڵی دا کراسەکەی لێ دانێ ، بانگ کرا ئەی ئیبراهیم خەونەکەت جێ بەجێ کرد)پەروەردگارت ڕازی کرد، ئیبراهیم ئاوڕی دایەوە بەرانێکی سپی قۆچداری چاوڕەش لەشاخەکە هاتە خوارو ئیبراهیم لەنێوان هەردوو جەمرەکە سەری بڕی ، قۆچەکانی هەرلەناوکەعبە هەڵواسرابوون تائیسلامیش هات ، بۆیە ناوی ماڵ وبەیتی عەتیق وئازادبوو چونکە هەرگیز زۆرداروستەم کارنەیانتوانیوە بەسەریدا زاڵبن.

ئیسماعیل یەکەم کەس بوو کەزمانی بە زمانی؟عەرەبی پاراوو ڕەوان وفەسیح پڑا.

﴿وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ إِسْمَٰعِيلَ إِنَّهُۥ كَانَ صَادِقَ ٱلْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا﴾

واتە :وە لە قورئاندا باسی ئیسماعیل بکە بێگومان ئەو لە پەیمان و بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆ بوو و ئەو پەیام بەروهەواڵدەر بوو.

﴿وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُۥ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِۦ مَرْضِيًّا﴾

وە هەمیشە فەرمانی دەدا بە خێزان و کەس کاری بە نوێژکردن و زەکات دان وە هەمیشە لای پەروەردگاری لێی ڕازی بوو .

خەڵوەتی تەمەن:

پەروانەکان زووکەن وەرن ئێرە نوری ئەقدەمە.

هەم دڵ بەروگیان ئاودەرە,جێگای نزای مەردومە.

گەر پەڕوباڵمان لەپای دا بسوتێنین زۆر کەمە.

ئەشکێ لەکاتی تەوافا ,بۆدەروون وەك مەرهەمە.

هۆدڵەکان پێشبڕکێ بکەن،تابگەن بەو مەکرەمە.

پڕلەنوروساخلەم دەبن کەدەستخستنی ئەستەمە.

هۆعـارفان ئێرەژوانی لقای حەواو ئادەمە. گوناهباران,بەهرەمەند بن لە غوفرانی ئەم ژەمە.

دە ببینن چۆن ڕەشتان کردئەم حەجەرە ئەکرەمە؟

سپی وپاك بووکەچی ئیێستاوارەشپۆش وبەغەمە.

بادڵەکان بەکوڵ بگرین, کە ژین پڕلە ماتەمە.

زادی دوای مردن بکەن،لەدەستچووئەم سەردەمە.

شیوێکی چۆڵ وبێ ئاوبوو،ئائەم دۆڵە پڕتەمە.

دایکێکی بێ کەس وبێدەر،پێی درائەم زەمزەمە.

نزای باوکی پەیام بەران لای الله خاتر جەمە.

بۆیە ئیستا لبیك دەکەن بۆ ڕەبی ئەو عالەمە.

لەگشت لایەکەوەدێن و،خواستیان دڵی ساخلەمە.

خاتو هاجەر،دەبڕوانە، دەورت پڕلەهاودەمە.

تینوەکان دێن بەملیۆنان،کانیەکەت جێی مەردومە.

ئاوی پاکی لەکەس نابڕێ,سەخی تر لە حاتەمە.

لەوکاتەوەکەسەعیت کردسەعیەکەی تۆمەوسیمە.

هەزاران ساڵە ڕادەکەن ،هەر بەیادی ئەو دەمە.

بە یادی پڕخێر وبێری ئەو ساتە پڕملهمە.

دامێنی تاقە ماڵەکەت جێگەی نەبی خاتەمە.

کە بۆ دڵانی ژەنگ گرتوو،وەك بارانی نم نمە.

-

کەواتە دایکمان هاجر بەم گێڕانەوەبێ ،جارێکی تر ئیبراهیمی نەبینیەوە ،کوڕەتاقانەکەی لەناو ئەو هۆزە یەمەنیە بە زگورتی بەجێ هێشت و دیارە ئیسماعیل دوای وەفاتی دایکی ژنی هێناوە، ئیبراهیم علیه السلام لەبارەی ئیسماعیلەوە بەڵێن ومژدەی پێ درابوو وەک

لەسفری تکوین دا١٧(٢٠)هاتووە:

(بۆ ئیسماعیلیش، گوێم لێت بوو، بێگومان بەرەکەتداری دەکەم، بەرداری دەکەم و زۆر زۆری دەکەم. دەبێتە باوکی دوازدە سەرۆک، دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن..

لەگەڵ ئەوەی کە دایکمان خاتو حەوایەکەم کەس بوو لە مەکە کەوتە سەرزەوی وباوکمان ئادەم لە وێ دۆزیەوە بەڵام نەی توانی چەند یادگار وبیرەوەریەک بەجێ بێڵێ کەبۆبڕواداران ببێتە

سەرمەشق، کردارو هەڵس وکەوتەکانی ببنە پەرستش و ڕێ وشوێن و نەوەکانی دوای خۆی ڕەچاویان بکەن.

لەگەڵ ئەوەی دایکمان سارا نمونەی خۆڕاگری بوو بەڵام نەی توانی دەستبەرداری خۆرسکی ژنانەی خۆی بێ و بۆ ڕەزامەندی الله ی پەروەردگار وئاوەدانکردنەوەی ماڵە چۆڵ وبەجێ هێڵراوەکەی گۆشەگیری بکا.

لەگەڵ ئەوەی کوڕانی ئادەم لەسەردەمی شیس وئیدریس تا نوح علیهم السلام توانیان ژیارو شارستانی گەورە لەهندو بابل و یەمەن ومیسر بنیات بنێن ،بەڵام نەیانتوانی ئەوبنچینەی کەجیهان لەو گۆشەوە، لە مەکە وە دروستکراوە ئاوەدانکەنەوەوبیپارێزن.

گەرچی کوڕانی نوح علیه السلام شام و ڕۆمان وئەنادۆڵ ویەمەن و میسرو هند وعیراق وئێرانیان پڕ کرد بەڵام نەیانتوانی هیچ جێ پێیەک لەوشوێنە پیرۆزە جێبێڵن.

گەرچی کوڕانی ئیسرائیل هەرلەسەردەمی یعقوب و یوسف تا سەردەمی داودوسلێمان علیهم السلام دەسەڵاتی ناوازەیان پێدرابوو لەشامەوەبۆیەمەن بەسەرمەکەدا ڕابردوون هەربە بێ نازی وچۆڵەوانی بەجێ یان هێشت.

تەنیا کوڕانی دایەهاجەربوون خاوەنی بەڵێنی ڕاست و وەک دایکیان وازیان لەکۆشک وتەلارو شازادەیی و وڵاتی پڕ ڕوباروکانی ومیوە هێناونەوەدوای نەوەچاوەڕوانی ئەوبەڵێن ودوعایە بوون کە باوانیان کردبویان ،تاکو هاتەدی..

بۆیە لەبەشی ٥٤ سفری ئەشعیای تەوڕات کە بۆ کوڕانی سارای هەوێکەی هاجریش دابەزیوە بەڵام تیایدا پەروەردگار ڕوو لە ڕوحی دایکمان هاجرو تاقە ماڵە بێ نازەکەی دەکاو دەفەرموێ..

«ئەی نەزۆک، گۆرانی بڵێ،

ئەی ئەوەی منداڵت نەبووە،

ئەی ئەوەی ژانت نەگرتووە،

لە خۆشیدا هاوار بکە و گۆرانی بڵێ،

چونکە منداڵی ژنی بەجێهێڵراو

زیاترن لەوەی مێردی لەگەڵیەتی،»

پەروەردگار دەفەرموێت.2«شوێنی ڕەشماڵەکانت فراوان بکە،

پەردەی نشینگەکانت لێک بکەرەوە،

دەست مەگێڕەوە،

گوریسەکانت درێژ بکە و

سنگەکانت توند بچەقێنە،3چونکە بەلای ڕاست و چەپدا پەل دەهاوێیت،

نەوەی تۆ نەتەوەکان دەردەکەن و

شارە وێرانەکان ئاوەدان دەکەنەوە.4«مەترسە، چونکە ڕیسوا نابیت.

گاڵتەت پێ ناکرێت، چونکە شەرمەزار نابیت.

ڕیسوایی سەردەمی گەنجییێتیت لەبیر دەکەیت،

ئیتر شورەیی بێوەژنییێتیت بەبیر نایەتەوە،5 چونکە مێردی[a] تۆ دروستکەرەکەی تۆیە،

ناوی پەروەرێنی سوپاسالارە.

ئەوەی دەتکڕێتەوە

پێی دەگوترێت اللە ی هەموو زەوی.6وەک ژنێکی بەجێماو و ڕۆح پڕ لە ژان

پەروەردگار بانگت دەکاتەوە،

وەک ژنێک کە لە گەنجیدا شووی کردبێت و ڕەتکرابێتەوە،»

پەروەرێنت دەفەرموێت.7«بۆ ساتێکی کەم بەجێم هێشتیت،

بەڵام بە بەزەییەکی زۆرەوە کۆت دەکەمەوە.8بە زریانی تووڕەییەوە

بۆ ساتێک ڕووی خۆمم لێت داپۆشی،

بەڵام بە خۆشەویستی نەگۆڕی هەتاهەتایی بەزەییم پێتدا هاتەوە،»

ئەوە فەرمایشتی پەروەردگارە، ئەوەی دەتکڕێتەوە.9«ئەمە وەک لافاوی نوحە بۆ من

ئەوەی سوێندم خوارد، کە لافاوەکەی نوح جارێکی دیکە بەسەر زەویدا تێنەپەڕێت.

ئاوا سوێندم خوارد، کە لێت تووڕە نەبم و

لێت ڕانەخوڕم.10هەرچەندە چیاکان نامێنن و

گردەکان دەهەژێن،

بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕی من بۆ تۆ دەمێنێت و

پەیمانی ئاشتیم ناهەژێت،»

ئەوە فەرمایشتی پەروەردگارە، ئەوەی بەزەیی پێتدا دێتەوە.11«ئەی شارە زەلیلەکە، زریان

لێدراوەکە، دڵنەوایی نەکراوەکە،

ئەوەتا من بەردەکانت بە بەردە پیرۆزە[b] لەسەر ڕیز دەکەم،

بە یاقووتی شین[c] دادەمەزرێنم.12قوللەکانت دەکەم بە یاقووت[d] و

دەروازەکانیشت بە بەردی پرشنگدار،

هەموو سنوورەکانیشت بە بەردی گرانبەها.13هەموو منداڵەکانت لە پەروەردگارەوە فێر دەبن و

ئاشتی منداڵەکانت زۆر دەبێت.14بە ڕاست ودروستی دەچەسپێیت

دوور لە جەور وستەم،

چونکە هیچ هۆیەک نییە بۆ ئەوەی بترسیت،

هەروەها دووریت لە تۆقینیش،

چونکە لێت نزیک ناکەوێتەوە.15ئەگەر پەلامار درایت، ئەوە لەلایەن منەوە نابێت،

ئەوەی هێرش دەکاتە سەرت، دەبێتە ژێر دەستت.16«ئەوەتا من ئاسنگەرم بەدیهێنا

کە کوورەی ئاگری خەڵووز دەم دەدات،

چەکی گونجاو دروستدەکات،

هەروەها من لەناوبەرم بەدیهێنا بۆ ئەوەی بفەوتێنێت.17هەر چەکێک لە دژی تۆ شێوەی بکێشرێت سەرناکەوێت و

هەر زمانێک لە دادگا لە دژی تۆ ڕادەوەستێت بەرپەرچی دەدەیتەوە.

ئەمە میراتی خزمەتکارانی پەروەردگارە

بێتاوانیتان لەلایەن منەوەیە،»

ئەوە فەرمایشتی پەروەردگارە.

—

هەروەها لە ئینجلی بەرنابادا یەسوع دەگێڕێتەوە:

((الله ئاوا بەڵێنی بە ئیبراهیم داوەوپێی فەرموە:

بڕوانە من بەهۆی وەچەکانت فەڕوبەرەکەت دەخەمە ناوتیرەوخێڵەکانی سەرزەوی،هەروەک چۆن تۆ هەموو سەنەمەکانت کەرت وپەرت کرد، وەچەو نەوەکانیشت ئاوابەگەلانی سەرزەمین دەکەن،

یعقوب(یەکێکەلەحەواریەکانی عیسا) پرسی : ئەی مامۆستا پێمان بڵێ ئەم بەڵێنە لەسەردەستی کێ دێتەدی؟ چونکە بنەماڵەی ئیسحاق دەڵێن لەسەردەستی ئێمەدەبێ، بنەماڵەی ئیسماعیلیش دەڵێن لەسەردەستی ئێمەدەبێ؟

یەسوع وەڵامی دایەوە:داود وەچەونەوەی کێ بوو؟

یعقوب وڵامی دایەوە:نەوەی ئیسحاق بوو،چونکە داود کوڕی یەهوزای کوڕی یەعقوب بوو.

یەسوع پرسی:کەواتە کە پێغەمبەرەکەهات لەنەوەی کێ دەبێ؟

پەیڕەوان گوتیان:لەنەوەی داود دەبێ.

یەسوع پێی گوتن:ناپاکی لە خۆتان مەکەن، چونکە داود لە ڕوح ونیگادا بە پەروەردگاروسەروەر بانگی لێدەکا،ئەودەڵێ :الله بە پەروەردگارمی فەرموو :وەرەلای ڕاستم دانیشە تا هەموو

دوژمنەکانت لەژێر پێ راخەم، بیانکەمەخاکی بەرپێت، پەروەردگار داردەستەکەت دەنێرێ ولەناوجەرگەی دوژمن دەیکاتە خاوەن دەسەڵات،جاکە ئەوپێغەمبەرەی پێی دەڵێن مەسیح کوڕی داود بێ، ئەی چۆن داودپێی دەڵێ پەروەردگار؟؟باوەڕم پێ بکەن چونکە من ڕاستیتان پێ دەڵێم، بەڵێنەکە بە بنەماڵەی ئیسماعیل جێ بەجێ دەکرێ نەک بە بنەماڵەی ئیسحاق.

ئالێرەدا قوتابیەکان گوتیان:بەڵام مامۆستا لە کتێبی موسی دا وانوسراوە، کەبەڵێنەکە بە ئیسحاق جێبەجێ دەکرێ نەک بە ئیسماعیل؟

یەسوع ئاخێکی هەڵکێشاوگوتی:وانوسراوە،بەڵام نەموساو نە یۆشەع نەیان نوسیوە ،بەڵکوئەو ئەحبارانە نوسیویانە کە لە الله نەترساون، من ڕاستیەکەتان پێ دەڵێم ،کە لە گوتەی جبریلی فریشتە ڕامێنن ،لەوەتێ دەگەن کە نوسراوە، جبریل بە ئیبراهیمی گوت،ئیبراهیم کە دەتەوێ خەڵک بزانن چۆن تۆیان بەڕاستی خۆش بوێ،تۆ کارێکی ناوازەبکە لە پێناوی خۆشویستنی الله.

ئیبراهیم وڵامی دایەوە:ئەوە بەندەی الله ملکەچم بۆ هەرکارێک کە الله بیەوێ.

ئالەم کاتە الله فەرموی:کەواتە کوڕەتاقانەکەت ببەسەرشاخەکەوسەری ببڕەو بیکە قوربانی، ئیسماعیل تاقانەونۆبەرەیە یان ئیسحاق ؟ کە هێشتا ئیسحاق نەبوو وە ئیسماعیل حەوت ساڵان بوو؟؟

حەواریەکان گوتیان:چەواشەکاری فەقیهـ وشارەزاکان ئاشکرایە، کەواتە تۆ هەواڵمان بدەیە، چونکە ئێمەدەزانین تۆ نێردراوی الله ی.

ئالەم کاتەدا یەسوع پێی گوتن:من ڕاستیەکەتان پێ دەڵێم،شەیتان هەمیشە دەیەوێ شەریعەتی الله بەتاڵ بکاتەوە، بۆیە ئەوو پەیڕەوانی وڕیابازەکان وبەدکارەکان هەموو شتیان پیس کردوە، یەکەمەکان بە فێرکردنی درۆو ئەوانی تریش بە گوزەرانی داماڵراولەڕەوشت،هەتاوای لێهاتووە دەڵێ حەق وڕاستیان بەیەکجاری لەناوبردوە، هاوارو واوەیلا بۆ ڕیابازەکان، چونکە ستایشیان بۆ ئەم جیهانە لەسەریان دەبێتە سزاوڕسوایی لە دۆزەخدا،بۆیە من پێتان دەڵێم پەیام بەری الله بەهاو جوانیە،هەرچی الله بیەوێ بەدی بێنێ بۆی ئاسان دەکرێ،چونکە ئەو ڕازاوەتەوە بە ڕوحی تێگەیشتن وڕاوێژکردن، وەروحی لێزانی وبەهێزی،وەروحی ترس وخۆشەویستی، ڕوحی بەرچاوڕوونی و میانرەوی ودادوەری،ڕازێنراوەتەوەبەڕوحی ڤیان ومیهرەبانی وسۆز، ڕوحی دادو پارێزکاری،ڕوحی ئارام گرتن ونەرم ونیانی، ئەوەی ئەو لە الله ی وەرگرتووە سێ جارهێندەی ئەوبڕەیە کەدراوە بە

مرۆڤەکانی ترجگەلەو،ئای ئەو سەردەمە چەند بەختەوەرە کەئەوتیایدا لەدایک دەبێ، باوەڕیکەن من بینیومە،وەرێزو درودم پێشکەش کردوە،وەک چۆن هەموو پێغەمبەران بینیویانە، چونکە الله روحی خۆی بە پەیامبەران دەبەخشێ، کاتێ دیتم دەرونم پڕبوولەشکۆ،پێم گوت:ئەی محمد دەخوازم الله لەگەڵت بێ، وە دەخوازم ببمە ڕێخۆشکەرو خاکی بەرپێت، چونکە بەئەوئەرکە من زۆر مەزن وشکۆداردەبم ولای الله پیرۆزدەبم.

وەلە بەشی (١٩٠)ی ئینجیلی بەرناباداداهاتووە:

((مەسیح لەنوسەری پەرستگای پرسی : برام پێم بڵێ کەتۆ شارەزایەکی ڕۆچووی لەشەریعەت،بەچ شێوەیەک بەڵێنی باوکمان ئیبراهیم بە مەسیح دەدرێ؟ بە هۆی ئیسحاق یان بەهۆی ئیسماعیل؟

نوسەرولامی دایەوە:مامۆستادەترسم کەهەواڵ ئەوهۆیەت بدەمێ سزاکەی مردن بێ.

ئالێرەدا یەسوع گوتی: بەداخەوەم بۆتۆبرا من هاتووم نانێک لەماڵەکەت بخۆم بەلام تۆ ژیانی ئەم دنیایەت زۆر لاخۆشەویسترە لە الله ی بەدهێنەرت..

وەلەبەشی(١٩١-١٩٢)ی ئینجیلی بەرناباداهاتووە:

پاشان نوسەرەکە گوتی:کتێبێکی لەمێژینەم دیتوە کەبەدەستی موساو یەشوع -ئەوەی خۆری ڕاوەستاند- نوسراوە،پەیامبەری الله و خزمەتکارەکەی ،ئەوەبەڕاستی کتێبی موسایە، دەڵێ کە ئیسماعیل باوکی مەسیحە،وەئیسحاق باوکی پێغەمبەری مەسیحە،کتێبەکە ئاوادەڵێ، کە موسا گوتویەتی:

ئەی پەروەردگاری پەرستراوی ئیسرائیلیەکان ئەی بەتوانای میهرەبان بۆبەندەی خۆت شکۆداری ومەزنیت دیارکە.

الله پێشانی دا کە پەیامبەرەکەی لەسەردووباڵی ئیسماعیلە، ئیسماعیلیش لەسەردووباڵی ئیبراهیمە، وە ئیسحاق لەنزیک ئیسماعیل ڕاوەستاوەو منالێکی لەسەردوو باڵەکانە ،ئەوماڵە بە پەنجە ئاماژە بۆ پەیامبەری الله ی سەرباڵەکانی ئیسماعیل دەکا ودەڵێ:ئائەوەیە ئەوکەسەی لەپێناوی ئەو الله هەموو شتێکی بەدیهێناوە.

موسا لەم ساتە هاواری کردبە شادمانی:

ئەی ئیسماعیل لەسەردووباڵەکانی تۆ هەموو جیهان وبەهەشتیش دانراوە،دالەبیرت بم من بەندەی الله بەهۆی کوڕەکەتەوە کەلەپێناوی ئەو هەموو شتێک دروستکراوە.

بەشی:١٩٢

((لەوکتێبەدا ئەوەی تێدانیە کە الله گۆشتی ئاژەڵان بخوا،یان سۆزوڕەحمەتەکەی تەنیالەسەر بنەماڵەی ئیسرائیل کورت هەڵاتبێ، بەڵکو الله ڕوحم بەهەموو مرۆڤێک دەکاکەبەڕاستی وێڵی دوای دروستکارەکەی بێ.،نەم توانی ئەوکتێبە هەموو بخوێنمەوە چونکە سەرۆکی کاهینەکان لەکتێبەکە لە ناوکتێبخانەکەی بوونەیهێشتم و گوتی :یەکێک لە ئیسماعیلیەکان ئەمەی نوسیوە.

لێرەدا یەسوع گوتی:بڕوانە هەرگیز مەگەڕێوە باحەق نەشاردرێتەوە،چونکە بە بڕوابوون بە مەسیح لەمەولا الله ڕزگاری دەبەخشێ،بەبێ باوەڕبوون بە مەسیح کەس ڕزگاری نابێ..

—

لەبەشی٢٠٨ی بەرنابادا داهاتووە:

سوێند بە تەمەنی الله ئیبراهیم ئەوەندە الله ی خۆش ویست کەهەربەشکاندنی بتەکان و بەجێهێشتنی دایک وباوکی وازی نەهێنا، بەڵکو دەیەویست کوڕە کەشی بۆ ڕەزامەندی الله سەرببڕێ.

سەرۆکی کاهینەکان وڵامی دایەوە:من پرسیاری ئەوەت لێ دەکەم وداوای کوشتنت ناکەم ،پێمان بڵێ ئەوەکام کوڕەی ئیبراهیم بوو؟

یەسوع وڵامی دایەوە:غیرەتی شکۆی تۆ یا الله دەم وروژێنێ، وناتوانم بێدەنگ بم، من تەنیا ڕاستی دەڵێم ئەوکوڕەی ئیبراهیم ئیسماعیل بووکە لە وەچەکانی ئیسماعیل مەسیحی بەڵێن پێدراوی ئیبراهیم دێ کە هەموو گەل وتیرەکانی زەوی پیرۆزدەکا، کاتێ سەرۆکی کاهینەکان گوێی لەو هەواڵەبوو بەتوڕەیی هاواری کرد،بائەم بێ ڕەوشتە بەردەباران بکەین چونکە ئەمە لەبنەماڵەی ئیسماعیلە وبێ ڕێزی بە موسی وشەریعەتی الله دەکا))

—

شایەتە مێژووی و ڕوداوە موعجیزەکان بۆ گەورەیی وشکۆو پارێزراوی تاقە ماڵەکەی دایە هاجەر هەرلەڕۆژانی توبەعی یەمەنی وزوالقرنین و ئەسکەندەرو ئەبرەهەو ڕۆم وساسان وستەم کارو

خونکارەکانی سەردەمی نوێش ئەو ڕاستیەی سەلماندووە ، کە الله ی بەهێزوتوانا چۆن ئەو وڵاتەو ماڵەکەی وتەنانەت ئەوقورئانەش کەلەوشارە دەستی بەدابەزین کردوە پاراستوەودەپارێزێ تائەوڕۆژەی کە بەردەڕەشەکەوقورئان لەسەرزەوی هەڵدەگرێتەوەودەیانباتەوە ڕێزی ئەو ماڵە لای هەموو پەیامبەران هەرهەبووەوهودو ساڵح ویونس وموسی وهەموو پەیام بەران علیهم السلام وەک لەفەرمودەهاتوە حەجیان بۆی کردوە بەسەدان پەیام بەرلەدامێنی نێژراون کەدوای لەناوچونی ئوممەتەکانیان دوارۆژانی ژیانیان تێدابەرێ کردوەو دوا پەیامبەریش عیسی علیه السلام دوا دابەزینەوە حەج دەکا وەک لەفەرمودەداهاتووە..

ئەم ماڵە پیرۆزە ڕێزوشکۆی هەردەمێنێ،تاکاتێ بەردە پیرۆزەکەوقورئان نەماوکەس نەما بڵێ الله الله ئیدی کەسێک هەرلە بنەماڵەی هاجری حامی لەحەبەشەوە دێ ودەیڕوخێنێ ...

هاجرخاتوون لە پێش وەفاتی ئیبراهیم کۆچی دوایی کرد ،بەپێی فەرمودە پێش بنیاتی بەیتیش ،ئیسماعیل علیه السلام لە شوێنی حجری ئیسماعیل ناشتویەتی کەلە دامێنی کەعبەی پیرۆزە..

هەمیشە ڕۆشن و پیرۆزوپایەداربێ ماڵەکەت ئەی بەسودترین و کاریگەرتین خانم لەسەر ڕەوتی دینداری وئیمان وپەرستش .

سەربڕین وحەج وعەمرەو تەواف هەرلەدامێنی شوێنەکەی تۆیەو یادگاریەکانت عبادەتن، بۆنوێژو بانگ وکڕنوشیش هەرروو لەو ماڵە تاقانە دەکرێ..

نوێژی بەسەدهەزارنوێژەو شەوی قەدرو دابەزینی پیرۆزترین کتێب بۆسەرگەورەترین وبەرێزترین پەیامبەر لەوشارە بەسەریەکێک لەنەوەکانی خاتو هاجەردا هاتووە کەهاوبەشی پاداشتی ئیسماعیل ومحمدە علیهم السلام لەهەمووچاکەیەک کەخۆیان وئوممەتەکەیان بیکەن.

ئایەتەکەی سورەتی ئال عمران کە الله خانەوادەی ئیبراهیم وخانەوادی عیمرانی هەڵ بژاردووە، مەبەست لەخانەوادەی ئیبراهیم ،هاجەروئیسماعیل ومحمد ن علیهم السلام .

وە خانەوادەی عیمرانیش هەڵ بژێراوەکان مریەم وعیسان علیهما السلام.

هەربۆیەش پەیامبەرمان علیه السلام یاوەرانی ڕاسپاردوە کەلەکاتی فەتحی میسر زۆرنەرم ونیان بن ستەمیان لێ نەکەن چونکە ئەوان مافی نەسەب وڕەچەڵەک و خاڵێتی یان هەیە،

وەکەچیرۆکەکەی دەگێڕایەوە بۆ مەکیەکان دەیفەرموو ئەوە پلەو پایەی دایکتانە ئەی کچانی ئاوی ئاسمان...

پایەوبایەخی ولآتی شام وبەتایبەت فەلەستین لە قورئانی پیرۆزدا:

ولآتی پیرۆز و موبارەک و مقدسی سام لە کێوی جودیەوە تاکو توری سینا ،لە سەردەمی نوحەوە تاکو دووبارە گەڕانەوەو هاتنەوەی مەسیح علیهما السلام .

لەبەرپایەی دینی ولآتی پیرۆزی ولآتی شام هەرلە کێوی جودیەوە لەزنجیرەچیای تۆرۆس ناوەڕاستەکەی لەدیمەشق وقودسە تا کۆتاییەکەی لە عەسقەلان وئوردن وخلیل .

ئەم ولآتە پیرۆزو موبارەکە لەچەندین شوێنی قورئان ئاماژەی پێکراوە کەلێرەدا هەندێک لەوئایەتانە باس دەکەم:

١-:﴿وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِي مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ (29) سورة المؤمنون:﴾

واتە:

پەروەردگار ڕێنمایی نوحی کرد کەئەم دوعایە بکاو بڵێ: پەروەردگارا لە شوێنێکی موبارەك و پیرۆز دامبەزێنە. چونکە تۆ چاکترین وشایەنترینی بۆ ئەوەی لە شوێنێکی موبارەك و پیرۆزدا دامانبەزێنیت (ئیتر کەشتیەکە لەسەر کێوی جودی لەنگەری گرت)

.ئەم ئایەتە باسی سەرەتای ولآتی شام دەکا لەسەردەمی نزیکەی سێ هەزارساڵ پێش زاین.

٢-(وَنَجَّيْنَاهُ وَلُوطاً إِلَى ٱلأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا لِلْعَالَمِينَ) آية 71 الانبياء﴾

واتە:ئێمە ئەویش -مەبەست ئیبراهیمە علیه السلام- و - لوط - ی برازایشمان ڕزگار کرد و ناردمان بۆ (ولآتی شام) ئەو سەرزەمینەی کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندووە بۆ هەموو خەڵکی.

ئێمە دەزانین کە ئەوزەویەی کە لوت وئیبراهیم علیهما السلام کۆچیان بۆکرد ولێی نیشتەجێ بوون، ئوردن وفەلەستین بوون بەتایبەت دەڤەری خلیل .★

٣-(يَا قَوْمِ ادْخُلُواْ الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ)آية21 المائدة

واتە:

موسی علیه السلام پێی گوتن:ئەی گەلەکەم بچنە ناو ئەو زەویە پیرۆزەی (القدس)، کە الله لەچارەی ئێوەی نوسیوە لەبەر سوودی خۆتان بچنە ناوی، پاشگەز مەبنەوەو پاشەکشێ مەکەن تا خەسارەتمەندو زەرەرمەند نەبن. ★

بەڵام کەنەچوون ،بۆیە لێیان حەرام کرا.

ئەم ڕووداوە لە نزیکەی ١٤٠٠پ ز ڕووی داوە

٤- -(وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُواْ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا) آية 137الاعراف.﴾

واتە:

ئەوسا ئەو قەوم و گەلەی لاواز دەکران و دەچەوسێنرانەوە لە هەموو خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئەو وڵاتەی کە فەڕو بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاند بوو کردە جێنشین ...★

٥-﴿ (وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً) آية18سبأ.﴾

واتە :..ئێمە لە نێوان ئەوان و ئەو شوێنەدا کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندبوون دێهات و ئاوەدانی ئاشکرا هەبوون، کە بەبێماندوبوون ئەو سەفەرانەیان دەکرد لە نێوان شام و یەمەندا) ماوەی نێوان دێهاتەکانیان دەبڕی بە ئاسانی و بێ ماندوبوون، وە (پێمان وتبوون، دە سەفەرو بازرگانی بکەن)، بڕۆن چەندەها شەو و ڕۆژ بێ ئەوەی هیچ ترس و بیمتان هەبێت.

ئەم ڕووداوەش لە ٩٠٠ پ ز دابووە.

٦-﴿-(تَجْرِي بِأَمْرِهِ إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا) آية 81 الانبياء﴾

واتە: باکە سلێمانی دەبرد بۆ ئەو زەویەی کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندبوو و ئێمە بەهەموو شتێک زاناو شارەزاین.

٧-﴿وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ (التين1)﴾ واتە:

سوێندبە وڵاتی هەنجیروزەیتون کەمەبەست لە فەلەستینە.

٨-﴿(سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى المسْجِدِ الْأَقْصَا الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَه)﴾ آية 1الاسراء واتە:

پاکی وپیرۆزی و ستایش بۆ ئەوەی ئەوتۆ کە شەورەوی کرد لە بەشێکی کەمی شەودا بەبەندەی خۆی (محمد ﷺ) لە مزگەوتی (حرام، کەعبەی پیرۆزەوە) بۆ مزگەوتی (الاقصى) لە (بیت المقدس) کە دەوروبەریمان پیرۆزو پڕ بەرەکەت کردووە، تا هەندێك نیشانەو بەڵگەو دەسەڵاتداری و توانایی خۆمانی نیشان بدەین، بەڕاستی تەنیا ئەو بیسەرو بینایە.

لێرەش ئاماژەبەوەکراوە کە هەموو دەوروبەری بیت المقدس کەهەموو فەلەستین وئوردن وسوریا وڵاتی پڕ بەرەکەت وپیرۆزن.

گۆڕانی زمانەکان شەریعەتەکان و ژیاروشارستانیەکان نابێتە هۆی کاڵ بوونەوەی پیرۆزی وڵاتی سام.

تێپەڕینی کات وسەدەکان پیرۆزی لەوشوێنە ناستێنێتەوە:

فەلەستین لەهەموو وڵاتی شام پیرۆزترە چونکە هەردوو خەلیلەکەی رحمن ئیبراهیم و محمد علیهما السلام جێگاوپێگەیان لەو وڵاتە هەیە و ڕووداوی ئیسراومیعراج بۆیە گرنگە چونکە هەموو پەیامبەران علیهم السلام لەناویشیان ئیبراهیم وموسى وعیسى علیهم السلام نوێژی جەماعەتیان لەقودسی پەیامبەران ڕووبە قودسی قیبلەی هەموو پەیامبەران لەدوای محمد ﷺ کرد ،ئەم پێش خستن وئیمامەتیە واتە هەموو پەیامبەران علیهم السلام محمد یان ﷺ بە پێشەوای هەمووان پەسندکردو هەموو بوونە سەربازی گوێ ڕایەڵی ئەو..

ئەم هەواڵەش لەچنندین فەرمودەی دروستی بوخاری و موسلیم داهاتووە.

ئەم رووداوی میعراجەش لەنزیکی ساڵی ٦٢٠ز دابووە.

ئەم ئایەتانە ئەوپەیامە دەگەیەنن و ئەوڕاستیە نەمرە دەسەلمێنن کەتێپەڕینی کات وسەدەکان پیرۆزی لەوشوێنە ناستێنێتەوە، ئەوشوێنە هەرلەسەرەتاتائێستا هەرپیرۆزبووە ،گۆڕانی دین

وزمان ونەتەوەوژیاروشارستانی وسەدەکان هیچ کاریگەری لەسەر نەبووەوئەوپیرۆزیە هەربەردەوامە.

وەئەوەی دەی سەلمێنێ کە پیرۆزی وتایبەتمەندی ئەو شوێنە هەربەردەوام دەبێ ئەورووداوانەی کەبەدرێژایی سەدەکانی عەباسی وعوسمانی وتائێستاش ئەوشوێنە هەرپیرۆزوکاریگەروبەبایەخ بووەو دەقەکانی قورئان وفەرمودەوتەورات وئینجیلیش ئاماژە بەئەوە دەکەن کەئەم ناوچە کە گۆڕەپانی دابەزینی مەسیح وکوشتنی دەجال و مەلحەمەوداستانەکانی کۆتایی زەمانە هەمووی لەوێ دەبێ زەوی مەحشەرومەنشەرە لەڕۆژی قیامەت ،هەروەک لەدەیان فەرموودەی درووست ئاماژەی پێکراوە ..

قورئانیش ئاماژەی بە وەداوە کە فەرمویەتی:

﴿وَقَضَيْنَا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ فِي الْكِتَابِ لَتُفْسِدُنَّ فِي الْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا (4) ﴾

واتە:

لە کتێبی لوح المحفوظ دا بڕیارمان داوەولەچارەی نەوەکانی ئیسرائیل مان نوسیوەو پێمان ڕاگەیاندوون کە ئێوە-نەوەکانی ئیسرائیل لە بەرنامەی ئێمە لادەدەن و یاخی دەبن) و فەسادو خراپە یەکی گەورە دووجار لە زەویدا -زەوی شام یان فەلەستین وقودس -بەرپا دەکەن، زۆر گەشە دەکەن و دەسەڵاتێکی زۆر گەورە بەدەست دەهێنن زۆربڵند دەبن . ★

هەڵبەت ئەوەی لە قورئان لە سورەتی ئیسرا ئایەتی ٤-٧ ئاماژەی پێکراوەو فەرمویەتی:

...-نەوەکانی ئیسرائیل لە بەرنامەی ئێمە لادەدەن و یاخی دەبن) و فەسادو خراپە یەکی گەورە دووجار لە زەویدا بەرپا دەکەن ★

﴿فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ أُولَاهُمَا بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَادًا لَّنَا أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ فَجَاسُوا خِلَالَ الدِّيَارِ وَكَانَ وَعْدًا مَّفْعُولًا (5)﴾

واتە:

جا کاتێك بەڵێنی-کۆتایی هاتنی بەرزبوونەوەی - یەکەمیان هات ،ناردمانە سەرتان بەندەگەلێکی ئێمە کە خاوەنی هێزو توانایەکی توندوبەزەبروزەنگن ، ئیتر ئەوان بە هەموو کون و کەلێنێکی ماڵ

وگەڕەکەکاندا سوڕانەوە ،وە-ئەم هەواڵە هەڕەشەئامێزە بەلەناوچونی بڵندبوونی یەکەم -بووە بەڵێنێکی کارپێکراو -ڕابردوو-

جا کاتێك بەڵێنی بەرزبوونەوەی - یەکەمیان کۆتاهات ،ناردمانە سەرتان بەندەگەلێکی ئێمە کە خاوەنی هێزو توانایەکی توندوبەزەبروزەنگ بوون .

بەرزبوونەوەی یەکەمیان دوای تالوت وداودوسلیمان بوو کەخاوەنی پەرستگای

هەیکەل وحوکم ڕانی ومزگەوتەکەش لە ٩٦٠ پ ز سلیمان دروستی کرد ، ودەسەڵاتیان گەورە و گەورەبوون تا نەبوخزنەسر لە ٥٨٦ پ ز ڕوخاندی.

﴿ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ الْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَأَمْدَدْنَاكُم بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَاكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا (6)﴾ واتە:

لە دوای ئەو-داڕوخانەتان - بۆمان گێڕانەوە هەل وگەڕانەوەی دووەم وپێمان بەخشین ماڵ و سامان و کوڕ ورۆڵەی زۆر وبەژمارەی نەفەر لەوانمان زیاترکردن ،یان لەهەڵمەت بردندا لەوانمان بەهێزترکردن.★

﴿إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ الْآخِرَةِ لِيَسُوءُوا وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُوا الْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُوا مَا عَلَوْا تَتْبِيرًا (7)﴾

واتە:

ئەگەر (لە کاتی دەسەڵاتدا) چاکەتان کرد، ئەوە هەر بۆ خۆتان چاکەتان کردووە ئەگەر خراپەو تاوانیشتان کرد بەسەرخۆتاندادەشکێتەوە، ئەوە هەر یەخەی خۆتان دەگرێتەوە، جا کاتێك کە هات بەڵێنی -کۆتایی هاتنی بەرزبوونەوەی- کۆتایی ودووەم ،- دوژمنانتان کارێکتان پێ دەکەن - کە ئاوی ڕووتان دەرێژن ولوتتان دەشکێنن، ئەوسا -دژەکانتان- دەچنە مزگەوتەکەوە- پەرستگاکەوە- وەکو یەکەمجار چوونە ناوی هەرچی بڵندتان کردوە ئەوان بەسەریەکدادیرۆخێنن.

لەجاری دووەم باسی ئاخیروکۆتایی تێدایە.

-لەدەیان فەرمودە باسی گەورەترین فیتنەوئاشوبی جیهان دراوە کە فیتنەوئاشوبی دەجالە کەهەموو پەیامبەران ئومەتەکانیان لەم ئاشوبە ترساندووەو بەچەندین فەرمودەی متواتر باس لەم دەجالەکراوە کە

پاشاو دەسەڵاتدارێکی جولەکەیە ، پایتەختەکەی قودسە ، ئەم حوکمڕانە لەکاتی هاتنەوەی مەسیح علیه السلام لەترۆپکەی دەسەڵاتدا دەبێ، تەنانەت مەهدیش پێی ناکوژرێ ، تا مەسیح علیه السلام دەیکوژێ.

-بوونی ملیۆنەهاجولەکە لە قودس لەدوای کوژرانی دەجال کەئەوەندەزۆرن داروبەرد هاواردەکەن لەفەلەستین ودەڵێن مسوڵمان وەرن ئەو جولەکانە بکوژن ، وەک لەفەرمودەی دروستدا گێڕدراوەتەوە.

وەئایەتەکە بەڵگەیە کە جاری دووەمیش جولەکەکان لەترۆپکەی دەسەڵات وبەدکاری دووەمیان دا دەبێ هەیکەلەکەیان بنیات بنێن ، تا کاتێ دەرو‌خێرێن و کۆتاییان دێ دوژمنەکەیان هەیکەلەکەیان وەک جاری یەکەم لەساردەمی نبوخزنەسر بروخێنێ ، چونکە کەهەیکەل نەبێ مسوڵمان کەئێستا قودسیش بگرنەوە مزگەوتەکانی خۆیان ناروخێنن ، کەواتە دەبێ پێش روخانی ئیسرائیل هەیکەل بنیاتنرێ ،تاکاتی کەوتنیان مسوڵمانان بیڕوخێنن ، جا بوونی هەیکەل واتای روخان یان نەروخانی مزگەوتی ئەقساو سەخرە نیە ، هەرچەندە ئەودوو شوێنەوارە لە سەردەمی خاچپەرستەکانیش روخێنراون وئەوەی ئێستاهەیە هی سەردەمی ئەیوبیەکانە نەک هی ئەمەویەکان.

وەلە دوای نوسینی ئەو کتێبەش لە ١٩٨٦ تاکو ئێستا ٢٠٢٤ سەدان جار هەوڵی شێواندنی ئەقساو سەخرە دراوە، هەتا ئینتیفازەی دوەمی ئەقسا بەهۆی ئەوەوەبوو کەئاریەل شارۆنی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بەهێزێکی زۆرەوە هاتە ناو مزگەوتی ئەقسا لە ساڵی٢٠٠١ز ، لەدوای ئەوکارەساتە جولەکەکان ئەنجومەنی (سنهدرین)

یان لە ساڵی ٢٠٠٤ز دروستکرد کە ئەنجومەنی حاخامەکانە ، ئەوئەنجومەنە کەوتنە گەڕان لەدوای مانگا سورەکە کەلەمێژووی جولەکەدادیەم مانگایە ، دەبێ ئەومانگایە لە کوشتارگەی پەیکەر سەربڕدرێ وبسوتێنرێ وبەخۆڵەکەی ئەوحاخامانە پاک بکرێنەوە کە مافی چونەناوهەیکەل وبەڕێوەبردنی هەیکەلیان هەیە، سەنهەدرێن لە ساڵی٢٠١٨ مانگایەکی سوریان دۆزیەوە، لەساڵی٢٠٢٣ بوونە سێ مانگا ودەبێ باشترینیان هەڵبژێرن، پێش تۆفانی ئەقسا ئەنجومەنی سەنهەدرێن گوتاریان ئاڕاستەی سەرانی عەرەب کردوە کەدەیانەوێ بە ئاشتی رێیان پێ بدرێ ئەقسا تێکدەن و هەیکەل دروستکەن ، چونکە ئەوان چاویان لە هەنگاوەکانی مەسیحەکەیانە وخەریکە دێ ودەبێ ئامادەکاری بکەن بۆ پێشوازی لێ کردنی.

کاردانەوەی سەرۆکە عەرەبەکانیش بەقسەی یەکێ لەحاخامەکان ئەوەبووە ئەوان لە ئیسلامی سیاسی وتوندڕەودەترسن ودەبێ پێشدا ئیسلامی ئسوڵی لەناوبەن ئەوجار پێکەوە مزگەوتی ئەقساش دەڕوخێنن و هەیکەلی دینی ئیبراهیمی بنیات دەنێن .

سیماکانی نەوەی ئیسرائیل وجولەکەکان لەسوڕەتی (النساء) و (المائدة) .

قورئانی پیرۆز ڕێساو بنچینە وهێڵە گشتیەکانی پێک هاتە ئاینی و بنەماڵە وکەسایەتیە ئاینی مێژوویەکانی باش ڕوون کردۆتەوە، وەیەکێک لەو بنەماڵانەی کەزۆر گرنگی پێداوەو لەزۆربەی

سورەتەکانی قورئان باسی قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی دووورودرێژی هەزاران ساڵەی ئەو بنەماڵەی کردوە هەرلەسەردەمی ئیبراهیم وئیسرائیل (یعقوب) و کوڕەکانی یعقوب-یوسف وبراکانی - هەتادەگاتە سەردەمی موساوهاڕون و

وداود وسلیمان و بنەماڵەی عمرانی باوکی مریەم و زەکەریاو یەحیا وعیسا علیهم السلام ، وەرنگدانەوەی هەموو ئەو مێژووە پڕ هەورازوو نشێوە لەسەر جولەکەکانی مەدینەو دەوروبەری مەدینە لەگەڵ بنەماکانی ئاینی ئیسلام و ڕێ وشوێنەکانی پێغەمبەر ﷺ و ئاڕاستە کردن وڕێسا وچیرۆک وسەرگوزەشتەکانی قورئانی پیرۆز .

کەس هێندەی بنەماڵەی ئیسرائیل لەقورئان باس

نەکراوە ، زۆربەیان سورەتی تایبەتیان لەبارەوە هاتووە ، بۆیە کەبمانەوێت باسی هەموو ئەو باس وخواسانە بکەین کە هەموو قورئان لەبارەی ئەو بنەماڵە فەرمویەتی بەچەند موجەلەد تەواونابێت بەڵام بۆیە سورەتی (النساء) و (المائدة)م وەک نمونە هەڵبژاردوە چونکەسورەتی (النساء) وەک ئیبن عاشور دەڵێت لەساڵانی پێنج وشەشی کۆچی تاکو نۆی کۆچی دابەزیووە و سورەتی (المائدة) ڕای دروست ئەوەیە کەلەساڵی دەیەمی کۆچی بە نەوەد ڕۆژ پێش کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺدا بەزیوە وچەندین ڕوداوی گرنگ وهەڵوێستی یەکلاییکەرەوە لەنێوان هۆزە جولەکەکانی ناو مەدینەودەرەوەی مەدینە ڕووی داوە ، وەقورئان دوای تێپەڕینی چەند مانگ وچەند ساڵ وەکو پەند وئامۆژگاری و وانەی بیروباوەڕو کۆمەڵایەتی وسیاسی وهزری ئەو ڕوداوانە بۆ مسوڵمانان دەگێڕێتەوەو زۆرجار ئەوڕوداوانەی لەوسەردەمە ڕوویان داوە هاوێچ دەکات لەگەڵ ئەوڕوداووهەڵوێست و گوفتاروکرارانەی کەلەسەردەمی زوودا لەنێوان بنەماڵەی ئیسرائیل وپێغەمبەرانیان ڕوویان داوە

کەلێرەدا ئاماژە بەگرنگترین ئایەتەکانی ئەودوو سورەتە گرنگە دەکەم :

١- سیماکانی نەوەی ئیسرائیل وجولەکەکان لەسورەتی (النساء) دا :

ا- گومڕاکردنی کۆمەڵگاچونکەخۆیان گومڕان:

تەفسیری ئایەتی (٤٤، ٤٥)لە سورەتی النِّسَاء :

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يَشْتَرُونَ الضَّلَالَةَ وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّوا السَّبِيلَ (44) وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِأَعْدَائِكُمْ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَلِيًّا وَكَفَىٰ بِاللَّهِ نَصِيرًا (45)﴾

واتە: ئەوەبیر جولەکەکان دێنێتەوە کەئەوانیش فرمانی لەم شێوەیان پێ کرا و بەڵام پشتیان تێ کرد ، ئێستا کە مسوڵمانەکان جێ بەجێی دەکەن ئەوان ئیرەییان پێ دەبەن.

ئەوان شانازی بەوەدەکەن کە پاڵ بدرێنە لای کتێب ، بەڵام کە دەفەرموێت :

[يَشْتَرُونَ....] رستەکە حاڵ و بار ودۆخیان دەردەخات کەئەوان ڕێ ڕۆشنی بە گومڕایی دەگۆڕنەوە، بێگومان گۆڕینەوەی ڕۆشنایی بە گومڕایی نابینرێت بەچاو بەڵام لەبەر ئاشکراییەکەی وەک بینراو دانراوە .

مەبەست بە(النَّصِيب)بەشێکە لە کتێبی تەوڕات ، چونکە لە مەدینە تەنیا جولەکە هەبوون ، بۆیە گوتارەکە بۆ جولەکەکانە.

کڕینەکە بەهەڵبژاردنی گومڕاییە ، چونکە کڕیار کاڵایەک هەڵ دەبژێرێت کە ئارەزوی بوونە خاوەنی دەکا ت، فرۆشیاریش کاڵاکەی بە پارە دەگۆڕێتەوە بۆیە ناونانیان بە کڕیار لە جێی خۆیەتی .

ئەم جولەکانە نەک هەر خۆیان ڕێنماییەکەیان گۆڕیوەتەوە بە گومڕایی ، بەڵکو دەیانەوێت کە ئێوەش ئەی گەلی ئیمانداران [وَيُرِيدُونَ أَنْ تَضِلُّوا السَّبِيلَ]

دەیانەوێت ئێوەش گومڕاو سەرلێشێواو بن ، تاکو بەهۆی ڕێنماییەکەتان لەوان باشتر نەبن ، ئەم ئایەتەش وەک ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت :

﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمانِكُمْ كُفَّاراً حَسَداً مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ﴾ [الْبَقَرَة: 109]

واتە :ویست و ڤیان و هۆگری وخۆشەویستی هەموویان هاومانان .

کە دەفەرموێت :[وَاللَّهُ أَعْلَمَ بِأَعْدائِكُمْ] دیارە کە یەکێک بیەوێت کە خەڵکێک گومڕا بکات دیارە دوژمنیەتی ، بەڵام لەگەڵ ئەم دوژمنایەتیەش کۆتایی ئایەتەکە ئیمانداران دڵنیادەکاتەوە کە

[وَكَفى بِاللَّهِ وَلِيًّا وَكَفى بِاللَّهِ نَصِيراً [النِّسَاء: 45]

تەنها خوا بەسە کە یارو یاوەر بێت و تەنها خوا بەسە پشتیوان بێت. تاکو مسوڵمانان لە فێڵ وتەڵەکە و پیلان گێڕی تیرەو خێڵە جولەکەکان هیچ باکیان نەبێت دوای ئەو پشتگیریە ی خوا بۆیان .

تەفسیری ئایەتی٤٦ لە سورەتی النِّسَاء :

ب- ساختەکردنی دەقەکان ودرۆهەڵبەستن بەدەم خواوە .

﴿مِّنَ الَّذِينَ هَادُوا يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ وَيَقُولُونَ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَاسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ وَرَاعِنَا لَيًّا بِأَلْسِنَتِهِمْ وَطَعْنًا فِي الدِّينِ وَلَوْ أَنَّهُمْ قَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَاسْمَعْ وَانظُرْنَا لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَقْوَمَ وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا (46)﴾واتە:

لەسەرەتای ئەم ئایەتە بە باسکردنی بەشێک لە جولەکەکان دەست پێ دەکات ودەفەرموێت :[مِنَ الَّذِينَ هادُوا]

زانایانی تەفسیر ئەو ئایەتەیان گرێ داوە بە ڕفاعەی کوڕی زەیدی جولەکە،

کە بشگوترێت ئەی بۆ ئایەتەکە بەکۆ باسی دەکات؟ ، وڵامی ئەوە کەزۆرجار لەدەقەکان ئاڕاستەکردن وفرمانەکان گشتگیر دەکرێن تاکو کەسی ئاماژە پێکراو شکۆ وکەرامەتی نەڕووشێت لەناوکۆمەڵگا.

وەدەش گونجێت کەئەو جولەکانەی لێرە ئاماژەیان پێکراوە هەمان جولەکە بن کە لە ئایەتی :[أُوتُوا نَصِيبًا مِنَ الْكِتَابِ]باسکراون ، ئەوکاتە ئەم ئایەتە دەبێتە بەیان ورۆشنکەرەوەی ئایەتەکەی پێشوو کە ئەوجولەکانە کە گومڕاییان بەسەر هیدایەتدا هەڵبژاردبوو ، وە گومڕاکردنی ئیمانداارانیان بە ئاوات دەخواست ، هەر ئەوانە :[يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَواضِعِهِ] واتە : قسە لەجێی خۆیدا دەسکاریی دەکەن و جێ گۆرکێی پێدەکەن و بەئارەزووی خۆیان لێکی دەدەنەوە .

(التَّحْرِيفُ) بریتیە لە لارکردنەوەی شتێک لەناوەڕاستەوە بەرەو لاپەڕی شتەکەی تر ،

لێرەدا لارکردنەوەکە مەبەستی لێکدانەوەی نادروست وناحەقە بۆ ئایەتەکان کە دەبنە هۆی گومڕاکردن وسەرلێ شێواندنی خەڵک ، کە جولەکەکان ئەم کارەیان بە تەوڕات کرد و ئێستاش شی کەرەوە دڵ نەخۆشەکان هەمان شت لەگەڵ قورئان دەکەن .

دەگونجێت (تحریف) لە ووشەی (حرف)داتاشرابێت ومەبەست گۆڕینی دەستەواژە و ووشەکانی تەوڕات بێت بە دەستەواژەی تر تاکو لەگەڵ هەواوئارەزوی خەڵکانێک بگونجێت کە حەزیان لەو ئارەزوپەرستیەیە .

کە هەردووک جۆرە لاڕێکردنەکە لە جولەکەوە گوازراونەتەوە کەدەرحەق بەتەوڕات کردویانن .

کە دەفەرموێت [وَيَقُولُونَ سَمِعْنا وَعَصَيْنا وَاسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ وَراعِنا]

ئەم ڕستە وابەستەیە لەگەڵ ڕستەی [يُحَرِّفُونَ .....] کەواتە ئەوان دوای لاڕێکردنی دەقەکان پاساویش دێننەوەو دەڵێن :

بیستمان و بەقسەشمان نەکردیت!! گوێ بگرە دەک گوێت لێ نەبێت!! (هەروەها دەیان وت:(راعنا) و دەمیان بۆ خوار دەکردەوە تا مانایەکی هەڵە ببەخشێت و ببێتە تەعنە و ڕەخنە لە دین.

کەواتە ئەوان کردارو ڕفتاری بەد و گوفتاری بەدیان لەگەڵ یەک کۆکردبۆوە ، بۆ زیادەڕەوی لە ئازاردانی پەیامبەرەکەیان و تاڵە بانگەوازەکەی ساردی بکەنەوە .

کە دەیانگوت [اسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ] وایان پیشان دەدا کەلەبەر ئەدەب ورێز نواندن بۆ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وادەڵێن ، واتە ئەوەی دەتەوێت بیکە ئێمە حەدمان نیە ئەمرت پێ بکەین .

هەندێکی تریش دەڵێن ئەوە جوێنێک بوو لەناو عەرەب باو بوو.

بەڵام ئەوان مەبەستیان لایەنە خراپەکە بوو ، کە دوعای کەڕ ولاڵ بوونیان لە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکرد.

بەڵگەی نیاز خراپیان لە ڕستەی دووەم ڕوون کراوەتەوە کە دەفەرموێت :

[لَيًّا بِأَلْسِنَتِهِمْ وَطَعْناً فِي الدِّينِ وَلَوْ أَنَّهُمْ قالُوا سَمِعْنا وَأَطَعْنا وَاسْمَعْ وَانْظُرْنا لَكانَ خَيْراً لَهُمْ وَأَقْوَمَ]

واتە : دەمیان بۆ خوار دەکردەوە تا مانایەکی هەڵە ببەخشێت و ببێتە تەعنە و ڕەخنە لە دین، خۆ ئەگەر بەڕاستی ئەوان بیانوتایە: بیستمان و گوێڕایەڵین و تۆیش گوێمان بۆ بگرەو مۆڵەتمان بدە (تا تێبگەین) چاکترو ڕاسترو بەنرختر بوو بۆیان.

هەروەها کە دەیانگوت (راعنا) ئەم ووشە عەرەب بە مانای چاودێری کردن بە باشە بەکاریان دەهێنا، بەڵام مەبەستی جولەکەکان تانە دان بوو لە پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم بەوەی کە (رعونە) و مونەرمی هەیە .

بۆیەش قورئان فرمانی کرد بە مسوڵمانان کە چی تر ئەو وشەیە نەڵێن کەفەرموێت [أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقُولُوا راعِنا وَقُولُوا انْظُرْنا. سُورَةِ الْبَقَرَةِ [104]

(اللي) واتە نوشتانەوەو نەرمی لەبادانەوە ، کە مەبەست پێی ئەوان وا یاریان بەزمانیان دەکرد تا گوتەیەک کەلای عەرەب مایەی ڕێزلێگرتنە ولای وان بۆ جنێوو سوکایەتیە.

لە ئایەتەکە ڕێگای چارەی دەرچون لەو بارودۆخە نەخۆشیەشیان نیشان دەدات ودەفەرموێت [: وَلَوْ أَنَّهُمْ قالُوا سَمِعْنا وَأَطَعْنا ...]

کە قسەی ئیمانداارانە وەک دەفەرموێت :

﴿إِنَّما كانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنا وَأَطَعْنا.سُورَةِ النُّورِ [51] ﴾

کەوایان گوتبایە هاوسەنگ تر وباشتر بوو ، وە (أَقْوَمَ) بەڵگەدار تر و سەلمێنراوتر بوو ، بەڵام چونکە ئەوان خۆیان بۆ یاخی بوون وسەرکەشی یەکلا کردبۆوە ،بۆیە لەکۆتایی ئایەتەکە فەرموی :

﴿وَلكِنْ لَعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَلا يُؤْمِنُونَ إِلاَّ قَلِيلاً (46) ﴾ واتە :

بەڵام (چونکە پاک نین و دەروون نەخۆشن) خوا نەفرەتی لێ کردوون بەهۆی کوفریانەوە، بۆیە باوەڕناهێنن کەمێک نەبێت.

واتە بەهۆی ئەونەفرەت لێکردنەی شایستەی بوون لەدەرەنجامی کارە خراپەکانیان وای لێ کردن کەلە شایان بوونی ئەو خێرە بێ بەشی کردن ، کە ناتوانن لەو سروشتە بەدکاریە ڕزگاریان بێت کە فرچکیان پێوە گرتووە ،بۆیە ئایەتەکە هەواڵی دا کە کەمێکیان نەبێت ئیمان ناهێنن.

تەفسیری ئایەتی ٤٧ی سورەتی النِّسَاء :

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ آمِنُوا بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰ أَدْبَارِهَا أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّا أَصْحَابَ السَّبْتِ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا

(47)﴾

لێرەش ڕووی گوتارەکە لەگەڵ جولەکەکانە ، دوای ئەوە باسی کۆمەڵێک لە گومڕاییەکانی کردن وبەڵگەی زۆری بۆ هێنانەوە ویێ سەلماندن ، ئەگەرشایانی پەند وەرگرتن بوونایە پەندیان وەردەگرت ، قورئان هیچ هەلێک بەفیڕۆنادات ، لەهەر بڕگەیەک کۆمەڵێک ئامۆژگاری پیشان دەدات .

هەربۆیە داناکانیش ئەم شێوازەیان پیادەکردوە ، لەوکاتەی کەکەسەکە گەیشتۆتە ئەوەی ئەوپەڕی پەشیمانەو هەستی بەهەڵەبوونی خۆی کردوە، ئالەوێدا کۆژمەیەک ئامۆژگاری چڕوپڕی پێ ئەدەن ، هەروەک حەریری لە مقامەکانی وای کردوە.

لێرەش دوای دەروونی دوێنراوەکانی جولەکەی بە کۆمەڵێک ڕاستی سەرسام کرد ، لەم ئایەتە کۆمەڵێک هۆشداری دانێ وفەرموی:

[يَا أَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتابَ آمِنُوا بِما نَزَّلْنا مُصَدِّقاً لِما مَعَكُمْ ...﴾

ئەی ئەوانەی تەوراتتان پێدراوە بڕوابەوقورئانەبکەن کە باوەڕی بە ڕاستی ودروستی تەوراتەکەتان هەیە .

بەڵێ ئەوان هەموو کتێبیان پێدراوە ، بەڵام ئیشیان بەکەمێکی کردوە ، ئەوەی کاریان پێ نەکردوە وەک ئەوەیە کە پێیان نەدرابێت .

کەدەفەرموێت [آمِنُوا بِما نَزَّلْنا مُصَدِّقاً لِما مَعَكُمْ] ئاماژەی بە هەردوو کتێبی قورئان وتەورات تێدایە ، بەدابەزێنراو ئاماژەی بە قورئان و بە و تەوراتەش کە باوەڕی بە قورئان هەیە وکەچی ئەوان نازانن چی تێدایە ،هەروەک ئەو گوێدرێژەی بارەکەی کتێب بن و نەزانێت چی تێدا نوسراوە؟

،

هەربۆیە بە هەڕەشەوە پێیان دەفەرموێت :

﴿مِنْ قَبْلِ أَنْ نَطْمِسَ وُجُوهاً فَنَرُدَّها عَلى أَدْبارِها أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَما لَعَنَّا أَصْحابَ السَّبْتِ ﴾

ئەگەر ئیمان بە قورئان وتەورات نەهێنن پێش ئەوەی (ڕۆژێک بێت) کە ڕووخسارانێکی (بێ دین) پان و پلیش بکەینەوە و ئاسەواری دەم و چاو نەیەڵین و بەرەو پشتی بکەین و وەکو پشتی سەری لێبکەین، یاخود نەفرینیان لێبکەین وەکو چۆن نەفرینمان لە خەڵکانی سەرپێچیکار لەڕۆژی شەممە کرد (ئەوانەی کە بەفێڵ ڕاوە ماسیان کردو فەرمانی خوایان شکاند)، بێگومان هەر فەرمانی خوایە کە هەمیشەو بەردەوام ئەنجام دراوە.

ڕووخسار کە هەموو هەستەکانی تێدایە هەڕەشەکە لەسەر ئەوێیە ، کە کامڵی وتەواوی مرۆڤ بەو هەستانەوەیە ، لە فەرمودەش دا هاتووە :

«أَمَا يَخْشَى الَّذِي يَرْفَعُ رَأْسَهُ قَبْلَ الْإِمَامِ أَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ وَجْهَهُ وَجْهَ حِمَارٍ»؟؟

واتە: ئایا ئەوکەسەی کە پێش ئیمام سەری لە کڕنوش هەڵ دەبڕێت ئایا ناترسێت سەری ببێتە سەری گوێ درێژ ؟

واتای(طمس) واتە سڕینەوەو کوێرکردنەوەی شوێنەوارەکەی و نەمانی تایبەتمەندیەکانی .

هەڕەشەی گۆڕانی ڕوخساری سندوق هەستەکان و هەڵگێرانەوەی واتە نەمانی دەسەڵات و هەژمونی جولەکە و لەدەست دانی کەسایەتیان لە دورگەی عەرەبدا وسەرشۆڕکردن و نەهێشتنی سەروەریان وەک بەشێک لەم هەڕەشە بە کوشتنی سەموال و ئەبوڕافع وکەعبی کوڕی ئەشرەف هاتەدی .

لەوەیە [فَنَرُدَّهَا عَلَىٰ أَدْبَارِهَا]

مەبەست ئەوەبێت کە چۆن قەینوقاع ونەزیر وقورەیزە وخەیبەر وفدک یەک لەدوای یەک لە دورگەی عەرەب دەرکران وئاوارەی شام کران وسەرشۆڕ کران .

مەبەست لە (لعن)یش نەفرەت کردن و سەرشۆڕکردنە وجیایە لە سڕینەوە یە ، نەفرەتەکە وەک ئەوگەلەی لەشەممە نەفرەتیان لێ کرا و مەسخ بوونەوە .

هاوڕێیانی سەبت ئەوگەلە بوون کەلە سوڕەتی (الْبَقَرَة)باسکراون کە مەسخ بوونەوە بۆ مەیمون .

تەفسیری ئایەتی ٤٩-٥٠ لە سورەتی النِّسَاء :

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُم بَلِ اللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَاءُ وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا (49) انظُرْ كَيْفَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَكَفَى بِهِ إِثْمًا مُّبِينًا (50) ﴾

کە دەفەرموێت : [أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنْفُسَهُمْ]

مەبەستی لە جولەکەکانە کە بەوە ئەستۆ پاکی خۆیان دەکرد وپۆزی ئەوەیان لێ دەداکە دەیانگوت

﴿ نَحْنُ أَبْنَاءُ اللَّهِ وَأَحِبَّاؤُهُ [الْمَائِدَة: 18]﴾

ئێمە خۆشەویست ورۆڵەی خواین.

یان دەیانگوت :

[لَنْ يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَنْ كَانَ هُوداً [الْبَقَرَة: 111] تەنیا جولەکە دەچنە بەهەشت .

لە وڵامیان دەفەرموێت :[بَلِ اللَّهُ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا (49)بەڵکو خوا ئەستۆپاکی هەرکەسێ دەکا کەبیەوێ کەستان هیچ ستەمتان لێ ناکرێ .

کەواتە پێیان دەفەرموێت کە تەزکیە وخۆ بەچاک دانان کاری ئەوان نیە کەواتە ئەوان هیچ هیوایەکی خۆ تەزکیەکردنیان نیە ،چونکە کەتەزکیەکردن مافێکی خوایە ئەوان هەوڵیان داوە ئەو مافە زەوت کەن، وەلەمەشدا هیچ ستەمیان لێ نەکراوە کەجگەلەوان تەزکیە کراوە.

پاشان لەئایەتی

﴿[انْظُرْ كَيْفَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَكَفَى بِهِ إِثْمًا مُبِينًا (50)﴾ [ڕوونی دەکاتەوە کە تەزکیەکردنی خۆیان تەنهاقسەهەڵبەستن وبوختان بوو بەدەم خواوە ، ئەم تاوانەش بەسە بۆ ئەوەی خاوەنەکەی سەرگەردان بکات.

تەفسیری ئایەتی [51، 52]لە سورەتی النِّسَاء :

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا هَٰؤُلَاءِ أَهْدَىٰ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا سَبِيلًا (51)

أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ وَمَن يَلْعَنِ اللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ نَصِيرًا (52) ﴾

سەرسامی ئەم جارە لەکارەسەیرو سەمەرەکانی جولەکەکان لە ئایەتی پێشوو سەیرترە کە بەشێک لە کتێبی ئاسمانی پێدراوە (کەچی لەگەڵ ئەوەشدا) باوەڕیان بەفاڵچی و جادووگەرو بێت و پەیکەرو شەیتان و... بپەرستن و دەربارەی ئەوانەی کە بێ باوەڕن دەڵێن: ئەوانە چاکترن و ڕێبازی ڕاستتریان گرتووە، تا ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان (بەئاینی ئیسلام هێناوە).

ئەم بیرو بۆچوونە پوچانە زۆر لەتەوڕات و بنەماکانی دوورن و پێچەوانەی ڕێساکانی دینی جولەکایەتین چونکە ئەوان لە تەوڕات دە ڕاسپاردەیان لەسەر فەرزکراوە ، یەکەم ڕاسپاردە لەو دە ڕاسپاردە ئەوەیە کەنابێت هیچ کەس وشتێ لەگەڵ خوا بپەرسترێت .

بنچینەی ووشەی (الْجِبْتُ)

وشەیەکی حەبەشیە بەواتای شتی بێ کەڵک ودیاردەی بێ خێردێت .

وە ووشەی (الطاغوت)هەر شت وکەس ودیاردەیەک کە زیادەڕەوی تێدابکرێت .

پاشان چارەنوسیان بۆ دیاری دەکات و دەفەرموێت :

[أُولَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ وَمَنْ يَلْعَنِ اللَّهُ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ نَصِيرًا (52)]

ئەو (جوولەکانە) کەسانێکن خوا نەفرینی لێکردوون، کەسێکیش خوا نەفرینی لێ بکات، ئەوە هەرگیز هیچ کەست دەست ناکەوێت بیکەیتە پشتیوانی.

تەفسیری ئایەتی [٥٣-٥٥]لە سورەتی النِّسَاء :

ج- چاوچنۆکی و ئیرەیی بردن وچروکی :

﴿أَمْ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّنَ الْمُلْكِ فَإِذًا لَّا يُؤْتُونَ النَّاسَ نَقِيرًا (53) أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَىٰ مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ فَقَدْ آتَيْنَا آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَآتَيْنَاهُم مُّلْكًا عَظِيمًا (54) فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ بِهِ وَمِنْهُم مَّن صَدَّ عَنْهُ وَكَفَىٰ بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا (55) ﴾

واتە :

مەگەر ئەوانە هەندێک دەسەڵاتیان بەدەستە؟، تا ئەوکاتە بەقەدەر تۆزقاڵێک لە ناوکی خورما بەخەڵکی نەدەن؟!★

یان هەر ئەوەیە کە حەسادەت و بەخیلی بەخەڵکی (ئیماندار) دەبەن لەسەر ئەوەی خوا لە فەزڵ و بەخششی خۆی بەشی داون (پێغەمبەری لەناویاندا هەڵبژاردووە) خۆ بێگومان ئێمە بەنەوەی ئیبراهیم کتێبمان بەخشیووە (بە موسا تەورات و بە عیسا ئینجیل و بە محمدیش (صلى الله عليه وسلم) قورئان) هەروەها لەجۆرەها دانایی بەهرەوەرمان کردوون و (بە هەندێکیان) وەک (یوسف و داود و سولەیمان) دەسەڵات و پاشایەتیەکی گەورەمان بەخشیووە.★

جا لەو خەڵکە هەیە باوەڕیان بە (محمد (صلى الله عليه وسلم) و بە قورئان) هێناوەو شوێنی کەوتوون، هەشیانە ڕێی لێگرتووە و پشتی تێکردووە، دۆزەخیش بەسە (بۆ ئەو یاخییانە) کە ئامادەیە و کڵپەی سەندووە.

لێرە ووشەی (ام) بەواتای بەڵکو هاتووە ، واتە بەڵکو کە ئەوانە هەندێک دەسەڵاتیان بەدەست بووایە، ئەوکاتە بەقەدەر تۆزقاڵێک لە ناوکی خورما بەخەڵکیان نەدەدا.

ئەمەش وەک گاڵتە پێکردنێک و باسی چروکی وچاوچنۆکیان دەکات چونکە ئەوان چاوەڕێی گەڕانەوەی پاشایەتی ودەسەڵاتی جیهان دەکەن بۆ جولەکەکان .

لە ئایەتی دواتر ئاماژە بە ئیرەیی وسینە پیسیان دەکا ت، دەفەرموێت :بەڵکو ئەوان ئیرەیی بە ئامۆزاکانیان دەبەن ، ئەی نازانن کە ئێمە لەبەرگەورەیی ئیبراهیم خانەوادەکەی ئیبراهیممان تایبەت کردوە بە پێدانی کتێب و دانایی ولەوەوپێش کتێب وشەرعمان بە نەوەکانی ئیسحاق ویەعقوب و موساو داود بەخشیبوو ، ئەمرۆش ئاساییە کەخەڵاتەکەمان داوەتە کوڕانی ئیسماعیل کەئەوانیش هەر لەخانەوادەی ئیبراهیمن.

بەڵام دۆزەخ تاکە پاداشتی ئەوکەسانەیە کە بێجگە لەخوا جیبت وتاغوت دەپەرستن

ئایەتی [١٥٠-١٥٢] لەسوڕەتی النساء:

د-کەللە ڕەق وتاکڕەوی :

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذلِكَ سَبِيلاً (150) أُولئِكَ هُمُ الْكافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنا لِلْكافِرِينَ عَذاباً مُهِيناً (151) وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَمْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ أُولئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ وَكانَ اللَّهُ غَفُوراً رَحِيماً (152)﴾

واتە :

بێگومان ئەوانەی باوەڕ بە خواو پێغەمبەران ناهێنن و دەیانەوێت جیاوازی بکەن لە نێوان خواو پێغەمبەرەکانیدا (گوایە باوەڕیان بەخوا هەیە بەڵام باوەڕیان بەپێغەمبەران نیە)، (یاخود) دەڵێن: باوەڕ دەهێنین بەهەندێک لە پێغەمبەران و باوەڕ بەهەندێکیان ناهێنین و دەیانەوێت لەو نێوانەدا ڕێگە و بەرنامەیەک بۆ خۆیان بگرنە بەر ★ئا ئەو کەسانە بێباوەڕی ڕاستەقینەن و بۆ بێ باوەڕانیش سزایەکی سەر شۆڕکەرمان ئامادەکردوە★

ئەوانەی باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەرەکانی هێناوە و هیچ جۆرە جیاوازیەکیان نەکردووە لە نێوان هیچ کامیانداو باوەڕیان بە هەموویان هەیە، ئا ئەوانە لەئایندەدا خوای گەورە پاداشتی خۆیان دەداتێ، خوای گەورەش هەمیشە و بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە ★

هەرجارەی قورئان باسی ئاکارونیازەکانی کۆمەڵی بێباوەڕان یان دووڕوان، یان پەیڕەوانی ئاینەکانی تر وهاوبەشدانەرانی کرد هەردوای ئەوە باسی نیازو ئاکاری دەستەیەکی تردەکات .

بۆیە شارەزایانی تەفسیر دەڵێن کە مەبەستی ئەم ئایەتە لە [إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ....

لێرە ئاماژەیە بۆ جولەکەو مەسیحیەکان ، بەتایبەتیش جولەکەکان چونکە ئەوان لەوسەردەمەداتێکەڵاوی مسوڵمانەکان ودووڕووەکانیش بوون .بگرەزۆرێک لەدووڕوان جولەکە بوون ، پێغەمبەرانی بەکۆ هێناوە چونکە جولەکەکان بێ باوەڕن بە محمد وعیسا

عَلَيْهِمَا السَّلَام ، ئایەتەکە ئاماژەیە بۆ هەموو ئەوانەی ئەو تایبەتمەندیانەیان هەبووەو هەیە لەجولەکەو نەسرانی وخەڵکانی تریش لەوکاتەولەئێستاش دا کەئەوانە بێ باوەڕی ڕاستەقینەن .

بۆیەش بە فرمانی ڕانەبردوو [يَكْفُرُونَ] ئاماژەی پێکردن چونکە ئەم حوکمە لەداهاتووشدا بەردەوام دەبێت ونوێ دەبێتەوە .

جیاوازیان لە باوەڕبەخوا پاڵدانی چەند ناوو چەند سیفاتێکە کە لەخواناوەشێتەوە وەک بڕیاردانی هاوسەر و ڕۆڵە وئاوێتە بوون (حلول) بۆ خوا ،یان دارنینی لەو سیفەت وناوانەی کە وەک شایانیەتی بۆ خۆی داناون ، یان بڕواهێنان بە ئیسمەکە و نکولی کردن وڕەتکردنەوەی موسەمما کە .

وە بێباوەڕبونیان بە محمد صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم واتە بێ بەش بوونیان لە یەکخواناسی و پاکڕاگرتن وبەتەنیازانینی خوا ونەچواندنی بەهیچ دروستکراوێک ...

کەدەفەرموێت [وَيُرِيدُونَ...]ئەوان هەوڵیان داوە ، هەوڵ دانیش ویست وخواستە ، بەڵام دیارە ئەم ویستەیان نەهاتۆتە دی وناشیەتەدی لەداهاتوو ، چونکە کەبەئامانجیان گەیشتبان بەشێوەی ڕابردوو دەیفەرمو کە جیاوازیان ختسە ناو خواو پێغەمبەرەکەی .

جیاوازیان لەناو پێغەمبەران ئەوەیە کە ئەوان هەندێ لە پێغەمبەران بەڕاست دەزانن وهەندێکیان بەدرۆ ، لەگەڵ ئەوەش پێیان وایە ئەوان بڕوادارن ، جاچۆن ئەوجۆرە کەسانە باوەڕدارن کە دەیانەوێت جیاوازی بخەنە نێوان دۆست وخۆشەویستان ولێکیان دابڕن ؟

یان شتی پێکەوەولکاو و وابەستەبەیەک لەت وپەت بکەن و خودی خواو ناوەکانی

چونکە سیفەتی بڕواداری ڕاستەقینە وایە کە خوائاماژەی پێکردون کەفەرمویەتی :

- لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ [الْبَقَرَة: 136]

- لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ [الْبَقَرَة: 285] ،

- لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ [آل عمرَان: 84]

جا جیاوازی ختسنەوەکە چ لەنێوان پێغەمبەران بێت ، یان لەنێوان خواوهەندێک پێغەمبەران بێت

سەرەنجامی هەموویان یەکێکە .

وەدەشیانەوێت بیکەنە ڕێباز ومەزهەب ودەشیانەوێت بەو شێوەش بڕواداربن کە ئەمە ئاماژەیە بەوەی دەیانەوێت دووڕوو بن وڕاستیەکان بشارنەوە .

هەربەپێی ڕێزمانی عەرەبیش هەریەک لەو چین وتوێژە ئاماژەپێکراوانە کە هەمویان (صلة)ی (الذین) ن و واوی (عطف) کۆی کردونەوە هەموویان یەک حوکمیان هەیە .

وەلەسەرڕای ئەوانەش کە دەڵێن واو بە واتای (او =یان) دێت وئەوانە هەریەکەیان جۆرێکن و مرۆڤ هەریەکێک لەم تاوانانە بکات کافردەبێت .

هەردوو لێکدانەوەکەش نزیکن لەیەکەوە .

لە ئایەتی دووەم بە ئامڕازی ئاماژە پێکردن حوکمی بێ باوەڕی بەسەر ئەوکەسانە دا دەدا ت کە ئەو سیفاتانەی لەئایەتی یەکەم داهاتووە لەخۆیاندا کۆبکەنەوە ، لەزمانی عەرەبیدا ئەم جۆرە دەربڕینە کورت هەڵێنانی ئەوحوکمەیە لەسەرئەوجۆرەکەسانەی ئەوسیفەتانەیان هەبێت ، ئەم کورت هەڵێنانەش گوتویانە مەجازیە ،چونکە کەسانی تریش هەن لەدەرەوەی باسکراوەکان کەئەوحوکمەیان تێداهەیە .

هەڵبەت هەڵێنجانی هاوکێشەکانی ڕێزمانی عەرەبی لە چۆنێتی کورتهەڵێنان هاوکێشەگەلێکی ئیجتهادین و بەشێک نین لەوەحی وتێگەیشتنی زانایان، دەگونجێت ڕاست بن ودەشگونجێت وانەبێت ، بۆیەکە هەواڵ وبەڵێنەکان وهەڕەشەکانی قورئان وسونەت بەو هاوکێشە ڕێزمانیانە ئاڕاستەکردنیان زەحمەتی وتێکگیرانی تێکەوت تەنیا گومان لە تێگەیشتنی هاوکێشەڕێزمانیەکەدەکرێت ،بەڵام دەق قورئانەکە هیچ جێی گومان نیە .

هەروەک لەئایەتێکی تر لەبارەی دووڕووان دەفەرموێت :[هُمُ الْعَدُوُّ [الْمُنَافِقُونَ: 4

تەنیادووڕوەکان دوژمنن . لێرەش کورت هەڵێنان هەیە بەقسەی ڕێزمانیەکان ،بەڵام ئێمەدەزانین جگەلەدووڕووەکان دوژمنی تریش هەن .

ئایەتی [١٥٣-١٥٤] لەسوڕەتی النساء:

هـ-بێ ئەدەبی بەرامبەرخوا :

﴿يَسْئَلُكَ أَهْلُ الْكِتابِ أَنْ تُنَزِّلَ عَلَيْهِمْ كِتاباً مِنَ السَّماءِ فَقَدْ سَأَلُوا مُوسى أَكْبَرَ مِنْ ذلِكَ فَقالُوا أَرِنَا اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ بِظُلْمِهِمْ ثُمَّ اتَّخَذُوا الْعِجلَ مِنْ بَعْدِ مَا جاءَتْهُمُ الْبَيِّناتُ فَعَفَوْنا عَنْ ذلِكَ وَآتَيْنا مُوسى سُلْطاناً مُبِيناً (153) وَرَفَعْنا فَوْقَهُمُ الطُّورَ بِمِيثاقِهِمْ وَقُلْنا لَهُمُ ادْخُلُوا الْبابَ سُجَّداً وَقُلْنا لَهُمْ لا تَعْدُوا فِي السَّبْتِ وَأَخَذْنا مِنْهُمْ مِيثاقاً غَلِيظاً (154)﴾

واتە :

ئەی محمد (صلی اللە علیە وسلم) هاوڕێیانی کتێب داوای ئەوەت لێدەکەن کە لە ئاسمانەوە کتێبێکیان (بەنوسراوی) بۆ دابەزێنیت، جا ئەوانە (کاتێ موساکتێبی نوسراوی لەئاسمانەوە بۆهێنان بەڵام ئەوان) داوای لەوە گەورەتریان لە موسا کرد، وتیان: دەمانەوێت خوامان بەئاشکرا نیشان بدەیت، (بۆیەسزادران و بەوە وڵام درانەوە کە) هەورە بروسکەیەک

لێیدان لە سەرئەنجامی ئەو ستەمە ناڕەوایەو (ئەو داخوازیە نادروستەیاندا) کەچی لەوەودوا گوێرەکە پەرستیانکرد لە دوای ئەو هەموو بەڵگە و موعجیزە ئاشکرایانە کە بۆیان هات، جا لەوەشیان خۆش بووین و بەڵگەو ودەسەڵات و بەرنامەی ئاشکرامان بەخشی بە موسا (تا ڕێنموویان بکات).★

کێوی (طور) مان بەرز کردەوە بەسەریاندا بۆئەوەی بڕوابەبەڵگەنامەکە بکەن ، وە پێمان وتن: کە لە دەروازەکەوە بەسوژدەوە بچنە ژورەوە (هەروەها) گوتمان: لە ڕۆژانی شەممەدا دەستدرێژی مەکەن پەیمانێکی توندو بەهێزمان لێوەرگرتن.★

کاتێ باسی ئەوپاساوو بیانوانەی جولەکەو نەسرانیەکانی کرد کە کردویاننە بیانو بۆ ڕەتکردنەوەی بڕواهێنان بە پێغەمبەرێتی محمد

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم ، دواتر باسی هەندێک لەو

سەرکێشی و داخوازی وکەللە ڕەقیانەی کردن لەگەڵ پێغەمبەرانی پێشوو .

هەرچەندە لێرە خوا ڕوداوێک دەگێڕێتەوە کەهەزاران ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە کەچی بە فرمانی ڕانەبردوو ئاماژەی پێکردووە تا دۆخەکە واپیشان بدات کە بیستەر دەیانبینێت کاتێ ئەو بێ ئەدەبیانە دەکەن ، هەروەک لەبارەی دروستکردنی کەشتی دەفەرموێت :

[وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ [هود: 38]

نوح کەشتیەکە دروست دەکات .

وەتێبینی ئەوەش دەکرێت کەلەم ئایەتەدا وە دووبارەکردنەوەی وشەی پرسیارکردن بەهەردوو شێوەی فرمانی داهاتوو و ڕابردوو تا پێشانمان بدات کە تێپەڕینی سەردەم و کاتەکان کەسانی کەلە ڕەق ناگۆڕێت .

دیارە پرسیارکارەکان جولەکە بوون چونکە داوای ئەوەیان دەکرد کە وەک هاتنی لەوحەکان بەنوسراوی بۆ موسا ، پێغەمبەریش کتێبی نوسراویان بۆ دابەزێت .

بەڵام ئەی محمد سەرسام مەبە لەوداوایەیان چونکە کاتێ موساکتێبی نوسراوی لەئاسمانەوە بۆهێنان بەڵام ئەوان داوای لەوە گەورەتریان لە موسا کرد، وتیان: دەمانەوێت خوامان بەئاشکرا نیشان بدەیت ، کەواتە ئەوانە هەروەک باپیرانیان کەللەڕەقن .

ئەم چیرۆکە دڵدانەوەشی تێدایە بۆ پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم ، وەبەڵگەشە لەسەرئەوە کەجولەکەکان زۆر قسەلەڕوو بوون ، وە ئەوەش دەگەیەنێت کە مەرج نیە هەرچی میللەتان داوایان کردبێت پێغەمبەران جێبەجێیان کردبێت ، چونکە موعجیزەو دەستەوستان کارەکان بەویستی خوا ڕویان داوە لەوکاتەی کە کاریگەربووە بۆ ولأمی تەحداومەیدانداری بێباوەڕان.

هەرکاتێ بێباوەڕان داوایان کردبێت ولأم نەدراونەوە ،هەندێک جار داواکانی بڕواداران ولأم دراوەتەوە وەک دابەزینی خوانەکە بۆ عیسا لەسەرداوای حەواریەکان [الْمَائِدَة: 112، 115] ،

خوا خوانەکەی بۆ دابەزاندن بەڵام لەکۆتاییدا هەڕەشەی لەوانەکرد کە بڕواکەیان سەقامگیرنیە .

وەنەهاتنی ئایەتەکان و جێبەجێنەکرانی داواکاری ئوممەتە بێ باوەڕەکان لەبەرئەوەبوو کە هەندێ جارداواکانیان جێبەجێکرابوو بەڵام پێی بێباوەڕبوون وئەمەش بووبەهۆی لەناوچونیان وەک دەفەرموێت :

[وَما مَنَعَنا أَنْ نُرْسِلَ بِالْآياتِ إِلَّا أَنْ كَذَّبَ بِهَا الْأَوَّلُونَ وَآتَيْنا ثَمُودَ النَّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُوا بِها وَما نُرْسِلُ بِالْآياتِ إِلَّا تَخْوِيفاً [الْإِسْرَاء: 59] .

جولەکەکان کاتێ ئەم داوایەیان لە موساکرد هەرلەبەر کەللەڕەقیان بوو نەک بۆ گەیشتن بە چێژی ئیمان وبڕوا وپیرۆزی .

وە داواشیان کرد کەبەئاشکرا پیشانیان بدات نەک بەنهێنی .

بێگومان داواکەیان کەبۆ دڵنیابوون وچێژ وەرگرتن لەدیداری بینینی خوا بوایە هیچ ستەم نەبوو ،چونکە موساش لە[سُورَةِ الْأَعْرَافِ [143] ئەوداوایەی لەخواکرد ، بەڵام ستەمی ئەوان لەوە بوو کە گوتیان ئێمە بڕواناهێنین هەتاخوامان بەئاشکرا پیشان نەدەیت .

[وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّى نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ (الْبَقَرَة: 55)

بۆیە لەوڵامی ئەوداوایە ئەوشاخەیان بەسەردا بەرزکرایەوە کە لەکاتی داواکەی موسا خوا بۆ ئەودەرکەوتبوو .

دوای بینینی ئەوهەموو ئایەت و موعجیزانە دەستیان بەگوێرەکە پەرستی کرد ، بەڵام خوا لەسەردەمی سەرگەردانی (تیە)چل ساڵی پاکی کردنەوەو لێبوردنی بۆ دەرکردن .

ئەو دەروازەش هەندێ دەڵێن دەرگای ئەریحابوو ،وە دەستدرێژی وسنورشکێنیشیان لە ڕۆژی شەممەدا لە سُورَةِ الْأَعْرَافِ [163]ئاماژەی پێکراوە .

ئایەتی [١٥٥] لەسورەتی النساء:

﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ وَكُفْرِهِم بِآيَاتِ اللَّهِ وَقَتْلِهِمُ الْأَنبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ طَبَعَ اللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا (155) ﴾

واتە:

ئینجا بەهۆی پەیمان شکاندنیان و بێ باوەڕیان بەئایەتەکانی خواو کوشتنی بەناحەق پێغەمبەران لەلایەن ئەوانەوە و ئەو قسەیەشیان کە دەڵێن دڵی ئێمە داخراوە و پەردەی
بەسەرداکێشراوە (بەم بیانوانە دەیانەوێت خۆیان لە بینی ڕاستیەکان بدزنەوە) ، بەڵکو خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و دەروونیاندا بەهۆی بێ باوەڕ بوونیانەوە، جا هەر بۆیە کەمێکیان نەبێت باوەڕناهێنن.★

جولەکەکان لە هەموو بەهرەوبەخششەکان بێ بەشکران بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانە پتەوەی کە بەخوایان دابوو ، وەکێوی توریش هەم وەک ئەوکێوەی خوا خۆی نیشانداووهەم لەدامێنی ئەوکێوە تەوڕات دابەزیوە شایەت بووە لەسەرئەوپەیمانە ، وەک لەمەولادێت کە دەفەرموێت :

[حَرَّمْنا عَلَيْهِمْ طَيِّباتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ [النِّسَاءِ: ١٦٠]

خواشتی پاک وحەڵاڵیشی لێ حەرامکردن .

جاکاتێ ئەوان دەیانگوت دڵمان لەکێلان وپەردەدایە ، بەوەی گوتیان خوا فەرموی بەڵکو دڵتان مۆری لێدراوەوداراوە ، سروشتی نائاسایی سەرکەشیتانی وەرگرتووە ، سەرپێچی دێنێت ،

تاوان وسەرپێچی دڵەکان ڕەش دەکەن ، پەند وەرنەگرتن لە نیشانەوبەڵگەوئایەتەکان بوەهۆی ئەوەی دەستیان بچێتە خوێنی پێغەمبەران علیهم السلام چونکە کەسێک بتوانێت بێباوەڕبێت بەپێغەمبەران زۆربەئاسانی دەشتوانێت بیانکوژێت .

هەڵاوێردنی [إِلَّا قَلِيلًا] دوو واتای بۆ کراون ، یان مەبەستی ئەوەیە کە کەمێک باوەڕیان لەدڵدایە کەئەوباوەڕەکەمە ناتوانێ ببێتە ڕێگرلەبەردەم دەروونی سەرکەش وئاڵودەی سەرپێچی وتاوانیان ، باوەڕی کەمیش لەناودڵ ودەروون دا وەک نەبوونی باوەڕە .

یان تەنها کەمێک لەناوجولەکەکان بڕوادێنن وەک عبدالله کوڕی سەلام و زۆرینەیان بێباوەڕن .

ئایەتی [١٥٦-١٥٨] لەسوڕەتی النساء:

﴿وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلى مَرْيَمَ بُهْتاناً عَظِيماً (156) وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَما قَتَلُوهُ وَما صَلَبُوهُ وَلكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّباعَ الظَّنِّ وَما قَتَلُوهُ يَقِيناً (157) بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكانَ اللَّهُ عَزِيزاً حَكِيماً (158)﴾

واتە :

(هەروەها خوا ڕقی لێیانە) بەهۆی بێ باوەڕ بوون و ئەو بوختانە گەورەیەی کە بۆ مەریەم هەڵیانبەست★

وە بەهۆی ئەو قسەیەشیان کە دەیانوت بە ڕاستی ئێمە مەسیح پێغەمبەری خوا عیسای کوڕی مەریەممان کوشتووە، کەچی لەڕاستیدا نەکوشتوویانەو نە لە خاچیانداوە، بەڵکو لێیان تێکچووە و وێکچوەکەیان هەڵواسیوە

(کەسێکی تریان کوشتووە لە بری ئەو)، بەڕاستی ئەوانەی کە بیرو بۆچوونی جیاوازیان لەو کێشەیەدا هەیە، خۆشیان لە گوماندان تیایدا و ئەوانە هیچ زانستیەکی ڕاستیان نیە لەو بارەیەوە، جگە لە شوێنکەوتنی گومان نەبێت و بەدڵنیاییەوە (دەڵێین) کە نەیانکوشتووەو بۆیان نەکوژراوە.★

نەخێر، بەڵکو خوا بەرزی کردووە بۆ لای خۆی، خوا هەمیشەو بەردەوام باڵادەست و دانایە.★

دیسان ئەم ئایەتەش عەتفی دووەمە لە بۆ ئایەتی

: فَبِما نَقْضِهِمْ... [النِّسَاء: 155] کەواتە ئەم هەموو عەتفانەی کەدەرحەق بە جولەکەکان یەک لەدوای یەک بۆی ڕیزکردن ، بەهۆی کەڵلەڕەقیان دەرحەق بە موسا علیه السلام و سودنەبینیان لە وهەموو ئایەتانەی کە بینیانن هەرزیاتر سەرپێچیان کرد ،تا بەهۆی ئەو سەرپێچیانە سەریان لەگوێرەکە پەرستی دەرچوو ، وەسودیان لەلێبووردن و لێخۆشبوونە یەک لەدوای یەکەکانی خوا وەرنەگرت ، بۆیە بەشێوەیەک دڵیان ڕەش بوو ،بێباوەڕبوون بە خواو پێغەمبەران ،
بێباوەڕیەکەیان سەری کێشا بۆکوشتنی پێغەمبەران وگۆڕینی پەیامی خوا وبوختانکردن بۆ مریەم و پاشان گوتیان مەسیحیان لەخاچ داوە ،دواتر لە بڕواهێنان بە محمدیش بێ بەش بوون .

ئەم هەموو لاڕێ بوون و بێباوەڕبوونە یەک لەدوای یەکانە وەک پەردەی ڕەش چین لەدوای چین بەری چاوی گرتن ودڵی ڕەشکردن ، ئەوان بەشانازی وسنگ دەرپەڕاندن وپۆزلێدان ئەو ڕوداوە قێزەونانە دەدەنە پاڵ خۆیان .

وە قسە هەڵبەستن بۆ مریەم و کوشتن ولەخاچدانی مەسیح علیه السلام بە ئایندارى وکاری باش دەزانن ، مەسیح نازناوی عیسایە ،کەجولەکەکان وەک گاڵتە پێکردن بەعیسایان دەگوت مەسیح کە واتای پاشا دەگەیەنێت ، بەڵام ئەم نازناوەسوکایەتیە بۆ عیسابووە مایەی شکۆداری بۆی ، هەروەک چۆن هاوبەشدانەرەکان بە محمدصَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یان دەگوت سەرکۆنەکراو (مُذَمَّم) ودەیانگوت :

(مُذَمَّمًا عَصَيْنَا، وَأَمْرَهُ أَبَيْنَا)

بۆیەبوخاری لە ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم دەفەرموێ :

أَلَا تَعْجَبُونَ كَيْفَ يَصْرِفُ اللَّهُ عَنِّي شَتْمَ قُرَيْشٍ وَلَعْنَهُمْ، يَشْتُمُونَ وَيَلْعَنُونَ مُذَمَّمًا وَأَنَا مُحَمَّدٌ .

واتە سەرسام نابن کەچۆن خوابەرگریم لێدەکا وجنێوو نەفرەتی قورەیشم لێ لادەدا؟ ئەوان ئەوان جوێن ونەفرەت لەسەرکۆنەکراودەکەن لەکاتێکدا من سوپاسکراو م .

بەم شێوە سەرکۆنەکە بووە ستایش بۆ پێغەمبەر

صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم ، ئەوان پێیان دەگوت شێتە.

أَيُّهَا الَّذِي نُزِّلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ إِنَّكَ لَمَجْنُونٌ [الْحجر: 6]

کەچی ئەوبووە پێشەنگ بۆ هۆشمەندەکان

وەئەوان لەوەی بانگەشەی دەکەن لە گومان ودڵەڕاوکێ ودرۆنگی دان و قسەکانیان بەریەککەوتەی تێدایە .

هەربۆخۆی مەرج نیە ئەوەی لەخاچ بدرێت بمرێت وبکوژرێت ،زۆرکەس لەخاچیش دراوەونەمردوە ، وەبابەتی [شُبِّهَ لَهُمْ] هەر واتا زمانەوانیەکەی واتە توشی وێک چون بوون وخەڵەتاون .

لەهەواڵ وگێڕانەوە مێژووییەکان هاتووە کەیەهودای ئەسخەربووتی کە سەرەتایەکێک بوو لەحەواریەکان بەڵام هەڵگەڕایەوەو بووە دووڕوو ، ئەو ئەوکەسەیە کەلەخاچدراوەلەلایەن جولەکەکانەوەو وایان زانیوە کە مەسیحە علیه السلام ، چونکە خوا شێوەورۆخساری یەهودای وەک شێوەورۆخساری مەسیح لێکردوە ، ئەم گێڕانەوە لەئینجیلی بەرناباداهەیە .

(بیلاتیسی نەبەتی)ی فەرمانڕەوای فەلەستین لەوسەردەمەدا(لەنێوان ساڵانی ٢٦-٣٦ ز)دا لەڕۆما پرسیاری لێکراوە لەبارەی چۆنێتی لەخاچدان وکوشتنی مەسیح بەڵام ئەو گوتویەتی کەهیچ هەواڵی لەبارەی ئەورِوداوە نیە ئەمەلەکاتێکدا ئینجیلەکان ئەم پیاوە بەلەخاچدەری مەسیح دەزانن ، کەواتە ساغ بۆوە کەگێڕانەوەی ڕووداوی ئەم لەخاچدانە لەگێڕانەوە مێژووییەکاندا بەریکەکەوتەی زۆری تێدایە، ئەمەش ئەوەدەسەلمێنێت کەجولەکە ئەم ڕوداوەیان هەڵبەستووە ،

کەواتە ئەوەی لەقورئاندا بەڕاشکاوی فەرمویەتی کە مەسیح علیه السلام نەکوژراوە ولەخاچ نەدراوە بەڵکو خوابڵندی کردوەبۆلای خۆی و لەدەستی دوژمنانی ڕزگاری کردووە .

ئەوانەش کەدەڵێن کوژراوەولەخاچ دراوە زۆرینەی مەسیحیەکان دەڵێن جولەکەکان کوشتویانە ، هەندێکیان دەڵێن جولەکەکان یەهودای ئەسخەربوتیان کوشتوەو پێیان وابووە کەئەو مەسیحە کەئەمەلەئینجیلی بەرنابا گێڕدراوەتەوە ، کەواتە بابەتی لەخاچدانەکەلای ئەوانیش گومانێکی لاوازە .

کەدەفەرموێت :

وَما قَتَلُوهُ يَقِيناً (١٥٧) بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكانَ اللَّهُ عَزِيزاً حَكِيماً (١٥٨) .

وابەستەی بابەتی پێشووە کە بەدڵنیایی مەسیح نەکوژراوەو نەلەخاچ دراوە وئەوانەی قسەلەم بارەوەدەکەن هیچ زانیاریەکیان پێی نیە

بەڵكو هەواڵی ڕاست ئەوەیە كە خوا مەسیحی بۆلای خۆی بەرزكردەوە بۆ سەروو ئاسمانەكان .

كۆتایی ئایەتەكەشی بەوەهێنا كەفەرموی :

[وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزاً حَكِيماً]

ئەوەش پەیامێكە ئەوەدەگەیەنێت كەمادام خوا عزیز وخاوەن عیزەت ودەسەڵات وشكۆیە دەبێت دۆستەكانیش هەروا شكۆدار وبەعیزەت بن ،وەمادام خوا لێزان ودانایە كەواتە ئەوبڵندكردنەی مەسیحی وەهابەلێزانی ودانایی كردوە كەبەدرێژایی هەزاران ساڵ كردویەتیە مایەی مشت و مڕ وسەرلێشێوانی بێباوەڕان و مایەی ئومێد ودڵخۆشی وهیوای بڕواداران .

ئایەتی [١٦٠-١٦٢] لەسورەتی النساء:

﴿فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هادُوا حَرَّمْنا عَلَيْهِمْ طَيِّباتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ كَثِيراً (160)
وَأَخْذِهِمُ الرِّبَوا وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوالَ النَّاسِ بِالْباطِلِ وَأَعْتَدْنا لِلْكافِرِينَ مِنْهُمْ عَذاباً أَلِيماً
(161) لكِنِ الرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ مِنْهُمْ وَالْمُؤْمِنُونَ يُؤْمِنُونَ بِما أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَما أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ
وَالْمُقِيمِينَ الصَّلاةَ وَالْمُؤْتُونَ الزَّكاةَ وَالْمُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أُولئِكَ سَنُؤْتِيهِمْ أَجْراً عَظِيماً(162)﴾

واتە :

بەهۆی زوڵم و ستەمێك لەلایەن ئەوانەی كە بوونەتە جوو و بەهۆی ئەوەی كە زۆر كۆسپیان دەخستە بەر ڕێبازی خوا، ئێمە چەندین بەخشش وبەهرەمان لێ حەرام كردن كە پێشتر بۆیان حەلاڵ بوو...★

هەروەها بەهۆی سوو خۆریانەوە كە بەڕاستی لێیان حەرام كرابوو و بەهۆی ئەوەشەوە كە ماڵی خەڵكی بەناڕەوا دەخۆن (هەندێك شتی تری حەلاڵمان لێ حەرام كردن)، بێگومان بۆ ئەوانەیان كە بێ باوەڕن سزایەكی بەئێشمان ئامادە كردووە.★

بەڵام ئەوانەیان كە لە زانستی و زانیاریدا ڕۆچوون، وە ئیمانداره‌كانیان باوەڕ دەهێنن بەوەی بۆ تۆ ڕەوانەكراوە و بەوەش پێش تۆ ڕەوانە كراوە و بە بەچاكی نوێژەكانیان بەرپادەكەن و زەكات

دەدەن و باوەڕیان بەخواو بەرۆژی دوایی هەیە، ئا ئەوانە لە ئایندەیەکی نزیکدا پاداشتی گەورەو بێ سنووریان دەدەینەوە.★

ئەم تاوانانەش هەرعەتف و وابەستەن بەلیستی دوور ودرێژی تاوان و کارەبەدەکانی جولەکە

لێرە هەموو هۆکارەکانی بێبەش بوونیان دەگێڕێتەوە بۆ تاوان وکارەبەدەکانی ڕابردوانیان

وەبەهۆی ئەو تاوانە زۆرانە وئەولیستە درێژەی تاوان وخراپەکاریانە لە خۆشیەکان بێبەش کراون.لەوانەیە بگوترێت کە تاوانێک هەزاران ساڵە ڕووی داوە بۆ دەبێت نەوەکان دوای هەزاران ساڵ لەخۆشیەکان بێبەش بن بەهۆی نارێکی باپیرانیان؟

تەنانەت ئەوەی لێشیان قەدەغەکراوە لەبەرئەوەنەبووە کەشتێکی ناتەندروسە بەڵکو سزایەکە بۆیان دانراوە .

وەک حەرامکرانی سمدارەکان وبەشێک لە مانگاو مەڕوبزن . وەک قورئان دەفەرموێت :

[وَعَلَى الَّذِينَ هادُوا حَرَّمْنا كُلَّ ذِي ظُفُرٍ وَمِنَ الْبَقَرِ وَالْغَنَمِ حَرَّمْنا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُما- ... ذلِكَ جَزَيْناهُمْ بِبَغْيِهِمْ / الْأَنْعَامِ [146] ،

وەلەفەرمودەش هاتووە :

«مَا مِنْ نَفْسٍ تُقْتَلُ ظُلْمًا إِلَّا كَانَ عَلَى ابْنِ آدَمَ الْأَوَّلِ كِفْلٌ مِنْ دَمِهَا»

جامادام هەموو کوژراوێک بەشێک لەتاوانەکەی لەسەرکوڕی ئادەم بێت چونکە یەکەم کەس بوو کە کوشتنی داهێنا .

دوای ئەم هەموو تاوان وسزادان وبێبەشکردنە هاتن تاوانێکی تری قێزەونیان داهێنا کەتاوانی سوخۆری وڕیبایە ، لەگەڵ ئەوەی لەسفری (التَّثْنِيَةِ) لەسیحاحی23 سوخۆریان لێ قەدەغەکراوە .

دوای بژاردنی کۆمەڵێک تاوان و کۆمەڵێک سزا ، لەم ئایەتە ئاوڕێکی لەوکەمە چاکەکارانەی جولەکە دایەوەو بە خاوەنی زانستی بەسود ستایشی کردن ، وەئەوان باوەڕیان بەهەموو پێغەمبەران وکتێبەکان هەیە .

٢- سیماکانی نەوەی ئیسرائیل وجولەکەکان لەسورەتی (الْمَائِدَة) دا :

ا-بەڵێن و پەیمان شکێنی :

ئایەتی [١٢] لەسورەتی(الْمَائِدَة)

﴿وَلَقَدْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا وَقَالَ اللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ لَئِنْ أَقَمْتُمُ الصَّلَاةَ وَآتَيْتُمُ الزَّكَاةَ وَآمَنْتُمْ بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَأُكَفِّرَنَّ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ فَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ مِنْكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ (12) ﴾

واتە :

بێگومان (کاتی خۆی) خوا پەیمانی لە نەوەی ئیسرائیل وەرگرت و دوانزە نوێنەرمان تێدا هەڵبژاردن و خوا پێی فەرموون کە: من بەڕاستی لەگەڵتاندا‌م، بەومەرجەی نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکات بدەن و باوەڕبهێنن بە هەموو پێغەمبەرانی من و پشتیوانییان لێبکەن، قەرزی چاک و جوان و ڕێک و پێک بدەن بەخەڵکی لەبەر خوا ، بێگومان(لەپاداشتی ئەوچاکانە) لە گوناهو هەڵەکانتان خۆشدەبم و چاوپۆشیتان لێدەکەم و دەتانخەمە باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، جا ئەوەی لەوەودوا بێ باوەڕ بێت لە ئێوە، ئەوە مانای وایە کە بەڕاستی ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی لێ تێکچووە.★

دوای باسی بەڵێن و پەیمانی مسوڵمانان[وَمِيثَاقَهُ الَّذِي وَاثَقَكُمْ بِهِ [الْمَائِدَة: 7]

یەکسەر چووسەرباسی بەڵێن وپەیمانی بنەماڵەی ئیسرائیلیەکان ، تاکو مسوڵمانان پەند لەوڕابردوە شەرمەزارکەرەی جولەکەوەرگرن کەلەبەرامبەر پێغەمبەر موسا علیه السلام وشەریعەتی تەوڕات هەیانبوو .

نەقیب واتە پشکنەر و لێکۆڵەر وەک دەفەرموێ :

فَنَقَّبُوا فِي الْبِلَادِ [ق: 36] ئەم دوازدە پشکنەرانە کاریان ئەوەبوو کاروباری بنەماڵەکانی ئیسرائیل بەڕێوەبەرن بۆیە پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوازدەنەقیبی لە ئەنسارەکان لەڕۆژی پەیمانی عەقەبە هەڵبژارد ، دەگوترێ ئەم نەقیبانە سەرلەشکری سوپای بنەماڵەکانی ئیسرائیل بوون کە موسا عَلَيْهِ السَّلَامُ هەڵی بژاردوون لەساڵی دووەم دوای دەرچونیان لە میسر .

وەدەگوترێ دوازدە چاوساغی لە دوازدەبەرەبابەکە هەڵبژارد وناردنی بۆ هێنانی هەواڵ لەزەوی کەنعانیەکان لەوانە یوشەعی کوڕی نون و وکالبی کوڕی یەفنا کەدەڵێن ئایەتی :

[قالَ رَجُلانِ مِنَ الَّذِينَ يَخافُونَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمَا ادْخُلُوا عَلَيْهِمُ الْباب [الْمَائِدَة: 23]

ئاماژەیە بۆ ئەم دوونەقیبە .

خوا بەڵێنی لەپشت بوون وپاراستن و سەرخستنی دایە ئەودوازدەنەقیبەو لەشکرەکەیان وفەرموی [وَقَالَ اللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ]

وەمەرج و مانەوەی ئەولەگەڵ بونەش وەستاوە لەسەر ئەو مەرجانە :

-لَئِنْ أَقَمْتُمُ الصَّلَاةَ :بەرپاکردنی نوێژەکان

-وَآتَيْتُمُ الزَّكَاةَ :بەخشینی زەکات وپاکانەی ماڵ

-وَآمَنْتُمْ بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ :پشتیوانی پێغەمبەران علیهم السلام

-وَأَقْرَضْتُمُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا:بەخشندەیی وخێرکردن.

بەرهەمی پابەند بوون بەو پەیماننامەش ئەوەبوو کەفەرموی :

-لَأُكَفِّرَنَّ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ سڕینەوەی تاوانەکان چونکە تاوانەکان نەسڕێنەوە شایانی چونە بەهەشت نابن.

-وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ :گەیشتن بەهەشتی نەبڕاوە.

بەڵام پابەند نەبوون وشکاندنی پەیمانەکە سزاکەی ئەوهەڕەشە بووکەفەرموی :

فَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ مِنْكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ]

گومڕایی وسەرلێشێوان سزایەتی ، گومڕاش نەلەجیهان ڕێنمایی کراوەبۆشکۆداری وسەرکەوتن نەدوای مردنیش ڕێنمایی کراوەبۆشکۆداری بەهەشتی نەبڕاوە.

ئایەتی [١٣] لەسورەتی(الْمَائِدَة)

﴿فَبِمَا نَقْضِهِمْ مِيثَاقَهُمْ لَعَنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِعِهِ وَنَسُوا حَظًّا مِمَّا ذُكِّرُوا بِهِ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَى خَائِنَةٍ مِنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاصْفَحْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (13) ﴾

واتە :

جا بەهۆی ئەوەوە کە نەوەی ئیسرائیل ئەو پەیمان و بەڵێنەیان شکاند، نەفرەتمان لێکردن و دڵەکانیانمان ڕەق و سەخت و ڕەش کرد (ئەم پەیمانشکاندن ودڵ ڕەقیەش گەیاندنی بەوەی کە) کە: فەرمایشت وبەڵێن وپەیمانەکانی(تەورات) بگۆڕن ، بەشێک لەو بەڵێن وبەختەی بەیادمان هێنابوونەوە ئەوان لەیادیان کرد ،(چونکە ناپاکیان لەخواوئاینەکەی کردبۆیە) بەردەوام دەبینیت و بۆت دەردەکەوێت کە زۆربەیان ناپاک و دوژمنکارن، مەگەر کەمێکیان نەبێت، (بەڵام بۆتۆ واباشە کە) هەر لێیان خۆش ببەو چاوپۆشیان لێ بکە، چونکە بەڕاستی خوا چاکەکارانی خۆشدەوێت.★

لێرەدا خێرا سەرەنجامی هاوکێشەکەمان زانی ، بەتایبەت ئەوکاتەی کەئایەتەکە دابەزیوە کۆمەڵێکی پەرتەوازەوناکۆکی بەرەبابەکانی ئیسرائیل لە مەدینە بوون کە مسوڵمانەکانی مەدینە بەچاوی خۆیان دیبوویانن ولەگەڵیان ژیابوون .

وەک ئایەتەکە بڵێ ئەوجولەکانە بەهۆی شکاندنی ئەوپەیمانەوە گەیشتوونە ئەو دۆخەی کەنەسەرەوەریان ماوەو نەقەوارە .

ئەم ئایەتانە لەقورئاندالە بارەی لاڕێبوونی جولەکە زۆرن وەک :

- فَبِما نَقْضِهِمْ مِيثاقَهُمْ وَكُفْرِهِمْ [النِّسَاء: 155] بەهۆی پەیمانشکێی وبێباوەڕیان.

- فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هادُوا حَرَّمْنا عَلَيْهِمْ طَيِّباتٍ ... سُورَةِ النِّسَاءِ [160] .بەهۆی ستەمکردنی جولەکەکان شتەپاک وحەڵاڵەکانیشمان لێ حەرام کردن.

[اللَّعْنُ] واتە دوور خستنەوە لەڕەحمەتی خوا، هەرکەسێ لەڕەحمەتی خوا دووربێت واتە خوا غەزەبی لێ گرتووەو لێی تووڕەبووە .

دڵ ڕەقی وبێبەزەیی بوون نیشانەی چارەڕەشیانە .

ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُمْ مِنْ بَعْدِ ذلِكَ [الْبَقَرَة: 74] .دڵەکانیان ڕەق بوو بەهۆی تاوان وسەرپێچی

[يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَواضِعِهِ]

واتە لاڕێ کردن (انحراف) ولەڕێ لادان وپەرگێرکردنی ئەو پرەنسیپ ورێساڕاستە میانڕەوانەی لەتەوڕاتداهەن ،چونکەخۆیان پەرگیرو لاڕێن ، بۆیە خۆشیان لەڕێسای میانڕەوو ڕاستەڕێ نایە .

بەهۆی ئاڵودەبوونیان بەلاڕێی [وَنَسُوا حَظًّا]بەخت وبەش وچارەنوس وبەڵێنێکی زۆرباش لەتەوڕات دا کەپێیان درابوو فەرامۆشیان کردو بیریان چووەوە ، چونکە دەربڕینی [حَظًّا]نەناسراوە ، واتە بەخت وبەشێکی باش وزۆر .

ئەم چیرۆکە کەلەدوای باسی پەیمان وەرگرتن لەمسوڵمانان هات هەموو بۆ ئەوەیە کە مسوڵمانان پەندیان لێ وەرگرن وهەرلەسەتای ئاینەکەوە ئەونمونە ڕەنجەڕۆیەیان لەپێش چاوبێ و ئەزمونی بەدکاری ودژایەتی خواوپێغەمبەر علیە السلام دووبارەنەکەنەوە تاکو توشی هەمان چارەنوسی بەنەفرەتکران ولاڕێ بوون نەبن .

بۆیە مسوڵمانانی پێشین هەوڵی زۆریان داوە ئەم ئاینە لە لاڕێبوون بپارێزن ، بەو حوکمانەی بەقیاس گەیشتون پێی دەڵێن ئەوەبەشێکە لەئاین بەڵام بەشێک نیە لەوەی خوا فەرمویەتی ، حوکمە چەسپاوەکان بەدەق قورئان لەوحوکمانەی بە قیاس وپێوانە و وێک چوون چەسپاون جیاکراونەوە.

هەرلەکاتی موساوە علیە السلام تائێستا [وَلا تَزالُ تَطَّلِعُ عَلى خائِنَةٍ مِنْهُمْ] ئەوان پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەرەکەی خۆیان شکاندوە کە شکۆداری دنیاوقیامەتیانی تێدابوو ، چاوەڕێ مەبە لەگەڵ تۆش پابەندی بەڵێن وپەیمان بن ئەی پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

[الْخَائِنَةُ] بێ وەفایی نواندن وشکاندنی بەڵێن وپەیمان وناپاکی لێکردنیەتی .

لەگەڵ ئەوەشدا قورئان شایەتی بۆو کەسە کەمانەدا کەپاندی ئاینەکەیان بوون ، وە پێغەمبەرصَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم و مسوڵمانانی پەیڕەوی پێغەمبەریش صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم فرمانمان پێکراوە کە لەهەڵس وکەوتمان لەگەڵ جولەکە پابەندی ڕێساکانی ڕەوشتی جوان بین وچاوپۆشیان لێ بکەین چونکە لەوەی کەدەیکەن لەوەزیاتر لەئوممەتێک چاوەڕێ ناکرێت کە بەهۆی شکاندن وناپاکی لەبەڵێنی خوا بەرنەفرەتی خواکەوتبن .

ئایەتی [١٨] لەسورەتی(الْمَائِدَة)

﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى نَحْنُ أَبْنَاءُ اللَّهِ وَأَحِبَّاؤُهُ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُمْ بِذُنُوبِكُمْ بَلْ أَنْتُمْ بَشَرٌ مِمَّنْ خَلَقَ يَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ (18) ﴾

واتە :

جوولەکەو نەسرانیەکان دەیانوت: ئێمە ڕۆڵەی خواو خۆشەویست و نزیکی ئەوین، پێیان بڵێ: کەواتە بۆچی لەسەر گوناهو تاوانەکانتان سزاتان دەدات ، بەڵکو ئێوەش کەسانێکن لەو خەڵکەی کە دروستی کردووە، ئەوەی خوا بیەوێت لێی خۆشدەبێت، ئەوەش کە بیەوێت سزای دەدات ،(چونکە) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیاندا هەیە هەر خوا خاوەنیانە، گەڕانەوە و سەرئەنجامیش هەر بۆ لای ئەوە .★

ئەم ئایەتە ڕووی گوتاری لەهەردوو ئاینی جولەکە و مەسیحیە کە خۆزگەو لێدوانی سەیروسەمەرەیان هەیە وتەنانەت لەتەوراتەکەشیان ئەوڕستەیان بەدەم موساوە هەڵبەستوە لە سفری التَّثْنِيَةِ لە ئیسحاحی چوار کەدەڵێت:

«أَنْتُم أَوْلَادٌ لِلرَّبِّ أَبِيكُمْ»

وەلە ئینجیلەکانیش زۆرهاتوە کەخوا باوکی مەسیح و باوکی بڕواداران وئاشتی خوازان و....

مەبەستی جولەکە و مەسیحیەکان ئەوەبوو کەخوا ئێمەی خۆش دەوێت ، بۆیە خوا بەوە وڵامی دونەتەوە ئەی کەواتە بۆچی لەناوتان دەبات ؟ خۆ نابێت باوک مناڵەکانی ئازاربدات ؟

ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە خوا خۆشەویستانی ئازارنادات ، ئەوەی لەجیهان هەیە بۆ بڕوادارانی ڕاستەقینە بۆ پاک بونەوەیانە لەتاوان .

لای مەسیحیەکان هەموو مرۆڤایەتی شایانی ئازارچەشتنە بەهۆی ئەوهەڵەی کەئادەم کردویەتی ، بەڵام ئەوەی کەهەموو مرۆڤایەتی بەخشیوە لەخاچدرانەکەی مەسیحە .

ئایەتی [٢٠-٢٢] لەسورەتی (الْمَائِدَة)

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَاقَوْمِ اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنْبِيَاءَ وَجَعَلَكُمْ مُلُوكًا وَآتَاكُمْ مَا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِنَ الْعَالَمِينَ (20) يَاقَوْمِ ادْخُلُوا الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ (21) قَالُوا يَامُوسَى إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَنْ نَدْخُلَهَا حَتَّى يَخْرُجُوا مِنْهَا فَإِنْ يَخْرُجُوا مِنْهَا فَإِنَّا دَاخِلُونَ (22)﴾

واتە :

کاتێک موسا بەنەتەوەکەی وت: ئەی نەتەوەی من یادی بەخششەکانی خوا بکەنەوە لە سەرتان کە پێغەمبەرانی لەناو ئێوەدا داناوە، وکردونیە پاشا ودەسەڵاتدار .وەهەڵی بژاردوون وپایەداری کردوون لەسەرخەڵکانی سەردەمی خۆتان .★

ئەی نەتەوەی من دەبچنە ناو ئەو زەویە پیرۆزەی کە خوا پێویستی کرد لەبەر سوودی خۆتان بچنە ناوی، پاشگەز مەبنەوەو پاشەکشێ مەکەن تا ڕەنجەڕۆو زەرەرمەند نەبن.★

(نەتەوەکەی) گوتیان: ئەی موسا بەڕاستی خەڵکێکی دەسەڵاتدارو خۆسەپێنی تێدایە، بێگومان ئێمە هەرگیز ناچینە ناوی تا ئەوانی لێدەرنەچن، جا ئەگەر ئەوان دەرچوون لێی، ئەوکاتە ئێمە دەچینە ناوی ★

ئەم چیرۆکەش پەیوەندی زیاتر ڕونکردنەوەونمونە هێنانەوەی بە ئایەتەکانی پێش خۆیەوە هەیە .

پێغەمبەران و پەیامەکانیان چەند گرێبەست وڕێساوبنەمایەکن واپێویست دەکا لەسەر پەیڕەوانیان کە پێیانەوە پابەند بن .

لەمەوپێش زۆر ئاماژەی بە بنەماڵەی ئیسرائیلیەکان کرد ، لێرەش درێژە بەچیرۆکەکەیان دەدات ، موسا

- عَلَيْهِ السَّلَامُ- داوالە نەتەوەکەی دەکات کە ئەوخودایەی ئەوهەموو بەخششانەی پێ بەخشیون وئاین وبەرنامەو پەیڕەوێکی خەڵات کردون کەئەگەربەباشی پەیڕەوی بکەن و بەرپای بکەن کلیلی بوونە پاشاو دەسەڵاتداری جیهانە ، ئەوئاینە و ئەو خوایەی هەڵی بژاردون ولەگەڵیانە لێیان دەخوازێ بچنە ناو وڵاتی دێرینی پیرۆزی بابوباپیرانیان و ئەوئاینەی باپیرانیان بیربێننەوە وکە ڕێگریان لێکرد جەنگ لەگەڵ کەنعانیەکان بکەن .

موسێ سێ تایبەتمەندی بیر ئیسرائیلیەکان هێنایەوە :

١-ئەوان پێغەمبەرانیان تێداهەڵکەوتون وەک ئیبراهیم وئیسحاق ویعقوب ویوسف تادەگاتە موساوهاڕوون.

ئەم داوایەی موساله سفری خروج ئیسحاحی ١٥ وسفری عدد ئیسحاحی ١١ ش هاتووەو چەندین پێغەمبەریش ناویان هاتووە.

٢-پاشایەتی : پێش یوسف باپیرانیان وەک پاشا شکۆداربوون ،ئیبراهیم وئیسحاق ویەعقوب کەس پاشایەتی بەسەردانەکردوون ،یوسف ودوای یوسفیش دەسەڵاتیان لەمیسرهەبوو، دوای هاتنەوەشیان خۆیان دەسەڵاتداری خۆیان بوون .

٣-ئەوەی خوا بەخشیویەتی بەوان بەهاوسەردەمەکانی ئەوانی نەداوە لە کتێب وشەرع وزانست و موعجیزە وبڕواداری ....

دوای ئەو پێشەکیە ئەوجار موسا علیه السلام دەفەرموێ :

[يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ....

بچنە ناو وڵاتی پیرۆزیەکان ، ئەو وڵاتە لەبەر ئەوەی کە ئیبراهیمی لێ ژیاوەو نێژراوە پیرۆزە ،یان وەک مەکە پێش دابەزینی ئادەم وئادەمیزادیش هەرپیرۆز بووە؟ پیرۆزیەکە لەپێش ئیبراهیمە چونکە قورئان دەفەرموێ :

[وَنَجَّيْنَاهُ وَلُوطًا إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا لِلْعَالَمِينَ (الانبياء 71)

کەواتە شام وفەلەستین پێش چونی ئیبراهیم ولوت علیهما السلام هەرپیرۆزبوون ،بگرە پێش نیشتنەوەی کەشتی نوح علیه السلام ئەو وڵاتە پیرۆزبووە.

ئەو پیرۆزیە هەموو شام دەگرێتەوە .

مەبەست لە [الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ]بۆ ئێوەی نوسی ، واتە بۆ ئێوەی بڕیارداو دیاری کرد.

بێگومان هەر گەلێک پەیامی ئاسمان و کتێب وشەرعی پێدرا ناوچە پیرۆزەکانی زەویش بۆ ئەون ،کاتێ نوح علیه السلام پێغەمبەر بوو لەجودی تا وڵاتی شام ،سامی کوڕی نوح و سەنعای نەوەی بۆ ئەوبوو . کاتێ ئیبراهیم بوە پێغەمبەر هەرلەجودیەوە تا مەکەو قودس و سینای درایە .

وەتا ئیسرائیلیەکان پابەندی شەریعەتی موسابوون لەژێردەستیان بوو ،بەڵام کاتێ پێغەمبەرانیان کوشت وسوکایەتیان بە قودسی ئەقداس کرد درایە گەلانی ڕۆم کە مەسیحی بوون ، کاتێ ئەوانیش لەڕێی پیرۆزی ئاینەکەیان لایان دا کەوتە دەستی مسوڵمانان .

دواترکاتێ ئیسلام هات هەموو وڵاتە پیرۆزەکانی کەوتە دەست وە مانەوەی ئەوناچەپیرۆزانە لای وانیش بەستراوە بە پتەوی پەیوەندیان بە پەیامی ئاین وشەریعەتەکەیان .

نوسینی وڵاتی پیرۆزیش لەتەوڕات دا بۆ نەوەکانی ئیبراهیمە علیه السلام ، هەریەک لە ئیسرائیلیەکان و ڕۆمە عیسیەکان و عەرەبە ئیسماعیلیەکانیش نەوەی ئیبراهیمن

وەهەرئەوکاتە موساجولەکەکانی ترساند کە[وَلَا تَرْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ]

چونکە پشت هەڵکردن لەوئەرکە پیرۆزە جۆرێکە لەناسوپاسگوزاری ، بەخشەکانیش بەسوپاسگوزاری زیاددەکەن و بەناشکوریکردن لێت وەردەگیرێنەوە، واتە پێدانی زەوی وبەرنامەوپیرۆزی وپۆستی ڕوحی هەتاهەتایی نین وبەمیراتیش ناگیرێن ، وەک خوا وڵامی ئیبراهیمی علیه السلام دایەوە کاتێ داوای کرد ئەوپەیامە نەوەکانیشی پێشەنگ بن ، بەڵام خوافەرموی بەڵێن وپەیمانی من ستەمکاران ناگرێتەوە .

پاشەکشەش لەوەرگرتنی شەرەفمەندانە چارەنوسی ڕەنجەڕۆیی دێنێت.

بەنو ئیسرائیل وەک لەوەوپێش زۆرسەرکەش بوون ودژایەتی موسایان کرد و گوێرەکەیان پەرست ، ئەم جارەش بەڵێن وپەیمانەکی خوایان خشتە ژێر پێ وگوتیان

[قَالُوا يَامُوسَى إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَنْ نَدْخُلَهَا حَتَّى يَخْرُجُوا مِنْهَا فَإِنْ يَخْرُجُوا مِنْهَا فَإِنَّا دَاخِلُونَ]

گەلانی نیشتەجێ لەفەلەستین گەلانێکی بەزەبروزەنگ بوون ،بۆیە گوتیان گەلێکی خۆسەپێنی بەزەبروزەنگی تێدان بۆیە ئێمە بە مسۆگەری ناوێرین هەرگیز بچینە ئەوێ تائەوخۆسەپێنانە لەوێ بن ،جاکەئەوانە لەوێ نەمان دەتوانین بچینە ناوی.

ئیسحاحی ١٣و١٤ ی سفری عەدەد لەتەوڕات باسی چیرۆکی یوشع وکالب ودەهاوڕێکانیان دەکات کە موساناردبوونی بۆ هەواڵ زانینی شارو ئاوەدانیەکانی کەنعانیەکان بەڵام ئەوان زۆرترسابوون

لەزەبەلاحی لاشەی کەنعانیەکان و جگە لەیوشع وکالب دە بنەماڵەکانی تری بنەماڵەی ئیسرائیل بڕیاریان دا نەچنە ناوزەوی پیرۆز.

ئایەتی [٢٣-٢٦] لەسورەتی(الْمَائِدَة)

﴿قَالَ رَجُلَانِ مِنَ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمَا ادْخُلُوا عَلَيْهِمُ الْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَالِبُونَ وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (23) قَالُوا يَامُوسَى إِنَّا لَنْ نَدْخُلَهَا أَبَدًا مَا دَامُوا فِيهَا فَاذْهَبْ أَنْتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلَا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ (24) قَالَ رَبِّ إِنِّي لَا أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِي وَأَخِي فَافْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ (25) قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الْأَرْضِ فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ (26) ﴾

واتە :

دوو کەس لەوانەی کە(هەرچەندە ئەوانیش لەزەبەلاحەکان)دە ترسان (بەڵام) خوا نیعمەتی لەگەڵ کردن (بوێری وئازایەتی پێ بەخشین) گوتیان: لە دەروازەی شارەوە بچنە ناویان و هەر کە چوونە ناو وڵاتەکە (مادام خوابۆ ئێمەی نوسیوە کەواتە) بێگومان ئیتر ئێوە سەرکەوتوون ،وە دەبێت: بە تەواوی پشت بە خوا ببەستن ئەگەر ئێوە ئیماندارن.★

کەچی(کەگەڕانەوەلای موسا) گوتیان: ئەی موسا دڵنیابە ئێمە هەرگیز ناچینە ئەو شارەوە و ڕووی تێناکەین مادەم ئەوانەی تێدا بێت، تۆ بچۆ خۆت و پەروەردگارت دژیان جەنگ بکەن ، ئێمە بەڕاستی ئا لێرەدا دانیشتووین .★

موسا گوتی: پەروەردگاری من بەڕاستی من تەنیا دەسەڵاتم بەسەر خۆم و براکەمدا هەیە ، (ئێمە ئامادەی هەموو فەرمانێکی تۆین) ئیتر داواکارین کە ئێمە جیا بکەیتەوە لەو خەڵکە تاوانکار و لاڕێبووە .★

خوا فەرمووی: بەڕاستی ئەوە ئیتر ئەو وڵاتە لەسەریان حەرامە، دەبێت بۆماوەی چل ساڵ وێڵ و سەرگەردان بن لەسەر زەویدا ئیتر خەفەت مەخۆ بۆ گەل و هۆزی تاوانبار و لاڕێ .★

لە تەفسیری ئایەتەکانی پێشوو باسی ئەودوازدەکەسەی بنەماڵەکانم کرد کەدەلەوان زۆرترسابوون کاتێ زەبەلاحەکانیان بینی و خۆزگەیان خواست هەرلەمیسر لەژێردەستی فیرعەون بونایە وتوشی ئەو دۆخە سامناکە نەبوونایە .

هەرچەندە یوشع وکالب ئامۆژگاریان کردن بەڵام سودی نەبوو.

کاتێ گەڕانەوەلای موسا ئەوەی بە موسایان گوت زۆر لەوەش خراپتربوو کەلەڕێگا گوتبوویان بۆیە خوا بەوەسزای دان کەبۆماوەی چل ساڵ لەوبیابانە سەرگەردانی کردن وچونە ناوزەوی پیرۆزی لێ قەدەغەکردن .

لەم چیرۆکە دەردەکەوێت کە بوێری و ئازایەتی نیعمەتی خوایە وبەرهەمی بڕوای پتەوو پشت بەخوابەستنە ، ئەم دوو پیاوەش لەوزەبەلاحانە ترساون ،بەڵام ئومێدیان بەوبەڵێنەبووە کەخوا پێی داون .

پێدەچێ ئەو دەروازە دەروازەی شوڕای ئەریحا یان قادش بێت

دوای گەڕانەوە لای موسا ،ئامۆژگاری یشع وکالب هیچ سودی نەبوو ، بۆیە بەموسایان گوت ، وەک چۆن دەریاکەت لەت کرد وفیرعەون ودارودەستەکەت لەناوبرد ئەم زەبەلاحانەش لەناوبەرە .

ئەمەش زیانی پشت بەستن بەڕەگەزی کاری نائاسایی و موعجیزەو وازهێنان لەهەوڵ وکۆششی مرۆیی ئەوجۆرە کەسانە دروست دەکا

ئەم چیرۆکە لەناو جولەکەکان باو بوو ، عەرەبەکانی مەدینەش لەجولەکەکانیان بیستبوو بۆیە لەجەنگی بەدر وایان بە پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گوت

«يَا رَسُولَ اللَّهِ لَا نَقُولُ كَمَا قَالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ» فَاذْهَبْ أَنْتَ وَرَبُّكَ فَقاتِلا إِنَّا هاهُنا قاعِدُونَ...

واتە کەئێمە وەک ئیسرائیلیەکان ناڵێین خۆت وخوداکەت بچن شەڕبکەن وئێمە لێرەچاوەڕێی یەکلابونەوەی جەنگەکە دەکەین ...

کە دوای چەندساڵ ئەم چیرۆکە دابەزی سەلماندی کەئەوچیرۆکەی جولەکەکان لەوبارەوە گوتویانە ڕاستە وهەڵبەستراو نیە .

موسی بۆیە لەم ڕوداوە ئاماژەی بۆ یوشع وکالب نەکرد تا دووبەرەکی لەناو بنەماڵەکانی ئیسرائیل دروست نەبێ ، لەکتێبی جولەکەکان ئەم ڕوداوە دوای مردنی هارۆن ڕویداوە .

بۆیە دەگونجێت کە مەبەست لە گوتەی موسا خۆم وبراکەم یوشەع بووبێ نەک هارۆون ،وەلەسورەتی کەهف[الْكَهْف: 60] بە فەتای موسا ناوی هێناوە،دوعاکەی موسابۆئەوەبوو کەخوا بەهۆی یاخی بوونی ئیسرائیلیەکان لەویش تورەنەبێت وچارەنوسی ئەویش وەک ئەوان نەبێت .

(التِّيْهُ) واتە مانەوە بەسەرگەردانی وسەرلێشێواوی ، موسا و ئەو دەکەسەی قسەکەیان کرد لەماوەی چل ساڵەکە مردن ، دوای موسا بەسەرکێشی یوشع لە ڕوباری ئوردن پەڕینەوە دوای لەناوچوونی ئەو نەوە ترسنۆکە .

ئایەتی [٣٢] لەسورەتی(الْمَائِدَة)

﴿مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ بَعْدَ ذَلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ (32) ﴾

واتە :

لەپێناوی ئەوە (تاکو کوشتنی نارەوای بەناحەق ڕوو نەدات) ئێمە پێویستمان کرد لەسەر نەوەی ئیسرائیل ئەوکەسەی کەسێک بەناحەق بکوژێت و لە جیاتی کوژراوێک نەبێت، یان گوناهو تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت لەزەویدا (وەکوجەردەیی و دەستدرێژی و... هتد)، ئەوە وەک ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت، ئەوەش کەسێک لە مەرگ ڕزگار بکات، هەروەک ئەوە وایە هەموو خەڵکی لەمەرگ ڕزگار کردبێت و ژیانی پێ بەخشی بن، بەڕاستی پێغەمبەرانمان بە بەڵگەو نیشانەی ئاشکراو دیارەوە هاتن بۆ لایان (تا پابەندی حەق و داد بن) کەچی زۆربەیان دوای ئەو ڕێنموویيانە، هەر زیادەڕەویان کرد لەم سەر زەمینەدا .. ★

کەواتە خوا ئەم بنەمایەی کە مەبەست وئامانجی هەموو ئاینەکان و هاتنی پێغەمبەرەکانە کە پارێزگاری لە سەروژیانی مرۆڤایەتی بکەن وکوشتن بەناحەق لەهەموو ئاینەکان یەکێکە لەتاوانە گەورەکان ، بۆیەشە لەسەر نەوەی ئیسرائیل فەرزکراوە تاکو کەس ڕەنجەڕۆو شەرمەزارنەبێت

[كَتَبْنا] واتە بەشەرع وئەرک لەسەریان فەرزمان کرد .

[أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ] دەڵێن ڕاناوی شأن چۆتە سەر(ان)

واتە ئەو بابەتە شأن و پلەوپایەکی زۆرسامناک وبەهەیبەت وبە سامی هەیە ،کاتێک کەسێک بەناحەق کەسێکی تربکوژێت .

ئەویش ئەوەیە کە هەرکەسێک بەناحەق کەسێک بکوژێت وئەوتاوانە گەورە ئەنجام بدات ، ئەوتاوانە ئەوەندە گەورەیە وەک ئەوەی هەموو مرۆڤایەتی کوشتبێت ، هەربۆیەشە بتەنها کوشتنەوە تاوانی ئەوکەسە دەسڕێتەوە :

﴿وَكَتَبْنا عَلَيْهِمْ فِيها أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ [الْمَائِدَة: 45] .﴾

بێگومان کەسەکان حەزیان لەتەمەنی درێژە ،بۆیە کەتاکێک لەکاتی توڕەیی کەسێکی کوشت بۆیەدەکوژرێتەوە تابۆ جگەلەخۆی ببێتە پەند ، وەئەوانەی دەوروبەری کاتێ ئەوە دەبینن بەسەر توڕەیی خۆیاندا زاڵ دەبن ولەبەرپاراستنی ژیانی خۆیان لەتوڕەیی خەڵک ناکوژن.

بۆیە قورئان دەفەرموێت :

﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصاصِ حَياةٌ يَا أُولِي الْأَلْبابِ [الْبَقَرَة: 179] ﴾.واتە لەتۆڵەکردنەوەوکوشتنەوەی بکوژ ژیان وزیندەگیتان دەست دەکەوێ ..

جاکاتێ خەڵک دەزانن کە بکوژ تاوانی واگەورەیە وەک ئەوەی هەموو مرۆڤایەتی کوشتبێت لەناوکۆمەڵگا حەشارنادرێت وهەمووان هاوکاردەبن بۆ ڕادەستکردنی بە شەرع ویاسا.

هەرخودی کەسەکە دەروونی لێی ناگەڕێت وخۆی ڕادەست دەکات ، وەبەرپرسان و دەسەڵاتداران لەم تاوانە دووردەکەونەوەو خۆشیان کەسانی بکوژ پەناو داڵدە نادەن.

جاهەروەک چۆن کوشتنی بەناحەق تاوانەکەی ئەوەندەگەورەیە ، بوونەهۆکاری ڕزگاربوون ونەکوژرانی کەسێکی بێ تاوانیش خێرێکی ئەوەندە گەورەیە وەک زیندوو کردنەوەی هەموو

مرۆڤایەتیە ، چونکە ئەو مرۆڤە چینگنە تورەوتۆسنە کەلەوساتەی توڕەییە لەجیاتی ئەوکەسە ئامادەیە هەموو مرۆڤایەتی بکوژێت بۆ ڕازیکردنی دەروونی نەخۆشی.

وەئەوکەسە خێرخوازو میهرەبانەش کە ئامادەیە پێ لەدەروونی سەرکەشی نێت و توڕەیی ولوت بەرزی وهەستەکانی سەرکوت دەکات بۆ دەربازکردنی تەنیا کەسێک کەلەوانەیە ئەوکەسە ستەمکاریش بێت وستەمی زۆریشی لێکردبێت ، ئەی ئەودەروونە ئاوەدانە بە میهرەبانی چۆن ئامادەنیە بۆ زیندو کردنەوەی هەموو جیهان میهرەبانی چەند دەنوێنێت ؟

ئایەتی [٤١-٤٢] لەسوڕەتی (الْمَائِدَة)

﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لَا يَحْزُنْكَ الَّذِينَ يُسارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الَّذِينَ قالُوا آمَنَّا بِأَفْواهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِنْ قُلُوبُهُمْ وَمِنَ الَّذِينَ هادُوا سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّاعُونَ لِقَوْمٍ آخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ مِنْ بَعْدِ مَواضِعِهِ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذا فَخُذُوهُ وَإِنْ لَمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا وَمَنْ يُرِدِ اللَّهُ فِتْنَتَهُ فَلَنْ تَمْلِكَ لَهُ مِنَ اللَّهِ شَيْئاً أُولئِكَ الَّذِينَ لَمْ يُرِدِ اللَّهُ أَنْ يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ لَهُمْ فِي الدُّنْيا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذابٌ عَظِيمٌ (41) سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ فَإِنْ جاؤُكَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ وَإِنْ تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَنْ يَضُرُّوكَ شَيْئاً وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (42)﴾

واتە :

ئەی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) با غەمبارت نەکات کە(دەبینی)کەسانێک هەن بەپەلە بەدەم بێ باوەڕیەوە دەچن، لەوانەی کە بەدەم و زار دەڵێن: باوەڕمان هێناوە، بەڵام دڵیان باوەڕی نەهێناوە، وە لەوجولەکانەش کەهەرحەزبە

بیستنی درۆدەکەن   زۆر گوێڕادەگرن (تاقسەکانت بگوازنەوە) بۆ خەڵکی تریش (کە خوانەناسن وهێشتا) نەهاتوون بۆ لات، قسە دەگۆڕن و قسە وەکو خۆی ناگێڕنەوە، یاخود ئاوەژووی دەکەن، دوای ئەوەی جێی خۆی گرتبوو (ئەوانەی کە خەڵک دەنێرن بۆ لای پێغەمبەرو پێی دەڵێن: ئەگەر ئاوا بڕیاریدا لێی وەربگرن، ئەگەر وانەبوو هوشیار بن و لێی وەرمەگرن، جا ئەوەی خوای گەورە بیەوێت تووشی تاقیکردنەوە و سزای بکات، ئەوە هەرگیز تۆ خاوەنی هیچ شتێک نابیت لەلایەن خواوە بۆ ڕزگار بوونی ئەو، ئائەوانە ئەو کەسانەن خوا نەیویستووە دڵیان پاک و

خاوێن بکاتەوە (چونکە خۆشیان مەبەستیان نەبووە) ئەوانە لە دنیادا سەرشۆڕیی و شەرمەزاریی بەشیانە، لە قیامەتیشدا سزای سەخت و گەورە چاوەڕێیانە.★

ئەو (جولەکانە) زۆر بە دڵ گەرمی گوێ بۆ درۆ دەگرن و کەسایەتیان ناپوختەو زۆر حەرام خۆر و سوو خۆرن، جا ئەگەر کێشەیەکیان هەبوو، هاتن بۆ لات (تۆ سەربەستی) داوەری بکەیت لەنێوانیاندا یان گوێیان پێنەدەیت، خۆ ئەگەر گوێیان نەدەیتێ، ئەوە هەرگیز ناتوانن هیچ جۆرە زیانێکت پێبگەیەنن، خۆ ئەگەر دادوەریت کرد لە نێوانیاندا دادپەروەرانە ئەنجامی بدە، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرو ماف پەروەرانی خۆش دەوێت.★

دڵدانەوەودڵنەوایی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەو کارەبەدانەی جولەکەو دووڕووە کان بەرامبەری دەیانکرد .

بوخاری و ئەبوداود و واحدی بۆ هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتانە باسی چیرۆکی پیاوێکی جولەکە دەکەن کەزینای لەگەڵ ژنەجولەکەیەکی خەیبەری کردبوو ، هاتن تا بزانن پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چی لێدەکات ؟ جەڵدی لێدەدات ورووی ڕەش دەکات یان ڕەجمی دەکات ، لەناوخۆیاندا گوتیان کە جەڵدی لێبدات ورووی ڕەش بکات قبوڵی بکەن کە ڕەجمی کرد قبوڵی مەکەن.پێغەمبەر لێی پرسین کە حوکمی پیاوی خاوەن هاوسەری زیناکەرچیە لای ئێوە ؟ گوتیان جەڵد لێدان و ورووڕەشکردن....دەیانەویست بابەتی ڕەجم کردن بشارنەوە بەڵام پێغەمبەر زیندووی کردەوە .

ئەم ڕووداوە بێ متمانەیی جولەکەکان دەگەیەنێت بەتەوراتەکەیان ودانانیانە بەوەی کە دەیانزانی پێغەمبەر وەحی بۆ دێت بەڵام هەر بڕوایان نەدەهێنا .

ئایەتی [٤٣] لەسورەتی(الْمَائِدَة)

﴿وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِنْدَهُمُ التَّوْرَاةُ فِيهَا حُكْمُ اللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَمَا أُولَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ (43)﴾

واتە :

(سەیرە)! ئەوانە چۆن دێن و تۆ دەکەن بە دادوەر، لەکاتێکدا خۆیان تەوراتیان لایەو فەرمانی خوا بەروونی تیادایە، پاشان پشتی تێدەکەن دوای ئەوەی کە (حوکم و فەرمانی خوایان بۆ

دەردەکەوێت وبەدوای خەڵکێک دا دەگەڕێن کەحوکمی تەوڕاتیان بۆ بگۆڕێت) دیارە ئەوانە هەر ئیماندار نین ★

دوای ئەوەی لەئایەتی پێشوو هەڵبژاردنی دایە پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم لە دادوەریکردن یان نەکردنی و فەرموی

[فَإِنْ جاؤُكَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ [الْمَائِدَة:42]

لێرە بە پرسیارێکی سەرسامکار دەستی پێکرد ،

سەیرە)! ئەوانە چۆن دێن و تۆ دەکەن بە دادوەر، لەکاتێکدا خۆیان تەوراتیان لایەو فەرمانی خوای بەڕوونی تیادایە؟

سەیرە ئەوان تەوڕاتیان لایە وکەچی واز لەتەوڕات دێنن و دەیانەوێ پێغەمبەرێک کەهەموو ژیانیان دوژمنایەتیان کردووە حوکمڕانیان لەنێوان بکا ت ؟!

جولەکەکان لەمەدا هەمان سیفەتی دووڕەوەکانیان ڕەچاوکرد ،ئەوان دەیانەویست کە پێغەمبەر صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم بەگژ تەوڕات دابکەن وئەوحوکمی تەوڕات بگۆڕێت بەڵام حوکمی تەوڕات و فەرمایشتی پێغەمبەرصَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم ئەوانی ڕسواوشەرمەزارکرد.

دووڕەوەکانیش وەک جولەکەکان ئەم فێڵەیان بەکاردێنا بەڵام قورئان پەردەی لەسەرهەڵماڵین وشەرمەزاری کردن کەلەبارەیانەوەدەفەرموێت :

[وَإِذا دُعُوا إِلَى اللّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذا فَرِيقٌ مِنْهُمْ مُعْرِضُونَ وَإِنْ يَكُنْ لَهُمُ الْحَقُّ يَأْتُوا إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ [النُّور: 48، 49] .

جولەکە لەگەڵ موساوتەواوی پێغەمبەران وەکو دووڕوو جوڵاونەوە ، ئازاری هەموو پێغەمبەرانیان داوە بۆیە هەموو لە فێڵ وتەڵەکەیەکدا جولەکەکان ودووڕوەکان هاوبەش بوون وهەمان پلانیان هەبوو ،کەدەفەرموێ

[وَمَا أُولَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ] ئەمەهەواڵێکە خوا لەبارەیانەوە دەفەرموێ کەئەوان نەبڕوایان بەتەوڕات هێناوە نەبە خوا ،بۆیە سیفەتی بڕواداری لێ داماڵین .

ئایەتی [٤٤] لەسورەتی(الْمَائِدَة)

﴿إِنَّا أَنْزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا لِلَّذِينَ هَادُوا وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُوا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ وَكَانُوا عَلَيْهِ شُهَدَاءَ فَلَا تَخْشَوُا النَّاسَ وَاخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُوا بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلًا وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ (44) ﴾

واتە :

بەڕاستی ئێمە تەوراتمان ناردە خوارەوە ڕێنمایی وڕوناکی تیادا بوو ئەو پێغەمبەرانەی کە هەمیشە ملکەچ و فەرمانبەردار بوون حوکمی جولەکە، و زانا ڕەبانیەکان و شارازایەکانیان زانا ، حوکمیان دەکرد بەوەی داوایان لێکرابوو بیپارێزن لەکتێبی خوا (تەورات)، ئەوانە هەموو شایەت بوون لەسەری (کەواتە ئەی زانایانی جولەکە، ئەی ئیمانداران) لە خەڵکی مەترسن بەڵکو تەنها لە من بترسن، ئایەت و فەرمانەکانی من بەنرخێکی کەم مەفرۆشن (ئەگەر نرخەکە هەموو دنیاش بێت هەر کەمە) جا ئەوەی حوکم و داوەری بەو بەرنامەیە نەکات کە خوا دایبەزاندووە(جالەسەردەمی هەر شەرع وپەیامێک بێت)، ئائەوانە بێ باوەڕن.★

لەم ئایەتەدا چەند وەسفێکی جوانی تەوراتی کرد کەنورورێنماییە ، وەبەدرێژایی هەزاران ساڵ چەندین پێغەمبەر و زاناوشارەزاو عابد وبانگخوازان پەیڕەویان لەتەورات کردووەوبۆ خۆیان وکۆمەڵگاکەیان کردۆتە پەیرەو .

ئاینی هەموو پێغەمبەران و وەسیەتی ئیبراهیم وئیسرائیل بۆ نەوەکانیان مان و مردنە بە ئیسلامەتی .

[فَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُم مُسْلِمُونَ [الْبَقَرَة: 132]

وەکۆتا داوای یوسف بوو علیه السلام کەخوابە مسوڵمانەتی بیمرێنێ وبیگەیەنێتە چاکەکاران :

[: تَوَفَّنِي مُسْلِماً وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ [يُوسُف: 101] .

هەندێ لەزانایان دەڵێن بۆیە تەورات دەسکاری کراو قورئان بەدسکارنەکراوی مایەوە ، چونکە خوابۆ تەورات دەفەرموێت :

[....بِمَا اسْتُحْفِظُوا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ وَكَانُوا عَلَيْهِ شُهَدَاءَ]

پاراستنەکەی بەزانا ڕەبانی وحیبرەکان سپارد ، بەڵام بۆ قورئان دەفەرموێت :

﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحافِظُونَ [الْحجر: 9]. ﴾

خوا پاراستنەکەی قورئانی کردە ئەرکی خۆی .

بۆیە کاتێ پاراستنی تەوڕات لەدوای پێغەمبەران بەرپرسیاری ئەحبار ورەبانیەکان بوو بۆیە پێی فەرمون :

﴿فَلَا تَخْشَوُا النَّاسَ وَاخْشَوْنِ ﴾

وەهەروەشەشی لێکردن کەنەچن بۆ دەستکەوتنی دەستکەوتێکی کەم تەوڕاتەکە بگۆڕن :

﴿وَلَا تَشْتَرُوا بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلًا﴾

وەکۆتایی ئایەتەکەشی بەفرمانێکی چارەنوسساز هێناو فەرموی ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾

ئەم هەواڵە لە مێژووی ئیسلامدا مشت و مڕێکی زۆری دروستکردوە .

هەندێک لەزانایان ئەو حوکمەیان تایبەتکردوە بەجولەکە وگوتویانە ئەمە بۆ مسولْمانان نیە.

بۆچونێکی تر گوتویانە ئەوە [کفر دون کفر] وبێباوەڕی بچوکە چونکە ناکرێت کەسێک فەرمانێکی شەرع جێبەجێ نەکات لەبەر ئەوەی حەزوئارەزوی پێ کۆنترۆڵ نەکرێ بلێی بێباوەڕە ئەووەڕێبازی خەوارجە.

کۆمەلێکی ترگوتویانە ئەوەی حوکمەکە وازلێبێنێ و بەحەلاڵی بزانێت وخەڵکی ناچارکات لەسەرپابەندی بە حەزوئارەزووی خۆی ، ئەمانە کە کارەکەیان بەحەلاڵ بزانن ئەوانە بێباوەڕن .

بەتایبەت ئەوحاکم وقازی ودادوەرانەی خەڵک ناچاردەکەن کە پەیڕەوی لەیاسای مرۆڤکرد بکات .

ئایەتی [٤٥] لەسورەتی(الْمَائِدَة)

﴿وَكَتَبْنا عَلَيْهِمْ فِيها أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنْفَ بِالْأَنْفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصاصٌ فَمَنْ تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِما أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (45)﴾

واتە :

(لە تەوراتدا) پێویستمان کردووە لەسەریان کە بەڕاستی هەر کەسێک کەسێک بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە و چاوی یەکێک کوێر بکات، دەبێت چاوی کوێر بکرێتەوە و لووتی یەکێک عەیبدار بکات دەبێت لووتی عەیبدار بکرێتەوە و گوێی یەکێک ببڕێت دەبێت گوێی ببڕدرێتەوە و ددانی یەکێک بشکێنێت دەبێت ددانی بشکێنرێتەوەو برین و زامەکانیش هەروەها تۆڵەیان بەگوێرەی خۆی بۆ دەسەنرێتەوە، جائەوەی لە تاوانبار خۆش ببێت، ئەو چاوپۆشی و لێخۆشبوونە دەبێتە کەفارەتی گوناهانی، بێگومان ئەوەی حوکم و داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندوە، ئائەوانە هەر ستەمکارن.★

لەدوای ئەوەی باسی حوکمی تەوراتی کرد ئەم ئایەتە درێژەی پێدا بە فەرمانەکانی تۆڵەکردنەوە لەتەورات دا ، ودواتر فەرموی :

﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِما أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾

چونکە ئەو ناکۆکی وئەندام شکاندنانە کە کەسی سەرکەش تۆڵەی لێ نەکرێتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسی سەرکەش خەڵک زیاتر ئازاربدات ،بەڵام کە تۆڵە لەخەڵکی سەرکەش بکرێتەوە خەڵکی کەمتر ئەوستەمە لەیەکتردەکەن ، کەئەو تۆڵەکردنەوانە جێبەجێ نەکرێن مافی خەڵکی بەسەریەکەوە دەمێنێت وستەم بەرپادەبێت .

سەرەتای ئایەتەکە دەفەرموێت کەسێک کەسێکی کوشت دەبێ بکوژرێتەوە .

جولەکەکان جیاوازیان دەخستە نێوان تیرەوهۆزەکانی جولەکە قورەیزەکانیان کەمتر لە بنەماڵەی نەزیر دادەنا ، بۆیە لەم ئایەتەدا جەختی لەسەر یەکسانی لەتۆڵەکردن دا .

ئایەتی [٥٩-٦٠] لەسورەتی (الْمَائِدَة)

﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتابِ هَلْ تَنْقِمُونَ مِنَّا إِلاَّ أَنْ آمَنَّا بِاللَّهِ وَما أُنْزِلَ إِلَيْنا وَما أُنْزِلَ مِنْ قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فاسِقُونَ (59) قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُمْ بِشَرٍّ مِنْ ذلِكَ مَثُوبَةً عِنْدَ اللَّهِ مَنْ لَعَنَهُ اللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ أُولئِكَ شَرٌّ مَكاناً وَأَضَلُّ عَنْ سَواءِ السَّبِيلِ (60)﴾

واتە :

ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) پێیان بڵێ: ئەی خاوەنانی کتێب ئەوە بە چی لەکەدارمان دەکەن و لێمان تورە دەبن؟، جگە لەبەر ئەوە نەبێت کە ئێمە بڕوای ڕاست و پتەومان هێناوە بەخواو بەو قورئانەی کە دابەزیووەتە خوارەوە بۆ سەر ئێمە و بەوەی کە پێشتر دابەزیووە بۆ سەر ئێوە ؟ یان ئەوەیە کە زۆربەتان یاخی و سەرەڕۆ و تاوانبارن★.

پێیان بڵێ: ئایا هەواڵتان بدەمێ بە کردارێک کە تۆڵەکەی لای خوا خراپترە لە تۆڵەی لەکەدارکردنی موسڵمانان، ئەوەش کرداری ئەوکەسانەن کە خوا نەفرینی لێکردون و خەشم و ڕقی خۆی ڕژاندووە بەسەریانداو هەندێکیشی کردون بە مەیمون و هەندێکیشیان بە بەراز و هەندێکیانیشی کردونە تاغوت پەرست و بت پەرست؟! ئا ئەوانە خراپترین جێگە و ڕێگەیان هەیە و گومڕاترین کەسن لە ڕێبازی ڕاست و دروست.★

واحدی وتەبەری لە ئیبن عباسەوە دەگێڕنەوە کەهۆی ئەم ئایەتە هاتنی چەندکەسێکە بۆلای پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم لەگەورەکانی جولەکە پرسیاریان لێکرد کە باوەڕ بەچ پێغەمبەرێک دەکا؟ کاتێ باسی عیسای کوڕی مەریەمی کرد گوتیان ئێمە ئیمان ناهێنین بەکەسێک کەباوەڕی بەعیسا هەیە وهیچ ئاینێک لەوئاینەی ئێوە خراپترنیە وهیچ بەشێکتان لە دنیاودوارۆژ نیە ، لە وڵامی گوتەکانی ئەم جولەکانە ئەم دوو ئایەتە دابەزین .

ئایەتی [٦١-٦٣] لەسورەتی (الْمَائِدَة)

﴿وَإِذا جاؤُكُمْ قالُوا آمَنَّا وَقَدْ دَخَلُوا بِالْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُوا بِهِ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِما كانُوا يَكْتُمُونَ (61) وَتَرى كَثِيراً مِنْهُمْ يُسارِعُونَ فِي الْإِثْمِ وَالْعُدْوانِ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كانُوا يَعْمَلُونَ (62) لَوْلا يَنْهاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبارُ عَنْ قَوْلِهِمُ الْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كانُوا يَصْنَعُونَ (63)﴾

واتە :

ئەوانە کاتێک دێن بۆ لاتان (بە درۆوە)دەڵێن ئێمەش باوەڕمان هێناوە، لە کاتێکدا ئەوانە بە بێ باوەڕیەوە هاتبوونە ژوورەوە و بێگومان هەر بەبێ باوەڕیشەوە چوونە دەرەوە، جا خوا خۆی چاک دەزانێت کە چیان حەشارداوە لە دڵ و دەروونیاندا.★

زۆرێکیش لەوانە دەبینیت بەپەلەو هەڵپەن لە زەلکاوی تاوان کردن و دەستدرێژیی ناحەق و خواردنی حەرام، بێگومان کارەکانیان زۆر خراپن .★

ئەوە تاکەی خواناس و زاناکانیان قەدەغەی گوفتاری گوناهو حەرام خۆریان لێناکەن؟ ئەم قەدەغەنەکردنەی شارەزایانیان بۆ ڕازی کردنی خەڵک زۆر نادروست و خراپە.★

دووڕوەکان لەجولەکەو جگە لەجولەکە دڵی دنیایان بەوەخۆش بوو کە
خواوپێغەمبەرومسوڵمانان بە نیازی ناودڵیان نازانن ودرۆو دەلەسەکانیان دەرناکەوێت ، بەڵام بەم ئایەتانە دەردەکەوێت کە هەموونیازەکانیان دیارن بۆ هەمووان ، بەڵام چونکە ئەم ئایەتانە دووای لەناوچوونی زۆربەی ئەوناحەزانە دابەزیون کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر نەبوون .

کە فەرموی :

﴿وَقَدْ دَخَلُوا بِالْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُوا بِهِ﴾

دەری خست کە ئەوانە هەرگیز بڕوایان نەهێناوە .

وە بێدەنگی شارەزاوزاناکانیشیان جێگای سەرکۆنە کردنە .

ئایەتی [٦٤] لەسورەتی(الْمَائِدَة)

﴿وَقالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِما قالُوا بَلْ يَداهُ مَبْسُوطَتانِ يُنْفِقُ كَيْفَ يَشاءُ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيراً مِنْهُمْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ طُغْياناً وَكُفْراً وَأَلْقَيْنا بَيْنَهُمُ الْعَداوَةَ وَالْبَغْضاءَ إِلى يَوْمِ الْقِيامَةِ كُلَّما أَوْقَدُوا نَاراً لِلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا اللَّهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَساداً وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ (64)﴾

واتە :

ئەو جولەکە (نەفام و خوانەناسانە) دەیانوت: خوا دەستی بەستراوە (خێری لەدەست نایێتەوە) ، بۆیە دەستی خۆیان بەستراو (دەوڵەت ودەسەڵاتیان ڕوخاوبوونە ئاردی ناودڕوان لەناوجیهان) ،

بەر نەفرەت کەوتن و(لەڕەحمەتی خوادوورخرانەوەو خونکاروپاشاکانی بابل سەبیان کردن ،ئەم هەموومەینەتیانەش گشتی) بەهۆی ئەم قسەیانەوە (بەسەریان هات) ، نەخێر، وانیە بەڵکو دوو دەستەکانی (پڕ لە بەرەکەتی پەروەردگار) هەمیشە و بەردەوام کراوەو وڕاخراون ، چۆنی بوێت و چەندی بوێت دەیبەخشێت! زۆربەیان (بەهۆی ڕقبونەوەیان لەوقورئانەی) نێردراوەتە خوارەوە بۆت لەلایەن پەروەردگارتەوە زیاتر یاخی بوون و ستەمیان زیاد دەکات و نغرۆیان دەکات لە کوفردا، ئێمەش هەتا ڕۆژی قیامەت دوژمنایەتی و ڕق و کینەمان لەنێوانیاندا بەرپاکردووە، هەر کاتێک دەیانەوێت جەنگ بەرپا بکەن و ئاگری شەڕ هەڵبگیرسێنن خوا دەیکوژێنێتەوە و نایەڵێت تەشەنە بکات، ئەوانە زۆر بەپەلە و بەگەرمی هەوڵی بڵاو بوونەوەی گەندەڵی و تاوان دەدەن لە زەویدا، خوایش ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە تۆوی خراپە دەچێنن ★.

ئەم ووشە لای عەرەب باوبووکە پیاوی قرچۆکیان دەگوت دەست کەلەپچەکراو بۆیە قورئان دەفەرموێت :

﴿وَلا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ [الْإِسْرَاءِ [29] ﴾

شارەزایانی تەفسیر دەڵێن لەوانەیە جولەکە ئەم گوتە ی لەسەرەتای کۆچ گوتبێت کە مسوڵمانانی کۆچەردەرکرابوون ، زۆر هەژارونەداربوون ،بۆخوێن وبۆ هەندێک کاروبار داوایان لەجولەکە کردبێ ، وەکاتێ ئایەتی

:﴿ مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضاً حَسَناً [الْبَقَرَة: 245]﴾ دابەزی گوتیان خوای محمد هەژارە داوای قەرز دەکات یان دەیانگوت خواهەژارەوئێمە دەوڵەمەندین .

.﴿... إِنَّ اللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاءُ [الْبَقَرَة: 181] .﴾

لەوەشە ئەم بۆچونە لەهاتنی قورئان کۆنتریێت ،هەرلەسەردەمی موساوە ئەم سوکایەتیەیان کردبێت بەخوا لەبەرئەوەتوشی ئەومەینەتیانە بوون.

وەدەگونجێت مەبەستی دوای هاتنی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم کە مسوڵمانەکان هەژاربوون ودەستوری مەدینەش لەنێوان خەڵکی مەدینەهەبوو بۆ زۆر ڕوداو وەک خوێنی عامریەکە پێغەمبەر ﷺ چوە لایان تا بەشدار بن لە خوێنەکەی کەسەد ووشتربوو ،جاچونکە لەوسەردەمە کۆچەریەکان و ئەهلی سوفە زۆرنەداربوون لەوکاتە ئەوقسەیان کردبێت .

بەنمونە کاتێ ئەوئایەتەیان گوێ لێ بوو کەدەفەرموێت (وَأَقْرَضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا) گوتیان خواکەی محمدهەژارە داوای قەرزمان لێ دەکات .

وە دانانی دوژمنایەتی ودەست درێژی ورِق وقینەش لەنێوان جولەکە لەوسەردەمەوەیە کە ئیسرائیلیەکان دوازدەبرابوون ،لەهەموو سەردەمەکان لەگەڵ یەکتری ناکۆک بوون وزۆرجار جەنگ لەنێوانیان ڕووی داوە .

بۆیە بەم هەواڵە دڵی پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ومسوڵمانان دەداتەوە کە دوژمنایەتی کارێکە جولەکە فرچکیان پێوە گرتووە .

﴿كُلَّما أَوْقَدُوا نارًا لِلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا اللَّهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَساداً وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ.﴾

کەڕوماڵی جەنگ لەنێوان میللەتان بکرێت دەستی جولەکە لە بەرپاکردنی زۆربەی ئەوجەنگانە هەیە .

ئایەتی [٦٦] لەسوڕەتی(الْمَائِدَة)

﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقامُوا التَّوْراةَ وَالْإِنْجِيلَ وَما أُنْزِلَ إِلَيْهِمْ مِنْ رَبِّهِمْ لَأَكَلُوا مِنْ فَوْقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ مِنْهُمْ أُمَّةٌ مُقْتَصِدَةٌ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ ساءَ مَا يَعْمَلُونَ (66)﴾

واتە :

خۆ ئەگەر بەڕاستی هەستانایە بەپەیڕەو و پیادە کردنی تەورات و ئینجیل و ئەوکتێبانەی بۆیان دابەزیوە لەلایەن پەروەردگاریانەوە ، ئەو کاتە لەئاسمانەوە بەرەکەتیان بەسەرداپەرژاو بۆ لەبەر زەوی ژێ پێیان بەپیت دەبوو ، دەستەیەک لەوانە کەسانێکی ژیرو دادپەروەر و میانەڕەو بە ویژدانن، کەچی زۆربەشیان ئەو کاروکردەوەی کە دەیکەن زۆر نادروست و نابەجێ یە.★

مەبەست لەجێبەجێکردن وپەیڕەوی تەوڕات وئینجیلە ئەوکاتەی بە پێغەمبەرەکانیان دا بۆیان نێردرابوو کەئەگەر بڕوایان پێ بێنانایە خۆشگوزەرانی ڕووی تێدەکردن چونکە ئەوکاتە کە مرۆڤ کەم وخۆراک زۆر وژیان سادەبوو بوونی شەرعێکی دادوەر خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان دێنا، قورئانیش دەفەرموێ :

﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنا عَلَيْهِمْ بَرَكاتٍ مِنَ السَّماءِ وَالْأَرْضِ وَلكِنْ كَذَّبُوا فَأَخَذْناهُمْ بِما كانُوا يَكْسِبُونَ[سُورَةِ الْأَعْرَافِ [96] .﴾

وەدەشگونجێ گوتارەکە بۆ دوای هاتنی ئیسلام بێ کەبڕوایان بە ئیسلام وقورئان و پێغەمبەرایەتی محمد کردبایە گوزەرانیان خۆش دەبوو.

بەڵام گوتەی یەکەم بەهێزترە .

ئایەتی [٦٨] لەسورەتی(الْمَائِدَة)

﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتابِ لَسْتُمْ عَلى شَيْءٍ حَتَّى تُقِيمُوا التَّوْراةَ وَالْإِنْجِيلَ وَما أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيراً مِنْهُمْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ طُغْياناً وَكُفْراً فَلا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْكافِرِينَ (68)﴾

واتە :(ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) بڵێ: ئەی خاوەنانی کتێب، ئێوە لەسەر هیچ بەرنامەو پەیڕەوێک نین، هەتا بەتەواوی پەیڕەوی تەورات و ئینجیل (پێکەوە) و ئەوەی بۆتان دابەزیوە لەلایەن پەروەردگارتانەوە پیادەی نەکەن وە زۆربەیان (لەرِقی ئەوقورئانەی) نێردراوەتە خوارەوە بۆت لە لایەن پەروەردگارتەوە یاخی بوون و ستەمیان زیاد دەکات و نغرۆیان دەکات لە بێ باوەڕیدا جا ئیتر خەفەت و پەژارە دات نەگرێت بۆ ئەو گەلە بێ باوەڕە.★

ئەوپەیامەیەکە لەئایەتی ٦٤یش ئاماژەی پێکرد و لێرەش دوبارە دووبارەی کردەوە ، پێدەچێت ئەو پەیامە بێت کەویستبێتی پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەتەواوی وبێ پێچ وپەنا بیگەیەنێت کە خاوەن کتێبەکان کەفەرموی :

﴿ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ﴾

چونکە پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زیاترحەزی لەوەبوو کە دڵی خاوەن کتێبەکان ڕاگرێت وبەنەرمی بانگیان بکات وە لەبەردڵی گران بوو کەبەم گوتارە بیاندوێنێت بەڵام خوافەرمانی کرد کەئەم حەقەیان پێ بگەیەنێت .

مەبەستی لەم گوتارە ئەوەبوو کەپێیان بفەرموێت ئێوە کە بڕوابەهەمەموو کتێبی پیرۆز نەهێنن کەبۆ پێغەرانی بنەماڵەی ئیسرائیل هاتووە هەرلەموساوە هەتاعیسا کەواتە دەبێت جولەکەکانیش باوەڕ بەعیساوئینجیل بێنن .

وەدیارە ئەوەندەش بەس نیە چونکە دوای تەورات وئینجیل پەیامی تریش هەیە [وَما أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ] ئایا مەبەستی ئەوەی کەبۆ داود وسلیمان ویەحیایە علیهم السلام یان مەبەستی قورئانە؟ هەرکە جولەکەونەسرانیەکان ئیمانیان بەوکتێبانە بهێنایە ئەوکتێبانە فرمانی خوایان تێدایە کە ئەگەر محمدوقورئان هات پێویستە بڕوای پێبێنن وپشتی بگرن ، نەک تەنانەت بیستنی ناوی محمدوئیسلام وقورئان لەتوڕەییدا بیانکاتە بوڕکان ، بۆیە لەکۆتایی ئایەتەکە هەم دڵی پێغەمبەری دایەوە کەخەفەت لەوانەنەخواو هەم بە ڕاشکاوی فەرموی ئەوانە کافروبێباوەڕو لەئاین دەرچوون ، دەی کەوایە (فَلَا تَأْسَ عَلَى الْكَافِرِينَ) پێویست ناکا بۆ کەسانی بێباوەڕ و کافر غەمبار بن .

ئایەتی [٦٩] لەسوڕەتی المائدة

واتە :

بەڕاستی(هەریەکێک لە) ئەو(ئوممەت)انەی کە باوەڕدارن(مسوڵمانان) یان یەهود ن (جولەکەن) ،یان سابیئەن (ئاینی یەحیاوئادەم (علیهما السلام)وئەوانەش کەنەسرانین (ئەو چوارئوممەتانە بەومەرجەی کە)باوەڕیان هەبێ بە(تاقانەیی وتەنیا پەرستراوی) خوا وبە (ڕاستێتی هاتنی) ڕۆژی دوایی وە کردەوەی چاک بکەن ، ئەوانە نەترس و بیم یەخەیان دەگرێت، نەخەم و پەژارە ڕوویان تێدەکات ★

شوێنی ئەم ئایەتە زۆر ووردەکاری تیایە ، واتاکەی زۆر لێوردبوونەوەی دەوێت ، شیکردنەوەو ئیعرابی ئایەتەکە پەیوەندی بەو دوو وردەکاریەوەوە هەیە .

شوێنی ئایەتەکە لە شوێنی ئایەتەکەی سوڕەتی بەقەرە وردترە کەلەوێ فەرموی :

﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَىٰ وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (سُورَةِ الْبَقَرَةِ :62) ﴾

واتە:

بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە (لە ئوممەتی محمد (صلى الله عليه وسلم)، ئەوانەش کە بوونە جوولەکە (شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی موسان)، نەسرانیەکانیش (کە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی عیسان)، (صابئە)ش کە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی داودن)، ئەوانە هەر دەستەیەکیان باوەڕی

دامەزراوی هێنا بێت بە خواو ڕۆژی دوایی و کارو کردەوەی چاکەی ئەنجام دابێت، جا ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، نە ترس و بیمیان دەبێت، نە غەم و پەژارەش ڕوویان تێدەکات.

بۆیە شوێنی ئایەتەکە لە شوێنی ئایەتەکەی سورەتی بەقەرە وردترە چونکە ئایەتەکانی پێش ئەوئایەتە لە سورەتی بەقەرە وەک ئایەتەکانی ئەم سورەتە ڕێیان بۆ ئەوبابەتە خۆش نەکردبوو ،

وە لێرە سابیئەکان بە[وَالصَّابِئُونَ] هاتووە نەک وەک سورەتی بەقەرە کە [وَالصَّابِئِينَ]بوو لەوێ سابیئە کۆتایین ولێرە لەنێوان جولەکەونەسرانیەکانن .

هەرچۆنێک بێت ئەم چوار دەستانە بڕوادارەکان و یەهودیەکان و سابیئەکان و نەسرانیەکان کە مەبەستی ئایەتەکە بڕواداران و ڕێنمایی کراوان و سابیئەو نەسرانیەکانی پێش ئیسلام و هی سەردەمی پێغەمبەرەکانیان بێ گومان بڕوابوون بە تەنهایی خواوتەنها پەرستنی ئەوو باوەڕبەزیندوو بوونەوەوکردەوەی چاک بەس بوون بۆچونە بەهەشتیان ،کەمەبەستیشی دوای هاتنی ئیسلام بێت دوای هاتنی ئیسلام وبگرە پێش ئیسلامیش ئاینەکانی جولەکەونەسرانی وسابئی بەشێوەیەک شێواوودەسکاریکرابوون کە مەحاڵ بوو کە کەسێک هەرچەندەبشیەوێ کەئیمانێکی ڕاستەقینە بە تاک وتەنهایی خوابێنێ وپەرستشێکی تەواو بۆتەنها یەک خوابا دوورلە هاوبەشیدانان ،چیرۆکەکانی زەیدی کوڕی نوفەیل و وەرەقەی کوڕی نەوفەل و سەلمانی فارسی وسەدان نمونەی تریش لە زاناوشارەزایانیان شایەتی ئەوڕاستیەن کە ئەوکاتە ئەوئاین ودەقانە بایی ئەوەیان پێ نەمابوو کە کەسێک بهێننە سەر بڕوابوون بەتاکە بەدیهێنەرێک بێ ئەوەی ئەوتاکە بەدیهێنەرە ئاوێتەی چەندان دیاردە وبونەوەرنەکەن ، وەباوەڕبەڕۆژی دوایی لای ئەوئاینانە زۆرکەم باسکراوە ، بۆیەدوای ئیسلام کەسێک کەبیەوێت بڕوابەتاقانەیی خواوزیندووبوونەوەبێنێت وکاری چاک بکات جگەلە بڕواهێنان بەئیسلام ناتوانێت بگاتە بڕوادارێکی لەوشێوە .

ئایەتی [٧٠] لەسورەتی(الْمَائِدَة)

﴿لَقَدْ أَخَذْنا مِيثاقَ بَنِي إِسْرائِيلَ وَأَرْسَلْنا إِلَيْهِمْ رُسُلاً كُلَّما جاءَهُمْ رَسُولٌ بِما لَا تَهْوى أَنْفُسُهُمْ فَرِيقاً كَذَّبُوا وَفَرِيقاً يَقْتُلُونَ (70)﴾

واتە :

بێگومان ئێمە پەیمانمان لە نەوەی ئیسرائیل وەرگرتووە (کە لە یەکخواناسی و چاکەکاریی لانەدەن)، چەند پێغەمبەرێکیشمان بۆ ڕەوانە کردوون، هەرکاتێک یەکێک لەو پێغەمبەرانەیان بەدڵ نەبوو بێت (بەهۆی لاساریی وئارەزووبازی خۆیانەوە) دەستەیەکیان (پێغەمبەرانیان) بەدرۆ زانیووە، دەستەیەکی تریشیان پەلاماریان داون و (شەهیدیان کردوون).★

دوای ئەوەی سەلماندی لەئێستادا شوێنکەوتوانی کتێبەکان بڕوادارنین و شوێنکەوتنیان بۆ کتێب وئاینەکانیان تەنیا لەدنیاسودی بۆیان دەبێت ولەدوای مردن ئەوان بێباوەڕن ، لێرەش باسی هەندێک لەلاساری و بەدکاریەکانیانمان بۆدەکات کەلەدژی پێغەمبەرانیان کردویانە وتائێستاش هەرلەسەرئەو سروشتەیانن .

لەوەوپێش لەچەندین ئایەت باسی وەرگرتنی بەڵێن وپەیمانی لەجولەکەونەسرانیەکان کرد ولەهەموو جارێکیش بەڵێنیان شکاندووە ،

ئەوپێغەمبەرانەی بۆ بنەماڵەی ئیسرائیل ناردراون وناویان هاتووە هەرلە موساوەتاعیسا دیارن وەجولەکەکان هەوڵی کوشتنی زۆرێک لەوانیان داوەو زۆرلەپێغەمبەرانیشیان کوشتوە .

ئایەتی [٧١] لەسوڕەتی(الْمَائِدَة)

﴿وَحَسِبُوا أَلاَّ تَكُونَ فِتْنَةٌ فَعَمُوا وَصَمُّوا ثُمَّ تابَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ ثُمَّ عَمُوا وَصَمُّوا كَثِيرٌ مِنْهُمْ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِما يَعْمَلُونَ (71)﴾

واتە :

(نەوەی ئیسرائیل چونکە خۆیان بەخۆشەویستی خوادەزانی بۆیە) بەهیوا بوون کە(هەرگیز) تووشی ئاشوب وبەلا نەبن هەر بۆیە کوێرو کەڕ بوون لە ئاستی حەق و ڕاستیدا، (دوایی کە زانیان زەرەریانە) تەوبەیان کرد، خوایش چاوپۆشی لێکردن، پاشان (دەستیان کردەوەبە تاوانکردن) و زۆربەیان کوێرو کەڕ بوونەوە لەئاستی حەق و ڕاستیدا، خوای گەورە بینایە بەهەموو ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەن ★

دوای ئەوەی ئەوبنەماڵەنەوەی ئیسرائیل ئەوهەموو درۆو بوختانانەیان بۆ باشترین کەسانی سەرزەوی کرد،دوای ئەوەزۆر لە پێغەمبەرانیان کوشت کەچی هەرپێیان وابوو کە خوا مافی ئەوەی نیەتوشی هیچ ئاشوبێکیان کا، پێیان وابوو خوابەێ وان ئەم جیهانەی پێ بەڕێوە ناچێت .

بەڵام ئەوەی چاوەڕێی نەبوون هات ،ئاشوب ونەهامەتی ڕووی تێکردن ،تائەوانەی لەخراپەدا ڕۆچوون تۆبەبکەن وبگەڕێنەوە

قورئان زۆر ڕوداوی وەک هاڕوت وماڕوت وڕوداوەکانی جیهانی ناوناوە فیتنە وئاشوب ، دەجال فیتنە وئاشوبە ، فیتنە تاقیکردنەوەیە تا تاوانباران تێیداتۆبەبکەن و بڕوادارانیش تێیدا ئارامبگرن .

نەوەکانی ئیسرائیل زۆر حەزیان لەمانەوەلەژیانی دنیادابوو ،چونکە زۆر باوەڕیان بەدوارۆژ نەبوو ، بەڵکو هەموو خەم و پلانێکیان بۆ مانەوەی ڕۆڵ و شیانیان بوو لە دنیادا .

کوێروکەڕ بوونیان بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەئەوان وەک گوێدرێژی کتێب لێ بارکراو هیچ سودێکیان لەوکتێب وڕاسپاردەو داواکاریەکانی کتێبە پیرۆزەکانیان نەدەبیوو وەهیچ پەندو وانەیەکیان لە پێغەمبەرانیان وەرنەدەگرت.

چەند جار خوا هەلی پێدان و لێیان خۆش بوو ،لەکاتی گوێرەکەپەرستی و بێ ڕێزیەکانیان لەگەڵ موساوهاڕوون ، بەڵام ئەم لێبوردنانەی خوا سودێکی ئەوتۆی نەبوو ، هەموو جارێک دوای هەل پێدان گەڕاونەوە سەر مل هوڕی وتاوانکاری وخراپەکاری خۆیان ولەئاست حەڵاڵ وحەرامەکانی شەری وئاینەکەیان کەڕ و کوێر بوونەوە .

مەینەتی سەرگەردان بوونیان لە بیابان هۆکارەکەی تاوانی خۆیان بوو ،لەدەست چونی وڵات ودەرکرانیان پێش هاتنی تالوت بەتاوانی خۆیان بوو ، هەرچەندجارێک تۆبەیان دەکرد دەسەڵاتیان پێدەدرایەوە ، دواتر سەبی بابلی یەکەم ودوەم لەلایەن (بُخْتُنَصَّرَ)وە لەساڵانی 606 پ ز 598 پ ز 588 پ زوسوتاندنی شاری ئۆرشەلیم ومزگەوتەکە وسەبیکردنی ئەوانەی مابوون لەئیسرائیلیەکان بۆ بابل ، دواتر کەلەسەبی تۆبەیان کرد ،خواتۆبەی لێ وەرگرتن و کۆرشی پاشای فارسی بۆ زاڵکردن بەسەر بابل و ئاشورومیدیادا و گەڕاندنیەوەبۆ ئۆرشەلیم و مزگەوتەکەیان دروست کردەوە.

دوای گەڕانەوە دوبارە ڕویان لەخراپەکردەوەو زەکەریاویەحیایان کوشتن وبوختانیان بۆ مەریەم کرد وهەوڵی کوشتنی مەسیحیان دا بۆیەلەسەردەمی (تِیطَسَ) کوڕی ئیمپراطور (وَسَبَسْيَانُوسَ) لەساڵی ٦٩ز گەمارۆی ئۆرشەلیمی دا تا جولەکەکان لەبرسان چەرم و پێستیان خوارد وگۆشتی مردوانیان دەخوارد ملیۆنێکیان لێ کوژراو وسەدهەزاریان سەبی کران.

بەدواداچوون وساغکردنەوەی فەرمودەی تائیفەی مەنسوڕە :

ئەو ئارام گرتنە موعجیزەئامێزەی کە دوومليۆن مرۆڤی گەمارۆدراو لەچەند کیلۆمەترێکی دەڤەرێکدا بۆ نزیکەی سەدەیەکە پیشانی جیهانیان داوەوهەموو جیهانیان بەخۆیانەوە شۆک کردوە هەرلە ڕۆژانی قەسسامەوە لە ١٩٢٠-١٩٣٥تاکو ڕۆژانی عبدالقادرحوسێنی وحسن بەننا لە١٩٤٨وتا گەیشت بە شێخ ئەحمەد یاسین وقوتابیەکانی لە ١٩٥٠-٢٠٢٣.

ئەوگەلەکۆمەکیە جیهانیەی لەوگەلە بێ دەرەتان وبێ دەرامەتە کراوە بەدرێژایی ئەوسەدساڵەولەوانەش لەم دوو ساڵەی ڕابردوو کە سەرەڕای ڕووبەڕووبووناوەیان لەگەڵ گەورەترین هێزی سەربازی وچەکی ناوەکی وپرچەکترین سوپای جیهان لە ئاسمان و وشکانی ودەریا وپشتگیریکراوبە بەهێزترین بەرنامەی تەکنەلۆژی و ئەلکترۆنی وهەواڵگری وبە پشتگیری هەموو جۆرەهاوکاریەکی ناتۆو هێزەکانی ڕۆژهەلات ورۆژئاوا بە هۆی فشاری ئابوری ومیدیایی لوبی جولەکە ،ئەم بەرخودانە لە مەحاڵ نزیکەو بەهەموو هاوکێشەیەکی پێزانینی مرۆڤ پێی وایە کەئەم ڕووبەڕووبونەوە زۆرئەستەمە .

ئەی دەبێ چ وڵامێک هەبێ و دەبێ ئەو گەلە گەمارۆدراوە ئەم ئارامگرتنە تاقەت پروکێنەی لەکوێ وە دەست کەوتوە؟

ئەگەر بڵێن لە ئیسلام وقورئان دەستی کەوتووە ،خۆقورئان وئیسلام لەناو گەلانی ڕۆژهەڵات ورۆژئاواداهەیە، ئەی بۆ ئەوان ئەو جۆرە خەباتەیان نەکردوە؟ دیارەدەبێ تایبەتمەندیەکی شوێنی و سەردەمی بۆ ئەم بەرخودانە ئەفسانەییە هەبێ.

بەڵێ ئەم بەرخودانە پێش ئەوەی ئەم سەدەبێ ،پێش هەزارو چوارسەدساڵ سەنگەرەکەی لەچەند دێڕێکی بەڵێن ومژدەیەکی ڕەببانی لەسەرزمانی پەیامبەرﷺ

هەڵکەنراوەو ئەم فەرمودەو هەواڵانە هێزی ئیلاهی وڕوحانی بڕیاری داوە کەدەبێ بەڕاست بگەڕێن.

لەم سەردەمەی کەشانازی وهاش وهوشی زلهێزان بە چەکسازی وتەکنەلۆژیاکەیان گەیشتۆتە ئەوپەڕی و ئەوەندە بەهێزوتوانای خۆیان دەنازن سوکایەتی بەهەموو هێزێکی دینی وڕوحی وبەڵێنە دینیەڕاستەکان وبەرامبەربەمەش پشتگیری چەند دەقێکی هەڵبەستراووساختە وبەهەڵە لێکدراوە بکەن.

فەرهەنگی ڕۆژئاوا ئەم دەقەڕاستانە دەناسن ،بۆیە ئەوانیش تەحەددای دەقە ڕاستەکانیان بە چەند بەڵێنێک کردوە ودەیانەوێ بیسەلمێنن کە ئەوانیش بەدەقەکانیان دەنوانن ئەفسانە وموعجیزە دروست کەن ،هەربۆیەش دەقەکانی زەوی میعادوبەڵێن پێدراوی تەوڕاتیان لە بەڵێنی یەهوەو ئیلاهی ئیبراهام ستاندەوە و کردیانە بەڵێنی بەلفۆر.

بەڵام ئەم بەڵێنەشیان بەلێکدانەوەیەکی سەردەمی دەرەبەگایەتی وکۆیلایەتی تەفسیرکرد،ئەوان دەزانن کەئەوبەڵێنە بۆ نەوەکانی ئیبراهیمەو عەرەبیش لەنەوەی کوڕی کەنیزەکەی ئیبراهیمن کەهاجەری دایکی ئیسماعیلە.

ئەوان دەڵێن کوڕی جاریە مافیان نیە، بەچ یاسایەک نەوەی کەنیزەکان مافیان نیە ؟ بەیاسای سەردەمی دەرەبەگایەتی وکۆیلایەتی.

ئەی بۆ کوڕی جاریە لەکوڕانی ئیبراهیم مافیان نیە کەچی بۆ کوڕانی ئیسرائیل کوڕانی دووکەنیزەکەی یەعقوب وەک کوڕەکانی ڕاحیل ولیا مافیان هەیە؟

ئەدی خۆ چوار لەبەرەبابەکانی بنەماڵەی ئیسرائیل کوڕی جاریە وکەنیزەن؟ بۆ بۆ ئیسرائیل قبوڵتانە کەچی بۆ ئیبراهیم دەبێ کوڕی کەنیزە بە نەوە سەرژمێرنەکرێ؟

بەڵام پەوەردگاری بەتوانا بەدرێژایی مێژوو ی هەزاروچوارسەدساڵە بەدرۆی خستنەوە ،ئەم داستانی خۆڕاگریەش بەشێکە لەم پرۆژەی بەدرۆخستنەوەی جولەکە و

بنەماڵەی ئیسرائیلی قورغکار ،تاکوبزانن هیچ مافێک بەزەوتکردن وداگیرکردن نابێتە مافی کەسانی ستەمکار.

بۆیە هەواڵ ومژدەو پێشبینیەکەی محمدﷺ هۆکاری سەرەکی ئەم داستانە خۆڕاگریەیە، چونکە ئەگەر ڕۆژئاواوئیمپریالیزم وزایۆنیزم وکۆمۆنیزم ونازیزم وفاشیزم بتوانن بەڵێنە ساختەکانی خۆیان بسەپێنن و بەڵێن ومژدەکانی پەیامبەری کۆتا ﷺ ڕەت کەنەوە ئەوە کەواتە توانیویانە هەواڵ ومژدەکانی محمد ﷺ بەدرۆبخەنەوە،ئەم جەنگە جەنگ بوو لەگەڵ هەواڵ ومژدەکەی محمد ﷺ ،کاتێ بتوانن ئەوەبگۆڕن ،جائەوکاتە بەجیهان دەڵێن نەمانگوت ئەو محمدە پەیامبەرنیە وپێغەمبەرێتی تایبەتە بە کوڕانی یعقوب؟

ئەوان هەرلەکاتی زانینی لەدایک بوونی محمدا ولەکاتی ناسینی لەلایەن بوحەیرا دەیانویست محمد بکوژن، دواتر دەیانەویست لە مەکەومەدینە تیرۆری کەن وچرای دینەکەی بکوژێننەوە ،پیلان وتەڵەکەکانیان بەدرێژی لە ژیاننامەی سەروەرمان ﷺ باسکراون.

بەڵام کە پیلانەکانیان سەری نەگرت بەدرێژایی حوکمڕانی ڕاشیدی وئەمەوی وعەباسی وعوسمانی هەوڵی خۆشکردنی ئاگری ناکۆکیەکانیا داو بەدرێژی ئەم هەزارساڵە هەرلەساڵی هەزاری زاینیەوە تا پێستا شەڕی ناوچە ومەزهەبەکان وجەنگی خاچپەرستی ومەغۆل ، هەتا داگیرکاری ئیمپریالیستی نوێ ئەوان لەهەوڵدابوون.

بەتایبەت لەم سەدساڵەی دوایی هیچ بەربەستێکیان لەپێش نەمابوو کەڕێگری گەیشتن بەمەرامەکانیان بێ، ئەوان توانیان ئەندەلوس بسڕنەوە ،ئەفریقیا بکەنە مەسیحی ،خەونی هەزاران ساڵەیان بێننەدی وخەنجەرێک لە ناوجەرگەی لاشەی ئوممەتی ئیسلامی داکوتن ،وایان زانی زۆریان نەماوەوبەیاری کۆمۆنیزم و مارکسیەت وبەتیۆریە بێسەروبەرەکانیان هەستی دینداری وڕوحانیەت دەسڕنەوە،بەڵام نەیانتوانی ،دواتر هاتن دژایەتی دینی حەق بە دینی لاڕێبوو بکەن ،لەوەشدا مایە پوچ بوون.

خەمی ئەوان لەوەدایە کەئەوان بەرامبەر ئیسلامێکی بێ دەوڵەت وسوڵتان وخەلیفە وبێ دەرامەت بەم هەموو هێزە شکستیان هێنا ،ئیدی لەوەدەترسن کەئەزمونی جیهادی ڕەش وڕوتانی ئەفغانی کەتوانیان سۆڤیەت لەناوبەرن لە فەلەستینیش دووبارەبێتەوە.

بەڵێ ڕوداوی خۆڕاگری ئیسلام لەفەلەستین ومانەوەی کۆمەڵگای ئیسلامی لەدەوروبەری وڵاتی ئەقسا مۆتەکەیەکە بوون وناسنامەو بانگەشەکانی هەزارساڵەی جولەکەو مەسیحی خستۆتە ژێرپرسیارەوە ،ئەمەجەنگی چارەنوسە هەتابە هاتنی دەجال ودابەزینی مەسیح علیه السلام ئەم مل ملانێیەی حەق وباتڵ دەگاتە ترۆپکە .

من لێرەدا هەوڵ دەدەم ئاماژە بەو سەحابی وگێڕەرەوەو ناوی کتێب وژمارە فەرمودانە بکەم کە ١٤٤٧ ساڵە بوونە ڕوحی مانەووبەرەنگاری وهێزودەسەڵاتی هەمووجیهان لە سڕینەوەیان دەستەوستانە:

یەکەم -لە صحیحی بوخاری و مسلم دا؛

1 - موسلیم لە ثوبان دەگێڕێتەوە کە پەیامبەر ﷺ :(لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق لا يضرهم من خذلهم حتى يأتي أمر الله وهم كذلك).
واتە :هەتاڕۆژی قیامەت وهاتنی فەرمان وبڕیاری خوا تایفەو دەستەیەک لە ئوممەتەکەم هەربە پێداگری لەسەر حەق دەمێننەوە ، پشتهەڵکردنی زۆرینەی دووڕوو زیانیان پێناگەیەنێ تابڕیاروفەرمانی خوا دێ ئەوان بەوشێوە دەمێننەوە "

2 - بوخاری و موسلیم لە المغيرة کوڕی شعبة دەڵێ: گوێم لە پەیامبەر ﷺ بوو فەرموی:

:(لن يزال قوم من أمتي ظاهرين على الناس حتى يأتيهم أمر الله وهم ظاهرون) .

لێرە ئامڕازی (لن) کە بۆ داهاتوویە وبۆ ڕابردوو نیە چۆتە سەر فرمانی داهاتوو ، واتە :بۆ لەمەودوا بەبەردەوەمی گەلێک لەئوممەتەکەم ڕاوبۆچون ودید وکەیسەکەیان زاڵ ودیاردەبێ لەناوخەڵکی هەتاهاتنی فرمانی خوا ئەوان هەرزاڵن)

٣-موسلیم لە جابر کوڕی سمرة لە پەیامبەرەوە ﷺ فەرمویەتی :

(لن یبرح هذا الدین قائماً یقاتل علیه عصابة من المسلمین حتی تقوم الساعة) .

واتە: " بۆ هەمیشە بەبەردەوامی ئەم ئاینە بە پایەداری دەمێنێتەوە ودەستەیەکی هۆگر بەیەک لەناو مسوڵمانان لەپێناویدا دەجەنگن هەتا ڕۆژی قیامەت دێ .

کەواتە لێرە زانیمان هاتنی فەرمانی خوا (امرالله)نیشانەکانی ڕۆژی قیامەتە کە ئەم کۆمەڵە لەسەرئەو حاڵەن تاعیسی علیه السلام دێ .

٤-موسلیم لە جابر کوڕی عبد الله،گوێم لە پەیامبەر ﷺ بوو فەرموی:

(لا تزال طائفة من أمتي یقاتلون علی الحق ظاهرین إلی یوم القیامة).

واتە : هیچ کاتێک نیە لە تەمەنی ئومەتەکەم کەخاڵی بێ لە گروپ وتایفەیەک کەلەپێناوی پایەداری حەق و ماف وڕاستی دەجەنگن وهەمیشە دیاروئاشکراو بە بەڵگە زاڵن تاڕۆژی قیامەت "

٥-بوخاری لە معاویة وە دەگێڕێتەوە گوێم لە پەیامبەر ﷺ بوو فەرموی:

(لا تزال طائفة من أمتي قائمة بأمر الله لا یضرهم من خذلهم أو خالفهم حتی یأتي أمر الله وهم ظاهرون علی الناس)

واتە : هیچ کاتێک نیە لە تەمەنی ئومەتەکەم کەخاڵی بێ لە گروپ وتایفەیەک کەلەپێناوی پایەداری فرمانی خوا دەجەنگن و پشتهەڵکردن وڕاجیایی ودژایەتی خەڵکانی تر زیانیان پێناگەیەنێ ولەوکارەساردیان ناکاتەوە هەمیشە دیاروئاشکراو بە بەڵگە زاڵن تاڕۆژی قیامەت "

هەر معاویە لەگێڕانەوەیەکی تر کە بوخارێ دەگێڕێتەوە :

(سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: "لَا يَزَالُ مِنْ أُمَّتِي أُمَّةٌ قَائِمَةٌ بِأَمْرِ اللَّهِ لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ وَلَا مَنْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَهُمْ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ عَلَى ذَلِكَ". قَالَ عُمَيْرٌ: فَقَالَ مَالِكُ بْنُ يُخَامِرَ:

قَالَ مُعَاذٌ: وَهُمْ بِالشَّأْمِ. فَقَالَ مُعَاوِيَةُ: هَذَا مَالِكٌ يَزْعُمُ أَنَّهُ سَمِعَ مُعَاذًا يَقُولُ: وَهُمْ بِالشَّأْمِ. البخاري (3641) ومسلم (1037).

واتە : هیچ کاتێک نیە لە تەمەنی ئومەتەکەم کەخاڵی بێ لە گروپ وتایفەیەک کەلەپێناوی پایەداری فرمانی خوا دەجەنگن و پشتهەڵکردن وڕاجیایی ودژایەتی خەڵکانی تر زیانیان پێناگەیەنێ ولەوکارەساردیان ناکاتەوە هەمیشە دیاروئاشکراو بە بەڵگە زاڵن تارۆژی قیامەت "یەکێ لە دانیشتوانی لای معاویە کەناوی عومەیر بوو بۆ پشتگیری ئەو گێڕانەوەیە گوتی منیش ئەو فەرمودەم لە موعازی کوڕی جەبەل گوێ لێ بووە کە ئەوەشی گوتوە کەئەو تایفەو دەستە لەشامن .

٦-موسلیم لەعبد الرحمن کوڕی شُماسَة المهري دەڵێ: لای مسلمة کوڕی مخلَّد بووم وعبد الله کوڕی عمرو بن العاص ی لابوو گوتی :قیامەت لەسەرخراپترین کۆمەڵگا بەرپادەبێ کەزۆرلە کۆمەڵگای نەفامی پێش ئیسلام خراپترن .

دواتر عقبة بن عامر هات مسلمة پێی گووت: عقبة گوێ لە عبد الله بگرە چ دەڵێ.

عقبة گوتی: عبدالله کەسێکی زانایە ، بەڵام منیش گوێم لە رسول الله ﷺ بوو فەرمویەتی :

(لا تزال عصابة من أمتي يقاتلون على أمر الله قاهرين لعدوهم لا يضرهم من خالفهم حتى تأتيهم الساعة وهم على ذلك)

واتە: هیچ کاتێک نیە لە تەمەنی ئومەتەکەم کەخاڵی بێ لە گروپ ودەستەیەک کەلەپێناوی پایەداری فرمانی خوا دەجەنگن و دەرد و خەفەت دەدەنە دوژمن

پشتهەڵکردن وڕاجیایی ودژایەتی خەڵکانی تر زیانیان پێناگەیەنێ ولەوکارەساردیان ناکاتەوە هەمیشە دیاروئاشکراو بە بەڵگە زاڵن تارۆژی قیامەت "

عبد الله:گوتی بەڵێ ئەوفەرمودە ڕاستە بەڵام دوای ئەوە خوا شنەبایەکی نەرم دەنێرێ هەرچی میسقاڵە گەردیلەیەک ئیمانی لەدڵدابێ دەیانمرێنێ ، ئەوکاتە کەئیمانداران نەمان ،تەنیابەدکارتین کەسان دەمێننەوە کەقیامەت لەسەرئەوانە هەڵدەستێ .

(النووي في شرحه لصحيح مسلم:132/2] .

٧-يروي مسلم و البزار و ابو يعلى ونعيم اب حماد عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ : (لَا يَزَالُ أَهْلُ الْغَرْبِ ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ)

واتە:موسلیم وبەزار وئەبویەعلاو نەعیم لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس دەگێرنەوە کەپێغەمبەر ﷺفەرمویەتی :لەئایندەدا بۆ هەمیشەخەڵکی (غەرب)زاڵ وسەرکەوتوون وپێچەسپیون لەسەرحەق هەتارۆژی قیامەت دێ.

خەڵکی (غەرب لای زانایان سێ لێکدانەوەی بۆکراوە)

-ئەوانەن کەبە جەوەندە ودۆلکەی گەورە ئاولەبیر هەڵدەکێشن ،کەواتە ئەوان عەرەبی دوورگەی عەرەبی وبیابانن چونکە ئەوان زۆرپشت بەئاوی بیردەبەستن ،هەرچەندەبیر وئاوهەڵکێشان لەشام ومیسر وهەموو شوێنێک بەرێژەیەکی کەمترهەیە .

-ئەوان موجاهید و موجتەهیدانن کە خەڵکی بەهێز و بەتوانان وە ئەوانەن کە گەشت بەدەریادا دەکەن .

-ئەوان خەڵکی باشوری شامن بەتایبەت فەلەستین کەڕێکدەکەوێتە ڕۆژئاوای مەدینە .کەواتە لەم فەرمودە شام بە فەلەستین سنورداركرا چونکە ئەوان ڕۆژئاوای مەدینە وخەڵکی گەشتیارن بەدەریاکاندا .

دووەم؛ لەصحيح سونەنی ئەبو داود و النسائي و ابن ماجه و الترمذي دا:

مەبەستم لە(صحيح سنن) واتە ئەو فەرمودە دروستانەی کە ئەلبانی لەو سونەنانە جیای کردونەوە .

٨-ئەبوداود لە عمران کوڕی حصين لە پەیامبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی :

(لا تزال طائفة من أمتي يقاتلون على الحق ظاهرين على من ناوأهم حتى يقاتل آخرهم المسيح الدجال) [صحيح سنن أبي داود:"2170].

واتە :بەبەردەوامی تایفە و گروپێک لە ئوممەتەکەم بۆبەرگری لەحەق جەنگ لەگەڵ ئەوانەدەکەن کەدژی حەقن وسەرکەوتون لەوکارە وبەبەردەوامی دەمێننەوە هەتاکۆتا دەستەیان جەنگ لەگەڵ دەجال دەکا .

کەواتە ئەم فەرمودەش ئاماژەیەکە ئەم دەستە مەنسورە لە وڵاتی قودس وفەلەستینن چونکە شەڕی گەورە لەگەڵ دەجال و کوژرانی دەجالیش لەوێ دەبێ ، وەئاماژەشە بەوەی کەعیسا عليه السلام کە بکوژی دەجالە یەکێکە لە باشترین سەرکردەکانی ئەم تائیفە مەنسور و سەرکەوتوە .

٩- نەسائی لە سلمة کوڕی نفيل الكندي دەڵێ: لای رسول الله ﷺ دانیشتبووم ،پیاوێک گوتی خەڵک بێ ڕێزی بە ئەسپەکانیان دەکەن وچەکیان داناوەودەڵێن جیهادکۆتایی هاتووە ، ڕووی تێکرد و فەرموی :(كذبوا، الآن الآن جاء القتال ولا يزال من أمتي أمة يقاتلون على الحق ويزيغ الله لهم قلوب أقوام ويرزقهم منهم حتى تقوم الساعة وحتى يأتي وعد الله والخيل معقود في نواصيها الخير إلى يوم القيامة) [صحيح سنن النسائي: 3333].

واتە :ڕاست ناکەن ، ئالەئێستاوە جەنگ وکوشتار دەستی پێکردوە ،هەتاکۆتایی هەمیشە بەشێک لەئوممەتەکەم بۆ بەرگری لەحەق جەنگ دەکەن ،خوا دڵ ودەروونی دوژمنەکانیان بۆ هواشە وسەرگەردان دەکا وبەهۆی ئەو دوژمنە لارێبوانەیان خوا ڕۆزی ودەسکەوتیان پێدەبەخشێ ئەم کارەبەوشێوەبەردەوام دەبێ هەتا قیامەت

بەرپادەبێ وفرمانی خوادێ ،ئەسپ (هەموو کەرەسەیەکی سواربوون بۆ جەنگ)خێری بەنێوچاوانەوەیە تارۆژی قیامەت .

١٠- ئیبن ماجە لە معاوية کوڕی قرة لە باوکیەوە دەڵێ: رسول الله ﷺ فەرمویەتی:

(لا تزال طائفة من أمتي منصورين لا يضرهم من خذلهم حتى تقوم الساعة)

[صحيح سنن ابن ماجه:6].

١١-ئیبن ماجە لە أبي هريرة دەگێڕێتەوە دەڵێ رسول الله ﷺ فەرمویەتی:

(لا تزال طائفة من أمتي قوامة على أمر الله لا يضرها من خالفها)[صحيح سنن ابن ماجه:7].

١٢-ئیبن ماجە لە عن عمرو بن شعيب لە باوکیەوە دەڵێ : قام معاوية خطيباً فقال: أين علماؤكم؟ أين علماؤكم ؟! سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول:(لا تقوم الساعة إلا وطائفة من أمتي ظاهرون على الناس لا يبالون من خذلهم ولا من نصرهم) [صحيح سنن ابن ماجه].

١٣-ئیبن ماجە لە أبي عِنَبَة الخولاني کەنوێژی بۆهەردوو قیبلەکە کردبوو دەگێڕێتەوە دەڵێ گوێم لە رسول الله ﷺ بوو فەرموی:(لا يزال الله يغرس في هذا الدين غرساً يستعملهم في طاعته) [صحيح سنن ابن ماجه:8].

١٤- الترمذي لە قرة بن إياس المزني دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:

إذا فسدَ أَهْلُ الشَّامِ فلا خيرَ فيكم : لا تَزالُ طائفةٌ من أمَّتي منصورينَ لا يضرُّهم من خذلَهُم حتَّى تقومَ السَّاعةُ
الراوي : قرة بن إياس المزني | المحدث : الألباني
| المصدر : صحيح الترمذي

سێیەم :موسنەدی و موعجەم و کتێبەکانی تری فەرمودە :

١٥-ئەحمەد لە أبي أمامة دەگێڕێتەوە دەڵێ: پەیامبەر ﷺ :فەرموی "لا تزال طائفة من أمتي على الدين ظاهرين، لعدوهم قاهرين، لا يضرهم من خالفهم إلا ما أصابهم من لأواء، حتى يأتيهم أمر الله. وهم كذلك"، قالوا: يا رسول الله وأين هم؟ قال: "ببيت المقدس وأكناف بيت المقدس" وأخرجه أيضا الطبراني . قال الهيثمي في المجمع ورجاله ثقات. والله أعلم.

الحافظ بن حجر دەڵێ : "والْمُرَاد بِالَّذِينَ يَكُونُونَ بِبَيْتِ الْمَقْدِس : الَّذِينَ يَحْصُرهُمْ الدَّجَّال إِذَا خَرَجَ ، فَيَنْزِل عِيسَى إِلَيْهِمْ فَيَقْتُل الدَّجَّال" انتهى من "فتح الباري" .

شەشەم؛والطبراني في الأوسط

١٦-تەبەرانی لە مرة بن كعب البهزي دەگێڕێتەوە :

أنه سمع النبي صلى الله عليه وسلم يقول: "لَا تَزَالُ طائِفةٌ مِن أُمَّتي عَلَى الحَقِّ ظاهِرِين على مَن نَاوَأَهُمْ، وَهُمْ كالإِنَاءِ بينَ الأَكَلَةِ حتَّى يَأْتِي أَمْرُ اللهِ وهُمْ كَذَلِكَ". قلنا: يا رسول الله، وأين هم؟ قال: "بأَكْنَافِ بيتِ المَقْدِسِ". أخرجه الطبراني 20/ 317 (754).

١٧- ئیبن عودەی لە كامل لە أبي هريرة دەگێڕێتەوە کە:

(أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: "لَا تَزَالُ عِصابَةٌ مِن أُمَّتي يُقاتِلون علَى أبوابِ دِمَشْقَ ومَا حَوْلَهُ، وعلَى أبوابِ بيتِ المَقْدِسِ ومَا حَوْلَه، لَا يَضُرُّهُم خِذْلانُ مَن خذَلهم، ظَاهِرِين علَى الحَقِّ إلى أنْ تَقُومَ السَّاعَةُ". أخرجه أبو يعلى (6417)، والطبراني في الأوسط (47)، وابن عدي في الكامل 7/ 84.

١٨-حاکم لە عومەری کوڕی خەتاب دەگێڕێتەوە کە پەیامبەر ﷺ :فەرموی :

لَا تَزَالُ طائفة مِن أُمَّتي ظَاهِرِين علَى الحَقِّ إلى أنْ تَقُومَ السَّاعَةُ)

١٩-ئەبو یەعلا ی موسڵی و ئیبن حەببان لە نەواسی کوڕی سەمعان دەگێڕنەوە کە پەیامبەر ﷺ :فەرمویەتی :

(الآن جاء القتال ولا يزال من أمتي أمة يقاتلون على الحق ويزيغ الله لهم قلوب أقوام ويرزقهم منهم حتى يأتي امر الله وهم على ذلك وعقر دار المؤمنين يومئذ بالشام .

٢٠-سعیدی کوڕی مەنسور لە محمدی کوڕی کەعبی قەرەزی دەگێڕێتەوە کە پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی : (لا تبرح عصابة من أمتي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ لا يبالون من خالفهم حتى يخرج المسيح الدجال فيقاتلونه.)واتە :

بەبەردەوامی کۆمەڵێکی ئومەتەکەم زاڵ ودیارن وناسراون بە پابەندی بەحەق ،کەسانی ڕاجیا زیانیان لێ نادا هەتا دەجال دێ جەنگ لەگەڵ ئەویش دەکەن.

٢١-بوخاری لە مێژووی گەورەو ئەبونەعیم لەحلیە وئیبن عەساکر لە مێژووی دیمەشق لە ئەبوهورەیرە دەگێڕنەوەوئەلبانی بە دروستی داناوە کە رسول الله ﷺ فەرمویەتی :

لَا تَزَالُ مِنْ أُمَّتِي عِصَابَةٌ قَوَّامَةٌ عَلَى أَمْرِ اللَّهِ عز وجل لَا يَضُرُّهَا مَنْ خَالَفَهَا تُقَاتِلُ أَعْدَاءَهَا، كُلَّمَا ذَهَبَ حَرْبٌ نَشَبَ حَرْبُ قَوْمٍ آخَرِينَ ، يُزِيغُ اللَّهُ قُلُوبَ قَوْمٍ لِيَرْزُقَهُمْ مِنْهُ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ كَأَنَّهَا قِطَعُ اللَّيْلِ الْمُظْلِمِ فَيَفْزَعُونَ لِذَلِكَ حَتَّى يَلْبَسُوا لَهُ أَبْدَانَ الدُّرُوعِ»

کەواتە ئەمانە دوژمنیان زۆرن و هەرچەند شەڕی دوژمنێک تەواودەکەن شەڕی دوژمنێکی تریان بۆ پەیدادەبێ ،لەچوارچێوەی ئەوسی وسێ دەجالەی لەفەرمودە باسیان کراوە.

٢٢-تەبەرانی لە ئیبن عباسەوەدەگێڕێتەوە کە

رسول الله ﷺ فەرمویەتی:

أول هذا الأمر نبوة ورحمة ثم يكون خلافة ورحمة ثم يكون ملكا ورحمة ثم يكون إمارة ورحمة ثم يتكادمون عليه تكادم الحمر فعليكم بالجهاد وإن أفضل جهادكم الرباط وإن أفضل رباطكم عسقلان.

ئەلبانی بەدروستی داناوە.

ئەم دابەش کردنەی تەمەنی ئوممەتی ئیسلام بۆ :

١-(نبوة ورحمة =پەیامبەرێتی و میهرەبانی)سەرەتاکەی پەیامبەرێتی وبۆهەموان میهرەبانی بوو تاکوساڵی١١ک

٢-(خلافة ورحمة)=خەلیفایەتی =جێنشینی ورەحمەتە تاکوساڵی٤١ک کە ئەبوبەکروعومەروعوسمان وعلی وحەسەنی کوڕی علی خلیفە بوون ولەفەرمودەی تریش هاتووە کە ماوەی خەلیفایەتی سی ساڵە.

٣-(ملکا ورحمة) ماوەی پاشایەتی لە٤١ک دەست پێدەکاتاکو کۆتایی عەباسیەکان لە٦٥٦ ک دا ئەویش ڕەحمەتی تێدابوو.

٤-(إمارة ورحمة)ئەمیرایەتی کە میهرەبانی تێدابوو سەردەمی مەمالیک وسلجوق وخوارزمی وعوسمانی ومەغۆلیەکان ئەویش بەشێکی لەڕەحمەت تێدابوو.لە١٣٠٠ز تاکو١٩٠٠ز کێشا

٥-(يتكادمون عليه تكادم الحمر) سەردەمی داگیرکاری ڕۆژئاواو هاتنی ڕژێمە دەستنێژەکانی ڕۆژئاواوڕۆژهەڵات کەلە١٩٠٠تاکوئێستا بەردەوامە

دیارە هۆکاری ئەم کەربازاڕیەی لەفەرمودەکەباسکراوە هۆی سەرەکی وازهێنانە لەجیهاد کەلەم سەدەی دواییدا ئوممەتی ئیسلامی زۆربەیان ئەم فەرزەیان وازلێهێنا بۆیە چارەسەری دەرچوون لەو مەینەتی وقەیرانە بە گەڕانەوە بۆ جیهاد وئیجتهادڕێنماییمان دەبێ ،چونکە تا موجتەهید وزاناکانی ئوممەت دەرگای ئیجتهادنەکەنەوە ودەقبەستوویی وچەقبەستووی لاسایی کردنەوەی کوێرانەوعەقڵی خۆڵەسندوق نان نەشکێن نابنەخاوەن پرۆژەیەکی شایستەی فرەجەمسەربۆ

مرۆڤایەتی ئەمرۆ ،وەکە پرۆژەشیان نەبێ کەیس وبەرنامەوجیهانبینیەکیان نابێ تالەپێناویداتێکۆشن و جیهادبکەن ،دەبێ پێش جیهاد پرۆژەوپلان وخۆزگەو نەخشەڕێگاهەبێ کەئەوەش بە ئیجتهاد دەکرێ.

کۆتابڕگەی فەرمودەکە ڕێنماییمان دەکا بۆ ئەوجۆرە جیهادەی کەئوممەتی ئیسلام لەوسەردەمە پێویستی پێیەتی ،کەئەویش أفضل جهادکم الرباط باشترینی جیهادی ئەوسەردەمە ڕبیاتە وباشترین مەکۆی ڕباتیش عەسقەلانە کە غەزەی ئێستایە .

٢٣--سعید بن مەنسور لە سونەن و ئیبن عەساکر لە مێژووی دیمەشق بەدووڕێگاو ئیبن ڕبعی لە فضائل الشام گێڕاویانەتەوەو ئەلبانی بە دروستی داناوە لەئەبو هورەیرەوە دەگێڕنەوە کە: پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی

«لَاتَبْرَحُ لەگێڕانەوەیەکی تر(لَنْ تَبْرَحَ) هَذِهِ الْأُمَّةُ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ مَنْصُورِينَ أَيْنَمَا تَوَجَّهُوا، يُقْذَفَ بِهِمْ كُلَّ مَقْذِفٍ، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ كَذَلِكَ» وفي رواية أَكْثَرُهُمْ أَهْلُ الشَّامِ"»

وفي رواية الطبراني وغيره عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ أَبِي سُفْيَانَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَبْرَحُ عِصَابَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ لَا يُبَالُونَ مَنْ خَذَلَهُمْ، وَلَا مَنْ خَالَفَهُمْ بِهِ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ عَلَى ذَلِكَ» ثُمَّ نَزَعَ بِهَذِهِ الْآيَةِ: {يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ} [آل عمران: 55]

واتە:لەمەولا -لن بۆ داهاتوو-بۆهەمیشە ئەم ئوممەتی ئیسلامە بەردەوام لەسەرجیهاد کردن لەپێناوی الله بەردەوام دەبن بۆبەدەست هێنانی ڕەزامەندی الله وهەردەم بە سەرکەوتویی دەمێننەوە ڕوولەهەرکوێیەک بکەن ،،بۆهەموو لایەک دەرەتێنرێن وحەقیان پێ سەردەخرێ ، ڕاجیایی دژەکانیان زیانیان پێناگەیەنێ هەتا ئەمروبەلێن وفەرمانی الله دێ وئەوان لەسەرئەو پەیرەوەدەبن..

لێرەدا ئاماژە بە هەموو ئوممەت کراوە.

لەگێڕانەوەی تەبەڕانی فەرمویەتی:

وفي رواية (حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ عَلَى ذَلِكَ .

واتە:فرمان وبەڵێنی الله هاوڕاوپشتیوان دەبێ لەسەر ڕێ وشوێنی وان.

پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە :

﴿إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ (ال عمران 55)﴾

واتە(بەیادیان بهێنەوە) کاتێک الله فەرمووی: ئەی عیسا من (بەشێوەیەکی ئاسایی) تۆ دەخەوێنم پاشان تۆ پایەدارو بڵند دەکەمەوە لای خۆم، لە دەستی ناپاکی ئەوانەی کەبێ باوەڕن ڕزگارت دەکەم و پاک ڕاتدەگرم و بەرزیی و بڵندیی دەبەخشم بەوانەی کە شوێنکەوتەی تۆن بەسەر کافراندا هەتا ڕۆژی قیامەت، لەوەودواش گەڕانەوەتان هەر بۆلای منە، ئەوسا دادوەریی و فەرمانڕەوایی دادپەروەرانە دەکەم لە نێوانتاندا لەو شتانەدا کە کێشەتان لەسەری هەبووە و ڕاتان دەربارەی جیاواز بووە.

کەواتە خوێندنەوەوبەبەڵگە هێنانەوەی ئەم ئایەتە ئەوەدەسەلمێنێ کە بەرزی وبڵندی وپێچەسپیوی ئەودەستە سەرکەوتوە نەک هەردرێژەی ڕێبازی پێغەمبەرمانە ﷺ بەتەنیا بەڵکو درێژەی ڕێبازی ڕاستی عیسا وپێغەمبەرانی تریشە علیهم السلام .

لەڕاستیدا ئایەتەکانی دوای ئەوئایەتە ئەوڕاستیە دوویات دەکەنەوە کەئەوانەی لەگەڵ ئەوپەیرەو وڕێبازە یەک نەبن شایانی سزاو سەرشۆڕین لەدنیاودوارۆژ.وەک دەفەرموێ:

﴿ فَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَأُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ (56) ﴾

واتە:

جا ئەوانەی بێ باوەڕ بوون سزای توند و تیژیان دەدەم لە دنیادا (بە شکستی و سەرشۆڕیان)، لە قیامەتیشدا (بە ژیانی سەختی ناو دۆزەخ)، جا لەوێ کەسیان دەست ناکەوێت کە یاریدەدەرو پشتیوانیان بێت (لە سزای من بیانپارێزێت).

﴿وَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (ال عمران57)

واتە:

ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە (بە ئاینی ئیسلام) و کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، ئەوە بە تەواوی پاداشتیان دەداتەوە، بەڕاستی الله ستەمکارانی خۆشناوێت.

شیکردنەوەی فرە ڕەهەندی فەرمودەکان لەلایەن زانایانەوە :

لەوبەڵێنە ساختانەی کەلەم سەردەمەدراون بەڵێنی بەلفۆرە، وەبەڵێنی پێکهاتنی سەدە کە ڕۆژئاواوجولەکەوهەندێ لە عەرەبە خۆفرۆشەکان کەلە عەرەب ودین ومرۆڤایەتی داڕنراون باسی دەکەن وهەوڵی بەڕاستگەڕانی بەڵێنی هەڵبەستراوی بنیاتنراولەسەرکوفرو وستەم وناپاکی دەدەن..

بۆ وڵام دانەوەی ئەوبەڵێنە درۆیانە ئێمە تیشک دەخەینە سەرئەوبەڵێن ومژدەوهەواڵ وپێشبینیە ڕاستانەی کە بەفەرمودەی متەواتر لەسەرزمانی پەیامبەری ڕاستگۆی ڕاستبێژ وئەمین ﷺ پێمان گەیشتووە باس دەکەین کە هەمیشە دەستەی لەسەرحەق چەسپاولە بیت المقدس ودەوروبەرەکەی دەمێننەوە، ئەم موڕابیت و مەکۆگرانە بەشێکن لەودەستەوتائیفە سەرفرازومەنسورەی کە زانایان لەپێناسەیاندا گوتویانە کەئەم دەستە پێک هاتوون لە موجاهیدانی ڕاستگۆو وزانایانی حەق بێژ وو فەقیھ وسیاسەتمەدارانی دادگەر وو کەسانی تری پابەند بەدین.

ئەمانە هاتارۆژی قیامەت هەربەرگری لەدین دەکەن بەزمان ودەست وماڵ وهەوڵوێستیان ولەسەرگوێڕایەڵی فەرمانی شەریعەتی الله بە پابەندی دەمێننەوە ،وەئەوانەی کەپشتیان بەردەدەن وناپاکیان لێدەکەن هیچ زیانیان پێ ناگەیەنێ.

ئەو دەستەوتائیفە مەنسورە لە قودس ودەوروبەر-أكناف- ی قودسن وەک لەفەرمودەکە هاتووە،ئەمانە گوێڕایەڵ وخۆڕادەستکاری ئەمروفرمانی الله ن کەشەریعەتی ئیسلامە، پرۆژەوخەون وخۆزگەوجیهانبینی ئیسلامە ، هەربۆیە فەرمودەکە لەکۆتاییدا هەواڵ دەداکە –

[لا يضرهم من خذلهم ولا من خالفهم حتى يأتي أمر الله وهم على ذلك]

-واتە:

ئەوانەی پشتیان بەردەدەن وڕایان جیایەلەگەڵ ڕای ئەوان ،یان پیلانیان لێ دەگێڕن وهەوڵی لەناوبردنیان دەدەن ،زیانیان پێ ناگەیەنن هەتائەوکاتەی ئەمری الله دێ ئەوان لەسەر ئەوپەیڕەوەن.

دیارە لێرە(امر الله)هاتنی ئەو بەڵێن ونەخشەو پێش بینیانەیە کە قورئان وفەرمودە بۆکۆتایی جیهان باسیان کردوە.

شهاب الدين القسطلاني (851 هـ - 923 لەإرشاد الساري لە شرۆڤەکارانی تری فەرمودە دەگوازێتەوە کە دەڵێن:

ئەم فەرمودەگێڕدراوانە وهەواڵە گوێزراوانە کە مژدەی سەرکەوتنیان داوەبەتائیفەی مەنسورەی دەوروبەرو چوارلا وپەراوێزی -أطراف بيت المقدس وأكنافه- بەتەواتور پێمان گەیشتووە، دیارە ئەم تائیفە لەوسەردەمە لەو چوارچێوە کورت هەڵدێن وگەمارۆدەدرێن ،بەڵام هیچ دەسەڵات وفەرمانڕەواییەکی داگیرکەرو گەمارۆدەرانیان لەسەرنیە ئەمەش بەڵێنێکە کە سەروەرمان ﷺ مژدەوبەڵێنی پێداوین کەئەم تائیفە -

[لن تبرح مكانها ولا تزال على النصر والقهر لعدوها ،و لن يضرها من خذلها ولا من خالفها-]

واتە هەرگیز ئەوشوێنە بەرنادەن ، وەهەمیشە سەرکەوتون بەسەردوژمنیاندا بەوەی کەبەڵگەو مافی ئەوان زاڵترە و دۆست ودوژمن دان بەومافەدا دەنێ ،وەهەردەم مایەی خەفەتن بۆ دوژمن ، وەئەوانەش پشتیان تێدەکەن زیانیان پێناگەیەنن .

هەموو ئەم دەستەواژانە -لەمەولا شوێن وپێگەوسەنگەری خۆیان چۆڵ ناکەن ،هەمیشە بەسەرکەوتویی دەمێننەوە وەزاڵ دەبن بەسەر دوژمنانیاندا وڕاجیایی وپشت بەردانی مسوڵمانانی جیهان بۆیان هیچ زیانیان لێ نادا، ساردیان ناکاتەوە، ئاڵاکەیان ناخاو دروشمەکەیان لەکەدارناکا.

دیارە سەروەرمان ﷺ زانیویەتی کەلەوسەردەمە زۆربەی بەناوئوممەتی ئیسلام پشت لەحەق دەکەن ،بۆیەهێندە جەختی لێکردۆتەوە ،ئەم هەواڵە جەخت لەوەدەکاتەوە کەلەگەڵ ئەوەی کوفرهەموو دژی ئەم تائیفە دەبن، ئوممەتی زۆربەیان پشتیان بەردەدەن بەڵام ئەم تائیفەو ڕێباز و دروشمیان هەربە مەشهوری وبەناوبانگی وڕوون وئاشکرایی دەمێنێتەوە وئەو ئاڵاودروشمە ناکەوێ.

کەواتە کەسەروەرمانﷺ دەفەرموێ "لَا يَضُرُّهُمْ" واتا ئەوەنیە هیچ زیانیان پێناگا، بەڵام مەبەستی فەرمودەکە زیانێکی وەهایان پێناگا ناووناوبانگ وبانگەواز وپرۆژەکەیان لەڕیشە دەربێن، خۆدەزانین کە کافرەکان زۆرزیانیان لەسەحابەکان دەدا بەڵام ڕۆژبەڕۆژ ئەو پەیڕەوو بانگەواز و پرۆژە ڕۆژ بەڕۆژ هەرشکۆدارتر و بەناوبانگتردەبوو ، پاشەڕۆژ وچارەنوس هەربۆ ئەوان بوو.

زۆرێک لە سەحابەکان ئەم فەرمودەی رسولی ئەکرەمیان ﷺ گێڕاوەتەوە

- کەدەبینین تەبەرانی لەالمعجم الكبير

«لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي[عَلَى الدِّينِ] [عَلَى الْحَقِّ]

هەردوو دەربڕینەکەدێنێ ، کەواتە ئەوە تێدەگەین کە هەردوو دەستەواژەی (حەق ودین) لێرەهاومانان ، واتە ئەم گروپە هەم پابەندن بە ئاینی ڕاست وهەم بەحەق وڕاستی وهەم خاوەن مافی ڕەوان ،کەواتە دوژمنانیان هەم دژی دینن ،هەم لەسەر باتڵ وناحەقن ،هەم ماف زەوت کارن .

-هەرتەبەرانی لەفەرمودەیەکی دیکە دەگێڕێتەوە کە:

[قَوَّامَةً عَلَى أَمْرِ اللهِ يُقَاتِلُونَ عَلَى الْحَقِّ، ظَاهِرِينَ عَلَى مَنْ نَاوَأَهُمْ[عَلَى مَنْ يَغْزُوهُمْ] .

واتە:

ئەم دەستە لەسەرئەوپەیڕەوە دەمێننەوە وپەیڕەوەکەیان هەردەم زاڵ دەبێ بەسەر بۆچوون وپرۆژەی دوژمن وناحەزانیان کەهەوڵی هێرش کردن دەدەن بۆسەریان

لە گێڕانەوەی موسنەدی ئەحمەدهاتووە کە:

-[ظَاهِرِينَ لِعَدُوِّهِمْ] قَاهِرِينَ لِعَدُوِّهِمْ مَنْصُورِينَ لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يُبَالُونَ مَنْ خَذَلَهُمْ أَوْ خَالَفَهُمْ وَلَا مَنْ نَصَرَهُمْ..]

لێرە ووشەکانی (ظَاهِرِينَ، قَاهِرِينَ مَنْصُورِينَ) هاوماناکراون واتە ئاشکراو دیارن،خەفەت دەدەن دوژمن وسەرکەوتوون .

-وەلە گێڕانەوەی ئیبن ماجە دەفەرموێ «ظَاهِرِينَ عَلَى النَّاسِ، لَا يُبَالُونَ مَنْ خَذَلَهُمْ وَلَا مَنْ نَصَرَهُمْ»

واتە :زاڵن بەسەردوژمنیان دا، دوژمنەکەیان لەژێر هەژمونی وان لەترس ولەرزدایە وقەهروخەم وخەفەتن بۆ دوژمنانیان، زۆر گوێیان لە پشت بەردانی خەڵک یان هەتا ئەوانەش نیە کە سەریان دەخەن وبەدڵ هەوادارن لەگەڵیان، چونکە لەبەئەوەی ئەوان لەگەرمەی ڕووبەڕووبوونەوە دان نایان پەرژێتە سەرئەوەی بزانن داخواکێ دژایەتیان دەکاوکێ بەدڵ حەزبەسەرکەوتنیان دەکا.

هەریەک لە بوخاری و موسلیم وئەبوداود وتورموزی وئیبن ماجە وتەبەرانی وحاکم وبەیهەقی وئەبویەعلی بەچەندین گێڕانەوە گێڕاویانەتەوە کە:

-[إِلَّا مَا أَصَابَهُمْ مِنْ لَأْوَاءَ حَتَّى يَأْتِيَهُمْ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ كَذَلِكَ] حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ وَهُمْ ظَاهِرُونَ عَلَى النَّاسِ، يُزِيغُ اللهُ لَهُمْ قُلُوبَ أَقْوَامٍ فَيُقَاتِلُونَهُمْ وَيَرْزُقُهُمْ اللهُ مِنْهُمْ، حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ تبارك وتعالى وَيَنْزِلَ عِيسَى بْنُ مَرْيَمَ عليه السلام، حَتَّى يُقَاتِلَ آخِرُهُمْ الْمَسِيحَ الدَّجَّالَ» «وَعُقْرُ دَارِ الْمُؤْمِنِينَ الشَّامُ»[قِيلَ]: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَأَيْنَ هُمْ ؟ قَالَ : بِبَيْتِ الْمَقْدِسِ، وَأَكْنَافِ بَيْتِ الْمَقْدِسِ]

شرۆڤەی دەقەکە :

لەم گێڕدرانەوە دەفەرموێ ،زیانی گەلەکۆمەکی دوژمنانیان وپشتتێکردنی دەغەڵەکان هەرئەوەندە تائیفەی مەنسورە ناڕەحەت دەکا ،بەهۆی ئەو برسێتی و گوزەرانە زەحمەت و هەژەشەو کوشت وبرینەی کەتوشیان دەبێ -أَصَابَهُمْ مِنْ لَأْوَاءَ-بەهەموو ئەم مەینەتانە لێک دراوەتەوە، بەڵام لەفەرمودەکە دیارە کەبەهۆی ئەو زەحمەتیانە کۆتاییان پێ نایە ،دەمێننەوە هەتا ئەمرو بەڵێن ومژدەی الله دێ ،هەتاهاتنی ئەو کاتەش ئەوتائیفە سەرەڕای ئەوهەموو ناڕەحەتیە بەڵام هەر لەڕووی ئیمان و مەنهەج ولەسەرحەقی ونمونەی باڵاوە هەرئەوان لەم بەهایانە بەسەر هەموو خەڵکیدا سەرکەوتوون، دڵی گەلێکی سەرلێ شێواویان لێ ڕەق دەبێ ،دێن وجەنگیان لەگەڵ دەکەن ، بەهۆی ئەم جەنگەوە ئەم دەستە مەنسورە بژێویان دەست دەکەوێ ، لەم فەرمودە هاتنی امر الله واتە دابەزینی عیسی کوڕی مریم علیە السلام.

مەبەستی کۆتاکەسی ئەم تائیفە دەجال دەکوژێ ،ئێمە دەزانین کەئەوکەسەی دەجال دەکوژێ مەسیحی کوڕی مەریەمە کەبە پێی ئەم فەرمودەیە کۆتاکەسی ئەندامە وکۆتاسەرکردەی ئەم تائیفە مەنسورەیە، لەبڕگەی کۆتایی فەرمودەکە شوێنی جوگرافی ئەودەستەیە دیاری دەکا کەماڵی ئیمانداران لەشام دەبێ ، واتە پایتەخت وقورساییان ، وەلەشامیش لە قودس ودەوروبەری قودس دەبێ. لەزۆرگێڕدراوە ئاماژەبەوەکراوە کەپایتەختی جێنشینی خیلافەت لەسەر

ڕێ وشوێنی پێغەمبەرایەتی (خلافة على نهج النبوة) کەلەسەردەستی مەهدی وعیسا علیه السلام دادەمزرێ پایتەختەکەی قودسە

کەواتە بەم بەڵێنانە دەرکردنی مسوڵمانان لەفەلەستین بەگشتی وغەزە بەتایبەتی سەرناگرێ، ئەگەرچی هەندێ لەزانایانی سەردەم وەک ئەلبانی کەوتونە ئەو هەڵەوەو دەڵێن دەبێ مسوڵمانانی فەلەستین کۆچ کەن و فەلەستین بۆجولەکان چۆڵ کەن .

ئیبن جەماعە لەفەیز القدیردەڵێ: [دیارەچونکە لەهەموو مسوڵمانان تەنیائەم تائیفە پابەندی ئەمروفەرمانی شەریعەت ماون بۆیە دوعاکەی سەروەرمان علیه السلام کە دوعای فەرموەکە کەسی نامسوڵمان وغەیرەدین بەسەرئوممەتەکەم دا زاڵ نەکەی ، کە پەروەردگارولآمی دایەوە هەتا ئەوان دوبەرەکیان تێداپەیدانەبێ لەسەدینەکەیان کەسیان بەسەردازاڵ ناکەم ، جاچونکە ئەم دەستە کەمە لەسەر ڕێگاڕاستە گشتیەکە ماون بۆیە دوعاکە ی رسول ئەوان دەگرێتەوەو دوژمنی غەیرەدین بەسەریاندازاڵ نابێ.

لە درێژەی فەرمودەکان دەبینین کە بۆیە سەرەوەرمانﷺ فەرمویەتی لە(اطراف واكناف) واتە لەپەراوێزی بەیتی مقدسن وقورئان فەرمویەتی بەرەکەت وپیرۆزیەکە لەحەول ودەوروبەری قودسە (باركنا حولها)چونکە لەبەرباروذۆخی دینی ئەوشارە زۆربەی کات دەسەلآتی زەمەنی قودس جولەکەومەسیحی بەسەردازاڵ بوون، بەتایبەت لەنزیکی ڕۆژی قیامەت کەقودس ناوەڕاستەکەی پایتەختی دەوڵەتی دجالە، بۆیە گروپ و عەسابەی حەق لەپەراوێزەکانی ئەوشارە گەمارۆدەدرێن..

هەروەها فەرمودەکانی غەرب وڕۆژئاوای مەدینە کەشام دەگرێتەوە کە موسلیم لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس دەیگێڕێتەوە کە سەروەرمان ﷺ

فەرمویەتی:

"لا يزال الغرب ظاهرين عَلَى الحق حتى تقوم الساعة"

زانایان گوتویانە ڕۆژئاوای مەدینە شامە. محمد منصور بن عبد الجبار السمعاني لەکتێبی فضائل الشام گێڕاویەتەوە.

وە لەفەرمودەکان دیارە کەو

[أكناف بيت المقدس "وأطراف بيت المقدس]

بەشێکن لەشام ،هەروەها لەفیتنەی یاجوج وماجوج کە فرمان بەعیسادەکرێ:

(حرز عبادي إلى الطور)

واتە بەندە کانم لە تور پەنا بدە

. ئیبن ماجە لەنەواسی کوڕی سەمعان لەفەرمودەیەکی درێژگێڕاویەتەوەوئەلبانی بە دروستی داناوە.

لەم فەرمودە دەردەکەوێ کەهێرشی یاجوج وماجوجیش زۆری بۆشامەو مەبەستیان گرتنی شامە ،بۆیە دێن دەریاچەی تەبەریەدەخۆنەوە کەدەریا چەیەکە لەنێوان سوریاو فەلەستین.

کەواتە شوێنی تائیفەی مەنسورە تاهاتنە خوارەوەی عیسی علیه السلام لە [أكناف بيت المقدس "وأطراف بيت المقدس] دەبێ جولەکەو ئەمریکاوهەموو هێزی جیهان ناتوانێ ئەم جیهادەبنەبڕبکا، هەتاکو هاتنەوەی عیساوهاتنی یاجوج وماجوج شاری ئیلیا وشاری مەحبوبە وبەیتی مەقدس وئەقسا و توری سینین وسینا وتوری پیرۆز وموبارەک کەهەمویان هەر یەک شوێنن هەرئەوێ پەناگەیە .

وەلێرە ولەزۆر دەق تریش دەردەکەوێ کە ئەو چیای تورەی کە موساعلیە السلام فرمانی پێکرا پێڵەوەکانی داکەنێ چونکە لەشوێنێکی پیرۆز وموبارەک و موقەدەسە ، کەواتە موسا لەشاری مەدیەنی دەوروبەری تەبوکی سعودیەی ئێستا چۆتە سەرگردی قودس کەبەشاخی زەیتونیش ناسراوە ، هەربۆیە ئەوانەی ئەمرۆکە بەو دوورگە بەردەلانیە سێگۆشەییەی نێوان دەریای سورودەریای سپی دەڵێن نیمچە دوورگەی سیناو شوێنی سەرگەردانی چل ساڵەی بەنوئیسرائیلە وئەوی بەتوری سینا دەزانن ڕاست نیە ، چونکە کەڕاست بوایەو تور لەوێ بێ خوا بە بەنو ئیسرائیلی نەدەفەرمو دەی بچنە ناوزەوی پیرۆز ، چونکە لەشوێنی تری قورئان دەفەرموێ تور دۆڵی پیرۆز و موقدسە .

بەڵام ئەم هەڵە مێژووییە بەهۆی بەهەڵە تێگەیشتنی جولەکەو نەسرانیەکانە ، مسوڵمانانیش کە شارەزای جوگرافیانەبوون ئەوانیش بە قسەی جولەکەومەسیحیەکان لەم بابەتە بەهەڵەداچوون .

گێڕانەوەکانی تائیفەی مەنسورە زۆر مەشهور ە کە بە تاواتور دانراوە ،لەزۆربەی گێڕانەوەکان ئەوان لەشامن وهەرلەوێ دەمێننەوە وبەرگری لەشام بەشێکە لە بەرگری لەحەق چونکە وڵاتێکی پیرۆزە .

گێڕانەوەکان دەستەواژەی (لا تزال -ولا يزال– لن تزال – لا تبرح)یان تێدایە کەبەڵگەیە لەڕووی زمانەوانیش ئەم تایفە بەبەردەوامی لە شام دەمێنێتەوە وەهەروەها هەمیشە سەرکەوتن وئاشکرایی وزاڵ بوونی پەیڕەوپرۆگرامیشیان لەشام دا بە زاڵی دەمێنێتەوە و

«يقاتلون على الحق فإنهم ظاهرين إلى يوم القيامة».

کوشتاردەکەن بۆسەرخستنی حەق وگێڕانەوەی حەق ومافی زەوتکراو ولەسەرئەوکارەش سەرکەوتوون تارۆژی قیامەت دێ.

«وبرح وزال» هەردووکیان بۆ هەمیشەیی بوون وبەردەوامی بەکاردێن کەواتە ئەم دەستەجەمعەوتائیفە :

-وازلەتائیفە بوون ودەستەجەمعی لەسەرئەوپەیڕەوە ناهێنن.

-هەمیشە لەشامن و لەوڵاتی شام دەرناچن .

ولە سونەنی سعيد بن منصور لە مُحَمَّدِ بْنِ كَعْبٍ،دەگێڕێتەوەکە : رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فەرمویەتی:

«لَا تَبْرَحُ عِصَابَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ لَا يُبَالُونَ مَنْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَخْرُجَ الْمَسِيحُ الدَّجَّالُ فَيُقَاتِلُونَهُ»

مەبەستی ئەوەیە کەزنجیرەی ئەم دەستەناپچڕێتەوە لەسەردەمی محمدەوەعليه السلام تا دوائاڵقەی ئەم تائیفە دەبنە سەربازی عیسی کوڕی مریەم عليه السلام .

کەواتە ئەم تائیفە بەدرێژایی ئەو سەدانە شەڕ لەگەڵ هەر سی وسێ دەجالەکە وپەیڕەوەکانیان دەکەن کە ئەبوداود لەئەبوهورەیرەوە گێڕاویەتەوە کە پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی:

(لا تَقومُ السَّاعةُ حتى يَخرُجَ ثَلاثونَ كَذَّابًا دَجَّالًا كُلُّهم يَكذِبُ على اللهِ ورَسولِه.)

واتە قیامەت نایەت تاسی وسێ دەجال دەرنەچن کەهەمویان خواوپێغەمبەر ﷺ بەدرۆدەزانن.

دوادەجال دەجالی گەورەیەوهەروەک دواسەرکێشی تائیفەی مەنسورەش عیسی کوڕی مەریەمە علیه السلام.

نەوەوی لەراڤەی ئەم فەرمودانەدا وای لێکدەداتەوەکە

«خەڵکانی موجاهید وفەرمودەناس وشەرع زان وکەسانی فەرمانکاربەچاکەوقەدەغەکارانی خراپەو وخەڵکانێکی دیکەی خێرۆمەند لە خۆ دەگرێ .

بەڵام دەڵێ کە مەرج نیە لەیەک هەرێم کۆبنەوە،بەڵکو لەهەموو وڵاتانی زەوی بڵاون ،وەپێی وایەکە هاتنەدی ئەم فەرمودە لەهەموو سەدەکان تاسەردەمی ئەو موعجیزەیەکی پەیامبەرە ﷺ.

لێکدانەوەکانی نەوەوی هەمووتەواون ،ئەوەنەبێ کەدەڵێ بڵاون لەهەموو وڵاتان، چونکە فەرمودەکان تەشبیهیان دەکەن بە وکەتانەی کە جەبیرەوشەپکەی شوێنی شکاوی پێ دەبەسترێ، کە زۆرهۆگری یەکترن وتوندولێک نزیکن ولە دەوری ئەوبابەت وشوێنەی مەبەستیانە خول دەخۆن ودەمارگیری وتەعەسوب ودۆستایەتی بۆئەوکەیسە ودژایەتی دوژمنانی ئاوکەیسەکۆیان دەکاتەوە، ئەم تایبەتمەندیانە وادەکا لێک نزیک بن ونابێ لێک دووربن ،وەنابێ بوارو شارەزایەکانیان زۆرلێک دووربن.

ئیبن حەجەریش هەمان بۆچوونی نەوەوی هەیە ،بەڵام دەشڵێ مەرج نیە کەهەمیشە بڵاوبن ودەکرێ هەندێک جا لەشوێنێک کۆبن ،،بەڵام ئەو پێی وایە هەتائەمانە بمێنن (امرالله) واتە مەسیح علیه السلام نایە ،بەڵام کە بنەبڕبوون ولەهەمووجیهان ئینقیرازیان کرد ئەوجار ئەمرالله وبەڵێنی ئەوو مەسیح دێ.

ئەم شیکارەی ئیبن حەجەر بەریەککەوتەی لەگەڵ چەندین فەرمودە هەیە.

-بەریەک کەوتەی هەیە لەگەڵ ئەوفەرمودەی دەفەرموێ کەعیسی هات دەچێتەلای ئەو کۆمەڵەی لەفیتنەی دەجال پەنادراون ومژدەی پلەکانیان پێدەدالەبەهەشت باشە کەئەوانە لەگەڵ ئەوتائفە نەبن لەگەڵ کێن؟

وەئەوفەرمودەی دەفەرموێ هەتادواکەسی ئەوتائیفە لەگاڵ دەجال جەنگ دەکا ئەوەش دەیسەلمێنێ کەعیسی کەهات بۆیارمەتی ئەمانەدێ ودوای کوشتنی دەجال دەبێتە سەرکێشی ئەودەستە وئیمامیان.

پێناسەی (العصابة) لەڕووی زمانەوانی:

عصابة لەزماندا هەڵبەستنێکی پتەوە،بە ئەو پارچەپەڕۆیەی سەری پێ دەبەسترێ ویان بەو لەفافە وکەتانەی ئەو جەبیرەوشەپکانەی قاچ ودەستی شکەویان پێ هەڵدەبەسترێتەوە دەبەسترێ لەعەرەبیدا پێیان دەگووترێ عەسابە وعوسب.

بەجامەدانە وعەمامەی سەریش دەڵێن عەسابە وەک لەفەرمودەهاتووە کە مەسحکردن لەسەر جەمەدانە-العصائب- دروستە

پێناسەی الطَّائِفَةُ لەعەرەبیدا :

بەچەند واتایەک هاتووە:

-بەواتای بەشێکی بچوک وپارچەیەک لە شتێکی گەورەهاتووە : طائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ بەشێک یان چەندکەسێک لەئیمانداران.

أَخَذْتُ طَائِفَةً مِنَ الثَّوْبِ، أَيْ قِطْعَةً مِنْهُ.

واتە پارچەیەک لەقوماشەکەم کرِی.

-طائِفَةٌ بە یەکێک تاهەزارکەس دانراوە .

ئیبن فارس دەڵێ :هەرکۆمەڵەخەڵکێک کەلەدەوروخولی شتێکی بەرجەستە وەک کەعبە ،یان بابەتێکی مەعنەوی وەک پەیڕەوو کەیسێک بسوڕێنەوە پێیان دەگوترێ تائیفە ،واتە خولیاو هەڵسوڕاوان لەدەوروخولی ئەوبابەتە.

بەڵام عەسابە واتایەکی زیادی هەیە کە دەبێ ئەوکۆمەڵە هەڵبەستراوە وەک جەمەدانەومێزەرلەدەوروخولی ئەو بابەتە دەمارگیریەکی پتەویشیان بۆ یەکترهەیە لەپێناوی ئەو بابەتە

وە دیارە دەبێ ئەوبابەت وشوێنە ومافە کەئەوعەسابە دەوریان داوەوبەستویانە دەبێ سەرێک بێ پێویستی بە مێزەرەبێ وشایانی مێزەربێ ، وەدەبێ شکستی وسەرماو پێداویستیەک لەوبابەت وشوێنە هەبێ کە پێویست بێ ئەوکۆمەڵە بەدەمارگیریەکی پتاوو پەیوەندیەکی توندەوە گەمارۆی بدەن وبە گیان ولاشەی خۆیان ڕەمەندێک دروست بکەن وئەوشکستە چاک بکەنەوەو ساغی

وسەلامەتی بۆ بگێڕنەوە، جا شکستیەکە مافێکی داگیرکراوە، یان وڵاتێکی مافخوراوە ،بوونی ئەم عەسابە بۆ هەڵبەستنەوەی ئەوشکستە فەرزی کفایەیە لەسەرمسوڵمانان کە کۆمەڵێکیان نەیکەن وئەو شوێن و مافە ش هەرشکست بێ ئەووهەموو ئەندامانی ئوممەت تاوانبارن..

کەواتە هەموو ئەو واتازمانەوانی و هەواڵانە ئەوەدەسەلمێنێ کەئەو کۆمەڵە وەک مێژەر لەدەوری سەرخستنی حەق وەک بابەت ،وەلە دەوروبەری بەیت المقدس وەک شوێن دەسوڕێنەوەو هۆگریان ودەمارگیریان بە حەق و خۆشەویستی ئەقسا لەگەڵ یەکیان گرێدەداو وەلائو دۆستایەتیان بۆ دروست دەکا ..

لەدوای ئەوەی بابەت وشوێنی ئەوتائیفەمان لەدەقەکانەوەزانی، ئێستا بالەدەقەکانەوەکات وسەردەمەکەشیان بزانین.

گێڕانەوەی تەبەرانی سات وسەردەمی بوونی ئەم تائیفە دیاری دەکا کەلەسەروبەندی هاتنەخوارەوەی مەسیحە علیه السلام.

چونکە پەیامبەر ﷺ دوای فەرمودەکە ئەم ئایەتەی خوێندۆتەوە :

{يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ} [آل عمران: 55] »

وەلەگێڕانەوەی سەعیدی کوڕی مەنسور «حَتَّى يَخْرُجَ الْمَسِيحُ الدَّجَّالُ فَيُقَاتِلُونَهُ»

ئەمەش بەڵگەیەکی دیکە کەدەفەرموێ هەتا کوشتارلەگەڵ مەسیحی دەجال دەکەن.

ئاشکرایە کە مەسیح لە نزیک بیت المقدس دێتە خوار وەک لەو فەرمودە داهاتووە:

ئیمام ئەحمەد لە ابن مسعود دەگێڕێتەوە کەپەیامبەر ﷺ فەرمویەتی:

ئەوشەوەی شەوڕەویم پێکرا بە إبراهیم وموسى عیسى گەیشتم باسی هاتنی قیامەتیان کرد ،بابەتەکەیان ئاڕاستەی ئیبراهیم کرد ،فەرموی هیچ زانیاریم لەسەری نیە ، پاشان بابەتەکەیان ئاڕاستەی موسى کرد ئەویش فەرموی هیچ زانیاریم لەسەری نیە ، پاشان بابەتەکەیان ئاڕاستەی عیسى کرد ئەویش فەرموی نازانم کاتەکەی دوای چەندساڵە؟ ئەوەجگەلە الله کەسی ترنایزانێ بەڵام پەروەردگارم بەڵێنی ئەوەی بە من داوە ،کە کاتێ دەجال دەرکەوت ومنیش قضیبان واتە (رم وکوتەک ومەترەق) م بەدەستەوەیە ،کاتێ ئەودرۆزنە من دەبینێ وەک قوڕقوشم دەتوێتەوە ،دوای

لەناوچوونی هەموو بەردودرەختێک هاوارەکائەی مسوڵمان ئەوەکافرێک لەپشتم خۆی حەشارداوە وەرەبیکوژە......

لە گێڕانەوەی بوخاری و موسلیم دا هاتووە

(بەردو دار هاواردەکەن ئەوە جولەکەیە لەدوام بیکوژە)

ڕاڤەکەرانی فەرمودە دڵێن ئەوکاتە ئەوکوشتارەڕوودەدا کە مەسیحی حەق مەسیحی گومڕایی دەکوژێ ،ئەوکاتەی سەرۆکی جولەکەکان دەجالە وسەرۆکی تائیفەی مەنسورەر مسوڵمانانیش مەسیحی کوڕی مەریەمە.

لەگێڕانەوەی موسلم لەنەواسی کوڕی سەمعانەوە هاتووە کە :

....إذ بعث الله المسيح بن مريم فينزل عند المنارة البيضاء شرقي دمشق بين مهرودتين واضعا كفيه على أجنحة ملكين إذا طأطأ رأسه قطر وإذا رفعه تحدر منه جمان كاللؤلؤ فلا يحل لكافر يجد ريح نفسه إلا مات ونفسه ينتهي حيث ينتهي طرفه فيطلبه حتى يدركه بباب لد فيقتله ثم يأتي عيسى ابن مريم قوم قد عصمهم الله منه فيمسح عن وجوههم ويحدثهم بدرجاتهم في الجنة فبينما هو كذلك إذ أوحى الله إلى عيسى إني قد أخرجت عبادا لي لا يدان لأحد بقتالهم فحرز عبادي إلى الطور ويبعث الله يأجوج ومأجوج وهم من كل حدب ينسلون فيمر أوائلهم على بحيرة طبرية فيشربون ما فيها ويمر آخرهم فيقولون لقد كان بهذه مرة ماء ويحصر نبي الله عيسى وأصحابه.

واتە:

لەم فەرمودە دەیسەلمێنێ کە مەسیح لە ڕۆژهەڵاتی دیمەشق دادەبەزێ دیارە مەبەستی لە مەنارە شوێنێکی وەک ڕوانگە وڕوناکەرەوەی ڕێ و بڵندایی بووە وسپیش بووە ، بەڵام لێکدانەوەی منارە بە منارەی مزگەوتی ئەمەوی ڕاست نیە ،چونکە هەرگیز مزگەوتی ئەمەوی لەڕۆژهەڵاتی دیمەشق نەبوە نەئێستاونەکۆن ، ڕۆمانیەکان ئەم پەرستگایەیان بۆ ژۆبیتێر زیۆس دروستکرد لەناوەڕاستی شار ،دوای هاتنی مەسیحی بوە کەنیسەی یۆحەننای مەعمەدان دواتر بۆتە مزگەوت

.

کە عیسا دێتە دەوری قودس ولەدەروازەی لود دەجال دەکوژێ ودێتەلای ئەو کۆمەڵە وتائیفە مەنسورە دەبینێ کە الله پەنای داون لەهەمووسات وزەمانێک لەهەموو دەجالەکان ولەدەجالی گەورەش ، عیسی دەستیان بەسەردادێنێ و هەواڵیان پێدەدابە پلەکانیان لەبەهەشت ،پاشان ئەوکۆمەڵە مسوڵمانە پەنادراوەدەباتە کێوی تور بەفرمانی الله ،یاجوج وماجوج دێن و ئاوی تەبەریە دەخۆنەوەو مسوڵمانان لەتور گەمارۆدەدەن تاسەرەنجام بەنەخۆشی لەناودەچن.

لەفەرمودەکەی پێشووی موسلیم ولە لای عبد الرزاق لەمصنف دا لە مُجَمِّعِ بْنِ جَارِيَةَ دەگێڕێتەوەکە : گوێی لە رَسُولَ اللهِ ﷺ بووە فەرمویەتی

: "يَقْتُلُ ابْنُ مَرْيَمَ الدَّجَّالَ بِبَابِ لُدٍّ، أَوْ إِلَى جَانِبِ لُدٍّ"»

زانیمان کە عیسی علیە السلام دەجال لەدەروازەی لودد دەکوژێ

اللد (بەعیبری: לֹד) یەکێکە لە کۆنترین وگەورەترین شارەکانی فەلەستین لە دووری 38 کم لە باکوری خۆرئاوای قودسە ،ئەم شارە کەنعانیەکان لە ٥هەزارساڵ پ ز دایان مەزراندوە ،ئەم شارە ڕووبەرەکەی 14.8 کم2، ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی2021ز دا 82629 کەس بوو 29.8%، یان عەرەبن و70.2%. جولەکەن.

فەرمودەکان باس لەوەدەکەن کە دەجال کاتێ عیسی دەبینێ لە دەروازەی ڕۆژئاوەی قودس هەڵدێ وبەرەو دەروازەی ڕۆژهەڵاتی شاری للود بەڵام پێش ئەوەی بگاتە ئەوشارە ١٩ باڵی دەمێنێ کە بیگاتێ عیسی لەوێ دەیکوژێ بە ڕمەکەی.

هەرئەم فەرمودە بوخاری لە مێژووی گەورەو ئەبونەعیم لەحلیە وئیبن عەساکر لە مێژووی دیمەشق لە ئەبوهورەیرە دەگێڕنەوەوئەلبانی بە دروستی داناوە کە رسول الله ﷺ فەرمویەتی :

لَا تَزَالُ مِنْ أُمَّتِي عِصَابَةٌ قَوَّامَةٌ عَلَى أَمْرِ اللَّهِ عز وجل لَا يَضُرُّهَا مَنْ خَالَفَهَا تُقَاتِلُ أَعْدَاءَهَا، كُلَّمَا ذَهَبَ حَرْبٌ نَشَبَ حَرْبُ قَوْمٍ آخَرِينَ ، يُزِيغُ اللَّهُ قُلُوبَ قَوْمٍ لِيَرْزُقَهُمْ مِنْهُ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ كَأَنَّهَا قِطَعُ اللَّيْلِ الْمُظْلِمِ فَيَفْزَعُونَ لِذَلِكَ حَتَّى يَلْبَسُوا لَهُ أَبْدَانَ الدُّرُوعِ»

کەواتە ئەمانە دوژمنیان زۆرن و هەرچەند شەڕی دوژمنێک تەواودەکەن شەڕی دوژمنێکی تریان بۆ پەیدادەبێ ،لەچوارچێوەی ئەوسی وسێ دەجالەی لەفەرمودە باسیان کراوە.

وەبەگێڕانەوەی موسنەدی ئەحمەد و وسنن الشامیینی تەبەرانی وسونەنی نەسائی هاتووە کە

«ويَزِيغُ اللهُ قُلُوبَ (قَوْمٍ) أَقْوَامٍ، فَيُقَاتِلُونَهُمْ (لِيَنَالُوا مِنْهُمْ)، وَيَرْزُقُهُمُ اللهُ مِنْهُمْ»

وەلەگێڕانەوەی خانچی هانووە «لا يزال الله يُزيغ قلوب أقوام تقاتلونهم ويرزقكم الله، عز وجل، منهم»

لەگێڕانەوەیەکی تری تەبەرانی هاتووە.

«لَا يَزَالُ اللَّهُ يَزِيغُ قُلُوبَ أَقْوَامٍ تُقَاتِلُونَهُمْ، فَقَاتِلُوا بِهِمْ وَيَرْزُقُكُمُ اللَّهُ مِنْهُمْ»«وينصرُهم عليهم»

لە ئەسما وسیفاتی بەیهەقی هاتووە .«يُزِيغُ اللَّهُ تَعَالَى قُلُوبَ أَقْوَامٍ فَيُقَاتِلُونَهُمْ لِيَنَالُوا مِنْهُمْ . قُلُوبُ قَوْمٍ قَاتَلُوهُمْ لِيَنَالُوا مِنْهُمْ »

لەڕاڤەی ئەم بڕگەی ئەم گێڕدراوانە زۆرلێکدانەوەی بۆکراوە لەوانە:

سندی لەحاشیەی نەسائی دەڵێ:دڵی کۆمەڵێک خەڵک لەحەق هەڵدەخلیسکێ بەرەوناحەق ولە ئیمانەوەبۆ کوفر تاکو سەرەنجامی ئەم لادانەیان دەبێتە هۆی بەرپابوونی جەنگ لەگەڵ تائیفەی حەق وسارومالی ئەو لادەرانە بۆ تائیفەی سەرکەوتوحەلاڵ دەبێ.

وەدەشگونجێ لێکدانەوەی دیکەشی بۆ بکرێ کە الله دڵی خەڵکانێک نەرم کاو ببنە پشتیوانیان وبەم هۆیەوە تائیفەی مەنسورە هاوکاریان بۆ پەیدابێ چونکە کەسانێکی چاکەکار وبوێرن ،ئەم چاکە ببێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی هەندێ کەسانی ویژدان زیندوو لە مسوڵمانان ولە جگەلە مسووومانان ..

-لێکدانەوەی سێیەم ئەوەیە کەئەو خەڵکە دڵ هەڵخلیسکاوانە بچن پارە پەیداکەن لای کافروبێباوەڕان بە بازرگانی کردنیان بە تائیفەی مەنسوڕەو ئەم لارێ بوانە بچن بە هەواڵگری وسەربازی یارمەتی دوژمنەکانیان بدەن بە پارە یان کەسێکی دەغەڵ گەمارۆی کەفران بۆ تائیفەی مەنسورە بقۆزنەوەوبچن شتیان بەگران پێ بفرۆشن وبەناوی ئاوەدانی وفریاکەوتن خۆیان بکەنە پاڵەوانی مەیدانەکە ،یان بەهۆی ناوەندگیری ودانوستان ناوبانگێک پەیداکەن. .

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم فرەدوژمنی وپیلانانە ئەم تایفە سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن بەدەستی دێنن ،واتە شەڕی چەندین ڕەوت وپارت ورژێمی ئاراستە جیاواز دەکەن کە
تەنیالەسەردوژمنایەتی ئیسلام کۆکن ئەگەرنا لەهەموو شتێک ناکۆکن.

فهم (مَنْصُورِينَ أَيْنَمَا تَوَجَّهُوا، يُقْذَفَ بِهِمْ كُلَّ مَقْذِفٍ، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَالَفَهُمْ) وهي (تُقَاتِلُ أَعْدَاءَهَا، كُلَّمَا ذَهَبَ حَرْبٌ نَشَبَ حَرْبُ قَوْمٍ آخَرِينَ).

لەکاتێکدا ئەم دووبەرەیە خەریکی ئەم جەنگە دەستەویەخەن بەرەو حەشاماتێکی سێیەم هەیە لە وانەی ماسی لەئاوی لێڵدادەگرن لەوانەی دڵیان لە ئیمان دادەماڵێ وحەزی لەدۆستایەتی کافران و کلکە سوێی نۆکەری وکۆیلایەتیە.

قورئان هەرلەسەرەتاوە ئەمری فەرموە کە :

:(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥١ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمۡ يَقُولُونَ نَخۡشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٞۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَ بِٱلۡفَتۡحِ أَوۡ أَمۡرٖ مِّنۡ عِندِهِۦ فَيُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ نَٰدِمِينَ ٥٢ وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ إِنَّهُمۡ لَمَعَكُمۡۚ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَأَصۡبَحُواْ خَٰسِرِينَ) [المائدة: 51-53].

واتە:ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکەو گاور مەکەنە یارو یاوەرو پشتیوانی خۆتان ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت، ئەوە هەر لەوانە و (حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت) بەڕاستی الله هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات.

بە ڕوونی دەبینی ئەوانەی دڵیان نەخۆشە و (ئیمان لاوازن) بەپەلە دەچن بۆ لایان (بە زمانی حاڵ) دەڵێن: دەترسین بەڵایەکمان تووش بێت یان کارەساتێکمان بەسەر بێت، جا دوور نیە و لەوانەیە بەم نزیکانە الله سەرکەوتن ببەخشێت (بە ئیمانداران) یاخود بەشێوەیەکی یەکسەرپی بە موعجیزەیەک لەلایەن خۆیەوە (سەرکەوتنیان پێببەخشێت) ئەوکاتە باوەڕلاوازان پەشیمان دەبنەوە لەسەر ئەو نهێنی و خەتەرە و خەیاڵەی لە دڵ و دەروونیاندا شاردبوویانەوە .

ئەوسا ئەوانەی ئیمانیان هێناوە (لەناو خۆیاندا بەسەرسامیەوە) دەڵێن: ئایا ئەو دووڕووانە ئەوانەن کە سوێندیان بە الله دەخوارد و جەختیان لەسەر دەکرد کە گوایە بەڕاستی لەگەڵتاندایین؟! کەچی کارەکانیان پووچەڵ بووەوە خەسارەتمەند و زەرەرمەند و مایە پووچ بوون.

ئەی چۆن ئەم هەموو دوژمنایەتیە دەبێتە هۆی دابین کردنی بژێوی؟ ئاشکرایە کەئەو تائیفە هەرڕەوت وپارت و ڕژێمانە کە دەبەزن ئەوتائیفە مەنسورە بەشێک لەسەروەت وسامانی ئەو دوابڕاوانەیان بۆدەمێنێتەوە.

باسی سەرکەوتنی ئەم تائیفە بەسەر دوژمنە ڕاستەوخۆدەرەکیەکان ودڵنەخۆشە پشتهەڵکردوەکانیشدا هەربەئاشکرایە ،بەشێک لەسەرکەوتنیش دەستکەوتنی ماڵ وسامانی تیایە.

تاکە زەحمەتی ئەم تائیفە مەنسورە ئەوزەحمەتی وماندووبوون وبرسێتی و نەخۆشی یەیە کەلەڕێگای ئەم ملانێیەوەتوشیان دەبێ کەئەویش پاداشتی گەورەی پێوەیە.

بەڵام ئەم زەحمەتیە نایانبەزێنێ ،نە جەنگی دەستەویەخەی دوژمنان ونەخەنجەرلە پشت دانی دووڕووان نایان ڕوخێنێ .

لە هەموو گێڕانەوەکان هاتووە کەئەوان لەگەڵ ئەوهەموو پیلانانە پایەدارن لەسەر ئەمری الله واتە هەرپابەندن بەدین وشەرعەوە ودەستیان گرتووەبەحەقەوە وبەسەرخەڵکیدازاڵن بەهێزی بەڵگە وسەلمێنەرەکان ،ئەوانەی هێرشیان دەکەنە سەرنەلەڕووی هزروبیر نەلەڕووی نەریت وخوی کۆمەڵایەتی ورەوشتی ،نە لە بەهاویاساورێساوبنەماکانیان زەفەریان پێنابەن وبۆهەموو مەیدانەکان چەکی گورچک بڕیان ئامادەکردوە.

دیارە جۆرێک لە تێهەڵکێشان وبەیەکداچوون لەم فەرمودە متواترە پەڕیوەتە ئەوفەرمودەی کەباس لەدابەش بوون وپەرتەوازبوونی ئوممەت دەکابۆ٧٣بەش وباس لەوەش دەکا تەنیایەکێکیان دەربازی دەبێ.

بەڵام لەفەرمودەکانی تائیفەی مەنسوڕە حوکمی چونە ئاگر بۆ خەڵکی جگەلەوان دەرناکا،وە حوکمی چونەبەهەشتیش بۆتائیفەی مەنسورە دەرناکا، بۆیە ئەو لەگەڵ بنەماکانی عەقیدەدا باشتردێتەوە، پێدەچێ فەرمودەی دابەش بوونی ئومەت بۆ٧٣بەش هەرگێڕانەوەیەکی دیکەی تائیفەی مەنسوڕە بێ بەڵام ،ڕاوی فەرمودە ئیدراجێکی لەگێڕانەوەکەداکردبێ.

فەرمودەیەکی تریش هەیە کە پەیوەندی بە فرمودەی تائیفەی مەنسورە هەیە ئاویش دەفەرموێ:

-تەبەرانی لە ئیبن عباسەوەدەگێڕێتەوە کە

رسول الله ﷺ فەرمویەتی:

(أول هذا الأمر نبوة ورحمة ثم يكون خلافة ورحمة ثم يكون ملكا ورحمة ثم يكون إمارة ورحمة ثم يتكادمون عليه تكادم الحمر فعليكم بالجهاد وإن أفضل جهادكم الرباط وإن أفضل رباطكم عسقلان.)

ئەلبانی بەدروستی داناوە.

لەسەرەوە باسی ئەم دابەش کردنەی تەمەنی ئوممەتی ئیسلام کرا :

کۆتابڕگەی فەرمودەکە ڕێنماییمان دەکا بۆ ئەوجۆرە جیهادەی کەئوممەتی ئیسلام لەم سەردەمە پێویستی پێیەتی ،کەئەویش (أفضل جهادكم الرباط) باشترینی جیهادی ئەم سەردەمە ڕیباتە .

مادام ئاڕاستەکردنە کەی پێشەوامان پێمان دەڵێ کەلەوسەردەمەدا باشترین جیهاد گوتنی قسەی حەق نیە لای دڵسەڵاتداری ستەمکار بەڵکولەوسەردەمەدا باشترین جۆری جیهاد وگونجاوترینیان ونزیکترین ڕێگابۆهێنانەوەی ئیسلام وسەروەری وشکۆداری بریتیە لە جیهادی رباط بۆیە جارێ بابزانین ئەم جۆرە جیهادە چیە ؟

پێناسەی الرباط :

پێناسەی الرباط واتە بەستەرەوە، ئەویەتەی ئاژەڵی پێدەبەستێتەوە.

رباط الخيل:ئەوتەوێڵەوکێڵگەی ئەسپی لێ بەخێودەکرێ وڕامدەکرێ وفێردەکرێ وناهێڵرێ بەرەڵابێ.دابەستن وڕاگرتنی ئەسپ وتەرخانکردنی بۆ جیهادی دوژمنان.

{وَرَبَطْنَا على قُلُوبِهِمْ} [الكهف: 14]بە ئیلهام وڕێپیشان دان وڕێنمایی وڕوناک کردنەوەوزوهد وتزکیە وعیرفان وبەرگەگرتن ،پابەندکردنی دڵ وخەیاڵ وئەندێشەوهۆش وبیر بە خەسڵەتە پاک وچاکەکان وشۆردنەوەی لە خەسڵەتە خراپ وبەدەکان.

رابط الجأش:واتە دڵ ودەروونی والێکرد ئارام بگرێ لەسەرئەو باروسروشتە.

والرَّبِيط:بەڕەبەن وزاهید وحەکیمەکان گوتراوەرابیت چونکە خۆیان بەستۆتەوەودوورلە عەیش ونۆشی دنیا .

لەفەرمودەش هاتووە کە ڕیبات لای بەنی ئیسرائیل خۆڕازاندنەوەبوو بە بێدەنگی .

ماء مترابط:بەئاوی ژێرزەوی وهەوری ئاسمان دەگوترێ ،وەک کۆکەرەوەی ئاو.

زانایان بەوە پێناسەیان کردوە کە وابەستە بوونی ئاوسەنگەروسەرسنورو بەرەی جەنگانەیە کەبەرانبەر ی دوژمنە ،تائەو مورابیتە پاسەوانی مسوڵمانان بێ و نەهێڵێ دوژمن دزەبکاوهێرشیان بکاتە سەر.

قورئانیش دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ} [آل عمران: 200].

واتە:ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆگربن و خۆڕاگربن و ئارامگربن و بەسەر خۆتاندا بهێنن، نەبەزن لە خۆگری مانەوەتان لە سەنگەردا، هەوڵ بدەن هەمیشە لە سەنگەری خەبات و کۆششدا بن، لە خوا بترسن و پارێزکاربن بۆ ئەوەی سەرفرازبن (هەمیشەیی) بەدەست بهێنن.

سەبرگرنن ئاسانترە لە (وَصَابِرُوا) ،وە (وَرَابِطُوا) لەهەردووکیان بەرزترە وتەقوا کۆتاپلەیە.

زانایان سەبریان بەسەبرلەسەر کردنی گوێڕایەڵی داناوە،(وَصَابِرُوا)بە سەبرگرتن ونەکردن وتخون نەکەوتنی قەدەغەویاساغەکانە کە کۆشکی عبادەت وگوێڕایەڵی دەروخێنێ.(وَرَابِطُوا) ئەوکەسە خودی جۆی بە مل کەچی ئاوەدان کردۆتەوە و نەیهێشتووە یاساغەکان وحەرامەکان دزەبکەنەقەڵای دڵیەوە، ئەم مرۆڤە دڵ ودەروون ئاوەدانانە دەبنە پارێزەربەرگریکاری لە ئەمن وئاسایشی کۆمەڵگاو دەوڵەت وبەهاکانی ئیسلام وناهێڵن لەهیچ بوارومەیدانێکی ڕووبەڕوو بوونەوەی لاشەیی، زانستی، پەروەردەیی وفکری ورۆشنبیری، ڕوحی وعیرفانی، سەربازی ، تەکنەلۆژی ....هەربابەتێک پێویستی بەئامادەکاری وکۆشش کردن بێ و تیایدا پێشبڕکێ دوژمنان بکرێ و ببێتە قەڵایەک بۆ پاراستنی ئیسلام و مسوڵمانان هەمووی بە ڕیبات دادەنرێ .

بۆیە گۆشەکانی تەکیەوتەسەوف بە ڕەبات ناوبراون چونکە ڕووبەڕووبوونەوەی نەفس وشەیتان وپاککردنەوەی ڕوح وهزر پێویستی بەو ریباتە ئیمانیە هەیە ودەبێ ڕوح وعەقڵ ودڵ ودەروون لەپێش هەموو ئەندامەکانی تربە ڕۆشنایی علم وعیرفان وئیمان ویەقین پاراوبکرێن ولەهەموو خڵتەوخاڵێک پاک بکرێنەوەو بەهەموو جۆرەزانست وزانین ورۆشنبیریەکی بەسود فێربکرێن ،هەربۆیە سەروەرمان علیه السلام دەفەرموێ:

((ألا أخبركم بما يمحو الله به الخطايا ويرفع به الدرجات؟ إسباغ الوضوء على المكاره، وكثرة الخطا إلى المساجد، وانتظار الصلاة بعد الصلاة؛ فذلكم الرباط، فذلكم الرباط، فذلكم الرباط)).

واتەهەواڵتان بدەمێ بە کردەوەیەک گوناهەکانتان دەسڕێتەوە ،دەستنوێژگرتنی تەواو لەکاتی سەرماوناڕەحەتی ،زۆرڕۆیشتن بۆ مزگەوت وچاوەڕوانی نوێژ ،ئائەوە ڕیبات و سەنگەرگرتنە ..

ئەم دەستنوێژوچونە مزگەوت ونوێژکردنە چەندین وانەی ڕوحی وئیمانی وکۆمەڵایەتی وزانستی وپەروەردەیی ودەروونی ولاشەیی تێدان ، هەربۆیە بوخاری لەسەل دەگێڕێتەوەکە :

رَسولَ اللَّه ﷺ دەفەرموێ

: رِبَاطُ يَومٍ في سَبيلِ اللَّهِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وما عَلَيْهَا، ومَوْضِعُ سَوْطِ أحَدِكُمْ مِنَ الجَنَّةِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وما عَلَيْهَا، والرَّوْحَةُ يَرُوحُهَا العَبْدُ في سَبيلِ اللَّهِ، أوِ الغَدْوَةُ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وما عَلَيْهَا.

واتە:(مەکۆگرتنی ڕۆژێک لەپێناوخوا باشترەلەدنیاولەوەی لەدنیاداهەیە ، جێگاداردەستێک لەبەهەشت لەهەموو موڵکی دنیاچاکترە ،ئێوارەوبەیانی ڕۆیشتنێکی جیهاد لەهەموو موڵکی دنیاچاکترە .

هەڵبەت ئەم ڕەباتە هەر ڕەبایەگرتن نیە ،بڵکو وابەستەبوونی حوجرەومزگەوت وزانکۆوتاقیگەو کارگەوبەشگەو کۆمپانیا و سەربازگەو وەرزشگا وسەنتەروئۆفیس وپەیمانگا و نەخۆشخانە وهەرشوێنێک کە ئوممەتی ئیسلام پێویستی بە هونەرنواندن وبەهرەنواندن وداهێنان وهەڵێنجان لەهەربوارێکدا پێویستە بۆبنیاتنانی ژیاروشارستانی وپێشبرکێی گەلانی تر لە سەنگەری کێ بەرکێی شارستانیدا هەمووی بەجیهادی ڕەبات وخۆئامادەکردن دادەنرێ و پەیامبەر صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ دوای پازدەساڵ لە ئامادەسازی چەند جەنگێکی سەربازی کردوە، بەڵام هەموو سات وڕۆژێک ڕووبەڕوو بونەوەی فکری وفەرهەنگی و ڕۆشنبیری وزانستی وداهێنان دا ئەنجام داوە ،

هەربۆیەش قورئان دەفەرموێ:

﴿وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُوا مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ (انفال 60)

واته:

(الله فەرمان دەدات بەکار بەدەستانی دەوڵەتی ئیسلام): هەرچی لە تواناتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگاو سوپای ئیسلام بیخەنە گەڕو ئامادەیی بکەن (هێزی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی... هتد) و لە ئامادەکردنی هەموو جۆرە ئەسپ و (هۆکانی تری گواستنەوە) کەمتەرخەمی مەکەن تا دوژمنانی الله دوژمنانی خۆتانی پێ چاوترسێن بکەن، با کەسانی تریش جگە لەم دوژمنانەی ئێستا، پێی چاوترسێن ببن کە ئێستە ئێوە نازانن کێن و نایاننناسن، بەڵکو هەرتەنیا الله دەیانناسێت و هەر شتێک ببەخشن لە پێناوی الله (بۆ بەهێز کردنی سوپای ئیسلام)، ئەوە بەزایە ناچێت و دەستان دەکەوێ عەسقەلان هوێتەوەو ئێوە ستەمتان لێناکرێت.

عەسقەلان(ئەشکەلان)لانەوژوانی عەشق وئەشکی جانبازانی شەهادەت

(وإن أفضل رباطكم عسقلان.)

ئێستا کە بەکورتی ڕەباتمان زانی وناساندمان ،دەبێ کۆتابڕگەی فەرمودەکەش بزانین کا دەفەرموێ :

(وإن أفضل رباطكم عسقلان.)

لەدرێژی ئەم بابەتە باسی ئەم سەدساڵەی سەردەمی کۆتاییمان کرد کەلەوساتەوەی ئیمارەتی بەڕەحمەت نەماوە لە١٩٢٠ کە شێخ عز الدین قسام وشێخ حاج ئەمین حوسێنی موفتی قودس وشێخ عبدالقادر الحسێنی وشێخ حەسەن بەننا وشێخ ئەحمەدیاسین و قوتابی وشاگردەکانیان جوانترین نمونەی ڕیبات وئامادەکاریان بۆ ئەم دەستەوعەسابە ئیماندارە تۆکمەیە لەوناوچەداکردووە ستەم وپیلان وگێچەڵەکانی جولەکەو و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ئەم عەسابەوتائیفەی پتەوتر کردون وزیاترسوری کردوون کەلەهەموو گۆڕەپانەکانی بەرگریکردن لەئیسلام لە هزروپەروەردە، لەبەهاوڕەوشت، لە زانست وپێگەیاندن، لەپەروەردەی لاشەیی و مەشق ومانۆڕ، لە لەسەرپێ خۆ وەستان لەدابینکردنی کەل وپەلی شەڕوئاشتی ،لەهەموو بوارێک جوانترین وبەردەوامترین ڕەبات و پتەوترین ئامادەسازیان لەبەردەم کوفردا نمایشکرد ودۆست ودوژمنیان توشی سەرسامی کردن تاشایانی ئەم شایەدی وستایشەی فەرمایشتی رسولی حق علیه السلام بوون.

ئەی موجاهیدەخۆڕاگرەکانی غەززە،ئێوەهەموو هاوڵاتیەکتان لە مناڵ وگەنج وپیرونێرومێتان هەمووتان مامۆستای مرۆڤایەتین،وانەیەکی زۆرپێویستتان پێشکەش بەمرۆڤایەتی کردلەچاونەترسی وخۆڕاگری کەئەوحەوت ملیارەتۆقیوەی مرۆڤایەتی زۆر پێویستی پێی بوو ، ئاخرئێوەبە تەنهابەرامبەرزایۆنزم و ئیمپریالیزمی جیهانی ڕاوەستاون، ٤٥٠هەزارسەربازی جولەکەوسێیەکی سوپاوچەک وهێزی ئەمریکاوناتۆهەموو لەترسی ئێوەلە ئینزاردایە، لەمرۆوە ملیارەهامرۆڤی بێ ئاگالە ئیسلام دێن وبەهۆی سەرسامیان بەئێوەوە لەو سەرچاوە دەکۆڵنەوە کە ئەو هێزە ئیمانیەی بەئێوەبەخشیوە کەئیسلامە،بەخۆڕایی نەبوو قسسام قورئانەکەی دەرهێناوبەئەمریکیەکانی گووت ئێمە هێزێکمان هەیە کەهیچ کەس نیەتی ئەویش ئەم قورئانەیە..

ئاشوبی یاجوج وماجوج واتە ی بنەبڕبوونی مرۆڤایەتی ومانەوەی ئەوچەندسەدکەسەی لەگەڵ عیسی علیه السلام لەکێوی تور پەنادراون..

ئایا کێوی توری سینین لەکوێیە ؟ ئایا وئەوناوچەسێگۆشەبەردبەردەڵانەیەکەدەکەوێتە نێوان ئاسایاوئەفریقیاو دەریاسوروسپی ونیل؟ ئەی بۆچی ئەوناوچە هیچ کاتێک بە داری زەیتون بەناوبانگ نەبووە؟ بەڵکو بەوبەرزاییە دەگوترێ شاخی زەیتون کەهەردوو مزگەوتی ئەقساو سەخرەی لەسەرن، بڕواداران لەگەڵ عیسا علیه السلام لەسفری ڕوئیای یۆحەنا لە قەڵای مەحبوبەی ئۆرشەلیم گەمارۆ دەدرێن ولەئینجیل توری سینین هەمان شاری قودسە .

بەبەڵگەی ئەوەش کە فەرمودەوشوێنەوارەکان باس لەوەدەکەن گۆڕی موساعلیه السلام تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە قودس دورە ،بەڵام ئەو نیمچەدوورگە سێگۆشە زۆرلە قودس دوورەو هەمیشەش بە میسر حساب بووە ، وە لەچیرۆکی ئیسراومیعراجیش بوراق بەلای شوێنی ناشتنی موساو توری سینادا ڕەت بووە کە ئەو نیمچەدوورگەسێگۆشەیە بەهیچ شێوە لەسەرڕێی نێوان مەککەو قدس نیە ، وە دوای فەتحی ئیسلامیش عومەرو هیچ کام لەسەحابەکان وزاناکانیش گرنگیەکی ئاینی ئەوتۆیان بەو دوورگەسێگۆشە نەداوە ، ئەمانەهەموو دەیسەلمێنن کە ئەودوورگە سێگۆشەییە وری سینا نیە و توری سینا لە فەلەستینە .

شاخی موسا یان شاخی توری سینا یان شاخی حۆریب=ڕوناکی ، یان ناوچەی خەراب و وێرانە، بەعیبری شاخی חֹרֵב بەیۆنانی سەبعینی Χωρήβ بەلاتینی Horeb)پێشی دەگوترێ جبل الله

وجبل يهوه.لەهەردووسفری خروج وکتێبەکانی ملوک ی تەورات بەجبل الله وجبلی یهوه הָר הָאֱלֹהִים ناوی هاتووە.

ووشەی طوربەئارامی واتە چیاو شاخ وکێو .

دەکەوێتە باشوری نیمچەدوورگەی سینا ، شاخی حۆریب واتە شاخی ڕوناکی بەعیبری

بەرزیەکەی لەڕوی دەریا 2285 مترە

دێرێک ومزگەوتێکی بچوکی لەسەرکراوە،گەشتیارانی هەرسێ دینەکە سەردانی دەکەن وبەپیرۆزی دەزانن،تەورات ودەڕاسپاردەکە لێرە دراونە موسى علیه السلام ولای جولەکەکان ولای مەسیحیەکان پیرۆزە .

هەرچەندە هەندێک لە شارەزایانی مێژوو پێیان وایە کە زانایانی یەهود بەهەڵەداچوون وتوری سینا ئەو دورگەسێگۆشەی نێوان ئەفریقیاوئاسیا نیە ،چونکە ئەوناوچە هیچ کاتێک دارزەیتونی لێ نەڕواوە ،بەڵکو توری سینا هەمان جبل الزیتونە کەئێستا هەردوو مزگەوتی ئەقساو سەخرەی پیرۆزی لەسەرن ولەهەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە ئەو شوێنە شوێنی درەختی زەیتونە . وە مسوڵمانان لەبابەتی دیاریکردنی شوێنە جوگرافیەکانی ناوقورئان وتەورات بێ چەند وچون باوەڕیان بە بۆچونی یەهود ومەسیحیەکان کردوە ،بەڵام مەرج نیە بۆچونی ئەوان ڕاست بێ .

بەپێی سفری یۆحەننای دواسفری ئینجیلیش یاجوج وماجوج لە شاری مەحبوبە وئۆرشەلیم دا عیساو پەیڕەوانی گەمارۆ دەدەن نەک لە شوێنی تر .

لەقورئانداچەندجارباسکراوە، وەلەفەرمودەش دا ئەم چیایە پەنای ئیماندارانە لە ئاشوبی یاجوج وماجوج، وەک لە سەحیحی موسلیم هاتووە:

«أخرجت عبادا لي لا يدان لأحد بقتالهم فحرز عبادي إلى الطور»

کەواتە کەس ناتوانێ بەرگەی یاجوج وماجوج بگرێ ،بۆیە تور بۆ ئیمانداران دەبێتە پەنا بەم فەرمودە قودسیە..

ئایا ئەم شاخە جێی چەندکەسی لێ دەبێتەوە تاکوتیای دا بحەوێنەوە؟

لە ڕوئیاکەی یۆحەننا وادەخوێنرێتەوە کە پاش ئەوەی هەزارساڵ بەسەردەچێ لەژیانی مەسیح ئەوجار یاجوج دێن،وەک لەسیحاحی بیستەم دا دەڵێ:[سیحاحی بیستەم:هەزار ساڵ:

پاشان مەلائیکەیەك هات کلیلی هاویەی پێ بوو ,هاویەی کردەوەو تەنینەکۆنەکە –ئیبلیسی-خستەناو هاویەو کلیلی دا بۆماوەی هەزار سال,بۆی نیە تا هەزار ساڵ خەلك گومڕا بکاو پاشان بەردەدرێ ,بینیم کە ئەوانەی سوجدەیان بۆ وەحشەکە نەبردبو ، وەشم وتاتۆی درندە وەحشەکەیان لە خۆیان هەڵ نەکەندبوو ,ژیانیان بۆماوەی هەزار ساڵ لەگەڵ مەسیح پێ بەخشرا,بەڵام مردووەکانی تر لەم هەزارە زیندونابنەوە,ئەمە قیامەتی یەکەمە, جاکاتێ هەزارەکە تەواو بوو ,ئیبلیس بەردەبێ تا گەلانی یاجوج وماجوج لە کەنارەکانی زەوی گومرا بکا, وە ئامادەی جەنگی کردن,ژمارەیان وەك لمی دەم دەریا بوون,هاتن گەمارۆی شاری مەحبوبە -خۆشویستن -یان دا بەلام ئاگریك لە ئاسمانەوە هات و هەموی لەناو بردن,پاشان ئیبلیس لەودەریاچە هاویژرا کە پەیامبەری درۆزن و وەحشەکەی تێ هاویژرابو تاکو بۆ هەمیشە بسوتین,

هەروەها لەسیحاحی نۆزدە دەڵێ:

[پاشان بینیم ئاسمان کرایەوە,ئەسپیکی سپی سوارەکەی پێ ی دەگوترێ (ئەمینی صادق) ,بە عەدل فرمان دەکاو جەنگ دەکا,چاوەکانی وەك بلیسەی ئاگرن و تاجی زۆری لەسەرە و نوسراویکی لێ نوسراوە، بیجگەلەو کەس نازانێ بیخوینیتەوە, ,بەرگێکی لە خوین هەلکیشراوی لەبەرەو ئەم سوارە ناوی (کلمە الله) یە,چەندین ئەسپی سپی لە دواوەن سوارەکانیان کەتانی سپیان لەبەرە,ئەمانە سەربازی ئاسمانن,لەدەمی سوارەکەوە شمشیریکی تیژ هەیە بۆ لیدانی ئومەتەکان ,بە گۆچانی ئاسن شوانی گەلان دەکا پێ لە معصرەوگوشەری مەیی توڕەیی الله دەنێ.

مەلائیکەیەکی تر هاوار لە بالندەکان دەکا تابێن بۆ وەلیمەی الله و لە گۆشتی پاشاو میرو سەرۆك و دەسەلات دارەکا ن بخۆن ,دیتم پاشاکانی زەوی بۆ جەنگی سوارەکە کۆ بونەوە, بەلام سوارەکە و سوپاکەی هەمویان دیل کردن ,وەحشە درندەکەو درندەی دوەم کە پەیامبەری درۆزن بوو فرێ درانە ناو دەریاچەی کبریت,ئەوانی تریش بە شمشیری دەمی سوارەکە کوژران و تەیروتور لە گۆشتیان تیر بوون,]]

کەواتە مسیحی قافیەی پێغەمبەران کلمە الله و محمدی خاتمی النبیین هەواڵدەران سادقی ئەمین یەک کەسن لەوڕۆژەدا...

بەڵام لە فەرمودەکانی پێغەمبەرعلیه السلام بە پێچەوانەیە هەردوای کوشتنی دەجال و دڕندەکە یاجوج وماجوج دێن،بۆیە فرمان بەعیسا دەکرێ بەندە ئیمانداراەکان ببابۆ کیوی تور،لەفەرمودە هاتووە کەمەکەومەدینە پەنان کاتێ دەجال دێ،وە کێوی تور پەنایە لەبەڵای یاجوج وماجوج.

ئایاکێوی تور جێی چەند کەس دەبێتەوە؟ ئایا ڕاستە کەوەک لەهەندێ فەرمودە هاتووە کەژمارەی ئەوئیماندارانەی کەلەتور گەمارۆ دەدرێن هێندەی مسوڵمانانی شەڕی بەدرە کە٣١٣کەس بوون؟؟ وەوەک لە فەرموودەکان دەردەکەوێ یاجوج وماجوج جگەلەوگەمارۆدراوانە هەموو خەڵکی سەرزەوی دەکوژن وقەتڵ وعام دەکەن، ئایایاجوج وماجوج هەرهندوچین وکۆریان وەک هەندێ وا نیشان دەدەن؟ یان یاجوج وماجوج شاراوەن ولەناوناخی زەوین وزەوی کلۆرە وگۆزەیەکە وئێمەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەنیانەخشەی سەرڕوکاری گۆزەکەین وئەوەی ناوگۆزەکە یاجوج وماجوجن کە نەوەدونۆجار لە ئێمە زۆرترن، وەتەمەندرێژن و تانەوەی نەوەش نەبینن نامرن و نەوەووەچەیان زۆرەوشێوەیان جۆراوجۆرە؟؟

دەقەکان ی قورئان وسونەت وئینجیل وتەوراِت ودەقە پیرۆزەکان وهەندێ ئاماژەو دۆزراوەی تازەش پشتگیری ئەوەدەکەن کە ئێمە تائێستا زەویمان نەناسیوەوئەوەی زانست لێی کردوینە یەقین کەزەوی هەرئەوچەند کیشوەرو ئۆقیانوسەیە و هەمووی دۆزراوەتەوەو پشکنراوەو هیچ کون وکەلەبەرێکی نەماوە ڕاست نیەو خۆچەواشە کردنە وخۆخەڵەتاندنە..

کەواتە دەقەکان باسی کارەساتێکی وەک کارەساتی نوح دەکەن ،زەوی لەلایەن یاجوج وماجوج پاک ماڵ دەکرێ وکەس ناهێڵن، ئایا یاجوج وماجوج دیاردەن وەک لافاوەکەی نوح ؟؟ ئایا ئەوان دارودرەخت وڕووەکن چونکە لەفەرمودە هاتوە کە دوای مردنیان ئاژەڵە شیردەرەکان دەیانخۆن؟؟

هەرچیەک بێ ئەوان هەموو مرۆڤایەتی لەناودەبەن وجگەلەو ٣٠٠کەسە گەمارۆدراوەی ناوکێوی تور کەس ناهێڵن، ئایا کێوی تور جێگای ژیان وبژێوی وحەوانەوەی ٣٠٠کەسی تێدادەبێتەوە یان وەک کەشتیەکەی نوح ئامادە دەکرێ؟ بێگومان عیسی علیه السلام ئامادەکاریەک دەکا، ئایا کێوی تور هەرهەمان ئەوکێوە مێژوویەیە یان ناوی کێوی تور هێمایە بۆئەوەی کە ئەوەی لە کارەساتی ئەم جارە دەربازی دەبێ سێ سەدکەسن کەپەنادەبەنە بەرچیا؟ ئایا دەکرێ بڵێین کەئەم سێسەدکەسە لەپانتایی هەموو جیهانی کۆن ونوێ هەرلە ئەمریکاکان وئۆرِاسیاوئەفریقیاوئۆقانیا پەنادەبەنەبەرچیاکان وپاشان دەبنەوە دووبارە ئاوەدانکەرەوەی زەوی بۆ هەزارساڵی مەسیح؟ یان

مەرجە کە ئەمانە لەشاخێک لەشاخەکان ولەوشوێنەی تور بەیەکەوەبن؟؟ ئەوەی دەقەکان دەیڵێن ئەمانە هەموو لەیەک شاخن وبەیەکەوەن وعیسایان لەگەڵەو برسێتی وتینوێتی وترسی زۆریان لەسەرە، پاش لەناوچوونی هەموو خەڵکی سەرزەوی وپاشان لەناوچوونی یاجوج وماجوج بەدوعای عسی علیه السلام ئەم سێسەدکەسە بۆماوەی هەزارساڵ لەگەڵ عیسی ولەژێر فەرمانڕاوای دادگەروعەدالەت دەژین وئەوکاتە دنیاپڕدەبێ لەدادوعەدالەت وفەڕوبەرەکەت بۆ ئەم کۆمەڵگا بچوکە وئەمانە وەک هەشتاکەسەکەی گەڵ نوح باوکێکی تری مرۆڤایەتین ،ئایا دوای ئەو هەزارساڵە یەکسەر مرۆڤایەتی لەناودەچێ؟ بێگومان نەخێر،لەوەیە دوای ئەوەش هەزاران ساڵی تربەردەوام بێ بەڵام کارەسات ئامێزدەبێ ودیاردە سروشتیەکان تەنگ بەژیان هەڵدەچنن..

چونکە دوای هەزارساڵەکە ئیمانداران دەمرن، کەواتە ئەمن وئاسایش لەسەرزەوی نامێنێ...

لە هەندێ گێڕدراوە هاتووە کە عیسی علیه السلام چل ساڵ دەمێنێتەوە،پاشان بایەک دێ وڕوحی ئیمانداران دەکێشێ ،دەڵێن لەگەڵ ئەوبایە ئیمان وقورئان لەسەرزەوی نامێنێ،،،

پێم وایە کە دوای ئەوەی کە تەنیالەسەرزەوی کۆمەڵێکی ئیمانداردەمێنن ولەسەریانە زەوی ئاوەدان کەنەوە دەبێ هەزارساڵەکە ڕاستربێ ،چونکە کە پەروەردگارهەموو مرۆڤایەتی بۆ ئەوانە لەناوبردوە ،نابێ دوای چل ساڵ خەڵکی بێ ئیمان پەیدابیبنەوە،بەهەزارساڵ ئەوجار خەڵک دووبارە توشی لادان ولاڕێ بوون دەبن ،هەروا قیامەت وساعەت لە ڕۆژی یەک شەم هەڵناستێ چونکە فەرمودە دەفەرموێ کە قیامەت ڕۆژی جومعە هەڵدەگیرسێ،وەبەدەق فەرمودە ئێستا سەرەتای ڕۆژی یەک شەممەیە ،تابگەینە ڕۆژی جومعە پێنج هەزارساڵی ماوە ...

ئەگەر یاجوج وماجوج یافسیەکان بن کە بنەچەتورک وچین وهند وسلافی وئاری وئەورۆپیەکان بەگشتی دەگرێتەوە ئەوانە زیاتر لە پێنج ملیاری سەرزەوی پێک دێنن، سامی وحامیەکان کەمترلەدوو ملیارن، ئەم ئاریانە پێش ئەوەی بەدوعاکەی عیسی لەناوبچن دووملیارە حامی وسامیەکە لەناودەبەن تەنیائەو چەندسەد کەسە دەمێنن کەلە لەوەوپێش لەدەجال پەنادرابوون ولە ئاشوبی یاجوج وماجوجیش پەنادەدرێن ،جگەلەوان بە پێی دەقەکان هەموو مرۆڤایەتی لەناودەچێ، ئەم دەقانە هەم لە ئیسلام ولەناو مەسحیەت ولەناو جولەکەو دین وڕۆشنبیریەکانی تریش باوەڕپێ کراون وباسیان هەیە،ئایا دەوڵەتە پێشکەوتوەکان کە خاوەنی

تەکنەلۆژیان وحسابی هەموو شتێکیان کردوە، بیریان لەوکارەساتە نەکردۆتەوەونەخشەیان بۆ نەکێشاوە؟؟

ئایا کە یاجوج وماجوج بێ چۆن زلهێزەکان دێڵن ئەو سێسەدکەسەی تور لە ئیمانداران بن؟ عیسی چۆن ئەم بابەتە یەکلا دەکاتەوە؟

کەعیسی علیه السلام هات وڵامی ئەم پرسیارانە بەکردەوەدەداتەوە،بەڵام زۆر گەل ونەتەوەودین بێ ئومێد دەبن چونکە عیسی وەک نوح جیهان لەناودەباو لەچەند کەسێکی کەمەوە مرۆڤایەتی دەست پێ دەکاتەوە، کەئەمە قیامەتی بچوکی مرۆڤایەتیە،پاشان عیسی علیه السلام بۆ ئەودەستەکەمەی لەگەڵێ ،کەدێ دەستیان بەسەردادێنێ وهەواڵیان دەداتێ بە پلەوپایەیان لەبەهەشت، وەک لەفەرمودە هاتووە،بۆئەمانە جیهان پڕدەبێ لەعەدل ودادوەری وزەوی بەرەکەتی خۆی دەردەخا ودرەختێک بەشی تیرەیەک میوەدەگرێ وخۆشگوزەرانی ڕوو لەمرۆڤایەتی دەکا،تا ئەوانیش پاش چەندسەدە نەوەکانیان توشی لەرێلادان دەبن وئیمان وقورئان و دەستەواژەی الله و کەعبەو حجرالاسود لەسەرزەوی نامێنن ودەبرێنەوەبۆئاسمان.

جارودادوەکارەسات بارەکانی قیامەت یەک لەدوای یەک لەسەرئەمانە هەڵدەستن..

-ئایا کۆبوونەوەی بنەماڵەی ئیسرائیل لەفەلەستین سزایە یان بەڵێن وبەخشندەییە؟؟

هەموو ئەوانەی کە برێک شارەزای مێژوو بن دەزانن کە بەرەکەت وپیرۆزی یەهوە بۆ عیسۆی کوڕی ئیسحاق نوسرابوو، بەڵام خێزانی ئیسحاق دەیەویست ئەم پیرۆزیە بۆ یەعقوب بێ.

یەعقوب کەدەڵێن بۆیەناوی یەعقوب بووە چونکە دوای براکەی لەدایک بووەودەستی بە پاژنەپێی عیسۆی برایەوەبووە لەکاتی لەدایک بوونی ئەو دوانەدا، بەڵام پێدەچێ پەیوەندی بە عقوبە وعقاب وسزاوەهەبێ.

وەقورئان زۆر بەئاشکرا ئاماژە بەوەدەکاکەئیسرائیلیەکان مایەی شەڕوجەنگ وئاژاوەبوون وهەرواش دەبن و ئەوان بکوژی پێغەمبەرانی خۆیانن وهەرلەوکاتەی برابوون کاریان فێڵ وتەڵەکەوپیلان گێڕی وحەسودی بووەبەیەکترو داودومەسیح نەفرەتیان لێ کردوون ،

وەلەسەرەتای ئەم کتێبە ئاماژە بەهەندێک ئایەتی قورئان ودەقی تەوراِت کرا کەلێرە پێویست بەدووبارەکردنەوەیان ناکا.

وە بەدرێژایی ژیانی یەعقوب هەمیشە لەژیانی زەحمەتی داژیاوە ،وەک لەکتێبە کانی مێژووی هەم جولەکەو هەم مسوڵمانانیش باسکراوە بەدرێژی ، ،یەکەم جارخاڵی یعقوب فێڵی لێ کردووەودەیان ساڵ بەهۆی هۆگری یەعقوب بۆ ڕاحیلی دایکی یوسف توشی شوانی وخزمەتکاری بۆتەوە، دواتر بەهۆی مناڵ نەبوونی ڕاحیل ،ژیانیان بەختەوەرنەبووە، کە مناڵیشی بووە لەڕاحیل بوونە مایەی مردنی دایکیان و گریان وخەم بۆ باوکیان،دواتر کۆستی دابڕانی یوسف یعقوبی کردۆتە نەیاری هەموو کوڕەکانی ، کە لەگەڵ یوسفیش بەیەک گەیشتونەوە لە میسربۆتەهۆی بەکۆیلەکران وخزمەتکاری کوڕانی ئیسرائیل بۆ فیرعەونەکان بۆ ماوەی زیاد لە سێ سەدساڵ .

کەگەڕاویشنەوە لەمیسر لەگەڵ موسا جارێ چل ساڵ سەرگەردان بوون، لەوماوەدا موساوهاڕون مردوون، دواتر کە شەمعونی هاوڕێکەی موسا قودسی گرتووە، دواتر بنەماڵەی ئیسرائیل لەدەسیان داوەوبوونەکۆیلەی جالوت، پاشان تالوت وداودوسلێمان هاتوون و وڵاتەکەیان ستاندۆتەوە، بەڵام هەر زوو وڵاتەکەیان بۆجاری دووەم ڕوخاوبنەماڵەی ئیسرائیل بوونە ئاردی نێودڕوان و بابلی وئاشوری و میدیەکان شاروپەرستگایان لێ خاپورکردوون وکچ وکوڕیان کردونە کۆیلەوکەنیزە.

دواتر فارسەکان دەسەردەمی کۆرش وداریۆس بەزەییان پێداهاتونەوە وگێڕاویاننەوەفەلەستین کەچی بەوهۆیەوەفارسەکانیش بەرنەفرەتی جولەکەکەوتون وئەسکەندەری مەقدۆنی دەوڵەت ودین وئاڤێستایەکەشی سوتاندون، دواتر یۆنانی وڕۆمانیەکان کاریان سوکایەتی کردن بووە بەجولەکە، دوای هاتنی مەسیحیەتیش تۆمەتی لەخاچ دانی مەسیح بۆهەزاران ساڵ بەوانەوە نوساوەوبۆتە هۆی چەوساندنەوەو بەسوک سەیرکرانیان.

هەرکەسێ بەزەیی پێداهاتبنەوە دەوڵەتەکەی لەت وپەت بووە، بۆنمونە ئەندەلوسیەکان ڕێزیان لەجولەکە دەگرت بۆیە ئاداریان بەسەرپاداریاناوە نەماو مەسیحیەکان وڵاتەکەیان لێ ستاندن و ژیارەکەیان لەناوبردن.

ئەیوبیەکان زۆرڕێزی جولەکەیان دەگرت وپزیشکی تایبەتی سلاح الدینی ئەیوبی کەسێکی جولەکە بوو ،ئەم ڕێزگرتنە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ لەناوچونیان وزاڵ بوونی مەمالیکەکان بەسەریاندا.

جولەکەکان کە لەکۆنترین ئەو کۆمەڵگەو دەستانەن کەئەوروپایان ئاوەدان کردەوە بەڵام بەهۆی پەرگیری کنیسە لە ئیسپانیاوئیتالیاو زۆربەی وڵاتان چەوسێنراونەوەودەرکراون، چونکە لای

مەسیحیەکان جولەکە نەفرەتن ونابێ لەئەوروپا بمێنن بۆیە پێیان وابوو دەبێ لەوشوێنە کۆبکرێنەوە کە مەسیح تیایدادادەبەزێ تاکو لەکاتی گەڕانەوەی تۆڵەی خۆیان لێ بکاتەوەو جینۆسایدیان بکا.

لەساڵی 1799، فەڕەنسایەکەم دەستپێشخەری کرد بۆکۆکردنەوەی جولەکەکان لەفەلەستین .

-ناپلیۆن یەکەم بانگەوازی کرد بۆکۆکردنەوە ی جولەکەکان لەفەلەستین ،ئەمەش دوای تێکشکانی لە شەڕی عەکا و سەرنەکەوتنی هێرشەکەی بۆ داگیرکردنی شام و میسر لە1799ز ،شایانی باسە کورد رۆڵێکی زۆرگرنگی گێڕاوە تاکوئەم داگیرکاریە سەرنەگرێ چونکە سلێمان حەڵەبی کلیبەری جێگری ناپلیۆنی کوشت وئەم پرۆسە ستەم کاریەی بەیەکجاری ناشت، سلێمان حەلەبی قوتابیەکی کورد بوو لە ئەزهەری شەریف.

بەم شێوە هۆگری ناپلیۆن بەجولەکە وای کردبڕوخێ.

- دەرکەوتنی زاراوەی زایۆنیزم ویەکەم ئۆردوگای جولەکە نشینی ئاشکرا بەناوی ئۆردوگای ریشون لیتسیون بەعیبری ראשון לציון)لە ٣١- ٧ - ١٨٨٢ دروست بوو ، شوێنەکەی دەکەوێتە باشوری تەلئەبیب ،عەرەبەکان بەوشوێنەیان دەگووت عیون قارە ،ئەم ئۆردوگانشینە بەهۆی رێکخراوی خۆشەویستانی زایۆنیزم ئاوەدان بۆوە کەئەم رێکخراوە لە خارکۆفی ئۆکرانیادامزراوە، واتای ناوەکەی (ریشون لتصیون) واتە یەکەم کەس من گوتم بەڵێ بۆ زایۆنیزم ئەم زاراوەلە برگەی ٢٧ سفری ئاشعیای سیحاحی ٤١لە عهدی کۆن ی کتێبی پیرۆز وەرگیراوە ،ئێستائەم ئۆردوگایە لەڕووی زۆری دانیشنوان وگەورەیی شارەکە چوارەم شاری زایۆنیەکانە وژمارەی دانیشتوانی221500 کەسە و59 کم^2 ڕوبەرەکەیەتی.

وەلەبیرمان نەچێ ئەوسەردەمەی کە دەوڵەتی عوسمانیش لەساڵی ١٣٢١-١٣٩٤ جولەکەدەرکراوەکانی فەڕەنسای لەباوەش گرت ،کاتێ ئیسپانیا سەرکێشی ئەوروپاوجیهانی نوێ بوو هەڵمەتی کوشت وبڕی جولەکە لە ترۆپکەدابوو ،بۆیە جولەکەکانیش وەک مسوڵمانەکان بەلێشاو لەئەندەلوس کۆچیان دەکرد و دەوڵەتی عوسمانی لەشام و سلانیک وئەلبانیا نیشتەجێ دەکردن لەسالانی ١٤٨٠-١٥١٢ز ، بەڵام هەرئەو جولەکانەش بوون کە لەساڵی١٩٠٩سوڵتان عبدالحمیدیان لەتەخت هێنایەخوارەوە .

پێویستە بڵێم کە ئۆردوگای پتاح تکڤا (بەعیبری: פֶּתַח תִּקְוָה‎ ، IPA: [ˈpetaχ tikˈva]، واتە"فتحة الأمل"؛کرانەوەی هیوا : Petah Tikva)

کەدەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی تەلئەبیب

پێش ئۆردوگای ریشون لیتسیون پێک هات لەساڵی 1878ز بەڵام ئەمانە جولەکەی ئەرسدۆکسی بوون .بۆیە وەک یەکەم ئۆردوگادانەنراوە.

-یەکەم کۆنگرەی زایۆنیزم لە بالی سویسرا لە١٨٩٧بەستراو(تیۆدۆر هرتزل ١٨٦٠-١٩٠٤) بەسەرۆکی بزاڤەکە هەڵبژێررا.هرتزل کە جولەکەیەکی نەمساوی بوو ،بە پێچەوانەی ئەوانەی دەڵێن دەیەویست بیرۆکە تاوراتیەکە بگۆڕێ وجولەکەکان لە ئۆگەندە کۆبکاتەوە،بۆیە جولەکەکان ڕەتیان کردوە، دووەم سەرۆک کە (حایم وایزمان) بوو، جولەکەیەکی ڕوسیای سپی بوو ، ئەو زۆرسوربووکەجولەکە بێنەوە فەلەستین .

بەریتانیا تالایەنگری جولەکەی نەکردبوو پێشەنگی جیهان بوو لەنێوان ساڵانی١٨١٥-١٩٤٨ز)
واتە هەرلەوکاتەی بەریتانیا ناپلیۆنی لایەنگری ولەکەی بەزاند ،بوە سەرکێشی جیهان ،بەڵام کاتێ لەساڵی١٩١٧ بزاڤی زایۆنزمی لەباوەشگرت وردە وردە بوەپاشکۆی ئەوروپاوئەمریکا.

ئەوانەی ئەمریکایان ئاوەدانکردۆتەوە زۆر دژی بوونی جولەکەبوون لەئەمریکا،

یەکەم جار لەساڵی ١٦٥٤ ز دا ٢٣ جولەکە ویستیان لەنیۆرک نیشتەجێ بن بەڵام ڕاگری نیۆرک ڕەتی کردنەوەودەری کردن .

وەهەتاسەدەی نۆزدەش هەندێ بەندی یاسایی لەزۆرێک لە ویلایەتەکانی ئەمریکا ڕێگەیان بەهاتنی جولەکە بۆ ئەمریکا نەدەدا .

بەڵام دوای لایەنگری ئەمریکا بۆ جولەکە لەدوای١٩٥٠ ز تاکو ١٩٩٠یەکێتی سۆڤیەت بۆحەفتاساڵ زۆربەی ئاسیاوئەفریقیاو ئەوروپاوئەمریکای لاتینی لەژێردەستابوو. ئەمریکای لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دابوو ، دوای نەمانی سۆڤیەتیش ئەمریکا توشی جەنگی وڵاتانی جیهانی سێیەم وجەنگی تیرۆربۆوە، ئەمڕۆش چین وروسیاخەریکن عەساکەی دەستی دەخۆن..بەم ڕوماڵە دەرکەوت هەروڵاتێک لەکۆن ونوێ پشتگیری جولەکەی کردبێ تووشی پەراوێزبوون بووە.

-کاریگەری داگیرکران وجولەکەنشینکرانی فەلەستین لەسەربوژانەوەوبەرپابوونی ڕابوونی ئیسلامی:

بەریتانیا دایکی ڕەوتی دەوڵەتی دامارگیری وتیرۆری جولەکە:

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لەسەردەمی سوڵتان عبدالعزیز وڵاتی عوسمانی توشی قەیرانێکی ئابووری بوو، ئەم قەیرانە دەرگای بۆ بەریتانیەکان کردەوەکەبەناوی نێردەی گەشتیاری ودینی وزانستی بێن ،دواترئەم نێردانە جۆرێک لە خاچپەرستی شاراوە دەرچوون.

بیرۆکەی دامەزراندنی وڵاتێک بۆ جولەکە بیرۆکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا هنري جون تیمبل بوو لەساڵی١٨٣٠ز.

ئەم وەزیرە یەکەم کۆنسوڵی لەفەلەستین بۆ بەریتانیا لە ساڵی ١٨٣٨کردەوە .

بەریتانیەکان ڕێگای کڕینی زەوی وخانوبەو ونیشتەجێبوونی جولەکەیان لەفەلەستین کاراکرد، نەک لەبەر خۆشەویستی جولەکە بەڵکو بەریتانیەکان لەوسەردەمە دەیانەویست پیلان وتەڵەکەی جولەکە لەئەوروپادوورخەنەوەوئەو ژەهرەکوشندە بێننە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کاتێ سوڵتان عبدالحمید ١٨٧٦-١٩٠٩دژی مەرامەگڵاوەکانیان ڕاوەستا ،ئەوان زەویەکانیان بەناوی نەخۆشخانە و خانەی سەرپەرشتی هەتیووان دەکڕی ودواتر دەیانکردە ئۆردوگایەک بۆ نیشتەجێکردنی جولەکەکان.

کاتێ هنري جون تیمبل سەرۆک وەزیرانی بەریتانیابوو لەساڵی١٨٥٦ هێڵی ئاسنی یافا بۆقودسی خستە ئەستۆی خۆی تا گاورەترین ژمارەی جولەکە بەناوی شارەزاو کرێکاروپاسەوان بۆئەوهێڵە ئاسنینە بەرێتە فەلەستین، ئەم هێڵە بەمەبەستی گواستنەوەی حاجیە مەسیحیەکان بۆ قودس ئامادەدەکرا

بەڵام ئەم هێڵە تاساڵی١٨٨٨ ڕێگای پێ نەدرا لەلایەن عوسمانیەکانەوە، ئەم هێڵە لەساڵی١٨٩٢تەواوکردو بازدان بوو بۆ خێراترکردنی هاتنی جولەکەکان بۆ فەلەستین.

لەگەڵ ئەم هەوڵانە بزاڤی زایۆنیزم دامەزراوزۆرچالاک بوو، تیۆدۆرهرتزل کۆنگرەی بازلی لەسویسرا لەساڵی١٨٩٧بەست و٢٢ پرۆتۆکۆڵەکانی حەکیمەکانی زایۆنی کەلەوکۆنگرە

گەلاڵەکراون دەستورێکن بۆ ئیمپرانۆرێکی جولەکە کەلەهەموو جیهاندا دەسەڵاتی هەبێ، هرتزل چەندین جار دیداری لەگەڵ سوڵتان عبدالحمید داکرد، بەڵام کەزانی عبدالحمید وەک پێویست گوێڕایەڵیان نابێ یارمەتی،بزاڤی تورکیای لاوی دا تاله١٩٠٩عبدالحمید لەکارلابداو بیخاتە ناوجەنگێکی ماڵ وێرانکارلەگەڵ ئیتالیاو ودواتر بچێتە جەنگی یەکەمی جیهان.

هەرلەسەرەتای ١٩١٤ بەریتانیەکان دەستیان بەسەرهێڵی شەمەندەفەری یافاقودس داگرت .بەپێی پێکهاتنی سایکس پیکۆ ١٩١٦ بڕیاربوو فەلەستین لەژێرچاودێری نێودەوڵەتی بێ.

عەرەبەکان بەبەڵێنە درۆینەکانی بەریتانیا هەڵخەڵەتان ولەساڵی ١٩١٦ شۆڕشی عەرەبیان دژی عوسمانیەکان وبۆ پشتگیری لە بەریتانیا دەست پێکرد، ئەم شۆڕشە خەونەکانی جولەکەی زۆرخێراترکرد .

کاتێ بەریتانیا فەلەستینی داگیرکردو چوارسەدە دەسەڵاتی عوسمانیەکانی لەفەلەستین کۆتایی پێ هێنا، ئیدی دەستی لەگەڵ بزاڤی زایۆنیزم تێک باهەڵداو بەهەردووکیان دەستیان کردە پیلان گێڕی وتیرۆر وغافڵ کوژی و ڕاوەدوونانی فەلەستینیە مسوڵمانەکان و
عەرەبەساویلکەوخۆشباوەڕەکان زانیان کە ئەوروپیەکان چ دڕندەیەکی چاوچنۆک وخوێن مژن.

لە٢-١١-١٩١٧بەڵێنی بەلفۆرِدەرچووبە بەرپاکردنی دەوڵەتێک بۆ جولەکە، ئەم بەڵێنە وەک نقوچک گرتنێک وابوو بۆلاشەی لەهۆشخۆ چووی ئوممەتی ئیسلامی وخوێنی گەرمی لاوەکانی هێنایەوە جۆش ولەخەوی غەفڵەت بێداری کردنەوەو زانیان کەئەوروپا هەموو پیرۆزیەکانیان لەناودەبا.

ئەم بەڵێنە بووە هۆی ئەوەی جولەکە بەلێشاو ڕوو لەفەلەستین بکەن .

بەریتانیا حایم وایزمانی سەرۆکی بزافی زایۆنیزمی دوای هیرتزل ی دانابوو بە سوپاسالاری گشتی هێزە بەریتانیاکان ، وایزمان لە١٩١٨ هاتە فەلەستین بەمەبەستی خێراکردنی جێبەجێکردنی بەڵێی بەلفۆر.

هەرلەوساڵەدا هەریەک لەسەرۆکی ئەمریکاوئیتالیاوفەرەنسا بەڵێنی بەلفۆریان پەسندکرد.

وایزمان کە هەم سەرۆکی سوپای بەریتانی بوو لەفەلەستین ولە ١٩٢٠ سەرۆکی بزاڤی زایۆنیزم بوو ولە ١٩٤٩ بەیەکەم سەرۆک کۆماری ئیسرائیل هەڵبژێردرا، کەواتە دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتی

جولەکە لە١٩١٨بەهاتنی حایم وایزمان وەک سەرۆکی گشتی سوپای بەریتانیا لەفەلەستین دامەزراوە ،بەڵام لەساڵی ١٩٤٨ دەوڵەتەکە کەلە١٩١٨دامەزرێنرابوو بەسەرۆکایەتی حایم وایزمان سەرۆکی سوپای بەریتانیا لە ١٩٤٨ز ڕاگەیەنرا.

لەکۆنگرەی سان ریمو-شارێکەلەئیتالیا- لە 19-26 أبريل/نیسان 1920 دا وڵاتەسەرکەوتوەکان بەکۆی دەنگ فەلەستینیان دایە بەریتانیا.

هەم نێردەی جولەکەو هەم نێردەی بەریتانیا حایم وایزمان وهربرت صموئيل ئەندامی ئەنجومەنی لۆردانی بەریتانیا ومەندوبی سامی بەریتانیا لەفەلەستین بوون.

فەلەستینیەکان بایکۆتی ئەوکۆنگرەیان کرد یان هەرڕێیان پێنەدرالەوکۆنگرە بەشداربن.

هەرلەوساڵە چەندین یاسای ڕێ ئاسانکردنی خێراکردنی کۆچی جولەکە بۆفەلەستین دراو(عصبة الامم)کەئەوکاتە وەک نەتەوەیەکگرتوەکان وابوو ئەوبڕیارانەی بەفەرمی ناسین وبەڵێنی بەلفۆر بووە بەڵێنێکی جیهانی لای وڵاتە باڵادەستەکان.

بەریتانیەکان یاسایەکیان دەرکرد کەهەرزەوی وخانویەک خاوەنەکەی بمرێ ،یان خاوەنەکەی سێ ساڵ بێ بەکاری نەهێنابێ ،یان ئەوزەویانەی مەزرای گشتین وخاوەنیان نیە، هەموو هی دەوڵەتی بەریتانیان، بەم شێوە زەوی وموڵکێکی زۆربووە موڵکی جولەکەکان بەپێی ئەم یاسا ستەمکارە.

وەهەرکێشەو دووبەرەکی وپشێویەک لەنێوان فەلەستینیەکان ،یان لەنێوان مسوڵمان ومەسیحی وجولەکەکان دەکرایە پاساوی پاکتاوکردن ودەست بەسەرداگرتن و دەرکردنی فەلەستینیەکان.

لەساڵی ١٩٢٠ژمارەی ئۆردوگاجولەکە نشینەکان لەزیادبوون بوو بۆیەش چەندین تێکهەڵچوون وپشێوی لەنێوان فەلەستینی وجولەکەکان ڕوویان دا:

-لە نیسانی ١٩٢٠لەیافا ٥جولەکە کوژران و٢٠٠بریندارببوون و٤مسوڵمانیش شەهید بوون و٢١بریندارببوون.

-هەرلەیافا لە ئایاری ١٩٢١ دا ٤٧جولەکە کوژران و٦٨مسوڵمان شەهیدبوون.

-مسوڵمانەکان سێ کۆنگرەی نهێنیان لەنێوان ساڵانی١٩١٩-١٩٢٢گرێدا.

لەسەرئاستی جیهانی ئیسلامیش سالانی ١٩١٩-١٩٢٠ سالانی شۆڕش وخۆپیشاندان و ڕوبەڕووبونەوەبوو، بەجولەکە کردنی فەلەستین بووەهۆی گرێدانی چەندین کۆنگرەی ئیسلامی وسەدان کەسایەتی لەوکۆنگرانە کۆبووەنەوە وبەهەموو ڕێگایەکی ئاشکراونەهێنی وبە ڕێی ئاشتی وداوای مافکردن لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ونارەزایی وخەباتی ڕاگەیاندن وڕووبەڕووبونەوەش درابوو.

لەولاشەوە بەریتانی وجولەکەکان بەردەوام بوون لە چەکدارکردن و مەشق و بنیان نانی ئۆردوگاو داگیرکردنی زەوی زیاتر.

شێخ عزالدین قسام کە پاڵەوانی شۆڕشی بوراق بوو لە قودس لەساڵی١٩٢٩ وەپێشەنگی خۆپیشاندان وڕێپێوانەکان بوولە١٩٣٣ تالە ٢٠-١٠-١٩٣٥ بەریتانیەکان کەمنێکیان بۆ داناوشەهیدیان کرد.

-ژیاننامەی شێخی موجاهید محمد عز الدین کوڕی عبد القادر القسام (1300ھ/1883م - 1354ھ/1935م)

ناسنامەی بنەماڵەی قەسسام ،ڕۆڵی پاڵەوانانەی قەسسام لەشۆڕشی عمر موختار دژبەئیتالیەکان:

ئەوانەی ژیاننامەی ئەو پێشەوایەیان نوسیوەدەڵێن کە ناوی (محمّد عزّ الدّین کوڕی عبد القادر کوڕی مصطفی کوڕی یوسف کوڕی محمد القسّامە، وەدەشڵێن کە مستەفای باپیری کەشێخێکی تەریقەتی قادری بووەو واباس دەکرێ کە لەنەوەی شێخ عبدالقادری گەیلانی بێ ،لەعیراقەوە هاتۆتە سوریا، وەهەتا سەردەمی شێخ محمدعزالدینیش چەندین موریدوشاگردی عیراقی سەردانی باوک وباپیری شێخ عزالدینیان کردوە هەتالە دوای وەفاتکردنیشیان هاتوونە سەرمەزارەکانیان وشێخ عزالدین ئەم کارەیانی پێ خۆش نەبووە.

هەربۆیە مشت ومڕێکی زۆرهەیە وهەندێک دەڵێن بنەماڵەی شێخ بەڕەچەڵەک شیعەن، هەندێکی دیکە دەڵێن شێخ سەلەفی بووەودژی سەردانی گۆڕی پیاوچاکان بووە.

لەڕاستیدا مشت ومڕی سەرژیانی شێخ هەروەک مشت ومڕی خەڵک لەسەرژیانی مامۆستاکەی شێخ عزالدین سەید جمال الدینی ئەفغانیە کەزۆرێک دەڵێن شیعەیەوبەڵام لەڕاستیدا وانیە.

شێخ محمد عزالدینیش کەنەوەی شێخ عبدالقادربێ ،شێخ عبدالقادرخۆی سونیەکی حەنبەلیە، پەیڕەوانی قادری لەعیراق لەناوعەرەبەکان بوونە حەنەفی ولەناو کوردەکانیش بوونە شافیعی ، جاهەرچەندە مێژووناسان نازانن کەبنەماڵەکەی شێخ لەچ شارێکی عیراقەوەکۆچیان کردووە؟ بەڵام سەیری مەزهەبی فقهی باپیرانی شێخی قەسام دەکرێ ،کەئەوان شافعی بووبن ،ئەوەدەبێ بنەماڵەی ماڵی شێخ لەوشارانەی کوردی لێ بووە لە موسڵ وهەولێر وشارەزوورەوە کۆچیان کردبێ بۆ لازقیەکەئەوکات سەربە ویلایەتی بەیروت بوو لەسوڵتاننشینی عوسمانیدا، خۆکە بنەماڵەکەیان حەنەفی یان حەنبەلی یان مالیکی بووبن ئەوەلە بەغداوئەنباروشارەکانی باشوری عیراق بنەماڵەکەیان کۆچیان کردوەبۆ لازقیە.

جاچونکە بنەماڵەی قەسام وهەموو فەلەستین شافیعی مەزهەبن کەواتە بنەماڵەی شێخی قەسام لە ویلایەتی موسڵەوە چونەتە شام ،چونکە زۆرێک لەکوڕونەوەکانی شێخی گەیلانی لەئاکرێ ودهۆک ودەوروبەری موسڵ نیشتەجێ بوون.

ئەم پێشەوا موجاهیدە لەشاری (جَبَلة) سەربە پارێزگای (لاذقية) لەسوریا لەساڵی 1883ز لەبنەماڵەیەکی دیندار لەدایک بووە.

باوکی قسسام کە عبد القادر ە دووجارهاوسەرگیری کردوە، ژنی یەکەمی کە ناوی(ئامینە جەلول)بوو خەڵکی قەڵای مەرقەب بوو ،لەوژنە

[أحمد ومصطفى وكامل وشريف]ی هەبووە.قەڵای مەرقەب لای بانیاسە لەوسەردەمە زۆرینەی گوندەکانی عەلەوی وکەمینەیەکی سونی شافیعی لێ بوون ،

پاشان ژنێکی تری لە جبلة هێناوە کەئەو دایکی عز الدینە، ناوی حليمة قصابە لەبنەماڵەی نور الله، لەم ژنە

أمين وفخري ومحمد وفاتيمە ونەبیهەی هەبوون کە محمد عزالدين قسسامە.

دیارەئەم شارەو بنەماڵەی نورالله ناسراون کە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعین ،خۆکە باوکی قسسام علوی بوایە ئەم بنەماڵە هەرگیز ژنیان پێنەدەدا .

ئەم بنەماڵە قەرەباڵغە ژیان وگوزەرانێکی سادەیان هەبوو، عبدالقادر ئاسنگەربوو، وە لەزانستی دینیش شارەزابوو، بۆیە بووبووە ئیمامی مزگەوتی ئاسنگەرەکانی بجلە، وە منداڵەکانیشی فێری خوێندن ونوسین وقورئان دەکرد.

وەلە سەر شێخایەتی تەریقەتی قادری هیچ شتێکی لەکەس وەرنەگرتوە، باخچەیەکی بچوکی هەبوو کەخۆی و منداڵەکانی لەگەڵ چاندن وگرنگی پێدانی خەریک بوون و هەندێک جاران عەرزوحاڵ نوسیشی کردوە.

بەم شێوە عز الدين هەموو لەوپیشانەی باوکی بەشی هەبوو، شارەزاییەکەی هەمەلایەن بوو.

سەرەتای خوێندن وشارەزابوونی زانستەشەرعیەکانی لەسەردەستی باوکی دەست پێکردوە، فێری نوسین وخوێندن وقورئان وژمارەبوو.

پاشان چووەلای شێخ سليم طيارة ی بەیروتي و وشیخ أحمد الأروادي وفێری ڕێزمانی عربی وفەرمودەو تەفسیرو فقه بوو.

کاتێ باوکی بینی ئەم کوڕەی حەزی لەفێربوونی زیاترە

بۆیە لەساڵی 1314ک- 1896ز لەتەمەنی کەمترلە١٤ساڵی ناردیە زانکۆی ئەزهەر .

بۆ چۆنێتی چوونی قسسامی ١٤ساڵان بۆئەزهەر دەگوترێ لەگەڵ هەندێ لەکەس وکاری لەوانەش باوکی وبراکەی وخاڵۆزاکەی چوونە دوورگەی ئەرواد ولاوێشەوە چووە بۆ ئەسکەندەریە ولەئەسکەندەریەوەبەوشکانیدا چۆتە قاهیرە .

دیارە لەم گەشتە زانستیە عز الدين التنوخي ورضا مسيلماني ومصطفى مسيلماني وذيب البيرص وناجي أديبی خاڵۆزای ومنح غلاونجي هاوسەفەری بوون.

لەودەساڵەی قسسام لە ئەزهەربوو هەریەک لەم بەڕێزانەشێخی ئەزهەرپوون :-

-شيخ حسونة النواوي الحنفي (1313 ك- 1317 ك/ 1896ز - 1900ز)

-شيخ عبد الرحمن القطب الحنفي النواوي (1317 ك/1900ز)

-شيخ سليم البشري المالكي (1317 ک- 1320 ک / 1900ز - 1904ز)

-سيد علي محمد الببلاوي، تاكو 1323 ک / 1905ز

-شيخ عبد الرحمان شربيني، تاكو ساڵی 1327 ک/ 1909ز

هەروەها شێخ محمد عبده(1266 ک– 1323 ک / 1849ز – 1905ز)

لە دوای ڕۆیشتنی ئەفغانی بۆ ئەستەمبوڵ، محمدعبده هاتەوە میسرو بوە قازی وئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەزهەرو موفتی وڵاتی میسر تالە ١٩٠٥ پێش ساڵێک لەگەڕانەوەی قسسام وەفاتی كردو بەپێی هەموو سەرچاوە مێژوویەكان قسام وڕشید ڕەزا ئەودووباڵە بوون كە قوتابخانەی عەبدەوئەفغانی پێیان دەفڕی.

عبده سەرەڕای ئەندامێتی شوڕاو فەتواوقەزاوئەزهەر سەرۆكی ئەنجومەنی زانسی وخاوەن ئیمتیازی گۆڤاری مەنارو خەریكی تەفسیری مەناریش بوو.

محمد ڕشید رەزاش وەک قسام شامی بوو، ئەوهەتا مۆڵەتی زانستی لەشێخ حسێن جسر وەرنەگرت لەساڵی١٨٩٧ جێی نەهێشت، كاتێ نەیتوانی دیداری ئەفغانی بكاوله ١٨٩٨ ئەفغانی كۆچی دوایی كرد ،ڕشید ڕەزاش دوای دووساڵ لەهاتنی قسسام هاتە میسر لەساڵی ١٨٩٨ ، هەروەها هەردووكیان لەیەک ساڵدا له١٩٣٥كۆچی دواییان كردوە.

عز الدين تنوخي1307 ک.1386ک/1889.1966 ز)هاوڕێی قەسسام لەسوریاوەبۆئەزهەر دەڵێ: (لەئەزهەر ئەوو قەسسام پارەیان لێ بڕاوە،قەسسام بەتنوخی گوتوە كەبا حەڵوای هەریسە دروستكەین وبیفرۆشین، تەنوخی گوتی من شەرم دەكەم ،قەسسام گوتی هاواركردن لەسەرمن .

بەم شێوە بە هەریسە فرۆشتن خەرجی خۆیان پەیداكردبوو ،تارۆژێک باوكی تنوخی هاتبوو ،بینیبووی كوڕەكەی هەریسە دەفرۆشێ، لێی پرسیبوو ئەوەچیە ڕۆڵە؟ ئەویش گوتبووی قەسسام فێری كردم ، باوكی گوتبووی بەڕاستی فێری ژیانی بە شكۆداری كردوی.

لەوزانكۆیە لەساڵی 1906 دەرچووەو گەڕاوەتەوە شارەكەی خۆی جبله وبۆتە گوتاربێژو مامۆستای مزگەوت وحوجرەی ئیبراهیمی كوڕی ئەدهەم.

سروشتی شێخ محمد عزالدین وەک ناوەكەی دیارەلای ئەو دینداری واتای عیزەت وشكۆداری گەیاندووە، هەرلەسەرئەم بنچینە شێخ بۆداواكردنی زانست ڕووی لە ئەستانەوعیراق وحجاز

نەکردوە بۆزانست چونکەلەوکاتەدا لاوشوێنانە کەرامەت وشکۆداری وسەربەستی عەقڵی بەدی نەکردوە، دیارەشێخ پێش ڕۆیشتنی میسر شەیداوخولیای قوتابخانەی محمدمجمال الدین ئەفغانی بووە ،وەزانیویەتی بیروهۆش وبەرهەم وکەلەپوری ئەوزانابوێرە لە میسر کۆبۆتەوە ،بۆیە ڕووی لە میسرکردوە.

ڕاست نیە بلێین بە چواردە ساڵی هەموو زانستەکانی ئەوسەردەمەی سوریای تەواوکرد بۆیە چۆتە میسر، بەڵکو دیارە شێخ لەبەرئەو هزروبیرەی لەمیسر هەبووە چۆتە میسر.

کەشێخ سەلەفی بوایە ڕووی لە درعیە ونەجددەکرد کە بنەماڵەی سعود و وەهابیەکان فەرمانڕەوای بوون.

کەسۆفی بووایە ڕووی لەهندستان دەکرد، کە شیعە بووایە ڕووی لەعیراق وئێران دەکرد.

کە بەدوای پۆستەوەبوایە ڕووی لەئەستەمبوڵ دەکرد، کە حەزی لەڕابواردن بوایە ڕووی لەئەوروپادەکرد.

کەعابدێکی گۆشەگیربوایە ڕووی لەحجاز دەکرد.

بەڵام شێخ بۆیە ڕووی ل میسرکرد چونکە کەسێکی شکۆداروبیرمەند وعەقڵانی بوو ،سەرسام بوو بە خۆڕاگری ودانایی وکەلەپوری ئەوسای میسر، میسریەکان کەناپلیۆنیان تێکشکاند وشۆڕشی عەرابیان کرد و میسر کە شێخ محمد عبدەو محمد رشید ڕەزاوچەندین شاعیروئەدیبی لێیە ،ئالێرە هەست بەوەدەکرێ کەشێخ محمد بەخۆڕایی نازناوی عزالدینی بۆخۆی هەڵنەبژاردوە، ئەو ڕوحێکی شکۆدارویاخی لە ژێردەستی وشۆڕشگێڕ وشەیدابۆدەرچوون لە لاساییکردنەوەی کوێرانەی هەبووە بۆیە بەهاونبووەکەی خۆی لە میسردۆزیوەتەوەو جاری دووەم لەڕووی هزروبیر لە میسر لەدایک بۆتەوە.

ئەم کەسایەتیە لەوگوتانەیدادەردەکەوێ کەلێی دەگێڕدرێتەوە، بۆنمونە گوتویەتی:

"بزانن کەڕزگابوونمان تەنیالەدەستی خۆماندایە".

"ئەگەربتەوێ پێشەوای خەڵک بی دەبێ بۆهەمووکارێک لە پێشەوەیان بی"

شێخ کاتێک بیروهزری خۆی نۆژەنکردەوا لە میسرنەمایەوە چونکە ئەوکاتە میسر دەسەڵاتی بەریتانیەکانی تێدازاڵ بوو،، بەڵام لە میسر فێری شۆڕش وبەرخودان وچاونەترسی بوو.

دوای گەڕانەوەی لەتەمەنی ٢٤ ساڵی قسسام هاوسەرگیری لەگەڵ خاتونێک بەناوی أمینة نعنوع دەکا لەو ژنە تالە جبلە بووە بۆتە باوکی عائشة ومیمنة وخدیجة ، دواتر کەئاوارەی فەلەستین بوون کوڕێکی بووە ناوی ناوە محمد.

شێخ زیاتر بە جمال الدین ئەفغانی چووە زیاترلە مجمد عبدە، بوێرو کاراو بەشکۆبووە.

هەرلەشارەکەی جوتیاروکاسبکارانی فێری بوێری وشکۆداری لەبەرامبەر دەرەبەگ وئەفەندی وخاوەن موڵکەکان دەکرد، بۆیە زۆرلە ئەفەندیەکان ڕاپۆرتیان لێ دابوو کەعوسمانیەکان قسام نەفی بکەن بۆئەزمیر چونکە جوتیارەکانیان لێ هان دەدا.

هەروەها لە30\9\1911م. کاتێ هەواڵی گەمارۆی ئیتالیا بۆ تەڕابلوسی لیبیاوشۆڕشی عومەر موختار دژی ئیتالیەکان گەیشتە شام خەڵکی وروژاند وبەخۆپیشاندان ویاداشت نوسین و کۆکردنەوەی پیتاک و ناردن وهەڵنانی خەڵک بۆ یارمەتیدان وچوون بۆلیبیا بۆ جیهاد درێغی نەکرد.

قەسسام لە جبلەولازقیەو شارەکانی تری شام بەگوتارو لێدوانە گەرم وگوڕ وحەماسیەکانی هەموو جەماوەری دەخرۆشاند وپێش جەماوەردەکەوت وهەموو خەڵکی دێنایە سەرشەقام .

وەکاتێک کەزانی ئیتالیالیبیای دەگیرکرد ،دەستی بە هەڵمەتی پیتاک کۆکردنەوەوناونوسینی گەنجان بۆ ناردنیان بۆ لیبیا کرد تابچن بەرگری لە شکۆوناموسی مسوڵمانان بکەن.

بەیان کچی عەجاج نوێهز لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی گەیشتۆتە ئەوەکە قەسسام لەساڵی ١٩١١ز

250 موجاهیدی مەشق پێکردوەو ناردونی بۆ ئەستەمبوڵ تا عوسمانیەکان بیان نێرن بۆ لیبیا، ماڵ وپیتاکی کۆکردەوە تاکوئەو موجاهیدانە بیبەن بۆ یارمەتی مسوڵمانان ، وە پشتگیر بابی عالی وەرگرت تائەو موجاهیدانە لەئەسکەندەرونەوەبە باخیرەیەک بگوازرێنەوەبۆلیبیا ،ئەو موجاهیدانە ماڵ ئاواییان لە ماڵەوەیان کردو وبەڕێکەوتن ولەئەسکەندەروونە چل ڕۆژچاوەڕێ بوون.

بەڵام چونکە ئیتحادیە تورانیەکان لیبیایان دۆڕاندبوو،بڕیاریان دابوو بیدەنە ئیتالیا ،درۆیان لەگەڵ قەسسام کرد ،بەڵام قەسام لەڕێی شکیب ئەرسەلانەوە لە میسر سەد خۆبەخشی ناردوەوخۆشی لەڕێگای میسرەوە دیداری لەگەڵ عومەر موختارکردووەو ئەویارمەتی وموجاهیدانەی گەیاندۆتە لیبیاودواترگەڕاوەتەوە سوریا.

هەربەوەندەش وازی نەهێناوە، خۆشی بۆ لەنزیکەوەئاگاداربوون لە بارودۆخی ئەستەمبوڵ گەشتێکی بۆئەوێ کردوە،بەڵام بارودۆخەکەی بەدڵ نەبووەو بەبێ ئومێدی گەڕاوەتەوە، دوای هاتنەوەی قوتابخانەیەکی لە جبلە بۆ هەرزەکاران کردۆتەوە،هەربەجبلە نەوەستاوەو لە بانیاس ولازقیەش دەرس و وانەی گوتۆتەوەو شەوانەشی بۆ فێرکردنی بەتەمەنەکان تەرخان کردووەولا مزگەوتی ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەمیش دەرسی تەفسیرو فەرمودەوقورئانی گوتۆتەوەوهەروەهازۆرجار وانەی گەڕۆکی لەزۆر لە مزگەوتەکانی ئەوشارانە پێشکەش کردووە...

دواتر لەبەر لێهاتوویی لە وتار ،خەڵکی بەپەرۆش وخەمخۆر گواستویانەتەوە بۆ مزگەوتی مەنسوری لەناوەڕاستی شار ولەوێ خەڵکێکی زۆری لەهەموو توێژەکانی خەڵک لێ کۆبۆتوەو لەیەکەم گوتاری دا گوتویەتی:

««إن الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم»

الله بارودۆخی هیچ میللەتێک -نەبەرەوخراپترنەبەرەوچاکتر-ناگۆڕێ تائەوان خۆیان بارودۆخی خۆیان نەگۆڕن .

بۆیە ئێوەکە شکۆداروبەڕێزبن تاکوشایەنی شکۆمەندی ورێزلێ گیران بن ،چونکە

«ولله العزة ولرسوله وللمؤمنين» تەنیا بەهۆی پابەندبوون بەقورئان وفەرمودەو ڕێ وشوێنی ئیمانداران عیزەت وشکۆداری دێتەدی، وە ئەوکەسەی بەسەرشۆڕی ڕازی بوو ،وەبۆستەم دەستەمۆبوو ئەوەئیمانی نیەو کۆیلایەتی لاشیرینە..

بۆیە نابێ ئیمانداربە هەژاری و ونەزانی وستەمکاری ڕازی بێ ،چونکە پەیامی ئیسلام بۆیە هاتووە تاکو خۆشگوزەرانی و دانایی ودادوەری بەرقەرارکا..

بەشی دووەمی ژیاننامەی شێخی موجاهید محمد عز الدين القسام (1300ک/1883ز - 1354ک/1935ز)هەڵگیرسێنەری شۆڕشی مەیسەلون دژی فەڕەنسیەکان:

لەدوای کۆتایی شەری یەکەم وهاتنی داگیرکەرانی فەرەنسی بۆکەنارەکانی شام لە10\10\1918 شێخی قەسسام یەکەم کەس بووکە ئالای بەرەنگاری داگیرکارانی
بەرزکردەوەوخۆی وقوتابیەکانی زۆربە سەختی ڕووبەڕوو داگیرکەران وەستان.

بەهۆی پلەوپایەو گوتارە وروژێنەرەکانی قسسام ئاگری شۆڕش وسەرهەڵدان لەوناوچە گڵپەی سەند.

برازاکەی قسام عبدالملک قەسسام دەگێڕێتەوەکە مامی گوتویەتی:

گرنگ ئەوەنیە بگەینە سەرکەوتن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کەوانەیەکی کۆڵنەدان وشکۆداری وشانازی کردن بە مردنێکی سەربەرزانە فێری نەوەکانی دوارۆژبکەین وجیهادوتێکۆشانیان لاخۆشەویست بکەین.

قەسسام لەسەرەتادا لەساڵی ١٩١٨ بەگوتاروفەتواکانی خەڵکی شارەکانی کەناری ئامادەکرد کە ئامادەی جیهاد بن و موشتاقی شەهادەت بن.

کاتێ لیژنەی کراینی ئەمریکی هاتنە ناوچەکە لەساڵی1919ز دا بەمەبەستی ڕاپرسی خەڵکی ناوچەکە بۆبڕیاردان لەسەر هەڵبژادنی چارەنوسی(حمايه يان وصايه .

قەسسام پێی گوتن ئێمە هیچیانمان ناوێ.

سەرۆکی لیژنەکە گوتبووی :ئێوە بەم لاوازی وکەم ئەزمونیە کوادەتوانن وڵاتەکەتان بپارێزن؟

قسسام لەوڵام داگوتی:جاکەئێمەنەتوانین ئێوەکوادەتوانن؟ ئێمە هێزێکمان هەیە کەسی ترنیەتی.

پاشان قورئانی پیرۆزی لە گیرفانی دەرهێنابوو ،گوتبووی :ئێمە ئەو هێزە مان هەیە.

دوای گەڕانەوەی قەسام لەم دیدارە یەکسەر خانوەکەی فرۆشتووەچەکی پێکڕیوە

تاکو بەکردەوە ئەرکی شەرعی خۆئامادەکردن بۆ جیهاد فێری خەڵکی بکا دوای ئەوەی کەجیهادی بە گوتارلای خەڵک خۆشەویست کرد بەکردەوەش کردی.

پاشان لەکەناری دەریا خۆی وقوتابیەکانی خۆیان لەسەرچەک وئۆپراسیۆن ڕادێناوڕۆژانە مانۆڕیان دەکرد، خەڵکێکی زۆریش چاویان لەشێخ کرد وچەکیان کڕی ودەستیان بە مەشق کرد.

شێخ ئەزمونی لە خۆئامادەکردن ومەشقی سەردەمی جیهادی لیبیاش لە١٩١١ز وەرگرتبوو کەلەبەشی پێشوو باسکرا.

دوایی مەشقەکەی گواستەوە بۆ ناوشاخ وبەرزاییەکان چونکە لەکەناردەریا فەڕەنسیەکان دەیانتوانی بەئاسانی لەناویان بەرن.

بەناوبانگترین ئۆپراسیۆنی قەسسام دژی فەڕەنسیەکان جەنگی بانیا بوو کەلە ئازاری ساڵی ١٩٢٠ بەشەو خۆی و موجاهیدەکانی هێرشێکیان کردەسەر سەربازگەیەکی فەڕەنسی و جەنەراڵێکی فەڕەنسیان بەناوی (نیجر) لەگەڵ چەند سەربازداکوشت.

بەرامبەربەمە فەڕەنسیەکان هەموو گوندەکانی جوتیارانی کەناری لازقیەیان وێران کرد و ولەقەسابخانەی گوندی (بەساتین الریحان) خەڵکی گوندەکەیان لەسەرخەرمانی کێڵگەکەیان کۆکردبۆوەو دواتر بەدەستڕێژی گوللە ١٧٠ جوتیاریان شەهید کرد.

دواتر قەسام وهاوڕێکانی کەزانیبویان دیمەشقی پایتەخت لە مەترسیدایە چوونە دیمەشق .

ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٠ لەکاتی خەریک بوونی فەیسەڵی کوڕی شەریف حسێن لە دیمەشق ، بەوهیوایەی کەسوریانەکەوێتە ژێردەسەڵاتی داگیرکاری وداگیرنەکرێ، هەرزوو قەسسام وقوتابی وهاوڕێکانی لەگەڵ وەزیری بەرگری ئەوکاتە شەهید فەریق یوسف العەزمە کەئەفسەرێکی سەردەمی عوسمانی وبەڕەگەز تورکومانی دیمەشق بوو کاتێ فەیسەڵی کوڕی شەریف حسێن حکومەتی لە سوریا پێک هێنا ئەم پیاوەی کردە وەزیری بەرگری، ئەم پیاوەش ڕووبەڕووی فەڕەنسیەکان بۆوە ،لە حلب وئەدلب ئیبراهیم هەنانۆی بەڕەچەڵەک کورد وله لازقیە عومەربەیتار ولە جبلە ودەوروبەری عزالدین قسسام ولە ناو نوسەیریە عەلەویەکان سالح العلی لەم شۆڕشە بەشداربوون ،لەم ڕووبەڕووبوونەوە یوسف عەزمەی وەزیری بەرگری لە 24 یولیو 1920 شەهید بوو.

ئەوانی تریش حوکمی لەسێدارەدانیان لەلایەن فەڕەنسیەکانەوە بۆ دەرکرا.

فەڕەنسیەکان حوکمەتە خۆجێیەکەی سوریایان کەبەحکومەتی عەلەویەکان ناسرابوو ناچارکرد کە بڕیاری لەسێدارەدانی قەسسام وچەندین تێکۆشەری تر دەرکەن و هەموو بەرپرسیارێتی کوژرانی جوتیارانیش کەفەڕەنسیەکان ئەنجامیان دابوو بخەنە ئەستۆی قەسسام، چونکە جوتیارەکان یارمەتی قەسامیان داوە، وەفەڕەنسیەکان خەڵاتێکی بیست هەزارلیرەییان تەرخان کرد بۆ هەرکەسێک کەشوێنی قەسسامیان نیشان بدا.

هەروەها فەڕەنسیەکان زۆردڕندانە سیاسەتی سوتماک کردنی زەویان لەگوندوشارەکان پیادەکرد تاکو گوندیەکان چاوترسێن کەن کەبەهیچ شێوەیەک یارمەتی شۆڕشگێڕان نەدەن وپەناوخۆراکیان بۆدابین نەکەن،.

بەهۆی ئەم زەبروزەنگە شۆڕشەکە زۆر لاوازبوو ولەکۆتاییدا کۆتایی پێ هات.

بۆیە شێخ عزالدین قسسام لەگەڵ حاجی علی عوبێد و محمد حەنەفی میسری کەهەرلەئەزهەرەوە لەگەڵی بوو لەساڵی 1920 بەنهێنی بەپردی شغوری لای ئەدلب کۆچیان کرد، سەرەتاچوونە بەیرووت،دوای ماوەیەک مانەوە ،دواتر چوونە سەیدا ولەوێوەچوونە عەککا، دوای ماوەیەک حەیفایان هەڵبژارد.

گەڕان ومانەوەیان لەم شارانە بۆ هەڵبژاردنی شوێنێکی شیاوبوو بۆ مانەوە.

شێخ بۆیە حەیفای هەڵبژارد چونکە بازاڕێکی کاراوشوێنی بازرگانی بوو،شوێنی بەیەککەیشتنی بازرگانی گشت وڵاتە عەرەبیەکان بوو، چونکە ئەوکۆمەڵگاوشارەی ئیشی زۆربێ تاکەکانی کەمتر چاولەبەری دەوڵەت دەبن و بینین وئاڵوگۆڕی پێزانین وکاڵاش بارودۆخ لەباردەکا بۆهەرجوڵانەوەیەکی سەربازی وسیاسی ودبلۆماسی ...

قسسام لەئابی ١٩٢٠ گەیشتە فەلەستین ولەوەیە لەکۆتایی ئەوساڵە لە حەیفا نیشتەجێ بووبێ.

لەحەیفا جەمعیەی ئیسلامی هەبوو کە کۆمەڵێک پرۆژەی فێرکردن وقوتابخانەی هەبوو ،کاتێ قەسسام گەیشتە حەیفا کەکەسێکی بەناوبانگ وئەکادیمی بوو، لەساڵی 1921ز کردیانە مامۆستای قوتابخانەی کچان ، دواترلەساڵی 1922ز لە قوتابخانەی بورجی ئیسلامیش کردیانە مامۆستا.

کرێی مامۆستا لەو قوتابخانانە پێنج جونەیە بوو، وەلەئێوارانیش وانەی بەخەڵکی بەتەمەن دەگووتەوە.

ئە و وانەگوتنەوەتاساڵی1925ز بەردەوام بوو.

بیان نوێهز دەنوسێ:قسسام لەم قۆناغە دا زۆرحەزی لەدەرکەوتن لەکۆنگرەو کۆبونەوەی سیاسیەکان نەبوو،بەڵک حەزی لەکەنارگیری وبێدەنگی بوو، تەنیا کەسە متمانەپێکراوەکانی دەیانناسی ،متمانەی بەچینی لاوان هەبوو کەزۆردەجولێن وکەم دەڵێن، قەسسام دینەمۆی ناوگەنجان و وروژێنەری لاوان بوو دروشمی قسسام جیهاد یان سەرکەوتنە یان شەهیدی بوو.

(سمیح حمودة) ی مێژووناس دەڵێ :(قسسام سەرەتای هاتنی بۆ حەیفا لە قوتابخانەی بورجی ئیسلامی مامۆستابوو، وەقوتابیانی زۆرهەڵدەنا لەسەرجیهاد بۆیە لەگەڵ یەکێ لەمامۆستاکان کەناوی کامل قصاب بوو ناکۆکیان کەوتەنێوان بۆیە قەسسام لە ساڵی1925 وازی لە وانە گوتنەوە هێناو تەنیا ئیمام وخەتیبی مزگەوتی ئیستقلال بوو کە مزگەوتەکەهەرلەوساڵە دروستکراو قەسسام یەکەم ئیمام وخەتیب بوو لەومزگەوتە.

قسسام پێی وابوو کە پەیامی ئەو لە ژیاندا زیندووکردنەوەی ئەرکی جیهادە، وە مزگەوتی ئیستقلالیش باشترین هۆکاربوو بۆ گەیاندنی ئەوپەیامە، مزگەوتەکە ببووە تاکەمزگەوتی شارەکە بۆجومعە، بگرەلەشارەکانی دەووروبەری حەیفاوە خەڵک دەهات بۆ مزگاوتەکەی قەسسام بۆ جومعە.

قسساميش وەک ئەفغانی پێی وابووکە بەریتانیا سەرچاوەی هەموو بەڵاو نەخۆشیەکانە،بۆیە دەبێ هەموو کارێک وازلێ بێنین وتەنیاخەریکی دەرکردنی بەریتانیەکان بین، بەریتانیەکانن کە بەڵێنی بەلفۆڕیان دارشتوەو خەریکن جولەکەی بۆکۆدەکەنەوە.

هەرلە ساڵی 1927ز مسوڵمانانی لەمەترسی هاتنی جولەکەکان بۆفەلەستین ئاگادارکردەوە، وەهەردەم بەخەڵکی دەگووت کە گوێڕایەڵی ومل کەچی تەنیابۆ دەوڵەت وحوکمڕانی مسوڵمان دەبێ، وەبەریتانیەکان وەلی ئەمری فەلەستینیەکان نین ،چونکەبەدەق ئایەت دەبێ وەلی ئەمر لەئیماندارانبێ، چونکە بەریتانیەکان بنکەیەکیان بۆقادیانیەکان لە حەیفادانابوو کە وایان بڵاودەکردەوە کەبەریتانیاوەلی ئەمرەوملکەچ بوون بۆی واجبە.

بەشی سێیەمی ژیاننامەی شێخی موجاهید محمد عز الدين كوڕی عبد القادر القسام (1300ک/1883ز - 1354ک/1935ز)پاڵەوانی شۆڕشی بوراق دژی بەریتانیەکان :

لەبەشی پێشوو گوتمان لەساڵی ١٩٢٥ بەدواوە کاری سەرەکی شەهید قەسسام بووە گوتاربێژی و وانەو پێشنوێژی مزگەوتی ئیستقلال.

ئەومزگەوتە وەک لەناوەکەی دەردەکەوێ ئیستقلال واتە سەربەخۆبوون ،مزگەوتێکی ئاسایی نەبوو.

هەڵبژاردنی قەسام بۆ پێشەوایەتی سەربەخۆبوون،چونکە خەڵک ڕابردووی قەسامی لەجیهادی دژی داگیرکارانی ئیتالی وفەڕەنسی لەهەریەک لە لیبیاو سوریادەزانی.

قەسام قۆڵی لێ هەڵماڵی مسوڵمانانی هەڵدەنالەسەر دژایەتی داگیرکاری بەریتانی .

ئەمین محمد سعید (28 نوفمبر 1891 - 21 یونیو 1967) مێژوونەسی شام دەنوسێ:

: « قەسسام دووربوو لە خۆدرخستن وبانگەشە بۆخۆی، ،ئەونمونەی خوڕەوشتی بەرزی ئیسلامی بوو، ،وێنەی باڵای مسوڵمانێکی ڕاستەقینەبوو، ،هەستت دەکرد کەئەو چێژی لەئیسلام وئیمان کردووەوگەیشتۆتە پلەی یەقین، بۆیە هەرگیز خۆی بەکاری نزم وبێ کەڵک خەریک نەدەکرد وهەمیشە ناوازەولێهاتوو بوو لەهەموو کارەکانیدا.

ڕۆژنامەنوس عبد الغني سعيد الكرمي (1906 - 1974) دەڵێ

«...قسسام زۆربەهێمنی وهاوسنگی قسەی دەکرد، زۆرمتمانەی بەخۆی هەبوو، پەیامەکەی لەپێش چاوی زۆرڕۆشن بوو، زۆرسور بوو لەسەر نمایشکردنی نمونەیەکی دروست وڕەوشت بەرزی بۆ پەیامی ئیسلام ،هەرگیز حەزی لە قسەی گاڵتەوگەپ وڕابواردن نەبوو.

دیارە کەسایەتی قەسام هەرلەوکاتەی چۆتە میسر تاهاتنی بۆ حەیفا مشت و مڕێکی زۆری لەسەرە.

گەورەترین هێماکانی چەپڕەوی وسۆشیالیزم ونەتەوەیی وشۆڕشگێڕی وڕادیکالی وئیسلامیەکان بە سۆفی وسەلەفی وئیسلامی سیاسی بەهەموو تێزەکانیەوە هەموویان لەسەرقەسامیان نوسیوەو هەریەک بەلایەکی ژیانی هەڵگوتووە، سۆسیالیزمەکان قەسام بە ئیشتراکی دەزانن ،سەلەفیەکان بەسەلەفی دەزانن، سۆفییەکان بە شێخی قادری دەزانن، نیشنمانی ونەتەوەیی وکوردودیان وعەلەوی وتورکومان ودروزەکانیش دەڵێن ئەوهاوڕێی شۆڕشی عەزمە وسالح علی وهنانۆ بووە.

ئیخوانەکان قسام بەنمونەیەکی دیکە لە جمال الدین ئەفغانی وحەسەن بەننا دەزانن .

لەڕاستیدا ئەم سێ کەسایەتیە زۆر کۆکەرەوەبوون، کۆکەرەوەی هەموو توێژوچین ورەوت وبۆچوونەکان بوون، بۆیە پێتان سەیرنەبێ کەعبدالناسر تامردیش شانازی بەحەسەن بەنناوەدەکرد،بورقێبە چەندجارلە بارەگاکانی ئیخوان ولەماڵی بەننا کۆنگرەی دەکرد.

هەروەها چەندان فەیلەسوفی گەورەی مولحید سەرسام بوون بەئەفغانی ،قسامیش لەوجۆرە کەسایەتیانە بوو کەهەموو کەس شانازی پێوەدەکرد.

قسام حەیفای بە دارالهجرەو مەدینە دەزانی ،جبلەو لازقیەی بە شەعبی ئەبوتالیب و میسرو ئەزهەری بە ئەشکەوتی حەڕاو ماڵی ئەرقەم دەزانی لەتەمەنی خۆیدا.

بۆیە قەسام لە حەیفا لەلایەک هەوڵی ناسینی چین وتوێژەکانی حەیفاودەوروبەری دەدا، لەلایەکی تردەیەویست نەخشەوپلانی جولەکەو بەریتانیەکان بزانێ وخاڵی لاوازوبەهێزیان دەرک پێبکا.

ئەوبۆخەڵکی حەیفا مەشخەڵی جیهادوتێکۆشانی هەڵکردبوو، هەوڵی دەدا لە مزگەوت وبازاڕو قوتابخانەکانی حەیفا لەوتاکانەی بەهێزویتەون ڕێکخراوێکی تۆکمەو بزوتنەوەیەکی جیهادی بنیات نێ و بیکاتە قوتابخانەی گەلی فەلەستین.

لەدوای ساڵێک گوتاردان لە ساڵی 1926ز دا کۆمەڵەی لاوانی مسوڵمانی دروستکرد وخۆی بووبە سەرۆکی.

ئەحمد ئەسعد شقيري (1908 - 26 فبراير 1980

کەدامەزرێنەری ڕێکخراوی فەتحە ویەکێک بووە لە شۆڕشگێڕەچالاکەکان لەشۆڕشی ١٩٣٦ دەڵێ:

«پەیوەندیەکی پتەوم لەگەڵ قەسسام هەبوو ،نمونەی کەسی بەتەقواو دەست پاک بوو، ،گوتارەکانی وروژێنەربوون، ،لە زۆرلەکۆنگرەکانی لاوانی مسوڵمان لە حەیفاوشارەکانی دیکەش لەگەڵی کۆبوومەوە، بڵام هەرگیز بیرم بۆ، ئەوەنەدەچوو کە ئەم زانا مێزەربەسەرە ڕاستەوخۆ پێشەنگی شۆڕشی دژی بەریتانیابکا.

قەسسام دەیەویست لەناو کۆمەڵەی لاوان ولەناوهەواداران وقوتابیانی مزگەوتەکە ی کەسانی شیاو بۆ ڕێکخراوێکی نهێنی هەواڵگری وسەربازی هەڵبژێرێ وەک ئەوەی جمال الدین ئەفغانی کردی لەمیسر کە بارودی وعورابی بۆ ئەوباڵە سەربازیە شۆڕشگێڕیە ئامادەدەکرد.

یان ئەوەی حسن بەننا لەدوای قسسام وئەفغانی کردی وعبدالرحمن سنێدی وعبدالناسری هەڵبژاردن تا ئەفسەرانی ئازاد دروست بکەن.

بەپێی یاداشتەکانی محمداحمد سیام گوتاربێژی پێشووتری مزگەوتی ئەقسای دوورخراوە دەڵێ کەهەردوو شەهید شێخ عزالدین قسسام و شەهید حسن بەننا بەیەک گەیشتوون و دیداریان لەنێوان هەبووە،بەڵام ساڵ وشوێنەکە دیاری ناکا.

لەوەیە دیدارەکە لەحەج یان لەکاتی گەشتەکانی قەسام بووبێ لەوکۆبوونەوەودیدارانەی لە میسر بۆ فەلەستین دەکران.

ئەزموونی قەسام پێش ئەزمونی بەننابوو ،وەبەننا زۆرسودی لەئەزمونی قەسسام دیتوە.

ڕێکخراوەکەی قەسسام دوژمنی زۆربوو ،جولەکەوبەریتانی و خەڵکانی چاوچنۆک بۆهەوڵەکانی قەسسام لەبۆسەدابوون.

بەمەبەستی ناسینی زیاتری دەوروبەری حەیفا قەسا م لەساڵی ۱۹۲۹-۱۹۳۰ داوای پێشکەشی دادگای حەیفاکردتاکوبیکەنە لیژنەیەکی گەڕۆکی دادگا بۆ گرێدانی گرێبەستی هاوسەرگیری لە شاروگوندەکانی دەوروبەری حەیفا.

تاکو هەم ژینگەودەوربەرەکە باشتربناسێ وهەم خەڵکەکەی ئەوگوندانەوباری دەروونیان بزانێ، مەبەستی قسام لەم هەنگاوە دیاری کردنی شوێنی شیاوبۆ مەشق وڕاهێنانی سەربازی وکەسانی پشتیوان وداڵدەدەر بۆ کاری سەربازی و مەفرەزەکانی جیهادبوو.

محمد عزة بن عبد الهادي دَرْوَزَة (21 حزيران 1887 - 26 تموز 1984)لە ژێر ناونیشانی(الحلقات الجهادية وحركة الشهيد القسام) دەڵێ:

«حەیفا مەڵبەندێکی گرنگی کرێکارەکانی عەرەب بوو، ،زۆربەی ئەوکرێکارانە لەو جوتیارە ئاوارەودەرکروانەبوون کەبەهۆی زەبروزەنگی جولەکەو داگیرکاران لە گوندوشارۆچکەکانیان دەربەدەربووبوون ،هاتبوون لەحەیفا گەڕەکێکیان لەتەختەوداروو تەنەکە دروستکردبوو، ئەم توێژە زۆربە گەرم وگوڕی بەدەم بانگەوازی جیهادەوەهاتن هەرلەساڵی ١٩٣٠ وە، کۆمەڵگای لاوانی مسوڵمان لەمانە پێک هاتبوو، چونکە زۆربەیان لادێیی ودینداربوون، وەدڵ ودەروونیان پڕلە ڕق وکینە بوو لەجولەکەو بەریتانیەکان، وەبەهۆی زگماکی پاکیان نهێنی پارێزو پتەوبوون، بۆیە دەسەڵاتدارا ن هەروابەئاسانی نەیاندەتوانی نهێنیەکانیان بزانن وبەسەریاندازاڵ بن..

بەم شێوە قەسسام دەرگای لەبەردەم هەموو چینەکانی کۆمەڵگا واڵاکرد کەبەهەژاروجوتیاروکرێکارەوە، بەگەنج وپیرونێرو مێ وە بەلادێی وشاریو ،بەنەخوێندەوارو خوندەوارەوە، بتوانن بەشداری گێڕانەوەی شکۆی نیشتمان و مرۆڤایەتی بکەن ، بەڵام زۆرترین پەیڕەوانی قەسسام لەوانەبوون کە هیچ پلەوپۆستێکیان لەناودام ودەزگاکانی حکومەت دا نەبوو ، وەبەدەستی پیلانگێڕی داگیرکەران وجولەکەکانەوە زۆرچەوسابوونەوە ، دەرکراوو ئاوارەوبێبەشکراوبوون، هەژاروبێ دەرەتان بوون، زۆربەیان نەخوێندەواربوون، قەسسام وەکو ئەهلی سوففە تەماشای دەکردن وکاتی زۆری بۆ تەرخان دەکردن ،شەوانە فێری خوێندەواری دەکردن وفێری کاروکاسبی دەکردن و بەتەنگ چارەسەری نەخۆش وچارەسەری کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتیەکانیان بوو،

باوەڕی بەوەبوو کەلاڕێ بووەکەنیان بگێڕێتەوەبەرەوچاکە، ودەیگووت:

بوێری دزو بکوژ وئازایەتیان دەتوانرێ بگۆڕدرێ بۆ ئازایەتی لەجیهادو ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی دین.

یەکێک لەوکەسانە کە بۆ بەریتانیەکان چیرۆکەکەی گێڕاوەتەوەودانپێدانانەکانی نوسراوە کەسێک بوو بەناوی حسن البایر کە لە دوای دیل کرانی لەجەنگێک لە دانپێدانانەکەی گوتبووی:

«من خەڵکی گوندی برقین بووم لە، قەزای جنین، ژیانم لەسەرچەتەیی ودزی بوو، عزالدین قسام هات ڕێنمایی کردم وفێری نوێژی کردم و گوتی کە ئەوکارانە حەرامن و دەبێ ڕوو لەکاری باش بکەم، کاتێ زانی پابەندم بە دین ، بردمی بۆ ناوچیاکانی بەرقین و تفەنگێکی پێدام وگوتی مەشق لەسەرئەمە بکە ولەگەڵ براکانت دژی دوژمنانی دین و وڵات جیهادبکە»

سەرەتای قۆناغی چەکداری ومەشقی سەربازی لەسەرەتای ساڵی 1928 دەستی پێکرد، چونکە لەوساڵەدا جولەکەکان تەواوشوڵیان لێ هەڵکێشاوبەئاشکرا بەهەزاران کەس دەرژانەبازاڕ و دەهاتنە لای دیواری بۆراق وچالاکیان دەنواند.

مسوڵمانانیش بەوهۆیەوە لەهەموو لایەک وروژان بۆ بەرگری کردن لە مزگەوتی ئەقسا .

وەئەم بارودۆخە نوێیە قسسامی پاڵنا کە پەلەبکاولە قۆناغی هەڵنان وهاندانی مسوڵمانانەوە لەسەرجیهاد بگوازێتەوە بۆ قۆناغی چەکداری ومەشقکردن.

خلیل محمد عیسی عجاك کەبە أبو إبراهیم الكبير ناسراوە لەیاداشتەکانیدادەڵێ:لەساڵی 1928 دا کاتێ هەڕەشەکانی جولەکە زیادیان کرد، داوامان لەشێخ کرد کە دەست بەجیهادی چەکداری بکەین، وخۆمان چەکداربکەین، ،بۆیە چەکمان کڕی وکەسێکمان بەناوی محمد أبو العیون هێناتاکولەسەرچەک مەشقمان پێبکا، هەمووجارێ دوای گوتارەحەماسیەکانی شێخ قسسام دەستمان بەمەشقی چەکداری دەکرد، مامۆستای مەشق یەک یەک مەشقی پێدەکردین لەسەربەکارهێنانی چەک .

دوای سێ ساڵ لەسەر مەشق کردن ببوینە دوازدەشانەی جیهادی ،هەرشانەیەک پێنج کەس بووین ،زۆربەمان لە کرێکارانی سکەی شەمەندەفەرو کرێکاری خانو وفرۆشیاری گەڕۆک بووین ،دواتر

لەسەرەتای ١٩٣٠ هەرشانەی بوونە نۆکەس.

لەساڵی 1929ز ئەمیری جەبەلی عجلون شێخ راشد الخزاعي (1850 - 1957ز)، بەدەم داواکەی قسسامەوەهات و چەک وچەکدارو وماڵی بۆ قسسام نارد وزۆرئەم شێخە پشتگیری قەسامی دەکردولەشۆڕشی گەورەی دوای شەهیدکردنی قسامیش ١٩٣٦-١٩٣٧بەشداری بەرچاوی هەبوو.

لەشۆڕش وڕاپەڕینی بۆراق دا لەساڵی 1929 هەزاران کەس لەڕۆڵەکانی فەلەستین بەشداربوو وچەندان سەرکردەی لێهاتوو لەو شۆڕشەدائاشکرابوون.

قەسسام کەسەرکێشی ئەوسەرهەڵدانەبوو ئەم کەسە لێهاتوانەی هەڵبژارد بۆ ڕێکخراوەنهێنیەکە.

سەرهەڵدان وشۆڕشی بوڕاق وەک ڕاگەیاندنی قۆناغی ئاشکراکردنی بزوتنەوەی جیهاد وابوو، کەلەوساڵەوە جیهاد ئاشکراکرا.

قەسام شەوانە ڕاستەوخۆ خۆی سەرپەرشتی مەشق پێکردنی موجاهیدانی دەکرد .

حسن شبلاق کەیەکێک بووە لەوانەی لای قەسسام مەشقی کردوە دەڵێ:

«پێش دەرکەوتنمان بۆشاخی کرمل لەیەکێک لەوسێ مزگەوتانە کۆدەبووینەوە،یان مزگەوتی ئیستقلال یان مزگەوتی جرینە یان مزگەوتی بچوک ،،ئەوجار سێ کە سێ کەس دەردەچوین ، ،حەوت سەد دەبوین، قسام یەک یەک فێری هەڵوەشاندن و لێکدانی تفەنگ وچۆنێتی بەکارهێنانی دەکردین.

یەکێکی ترلە قەسسامیەکان دەڵێ:

شێخ فێری تەقەکردن وبەرگەگرتنی نوستن لە سەرزەوی وبەرگەگرتنی برسێتی وتینوێتی وسەرمای دەکردین.

وەقەسام بەسەرگوندەکاندا دەگەڕاولەدوای نوێژی عەسر وتاری بۆدەدان وکەسانی لێهاتووی لێ هەڵدەبژاردن بۆ جیهاد وبۆهەر شانەیەک نەقیبێکی دادەنا.

لەگەڵ ئەم کارانەشی لەسەر گوتاری مزگەوت هەربەردەوام بوو، لەیەکێ لە گوتارەکانی ساڵی 1934ز لەسەر مینبەر لە نوێژخوێنانی پرسی

ئایا ئێوە چۆن مسوڵمانێکن ؟ ئەدی قورئان نافەرموێ عیزەت وشکۆداری تەنیابۆ ئیماندارانە؟ جاکەلەم مزگەوتە دەرچوون کەعیزەتی ئیمانتان هەبێ ،سەربازێکی بەریتانی ناتوانێ وەکو ڕانە مەڕ لێتان خوڕێ، کە ئیمانداربن نابێ گوێڕایەڵی بکەن.

جولەکەکان چاوەڕوانی هەلێکن تاکو داوڵەتەکەیان ڕاگەیەنن، ،هەریەکێک لە ئێوە لەسەرتانە خۆ ئامادەکەن، چەک بکڕن، مەشق لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی چەک بکەن .

ئەم ئوتێل ومزگەوتانە ڕازاندنەوەو نەخشاندنیان بۆچیە؟ پێویستە ئەو زێڕوزیوەی لەڕازاندنەوەی مزگەوت خەرج دەکرێ، بدرێ بەچەک وجبەخانە، کە زەوی وشارەکانتان داگیرکران دیوارەنە خشێنراووڕازاوەکان فریاتان ناکەون، لەم بارودۆخە دروستە هەتا ئەوەی بۆ حەج وعەمرەش خەرج دەکرێ ڕابگیرێ وبۆخۆ ئامادەکردن خەرج بکرێ.

قسام زانیبووی کە جولەکەکان پلانیان داناوە هێرش بکەنە سەر مزگەوتی ئیستقلال ،هەندێک لە پیاوەناودارەکانی حەیفا چوبوون بۆ مۆڵەتی شێخ داوایان لە هێزەکانی بەریتانیا کردبوو کە مزگەوتەکە لەهێرشی جولەکەکان بپارێزن، شێخ بەم کارەیان زۆر توڕەبوو ، لەگوتاردا گوتی:دەبێ ئیمانداران پاسەوانی مزگەوتەکانمان بکەن، ،دەبێ خۆمان بەخوێنی خۆمان مزگەوتەکانمان بپارێزین، ئەوداواکاریەتان نیشانەی ترسنۆکیتانە،نیشانەی سەرشۆڕی و زەلیلیتانە.

هەرکەسێ ئەو تاقیکراوانە ی بەریتانیا بە بێ بەڵێنی و درندەیی تاقی بکاتەوەوپەنایان بۆ بەرێ ئەوەناپاکە.

لەسەر ئەم قسانە بەریتانیەکان دەست بەسەریان کرد ،شارەکە هەمووی مانی گرت وخرۆشا بۆیە بەریتانیەکان بەناچاری بەریان دا.

جارێکی تریش لەسەر مینبەر گوتبووی :هەرکەسێ ئیمانی بە الله ورۆژی دوایی هەیە با لەسەر ئەم چەکە مەشق بکا .

لەسەرئەم قسەش دووبارەگیرا،بەڵام بەهۆی خۆپیشاندان ومانگرتنی شار دووبارە بەریان دایەوە.

قەسسام کاتێ زانی لێشاوی جولەکەکان هەرلەزیادبوونەو تەنیالەساڵی ١٩٣٥ 62000 يهودي هاتۆتە فەلەستین وبوونەخاوەنی 73000 دونم زەوی

وەبەریتانیەکان پیلانی ئاوەدادەنێن خۆی و کاراترین کەس لە موجاهیدان دەستگیربکەن یان شەهیدیان بکە ن وخەڵکیش بەشی پێویست هۆشیارکراونەوە، بۆیە کاتێ ژمارەی چەکدارانی گەیشتە هەزارکەسێک لەساڵی ١٩٣٥

بەپێی یاداشتەکانی یوسف الشایب :کۆتا گوتاری قەسام لە مزگەوتی ئیستقلال تەفسیرکردنی ئایەتی ﴿أَلَا تُقَاتِلُونَ قَوْمًا نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ وَهَمُّوا بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ وَهُمْ بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ أَتَخْشَوْنَهُمْ فَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَوْهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ١٣﴾ [التوبة:13].بوو

«ئەی خەڵکینە ئەوە کاروباری دینەکەتان و بارودۆخی نیشتمانەکەتان زانی ،جیهاد لەسەرتان واجبە، دەی ئەوەمن پێم ڕاگەیاندن یا الله تۆشاهیدبە، بەرەوجیهاد ئەی مسوڵمانان

دوای ئەوگوتارە یەکەسەر چەکەکەی هەڵگرت ونەچۆوە ماڵ ورۆیشت بۆ شاخ، موجاهیدەکانیش ماڵ ئاوایان لەماڵ کردوو دەرچوون.

پاش ئەوگوتارە دەسەڵاتدارانی بەریتانی هاتن ماڵەکەیان گەمارۆداوبەشوێنیدادەگەڕان ،بەڵام

ئەو ماڵ ئاوایی کردبوو،هەردوای گوتارەکە ئۆتۆمبیلی موجاهیدان چاوەڕوانی بوو لە ڕۆژی ٢٧-١٠-١٩٣٥ دا دەرچوو.

سوپای داگیرکەر هەموو حەیفاوجەنین وگوندەکانیان پڕکرد لە سوپاو کەوتنە گەڕان وڕاوەدوونانی موجاهیدانی قەسسام ،وەپارەیەکی زۆریان بەخەڵات دانابوو بۆ هەرکەسێ کە شوێنی قەسام بەداگیرکەربڵێ.

شەڕو پێکدادان وڕاوەدونان وکەمین دانان بۆ قەسام وهاوڕێکانی تاکوشەوی ٢٠-١١-١٩٣٥ بەرامبەر ٢٣ی شەعبانی ساڵی ١٣٥٤ک بەردەوام بووکەلەوڕۆژەدا کە چوارشەم لەسەر پێنج شەممە بووسوپای بەریتانی لەشەڕی یەعبد گەمارۆی قەسام ومەفرەزەکەی داو قەسام وسێ هاوڕێی شەهید بوون و پازدەکەس لە بەریتانیەکان کوژران.

لەناوگیرفانی قسسام مەسحەفێکی قورئان وچواردە جونەیھ ی تێدابوون.

دوای شەهیدبوونی قەسام فەلەستین خرۆشاو شۆڕش و خۆپیشاندان تاکو ساڵی ١٩٣٩بەردەوام بوو.

دەیان شاعیرونوسەرو سرودبێژ شیعروپیاهەڵدان ولاواندنەوەیان بۆ محمد عزالدین قەسسامی شەهید نوسی ،بەڵام ئەوەی موجاهیدان بۆیان نوسی لەهەموویان کاریگەرتربوو ، لەبەرخۆشەویستی وکاریگەری قەسسام لەناو فەلەستینی وشامیەکان بزوتنەوەی حەماس باڵە سەربازیەکەیان بەناوی ئەو کەڵە پیاوە ناوناوە .

بارودۆخی فەلەستین دوای شەهید بوونی قەسسام لەساڵانی١٩٣٦-١٩٤٨ز لەشۆڕشی گەورەی فەلەستینەوە بۆ دامەزرانی دەوڵەتی جولەکە یان لەشەهید بوونی قسامەوە بۆ شەهید بوونی حسن بەننا :

شەهید بوونی شێخ بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٩٣٦لەفەلەستین، بەڵام داگیرکەران بەئاگروئاسن دایان مرکاندەوەو کردیانە بیانو بۆ ئاوارەکردنی دەیان هەزارکەس لەفەلەستین وماڵ وزەویەکانیان دایە جولەکەکان.

بەپێی کۆنگرەی مێزی بازنەیی بەریتانیەکان پلانیان وابوو کەلە ساڵی ١٩٣٩-١٩٤٣ساڵانە تەنیا ٧٥٠٠٠کەسی جولەکە کۆچ بکەن بۆ فەلەستین.

بەپێی دابەشکردنی بەریتانیەکان لە٢٠-٤-١٩٤٦دا کەتائەوکاتەش جولەکە تەنیا ١٧٪ی فەلەستینیان لەژێردەست بوو.

کەچی ساڵێک دوای ئەوە لەنیسانی١٩٤٧ ئەمریکاوبەریتانیا بۆڕازیکردنی جولەکەکان نزیکەی نیوەی فەلەستینیان بۆ جولەکەدانابوو.

وەلەنیسانی١٩٤٨جولەکەکان لەقەسابخانەی دێریاسین

٢٧٩مسوڵمانیان شەهید کرد.

-لە١٥-٥-١٩٤٨بەریتانیا ئینتیدابی کۆتایی پهێناوفەلەستینی ڕادەستی جولەکەکان کرد وبەوهۆیەوە ٩٥٠/٠٠٠فەلەستینی ئاوارەبوون بۆکەرتی خۆرئاواوغەزەو ولاتانی تری عەرەبی کەلەوکاتەدا ژمارەی دانیشتوانی فەلەستین ملیۆنێک و٤٠٠هەزارکەس بوو واتە دوولەسەرسێی فەلەستین ئاوارەبوو.

لەکاتی ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨ ژمارەی جولەکەکان تەنیا٥٠/٠٠٠ پەنجاهەزارکەس بوو،کەخاوەنی ٦٥٠/٠٠٠دۆنم زەوی بوون کەدەیکردە ٢٪ ڕووبەری فەلەستین.

کەچی لە١٩٤٨ژمارەیان بووە ٦/٥٠/٠٠٠شەش سەدوپەنجاهەزارجولەکە کەدەیکردە ٢٩٪ی دانیشتوانی فەلەستین وبوونە خاوەنی زۆربەی ڕوبەری فەلەستین..

لەساڵی١٩٢٢ کەفەلەستین خرایە ژێرچاودێری ئیستعماری بەریتانی وتا ساڵی ١٩٤٨ز ئەم ئینتدابەیان زۆر بەدڵسۆزی بەکارهێنا بۆمەرامە گڵاوەکەیان وپشتگیری بێ مەرجی جولەکەکان وسەرەنجام لە وساڵە فەلەستینیان ڕادەستی جولەکان کرد.

هاتنە ناوەوەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕۆڵێکی دیارتری دایە بزوتنەوەی ئیخوان المسلمین وکردیە پاڵەوانی مەیدانەکە، لەساڵی١٩٣٦شۆڕشی فەلەستین بەسەرۆکایەتی موفتی قودس

ئەمین حسێنی هەڵ گیرسا ،لەهەموو شۆڕش وجوڵانەوەکانی فەلەستین، ئیخوان بە ماڵ وبەچەک و بەنوسینی پۆسکارت وبە میدیا پشتگیری فەلەستین بوون هەرلە ١٩٣٦وە، بەننا دەهەزار گەنجی دایە کۆمکاری عەرەبی بۆ بەشداری لە جەنگی ڕزگاری فەلەستین لە ٨-١٠-١٩٤٥دا ،محمود لبیبی ئیخوانی سەرۆکی کەتیبەکانی یەکێتی لاوانی عەرەبی فەلەستینی سەربە ئیخوان بوو،ئەم پیاوە ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بوو،لەشۆڕشی لیبیای موختار ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، پاشان نەفی کرابوو بۆ ئەڵمانیا لە سەردەمی وەزارەتی زەغلول گەڕایەوەمیسر، چووەگەڵ ئیخوان دەستەکانی نەوجەوانانی گەڕۆکی بۆ ئیخوان دامەزراند بە شێوەیەکی سەربازی، .

-یەهود هەرلە ١٩٣٧توانیان کێشەی فەلەستین بۆ بەرژەوەندی خۆیان ڕابکێشن وعوسبەتی ئومەم=نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری دابەش کردنی فەلەستینی دابوو لە نێوان عەرەب وجولەکە، بەڵام بەریتانیا ڕازی نەبوو ،عەرەبیش ڕازی نەبوون ،بەڵام سۆڤیەت وئەمریکا ڕازی بوون، بە پشتیوانی ئەمریکاوبەریتانیا لە دوای جەنگی دووەم سەدان هەزار جولەکە لە فەلەستین نیشتە جێ کران، چەندجارکۆمکاری عەرەبی کۆبوونەوەی کرد بەڵام سودی نەبوو ،بەننا وئیخوان دەیانزانی کە پاشاو سەرۆکەکانی عەرەب هیچیان لەدەست نایە بۆ وڵاتەکانیان بۆیە ئەو کۆمەڵەکەی بۆ جیهاد ئامادەدەکرد، هەرلەسەرەتای ساڵی ١٩٤٨تا مانگی نیسانی ئەوساڵە کۆمەڵە قەسابخانەیەک لە فەلەستین بەدەستی جولەکەکان کران کەسەدان فەلەستینی تێدا شەهیدبوون وسوکایەتی بەژنان .وکچانی فەلەستینی کرا،بەننا لە ٢٠ی مارسی١٩٤٨ سەردانی فەلەستینی کرد لە خان یونس نوێژی جومعەی کرد ،کەتیبەکانی ئیخوان لەتۆڵەی قەسابخانەی دێریاسین لە ١٠-٤-١٩٤٨هێرشیان کردە سەرئۆردوگای جولەکە نیشینی کفردارۆم.

هەرلە مانگی سێ وچواری ئەوساڵە کەتیبەکانی ئیخوان هێرشیان کردە زۆرێک لە ئۆردوگا جولەکە نشینەکان، بەریتانیەکان لە ١٥-٥-١٩٤٨لە فەلەستین کشانەوەوڕادەستی جولەکەکانیان کرد، لە میسر پاشا ڕای وابوو سوپای میسر بەشداری جەنگ بێ، نقراشی سەرۆک وەزیر دەی گوت نابێ ڕێگری لە بەرپاکردنی وڵاتێک بین کە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری دامەزراندنی داوە،

- لەدوای دوودڵی وڕاڕاییەکی زۆری دەوڵەتە عەرەبیەکان لەسەرچۆنێتی جەنگەکە،لە ١٥-٥-١٩٤٨ هێزی میسر وسعودیە لە باشوورو هێزی عێراق وئوردن لە خۆرهەڵات وهێزی سوریاولوبنان لە باکور ئۆردوگا وسوپای جولەکانیان گەمارۆ داودوای شەش ڕۆژ چیان نەمابوو بگەنە تەل ئەبیب

كە نەتەوە یەكگرتووەكان ئاگربەستی ڕاگەیاند ،سەرەتا دەوڵەتە عەرەبیەكان بەبڕیارەكەوە پابەندنەبوون وهەرلەشەڕبەردەوام بوون تا ١١-٦-١٩٤٨ ،بەڵام لەكۆتایی دا ئاگربەستیان كردبۆ ماوەی چوارهەفتە،لەم ماوەدا ئیسرائیل١٥ جار ئاگربەستی شكاندوهێڵەكانی پێشەوەی بەهێزكردوچەك وجولەكەی زۆری بۆهات ،بەڵام عەرەب ناكۆكیەكانیان هەڵكشان ،ئینگلیز پڕوپاگەندەی ئەوەی دەكرد كە ئەودەوڵەتە جولەكە شیوعی دەبێ ،چونكە خەڵكەكەی زۆریان ئەو بیرۆكەیان هەیە، وای لەعەرەبەكان گەیاندبوو كەلە بەر ئەوەی عەرەب دژی شیوعیەتن وبەریتانیاش دژی شیوعیەتە بۆیە عەرەب لە گەڵ بەریتانیا یەكدەگرن دژبەجولەكەو شیوعیەت دە بن..

لە دوای دەست پێكردنەوەی جەنگ لێشاوی فڕۆكەوتانك وزرێپۆش لەهەموو لایەكەوە بەسەر ئیسرائیل دارژاو لە ماوەیەكی كەم دا بوەخاوەنی سەدان فڕۆكەوتانك ،هیچ دەوڵەتێكیش چەك وتەقەمەنیان بە عەرەبەكان نەفرۆشت بۆیە یەك لەدوای یەك سوپاكانیان هەڵاتن وپاشەكشەیان كرد.

فەلەستین وئەقسا لەیاداشتەكانی شەهید (حسن بەننا) دا:

ێشەوای شەهید حەسەن بەننا لە بارەی فەلەستین دەڵێ:

فەلەستین جێیەكی ڕوحی پیرۆزی داگیركردووە لە دەرونماندا،ئەو زیاتر لە نیشتمانە،،چونكەلەوێوە شنەی شەماڵ وهەناسەی پیرۆزی بەیتی موقەدەسمان بۆدێ، كە پیرۆزی پەیامبەران وسدیقانی تێدایە،شوێنی لەدایكبوونی مەسیحە علیه السلام،لە هەموو ئەمانەدا بووژانەوەی دەروون وخۆراكی ڕوحەكان هەیە "

بەننا لەهەمووبوارەكانی مادی ومیدیایی وسیاسی وئابووری وسەربازی زۆرگرنگی بەفەلەستین دابوو، نەك هەرئەوە بەڵكو وەك چۆن بە هۆی پێداگیری لە ڕادەبەدەری سوڵتان عبدالحميد لەبەرامبەر داخوازیەكانی هرتزل ،سوڵتان نشینی عوسمانی لە دەست چوو و ڕوخا وەك گۆشتی خێر بەشرایەوە، هەرچەندە ئەفغانی سوڵتانی لەم گرنگی پێدانە زیادلە پێویستە ئاگاداركردبۆوە كەنابێ گشت بەقوربانی بەش بكرێ وخەلافەت ومەكەو مەدینە بەقوربانی قودس وفەلەستین وئەستەمبوڵ بكرێن، بەڵام سوڵتان هەرئەوەی كرد، بەنناش ئیخوانی بە قوربانی كێشەی

فەلەستین کرد،نەک هەرئەوە ئەو عبدالناسریشی هەروا پەروەردە کردبوو کە ئەویش کۆمارەکەی بەقوربانی فەلەستین کرد.

بەڕاستی بەننا لە پێناو فەلەستین تیرۆرکرا، کۆمەڵەکەشی هەرلە پێناوفەلەستین هەڵوەشێنرایەوە ،زایۆنیەکان هەمیشە هۆشداریان دەدایە پاشاوسەرۆکەکانی جیهان وعەرەب لەسەرمەترسی بوونی بەننا لەسەریان.

بەننا هەرلەساڵی 1931وە گرنگی بە فەلەستین دەدا کەنامەیەکی بۆ موفتی فەلەستین حاج أمین الحسيني نوسی وسوپاس وستایش وپیاهەڵدانی خۆی وکۆمەڵەکەی بۆ هەوڵ وکۆششەکانی ئەو پیاوە دەربڕیبوو،،وە ئەندامانی یەکەم کۆنگرەی ئیسلامی هاندا کە بە دڵ وگیان هەوڵ دەن بۆ خزمەت بە کێشەی فەلەستین.

بەڵکو نەخشە ڕێگای بەننا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گشتگیری مسوڵمانان لەگەڵ یەهود بەم شێوە نوسیوە:

«ئێمە دەزانین کە گوتار دان بەتەنیایێ سودە،وەکۆمەڵەکەمان بەواجبی دەزانێ لەسەرئەندامانی کۆنگرە کە چارەسەر بکەن بە :

1- کێشەی کڕدرانی زەوی لە فەلەستین :جولەکەکان بە ئاڵتونەکەیان جەنگی ئیسلام دەکەن،،کە بهێڵرێ زەوی لەوێ بکڕن مافی موڵکایەتیان دەبێ، ورۆڵیان بەهێزدەبێ وژمارەیان زیاددەکا،ئەوەتا جولەکە بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ کڕینی زەوی فەلەستین سندوقیان داناوە.

هەربۆیە من زۆرحەزدەکەم کە ئەندامانی کۆنگرە ڕازی بن لەسەر دانانی یەکەم ناوک وکرۆک بۆ سندوقێکی ماڵی ئیسلامی، یان دانانی کۆمپانیایەک بۆ کڕینی ئەوزەویانەی کەلە فەلەستین کەس پێویستی پێ یان نیە وچۆڵەوانین،کە لەڕێگەی ناونوسین وبەپشک بێ.

2-پێک هێنانی چەندلیژنەیەک لەوڵاتە ئیسلامیەکان بۆ بەرگری لە پیرۆزیەکان کە بنکەکەی لە مەکە یان لە قودس بێ و لقەکانی لەهەموو وڵاتان بن.

3-دامەزراندنی زانکۆیەک بۆفەلەستین لەسەرشێوەی زانکۆی عەلیکرەی هندستان کەزانستی دینی وهاوچەرخی تێدابخوێنرێ.

4- بانگەوازێک بۆزانایانی مسولْمان بۆ دانان وپوخت کردن وهەڵ وێژاردنی بەرنامەکانی خوێندن کەلەگەڵ پێشکەوتنی ئێستابگونجێ.

5-بانگەوازێک بۆدەوڵەمەندانی مسولْمانان تا بەشداری کڕینی پشکەکانی زەوی فەلەستین بکەن.

6- بانگەوازێک بۆ پێشەواکانی گەلانی ڕۆژهەلاْت کە چاوچنۆکیەکانیان بخەنە لاوەوبەگرنگ گرتنی کردنی ئەو مەترسیانەی توشی ولاْتەکانیان بووەو سامان وماڵ ببەخشن لە پێناوی گێڕانەوەو پاراستنی شکۆی ئیسلام.

ئەوە برا ئازاکانتانن لە فەلەستین،یەک ڕیز ڕاوەستاون ، ۸۰۰هەزار عەرەبی مسولْمان ومەسیحی دەرکراون ولە پێناوی پاراستنی پیرۆزی ویادگاریەکانی پێغەمبەران ،کەستەمی ئینگلیزو جولەکەی لێ لادەن وئێمەش هەموو بە دڵنیایی لە ماڵی خۆمان دانیشتوین.

ئەی برایان نیشتمانەکەتان تەنیا بەسنوری میسر کۆتایی نایە،بەڵکو هەربستێک لەم زەویە کەسێکی لێ بێ بڵێ : لا إله إلا الله، نیشتمانتانە،،هەموویان دڵیان بۆ خۆشەویستی ئێوەو ئازادی فەلەستین لێدەداو براتانن لە نیشتمان ومرۆڤایەتی هاوبەشتانن..

دوێنێ یارمەتی حەبەشەتان دا،ئەمڕۆش یارمەتی فەلەستین بدەن،ئەوان برسی وتینو ودەرکراون، ئێوە بەرپرسن لەم لاوازی وبێ دەرەتانیەیان، ئەم تاوانە لەسەرئێوە هەژماردەکرێ،دەدەستن ورووی خۆتان سپی بکەنەوە..

ئەوەنوسینگەی ئیرشادی گشتی ئیخوان داوالە گەلانی عەرەبی مەسیحی ومسولْمان دەکاکە دەستی یارمەتی بۆ فەلەستین درێژبکەن، ،،،هتد،،

بەننا هەموو هەوڵەکانی دانوستان ودابەش کردنی فەلەستینی ڕەت دەکردنەوە هەرلەساڵی 1936 – 1937 هەتا ساڵی 1947 – 1948وە یارمەتی شۆڕشی قەسامی دا کەلەساڵی 1936 هەڵگیرساو بەماڵ ومیدیا یارمەتیان داوکتێبی (الدمار والنار في فلسطين) یان بلاْوکردەوە باسی قەسابخاەکانی جولەکەو ئینگلیزیان دەکرددژی فەلەستینیەکان.ولە ژێرناوی قرشی فەلەستین یارمەتیان لە خەڵکی کۆدەکردەوە، وەلەساڵی ۱۹٤۸ ئیخوان بە شایەتی جولەکەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، ،کچە ڕۆژنامەنوسێکی جولەکە بەناوی «روث کاریف» ڕاپۆرتێکی لە «

الصندای میرور» لەسەرەتای ساڵی 1948بڵاوکردەوەو ڕۆژنامەی« المصري» وەری گێڕاوە کە تیای داهاتووە:

:ئیخوان هەوڵ دەدەن باوەڕبە عەرەبەکان بێنن کە ئەوان باشترین گەلی سەرزەوین،وە ئیسلامەکەیان باشترین دینە،ویاسایە بۆ گۆی زەوی،، وەئێستا ئیخوان خۆیان بۆ جەنگی یەکلاکەرەوە ئامادەدەکەن،وە داوالەهەموو مسوڵمانان دەکەن کە بەهیچ شێوەیەک هاوکاری وگوێ ڕایەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان نەکەن،لایەنگرانی ئیخوان داوایان کردوهەوڵیان دا کە موڵک وماڵی جولەکەکان لە عەدەن وبەحرێن بڕوخێنرێ وتالان بکرێ، وەهێرشیان کردە سەرکونسولیەکانی ئەمریکا، وەبەئاشکرا داوایان لە دەوڵەتە عەرەبیەکان دەکردکەلە دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکشێنەوە.

بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەمریکیەکان ئەم کۆمەڵە بناسن کە ئەم ناوەی ئیخوان المسلمینی لەخۆ ناوە..».

دەستەی دامەزرێنەرانی ئیخوان لە ئایاری 1948م داکۆبوونەوەلە ڕۆژی پێنجشەممە 27 جمادی دووەم 1367ک بەرامبەر 6 مایو -ئایاری ساڵی 1948بۆ ماوەی دوو ڕۆژوئەم بڕیارانەیان دا:

1-کۆمکاری عەرەبی بەرپرسەلەوەی ڕوودەداوودەبێ فشارلە حکومەتەکانی بکرێ بە هەڵسان بەکاری خێرالەفەڵەستین ودان نان بەدەوڵەتی فەڵەستین دا.

2-کردنەوەی سەربازگەکانی مەشق کردن بۆ خۆبەخشان وبەردەستکردنی چەک وتەقەمەنی بۆیان.

وە بەننا نامەی بۆ حاخامی جولەکەکانی میسر لە ئەسکەندەریە نارد کە هەڵوێستی جولەکەکانی میسر لە بارەی بزاڤی زایۆنی بە ئاشکرا ڕابگەیەنێ .

ئەم هەوڵانەی ئیخوان وای کرد کە هاووڵاتیانی فەڵەسەتین بێنەناو ئیخوانەوە، لەساڵی ١٩٣٧لەشام لقەکانی حەیفاودێرزوروقودس هەبوون،لەساڵی١٩٤٥ دەستەی دامەزرێنەرانی ئیخوان لە فەلەستین دامەزرا،پاشان لقەکانی نابلس وبیسان ورەفح کرانەوە، وەبەننا لە مانگی نیسانی ١٩٤٨ سەردانی فەلەستینی کردولە غەزەو ڕەفەح وخان یونس سوریایەوەو سەردانی چەندین مزگەوت ودامەزراوەی کردو چەند ڕۆژ لەوێ مایەوەو پێشوازیەکی ئەفسانەیی لێ کراو

چەندین وتاروچالاکی وئاهەنگ بەوبۆنەیەوەکران ،لەو گوتەی کەبەننا لەوڕۆژەدا پێشکەشی کردگوتی:

"لەساڵی١٩٣٦ بڕیارم دابوو بێمە فەلەستین،وپاسەپۆرتم دەرهێنا، بەڵام گوتیان دەبێ بۆچونە فەلەستین ڤیزەی بەریتانی لە پاسەپۆرتەکەت بدەی،بۆیە دەرونم وروژاونەمویست بچمە وڵاتێکەوە لە نیشتمانی ئیسلام بە ڕێگەپێدانی بەریتانیا.

بەڵام ئەوا بارودۆخ گۆڕا و الله ویستی وابوو کە بەبانگەوازی ئەو بێمە فەلەستین وڕاوێژ وتێک گەیشتن بکەین بۆ ڕێکخستنی هەنگاوان بۆچۆنێتی ڕزگاربوون وسەرکەوتنی نزیک،،،

دەرەنجامەکە بۆ الله بەجێبێڵن،متمانەتان هەبێ کەقەڵاوچەکی جولەکان سودی نابێ بۆیان،چونکە الله گرێنتی سەرکەوتنی داوەتە ئیمانداران،،،

نەم دەزانی کە ئەم سەردانە بەپەلەم ئەوەندە دڵ ودەرونتان ئاسودەدەکا، بەڵام وادیارە کەعەرەب هەتالە ناخۆشترین مەینەتیشدا ڕێزلێنانی میوان لە بیرناکا،الله لە سوپاس گوزارانتان بنوسێ وسەرکەوتنتان لەچارەبنوسێ وووڵاتەکەتان بپارێزێ....."

لەو ڕۆژانە دا هەموو کەتیبەکان وسەرکردایەتیەکان ویەکەکانی جەنگاوەران وکەسایەتیەکان وبارەگاکان ،پێشبڕکێ یان بوو بۆ پێشوازی بەننا ولەهەمووشیان چالاکی و وتاری پێشوازی هەبوو ،من تەنیاوتەکانی بەننا لەو کۆبونەوانەم هێناوەو ئەوانی ترم لابردووە، بەننا لە یەکێ لە وتارەکانی گووتی:

" "سڵاوی براکانتانم بۆ هێناون لە دۆڵی نیلەوە،کە زۆر تامەزرۆی دیدارتانن،خۆزگە بەخۆتان بخوازن کەلەپێش ئەوان دەرگای کاری پیرۆز بۆ ئێوەهەڵکەوتووە کە جیهادبکەن، هەموویان پێ یان خۆش بوو بەشدارتان بوونایە تاکوسەرکەوتن،،،،،".

" لە ورەی من دانەبووکەشەرەفمەندبم بەسەردانتان هەرچەندە کە خۆزگەی تەمەنم بوو،وابەستی نێوانمان پیرۆزترین وابەستەیە،،حەزم دەکرد سەربازێکی موجاهیدبومایەوئەم کۆبوونەوانەمان لە ناو کاروانی سەرکەوتن دابووایە، بەڵام لەوانەیە ڕێکەوتێک لەسەد مەوعید باشتربێ،،،،".

"ئێمە دەمانەوێ والله دەیەوێ،بەڵام هەر ویستی ئەو جێبەجێدەبێ، "

حەقیقەتی ئیسلامی بە ژوورێک دەچێ کە چواردیواروبنمیچ ودەرگای هەیە.:

بەڵام دیواری یەکەمی:

بیروباوەڕێکی ساغەوبنچینەکەی ناسینی الله یە وئیمانێکی جوان وپشت پێ بەستن وگەڕانەوەیە بۆلای،

﴿وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ [الأنعام: 79].

دیواری دووەم:

عبادەت وپەرسشێکی دروستە،هۆکاریش بۆ گەیشتن بەوعبادەتەش هەست کردنە بەچاودێری الله لە گوتەوکردەوەو دوورکەوتنەوە لە یاساغەکان وڕێزگرتنی پەیمانەکانە. ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾ [البينة : 5].

دیواری سێ یەم:

برایەتیەکی تەواوە، ئیسلام گرێبەستی نێوان میسری وسوری وفەلەستینی وعیراقی و،،،هەموانە،کۆکەرەوەو هۆگری یەکترمان دەکا،دان بە پەرتەوازەیی ورەگەزایەتی و ڕەگەزنامە دانانێ،

﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ [الحجرات: 10].

دیواری چوارەم:

فەرمانە عەدل ودادگەرەکانیەتی،ئیسلام دین ودنیای تێدایە،بەختەوەری ورزگاری دنیاودواڕۆژ هەربە ئیسلامە.

بنمیچ وسایەوسەربانەکەشی:

جیهادە لە پێناو الله وبەرزکردنەوەی ئیسلام، بۆیە پێویستە لەشکرو سوپا ئامادەبکرێ،لە وشکانی ودەریادا وپارێزگاری لەدەوڵەتی ئیسلام بکاو فرماەکانی بپارێزلێ..

﴿تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [الصف: 11].

واتە: باوەڕدەهێنن بە خواو پێغەمبەرەکەی، ئینجا هەوڵ و تێکۆشان دەکەن لەڕێگەی خوادا بە بەخشینی ماڵ و سامانتان، وە قوربانی بەگیانتان بێگومان ئەو کارە چاکتر ە بۆتان ئەگەر بزانن و تێبگەن.:

فەرمانڕەوایەکی ساڵح وباشە، فەرمان بە حوکمی قورئان دەکا،مافی هەموو خاوەن مافێک دەستەبەردەکا،پایەکانی ئیسلام دەپارێزێ،گوتراوەکە وڵاتێک دەسەڵاتی تێدانەبوو بە جێی بێڵە.

"ئێمە لە کوێی ئەم پایانەین؟توشی فیتنەی دنیاپەرستی بووین، ولەهەمووڵایەکەوە گەمارۆی داوین،بیروباوەڕوعەقیدەوئیمانمانی پیس کردوە،عبادەت وپەرستشمانی پەک خستووە،،حوکم وفەرمانڕەواییمانی گۆڕیوە،دەرگای جیهادی داخستووە، ،یاسای فەرمارەوایی تێکداوە،،نە پەرستش ماوە،نە بیروباوەڕماوە،نە فەرمانەکان ماون،نەبرایەتی ماوە،نە جیهادو سەربازی ماوە،نە حوکمڕانی ئیسلامی ماوە،ئابەم شێوەبووین تا کێشەی فەلەستینشی هاتە سەر،فەلەستینێک کە پارچەیەکە لەدڵی هەموو ئیمانداریک،،دڵەکان بۆی شەیدادەبن،ڕوحەکان تامەزرۆی دەبن،،جێ لەدایک بوونی مەسیح ومزگەوتی ئەقساو کەنیسەی قیام وهەستانەوەی مەسیحە،هەموو مسوڵمان ومەسیحیەک باوەڕیان بەوەیە کە فەلەستین ئەوەندە پیرۆزە شایانی هەموو قوربانی دانێکە.ئێستاش ئەم فەلەستینە پیرۆزە دڵەکانی برواداراني یەک خستووە وبەرەوڕووی ئاڕاستەی دروست ومەبەستی ساغ پاڵی ناون.

ڕاسپاردەی منیش بۆ ئەم بارودۆخە، پاک کردنەوەو دڵسۆزی نیازودڵەکانە وهاوکاری ویەکێتی وتۆبەکردن وپاکبونەوەی خۆمانەپاشان ڕوولە جیهادوکاربکەین هەرچەندی بتوانین

﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: 139]".

واتە: (ئەی ئیمانداران) کۆڵ مەدەن و ساردمەبنەوە و خەفەت مەخۆن، چونکە هەر ئێوە سەربەرزو سەرفرازو سەرکەوتووترن ئەگەر ئیمانداری چاک و ڕاست و دروست بن.

"لە ڕاستیدا ئێمە دووئەرکی گرانمان لەسەرشانە:

ئەرکی یەکەم:کێشەی کۆشش وبەرەنگاریمانە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی وسەربەخۆییمان،ئێمەلەکاتی پێویستدا چاوەکانمان کردۆتەوە،کە وڵاتانی ئیسلامی نێوجەرگەی جیهانن کە خاوەنی پاکترین زەوی وشیرینترین ئاوو وسافی ترین ئاووهەوا"

لەلایەنی مادیەوە هیچ نیشتمانێ نیە بەرامبەری بکا،وەلایەنی ڕوحیشی وڵاتەکەمان شوێنی هاتنی پەیامەکان ودەرکەوتنی فەلسەفەکان وجێنێژرانی پەیام بەران وڕاستگۆیان وشەهیدانەکاتێ کەئێمە بەهای خۆمان دەزانی سەروەربووین،بۆیە پێویستە ئێمەش ئەوسەروەریە بگێڕینەوە.."

بەڵام کێشەی دووەم:

ئەم بنچینە پەیام دارە لەناوەڕاستی ئەم گومڕاییە سەرلێشێواوە وەک شیوعیەت وکۆمەنیستی کەنەدەتوانێ جێگربێ ونەدەتوانێ ئاوەدانی بکا،یان ئەودیموکراتیەی تەنیا شەهوەتەکان بۆ پێشەوەدەبا،ڕژێمێکە تەنیالە کاردانەوەو پەرچەکرداری نێوان چینەکان و لێکدانیان لەنێوان ئەوگەل ونەتەوانە.

ئەم سەرگەردانیە،ئەم کۆمەنیستی ودیموکراتیە،هیچ واتایەکی نیەو هیچ خێری تێدانیە،ئێمە میراتی ئاسمانەکان وڕێنمایی الله مان لایە،، ئەوەباشترین بەختەوتەنیا مەبەستی ئەوەیە کە الله بناسین وئوممەتێکی خێرخوازبین،ئەم دینانە بۆیەهاتوون بۆئەوەی لەسەر خێرڕامانبێنێ وئەم عیرافانەمان نیشان بدا....."

ئەوەتەنیا ئێمەین بەیارمەتی الله وکەسی ترنیە جگەلە ئێمە ئەم جیهانە سەرگەردانە دەگێڕینەوە سەرڕێبازی زانین وعیرفانی وچاوڕونی،،خێرخوازی ومیهرەبانی وئاشتی ودادی نیشان دەدەین،بەمەش خۆمان وجیهانیش بەختەوەردەکەین،ئێمە شوشەی دەرمانەکەمان لایە،ئەگەرئەوپێشکەوتن وزانستەمادیەی ڕۆژئاوا لەتەنیشت ئەو ڕوناکی وڕێنماییەی لای ئێمەیە دانێین ئەوەجیهان بەختەوەردەبێ وبۆهەمیشە لە ئازادی و تەناهی دا دەژی...)

لەڕاستیدا تەنیا ئیخوانی فەلەستین تا هاتنی ئەحمەدیاسین وحەماس وکەتیبەکانی قسام لەساڵانی شەستەکان وتائێستاش کەدژی جولەکەو زایۆنیەکانن کە جولەکەش پاڵپشتی کراون لەلایەن ڕۆژئاوا.

بەڵام هەموو بەشەکانی تری ئیخوان لەجگە لەفەلەستین ، کەم وزۆر لەم ستراتیژ وپەیامە گەورانەی پێشەواکەیان حسن بەننا تێنەگەیشتوون.

ئەگەر تێگەیشتنایە نەدە بوونە هاوکاروهاوپەیمانی کەنداویەکان تا لەکاتی پێویستی بۆ مەرامی خۆیان بەکاریان بێنن ودواتریش زیندانەکانیان لێ پڕ بکەن.

لەوانەشە هەرئەوەبێ هۆی ئەو فەرمودەی کە باسی تائفەی مەنسورەودەستەی سەرکەوتوو دەکا دەفەرموێ ئەوان لەشام لەدەوروبەری قودسن، چونکە جەنگی کۆتایی نێوان مسوڵمان و ئوممەتانی تریێش هاتنەوەی مەسیح علیه السلام دژی رۆژئاوایە،دژی دەجالی جولەکەو رۆمە،دژی رۆژهەڵات وچین وروسیانیە وەک لە فەرمودەکان دەردەکەوێ، بەڵام جەنگی چین وروسیا،ئەوەجەنگی ئیماندارانە دوای هاتنەوەی مەسیح وسەرکەوتنی لە ئەوروپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە یاجوج وماجوجی چینی وروسی وهیندی وحەبەشی بۆ دێن وهەموویان لەوجەنگە لەناودەچن..

بەناوبانگترین کەسایەتیەکانی مێژووی هاوچەرخی فەلەستین:

١-حاجی محمد أمین الحسيني موفتي قودس (1895 - 4 یولیو 1974)

لەقودس لەدایک بووە،براگەورەکەشی پێش ئەوموفتی قودس بوو،خوێندنی سەرەتایی لەقودس تەواوکردووە خوێندنی زانکۆی لەمیسرتەواوکردووە قوتابی محمد رشید رەزابووە.

دوای حەج کردن لەساڵی١٩١٣چۆتە ئەستەمبوڵ وکولێژی ئەرکانی سەربازی خوێندوە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی شریف حسێن لە١٩١٦ حوسەینی هاوکاری شۆڕش بووەولەدامزرێنەرانی کۆنگرەی ئەنجومەنی فەلەستینی پێشەنگی ڕاپەڕینی فەلەستینی ساڵی١٩١٨-١٩١٩ بووە،دژی بەریتانیەکان، بەریتانیەکان ،هەوڵی گرتنیان داوەودادگای غیابیان کردوەبۆ١٥ ساڵ،بەڵام دواتربەفشاری جەماوەری ئەم حوکمە ی لابرووە.

لەساڵی ١٩٢١بۆتە موفتی قودس دوای مردنی کاکی.

سەرۆکی یەکەم ئەنجومەنی ئیسلامی وئەوقاف بوو بۆ فەلەستین لەساڵی 1922ودادگاشەرعیەکانی لەهەموو فەلەستین کاراکردنەوە کە١٨دادگابوون.

ئەوقافی ئیسلامی لەدەستی جولەکەکان درهێناووخۆی بووە سەرپەرشتیاری وقوتابخانەی ئیسلامی بۆهەموو ناوچەکانی فەلەستین دامەزراند. .

کۆلێژی ئیسلامی لەفەلەستین دامزراند لە 1924 بۆ 1937).

خانەی پیشەیی بۆ بێ باوکان لەقودس دامەزراند کەلەم خانەولەپەنجاکانیش خەباتی ڕزگاری خوازی فەلەستین دژی جولەکە دەکرا

مزگەوتی ئەقسای نۆژەن کردەوەولەساڵی ١٩٢٩ تەواوبوو.

سەرۆکایەتی کۆنگرەی جیهانی ئیسلامی لەپێناوی فەلەستین کرد کەساڵانە دەبەسترا لەساڵی1931لەقودس ولەساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٦لە مكة وبغداد وكراتشي وقاهيره وشوێنی تریش بەسترا .

لیژنەکانی فرمان بەچاکەوڕێگری لەخراپە ی دامەزراند.

هاوکاری هەموو شۆڕش وسەرهەڵدان وبزاڤەکانی قەسام و ئیخوان بوو لەو ماوەدا وپەیوەندی بە رشید ڕەزا وقەسسام وبەنناو محمد علی جناح و عبدالقادرالحسێنی و شاومیرەکانی عیراق وئوردن وحجازهەبوو.

دوای شەهیدکرانی قسسام موفتی دەبێتە ڕووی سیاسی و دارایی شۆڕش وعبدالقادرحسێنی دەبێتە ڕووی سەربازی شۆڕش .

بەریتانیەکان هەمووپۆستەکانی لێدادەماڵن، وماوەیەک پەنادەباتە ناومزگەوتی ئەقساولەوێوەچالاکیەکانی دەکا.

لەساڵی١٩٣٧- ١٩٣٩ ئاوارەی لوبنان دەبێ وفەڕەنسیەکان لەبەرناکۆکیان لەگەڵ بەریتانیەکان ڕادەستی بەریتانیای ناکەنەوە.

لەوماوەدادەبێتە ڕێکخەری کاروباری باڵای فەلەستین ،لەسەرەتای شەڕی دووەم کەفەڕەنسیەکان دەیانەوێ بیگرن ،ئەو ڕادەکاتە عیراق وبە هەماهەنگی وڵاتانی میحوەر شۆڕشی ڕشیدعالی گەیلانی لەساڵی١٩٤١ بەرپادەکا.

لەدوای سەرنەکەوتنی ئەوشۆڕشە لەڕێگای تارانەوە دەچێتە بەرلین ، لەوماوەلەگەڵ مۆسۆلۆنی وهیتلەر چەندجارکۆبۆتەوە،هاوبەشی ناکۆکی عەرەب وفەلەستین وئەڵمانی وئیتالیەکان لەگەڵ بەریتانیاوجولەکە پاساوێکی باش بوو بۆ موفتی

داواکانی موفتی لە هیتلەر:

وڵاتانی میحوەربەفەرمی دان بنێن بەسەربەخۆیی میسروسودان وعیراق ویەمەن وسوریاولوبنان وفەلەستین ئوردن و وڵاتانی کەنداو بێ هیچ ئینتیداب و چاوتێبڕینێکی ئیستعماری.

وە لابردنی بەڵێنی بەلفۆڕ وسڕینەوەی داوای دەوڵەتی جولەکە لەبڕیارەکانی عوسبەی ئومەم.

بەڵام هیتلەر هیچ کام لەمانەی بۆجێبەجێ نەکرد،چونکە ئەویش مەترسی ئیسلامی پێ مەترسیدار تربوو لە مەترسی کۆمۆنیزمی سۆڤێت وزایۆنیزمی جولەکە وئیمپریالیزمی بەریتانیا.

وەدەشی سەلمێنێ کە فشاری هیتلەریش هەربۆئەوەبووە جولەکە لەئەوروپابترسێنێ تاڕوولەفەلەستین بکەن، وە ئەفسانەی هۆڵۆکۆست درۆیەکی شاخدارە.

ڕەتکردنەوەی ئەوداوایە ئەوەدەسەلمێنێ کەبابەتی هۆڵۆکۆست ودژایەتی هیتلەربۆجولەکە بابەتێکی هەڵبەستراوەو درۆیەکی سیاسیە ،هیتلەر وجولەکەکان ئەم فۆبیایەیان ڕێک خستوە تەنیابۆچالاک کردنی کۆچی جولەکەکان بۆ فەلەستین ،چونکە جولەکە بەفۆبیانەبێ لەفەلەستین کۆنابنەوەو وازلە موڵک وماڵ وژیان لەئەوروپاناهێنن.

لە دیداری دووەمی موفتی داوای لەهیتلەرکرد کەسوپایەکی عەرەبی ئیسلامی لەئەفریقیا ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزرێنێ بۆبەرەکانی هاوپەیمانان ودامەزراندنی کۆلێژی سەربازی وپشتیوانیان بەچەک وتفاق.

دیارە هیتلەرئەمەشی نەکردوەوترساوە کە بەم هەنگاوە ئیسلام بگەڕێتەوەبۆفەرمانڕەوایی.

بەڵام موفتی توانی ئەڵمانیا ڕازی بکا کەلەوسەربازگانەی مسوڵمانی تێدان بانگخوازوئیمامێکی دینیان هەبێ، وە هەروەها توندڕەوی سربیەکانی لەسەر مسوڵمانانی بۆسنە کەمکردەوەو سوپایەکی سەدهەزاری لەبۆسنە پێک هات.

بەڵام لەگەڵ ڕوخانی ئەڵمانیاهەموو ئەو دەسکەوتانە لەدەستچوون وفەرەنسیەکان موفتیان گرت ،بەریتانی وئەمریکەکان موفتیان بە مەترسی دەزانی ،بەڵام شای مەغریب وسەرکی تونس وسەرۆکی پاکستان داوای ئازادکردنیان دەکرد، فەرەنسا دوودڵ بوو لە بەردانی یان ڕادەستکردنی بە ئەمریکیەکان، بەڵام موفتی بە پاسەپۆرتێکی ناوێکی خوازراو هەڵات وخۆی گەیاندە قاهیرەلەساڵی١٩٤٧.

مەلیک فاروق بەفەرمی کردیە میوانی خۆی، وەکردیە ئەندامی لیژنەی باڵا لە کۆمکاری عەرەبی .موفتی ڕێکخەری کارەفیدائیەکانی ساڵی ١٩٤٨ بوولە فەلەستین وسەرپەرشتی حکومەتی عمومی فەلەستین بوو، ئەودەستورو بەرنامەی ئەوحکومەتەی دانا.

لەگەڵ کۆتایی جەنگی ١٩٤٨وئاوارە بوونی زۆربەی فەلەستینیەکان وشەهید بوونی عبدالقادر حوسێنی ١٩٠٨-١٩٤٨ کە وەک باڵی سەربازی کارەسیاسیەکانی دەزگای باڵای فەلەستین بوو ،دواتریش شەهیدکرانی حەسەن بەنناو هەڵوەشانەوەی ئیخوان ،گیران وڕاوەدوونانی ئەفسەرانی ئازاد کە بەننا دایمەزراندبوو لە١٩٤٩ هەموو هیواکانی موفتی هەرەسیان هێنایەوە.

حکومەتەکانی میسروشام دەیانەویست موفتی بەکاربێنن بۆلێدانی موجاهیدان، بەڵام موفتی سەربەخۆیی وڵاتی فەلەستینی ڕاگەیاند ، بۆیە لەمیسر دەستبەسەرکرا، دوای ڕوخانی فاروق وهاتنی محمد نجیب وعبدالناسر ،موفتی دووبارەچالاک بۆوە نوێنەری گەلی فەلەستین بوو بۆکۆنگرەی وڵاتانی بێ لایەن لە کۆنگرەی باندونغ ساڵی 1955 وڕێکخەری کارە فیداکاریەکانی فەلەستین بووە تاساڵی١٩٥٧.

لەساڵی ١٩٦١ موفتی دەزگای باڵای فەلەستین دێنێتە لوبنان چونکە زۆربەی ئاوارەکانی فەلەستینی لێ بووە.

دواتر بیرلە بەدیلی دەزگای باڵادەکاتەوە ولە ساڵی١٩٦٣ بڕیارێکی فەرمی لەکۆمکاری عەرەبی دەردەکا بۆ پێک هێنانی قەوارەیەکی فەلەستینی ،بە پشتیوانی جمال عبدالناسر ئەوبەدیلەی دەزگای باڵا دەبێتە ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستینی فتح لەساڵی١٩٦٤ ویەکەم سەرۆکی ئەو ڕێکراوەش قوتابیەکی قسسام دیاری دەکا کە ئەحمەد شقیریە.

بەڵام ئەم ڕێکخراوەش لەگەڵ گلان و نسکۆی عەرەبەکان لەساڵی ١٩٦٧توشی نسکۆ دێ بۆیە موفتی دێتەسەرئەو باوەڕەی کەدەبێ چارەی کێشەکە لەڕێی ڕاگەیاندنی جیهادێکی چەکداربکرێ وبەخەباتی ئاشتی ولەڕێی ڕێکخراوو دەزگاناودەوڵەتیەکان ناتوانرێ هیچ بەدەست بێ ،موفتی بەم ئاواتەوەلەساڵی ١٩٧٤ سەردەنێتەوە..

٢-ئەحمد حلمي عبد الباقي (1882-1963)

باوکی خەڵکی ئەلبانیایە ئەفسەرێکی عوسمانی بووە، ئەم پیاوە لەلوبنان لەدایک بووە، وەک قەسسام جێگای متمانەی فەیسەڵی کوڕی شریف حسێن بووەو بەڕێوەبەرایەتی دارایی حکومەتی فەیسەڵی لە دیمەشق لەساڵی١٩١٩-١٩٢٠کردوە ،پاش هەرەس هێنانی شۆڕشی فەیسەڵ وشەهید بوونی یوسف عەزمە وئاوارەبوونی قەسسام ،ئەم پیاوەش ئاوارەبووە وجۆتەوەحجاز شەریف حسێن چەندین پۆستی پێ سپاردوون،لەساڵی ١٩٢٦لەسەرداوای موفتی قودس ئەمین حوسێنی بانگکراوەو کراوەتە بەرپرسی ئەوقافی فەلەستین.

تاکوساڵی ١٩٣٦چەندین چالاکی نواندووەو خزمەتی فەلەستینی کردوە،دوای شەهیدبوونی قەسسام ، لەساڵی ١٩٣٧-١٩٣٨بەریتانیەکان ئەم پیاوەیان دوور خسنۆتەوە بۆدوورگەی سیشل لە هندستان، لە ساڵی ١٩٣٨ تاکو ١٩٤٨بەفەرمانی مەلیک عبداللە ی باوکی مەلک حسێنی ئوردن لەقودس ماوەتەوە بۆ پاراستنی قودس ، وەلەوماوەدا چالاکیەکی زۆری کردوە، لەساڵی١٩٤٥وە نوێنەری فەلەستین بووە لەکۆمکاری عەرەبیدا تاکو١٩٦٣ ،دوای کەوتنی عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٤٨یش هەرلەقودس ماوەتەوەو بەرگەی هەموو سوکایەتی وئازارێکی جولەکەکانی گرتووە وپشتیوانێکی بوێری موفتی قودس حاجی ئەمین حسێنی بووە..

٣-أحمد أسعد الشقيري (1908 - 26 فبراير 1980)

باوکی موفتی سوپای عوسمانیەکان وبە ڕەچەڵەک لوبنانیە دایکیشی تورکیە.

ئەم پیاوە خوێندنی یاسای تەواوکردوەو کاتێ عزالدین قسسام ڕێکخراوی لاوانی مسوڵمانی دامەزراندلە١٩٢٦ ئەم پیاوە وەک لەدانپێدانانەکانی خۆی نوسیویەتی ئەندام بووەو بەشداری کارای هەبووە.

کەواتە شقیری قوتابی قەسسامە.

وەلەشۆڕشی گەورەی فەلەستین کەقەسامیەکان دوای شەهیدبوونی شێخەکەیان کردیان لە١٩٣٦-١٩٣٩بەشداریەکی کارای هەبووە

لەساڵی ١٩٤٠-١٩٤٨خەریکی کاری ڕاگەیاندن ورۆژنامەنوسی بووە لەفەلەستین و ڕووماڵی چالاکی ڕزگاری خوازی ئیخوانی لەفەلەستین کردووەوپەیوەندی بە ئیمام بەنناوە هەبووە.

دوای نەکبەی١٩٤٨ چونکە بەرەچەڵەک سوری بووە چۆتەوە لەبەیروت وسوریابووەو لە نوێنەرایەتی سوریا لە یو ئێن کاری کردوە، دواتر لەسەردەمی عبدالناسرهاتۆتە قاهیرە وبۆتە جێگری ئەمینداری گشتی لە کۆمکاری عربی تاساڵی 1957

دواتر لەچوارچێوەی مل ملانێی نێوان سعودیە وعبدالناسرلەسەر ڕاکێشانی کەسایەتیە کاریگەرەکان سعودیە کە خەریکی ڕاکێشانی ئیخوانەکان بوو ،ئەمیشی کردە وەزیری کاروباری یو ئێن ونوێنەری سعودیە لە یوئێن تاساڵی١٩٦٢.

بەڵام دوای کۆچی دووایی ئەحمەد حیلمی ،لەسەرداوای حاجی ئەمین حوسێنی موفتی قودس و جمال عبدالناسر وەک وەفایەک بۆ ڕابردووی ئەم پیاوەلەخەباتی ڕزگاری فەلەستین هەرلەسەردەمی قەسسامەوە تائەوکاتە دەیکەنە نوێنەری فەلەستین لەکۆمکاری عربی لە١٩٦٣-١٩٦٤ ودواتریش کە ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین الفتح دادەمەزرێ دەیکەنە یەکەم سەرۆکی ئەوڕێکخراوەلەساڵی ١٩٦٤ تاخۆی لەدوای نسکۆی عەرەب لەساڵی١٩٦٧ دەست لەکاردەکێشێتەوەو خۆی یەکلادەکاتەوە بۆ نوسین تاساڵی١٩٨٠کۆچی دوایی دەکا.

ڕێکراوی فەتح دوای شقێری لەسەردەمی محمد ڕەئوف کەبەیاسر عرفات ناسراوە١٩٢٩-٢٠٠٤ بەرەو عەلمانیەت ڕۆیشت ،وە داوای دەوڵەتێکی دیموکراتی بۆفەلەستین لە١٩٧٤بەرزکردەوە، ئەم ڕێکخراوە تاپێک هاتنی سادات وئیسرائیل لە میسربوو پاشان هاتە لوبنان تاشەڕی ناوخۆو هێرشی جولەکە لەسەرەتای هەشتاکان، پاشان چوەتونس ،دواتر لەدوای شەڕی ١٩٩١و ڕێککەوتنی فەتح وجولەکە هاتەوە ڕام اللە .

ئەم ڕێکخراوەلەساڵی١٩٨٨ دوودەوڵەتی ئیسرائیل وفەلەستینی لەسەرخاکی فەلەستین قبوڵ کرد، دوای بەعەلمانیکران وبەدیموکراتی کرانی کێشەی فەلەستین ،زۆر ڕەوتی دیکەی شۆڕشگێڕی چەپ ونەتەوەیی دەرکەوتن بەڵام هەموو هەر دروشمی گەورەوبێ نووەرۆک بوون، بۆیە پێویست بوو کە خەباتی گەلی فەلەستین وکێشەی قودس دوبارە بگێڕدرێتەوە باوەشی جیهاد وخەباتی چەکداری ولەسەر ڕەوتی قەسسام وحاج ئەمین حوسێنی وسەرەتاکانی فەتح بەڕێوەبچێ ورەوتێکی دینی بێ، ئەم کارەش لەسەردەستی شێخ ئەحمەدیاسین کرا کە بزوتنەوەی بەرەنگاری ئیسلامی حماس ی لەساڵی١٩٨٦دامەزراند کەلەبەشی داهاتوو باسی دەکەین....

مێژووی دەوڵەتی عیبری لەنێوان چەپەکان وڕاستڕەوەکاندا:

ناتانیاهۆ پاڵەوانی چل ساڵی دووەمی دەوڵەتی جولەکە:

ئەم قەوارە لەساڵی 1948. دامەزراوە، تائێستا١٢ سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتیان کردوە پێنجیان لە دوو کابینە دا هاتون بەڵام بەسەریەکەوەنا، نەتەنیاهۆنەبێ کە زیادلە سێ چوارکابینە بەردەوام بوو، لەساڵی ١٩٩٦-١٩٩٩دا سەرۆک وەزیران بوو، وەلە٢٠٠٩-٢٠٢١یش واتە ماوەی پازدەساڵ سەرۆک وەزیران بوو لەکۆی ٧٣ساڵ تەمەنی دەوڵەتی جولەکە، پازدەیان هی نەتەنیاهۆو ٥٨ساڵی ماوە بۆ یازدە سەرۆکی تر.

کنیست ٤٢ رۆژدەداتە بەربژێرتا حکومەتەکەی پێک بێنێ،

حزبە سەرەکیەکانی ئیسرائیل کە کابینەیان پێک هێناوە ئەمانەن:

١-پارتی مای/معراخ/پارتی کار حەوت جار کابینەی پێک هێناوە، پێنج سەرۆکی یەکەمی دەوڵەتەکە لەساڵی١٩٤٨-١٩٧٧لەم حزبە بوون.

٢-حزبی لیکودشەش جارکابینەی پێک هێناوە چواریان نەتەنیاهۆ بووە ئەم حزبە ٢٨ساڵ حوکمڕانی دەوڵەتی عبری کردوە،هەندێ جار لەچوارچێوەی حکومەتی نیشتمانی لەگەڵ پارتی کارو وپارتەکانی دیکە. یەکەمجارلەساڵی١٩٧٧-١٩٨٤دوو کابینە وەلەساڵی١٩٩٦-١٩٩٩ ولەساڵی٢٠٠٩-٢٠٢١

٣-پارتی کادیما دووجار

سەرۆکەکانی دەوڵەتی عیبری:

1-: دافید=داود- کوڕی گوریون

דָּוִד בֶּן-גּוּרְיוֹן

(1886–1973)پارتی مای =کار

لەساڵی 1948 تاکو ساڵی 1953 .

سەرۆک وەزیران بوو، حایم وایزمن سەرۆ کۆماربوو .

2- موشیه شاریت١٩٥٣-١٩٥٥

מֹשֶׁה שָׁרֵת

(1965–1894)

پاش ئەو دووبارە داودگۆریۆن هاتەوەوتاساڵی ١٩٦٣ سەرۆک وەزیران بوو.

کەلەوساڵە دا لە پارتی مابای جیابۆوەوپارتێکی بەناوی رافی دامەزراند.

3-ليفي أشكول(1895–1969)

لەساڵی١٩٦٣-١٩٦٩ سەرۆک وەزیران بوو .

4-جولدا مائير(1898–1978)

یەکەم ژن بوو کە بوەسەرۆک وەزیرانی جولەکە لەساڵی١٩٦٩-١٩٧٤ دوای شەڕی عەرەب وئیسرائیل دەستی لەکارکێشایەوە.

5-إسحاق رابين(1922–1995)

لە ماوەی١٩٧٤-١٩٧٧ دا سەرۆک وەزیران بوو، ئەمانە هەموو پارتی کاربوون بەچەندناوی جیاجیاووماوەی ٣٠ساڵی سەرەتا١٩٤٨-١٩٧٨ چەپەکان سەرکێشی دەوڵەتی عبری بوون.

لەوماوەدا ئەم چەپانە هەرسێ جەنگی ١٩٤٨و١٩٦٦و١٩٧٣یان لەگەڵ عەرەبەکان کرد، لەدوویان سەرکەوتوو ولەکۆتاییداشکست خواردوو بوون ،هەرئەو تێشکانەش بووەهۆی هەڵکشانی لیکودی ڕاست ڕەو.

6- مناحم بيگن(1913–1992)

یەکەم سەرۆک وەزیرانی لیکود وڕاستڕەوەکان لە دەوڵەتی عیبری دا لەساڵی ١٩٧٧- ١٩٨٣

ئەم سەرۆک وەزیرانە لەبەستنی پێک هاتنی کامب دیفید لەگەڵ ئەنوەرسادات سەرکەوتووبوو لە پەرتکردنی عەرەبەکان.

بەڵام تێوەگلانی لەجەنگی چوارەمی جولەکە لەگەڵ عەرەب لەباشووری لوبنان بەتەواوی سەرکەوتوو نەبوو،ئەمەش بووەۆی دووبارە هاتنەوەپێشی پارتی کاروپاشەکشەی ڕاستڕەوەکان.

7-إسحاق شامیر(1915–2012)

ماوەی سەرۆکایەتی لیکۆدیەکانی دووەمی بیگن لە١٩٨٣-١٩٨٤تەواوکرد، پاشان لەهەڵبژاردن لیکود نەی توانی بیباتەوە بۆیە لەگەڵ کارحکومەتی نیشتمانیان پێک هێنا.

8-شمعون بیریز(1923–2016)

لەساڵی١٩٨٤-١٩٨٦لەسەرلیستی پارتی کار سەرۆک وەزیران بوو، پاش ئەو ئیسحاق شامیرلە١٩٨٦-١٩٨٨لەسەر لیکود سەرۆک وەزیران بوو.

هەڵبژاردنی ساڵی١٩٨٨دوبارە پێویستی کرد هاوپەیمانی بێ بۆیەلەساڵی١٩٨٨-١٩٩٠شامیری لیکودی بوو، وەلە١٩٩٠-١٩٩٢بڕیاربوو کە شمعون پێرێزی کاربێ بەڵام ساڵی دوای بۆشامێر جێ هێشت.

لەساڵی ١٩٩٢-١٩٩٥ئیسحاق ڕابینی پارتی کاربوو کەلەوساڵە بەدەستی توندڕەوێکی جوکوژراو پێرێس ساڵی ١٩٩٥-١٩٩٦ی پارتی کاری تەواوکرد، لەوساڵە لەهەڵبژاردنەکان کەپێشبینیەکان هەموو لەگەڵ سەرکەوتنی پێرێس و پارتی کاروچەپەکان بوون ،بەڵام بنیامین نتنیاهۆو لیکود سەرکەوت.

(9) -بنیامین نتانیاهو: بەپشتیوانی پارتە دینیەکان لیکودلە١٩٩٦-١٩٩٩دا سەرکێش بووبەڵام شکستی هێناو هەڵبژاردنی پێش وەختە لەساڵی١٩٩٩دا کراویەهودباراک لەپارتی کار بردیەوە.

10-إيهود باراك:

له١٩٩٩-٢٠٠١ سەرۆک وەزیران بوو بەهۆی خۆپیشاندانەکانی قودس دەستی لەکارکێشایەوەو ئاریەل شارۆنی لیکودی حکومەتی پێک هێنا.

11- ئارئيل شارون(1928–2014)

لەساڵی٢٠٠١-٢٠٠٣ حکومەتی نیشتمانی هاوپەیمانی بووچونکە لیکود کەمینەبوو،لەساڵی٢٠٠٣ لیکود زۆرینەی هێناوسەرەتاحکومەت لیکۆدی بوو بەڵام بەهۆی ناکۆکیەکانی ناوپارتەکە شارۆن پارتی کادیمای دروست کردوهەرلەسەرۆک وەزیرانی مایەوەتالە ٢٠٠٦ بە جەڵدەی دەماغ لادرا.

12-إيهود أولمرت:

دوای جەڵدەی شارۆن بۆە سەرۆکی کادیما

(1945–) لەساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٨دا سەرۆک بوو بەڵام بەهۆی گەندەڵی لێکەوت، هەروەهالەشەڕی باشوری لوبنان لە٢٠٠٦وشەڕی غەزەی٢٠٠٨یش سەرکەوتوو نەبوو.

سیڤی لیڤنی جیگری ئۆلمەرت نەیتوانی حکومەتی هاوپەیمان دروست کا،لەساڵی٢٠٠٩ هەڵبژاردن کراوپارتی کادیماسەرکەوت.

١٣- دوبارە بنيامين نتانياهوبۆ ماوەی١٣ساڵ:

بەڵام بنیامین نەتەنیاهۆی لیکود بوە سەرۆک وەزیران لە٢٠٠٩-٢٠٢١

بۆماوەی ١٣ساڵ.چونکەلە ٢٠١٣ لیکود هاوپەیمانی ئیسرائیل ماڵمانەی پێک هێناونەتەنیاهۆ بۆجاری سێیەم بوەوە سەرۆک وەزیران.

سەرۆکایەتی نەتنیاهۆ١٥ ساڵی خایاند.ولیکود زیاترلە ٢٨ساڵ .

جەنگی ٢٠٢١ ڕۆکێتەکانی حەماس یەکێک لەهەرە بەهێزترین سەرۆک وەزیرانەکانی خستەخوارلەکورسی وبەهێزترین حزبی ڕاستڕەوی دەوڵەتی عبری پەراوێزکردو دەوڵەتی عبری ناچاری هاوپەیمانێتی دووحزبی تازەدەرکەوتوی سەربەڕەوتی چەپ ودووکەسایەتی تازە کرد کە یەکەمیان لە٢٠٢١تا٢٠٢٣سەرۆک وەزیران بێ ودووەم لە٢٠٢٣-٢٠٢٥سەرۆک وەزیران بێ کە ئەوانیش :

١٤- نفتالي بينيت :

لەساڵی ١٩٧٢لەحەیفالەدایک بووەودایکوباوکی خەڵکی کالیفۆرنیای ئەمریکان.

١٥-يائير لبيد

،سەرۆکی ١٥ دەبێ ولە٢٠٢٣-٢٠٢٥ەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل دەبێ،

ئەولەساڵی١٩٦٣لەتەلئەبیب لەدایک بووە و نوسەرو ئەکتەرە، باوکی ڕۆژنامەنوس ودایکی ڕۆماننوسە، ئەم دووکەسایەتیەهەردووکیان دووکەسی سەربە ڕەوتی ناوەڕاستی عەلمانی ئەژماردەکرێن...

بەڵام ئەم دووانە یەکەمیان بینیت لە حوزەیرانی ٢٠٢٢ دەست لەکاردەکێشێتەوەو

-يائير لبيدی وەزیری دەرەوە دەبێتە سەرۆک ،کەچی ئەویش ساڵەکە تەواوناکاولە مانگی ١٢ی٢٠٢٢ نەتانیاهۆ وەک پاڵەوان دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆک وەزیران، دوای گەڕانەوەی نەتەنیاهۆ بڕیاری داوەکە بەهەرنرخێک بێ تۆڵە لەحەماس وغەززە بکاتەوە کە ئەوان بوونە هۆی لەکارلادرانی ،بۆیە ئەم جەنگەی ئێستا جەنگی تۆڵەیە، وەئەم جەنگە واشی کردووە کە هەندێ لەنەیارەکانی بێنە ناوحکومەتەکەی نەتانیاهۆ ،بەم هاتنە ی ئەوانیش بەرەی ئۆپۆزسیۆنی دژبە نەتەنیاهۆ لاوازدەبێ.

هەروەها نەتانیاهۆ کێشەیەکی وەها گەورەی وروژاندوە کە هیچ پارت وهاوپەیمانیە کی ئۆپۆزسیۆن وابە ئاسانی خۆی لە چونە ژێرباری حکومەتێکی واقەیراناوی نادا...

جەنگەکانی نێوان وڵاتانی عەرەب وقەوارەی زایۆنی:

ڕووبەڕووبوونەوەکانی حەماس وجولەکە:

بەراوردی نێوان حەماس و ڕێکراوو دەوڵەتە عەلمانیەکانی عەرەب بەداتاو ژمارە..

جەنگەکانی نێوان وڵاتانی عەرەب وقەوارەی زایۆنی:

لەساڵی١٩٤٨-١٩٨٥ وڕووبەڕو بوونەوەکانی حەماس وجولەکە لە١٩٧٨-٢٠٢٣ دا.

—

جەنگەکانی نێوان وڵاتانی عەرەب وقەوارەی زایۆنی:

لەساڵی١٩٤٨-١٩٨٥ دا:

1– جەنگی 1948:لە 15 مایو/ أیار 1948 تاکو مانگی ٢٤ ی شوباتی 1949 کەیەکەم ڕۆژی دانوستانی عەرەب وجولەکە بوو ،واتە نزیکەی نۆ مانگی خایاند ولە ڕۆژی ١١--٢-١٩٤٩کەڕۆژی لەدایک بوونی مەلیک فاروق وڕۆژی شەهیدکرانی حەسەن بەننابوو ڕۆژی کۆتای جەنگی یەکەمی عەرەب وجولەکەش بوو.

لەم جەنگە هەریەک لەمصر وسوریا وئوردن ولبنان وعیراق بەشداربوون

لەم جەنگە ٩٥٠/٠٠٠فەلەستینی ئاوارەبوون بۆکەرتی خۆرئاواوغەزەو وڵاتانی تری عەرەبی کەلەوکاتەدا ژمارەی دانیشتوانی فەلەستین ملیۆنێک و٤٠٠هەزارکەس بوو واتە دوولەسەرسێی فەلەستین ئاوارەبوو.

قوربانیەکانی ئەم شەڕە لەفەلەستینیەکان پازدەهەزار فەلەستینی شەهیدبوون ولەسوپای عەرەبەکان حەوت هەزارشەهیدبوون ولە جولەکەش 5600 کەس کوژران.

2 – جەنگی 1956 کەبەجەنگی کەناڵی سوێس یان دەستدرێژی سێقۆڵی ناسراوە دوای خۆماڵی کردنی سوێس لەلایەن جمال عبدالناسر ،جەنگەکە لە29 أکتوبر/تشرینی یەکەمی 1956دەستی پێکرد فەڕەنساوبەریتانیاوئیسرائیل هێرشیان کردەسەرمیسر وجەنگەکە لەڕووی سەربازی لە حەوتی یازدەی هەمان ساڵ کۆتایی هات، واتە دەرۆژی کێشا .

زیانەکانی میسرلەم جەنگە هەزارشەهیدی سڤیل و1650 سەربازی میسر و ودیلکرانی 5500 کەس بوو.

بەریتانیەکان .22 کەسیان لێ کوژراو97کەس برینداربوو لێیان ،لەفەرەنسیەکان 10 کوژراوو و33 برینداربوون، لەجولەکە 172کوژراووو817 برینداربوون.

3 – جەنگی شەش ڕۆژەی نسکۆ 1967:

کەبەجەنگی نەکسەو نسکۆ ناسراو بەجەنگی شەش ڕۆژەکەش ناسراوە لە -10 یونیو/ حزیران 1967کێشای لەم شەش ڕۆژە جولەکە جۆلان وغەزەوسیناو قودسی ڕۆژهەڵات کەرتی خۆرئاوای گرت .

لەم جەنگە کە عیراق ومیسرو سوریاوئوردن بەشداربوون لە پێنج تادەی حوزەیرانی١٩٦٧ی کێشا ،زیانەکانی ئەم جەنگە 25,000 لەسوپای وڵاتە عەرەبیەکان شەهیدبوون ،800 جولەکەش کوژران وەئەم جەنگە بووەهۆی دووبارە ئاوارەبوونەوەی سڵدان هەزارفالەستینی لە ڕام الله وقودس وغەزەو شوێنەکانی دیکە، هۆی ئەم جەنگە هەواڵێکی هەواڵگری بوو کە گوایە جولەکەهێرش دەکاتە سەرسوریا عەرەبەکان ویستیان ڕیشیان بپارێزن بەڵام سمێڵیشیان لەسەردانا.

4 – جەنگی 1973 دەی ڕەمەزان :

جەنگی ڕۆژی شەممە شەشی ئۆکتۆبەر ولە دەی ڕەمەزانی پێ دەگوترێ.لە شەشی ئۆکتۆبەرتا بیست وچواری ئۆکتۆبەری خایاند واتە ١٩ڕۆژی خایاند

لەم جەنگە کەسوریاومیسر بەشداربوون سیناو جۆلان لەدەستی جولەکە دەرهێنران .

لەم جەنگە نۆهەزارلە عەرەبەکان شەهیدوبیست هەزاربریندارهەبوون ،لەجولەکەش سێ هەزارکوژراوونۆهەزاربریندارهەبوون.

5 – جەنگی 1982:جەنگی باشوری لوبنان :

جولەکە لە 6 حزیران1982 هێرشی کردە باشوری لوبنان بۆلێدانی ڕێکخراوی فەتح و بزوتنەوە کانی دیکەی فەلەستینی ولوبنان وسوریا ئەم جەنگە تاکو١٩٨٥بەردەوام بوو ، بەڵام جولەکەناساڵی ٢٠٠٠لەباشوری لوبنان نەکشایەوە.

لەم جەنگە بەیروت وێران بوو، 30,000 هاوڵاتی لوبنانی شەهیدو40,000 بریندراربوون ،ملیۆن ونیوێک ئاوارەبوون ،لەم جەنگە 675 سەربازی جولەکە کوژران.

ئەم جەنگە بەهۆی هەوڵێکی سەرنەکەوتوی بزاڤی فەتح بوو بۆ تیرۆرکردنی نوێنەری جولەکە لە ئەمریکا.

سفیرەکەیان تیرۆرنەکرابەڵام ئاوان بۆ هەژدەساڵ لوبنانیان تیرۆرکردو فەتحیشیان کردە ئاڵقەلەگوێی خۆیان.

کۆی کوژراوەکانی جولەکە لەم پێنج جەنگەدا

٥٦٠٠+١٧٢+٨٠٠+٦٧٥=٧٢٤٧کوژراو

—

چۆنێتی دامەزران وگرنگترین قۆناغ و وێستگەکانی بزوتنەوەی بەرەنگاری ئیسلامی /حركة المقاومة الإسلامية "حماس" وبەناوبانگترین کەسایەتیەکانی:

ئەم ڕەوتە هەمان ڕەوتی قەسام وحەسەن بەننایە لە١٩٤٨کەئەوکاتە ناویان نابوو "المرابطون على أرض الإسراء" يان حركة الكفاح الإسلامي" هەتاساڵی١٩٨٧ز

کەئەندامانی دامەزرێنەری ئەمانە بوون :

١-شەهید الشيخ أحمد ياسين(١٩٣٦-٢٠٠٤).

٢-شەهید عبد العزيز الرنتيسي.(١٩٤٧-٢٠٠٤)

٣-شەهید عیسى النشار.١٩٥٤-٢٠٠٦ز

٤-عبد الفتاح دخان.١٩٣٦-٢٠٢٣

٥-إبراهيم اليازوري.١٩٤١-٢٠٢١

٦-محمد شمعة.١٩٣٥-٢٠١١

٧-شەهید صلاح شحادة.(١٩٥٢-٢٠٠٢)

٨-خالد مشعل١٩٥٦-

وەزۆرێکی دیکەش..

پێناسەی زمانەوانی وهێمایی حەماس:

حماس بەعەرەبی واتە وروژان و خوێن گەرمی ،بەڵام

ئەم زاراوە کورتکراوەی جوڵانەوە= حرکە ح +بەرەنگاری =مقاومە /م+اسلامیە/اس بەلێکدانی ئەو پیتانە "ح+م+اس"دەبێتە حماس.

بزوتنەوەی حەماس لە ١٤-١٢-١٩٨٧دامەزراوە

لەدوای بەرپابوونی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٨٧کە پێویستی ڕۆژگاری ئەوکاتە ئەوەی دەخواست کە فەلەستینیەکان دوای چل ساڵ لە بێ شوانی وسەرگەردانی پێشەنگێکی چاونەترس وشارەزایان هەبێ.

پێش ئەوڕۆژە بەچوار ڕۆژ لە١١-١٢دا لە ماڵی نزار عوض الله لە گەڕەکی الصبرة لەباشوری غەزە سەرکردە وپێشەواکانی خۆپیشاندان وڕاپەڕینەکە کۆبوونەوە وباسی هۆکاروکاریگەری ڕاپەڕینەکەیان کرد، شێخ ئەحمەد یاسینی دامەزرێنەری حەماس و عبدالعزیز ڕەنتیسی و سەلاح شەحادە ومحمد شمعە وعبدالفتاح دخان وئیبراهیم الیازوری وعیسی النشار ئامادەی ئەودانیشتنە بوون ،

سێ ناو بۆ ناوی ئەم ڕەوتە لەو کۆبوونەوە تاوو توێ کران :

-لاوانی مسوڵمان کەهەمان ناوەکەی قەسسام بوو، -لەگەڵ کۆمەڵگای ئیسلامی .

-یان بزوتنەوەی ئیسلامی.

کاری لەپێشینەی حەماس لەوسەردەمەدا بەردەوام بوون وکاریگەری سەرهەڵدان وئینتیفازە بوو ،کە ئەوکارە کارێکی ڕۆژانەیێ ونەپچڕێتەوە لەهەردوو کەرتی ڕۆژئاواوغەززە.

هەرچەندە دامەزرانی حەماس وەک ڕەوت درەنگ هات ،دوای چل ساڵ لەدامەزرانی جولەکە، بەڵام ڕەگ وڕیشاڵی حەماس هەرلەشۆڕسی قەسسام و حوسەینی وبەننا وسەرەتاکانی فەتح تاساڵی ١٩٦٧ وچالاکیە جیهادیەکانی کەسایەتیە ئیسلامیەکانی ناوحەماس ودەرەوەی حەماسیش لەناوفەلەستین و ناوئاوارەکانی فەلەستین لەتاراوگەوئۆردوگاکان وچالاکی هەموو ڕەوتە ئیسلامیەکانی وڵاتان تریش لەپێناوی فەلەستین هەموو بە ڕەگ وڕیشاڵی بزوتنەوەی حەماس دادەنرێن..

حەماس هەرلەرۆژی دامەزرانیەوە ناسانامەیەکی گشتگیروفراوانی بۆخۆی داناکە دەیەوێ لەهەمووبوارەکانی سیاسی ودبلۆماسی وڕاگەیاندن ولایەنی جەماوەری بەرەنگاری داگیرکەری زایۆنی ستراتیژو تاکەبژاردەی بزوننەوەکەبێ وهەموو ڕێگایەکی دروست لەگەڵ ناوخۆونێودەوڵەتی بۆومەبەستە بگیرێتەبەر.

دامەزرێنەرانی حەماس بەرلەدامەزراندنی حەماس ودوای دامەزرانیشی زۆربیریان لەقۆناغی خۆئامادەکردنی حەماس بۆبەرەنگار بوونەوە لەگەڵ قەوارەیەک کردوە کە زۆربەی جیهان وهەموو جیهانی ئیمپریالیزم پشتگیری لێ دەکاو ڕووبەڕووبوو نەوەی هەرواکارێکی ئاسان نیە.

حەماس لە بەیاننامەیەکی ٣٦بڕگەیی لە ١٨-٨-١٩٨٨ئەوناسنامەی بۆخۆی داڕشتوە:

یەکەم -پرۆژاوکاری حەماس کە خۆ سەلماندنی جولانەوەکەی تێدادەبینی

ئینتیفازەوراپەرینی١٩٨٧-١٩٩٨بوو کەلەو ئینتیفازەدا کەحەماس پاڵاوانی سەرەکی بوو تیایدا ، واتای زاراوەی ئینتیفازە لەزمانی عەرەبی بە تەکاندن و ڕاوەشاندن وهەڵوەراندن وبڵاوبوو نەوەیەکی خێرادەگووترێ، کە بەبڵاوبوونەورووکردنی بەربڵاوی حاجیەکان لەڕۆژی عەرەفات دەگوترێ ئیفازە ، کەواتە ئەوزاراوەلەقورئانیش هاتووە.

یەکەم جار لە مێژووی خەباتی فەلەستین ئەو ووشە لە یەکەم بەیاننامەی حەماس دا ناوی هات کەلە یازدەی دوازدەی ١٩٨٧ دا دەرچوو کەتیایداهاتووە:

«جاءت انتفاضة شعبنا المرابط في الأرض المحتلة، رفضاً لكل الاحتلال وضغوطاته، ولتوقظ ضمائر اللاهثين وراء السّلام الهزيل، وراء المؤتمرات الدولية الفارغة».

واتە :ئەوە ڕاچەنین وئینتیفازەی گەلەکەمان دەستی پێکرد کەخۆی لەسەنگەری زەوی داگیرکراودا خەبات دەکاوهەمووجۆرێکی داگیرکردن ڕەت دەکاتەواو وئەم ئینتیفازە ولامێکە بۆبەئاگاهێنانەوەی ئەوانەی بەدوای ئاشتی سەرشۆڕکارانە وکۆنگرە نێو دەوڵەتیە بێ سودەکانەوە ڕادەکەن

چونکە لەدوای چل ساڵ تێپەڕین بەسەر داگیرکرانی فەلەستیندا ،وڵاتانی عەرەب خەریک بوو کێشەی فەلەستینیان بیردەچووەوە،ڕێکخراوی فەتح خەمی ئەوەبوو کە بەناوەندگیری میسر وابکا ئیسرائیل لێ گەڕێ کە عەرەفات بێتەوە قاهیرە ،خەمی فەتح ڕزگارکردنی فەلەستین نەمابوو،بەڵکو نان خواردن وخۆدەوڵەمندکردن بوو لەسەرحسابی فەلەستین.

وڵاتەعەرەبیەکانیش خەریک بوو دوای هەرەس هێنانی سۆڤیەت لاسایی میسریان دەکردەوەو ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ جولەکە ڕادەگەیاند،تەنانەت لەو کۆبوونەوەی سەرانی کۆمکاری عەرەبی کەلە مانگی یازدەی ١٩٨٧ واتە پێش دووهەفتە لە بەرپابوونی ئینتفازە بەستیان باسی کێشەی فەلەستین وەک کێشەیەکی سەرەکەی عەرەبی تێدانەکرا.

بەرپاکردنی (انتفاضة الحجارة)لەساڵی ١٩٨٧:

بۆیە حەماس بۆئەوەدامەزرا کەئەو خۆڕادەستکردنەی عەرەبەکان بە داگیرکاری جولەکە ڕاگرێ، تاکە هۆکاریشی لەوسەردەمەدا بەرپاکردن ودرێژەدان بەو ئینتیفازەبوو کەیەکەم ئینتیفازەی جەماوەری بوو لە مێژووی فەلەسینیەکان کەبە ئینتفازەی حجارە وبەردهاویشتن ناسراوە، بەڵێ حەماس کەلەجەبالیاوەلەکەرتی غەزە ئەم ڕاپەڕینەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧دا دەست پێکرد و وەک ئاگرت لەپوش بەردابێ هەرزوو هەموو فەلەستینی گرتەوە.

سەرەتا قەوارەی زایۆنی وای دەزانی کەفەتح لەپشت ئەو ڕاپەڕینەیە ،بۆیە لە ساڵی١٩٨٨ئەبوجهادی سەرۆکی باڵی سەربازی فەتحی لەتونس تیرۆرکرد ،ئەبوجهاد خلیل الوزیر١٩٣٥-١٩٨٨کە هەرلەساڵی١٩٥٢ئیخوان بوو، وەپێش دامەزرانی فەتح لەساڵی١٩٥٥کاری

فیدائی دژی جولەکەکان ئەنجام دابوو ،وەلەکاتی دامەزرانی فەتحیش دەستی باڵای هەبوو .بەڵام بەردەوام بوون وپەرەسەندنی ڕاپەڕینی بەردهاویشتن تاکو ١٩٩٤ ورێککەوتنی فەتح لەگەڵ جولەکە دەرکەوت کە فەتح لە پشت بەرپابوونی ئەم ڕاپەڕینەوە نەبوون.

بەرپرسانی ئەمنی جولەکە سەرەتازۆربە کەم سەیری ئینتیفازەیان دەکرد، دواتر کەزانیان ڕوداوێکی نائاسایەو بۆتە دیاردەیەکی ڕۆژانە ودەبێ دژی بووەستن دەستیان بە پیلان دانان کردبۆ ڕووبەڕووبوونەوەی.

بەغازی فرمێسک ڕێژو لێدان ووپێدادان قەدەغەی هاتووچۆ و داخستنی دەوام و وبازگەدانان لەبرِستی ڕاپەڕین نەهاتن، بۆیە لە مانگی ٧-٩/١٩٨٨ خەڵکێکی زۆریان لەسەرانی ڕاپەڕینەکە گرت کە ١٢٠کەس دەبوون لەناویان جەمیل تەمیمی سەرکردەی مەیدانی حەماس .

وەکەزانیان هێشتا ئەم ڕاپەڕینە ناوەستێ جولەکەکان لەمانگی ٥-١٩٨٩ ئەحمەد یاسینیان گرت و وایان زانی ئیتر تەواو حەماسیان لەناوبردووە، کەچی لەوکاتەوە موسی ئەبو مەرزوق ڕیزەکانی حەماسی ڕێک خستەوەوباڵی مەکتەبی سیاسی بۆ حەماس سەرکردایەتی ڕەوتەکەی دەکرد.

لەم ڕاپەڕینە بەپێی سەرچاوە فەرمیەکان

١٥٥٥فەلەستینی شەهید بوون کەلەناویاندا ٢٤١ منداڵ شەهیدبوون ،

و١٠٠/٠٠٠سەدهەزاریش بریندار بوون کە لەسەداچلی برینداەکان بوونە خاوەن پێداویستی تایبەت وزۆریان ئیفلیج بوون ،وە لە ١٩٨٧-١٩٩٤ژمارەی گیراوودیلەکانی فەلەستین لەگرتوخانەکانی جولەکە گەیشتە ٢٠٠هەزارکەس وسەدان لەودیلانەش شەهیدبوون یان بوونە خاوەن پێداویستی تایبەت .

جولەکەکانیش ١٧٠کەسیان لێ کوژرا.

وەلەوماوەدا جولەکەکان ١٢٢٨خانوی فەلەستینیەکانیان ڕوخاند و٣٦٨خانوشیان دەست بەسەرداگرت وسەدوچل هەزار درەختیان لە کێڵگەوباخەکانی فەلەستینیەکان هەڵکێشا. .

وەلەوماوەداهەزاربەکرێگیراوی جولەکەش کوژران بەتۆمەتی هاوکاری لەگەڵ جولەکە.

جولەکەکان ویستیان هەم ئینیفازە بکەنە خەلاتێک بەبەرۆکی دەسەلاتی فەلەستینی وفەتح بۆیەلە

13 سبتمبر/أيلول 1993 ڕێككەوتننامەی ئۆسلۆیان لەگەڵ مۆركرد ولەساڵی ١٩٩٤ دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیان پێدا .

لە مانگی نۆی ١٩٩٥ ئۆسلۆی دوو مۆركراو ئەنجومەنی دەسەڵاتی فەلەستینی پێک هات ولە ١/٢٠/ ١٩٩٦ دا یەكەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی فەلەستین بەڕێوەچوو ،كە حەماس تیایدابەشدارنەبوو چونكە ئەم هەڵبژاردنە تەنیابۆولایەنەبوو كە ئۆسلۆی مۆركردووەودان بەشەرعیەتی بوونی ئیسرائیل دادەنێ.

دوای هەشت ساڵ لەوهەڵبژاردنە ئەوجارجولەكەكان لەساڵی٢٠٠٤ بەشێک لەدەسەڵاتەكانی ڕۆشنبیری وفێركردن وتەندروستی وكۆمالآیەتی وباج وگەشتوگوزاریان دایەدەسەڵاتی فەلەستینی.

لەدوای دامەزرانی مەكتەبی سیاسی ،حەماس گرانی ومەڵبەندی چالاكیەكانی گواستەوەبۆ وڵاتی ئوردن .

دامەزرانی كەتیبەكانی قەسسام و شەهیدكرانی عیاش.

باڵی موجاهیدەكانی حاماس هەرلە پێش ڕاگەیاندنی حەماس بوونی هەبوو، وەچەند جەربەزەییەكیشی ئەنجام دابوو، بەڵام ئەم باڵە لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩١دا بەفەرمی ناوی خۆیان كردە كەتیبەكانی شەهید عزالدین قسام كەسەلاح شحادە ئەم باڵەی دامەزراند.

یەكەم ئۆپراسیۆنی قەسام لە كۆتایی مانگی یەكی ١٩٩٢ بوو.

هەرلەومانگە جولەكەكان زۆرێک لەسەرانی حەماسیان گرت وزۆریشیان دوورخستەوەبۆباشوری لوبنان.

حەماس بەهەمووشێوەیەک پێک هاتنی جولەكەوفەتحی ڕەتكردەوە هەرلەكۆنگرەی مەدریدتا پێک هاتنی ئۆسلۆی یەک ودوو بۆیەش بشداری یەكەم هەڵبژاردنی ساڵی١٩٩٦ی نەكرد.

بەهۆی پەرەسەندنی ئینتفازە لەبەردهاویشتنەوەبۆ مۆلۆتۆف و مینی خۆماڵی جولەكەكان بەدوای ئەوكەسەوەبوون كە ئەم مینانە دروست دەكا تالە كۆتایی مانگی یەكی ١٩٩٦دا یەحیا عەیاشی بەرپرسی ئەو مینانەیان شەهید كرد.

بەم هۆیەوە حەماس زنجیرەیەک تەقاندنەوە ی لەهەمووشارەكانی قەوارەی جولەكە لەئازاری١٩٩٦ ئەنجام دان.

جولەکە دەسەڵاتی فەلەستینی ڕاسپارد کە گورزلەحەماس بوەشێنێ ،فەتح گرتوخانەکانی لەحەماس پڕکردوهەموو دامەزراوەوڕێکخراوەکانی سەربەحەماسی داخست.

لەوماوەدا مۆساد لە ٢٥- ٩ -١٩٩٧دالەئوردن هەوڵی دا خالد مشعل تیرۆربکا بەڵام سەری نەگرت وئەوانەی هێرشەکەیان کردبوولەلایەن حەماسەوەگیران.

حەماس ئەم گیراوانەی بۆ بەردانی شێخ ئەحمەدیاسین بەکارهێنا ،بەم شێوە ئەحمەدیاسین دوای هەشت ساڵ لە زیندان ئازادکرا وگەڕایەوە مەرج الزهور لەباشوری لوبنان.

بەڵام ئەمجارە ئوردن لەژێرفشاری جولەکەهەموو نوسینگەکانی حەماسی داخست،بۆیە حەماس بنکەوبارەگاکانی گواستەوە بۆ سوریا

لەساڵی١٩٩٩داوتاکو٢٠١١بارەگای مەکتەبی سیاسی لەسوریابوو کەلەوساڵەبەهۆی هەڵگیرسانی بەهاری عەرەبی لەسوریا گوازرایەوە بۆ دەوحەی پایتەختی قەتەر.

بەرپابوونی ئینتیفازەی دووەم کەبەڕاپەڕینی ئەقسا ناسراوە لەساڵی ٢٠٠٠ز

لەمانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٠دا ئینتفازەی دووەم بەناوی ئینتیفازەی ئەقسا هەڵگیرسا کاتێ ئاریەل شارۆن چووە ناو مزگەوتی ئەقسا ، ئەم جارە ئینتیفازەکە چەکداربوو ،حەماس زنجیرەیەک تەقاندنەوەی فیداکاری لە ناوئیسرائیل ئەنجامداولەو ڕاپەڕینە ٣٠٦٦فەلەستینی شەهید و١٠٣٣جولەکەش کوژران.

جولەکەش لەبەرامبەرئەوە سەلاح شحادەی سەرۆکی باڵی قەسامی لە٢٠٠٢ و ئەحمەد یاسینی لە مارسی٢٠٠٤تیرۆرکردن.

لەساڵی٢٠٠٥ حەماس بەشداری لەهەڵبژاردنی دووەمیش نەکرد کەتیایدا محمودعباس بووە سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین دوای مردنی عەرەفات.

بەشداری حەماس لەکاری سیاسی وهەڵبژاردنی سێیەم لە٢٠٠٦زدا.

بەڵام لە بەهاری ئەوساڵە لەقاهیرە فەتح وحماس دانوستانیان کرد ،حەماس بەشداری گەڕی سێیەمی هەڵبژاردنەکانی کردلە٢٥-١-٢٠٠٦ وتوانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێ ولەبەهاری ٢٠٠٦حکومەت بەسەرۆکایەتی ئیسماعیل هەنیە پێک بێنێ.

بەڵام کاتێ لە٢٥ی حوزەیران کەحەماس جلعادشالێتی بەدیل گرت وتوانی بەبەرامبەر هەزاروبیست وحەوت زیندانی کراوی فەلەستینی ئاڵوگۆڕی پێبکا ،بۆیە لەوکاتەوە جولەکە گەمارۆی هەمەلایەنەی خستەسەرغەززە کەتائێستاش بەردەوامە.

لە ٢٠٠٦ تائێستا کەرتی غەززە ڕووبەڕووی چەندین هێرشی ترسناک بۆتەوە لەو هێرشانە:

-هێرشی٢٠٠٦-٢٠٠٨-٢٠٠٩-٢٠١٤ وهێرشی ٢٠٢١ وهێرشی٢٠٢٣

لەهەموو ڕوویەکی سیاسی وئابوری و وسەربازی وئەمنی وکۆمەڵایەتی هەرێمی خۆسەری غەززە پێشکەوتنی بەرچاووخۆڕاگریەکی ئەفسانە ئامێزی لەهەموو بوارەکان نیشانی گەلی فەلەستین وجیهان داوە.

پیلان ودوژمنکاری زۆری لەلایەن ڕۆژئاواوعەرەبەکان وهەواڵگری زۆر وڵاتەوەلەدژکراوەو هەموویان شکستیان هێناوە.

ژیاننامەی بەناوبانگترین کەسایەتیکانی حەماس

١-شێخ ئەحمەد ئیسماعیل یاسین:

لەساڵی بەرپابوونی شۆڕشی فەلەستین لە (28 یونیو 1936 لە گوندی جورەی سەربە عسقلان لەدایک بووە، لە ساڵی١٩٤٨لەدوازدەساڵیدا بنەماڵەکەی ئاوارەی کەرتی غەزەبوون ،لەساڵی ١٩٥٢ بەهۆی هۆگری بەوەرزش توشی ڕوداوێک بووە بەهۆیەوە ئیفلیج بووە، لەقوتابخانەکانی فریاکەوتنی فەلەستین لەغەزە خوێندویەتی تابۆتە مامۆستای عەرەبی وپەروەردەی ئیسلامی ،لەوسەردەمە غەزەسەربە میسر بووە، شێخ هەرچاندە نزیک بووەلە ئیخوان بەدرێژایی ساڵانی پەنجاوشەستەکان هەرلەغەزە ماوەتەوەو تەنیا لەساڵی١٩٦٥بۆمانگێک دەست بەسەربووە، دیارە نەخۆشیەکەی شێخی لەزۆر ڕوداوپاراستووە ،عبدالناسر دژایەتی ئەو باڵەی ئیخوانی نەکردوە کەدژی ڕۆژئاواو ئیسرائیل بێ ،بۆیە شێخیش پارێزراوبووە .شێخ لەهەموو چالاکیەکانی دژبەجولەکە هەرلەڕۆژانی هێرشی سیانی بۆسەرمیسر لەساڵی١٩٥٦ بەچالاکی بەشداربووەو گوتاربێژێکی لێهاتووبووە.

لەساڵی١٩٦٧غەزەلەلایەن جولەکە داگیرکرا، شێخ گوتاربێژی مزگەوتی عەباسی وسەرۆکی کۆمەڵی ئیسلامی بووە لەغەزەو لەهەموو پیتاک ویارمەتی بنەماڵەی شەهیدوبریندارو بێسەروشوێنانی فەلەستین چالاک بووە

لەساڵی ١٩٨٧ بزافی حەماسی دامزراند.

لە١٨-٥-١٩٨٩ تاکو١-١٠-١٩٩٧ لەزیندانی جولەکەکاندابوو.

چەندین جارهەوڵی تیرۆرکردنی دراتالە یەکی سەفەری٢٢/١٤٢٥-٥-٢٠٠٤دوای نوێژی بەیانی لە گەڕەکی سەبرەی کەرتی غززە شەهیدکرا لەئۆپراسیۆنێکی تایبەتی کە ئاریال شارۆن ی سەرۆکی جولەکەڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکرد.

٢- ژیاننامەی شەهید عبدالعزیز ڕەنتیسی :

ڕەنتیسی لە پێش ١٩٤٨لەگوندی بینا لە دایک بووە، دوای دامەزرانی قەوارەی جولەکە بنەماڵەکەی ئاوارەی غەزەبوون، لەقوتابخانەکانی وەکالەی غەوسی پەنابەران خوێندویەتی لەساڵی١٩٦٥ئامادەیی تەواوکردووە کۆلێژی پزیشکی لە١٩٧٢لەئەسکەندەریە تەواوکردووەوماستەری لە پزیشکی منالان لە١٩٧٦هەرلەئەسکەندەریە تەواوکردوە.

هەرلەگەڵ شێخ یاسین لە ئیدارەدانی مجمعی ئیسلامی بووە وهیلالی سوری فەلەستینی دامەزراندووەلەغەززە.

لەزانکۆش وانەی گوتۆتەوە لەساڵی١٩٧٨.

لەگەڵ شێخ ئەندامی دامەزرێنەری حەماس بووە .

دواتردوورخراوەتەوە بۆ باشوری لوبنان ولەوێ گوتەبێژی دوورخراوەکان بووەلەساڵی١٩٩٢ وەلە١٩٩٣-١٩٩٧گیراوە ،زۆرجارهەوڵی تیرۆرکردنی دراوە ،دوای ئەحمەدیاسین بۆتەسەرۆکی حەماس وبەڵام لە١٧-٤-٢٠٠٤ دوای مانگێک لەتیرۆرکرانی شێخ ،ڕەنتیسیش تیرۆرکراوە.

دوای ڕەنتیسی خالد مشعل کەلە١٩٥٦لەڕام اللە لەدایک بووەولە١٩٦٧بنەماڵەکەی چۆتە کوێت ولەوێ بەشی فیزیای تاواوکردوە ولە ١٩٩٦-٢٠٠٤سەرۆکی م.س بوو، دواتربۆتە سەرۆکی حەماس

٣-ژیاننامەی شەهید صلاح شحادة دامەزرێنەری باڵی سەربازی قەسام: دامەزرێنەری قەسام لەساڵی١٩٥٢ لەئۆردوگای شاتی لە غەزە لەدایک بووە،پەیمانگای خزمەتی کۆمەڵایەتی لە شاری ئەسکەندەریە تەواوکردوە لەساڵی١٩٧٢،وەک لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی تاساڵی١٩٧٩لەشاری عریش کاری کردووەودواتر پشکنەری کاروباری کۆمەڵایەتی بووە.

لەساڵی١٩٨٤گیراوە تاساڵی١٩٨٦لەساڵی١٩٨٧لەدامەزرێنەرانی حەماس بوو،

لەساڵی ١٩٩١کەتیبەکانی قەسامی دامەزراند. لەساڵی١٩٩٨دوبارەگیرایەوە تاساڵی ٢٠٠٠.

لە٢٢-٧-٢٠٠٢خۆی و١٨کەس بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەی جولەکەشەهیدکران .

٤- ژیاننامەی شەهید ئیسماعیل حسن محمد ئەبوشەنەب:

لە یەکێک لەئۆردوگاکانی غەزەلەدایک بووە لەساڵی١٩٥٠بنەماڵەکەی لەعسقلانەوە ئاوارەبوون، لە قوتابخانەکانی پەنابەران خوێندویەتی ولەسەرەتایی بووەکەباوکی مردوە، پەیمانگای لە رام الله وئەندازیاری لە زانکۆی مەنسورەی میسر تەواوکردوە لە ١٩٧٥ لەساڵی ١٩٧٦کەگەڕاوەتەوە غەززە دەزگای جەمعیەی ئیسلامی دامەزراندوە وەک دەزگای مجمعی ئیسلامی شێخ احمد یاسین وڕەنتیسی ،لەم دوو دەزگایەوە حەماس دومەزراوە

ئەبوشنب لەساڵی ١٩٨٢لە کولورادی ئەمریکا ماستەری هێناوە.

لەدامەزرێنەرانی حەماس بوو لە١٩٨٧.

سەرۆکی سەندیکای ئەندازیارانی فەلەستین بوو تاگیرانی لە ١٩٨٩دا کەلە١٩٨٩-١٩٩٩لە زیندان دابووە.

لەئابی ٢٠٠٣دا جولەکە تیرۆری کردوە.

٥- ژیاننامەی شەهید محمود أبو هنود:

لەساڵی ١٩٦٧ لە کەرتی ڕۆژئاوالەدایک بووە

بەکالۆریۆسی لە شەریعەت لە زانکۆی قودس لە١٩٨٥هێناوە.بەرپرسی کەتیبەکانی حەماس بووە لەکەرتی رۆژئاواوچەندین چالاکی سەربازی ئەنجام داوە،ماوەیەک گیراوەلەگرتوخانەی نابلس ،بەڵام توانیویەتی هەڵبێ ،لە ٢٣-١١-٢٠٠١ شەهیدکراوە.

٦- ژیاننامەی شەهید عدنان الغول:

لەساڵی١٩٥٨لە ئۆرتوگای شاتی لەغەزە لەدایک بووە، ،پێش١٩٨٧ پەیوەندی بە یەحیاعیشەوەهەبوو، لەوانەبووکە کەتیبەکانی قسامیان دامەزراند ،جێگری عیاش وشارەزای تەقەمەنی بوو، پێش شەهیدبوونی لە٢٠٠١ دووکوڕی شەهید بوو و ماڵی ڕوخێنرا ،دواترلەساڵی ٢٠٠٢ خۆی وهاوڕێیەکی شەهیدکران.

٧- ژیاننامەی شەهید سعید صیام:

لەساڵی ١٩٥٩ لەئۆردوگای شاتی لەغەزە لەدایک بووە، ئەندامی دامەزرێنەری حەماس بوو لە١٩٨٧وەچەندجارزیندانی کراوە، لەساڵی٢٠٠٠ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حەماس وبەرپرسی کاروباری دەرەوەبوو،وەلە٢٠٠٦وەزیری ناوخۆی حکومەتەکەی هەنیەبوو، لە٢٠٠٨ ناوی لەناوئەو١٦کەسەبوو کەجولەکە دایانابوون کەتیرۆریان بکا ،لە مانگی یەکی ٢٠٠٩ خۆی وبراکە وشەش کەسی تر لەهێرشی جولەکەکان بۆسەرغەزە شەهیدکران.

٨- ژیاننامەی شەهید أحمد الجعبري:

لەساڵی١٩٦٠لەغەززەلەدایک بووە، سەرەتالەگەڵ فەتح بوو، لەکاتی زیندانی کرانی لەگەڵ شێخ ئەحمەدیاسین وڕەنتیسی لەناوەدەکان هۆگریان بوو، دوای بەربوونی لەزیندان لە ٢٠٠٠ بووە کەسی سێیەمی کەتیبەکانی قەسسام دوای شحادەو محمد زەیف ،دوای شەهیدبوونی شحادەوبریندارى زەیف لە لە٢٠٠٣ جعبری سەرۆکی کەتیبەکانی قەسسام بوو، بە ئەندازیاری ڕاگرتنی هێرشەکانی جولەکە لە٢٠٠٩ وپلاندانەری دیل کرانی شالیت دادەنرێ.

لە مانگی ١١-٢٠١٢ دوای گەڕانەوەی لەحەج بەهەفتەیەک لەغەزە شەهیدکرا.

٩- ژیاننامەی شەهید رائد صبحي احمد العطار:

لە١٩٧٤لەدایک بووە لە ڕەفەحی غەزە، لەدامەزرێنەرانی کەتیبەکانی قەسام بووە،لەساڵی١٩٩٤وەناوی لەلیستی کەسە مەترسیدارەکانی لای جولەکەبووە، سەرۆکی لیوای

ڕەفەح بوو لە ئابی ٢٠١٤ دالە ڕەفەح لەگەڵ دوو سەرکردەی تر کە محمد ئەبوشمالە ومحمد برهوم بوون شەهیدبوون.

١٠- ژیاننامەی شەهید عمادحسن إبراهیم عقل:

لە١٩٧١لە ئۆردوگای جەبالیای غەززە لەدایک بووە ،باوکی بانگدری مزگەوتی شەهیدان بوو ،لە١٩٨٨بە١٧ساڵی بۆساڵ ونیویک گیرا،بەڵام کەبەربوو هەرچالاک بوو ،بۆیە لە١٩٩٠گیرایەوە، هەرکە بەربوو لەگەڵ کەتیبەکانی قەسام دەیان چالاکی ئەنجام داوە،جولەکە بەبکوژی ١٤جولەکەی دەزانی بۆیە زۆرلەدوی بووتالە ١٩٩٣لەتەمەنی ٢٢ساڵی لەگەڵ هاوڕێیەکی شەهیدی کردن.

١١- ژیاننامەی شەهید یحیی عیاش:

لەساڵی ١٩٦٦لە کەرتی رۆژئاوالەدایک بووە، ئەندازیاری کارەبایی لەزانکۆی بیرزیت تەواوکردبوو، عیاش ئەندازیاری چەکسازی کەتیبەکانی قەسیام ،بوو ،هەرلەدامەزرانی کەتیبەکانەوە ئەفسانەی تۆقێنەری زایۆنیەکان بوو، لەساڵی١٩٩٦دا بەهۆی تەقاندنەوەی مۆبایلەکەی لەدوورەوە شەهیدکرا..

١٢- ژیاننامەی شەهیدی سەرکردە یحیی إبراهیم حسن السنوار:

لەساڵی ١٩٦٢لەدایک بووە، لەخان یونسی غەزە، بەڕەچەڵەک خەڵکی گوندێکی نزیک عەسقەلانە خوێندنی لەغەزەتەواوکردوە ودەرچووی بەشی عەرەبیە، لەساڵی١٩٨٥دەزگای ئاسایش وبانگەوازی دامەزراندووە، لەدامەزرێنەرانی حەماسە

لەساڵی١٩٨٧لەساڵی١٩٨٨گیراوچوارجار هەتاهەتایی بوو، لەساڵی ٢٠١١دوای ٢٣ساڵ لەسجن لەگەڵ گۆڕانەوەی جەلعات شالیت بەربوو، کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ،دوای بەربوونی لەتەمەنی ٥٠ساڵی ژنی هێناوە.

. یەحیا سینوار کێیە؟

سەرۆکی بزووتنەوەی خۆڕاگری ئیسلامی (حەماس) لە ساڵی 1962 لەدایک بووە، ئیسرائیل چەند جارێک دەستگیری کردووە و بە چوار سزای هەتاهەتایی سزای بەسەردا سەپاندووە، پێش ئەوە لە ساڵی 2011 بە ڕێککەوتنی ئاڵوگۆڕی زیندانییەکان ئازاد کراوە، لە ساڵی 2011 گەڕاوەتەوە بۆ

چالاکییەکانی سەرکردایەتیکردنی لیواکانی عیز الدین ئەلقەسام (باڵی سەربازی حەماس).لە ساڵی 2017 و ساڵی 2021 بە سەرۆکی بزووتنەوەکە لە کەرتی غەززە هەڵبژێردرا، لە ساڵی 2024دا وەک سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەکە هەڵبژێردرا دوای ئەوەی ئیسرائیل ئیسماعیل هەنییە سەرۆکی پێش خۆی تیرۆر کرد.ئیسرائیل بە تەلارسازی ئۆپەراسیۆنی لافاوی ئەقسا لە 7ی تشرینی یەکەمی 2023 دەزانێت کە زیانی مرۆیی و سەربازیی بەسەردا گەیاندووە و وێنەی دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکانی لە بەردەم جیهاندا هەژاندووە لە ئۆپەراسیۆنی "شمشێری ئاسن".لەدایکبوون و پەروەردەکردن...یەحیا ئیبراهیم حەسەن سینوار لە 7ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1962 لە کەمپی پەنابەرانی خان یونس لە باشووری کەرتی غەززە لەدایک بووە، دوای ئەوەی ئیسرائیل لە ساڵی 1948 داگیری کرد ناوەکەی بۆ "ئەشقەلۆن" (ئەشقەلۆن) گۆڕی.خوێندنی لە قوتابخانەی ناوەندی خان یونس بۆ کوڕان تەواوکردووە، دواتر پەیوەندی بە زانکۆی ئیسلامی غەززەوە کردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی خوێندنی عەرەبی تەواو کردووە.ناوبراو لە هەلومەرجێکی سەختدا گەورە بووە و لە تەمەنی منداڵیدا کاریگەری دووبارەی هێرش و هەراسانکردنی دانیشتوانی کەمپەکە لەلایەن داگیرکارییەکانی ئیسرائیلەوە بینیوە.لە 21ی تشرینی دووەمی 2011 هاوسەرگیری لەگەڵ سەمەر محەمەد ئەبو زەمار کردووە کە خەڵکی غەززەیە و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە بنەماکانی ئایین، خاوەنی یەک کوڕە بە ناوی ئیبراهیم.چالاکی سیاسی...یەحیا سینوار لە ماوەی خوێندنی زانکۆدا چالاکیەکی بەرچاوی خوێندکاری هەبووە، بەو پێیەی ئەندامێکی چالاکی بلۆکی ئیسلامی بووە کە لقی خوێندکاری ئیخوان موسلیمینە لە فەلەستین.وەک ئەمینداری گشتی کۆمیتەی تەکنیکی و پاشان لیژنەی وەرزشی لە ئەنجومەنی خوێندکاران لە زانکۆی ئیسلامی غەززە و وەک جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و پاشان سەرۆکی ئەنجومەن کاری کردووە.چالاکیی خوێندکاران یارمەتی دا بۆ بەدەستهێنانی ئەزموون و لێهاتوویی کە وای لێکرد ڕۆڵی سەرکردایەتی لە بزووتنەوەی حەماسدا بگرێتە ئەستۆ دوای دامەزراندنی لە ساڵی 1987، دامەزراند، لەگەڵ خالد هندی و ڕاوحی موشتەها.ئەرکی ئەم ڕێکخراوە دۆزینەوە و ڕاوەدوونانی بریکار و سیخوڕەکانی داگیرکەری ئیسرائیل بوو، جگە لە شوێنپێهەڵگرتنی ئەفسەرانی دەزگای هەواڵگری و ئەمنی ئیسرائیل ئەم ڕێکخراوە هەر زوو بوو بە یەکەم گەردیلە بۆ پەرەپێدانی سیستەمی ئاسایشی ناوخۆی بزووتنەوەی حەماس.دەستگیرکردن و ژیانی زیندان...یەحیا سینوار، بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1982 بەهۆی چالاکی خوێندکارییەوە دەستگیرکرا ئەوکاتە تەمەنی 20 ساڵ بوو بۆ ماوەی 4 مانگ، دوای هەفتەیەک لە ئازاد بوونی دەستگیرکرایەوە

بۆ ماوەی 6 ساڵ لە زینداندا مایەوە، ساڵی 1985 دیسان دەستگیرکرایەوە و سزای 8 مانگ بەسەردا سەپێندرا.لە ساڵی 1988، جارێکی تر دەستگیرکرایەوە و دادگایی کرا بە تۆمەتی سەرکردایەتیکردنی گروپێک بۆ ڕفاندن و کوشتنی دوو سەربازی ئیسرائیلی، هەروەها کوشتنی 4 فەلەستینی کە گومانیان لێدەکرا هاوکاری لەگەڵ ئیسرائیلدا بکەن، بەو هۆیەوە سزای بەسەردا سەپێندرا بە 426 ساڵ زیندانی.لە ماوەی دەستبەسەرکردنیدا، سەرکردایەتی دەستەی باڵای زیندانیانی حەماس لە زیندانەکاندا گرتە ئەستۆ، هەروەها بەشداری کرد لە بەڕێوەبردنی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەزگای زیندانەکان بە مانگرتن لە خواردن، لەوانە مانگرتنەکانی ساڵانی 1992، 1996، 2000 و 2004.لە نێوان چەند زیندانێکدا گواستراوەتەوە؛ لە نێویاندا مجدال، هەدەریم، سەبا و نەفحە 4 ساڵ لە ژووری تاکەکەسیدا بووە، لەو ماوەیەدا تووشی ئازاری گەدە بووە، لە کاتی گۆشەگیریدا دەستی کردووە بە ڕشانەوەی خوێن.دووجار هەوڵیدا لە زیندانەکەی خۆی هەڵبێت، یەکەمیان لەکاتێکدا لە زیندانی مەجدەل لە ئەشقەلۆن ڕاگیرابوو، دووەمیان لە زیندانی ڕەملەدا بوو، بەڵام هەوڵەکانی شکستی هێنا.لە زیندانی مەجدەل توانی بە بەکارهێنانی تەل و چەقۆیەکی بچووکی ئاسن کونێک لە دیواری ژوورەکەیدا بکات و کاتێک تەنها بەشی دەرەوەی دیوارەکە مابووەوە، دارما و هەوڵەکەی ئاشکرا بوو، بۆیە دەخرێتە زیندانی تاکەکەسی.نووسینەکان لە زیندان...یەحیا سینوار، لەماوەی زیندانییەکەی لە خوێندنەوە و فێربوون و نووسیندا بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا زمانی عیبری فێربووە، تێگەیشتووە لە عەقڵیەتی ئیسرائیل، بۆیە کۆمەڵێک کتێب و وەرگێڕانی لە بواری سیاسی و ئەمنی و ئەدەبیدا نووسیووە ودیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە:وەرگێڕانی کتێبی "شین گرەو لە نێوان پارچەکان" لە نووسینی کارمی گیلۆن کە کتێبێکە دەربارەی دەزگای ئاسایشی ناوخۆی ئیسرائیل.وەرگێڕانی کتێبی "پارتەکانی ئیسرائیل لە ساڵی 1992" باس لە پارتە سیاسییەکانی ئیسرائیل و بەرنامە و ئاراستەکانیان لەو ماوەیەدا دەکات.ڕۆمانێک بەناونیشانی "دڕکی مێخەک" لە ساڵی 2004 چاپکراوە و چیرۆکی خەباتی فەلەستین لە ساڵی 1967 دەگێڕێتەوە.کتێبی 'حەماس: تاقیکردنەوە و هەڵە' باس لە ئەزموونی بزووتنەوەی حەماس و پەرەسەندنی بە تێپەڕبوونی کات دەکات.چالاکی سیاسی و سەربازی دوای زیندان...یەحیا سینوار، لە ساڵی 2011 ئازاد کرا، یەکێک بوو لەو هەزار زیندانیانەی کە لە بەرامبەر سەربازێکی ئیسرائیلی گیلاد شەلیت ئازاد کران لە چوارچێوەی ئەو گرێبەستەی کە ناوی لێنرا "دڵسۆزی بۆ ئازادەکان".

دوای جێهێشتنی زیندان، سینوەر لە ساڵی 2012 لە کاتی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەکەدا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حەماس هەڵبژێردرا، هەروەها بەرپرسیارێتی باڵی سەربازیی لیواکانی عیز الدین ئەلقەسامی لە ئەستۆ گرت.ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە هەماهەنگی نێوان لایەنە سیاسی و سەربازییەکانی بزووتنەوەکە لە کاتی دەستدرێژیی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە لە ساڵی 2014.لە ساڵی 2015دا بزووتنەوەی حەماس ئەوی بە بەرپرسیار لە دۆسیەی زیندانیانی ئیسرائیلی دانا، و ڕاسپێردرا بۆ سەرکردایەتیکردنی دانوستانەکان سەبارەت بەوانە لەگەڵ داگیرکەری ئیسرائیل لە هەمان ساڵدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لیستی "تیرۆریستانی نێودەوڵەتی"دا پۆلێنی کرد و ئیسرائیل ناوی خستە لیستی ئەو کەسانەی کە داواکراون بۆ تەسفیەکردن لە کەرتی غەززە.لە 13ی شوباتی 2017، وەک سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەکە لە کەرتی غەززە هەڵبژێردرا، لە شوێنی ئیسماعیل هەنییە.لەم ماوەیەدا هەوڵیدا پەیوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەی حەماس لە غەززە و دەسەڵاتی فەلەستین بە سەرۆکایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی فەلەستین (فەتح) لە کەرتی ڕۆژئاوا چاک بکاتەوە، هەروەها کۆتایی بە دۆخی دابەشبوونی سیاسی لە خاکەکانی فەلەستین لە چوارچێوەی ئاشتەوایی نیشتمانیدا هێنا، بەڵام ئەم هەوڵانە بە شکست کۆتایی هات.کاری کردووە بۆ باشترکردنی پە یوە ندییە کانی لە گە ڵ میسر، کە لە 2017 وەک سە رکردایە تی ئە منی لە گە ڵ سە رکردە کانی هە واڵگری میسری لە قاهیرە کۆبووە تە وە ، هە روە ها ڕێککە وتن لە بارە ی ژیان و ئە منی و مرۆیی و بارودۆخی سنوورە کان کراوە .لە مانگی ئازاری 2021 بۆ دووەمین جار بۆ 4 ساڵی دیکە لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەکەدا بە سەرۆکی بزووتنەوەی حەماس لە غەززە هەڵبژێردرا.ماڵەکەی چەند جارێک بۆردومان کراوە، بەو پێیەی فڕۆکە داگیرکەرەکان لە ساڵی 2012 بۆردومانیان کرد و بە تەواوی لەناویان بردووە، لە کاتی دەستدرێژیکردنە سەر کەرتی غەززە لە ساڵی 2014 و دواتر لە کاتی هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل لە مانگی ئایاری 2021.سینوار، بە کەسایەتییەکی وریا وەسف دەکرێت کە زۆر قسە ناکات و بە دەگمەن لە بەردەم خەڵکدا دەردەکەوێت خاوەنی لێهاتوویی سەرکردایەتی بەرزە و کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ئەندامانی بزووتنەوەکە هەیە.یەحیا سینوار و لافاوەکەی ئەقسا...دوای ئۆپەراسیۆنی ئەقسا لە 7ی ئۆکتۆبەر، یەحیا سینوەر بووە داواکراوترین کەسی ئیسرائیل، جگە لە محمد الدیف، فەرماندەی گشتی لیواکانی عیز الدین ئەلقەسام.لەناوبردنی ئەوسەرکردەیەی حەماس بووە گرنگترین ئامانجی ستراتیژیی ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە، کە ناوی لێنا "شمشێری ئاسن"، چونکە بەرپرسانی ئیسرائیل بە داڕێژەری

هێرشەکەی 7ی ئۆکتۆبەری 2023ی دەزانن.لە 14ی تشرینی دووەمی 2023، حکومەتی بەریتانیا سزای بەسەر سەرکردەکانی بزووتنەوەی حەماسدا سەپاند، لەوانەش بلۆک کردنی سەروەت و سامان و قەدەغەکردنی هاتووچۆ، لەنێویاندا سنوەر.لە 30ی تشرینی دووەمی 2023 دەسەڵاتدارانی فەرەنسا بڕیارێکیان دەرکرد کە سەروەت و سامانی سینوەریان بۆ ماوەی شەش مانگ بلۆک بکەن.یەحیا سینوار، لە کاتی شەڕەدا لەبەردەم خەڵکدا دەرنەکەوت و ڕۆژنامەی هارێتز بڵاویکردەوە کە لە کاتی دەستبەسەرکردنیان لە غەززە چاوی بە هەندێک دیل ئیسرائیلی کەوتووە و بە زمانی عیبری تەواو پێی ڕاگەیاندوون کە ئەوان لە سەلامەترین شوێندان و بەر هیچ زیانێک ناکەون.لە 6ی کانونی یەکەمی ساڵی 2023، بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، هێزەکانی سوپای ئیسرائیل ماڵی سینواریان گەمارۆداوە، بەڵام نەتوانرا دەستگیربکرێت بەهۆی هەبوونی تونێلی ژێر زەوی لە وێوە ڕایکردووە.فەرمانی دەستگیرکردن...لە 20ی ئایاری 2024، کەریم خان، داواکاری گشتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان ڕایگەیاند، داواکارییەکی پێشکەش بە دادگا کردووە بۆ دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن لە دژی نەتانیاهۆ، وەزیری بەرگری ئیسرائیل، یۆئاڤ گالانت و لە لایەکی دیکەوە، یەحیا سینوار، دیف ، و هەنییە، بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی دوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری 2023.سامی ئەبو زوهری، سەرکردە لە بزووتنەوەی حەماس لە لێدوانێکدا لەسەر ئەم هەواڵە، بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە، بڕیاری دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی بۆ داوای دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن لە دژی 3 سەرکردەی بزووتنەوەی فەلەستین "قوربانی و جەلاد یەکسان دەکات".ئاماژەی بەوەشکردووە، بڕیارەکەی دادگا هانی ئیسرائیل دەدات بەردەوام بێت لە "جەنگی قڕکردن".ڕێبەری حەماس دوای هەنییە...دوای ئەوەی بزووتنەوەی حەماس لە 31ی گەلاوێژی 2024، ڕایگەیاند، ئیسرائیل بەرپرسی مەکتەبی سیاسی خۆی، ئیسماعیل هەنییە، لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە تارانی پایتەختی ئێران، بە بۆردومانکردنی ئەو شوقەیەی لەگەڵ هاوەڵەکانی تێیدا بووە، تیرۆر کردووە.هەنییە، بە سەرۆکایەتی شاندێکی بزووتنەوە بۆ بەشداریکردن لە ڕێورەسمەکانی دەستبەکاربوونی مەسعوود پێشەشیکیان، سەرۆک کۆماری ئێران لە تاران بوو.هەنییە لە دەوحەی پایتەختی قەتەر بەخاک سپێردرا، بزووتنەوەکە هەڵبژاردنی ناوخۆیی بۆ هەڵبژاردنی کەسێک بۆشوێنی هەنییە دەستپێکرد و ڕۆژی سێشەممە 6ی ئابی 2024 ڕایگەیاند، ئەنجومەنی شوراکەیان بە کۆی دەنگ یەحیا سینوەریان وەک سەرۆکی نوێی بزووتنەوەکە هەڵبژاردووە.

دوا هەواڵ کە سینوار لە ڕۆژی چوار شەممە ١٦- ١٠ -٢٠٢٤ پاش تەمەنێکی پڕلەخەبات وتێکۆشان ، لە ٦٣ساڵی تەمەنی پیرۆزی کە هێندەی تەمەنی خۆشەویستمان علیه السلام و ئەبوبەکرو عومەر وعلی بوو ، لەوتەمەنە کەمەدا کەلە هەشتاکانەوە تا ٢٠١١ز زۆربەی ژیانی لەزیندان دابوو ، ئەوەندەی ئازادیش بوو سەختترین زیندەگی ڕابوارد ، بەڵام هەمیشە ورەبەرز و دوژمن تۆقێن و دەروون بزوێن بوو ، هەرناوهێنانی مایەی بوژانەوەو ئۆقرە بەخش بوو ، دەبێ یەحیا هەمیشە بژی ونەمر بێ بۆئەوەی نەمریش بێ دەبێ بەشەهیدی ڕوحی باڵە فڕ بێ ، تاشایانی بەڵێنی قورئان بێ کە نەمرێ چونکە پەروەرێن لەقورئان بەڵێنی داوە کە هەرگیز بەشەهیدانی کوژراو لە پێناو الله مەڵێن مردوو چونکە ئەوان هەرگیز نامرن ، بۆ هەمیشە لەلایەن پەروەردگاریان ڕۆزی دەدرێن ، بەڵام ئێوە هەست بەونەمری وزیندو بونەی ئەوان ناکەن .

ئەوشەهیدانە مژدە بە ڕوحە شەیداکانی موجاهیدانی تریش دەدەن کە تامەزرۆی شەهید بوونن ، کە مژدەتان لێ بێ مەترسن ، خەمبار مەبن هەمیشە سەرفرازی وبەختەوەری بۆ ئێوەیە ..

فیردەوسی نەبڕاوە بۆ یەحیای شەهید وهەمیشە زیندوو ،سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی شارێگای مەشخەڵی ئیمان

١٣-ئەندازیاری باڵی م.س ی حەماس موسی محمد محمد أبو مرزوق:

لەساڵی١٩٥١لەدایک بووە لە رفحی غەزرە، دوای گیرانی سەرانی حەماس لە١٩٨٩ئەو حەماسی لە هەرەس ڕزگارکرد لەساڵی١٩٩٢سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بوو، هەندەسەی میکانیکی لە١٩٧٥لە میسرتەواوکردووەلەیالانی١٩٧٦-١٩٨١ئەندازیاری کۆمپانیابووە لە ئیمارات.

ماجستێری لە١٩٨٤لەئەمریکا هێناوە،

دکتۆراشی لە١٩٩٢لەئەمریکاهێناوەودامەزرێنەری زانکۆی غەزەیە، لەساڵی١٩٩٧-١٩٩٩ئەمریکاگرتی ودواترڕادەستی ئوردن کرایەوە،تاساڵی٢٠١٤هەرسەرۆکی مەکتەبی سیاسی حەماس بووکەلەوساڵە هەنیە جێی گرتاوەتا٢٠١٧

ئێستابەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەیە لە حەماسدا.

١٤- پوختەیەک لەژیانی شەهید سوپاسالاری بەتوانا محمد الضیف:

محمد الضيف/ محمددياب إبراهيم المصري "أبو خالد"لەساڵی١٩٦٥لەغەزە لەدایک بووە،هەرلەسەرەتای دروست بوونی حەماس ئەندامی کارابووە، لەساڵی١٩٨٨بەشی بایۆلۆژی تەواو کردوە،لەساڵی١٩٨٩گیراوەوئەم گرانە وای کردوە شیخ ئەحمەدیاسین لەنزیکەوە بناسێ، دواتربەربووەولەوکاتەوە دوای شحادە کەسی دووەمی کەتیبەکانی قەسام بووە، چەندین جاربریندارابووەو چەندین کەسی بنەماڵەکەی شەهید بوون، لەمێژە جولەکەهەوڵی تیرۆرکردنی دەدەن ،ئەندازیاری خۆڕاگری جەنگەکانی٢٠١٤ و٢٠٢١ وسەرکەوتنەکانی تۆفانی ئەقسای ٧-١٠-٢٠٢٣بووە.

پوختەیەک لەژیانی سوپاسالاری بەتوانای حەماس محمد الضيف کە ٣٠-١-٢٠٢٥ ئەبو عوبەیدە شەهید بونەکەی ڕاگەیاند :

سوپاسالاری بەتوانای حەماس محمد الضيف/ محمددياب إبراهيم المصري "أبو خالد"لەساڵی١٩٦٥لەغەزە لەدایک بووە،هەرلەسەرەتای دروست بوونی حەماس ئەندامی کارابووە، لەساڵی١٩٨٨بەشی بایۆلۆژی تەواو کردوە،لەساڵی١٩٨٩گیراوەوئەم گیرانە وای کردوە شیخ ئەحمەدیاسین لەنزیکەوە بناسێ، دواتربەربووەولەوکاتەوە دوای سەلاح شحادە١٩٥٢-٢٠٠٢ ز کەسی دووەمی کەتیبەکانی قەسام بووە، لەگەڵ شحادە لەساڵی ١٩٩١ باڵی قەسامیان دامەزراند ، دوای شەهید بوونی شحادە لە ساڵی ٢٠٠٢ سەرۆکی کەتیبەکانی قەسام بوو ، لەساڵی ٢٠٠٣ بریندارابوو ، سەرکردایەتی قسامی دایە شەهید ئەحمەد جەعبەری١٩٦٠-٢٠١٢ چەندین جاربریندارابووەو چەندین کەسی بنەماڵەکەی شەهید بوون، لەمێژە جولەکەهەوڵی تیرۆرکردنی دەدەن ،ئەندازیاری خۆڕاگری جەنگەکانی٢٠١٤ و٢٠٢١ وسەرکەوتنەکانی تۆفانی ئەقسای ٧-١٠-٢٠٢٣بووەو تاکو شەهید بوونی لەتۆفانی ئەقسادا کە پێدەچێ لە تەموزی ٢٠٢٣ شەهید بووبێ وڕاگەیاندنی شەهید بونەکەی لە ٣٠-١-٢٠٢٥ سەرۆکی کەتیبەکانی قەسام بوو.

شرق الاوست لە بارەی ژیانی محمدزەیف نوسیویەتی :

پیش جەنگ کەسانێکی زۆر کەم نەبێ کەس محمد الضيف ی نەدەناسی ، لەکۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ ئیسرائیل چوارەم وێنەی بۆ ناوبراو بڵاوکردەوە.

وێنەی یەکەمی زۆر کۆن بوو ،لەوکاتەی کە ناوبراو هەرزەکار بوو ، وێنەی دوەمیشی دەمامکی کردبوو بۆیە باش نەدەناسرا، وێنەی سێیەمیش وێنەی سێبەرەکەی بوو بەڵام وێنەی چوارەم لەشوێنێکی گشتی بوو تەنیا یەکلای ڕوخساری دەرکەوتبوو.

ئیسرائیل لەساڵی ١٩٩٦ز وە لەسەردەمی کە شمعون پێریز سەرۆک وەزیران بوو داوای لە عەرەفات کردبوو کە محمد زەیف بگرێ ، بەڵام عەرەفات گوتبووی نایناسم ، پێریز پێی وابوو کە عەرەفات ویستویەتی مجمد زەیف بشارێتەوە و

بەدرۆ دەڵێ نایناسم.

ڕۆژنامەکە نوسیویەتی ناوی ڕاستەقینەی

محمد دیاب إبراهيم المصري یە وبە، «الضيف» بەناوبانگ بووە لەساڵی1965 لەخێزانێکی فەلەستینی پەنابەر لەشارۆچکەی القبيبة،لەدایک بووە ، دواترلە خێوەتگەی پەنابەرانی خان یونس لەباشوری غزة نیشتەجێ بوون . لە خانەوادەیەکی زۆر هەژار پێ گەیشتووە ، ناچاربووە کە بەشێوەیەکی کاتی واز لەخوێندن بێنێ تا بژێوی خانەوادەکەی دابین کا وەلەگەڵ باوکی کاری کردوە لە پیشەی ڕستن وچنین وحەلاجی دا ،دواتر لەکێڵگەیەکی بچوکی پێگەیاندنی پەلەوەرکاری کردوە ، ماوەیەکیش شوفێری کردوە ، دواتر بۆتە داواکراوی ئیسرائیل.

هاوڕێکانی منالی گەڕەکەکەی دەڵێن ئەوکەسێکی هێمن و قسە خۆش و حەزی لە نوکتە و پێکەنین بووەو ڕوح سوک و دڵ ساف بووە ، وەکەمێکیش گۆشەگیربووە .

محمد ضیف لە کۆتایی ساڵی1987ز لەتەمەنی ٢٢ ساڵی دا هەرلەگەڵ لەدایک بوونی حەماس لەوساڵە ئەویش بۆتە حماس ئەویش لەڕێگەی هاوڕێیانی مزگەوت کە ناوبراو قورئانی لە مزگەوت خوێندوەو لە زانکۆی ئیسلامی غەزە کە ئیسلامیەکان تیایدا کارابوون لەساڵی

1988دا بکالوریوسی لە زانستەکان بەدەست هێناوە لەساڵی 1989 ئیسرائیل بۆ ماوەی 16 مانگ گرتویەتی وبێ دادگای لە گرتوخانە ڕاگیراوە بەتاوانی کارکردن لە ناو بزوتنەوەی حەماس ، هەردوای بەربوونی لەگەڵ برادەرانی دەستی کردوە بە دامەزراندنی قەسام ، وەلەماوەی نەوەدەکان دا لە دەیان نەبەردی دژی ئیسرائیلیەکان بەشداری کردوە .

لەساڵی 2002 ز دوای شەهیدبوونی سەلاح شحادە بۆتە سەرۆکی کەتیبەکانی قەسام ،
هەرلەوساڵەش ئەژنۆی پێکراوەوبریندارببووەو دکتۆر عبدالعزیز ڕەنتیسی چارەسەری کردوە .

پێنج شەم -30 ینایر 2025 ز. 30 رَجب 1446 ک

ئەبو عبیدة، گوتە بێژی «کەتیبەکانی القسام» باڵی سەربازی «حماس» ڕای گەیاند کەلەگەڵ شەهید بوونی سەرۆکی کەتیبەکانی قسام ، محمد الضیف و چەند سەرکردەیەکی تر کە ئەندامی ئەنجومەنی سربازی قەسام بوون

شەهید بوون ئەوانیش هەریەک لە:

-مروان عیسی،جێگری محمد الضیف وئەندامی ئەنجومەنی سەربازی قەسام .

- غازي أبو طماعة سەرۆکی بەشی چەک وجبەخانە وخزمەتگوزاریە جەنگیەکان وئەندامی ئەنجومەنی سەربازی قەسام

- رائد ثابت (سەرۆکی بەشی هێزی مرۆیی)،وئەندامی ئەنجومەنی سەربازی قەسام

- ورافع سلامة (سەرۆکی لیوای خان یونس)، - - - أحمد الغندور (سەرۆکی لیوای باکور)،

- أيمن نوفل (سەرۆکی لیوای ناوەڕاست).

شایانی باسە پێشتر قسام لە مانگی دەی ٢٠٢٣ شەهید بوونی أيمن نوفل (سەرۆکی لیوای ناوەڕاست).ڕاگەیاندبوو بەهێرشێکی فڕۆکەکانی زایۆنی بۆسەر خێوەتگەی بریج

شەهید بوونی أحمد الغندور (سەرۆکی لیوای باکور ی لە مانگی یازدەی ٢٠٢٣ ڕاگەیاندبوو لە باکوری غەزە .

میدیای ئیسرائیل لە مانگی تەموزی ٢٠٢٤ هەواڵی کوژرانی محمد زەیفی بڵاوکردبۆوە بەڵام حەماس لەوکاتەدا ڕەتی کردەوە .

چونکە لەوهێرشەدا13 یولیو (تموز) 2024

کە نیولاشەی کەسێک مابوو ، پشکنینەکان بۆیان یەکلا نەبۆوە کە ئەوە هی ناوبراوە بەڵام لەوکاتەوە ناوبراو لەگەڵ ورافع سلامة (سەرۆکی لیوای خان یونس)، بێ سەروشوێن بوون

بەڵام دوای درێژەکێشانی بێ سەروشوێن بوونەکەیان وکۆتایی هاتنی ئۆپراسیۆنەکە ئێستا دڵنیابوونەوە کەئەولاشە سوتاوانە هی ئەوان بووە ، خۆحەشاردانی زەیف وهاوڕێیانی زۆربەی کات و ڕەوشی ئەوجەنگە گەورەی لەسەرناوچەکە بوو ، بزربوونی پیاوی سێبەرلەوجۆرە دۆخانە ئاسایی بوو ، بەڵام دەرنەکەوتنەوەی دوای ئاگربەست حەماسی دڵنیاکردەوە کەئەوشەهیدبووە ، بەتایبەتی ئەوهێرشەی کەلەوڕۆژەکراوە بۆتە هۆی شەهید بوونی 90 فەلەستینی و وێرانکاریەکی گەورەی لەخان یونس دروستکردوە ، بڵاوکراوەی نیویورك تایمز نوسیویەتی کەلەوڕۆژە ئیسرائیل دەیان بۆمبی کێش 2000 رطل ی بەکارهێناوە

ڕۆژنامەی شەرق الاوسەت هەروەها ئەوەشی نوسیوە کە چاودێران پێیان وایە لەبەر نزیکی محمد سنوار لەهەریەک لە محمد زەیف و ئەندامانی ئەنجومەنی سەربازی قەسام ئەو دەبێتە سەرۆکی کەتیبەکانی قەسام .ناوبراویش لەمێژە لەلیستی داواکراواندایە لای جولەکە .

وەڕۆژنامەکە باسی ئەوەدەکا کە هەرلە ٢-٨- ٢٠٢٤ ئەوان هەواڵی کوژرانی مروان عیسی جێگری زەیف وغازي أبو طماعةدابوو لە نوسەیرات ی ناوەڕاستی غەزە ،کەلە ئازاری ٢٠٢٤ وە کوژراون .

وە ڕائد سابتیش هەرلەوکاتە لە خەستەخانەی شیفا لەگەڵ چەند برینداری ترشەهیدبووە

ڕۆژنامەکە جگەلەوان باسی تیرۆرکرانی چەند ئەندامی مەکتەب سیاسی حەماس وەک روحي مشتهى وسامي عودة دەکا .

افیخاي ادرعي لەتویتێکدا دوای ڕاگەیاندنی ئەبو عوبەیدە بۆ شەهید بوونی محمد زەیف ، دڵخۆشی خۆی بە لەناوچونی پیاوی دوەم لەهێرشەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر دوای سنوار دەربڕیبوو

١٥-ژیاننامەی شەهید عیسی علي خلیل النشار.

لە دێرالبلحی غەزەلەدایک بووە لە١٩٥٤دوای تەواوکردنی ناوەندی هەندسەی لە میسرتەواوکردووە ئەمیری ئیخوانەکانی رفح بووەلە١٩٧٣لە١٩٨٧دەمەزرێنەری حەماس بووە،لە ١٩٨٨گیراوە لەساڵی١٩٩٢دورخراوەتەوەبۆ باشوری لوبنان لەساڵی ٢٠٠٦دا شەهیدکراوە.

کوڕەکەشی کەلەساڵی١٩٨٣لەدایک بووەوئەندامێکی چالاکی قەسام بوو هەرلەوڕۆژە لەگەڵ باوکی شەهیدبووە.

١٦-ژیاننامەی محمود خالد الزهار: لەساڵی١٩٤٥لەغەزەلەدایک بووە،تائامادەیی لەوێ تەواوکردوە،دواترکۆلێژی پزیشکی وماستەری لەمیسر هێناوە لەساڵی١٩٧٦دا،یەکێکە لەدامەزرێنەرانی حەماس ،دوای دامەزراندن لەساڵی١٩٨٨گیراوە،لەساڵی١٩٩٢دوورخراوەتەوە بۆلوبنان، چەندان جارهەوڵی تیرۆرکرانی دراوە، چەندان جار ماڵی بۆردومان کراواوماڵی ڕووخاوەوباوکی دووشەهیدوچەندین بریندارە، کەکوڕەشەهیدەکانی ئەندامی کەتیبەکانی حەماس بوون، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ولەحکومەتەکەی هەنیە وەزیری دەرەوەبووە.

١٧-ژیاننامەی شەهیدی پێشەنگ وباوکی شەهیدان إسماعیل عبد السلام أحمد هنية :

باوکی عەبد لە(29 يناير 1963-)غەزەلەدایک بووە، لەساڵی ١٩٨٧ بەشی ئەدەبی عەرەبی تەواوکردوە لەزانکۆی غەزە، لە١٩٨٢-١٩٨٧سەرۆکی قوتابیانی زانکۆسەربەئیخوان بوو، سەرەتا بەرپرسی یەکێتی قوتابیانی سەربەفەتح بوو، بەڵام کەلە١٩٨٩گیراولە١٩٩٢دوورخرایەوەتێکەڵاوی حەماس بوو، کەگەڕایەوەبووەسەرۆکی زانکۆی غەزە،کە ئەحمەدیاسین بەربوو لە١٩٩٧بووەبەرپرسی نوسینگەی شێخ ،لە٢٠٠٦بووە سەرۆک وەزیرانی فەلەستین، وەزۆرجار پۆستی گەورەی لەحەماس وەرگرتووەویەکێکە لەڕووەدیارەکان وکەسەکاریگەرەجەماوەریەکانی ناوحەماس وباوکی چەند شەهیدە..

باوکی شەهیدان إسماعیل عبد السلام أحمد هنية (29 يناير 1963-31_7_2024)شەهیدکرا.

کونیەی ئیسماعیل هەنیە باوکی عەبد بوو، ولەغەزە لە خێوەتگەی شاتی لەدایک بووە، لەساڵی ١٩٨٧ بەشی ئەدەبی عەرەبی تەواوکردوە لەزانکۆی غەزە، لە١٩٨٢-١٩٨٧سەرۆکی قوتابیانی زانکۆسەربەئیخوان بوو، سەرەتا بەرپرسی یەکێتی قوتابیانی سەربەفەتح بوو، بەڵام کەلە١٩٨٩گیراولە١٩٩٢دوورخرایەوەتێکەڵاوی حەماس بوو، کەگەڕایەوەبووەسەرۆکی زانکۆی غەزە،کە ئەحمەدیاسین بەربوو لە١٩٩٧بووەبەرپرسی نوسینگەی شێخ ،لە٢٠٠٦بووە سەرۆک وەزیرانی فەلەستین، وەزۆرجار پۆستی گەورەی لەحەماس وەرگرتووەویەکێک بوو لەڕووەدیارەکان وکەسەکاریگەرەجەماوەریەکانی ناوحەماس ..

سەرۆک وەزیرانێکی جەماوەری و گوتاربێژێکی سەرکەوتوو ودانوستانکارێکی لێهاتوو ،ژیانی خۆی وبنەماڵەکەی بە خەباتگێڕی و ئاوارەیی و دیلی و بریندارى ولەهەموو ڕۆژە خۆش وناخۆشەکانی ئوممەتی ئیسلامی دا هەنیە کەسێکی دیار و بەرچاو بوو .

لەم جەنگەی جیهانی کەبەسەر غەزەدا سەپێنراوە ڕۆڵێکی جەماوەری کاریگەری هەبوو ، هەنیە باڵی سەربازی نەبوو بەڵام دەنگێکی بوێرودلێر بوو.

دوای دەمانگ لەجەنگی ستەمکارانە دژبە غەزە لە ڕۆژی ٣٠٠ ی ئەوجەنگە دا ڕوحی ئەویش لەسەعات دووی ئەمشەو لەباکوری تاران بە ساروخێک کەلەدەرەوەی ئێرانەوە هاویژراوە ڕوحی بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵفڕی .

هەردوێنێش پیاوی دووەمی حزب الله تیرۆر کرالەبەیروت ، ئەمریکاو جولەکە بە پێچەوانەی قسەی ڕاگەیاندن هەمیشە ویستویانە ئەم جەنگە گەورەکەن ، هەرلە ڕۆژانی تیرۆری قاسم وسولەیمانی وئەبو مهدی موهەندیس وچەندین کەسایەتی ترو تیرۆرکرانی ساڵح عاروری لەسەرەتای ئەم جەنگە لەبیروت و لێدانی باڵوێزخانەی ئێران لەدیمەشق و ئەم زنجیرە تیرۆرانە هەموویان دەڵێن کە بەرەی خوێنڕێژان زۆربەتاسەوەن بۆ فراوانکردنی جەنگەکە.

دەبێ ساروخەکە لە کەنداوەوە هاتبێ یان لە پاکستان ؟ یان لە دەریای عەرەبەوە هاتبێ یان لە تورکیاو عیراق ؟ یان لە ئازربایجانەوە؟

لە چەند کاتژمێری داهاتوو ئەوەش دەزانرێ .

وەدووبارە جیهان لە کاردانەوەی ئەم کارانە ی ئێران وحزب الله و حماس لەچاوەڕوانیدادەبن ، ئەگەر ئەم جارە جەنگەکە گەورەنەبێ ، ئامانجی داهاتووی جولەکە خودی عەلی خامنەیی وحسن نسرالله دەبن ..

١٨-ژیاننامەی فەرمودەناسی شەهید نزار عبد القادر محمد ریان العسقلاني:

له١٩٥٩ لەغەززەلەدایک بووە،ئامادەیی لەغەزەوکۆلێژی شەریعەی لە زانکۆی محمد سعودی ریاز لەساڵی١٩٨٢تەواوکردوە،لەساڵی ١٩٩٠ ماجستێری لەزانکۆی ئوردن و١٩٩٤لەزانکۆی سودان دکتۆرای لەفەرمودەهێناوە، ئیمام وخەتیبی مزگەوتی جەبالیابوولەغەزەومامۆستای زانکۆی غەزەبوو، بەرپرسی دانوستان بوو لەحەماس ،باوکی شەهید وبرای شەهید ومامی شەهید بوو ،خۆشی لەساڵی٢٠٠٩ شەهیدکرا لەگەڵ چەندین کەسی بنەماڵەکەی.

حەماس ڕەوتی شەهیدانە ،غەزەمەکۆی شەهیدانە ..

اللهم تقبل منهم رباطهم وجهادهم وشهادتهم وانصرهم یارب العالمین.

روو‌بەڕو بوونەوەکانی حەماس وجولەکە لە۱۹۷۸-۲۰۲۵ دا.

۱-ڕاپەڕین وئینتیفازەی یەکەم لە مانگی ۱۹۸۷تاکو ۱۹۹۳ :

کێشاو لەو ئینتفازە زیانەکانی حەماس وفەلەستینیەکان لەم ڕاپەڕینە بەپێی سەرچاوە فەرمیەکان

۱۵۵۵فەلەستینی شەهید بوون کەلەناویاندا ۲٤۱ منالْ شەهیدبوون ،

و۱۰۰/۰۰۰سەدهەزاریش برینداربوون کە لەسەداچلی بریندارەکان بوونە خاوەن پێداویستی تایبەت وزۆریان ئیفلیج بوون ،وە لە ۱۹۸۷-۱۹۹٤ژمارەی گیراوودیلەکانی فەلەستین لەگرتوخانەکانی جولەکە گەیشتە ۲۰۰هەزارکەس وسەدان لەودیلانەش شەهیدبوون یان بوونە خاوەن پێداویستی تایبەت .

جولەکەکانیش ۱۷۰کەسیان لێ کوژرا.

وەلەوماوەدا جولەکەکان ۱۲۲۸خانوی فەلەستینیەکانیان ڕوخاند و۳٦۸خانوشیان دەست بەسەرداگرت وسەدوچل هەزار درەختیان لە کێڵگاوباخەکانی فەلەستینیەکان هەڵکێشا..

وەلەوماوەداهەزاربەکرێگیراوی جولەکەش کوژران بەتۆمەتی هاوکاری لەگەڵ جولەکە.

۲-- رووبەڕووبونەوەکانی قسام وجولەکە لە۱۹۹۳-تا۱۹۹۹ز

بەپێی سەرژمێریەکانی دەوڵەتی جولەکە هەرلە۱۹٤۸تاکو ۱۹۹۹ز گەیشتۆتە 20532 کوژروو لوانە بەپێی سەر ژمێریەکانی جولەکە تەنیا 7824 کەسیان لەشەڕە نیزامیەکان کوژراون ،ئەوانی تر لە ئۆپراسیۆنە فیداکاریەکان کوژراون.

ئێمە هەموو کوژراوەکانی هەر پێنج جەنگاکەی جولەکەمان لە۱۹٤۸تاکو ۱۹۸۵باس کرد کە کردیە ۷۲٤۷کوژراو.

کەواتە بەهۆی ئۆپراسیۆن وکارەفیداکاریەکانی حەماس وباڵە سەربازیەکەی ژمارەی ئەوانەی لە۱۹۹۱-۱۹۹۹لەجولەکە کوژراون =20532-7824=

دوازدەهەزارو حەوت سەد جولە کە لەوهەشت ساڵە لە۱۹۹۱-۱۹۹۹بەدەستی قەسسام وحەماس کوژراون کەنزیکی دووهێندەی ئەو کوژروانەیە کە عەرەبەکان لە۱۹٤۸-۱۹۹۱واتە

بۆماوەی ٤٣ساڵ بە٢٢ولاتی ناوكۆمكاری عەرەب هێندەی ئەو هەشت ساڵەی دەركەوتنی حەماسیان جولەكە نەكوشتووە.

٣-ڕاپەڕین وئینتیفازەی فەلەستینی دووەم كەبە ئینتیفازەی ئەقسا ناسراوە:

حەماس لەساڵی ٢٠٠٠دا ڕاپەڕین وئینتیفازەی ئەقسا بەرپادەكا لەكاردانەوەی چوونی ئاریال شارۆن بۆناوحەرەمی ئەقسا ئەم ڕاپەڕینە لە

28 سبتمبر 2000 دەستی پێكرد 8 فبراير 2005 بەردەوام بوو.

لەم ڕاپەڕینەدا 4412 فەلەستینی شەهید وو48322 فەلەستینی بریندارىوون.

لەجولەكەش 1069 جولەكەكوژران و4500 جولەكە بریندارىوون.

٤- قەوارەی جولەكە ئۆپراسیۆنی قەڵغانی پارێزەر الدرع الواقي:

ئۆپراسیۆنی قەڵغانی پارێزەر الدرع الواقي كەلەدوای تەقاندنەوەی ئوتێلی بارك ٢٧- ٥ -٢٠٠٢لە شارۆچكەی نەتانیای سەربەتۆلكەرەم عبدالباسط عۆدەی تەمەن ٢٢ساڵ كەئەندامی كەتیبەكانی قەسسام بوو لەكردەیەكی فیداكاریدا لەوئوتێلە ٣٦جولەكەی كوشت و ١٥٠ جولەكەی تری بریندارکرد.

بۆیە ئۆپراسیۆنی قەڵغانی پارێزەر لە29 مارس 2002 دەستی پێكرد تاكو 10 مايو 2002، خایاندی واتە ١٣ڕۆژ وەلەورووبەڕووبوونەوە 30هەزار سەربازی جولەكە بەشداری تێداكرد..

دوای ئەم ئۆپراسیۆنە قەوارەی جولەكەدەستی بەدروستكردنی جداری عازل كرد بۆگەمارۆدانی فەلەستینیەكان، وەپلاندانەری تەقێنەرەوەی ئوتێلەكەش كە ناوی عەباس سەیدە دەستگیركردو بۆ٢١ساڵە هەردیلە لە ٢٠٠٢ تاكوئێستاولە٢٠١٩لە زیندانی تاكەكەسیە وبۆسەدان ساڵ حوكم دراوە، تائێستابە مەترسیدارترین دیلی حەماس لای جولەكە دادەنرێ.

٥-پاشەكشەی جولەكە لە كەرتی غەزە لە١٥-٨-٢٠٠٥ز:

بەهۆی زۆربوونی چالاكیەكانی حەماس جولەكە دوای بڕیاری دروستكردنی جیداری عازل بڕیاریدالە دا لەكەرتی پاشەكشە بكاوكۆتایی بە٣٨ساڵ داگیركردنی ئەوكەرتەبێنێ كەلەساڵی١٩٦٧وە غەزەی گرتبوو ،كشانەوەی جولەكە لە غەزە كەبەهۆی جەنگی شەش ڕۆژەی

عەرب لەگەڵ جولەکە لەمیسر ستێنراولەجەنگی١٩٧٣ هەرنەیتوانی بیگرێتەوەوبەدرێژایی چالاکی جوڵانەوەی فەتح نەیتوانی هیچ کەرتێک بەجولەکە چۆڵ بکا،بەڵام چالاکی وڕووبەڕووبوونەوەکانی حەماس ئەم دەستکەوتە ناوازەیان لەمێژووی دەستەکەوتەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی تۆمارکرکە کەم دەرامەتترین بزوتنەوەتوانی بەدەسەڵاترین سوپای جیهان لە کەرتێک پاشەکشە پێبکا کەچوارجەنگی لەپێناو بەدەستهێنانیدا لە ساڵانی١٩٤٨ و١٩٥٦ و١٩٦٧ و١٩٧٣ داکردبوو..

حەماس ئەم ناوچە چۆڵکراوەی هەروابێ ئیدارە نەهێشتەوەو لە25 ینایر 2006 چووە ناو هەڵبژاردنێکەوەو زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنان

وهەرلەوساتەوە ڕۆژئاوائەمریکاوجولەکە گەمارۆیەکی زۆرتوندیاو بەسەرکەرتی غەزەداسەپاند چونکە حەماس بەهیچ شێوەیەک ئامادەنەبوو دان بە شەرعیەتی قەوارەی جولەدابنێ و ئامادەی دەستبەرداری خەباتی چەکداری دژی داگیرکارنەبوو..

٦-ئۆپراسیۆنی

الوهم المتبدد داله جمادی یەکەم لەساڵی 1427ک / 25 حزیران 2006زدا

حەماس توانی سەربازێکی جولەکە بەناوی جەلعات شالێت لەسەرسونوری غەززەبگرێ ، مەفرەزەیەکی حەماس لای دەروازەی ئەبوسالم بەتونێلێکدا دزەیان کردەناو سوپای جولەکەو شالێتیان لەناو تانکێک دا بەدیل گرت..

لەم پێک هەڵچوونە دوو سەربازی جولەکە کوژران و پێنج سەربازیش بریندار بوون شالێتیش بەدیل گیرا ودوو موجاهیدیش شەهید بوون ،بەرپرسی ئەم ئۆپراسیۆنە ناوی تەیسیر ئەبوسەنیمە بوو کەبەئەبومەجد ناسرابوو١٩٨٣-٢٠١١ ماڵەکەی تەیسیر لەنزیک سنوری غەززەبوو ،هەرلەدوای سێ ڕۆژلەڕفاندنی شالێت خانوەکەیان ڕووخاند وبراکەی بەدیل گیرا، ئەم موجاهیدە لە ساڵی٢٠١١ شەهیدکرا ،بەڵام شالێت لەدوای پێنج ساڵ دیل کران بە ١٠٢٧ دیلی فەلەستینی ئاڵ وگۆڕی پێکرا، کەیەکێک لە پێگۆڕاوەکان یحیاسنوارە کەسەرۆکی ئێستای حەماس ونەخشەکێشی ئەم جەنگەی ئێستایە کەلە٧-١٠-٢٠٢٣ دەستی پێکردوە،ئەم پیاوە ٢٣ ساڵ لەتەمەنی لەزیندانی جوەکان بەسەربردبوو.

شایانی باسە میسرلەسەردەمی سیسی لە٢٠١٥دوای شەهید بوونی ئەبومەجد فرمانی لەسێدارەدانی بۆ شەهیدێک دەرکردوە کەچەندساڵە شەهیدکراوە.

لەدرێژەی کاردانەوەی قەوارەی جولەکە دوای گرتنی شالێت ئۆپراسیۆنی بارانی هاوین أمطار الصیف یان کرد کەوەرزی هاوینی ئەوساڵە غەزەهەرلەژێر هێرشی بۆمباران وفڕۆکەو تانک دابوو ،لەوشەڕەدا لەغەززە 277 شەهیدو1167 برینداربوون ،جولەکەکانیش بەهۆی ڕۆکێتەکانی موجاهیدان 7 کەسیان کوژران و

85کەسیان برینداربوون و60 کەسیش لە ئەندامانی حەماس لەکەرتی ڕۆژئاوادیل کران.

٧-لە 27 دیسمبر 2008 دا قەوارەی جولەکە هێرشێکی کردەسەرغەززە کە 22 ڕۆژی خایاند ،حەماس چەندین ڕۆکێتی ئاڕاستەی سیدیرۆت کرد.

٨-لە 14 نوفمبر 2012 جولەکە أحمد الجعبري سەرکردەی حەماسی شەهیدوتیرۆرکرد:

بەوهۆیەوە چەندین ڕۆکێت ئاڕاستەی ئۆردوگاجێنشینەکانی جولەکە کران وجەنگێکی هەشت ڕۆژی بەرپابوو.

٩- لە مانگی حەوت وهەشتی 2014 حەماس سێ لەسەربازانی جولەکەی کوشت وچەندیشی ڕفاندن، ئەمەش بووەهۆی جەنگێک کە حەوت هەفتەی خایاند ولەوجەنگە 2100 فەلەستینی شەهیدبوون و73 لە سەربازانی جولەکەش کوژران .

١٠-قەسابخانەی خۆپیشاندانی مارسی 2018

لە مارسی 2018 دا خەڵکی فەلەستینی لەبەردەم دەروازەیەکی جولەکە خۆپیشاندانیان کرد سەربازانی جولەکەش دەستڕێژیان لەخۆپیشاندەران کرد و170کەسیان شەهید کرد بەوهۆیەوەجەنگێک بەرپابوولەنێوان حەماس وجولەکە کەچەند مانگی خایاند.

١١-کاردانەوەی پشێوی لە مزگەوتی ئەقسا لە مایو 2021 ز.

دوای چەند هەفتە لەبوونی پشێوی لە مزگەوتی ئەقسا کەچەندین خۆپیشاندەری فەلەستینی برینداربوون ،لەتۆڵەی ئەمەشدا حەماس کۆمەڵێک ڕۆکێتی هاویشتن بۆ ئیسرائیل ،دوای ئەوە جەنگێکی یازدە ڕۆژی بەرپابوو کەتیایدا 250 شەهید و13 لەسەربازانی جولەکە کوژران.

١٢-هێرشی فڕۆکەکانی جولەکە بۆسەرخەڵکی سڤیل لە مانگی٨-٢٠٢٢:

لەأغسطس 2022 دا فڕۆکەکانی جولەکە لەبۆردومانێکی ڕەشەکوژی 44 کەسیان شەهید کرد کەلەناویان 15 مناڵ بوون،بەهۆی ئەم قەسابخانە حەماس ١١١١ڕۆکێتی ئاراستەی قەوارەی جولەکە کرد.

١٣-گەمارۆی ئۆردوگای پەنابەرانی فەلەستینی لە ینایر 2023 دا:

جولەکە گەمارۆی ئۆردوگای پەنابەرانی فەلەستینی داو نۆ فەلەستینی شەهیدکردن بەم هۆیە وە چەند ڕۆکێت ئاڕاستەی ئۆردوگا جولەکە نشینەکان کرد.

١٤-لە حەوتی دەی 2023 حەماس لە ئۆپراسیۆنێکی دەگمەن بەناوی تۆفانی ئەقسا بەسەردیواری عازل دا بازی داو تائێستاش بەردەوامە.:

لە چل ڕۆژی سەرەتای ئەم ئۆپراسیۆنە ونزیکەی دوازدەهەزلرشەهید وسێ هەزارێ سەروشوێن سی هەزار بریندارو سەدان هەزارئاوارە ولە جولەکەش ٣٦٠سەرباز کوژراوو و ١٥٠٠ بریندار و ٢٤٠ ڕفێنراو ی جولەکە وتائێستاش ئەم موعجیزە بەردەوامەو کەشتیگەل وهێزی ئاسمانی وهەواڵگری وناوخۆی هەموو وڵاتانی ناتۆوڕۆژئاواو ئەمریکاوئوسترالیا هەمووی لەم گەلەکۆمەکیە جیهانیەدا بەشدارن و بزوتنوەی حەماس بەتەنیا ڕووبەڕووی ئەم گەلەکۆمەکیە جیهانیە بۆتەوەو وڵاتانی عربی وئیسلامیش جگە لە سەرکۆنەو ناردنی سواڵ وسەدەقەی جەماوەر وەک هاوکاری مرۆیی لەخۆراک وکەل وپەلی پزیشکی ئەویش زۆر بەدەگمەنی.

بەکورتی ئەو ڕووماڵە مێژوویەی کردمان لە پۆستەکانی پێشوولەسەرفەلەستین لەهەزاران ساڵەوە تائەم ڕووماڵەی سەر حماس وهەتا ئەوئایەت وفەرموده متەواترانەش هەواڵی ئەوەیان پێداوین کە تائیفەی مەنسورە لەم دەڤەرە بەسەرکەوتویی دەمێننەوە تاکو عیسا علیه السلام بۆ هاوکاریان دێتە خوارو‌ئەودواکەسی ئەندامی تایفەی مەنسورەیەکە دەجال دەکوژێ.

قۆناغەکانی باری گوزەرانی کەرتی غەزە لەساڵی ١٩٩٢-٢٠٢٥.

ئەم ڕاپۆرتە وڵامی ئەوپرسەدەداتەوەکەبۆچی ئۆپراسیۆنی ٧-١٠-٢٠٢٣لەڕووی مرۆیی پێویستبوو:

،لە ساڵی ٢٠٠٨ بەدواوە گەمارۆیەکی ئابووری تاقەتپڕوکێن لەسەرغەزەبوو،کەبڕیاربوو٢ ملیۆن غەزەیی بەبێدەنگی وهێواشی زیندەبەچاڵ بکرێن ،بەڵام ئەوان گوتیان مادام هەربمرین بامردنەکەمان جیهان بهەژێنێت ولەخەوی بێئاگایی بێداربێتەوە .

دۆخی غەزە لەدوای پێک هاتنی ئۆسلۆ لەساڵی١٩٩٢ بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە

١-قۆناغی یەکەم کۆتاییەکانی ١٩٩٠ەکان - سەرەتای ٢٠٠٠ەکان:

:سنوردارکردنی جوڵەی خەڵک و کاڵاکان بۆ ناو غەزە بە شێوەیەکی هەنگاوی دەستپێکرد دوای ڕێککەوتنەکانی ئۆسلۆ و دەستپێکردنی کۆنترۆڵی ئیسرائیل بەسەردەروازە سنوریەکان ؛ ڕێوشوێنی ئەمنی بەشەبەشە لەسەردەروازە سنوریەکان .

کاریگەری: دیاریکردنی جۆرەکانی کاڵای ڕێگەپێدراو و سنوردارکردنی جوڵەی گەشتیاران، کاریگەرییەکی زوو لەسەر بازرگانی و ئابووری ناوخۆیی دەرکەوت.

٢-ئاب - ئەیلوولی ٢٠٠٥ — کشانەوەی ئیسرائیل لەغەزە :

: دەرچوونی ئیسرائیلییەکان لە غەزەوە دوای ئەوە گۆڕانکاری ڕوویدا لە کارگێڕی دەروازە سنوریەکان و دەستپێکردنی ڕێکخستنێکی نوێ بۆ جوڵە لە ڕێگەی خاڵە ئیسرائیلییەکان و ناوچەکانی کۆنترۆڵی جیاواز. دەوڵەتی فەتح وسەردەمی دەحلان لەغەزەبوو .

کاریگەری: سەرەڕای کشانەوەکە، ئیسرائیل کۆنترۆڵی دەروازە سنوریەکان ناوچەکەی بەردەوام بوو؛ سنوردارکردنی کاڵا و خەڵک بەردەوام بوو.

٣-حوزەیرانی ٢٠٠٦ — ڕێوشوێنەکانی داخستن دوای ڕووداوە ئەمنییەکان و کۆنترۆڵی جوڵە دوای گرتنی شالێت .

:زیادبوونی سنوردارکردنی جوڵە دوای ڕووداوە ئەمنییەکان و دەستگیرکردنی سەربازەکان؛ دەستپێکردنی داخستن و ڕێوشوێنی توند لەسەر دەروازە سنوریەکان

کاریگەری:گۆڕانی هاتنە ناوەوەی کاڵا بنچینەییەکان و کەمی زنجیرەی دابینکردنی خۆراک و پزیشکی.

٤-حوزەیرانی ٢٠٠٧ —— دەستبەسەرداگرتنی غەزە لەلایەن حەماسەوە و دەستپێکردنی گەمارۆی گشتگیر:

دوای دەستبەسەرداگرتنی غەزە لەلایەن بزووتنەوەی حەماس، ئیسرائیل (و بەشێوەیەکی جیاواز میسر لە هەندێک کاتدا) سنورداركردنەکانی توندتر کرد تا ئاستێک کە زۆر کەس بە گەمارۆ ناویان هێنا کە زەوی و دەریا و ئاسمانی گرتبووەوە؛ داخستنی نزیکی تەواوی سنوورەکانی غەزە لەگەڵ چاودێری توند لەسەر کاڵاکان.

کاریگەری:تەنیایی ئابووری بەرفراوان، گۆڕینی پشت بەستن بە هاوکاریی مرۆیی، و سنورداركردنی هاتنە ناوەوەی ماددەی بیناسازی و ئامێرە پزیشکییە کان. ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنە هاوکارییەکان بەرزبوونەوەیەکی ڕوون لەم خاڵەدا دەزانن.

٥-٢٠٠٨–٢٠٠٩ —— ئۆپراسیۆنی "الرصاص المصبوب" و دوای ئەوە (زیادبوونی گەمارۆی مرۆییەکان)

: زیادبوونی توندوتیژیی سەربازی بووە هۆی داخستنی فراوانتری دەروازەسنوریەکان و نارێکی بەردەوام لە پێکهاتەی بنچینەیی هاوکاری و خزمەتگوزاری.

کاریگەری:ڕووخاندنی دامەزراوەکانی خۆراک و تەندروستی، ئەستەمبوونی گەیاندنی ئەزمونی پزیشکی و ماددەی خۆراکی

٦-٢٠١٠ (تەمووز) —— لیستی کاڵا چاودێرکراوە/قەدەغەکراوەکانی ئیسرائیل :

حکومەتی ئیسرائیل لیستی وردکراوی ماددە ڕێگەپێدراو/قەدەغەکراوەکانی بۆ هاتنە ناو غەزە بڵاوکردەوە (لیستەکان بەناوی "items controlled/dual-use"). ئەم لیستانە بەردەوام بوون و دواتریش فراوانتر بوون.

کاریگەری:قەدەغەکردنی هاتنە ناوەوەی ماددەی بیناسازی بنچینەیی (وەک چیمەنتۆ و ئاسن بە قەبارەی ئاسایی) و هەندێک ئامێر و پێداویستی پزیشکی/تاقیگەیی، کە ڕێگری لە دیسان بنیاتنانەوە و چارەسەری پێشکەوتوو کرد.

٧- ٢٠١٤ —— جەنگی هاوینی ٢٠١٤ (عملية "الجرف الصامد"" / Protective Edge) و داخستنی تونێلەکان:

: دوای شەڕی بەرفراوان و داخستنی تونێلەکانی قاچاخچی بۆ میسر، ڕێگە جێگرەکانی هاتنە ناوەوەی کاڵا کەمبوونەوە (تونێلەکان سەرچاوەی سەرەکی هەندێک کاڵا بوون پێش داخستنیان).

کاریگەری: زیاتر کەمبوونەوەی بەردەستبوونی ماددەی بیناسازی و ئامێرەکان، و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان و پشت بەستنی تەواو بە دەروازە فەرمییە سنوردارکراوەکان و هاوکارییەکان.

٨-٢٠١٧–٢٠٢٠ — کۆبوونەوەی قەیرانەکان: سنوردارکردنە ئیسرائیلییەکان + ڕێوشوێنە میسرییەکان + قەیرانە داراییەکان

: داخستنی دووبارەی دەروازەی ڕەفاح لە لایەن میسر و کەمبوونەوەی پارە گواستنەوەکان و ڕێوشوێنی کارگێڕی (چارەسەرەکانی هەرێمی فەلەستین) بە شێوەیەک کە پەستان لەسەر ئابووری زیادکرد.

کاریگەری:دابەزینی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تەندروستی، کەمبوونەوەی دەرمانی بنچینەی، زیادبوونی پشت بەستن بە هاوکاری، و زیادبوونی بێکاری بۆ٤٦٪ بەرزترین ڕێژە لەجیهاندا و هەژاری. ڕاپۆرتەکانی WHO و یوونیسیف

٩-٢٠٢١–٢٠٢٢ — ژمارە ئازارهێنەرەکان پێش ٢٠٢٣: نەبونی ئاسایشی خۆراکی و پشت بەستن بە هاوکاری، ٩٥٪ ئاوی غەزە بەکەڵکی خواردنەوەنایە بە پێی داتای ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ، کارەبا لەشەوڕۆژدا ٨سەعات هەبوو کەدەبووەهۆی خراپ بوونی کاڵا پزیشکی و بژیویەکان .

وەسف: ڕاپۆرتەکانی OCHA و HNO و ئانروا/یوونیسف ڕوونیکردنەوە کە ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی غەزە پشت بە هاوکاری دەبەستن و زۆربەی ئاوی خواردنەوە گونجاو نییە؛ بەردەوامی گەمارۆ کاریگەری لەسەر تەندروستی و خۆراکی هەبوو.

کاریگەری: بەپێی HNO 2023 (کە زانیارییەکانی پێش ٢٠٢٣ کۆدەکاتەوە) — نزیکەی ٨١%ی خێزانەکانی غەزە کەرەستەی سەرەتایی بژێویان نەبوو بەتەواوی پشت بەستنی نزیکەی تەواو بە هاوکاری بۆ هەندێک گرووپ.

١٠-نیوەی یەکەمی ٢٠٢٣ (هەتا ٦ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣) — زیادبوونی ئاگادارکردنەوە نێودەوڵەتییەکان

:ڕاپۆرتەکانی لە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (OCHA، WFP، WHO، ئانروا) و جووڵە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان ئاگادارییان لە تەنگەژەیەکی زۆر لە دابینکردنی خۆراک و پزیشکیدا کردبوو، و بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەبونی ئاسایشی خۆراکی. ڕاپۆرتەکانی WFP و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی تر ئاماژەیان بەوەدا کە سەدان هەزار کەس مەترسی نەخۆشی لاوازی بەهۆی بەدخۆراکی هەیە.

کاریگەری: لەڕووی خۆراک و دەرمانەوە: کەمپەڵە پزیشکییەکان (کەمبوون دەگاتە نیو یان زیاتر لە هەندێک دەرمانی بنچینەیی لە کاتێکی دیاریکراودا بەپێی WHO) و پشت بەستنی زۆر بە کاروانە هاوکارییەکان کە بە توانایەکی نزم کاردەکەن.

گەمارۆکان جانبازی ٧ی ئۆکتۆبەریان کردە تاکەهەڵبژاردە چونکە چارەنوسی مەرگ بۆ هەموان مسۆگەربوو:

کەواتە یەکێ لەپاڵنەرەهەرەسەرەکیەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر بێئومێدی خەڵکی غەزە بوو لەژیان ومردن بەهۆی گەمارۆوە چارەنوسێکی مسۆگەربوو، کۆمەڵگاش کەگەیشتە ئەو دۆخە جانبازی لای دەبێتە تاکە هەڵ بژاردە.

ڕەوشی غەزە لەدوای حەوتی ئۆکتۆبەر :

لە نیوەی دووەمی ٢٠٢٣ ⟶ ١١ی ئابی ٢٠٢٥)

دەستپێکی گۆڕانکاری: هێرش و ئۆپەراسیۆنە سەربازییە فراوانەکانی ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ کێشەی ناوچەکەی لە "قەیرانی گەمارۆی ئابووری درێژخایەن و تراژیدیای مرۆڤایەتی خراپبووەوە کەلەوەوپێش هەبوو " گۆڕی بۆ هەرەسهێنانی خزمەتگوزاریە مرۆڤایەتیەکان .

ژمارەی کوژراوان و برینداران (خەمڵاندن و سەرچاوە جیاوازەکان):

ژمارەکانی وەزارەتی تەندروستی غەزە و نەتەوە یەکگرتووەکان: ژمارەکان بەپێی کات جیاوازن؛ بۆ نموونە ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتوو و توێژینەوەکان نیشانەدەرن لە یەکەم مانگەکاندا دەیان هەزار کەس کوژراون و دواتر ژمارەکان زیادبوون بەردەوامبوونی شەڕ و ژمارەکان. توێژینەوە زانستییەکان (وەک لە The Lancet) خەمڵاندویانە لە سەرەتاو ناوەڕاستی ٢٠٢٤دا ژمارەی مردن

لە هەزاران بۆ دەیان هەزار کەس بووە؛ هەندێ لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ ژمارەی زیاتریان پێشنیار کردووە (وردەکاری/بەرواوەکان لە خوارەوە دەبینرێن).

ئاوارەیی ناوخۆیی: لە کۆتایی ٢٠٢٤ نزیکەی ١.٩ ملیۆن کەس - نزیکەی ٨٥-٩٠%ی دانیشتوانی غەزە - لە یەک یان چەند جارێک ئاوارە بوون بەپێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتوو و ڕێکخراوە مرۆییەکان. زۆرێک پەنا بۆ قوتابخانەکانی UNRWA یان کەمپە کاتییەکان ، دواتر ناچارکران چەند جارێک ئاوارەببنەوە.

تێکشکانی ژێرخانی خزمەتگوزاری (نەخۆشخانەکان، ئاو، کارەبا): شیکردنەوەی وێنەکانی مانگە دەستکردەکان و ڕاپۆرتە پزیشکییەکان نیشانەدەرن لە نزیکەی ٢٠-٢٤ نەخۆشخانە ڕوخاون یان بەشێکیان. تێکشکانی تۆڕی ئاو و کارەبا بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی مردنی ناڕاستەوخۆ (کەمی چاودێری فریاکەوتن، نەخۆشییە ئاوییەکان، قورسی بەکارهێنانی ئامێری چاودێری تایبەت).

تێکشکانی سیستەمی دەرمانی و بەشی تەندروستی: ڕێکخراوە تەندروستییەکان (WHO/Health Cluster) کەمبوونەوەی زۆری دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکانیان تۆمارکردووە، داخستنی یان لەکارکەوتنی نەخۆشخانەکان، پشت بەستن بە یارمەتییە کاتییەکان و دەرکردنی هەندێ لە حاڵەتەکان بۆ دەرەوە.

کەمی خۆراک / خواردنی ناتەواو: ڕاپۆرتەکانی WFP و OCHA، و ڕێکخراوە پزیشکییەکان نیشانەدەرن زۆربەی خەڵک لە دوای ٢٠٢٣/١٠/٧ گەیشتنە ئاستیبەدخۆراکی، فریاکەوتنی خۆراکی. WFP ڕایگەیاند کە نزیکەی هەموو دانیشتوانی غەزە (١٠٠%) ڕووبەڕووی کەمی خۆراکی توند بوونەتەوە و سەدان هەزار منداڵ لەژێرهەڕەشەن.

بارودۆخی ئابووری و بێکاری: بانقی جیهانی خەمڵاندی کەمبوونەوەی ئابووری: لە ٢٠٢٤دا GDPی ڕاستەقینەی غەزە/ناوچە فەلەستینییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر کەمبووەتەوە (کەمبوونەوەی گشتی GDP ~٢٦% لە هەموو ناوچە فەلەستینییەکان، غەزە زیاتر زیان بینیوە، بێکاری لە غەزە گەیشتە نزیکەی ٨٠% بەپێی هەندێ ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٤-٢٠٢٥).

هاتنی یارمەتییەکان (قەبارە و شێواز): پێویستییە ڕۆژانەییە زۆرەکان - نەتەوە یەکگرتوو و ڕێکخراوەکان پێشنیاریان کرد کە نزیکەی ٥٠٠-٧٠٠ بارهەڵگر (هەندێ جار دەگاتە ~٦٠٠-٧٠٠ بارهەڵگر/ڕۆژ) پێویستە بۆ دابینکردنی کەمترین پێویستییە سەرەکییەکان. هەروەها شەڕ و

سنورداركردنەكان ڕێژەی هاتنی یارمەتییەكانی زۆر كەم كردووەتەوە، لە هەندێ ماوەدا تەنها ١٤%ی پێویستییەكان دەگاتە ناوەوە. هەروەها لە مانگەكانی كۆتایی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥دا، چەند جارێک سنورەكان بە تەواوی داخران (هاتنی یارمەتی و سوتەمەنییش ڕێگیرا).

1) ژمارەی كوژراوان (كۆی گشتی - مەودا و جیاوازییەكان)

- وەزارەتی تەندروستی غەزە (ژمارەی نوێكراو): زیاتر لە 61,000 كەس كۆتا هەتا ئابی 2025 (ژمارەكە ڕۆژانە دەگۆڕێت).

- ڕاپۆرتی OCHA (وەكو نموونە: ڕاپۆرتی بارودۆخ 3ی كانوونی یەكەمی 2024): نزیكەی 40,717 كەس تا 7ی تشرینی یەكەمی 2024:

- 16,735 پیاو - 7,216 ژن - 13,319 منداڵ - 3,447 بەتەمەن (سەرچاوە: وەزارەتی تەندروستی غەزە لە ڕاپۆرتی OCHA).

- زیاتر لە 10,000 كەس ونبوون/لە ژێر پاشماوەكاندا.

- توێژینەوەیەكی سەربەخۆ (لە Nature بڵاوكراوە): نزیكەی **84,000 كەس لە تشرینی یەكەمی 2023 تا سەرەتای كانوونی دووەمی 2025 كوژران

2) دابەشكردن بەپێی پۆل (ژنان - منداڵان - بەتەمەنان)

- نموونە لە OCHA (3ی كانوونی یەكەمی 2024):

7,216 ژن - 13,319 منداڵ - 3,447 بەتەمەن (لە كۆی ژمارەی كوژراوان).

3) برینداران

- ژمارەی گشتی برینداران: زیاتر لە 150,000 كەس تا كۆتایی 2024 (سەرچاوە: وەزارەتی تەندروستی غەزە و OCHA).

4) ونبوون/لە ژێر پاشماوەكان

- زیاتر لە 10,000 كەس تا كانوونی یەكەمی 2024 (سەرچاوە: OCHA).

5) پەككەوتووی نوێ (بەهۆی شەڕەوە)

- نزیکەی هەزاران حاڵەتی پەککەوتووی هەمیشەیی (سەرچاوە: ڕاپۆرتە پزیشکییەکان).

6) نەخۆشی درێژخایەن و پێویستی بە دەرمان

- نزیکەی 350,000کەس ، نزیکەی یەک لەسەرحەوتی دانیشتوانی غەزە ، نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە ناتوانن دەرمان وەربگرن (سەرچاوە: The Lancet).وهەڕەشەی مردنیان لەسەرە .

7) قوتابخانەکان و خوێندکاران

- قوتابخانە زیانلێکەوتووەکان:

- زیاتر لە 200 قوتابخانە (40%) لە سەرەتادا (سەرچاوە: یونسکۆ).

- 87-95% قوتابخانەکان وێرانەن (سەرچاوە: یونسێف).

- خوێندکاران سەدان هەزارمنداڵ خوێندنیان وەستا (سەرچاوە: یونسێف/UNRWA).

8) مزگەوت/کەنیسە/پەناگە/شوێنە گشتییەکان

- تێکشکانی بەرفراوان(سەرچاوە: وێنەی مانگە دەستکردەکان، World Bank RDNA).

ژمارەی مزگەوتەکان لەغەزەلەساڵی ٢٠٢١ز دا ١٢٣٠ مزگەوت بوو کە ئێستا ٩٥٨ مزگەوتیان ڕوخاون واتە لەسەداهەشتای مزگەوتەکان ڕوخاون .

سێ کەنیسە لەغەزەهەبوون هەرسێکیان بەتەوەوی ڕوخاون .

لەکۆی ٥٦٤ قوتابخانە لەغەزە ٤٩٤ قوتابخانە ڕوخاوە واتە لەسەدا ٨٨ی قوتابخانەکان ڕوخاون.

١٢ زانکۆ لەکەرتی غەزە هەبوون هەموویان وێران کراون .

9) کارەبا/ئینتەرنێت/سوتەمەنی

- کارەبا: 94% نەخۆشخانەکان زیانیان بینوەو پچڕاون (سەرچاوە: WHO).

- ئینتەرنێت: بەردەوام ڕەوانەبوون

بەپێی لێدوانی ئاژانسەکان مایکرۆسۆفت بەهەماهەنگی دەزگای هەواڵگری جو ٢٠٠ملیۆن کاتژمێرئاخاوتنی فەلەستینیەکانی تائێستا تۆمارکردوە.دیارەئەوتۆمارەدەنگیانە لەسەرەتای ٢٠٢٤تائێستا بەرهەمی ئەوهەموورەشەکوژی وجینۆساید وبرسیکردنەبووە.

- سوتەمەنی: زۆرسنوردارە

10) ئاو و پاککردنەوە

- تۆڕی ئاو: کەمتر لە 5%ی توانای پێشوو

واتە٩٥٪ لەکارکەوتوە

11) کەمی خۆراک

- زیاتر لە 320,000 منداڵی ژێر ٥ ساڵ مەترسی مردنیان هەیە و یەک لەسەرسێی دانیشتوانی غەزە برسین

12) کۆی زیانە ئابوورییەکان

- زیانی ژێرخان: دەیان ملیار دۆلار.

جیاوازییە سەرەکییەکان پێش و پاش 2023/10/7 (چەند ژمارەیەک)

بەکورتی ژمارەی مردوان ٨٤هەزارە ، ڕێژەی ئاوارەبوون لەسەدانەوەتە .لەسەدانەودوپێنجی قوتابخانەکان خوێندنیان ڕاگرتووە .لەسەدا نەوەدوچواری نەخۆشخانەکان لەکارکەوتون

قەیرانی فەلەستین و مل ملانێی نێوان جولەکەو مەسیحیەکان و مسوڵمانان لە ڕوانگەی جهانبینی ونەخشە ڕێگای تەوڕات وتلمود وئینجیلەوە.

زۆرێک لە پاپاوقەشەو زانایانی جولەکەو مەسیحی ئەودەقەی کەلە سفری تکوین ئیسحاحی دووەم داهاتووە کە "خوا لەڕۆژی حەوتەم لە دروستکردنی جهان بۆوەو پشوی دا"

بۆیەئەوانیش پێیان وابووە کە ماوەی مانەوەی جهانیش لەئادەمەوە تاکو بەرپابوونی قیامەت ٧٠٠٠ساڵ دەبێ کەشەش هەزارساڵ پێش هەزارەی مەسیحی کۆتایی دەبێ وهەزارساڵیش بۆدوای گەڕانەوەی مەسیح دەبێ کەلەسفری یۆحەنا ئاماژەی پێکراوە.جاوەک لەمەزموری چوار ئیسحاحی ٩٠هاتووە کە ڕۆژەکانی پەروەردگارهەزارساڵن .

بۆیەهەرلە دێرزەمانەوە ئەم شیکردنەوە کراوە :

لەتلمودی بابلی ، سنهدرێن ۹۷داهاتووە که ماوەی جیهان ٦هەزارساڵ دەبێ کەلەوماوەخوامێژووی گەلەکەی دەنوسێ ، کە دووهەزاریان سەرگەردانی وبێسەرەوبەرەییە ، واتە دووهەزاری پێش تەورات ، وەدووهەزاریش سەردەمی تەوراتە وە دووهەزاریش سەردەمی مەسیحە ، دوای ئەوشەش هەزارساڵە هەزارەی پاشای ئەلفی دێ .ئەم پێزانینەش چەندین کەسایەتی وژێدەر ئاماژەیان پێکردوە وگوتویانە ماوەی جیهان حەوت هەزارساڵە

هەرچەندە بنچینەی هاتنی قوستەنتین بۆناو مەسیحیەت یەکخستنی هەردوو بەشی ئیمپراتۆری ڕۆمانی ڕۆمای لاتینی و یۆنان بوو بەڵام ئەم خەونە بەتەواوی بەدینەهات و جیاوازیە کەنەسیەکانی مەسیحیش هۆکار بوون بۆ دابەش بوونی ماڵی مەسیحی لەنێوان قوستەنتینیەی بێزەنتی ورۆمای کاسۆلیک هەرلە ساڵی ١٠٥٤ز .

نەسرانیەکان سێ جۆری تەوراتیان لەبەردەستە کە هەریەکەیان سەرژمێری لەوەی تر جیایە بەم شێوەی خوارەوە .

١-تەوراتی ئەرسدۆکسەکان :

کەنیسەی بێزەنتی ئەرسدۆکسەکان باوەڕیان بە ڕۆژمێری دروستکردنی جیهان بەناوی (Anno Mundi)هەیە لەم ڕۆژژمێرەدا ئادەم لەساڵی5509 پ.ز دروستکراوەوهاتۆتە سەرزەوی بۆیە بەپێی ئەم ڕۆژژمێرە هەزارەی حەوتەم لەساڵی 1492ز دەستی پێکردوە لەسەدەی پازدە .

کەواتە ئەرسدۆکسەکان بەدرێژایی ساڵانی

(670زتاکو ساڵی 1453ز) کەخۆڕاربوون بەرامبەر ئەو هەموو هێرشانەی دەکرانە سەر قوستەنتینیە ئەم خەونە وپێشبینیە ئاینیە وزەو وورەی پێدەدان کەئەوان پێیان وابوو چونەناوهەزارەی حەوتەم وهاتنی یارمەتی خوایی ، وەپێیان وابوو کە ئەم گەمارۆیەی ئەوسەدان ساڵە سزایەکی کاتیە بۆگەڕانەوەوزیاترپابەندبوونی ئەسدۆکسیەکان بەدینەکەیان ، بەڵام پێشیان وابوو کەدەبێ پێش هاتنی هەزارەی حەوتەم جۆرێک لەڕوخان و ژێردەستی بەسەرجیهانی مەسیحی بێ تا کە مەسیح هات جیهانی مەسیحی پێویستیان بە مەسیح بێ .ئەم پێشگۆیەشیان لەخەونەکانی دانیال پێشگۆیی لیۆی حەکیم وەرگرتبوو.

هەزارەی شەشەم بۆ حەوتەم لای ئەرسدۆکسیەکان سەردەمی باڵادەستی مەلەکوتی خوا دادەنرێ و پێویستی بە بوونی دەسەڵاتی پەیڕەوانی مەسیح نەبوو بەڵکو ئەرسۆدۆکسیەکان پێیان وابوو کە دەبێ لەکاتی هاتنی دەسەڵاتی پاشا مەلەکوتی هەزارەی حەوتەم چەوساوەوژێردەست بن ئەم خاڵەبوو یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی دا کەبە چل ساڵ پێش هاتنی هەزارەی حەوتەم دەست بەسەرقوستەنتینیەدابگرن.

٢-تەوراتی کاسۆلیکەکان :

کەبە سەرژمێری تەوراتی کاسۆلیکەکان لەئادەم علیه السلامەوە تائێستا بژمێرین ئێستاساڵی ٢٠٢٥ز دەبێتە ساڵی ٦١٩٠ی ئادەمی.

بەمەش تێدەگەین کە جیهان لە١٨٣٥ز لەهەزارەی حەوتەمدایە ، بۆیە زۆر لە لە نووسەر و بیرمەندەکانی ڕۆژئاوا ئاماژەیان بەوەدا کە هەزارەی حەوتەمی مێژووی جیهان (بە پێی هەژماری ڕەمزی کە یەک ڕۆژ لای خودا وەک هەزار ساڵە) لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمی زایینیدا دەستی پێکردووە. هەندێکیان ئەم کاتەیان بە نزیکەی ساڵانی ١٨٣٠-١٨٤٠ قەبڵاندوە و ڕایانگەیاندووە کە هێرشەکانی ناپلیۆن (١٧٩٨-١٨١٥) نیشانەی کۆتایی هەزارەی شەشەم و دەستپێکی چوونە ناو هەزارەی حەوتەم بووە.

لەوانیش :

١. نووسەرە مەسیحییەکان وەک ئێدوارد ئیرڤین(١٧٩٢-١٨٣٤)قەشەیەکی سکۆتلەندی بوو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم. یەکێک بوو لە وێشەنگانەی کە پێشبینی نێوان ڕووداوەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و دەستپێکی "کۆتایی کاتەکان"ی کرد.

لەوتارێکدا دەڵێ: "نزیک دەبینەوە لە کۆتایی شەش هەزار ساڵی مێژووی مرۆڤ، و چوونە ناو هەزارەی پشوودان، کە دەکرێت دەستپێکی ئەم ئەلفیە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بێت."_

- ویلیام میلەر(1782-1849)

دامەزرێنەری ڕێبازی ئەدڤێنتیست . ئەویێ وابوو کەلە نێوان ساڵانی ١٨٤٣-١٨٤٤ز مەسیح دەگەڕێتەوە ،بە پشت بەستن بە ڕوونکردنەوەی ڕەمزی کتێبی پیرۆز. پێیوابوو جیهان نزیکەی ٤٠٠٠ ساڵ پێش زایین دروست بووە، و ئێمە لە قۆناغی گواستنەوەداین بۆ هەزارەی حەوتەم..

-قەشە مەکاریۆسی ئیسکەندەری (مەسیحی ئۆرسۆدۆکس(٣٠٠-٣٩١ز)):

لە ڕوونکردنەوە ڕەمزیەکانی پێشبینییەکانی ڕۆیای یوحەننا، ئاماژەی بەوەدا کە سەردەمی ناپلیۆن پشێویەکی جیهانی بوو کە ڕێگای بۆ چوونە ناو هەزارەی حەوتەم کردەوە.

ڕابی ئیلیاهو ڤیداس(١٥١٨-١٥٩٩) لە وتارێک دەڵێ:

_"کاتژمێری شەشەمی ڕۆژی خودایی لە ساڵی ٥٦٠٠ (١٨٣٩ی زایینی) دەستی پێدەکا، کە دەستپێکی هەزارەی حەوتەمە لە ڕووی کاتەوە."

بەڵام هەندێک ڕوونکردنەوە دەڵێن:

ئەگەر هەندێک ساڵی "ئاڵۆزی" لە نێوان ئادەم و ئیبراهیم زیاد بکەین، دەکرێت هەزارەی حەوتەم لە نێوان ١٨٣٥-١٨٤٤ی زایینی دەستپێکی هەزارەی حەوتەم بوو.

نموونە:

- ئەلێکساندەر کیت (١٧٩١-١٨٨٠) لە کتێبەکەی _"نیشانەکانی کاتەکان" لە (١٨٣٢) نووسیویەتی:

_"کەوتنی ڕۆمای ئایینی، و هێرشەکانی کە شانشینە پاپاییەکانیان تێکشکاند، لەگەڵ ناپلیۆن دەستی پێکرد، کە بەشێکە لە ڕێکخستنی کۆتایی هەزارەی شەشەم "

بەم ڕونکردنەوەبۆمان دەردەکەوێ کە ئەوڕەوتەی پلانەکان دادەنێ وڕووداوەکان دەجولێنێ مەسیحیەکانن نەک جولەکەکان ، مەسیحیەکانیش ڕایان جیایە ،کاسۆلیک و ئەرسدۆکس وقەبالیە جولەکەکان کەپێیان وابووە لەسەدەی نۆزدەدەوە لەهەزارەی حەوتەمن هەرئەوەش فەڕەنساوئیسپانیاوپرتوگالی کاسۆلیکی هانداوە بۆچڕکردنەوەی هەوڵەکانیان لەوکاتەوە.

بۆیە دەبینین کاسۆلیکەکان بەسێ سەد ساڵ پێش هاتنی ئەلفیەی حەوتەم بە پێی تەوراتەکەی کاسۆلیک .دەوڵەتە مەزهەب کاسۆلیکەکانی وەک ئیسپانیاوفەڕەنساوپرتوگال هەوڵە ئیستعماریەکانیان زۆر چڕکردۆتەوە وەک خۆئامادەکردنێک بۆ چوونەناوهەزارەی حەوتەم کەلەم هەولانەداخۆی دەبینێتەوە .

جهانی کاسۆلیکی کەبەدرێژایی دەیان سەدە سەرکێشی جهانی مەسیحی بوون دوای هاتنی ئیسلام خۆیان لە ڕوبەرێکی کەم لە ئەوروپا

خزاند . بەڵام کەوتنی ئەرسۆدۆکسەکان وقوستەنتینیە وهەرەسهێنان وڕاست دەرنەچونی خەونەکەی ئەوان لەبارەی هەزارەی حەوتەم گوڕوتینێکی زۆری دایە کاسۆلیکەکان کەدڵیان بە خەونەکەی خۆیان خۆش بێ و هیچ گومانێکیان لە ڕۆژژمێرە ئاینیەکەیان نەمێنێ ، هەربۆیە کاسۆلیکەکان لەوساڵەی کەهەزارەی حەوتەمی ئەرسۆدۆکسەکان دەستی پێدەکرد ئەوان لەوساڵەی ١٤٩٢زدووکیشوەری زەبەلاحیان دۆزیەوە کەڕوبەری لەسەداسی ووشکانی پێک دێنن و چوارجار هێندەی کیشوەری ئەوروپان ، کاسۆلیکەکان بەپێچەوانەی ئەرسدۆکسەکان باوەڕیان بەوەنەبوو کەدەبێ هەزارەی حەوتەم بەژێردەستی مەسیحیەکان دەست پێبکا بەڵکو بەپێچەوانەوە باوەڕیان بەوەبوو دەبێ پێش هاتنی هەزارەی حەوتەم دەسەڵاتیان بەسەرهەموو جهانداهەبێ.

هەربۆیە لەسەدەکانی ١٥و ١٦ز پرتوگالیەکان سەرکێشی دەریاوانی جهان بوون وهەرلە کەناراوەکانی ئەفریقیا تا بەرازیل لەژێرکۆنترۆڵیان بوو هەرلە هندستان تا مۆزەمبیق قافڵەی بازرگانی وهەژمونی ئەوان بوو . قافڵەکانیان هەم بازرگانی وهەم سەربازی وهەواڵگری وهەم مەزهەبی کنیسەی کاسۆلیکی بوون .

دوای پرتوگالیەکان ئیسپانیەکانیش لەم بوارە چالاک بوون ، کیشوەری ئەمریکا بەمۆری پاپا لەسەر ئیسپانیاو پرتوگال دابەشکرا ، کەنیسە مافی کوشت وبڕ وجینۆسایدی سەدان ملیۆن لەدانیشتوانی ئەوکیشوەرەی وەک ئەرکێکی ئاینی دایە ئیسپان وپرتوگال وئەم دەسکەوتەشی بە خەڵاتی پێش هاتنی هەزارەی حەوتەم هەربۆیە خوائەوانی هەڵبژاردوەوئەوخەڵاتەی نەداوە بەهیچ شارستانی وگەلێکی تر وبۆئەوانی شاردۆتەوە .بەم شێوە سێ ژیارودەوڵەت وشارستانی وئاینی مایا وئالانکا وئەزتیك جینۆسایدکران ، وەبەدرێژایی سەدەکانی 17 و18ز

مەزهەبی کاسۆلیکی لەوزەویە نوێیانە بڵاوکرایەوە ، فەرەنسای کاسۆلیکیش وەک هێزی سێیەم دوای پرتوگال و ئیسپانیا لەکەنەدا دەسەڵاتی گرتەدەست وفەرەنسا هەرلە هندستان ودەریای کاریبی تائەفریقیای رۆژئاوا تا باکوری ئەمریکا دەسەڵاتی ووشکانی ودەریایی هەبوو ، لەوماوەشدا سەدان رێکخراوی تەبشیری و مژدەدەری بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی کاسۆلیک لەناو ئەو وڵاتەداگیرکراوانە دامەزران و هەرلەداهاتی ئەو وڵاتانە پارەیەکی خەیاڵی بۆوچالاکیە مژدەدەریە کاسۆلیکیانە لەسەرحسابی خەڵکی بەش مەینەتی ئەو وڵاتانە خەرج دەکرا.

رەوتی چوارەمی کاسۆلیکی ئیتالیەکان بوون کە زۆربەی نێردە دینیەکان لەوان بوون .ئەم دەوڵەتانە لەوماوەدا زمانەکانی ئیسپانی و پرتوگالی وفەرەنسیان بەگشت جیهانی نوێدا بڵاوکردەوە ،بەرهەمی ئەوانەیەکەئێستا پێنج سەد ملیۆنی ئەمریکای لاتین یان ئیسپانین یان پرتوگال .

هەڵبەت باس لەوەدەکرێ کە پرتوگالیەکان لەساڵی ١٦٥٥ باسی دروستکردنی وڵاتێکی جولەکەیان لەیەکێ لە موستەعمەرەکان کردوە ، دواتر کە ناپلیۆن لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهات بۆگرتنی میسرو فەلەستین هەرلەچوارچێوەی ئەو هەوڵانە بوو کەدەیانەویست بەدەسەڵاتەوە بچنە هەزارەی حەوتەم .

بەڵام کە ساڵی١٨٣٥ ز هات وهیچ نیشانەیەکی مەلەکوتی ئاسمانی لەگەڵ خۆی بۆ کاسۆلیک نەهێنا ،ئیمپراتۆرەکاسۆلیکەکان وردەوردە پوکانەوەو موستەعمەرەکانیان وردەوردە سەربەخۆییان وەرگرت یان بوونە موستەعمەرەی وڵاتە پرۆتستانتەکانی وەک هۆڵنداوبەریتانیاوئەڵمانیا .

کاتێ خەونی ئاینی کاسۆلیکەکانیش گەیشتە کۆتایی چەندین رەوتی عەلمانی و بێ هودەیی وعەبەسی لەجیهانی کاسۆلیکی و موستەعمەرەکانیان دەرکەوت وهەم دەسەڵاتی سیاسی وهەم کۆمەڵگاکان بەرەوپوکانەوە رۆیشتن و مەیدانی سیاسەت وستراتیژی شارستانیان بۆ پرۆتستانتەکان بەجێهێشت .

پرۆتستانتەکان شۆڕشی پیشەسازیشیان زیادکرد بۆ هەڵمەتەکانیان .

٣-تەوراتی پرۆتستانتەکان :

بە پێی زۆرێک لە پەیرەوە ئینجیلییەکان:

- دروستبوونی جیهان لە ساڵی ٤٠٠٤ پێش زایین بووە (بە پێی هەژماری ئەسقەف جەیمس ئوشەر (1581 - 1656)

- هەزارەی شەشەم لە نزیکەی ١٩٩٦ ی زایینی کۆتایی دێت.

هەڵبەت کاتێ بەهۆیی ئەم خەونە ئاینیە پرۆتستانتەکان جێگای کاسۆلیکیان گرتەوە لەوبوارەش بەریتانیاوپاشان هۆڵندەوئەڵمانیا و وڵاتانی ئەسکەندەنافی سەرکێش بوون بەتایبەتی بەریتانیا کە میراتگری ئەورووپای کاسۆلیک بوو .

بەدرێژیی سەدەی نۆزدەم وبیستەم .

ئەڵمانیەکان لە پسمارکەوە تاهیتلەر ئەم خەونە ئاینیە بە نازیەت ورەگەزپەرستی تێگەیشبوون و پێیان وابوو کە زاڵبوونیان لەجیهاندا حەتمیەو ویست وبڕیاری خوای لەسەرە، ئەوان هاتنی مەسیحی ڕزگارکەریان بە هاتنی ڕەچەڵەکی ئاری لێکدەدایەوە کەدەتوانێ هەموو ڕەچەڵەکەکانی ترلەناوبباوتەنهاخۆی لەهەزارەی حەوتەم دەمێنێ ، بۆیە لە ماوەی سەدەونیوێکدا بوونە هۆی جۆرێک لە پاشەکشەی خەونەکە لای بەشێکی گرنگ لە پرۆتستانتەکان

بەڵام ئینجیلیە پرۆتستانتەکانی ئەمریکاوبەریتانیابەجۆرێکی تر خۆیان بۆ چوونەناو هەزارەی حەوتەم ئامادەکرد، کەجیهانبینیەکی فراوانتربوو ،بازنەکەیان گەورەکرد وجولەکە و زۆر کەمینەی تری وەک قادیانی وبەهائی و ئاینزا مەسیحیەکانی تریشیان بەکارهێنان وبگرەزۆرنەتەوەو ڕەچەڵەک وکەسایەتی ئیسلامیشیان بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان بەکارهێنان وە شێخەکانی کەنداوو شاکانی میسر ومەغریب و شەریفەکانی حجاز و سەرانی تورکیاوپاکستان ، بۆیە توانیان تاکۆتایی بمێننەوە ..

تەنانەت دوای هاتنی هەزارەی حەوتەمی پرۆتستانتیش ئەمریکاو بەریتانیاوزایۆنزمەکانی وەک نەتەنیاهۆو ئەریەل شارۆن لەوکاتەوە هەوڵەکانیان چڕکردەوە وشارۆن لەساڵی ٢٠٠٠ز هاتە ناوحەرەمی قودس بەڵام بە ڕاپەڕینی دووەمی ئەقسا وڵامی درایەوە.

ئەم تێڕوانینە گرێدانی ئاینبینیە بەڕەوتی ژیارەکانەوە ، چونکە هەموو ژیارێک دەبێ بۆئەوەی بەردەوام بێ خەونێکی هەبێ .

بۆیە دەبینین هەژمونی هەریەک لە مەزهەبە کریستیانەکان لەژیارودەسەڵات گرێدرابوو بەتێڕوانینیان بۆ هەزارەی حەوتەم ، چونکە بوونی ئەو خەونە هیوابۆکۆمەڵگادروست دەکا وئامانجێکی پیرۆزی لەپێش دادەنێ و کۆمەڵگاهەست بەتاوانەکانی شارستانی و دەسەڵات ناکا مادام ئەو ئامانجە ڕوحیە پاکانەی بە دەروون و ویژدان دەبەخشێ ، بەڵام کاتێ ئەوسەردەمەدێ و هیچ لەوئامانجە بەدی نایە ئەوکاتە کۆمەڵگاتوشی داڕوخان وبێهیوابوون دەبێ ودەست بەداڕوخان دەکا.

کەواتە پرۆتستانتەکانیش کە پێیان وابوو جیهان

ساڵی4004 پ ز دروست بووەو ساڵی ١٩٩٦ کەساڵی دەستپێکی هەزارەی حەوتەمیان بوو بەڵام ئەو مەلەکوتە ئاسمانیە نەهات کەچاوەڕێی بوون ، بۆیە دوورنیە بەریتانیاوئەمریکاش لەچەندساڵی ڕابردوو وەک کاسۆلیکەکان هەژمونیان پاشەکشەبکا

بەڵێ پرۆتستانتەکان کە تێڕوانینی ئینجیلی ئەسقوفی ئێرلەندا جیمس آشر یان بەکارهێنا کەدەڵێ ئادەم 4004 پ ز پەیدابوو وەدەبوو بەوحسابە

4004 پ ز + 6000 = 1996ز بەڵام لەومێژووە هیچ ڕووی نەدا کەدەگوترادەبێ پێش ئەو مێژووە جەنگی هەرمجدۆن و ڕافڕاندن "الاختطاف" (Rapture) ڕووبدا کەچی هیچ ڕووی نەدا، بەڵام پرۆستانتەکان ئەم جارە بەبێدەنگی پێشوازیان لە بێ ئومێدیەکەیان کرد ،

لەگەڵ نەهاتنەدی خەونی پرۆتستانتەکان لەوکاتە

پرۆتستانتەکانیش وەک ئەمریکاوبەریتانیاو ئەڵمانیا و وڵاتە ئەسکەندەنافیەکان توشی هەمان بێئومێدی بوون .

لەئەمریکا ڕەوتە ئیلحادیەکان وعەبەسەکان لەهەڵکشاندان درزی نێوان ڕاستڕەوەکان و پێشکەوتوەکان فراوانتربووە و هەستی ئاینی لەپاشەکشەدایە ئینجیلیەکان لەئەمریکا بەهۆی تێشکانە یەک لەدوای یەکەکانیانلەڤێتنام وئەفغانستان وعیراق متمانەیان بەبەهاکانیان نەماوە ویێیان وایە سەرکەوتن خەونێکی مەحاڵە.

بەریتانیەکان لەیەکێتی ئەوروپاودراوی یەکگرتو دەرچون چونکە باوەڕیان بە کاری کیشوەری نەماوە وجۆرێک لەدابڕان وخۆبەرکەنارکردن وکەم بونەوەی هەژمون پەیڕەودەکەن.

کەنیسەی ئەنگلیکانی ڕۆژبەڕۆژ لەپاشەکشەدایە ،ڕەوتە جەندەروڕەگەزخواز و دژەئاینیەکان ڕۆژبەڕۆژ لەهەڵکشاندان.

لەئەوروپابەگشتی پرۆتستانت خەریکە لەمۆزەخانەخانەنشین دەبێ ،بۆیە کۆمەڵگا وەک کارگە حەزی لەزاووزێی زۆر نەماوەو ژمارەی لەدایک بووان لەپاشەکشەدایە وکۆمەڵگا بەرەوپیری وخاووخلیسکی دەچێ.

هەمان حاڵەتی کاسۆلیک دوای ١٨٣٥ز و ئەرسدۆکس دوای ١٤٩٢ز بە پرۆتستانی ئەم ڕۆ وە دیارە . هەرچەندە کەنیسەی پرۆتستانت وەک لای کاسۆلیک و ئەسرۆدۆکس بەبایەخ نەبوو بەڵام کەلێنێکی گەورەشی جێهێشتووە .

ئەگەرخەونێکی ئاینی بۆ مەسیحیەت دروست نەکرێ ، هەڵکشانی ئیلحاد وعەلمانیەت و چین وهندستان وڕوسیا ویابان ووڵاتە ئیسلامیەکان ... دەرەنجامی پاشەکشەی پرۆتستانتەکانە

٤-ساڵژمێری تلمودی سەنهەدرێن لای جولەکەکان :

پرۆتستانتەکان بوونە دوو ڕەوتی دژبەیەک بۆهێناندی خەونەکەیان وچونە ناوهەزارەی حەوتەم ، ئەڵمانیەکان هەرچەند زۆرکەس پێیان وایە لە ڕق بوونیان لەجولەکە هۆلۆکۆستیان سازکرد ،بەڵام لەڕاستیدا هۆلۆکۆست لەبەرژەوەندی جولەکەبوو چونکە کەهۆڵۆکۆست نەبوایە جولەکە نەدەبوونە خاوەن قەوارەی ئیسرائیل ، چونکە کۆچکردنی جولەکەکان لەئەوروپا زۆر خاو بەڕێوەدەچوو ، وەدروستکردنی قەوارەیەکی جولەکە لە جولەکە ڕۆژهەڵاتیەکان لای ئەورویپەکان هیچ جێی متمانەوئومێدنەبوو بۆیە جەنگی دوەمی جیهان

ودەستبەسەراگرتنی ئەوروپالەلایەن هیتلەر وناچارکردنی جولەکەکانی ئەوروپا بە کۆچکردن بۆ فەلەستین هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەمریکاوبەریتانیا کە ئەوقەوارە لە ئیسرائیل دروستکەن کە ئەوان دەیانەوێ .

بۆیە بەڵێنی بەلفۆڕ لەساڵی١٩١٧تاکو ١٩٤٨ ز مایەوە ،تاهیتلەر جولەکە ئەوروپیەکانی لە فەلەستین لەساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٥ کۆکردەوە دواتر دەوڵەتی جولەکە لەساڵی ١٩٤٨ ڕاگەیەنرا.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی قەوارەکە ،بەشێک لەپێشگۆیەئاینیەکانی حزقیال هاتنەدی وئەم ودیهاتنەو سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی ئیسرائیل بەسەر عەرەبەکاندا لەساڵانی ١٩٤٨ و١٩٥٦ و١٩٦٧ و١٩٨٢ز وای کرد کە ئەوروپای ڕۆژئاوا وئەمریکا بتوانن خۆبگرن لەبەردەم فراوانبوونی خێرای کۆمۆنیزم کەزۆربەی جیهانی کاسۆلیکەکان (ئەمریکای لاتین)و ئەرسدۆکسەکان (ڕوسیاو ئەوروپای ڕۆژهەڵات)بەڵام نەی توانی بەسەر پرۆتستانتەکاندا سەرکەوێ چونکە ئەوان هێشتا خەونی ئاینیان هەبوو ،وە تەنانەت دامەزراوەکانی ئەرسدۆکس وکاسۆلیکیش بووبوونە دودامەزراوەی پاشکۆی هەژمونی پرۆتستانتی و هاوپەیمان لەگەڵ ئیسرائیل وخەونی پرۆتستانتەکان.

هەرچەندە بەهاتنی ساڵی دووهەزار مەلەکوتی ئاسمانی پرۆتستانت نەهات بەڵام بە توانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات و پەیمانی وارشۆو لاچونی دیواری بەرلین زۆر گەشبین بوون .

وە خەونی خۆیان لەگەڵ خەونی جولەکە تلمودیەکان لێکدا وبۆیەکەم جار خەونێکی دەرەوەی تەوراتوکتێبی پیرۆز بووبە خەونی بەشێکی گرنگ لە مەسیحیەکان کە پرۆتستانتە ئەمریکیەکانن .

پرۆتستانتەکان هاتنەوەی مەسیحیان گرێدا بە بنیاتنانەوەی ئیسرائیل لەسەر گردی زایۆن کەپێ دەڵێن گردی پەروەردگار (جبل الرب)بەتایبەتیش دوای بەهەڵەوبێبنەمادەرچونی هەرسێ بەڵێنەکەی سێ نوسخەکانی تەوراتی مەسیحیەکان کە لەساڵانی (1492، 1835، 1996ز) هیچیان نەهاتنەدی بۆیە دەبوو جیهانی پرۆتسانت بۆ بەردەوامی ژیارەکەیان خەونێکی ئاینی دیکە بدۆزنەوە ،چونکە ساڵی دوو هەزار تێپەڕی وکەچی هێشتا (جبل الرب) نەهەیکەلی لەسەربوو ، نەهەرمجدۆن ڕویدا وەک ئەوان پێشبینیان دەکرد ، بۆیە هاتن ساڵنامەیەکی جولەکە تلمودیەکانیان کردە خەونی مناوەی ژیارەکەیان ،کەئەو دەقە عبریەکەیەتی :

نص النبوءة – التلمود البابلي، سنهدرين 97 أ:

" תנא דבי אליהו: ששת אלפים שנה הוי העולם, שני אלפים תוהו, שני אלפים תורה, ושני אלפים ימות המשיח, ובעוונותינו הרבים יצאו מה שיצאו."

واتە : ماڵی ئیلیا گوتی :تەمەنی جیهان شەش هەزارساڵ دەخایەنێ ، دوو ساڵ بۆ بێسەرەوبەرەیی ،ودووهەزار بۆ تورات ،ودووهەزار بۆ مەسیح ، کەبەهۆی تاوانەکانمانەوە ئاوا دواکەوت "

ڕاڤەی ئەم دەقە واکراوە کەلە دروستکردنی ئادەم لەم ساڵ ژمێری تلمودیە لەساڵی3761 پ ز دەست پێدەکا دووهەزارساڵ لەئادەم بۆ ئیبراهیم فەوزاوێ سەرەوبەرەییە (תוהו) لە (3761 پ ز-1761پ ز)کەواتە ئەم ساڵ ژمێرە سەرەتا یان کۆتایی ئیبراهیم علیه السلام بە ١٧٦١ پ ز دیاری دەکا.

وە دووهەزارساڵ بۆ تەوڕات کەلە سەردەمی ئیبراهیم علیه السلام تا دەرکەوتنی مەشناکەلە ١٧٦١ پ ز-٢٣٩ ز ، مەشنا کتێبێکە کەیەکێک لە زانایانی جولەکە بەناوی یەهوداناسی لەساڵی ٢٠٠ز تەواوی کردووە ، دوای ئەو تلمود تۆمارکراوە ،بەڵام تلمودی سەرزارەکی وەک گێڕدراوە لەسەردەمی موساوە علیه السلام گوتراوە یەکەم ئەنجومەنی باڵای سەنهەدرێنیش کە موساحەفتاپیاوەکەی لە بنەماڵەکانی ئیسرائیل هەڵ بژارد، ئیدی بەنوئیسرائیل لە کاتی دوورخرانەوەشیان ئەم نەریتەیان هەرپاراست ولەبابلیش ئەنجومەنی باڵا(سنهدرێن)یان هەبووە ، لەدوای دامەزراندنی ئیسرائیلیش لەساڵی ٢٠٠٤زاینی لەگەورەحاخامەکانی ئیسرائیل مەجلیسی سەنهەدرێن پێک هێنرایەوە وکاری سەرەکیان چۆنێتی دروستکردنەوەی هەیکەلە ،بەڵام ئەم گوتانەی تلمود بەنەنوسراوی ماونەوە تا کەسێک بەناوی ڕەفا ڕاشی لە ساڵی٤٢٧ تلمودی تۆمار کرد وئەم تۆمارکردنە لەساڵی ٥٥٠ز تەواوبووە واتە تلمود بیست ساڵ پێش لەدایک بونی پێغەمبەرمان تەواو تۆمارکراوە .

دوو هەزارساڵەی کۆتایش لە ٢٣٩ ز تاکو ٢٢٣٩ز

بۆ مەسیح دانراوە هەڵبەت ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەرجولەکە لەوەی مەسیحی کوڕی مەریەم علیه السلام پێغەمبەربووە ئەگەرچی پەیڕەوانی تلمود باوەڕیان پێنەهێناوە.

کەواتە ساڵی ٢٢٣٩ وسەرەتای ٢٢٤٠ مرۆڤایەتی بەم ساڵژمێری تلمودە دەچێتە هەزارەی حەوتەم واتە دوای ٢١٥ ساڵی تر لەمەودوا.

لەدوای ئەم شەش هەزارساڵە دەقەکەی تلمود دەڵێ دوای ئەوە هەزارساڵی ڕوخان و وێران بوون ومت بوونە وزەوی لە ژاوەژاوی مرۆڤ وزیندەوەران نەجاتی دەبێ وپشوودەدا وسەبت وس وشەممەیە ، (יום שכולו שבת סנהדרין ע״ז ע״א)

کەچی ئەم هەزارساڵە لە سفری یوحەنای کۆتا سفری ئینجیل بنیاتنانەوەو چونە ناومەلەکوتی خوایە.

هەرچۆنێک بێ سەرەتای هەزارەی حەوتەم لەتلمود کۆتایی هاتنی جیهانی زیندەگیەلەسەرزەوی بەڵام لەسفری یۆحەنای ئینجیل چونەناومەلەکوتی خوایە.

دوای ئەوەی دەقەکانی لای مەسیحی هەموو هەڵەدەرچوون ومەسیح علیه السلام لەهیچیان نەهاتەوە ئێستا جیهانی مەسیحی بەگشتی بەکاسۆلیک وپرۆتستانت وئەرسدۆکسەوە ناچارن چاوەڕێی ئەم پێشبینیە بکەن چونکە ئەوان هاتنەوەی مەسیح بەشێکی سەرەکیە لەبیروباوەڕیان ، مەسیحی بێ باوەڕبوون بەهاتنەوەی مەسیح نازانێ بەرێگاشدابڕوا ،بۆیە بێجگەلەباوەڕبوون پێی هیچ هەڵبژاردەی تریان نیە .

هەرئەم ناچاریەش وای لە وەلەوەکردوە کە جیهانی مەسیحی زۆربەیان هاوپەیمانی ئیسرائیل بن.

بەتایبەتیش کاتێ پرۆتساتنی ئەمریکی دەبینێ کە بەهۆی نزیکی وپەیوەندی ئەوان لەگەڵ ئیسرائیل ئەوانی بەباڵادەستی لەجیهانی مەسیحیدا هێشتۆتەوە بۆیە لەسەری سورتردەبن .

هەربۆیە جولەکەکان لە ڕاجیایی وسەرلێشێوانی مەسیحیەکان قازانجیان کردووە لەوکاتەوە بزاڤی زایۆنزمیان بەخەرجی کاسۆلیکەکان دروستکرد ودواتردەوڵەتیشیان بەخەرجی پرۆتستانت دروستکرد، ئێستاش دوای بەهەڵەچوونی هەردوو ساڵنامەی کاسۆلیک وپرۆستانتیەکان ، ئێستا دوای سی ساڵ لەبەهەڵە دەرچوونی هەردووساڵژمێری مەسیحیەکان ، هەردوو لایەنی کاسۆلیک وپرۆستانتیش زیاتر متمانەیان بەساڵژمێری عیبری هاتووەو هەوڵی ئەوەدەن بەهۆی خەونی جولەکەکان درێژە بەهەژمونی خۆیان بدەن چونکە جیهانی ڕۆژئاواهەرچەندە بانگەشەی سیکۆلاریش بکەن ناتوانن بەبێ خەونی ئاینی بژین .

هەربۆیە لاهوتیە ئینجیلیە پرۆستانتەکان بەتایبەتی لەئەمریکالەساڵانی ١٩٧٠ز زۆرگرنگی بەتەوراتی عیبری دەدەن وهەوڵدەدەن پەرستشەکان وجەژن وبۆنەکانیان بەپێی تەوراتی عیبری بێ ، لە کتێبی هۆشداری(الإنذار) قەشەی ئەمریکی جوناثان کاهن(١٩٦٩) (زایۆنی مەسیحی)کەپێی وایەتەنانەت یازدەی سپتەمبەریش نەفرەتێک بووبەهۆی ساردوسڕی پشتگیری ئەمریکا لەئیسرائیل بەئەمریکاکەوت ودەڵێ هەر کەمتەرخەمیەک لە پشتیوانی نەکردنی ئیسرائیل نەفرەتێکی خوایی دێنێ.

وە هەموو ڕوداوە لاهوتیەکانی جیهان بەپێی مێژووی ساڵنامەی عیبری ڕاڤەدەکا.

نەخشەڕێگای ئەم دووسەدو پازدەساڵە ی کۆتایی هەزارەی شەشەمی تلمودی لە ٢٠٢٥ز-٢٢٤٠ز لەڕوانگەی تەوراتەوە چۆن دابەشکراوە ؟

ۆمێنتی ئیسلام ودەقەکانی لەسەرئەم بابەتە:

لەم کتێبە لەوەوپێش ولەمەودواش باسی ئەم کردوە ، بەڵام لێرەش بۆ بیرهێنانەوە بەکورتی دەنوسم کە ئیسلام کۆمێنتی لەسەرئەم بۆچونەی جولەکەونەسر انی هەیە ، فەرمودەی کە ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوەبو دروستکردنی بونەوەران لە شەش ڕۆژەکە کەلەشەمەویەک شەممودوشەمە تا جومعە چ دروستکراوەو ئادەم لەدواسەعات دروستکراوە لەڕۆژی جومعە

أَخَذَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ بيَدِي فَقالَ: خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ التُّرْبَةَ يَومَ السَّبْتِ، وَخَلَقَ فِيهَا الجِبَالَ يَومَ الأحَدِ، وَخَلَقَ الشَّجَرَ يَومَ الاثْنَيْنِ، وَخَلَقَ المَكْرُوهَ يَومَ الثُّلَاثَاءِ، وَخَلَقَ النُّورَ يَومَ الأرْبِعَاءِ، وَبَثَّ فِيهَا الدَّوَابَّ يَومَ الخَمِيسِ، وَخَلَقَ آدَمَ عليه السَّلَامُ بَعْدَ العَصْرِ مِن يَومِ الجُمُعَةِ، في آخِرِ الخَلْقِ، في آخِرِ سَاعَةٍ مِن سَاعَاتِ الجُمُعَةِ، فِيما بيْنَ العَصْرِ إلى اللَّيْلِ.

المصدر : صحيح مسلم |المحدث : مسلم |الراوي : أبو هريرة

الصفحة أو الرقم:

کە ئادەم کۆتایی ڕۆژی جومعەوسەرەتای ڕۆژی شەممە ژیانی لەسەرزەوی دەستی پێکردبێت کەواتە لە شەش هەزارپ.ز دەستی پێکردوە کەهەزارەی یەکەم شەممەو هەزارەی دووەم کە شیس وئیدریسی تیابووە یەکشەم وهەزارەی سێیەم هەزارای نوح وتۆفان دووشەم وهەزارەی چوارەم هەزارەی سام وحام ویافس تاعابر سێ شەم وهەزارەی پێنجەم هەزارەی ئیبراهیم تاموسا چوارشەم وهەزارەی شەشەم داودوسلیمان تا زکریاومریم پێنج شەم ، لێرە شەش هەزارەکە تەواوبووەو هەزارەی حەوتەم کەجومعەیە سەرەتاکەی مەسیح وحەواریەکانن وناوەڕاستەکەی لەساڵی ٥٧١ز تا١٠٠٠ز پێغەمبەری ئیسلام محمد علیه السلام و سێ سەدە چاکەکانی ئیسلامن هەرلە ٦٠٠ز تا٩٠٠ز دواتریش سەدەی کۆتایی سەدەی پشێوی خاچ وفاتمی ودەرکوتنی حوکمڕانی گەلانی جگەلەعەرەبە .

هەزارەی هەشتەمیش واتێپەڕی کە لە١٠٠٠-٢٠٠٠ز لەم هەزارەدەتوانین ناوی بنێین هەزارەی تورک شەممە دەستی پێکردوە کەلەم هەزارە سلجوقیەکان لە١٠٣٧بوونە سەڵتەنەت ،ودووسەدە وزیاتریش حوکمیان کرد دواتر زەنگی وخوارزمی و مەغۆل و عوسمانی وممالیک وسەفەوی وقاجاری هەموو تورک بوون کەهەموو ئەوهەزارساڵە حوکمیان کرد .

لەجیهانی مەسیحیش سەرەتا لاتینیەکانی ئیتالی وڕۆمانی فرنجەو ئیسپان باڵادەست بوون کەتالوتیەکان لە ١٠٠٠-١٥٠٠کە لەدڵریای جیهانی کۆن پەڕینەوەوتالوت دەریاکەی پێدەربازکردن دواتر سەردەمی پرۆتستانت و ئینگلیکانیەکانە لە١٥٠٠-١٩٠٠بریتانیای داودیە کە خەلیفەی سەرزەوی بوو ،کۆتاکەشی ١٩٠٠-٢٠٠٠سلێمانی ئەمریکیە وپێدەچێ کەلەکۆتاییەکانیدابێ ودابەی ئەرزی دوبی ڕوسی دەردەستەکەی بخواوهەرەس بێنێ و ئەوکاتە کەچینیەکان دەزانن ئەگەر غهیبیان بزانیایەئەوهەمووساڵە بەژێردەستی سڵێمانی ئەمریکی نەدەمانەوە .

لەمەولابەدرێژی وبەبەڵگە باسی ئەوبابەتە دەکەم .

دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ بنیاتنانی هەیکەلیش سەیری نەخشەو پلانە مێژوویەکەی دەوڵەتی شاول (تالوت ٤٠ساڵ)وملک داود(٤٠ساڵ) دەکا ، لەمەشدا کە زیاتر چاویان لەسەرئەوەچڕکردۆتەوە کە ئیسرائیل لەساڵی١٩٤٨کەدامەزرا تاکو١٩٨٨ وەک پاشایەتی تالوت کەلەدەق تەورات زۆرپابەندی دینداری نەبووە وهەوڵی کوشتنی داودیشی داوە، لەم حکومەتەی ئیسرائیلیش چل ساڵی یەکەم چەپەکان وسۆشیالزمەکان زیاتردەسەلاتداربوون و زۆرباوەڕیان بەبۆچوونەئاینیەکان نەبوو.

کەچی لەچل ساڵی دووەم ١٩٨٨-٢٠٢٨ کە بەرامبەر مەملەکەتی داودیە ڕاستڕەوە توندڕەوەئاینیەکان دەرکەوتن ونمونەی زەقیشیان ئاریەل شارۆن وبنیامین نەتەنیاهۆن .

وەپێشیان وایە کە لەچلەی سێیەم ٢٠٢٨-٢٠٦٨ کەبەرامبەر چل ساڵی سلیمانە لەسەرەتای چل ساڵەکە هەیکەل دروست دەکرێ .

هەریەک لەنوسەرانی ئینجیلی هال لیندسي (١٩٢٩-٢٠٢٤) وجرانت جیفري(١٩٤٨-٢٠١٢)

لەکتێبەکانیان هەوڵی گرێدانی ئێستای ئیسرائیل بە ڕابردوی ئیسرائیل دەدن و-

دەڵێن کەئیسرائیلی نوێش بەهەمان پێشبینیەکانی ئیسرائیلی مێژوویيدادەڕوا هەروەها

-دکتۆری کاهن مارك هیتشکوك (١٩٦١-؟)

دەڵێ ڕاڤەکەران هەمان ڕوداوەکانی ئیسرائیلی نوێ بە ئیسرائیلی کۆنەوە گرێدەدەن

حاخام کاهانا(١٩٣٢-١٩٩٠) ی دامەزرێنەری یەکەم بزاڤی ڕاستڕەوی جولەکە لە کتێبی (الیهود والحركات الصهيونية الدينية)دەڵێ شانشینی سێیەم دوای ئەم دوو شانشینەی تالوت وداودیە دێت ، بزاڤی ئەمیندارانی هەیکەلیش دەڵێن کە کاتی بنیاتنانی هەیکەل نزیکە .

جاکە بەگوتەی ئەو حاخام وقەشانەبێ دەبێ لەساڵی ٢٠٣٢ دەست بەدروستکردنی هەیکەل بکرێ ، وە چونکە بنیاتنانی هەیکەلی سلیمان علیە السلام لەساڵی ٩٦٦پ ز هەتاکو ٩٥٩ز کێشاوە کەواتە کە ئەم جارەش وابێ لە ساڵی ٢٠٣٢ز دەست پێدەکاو تاکو لە ٢٠٤١ز تەواودەبێ .

وە هەیکەلی سلیمان دوای دروستکردنی ٣٧٣ساڵ ماوەتەوە ولەساڵی ٥٨٦ لەلایەن نەبوخوزنەسری بابلی تێک و پێک دراوە .

دیارە کەهەزارەی حەوتەم لەتلمود ناوی هەزارەی (خراب)و تێکدانە بۆیە ئەوتێکدانە کەهەموو شتێک دەگرێتەوە ئەو هەیکەلەش دەگرێتەوە کە دروست دەکرێ.

چونکە بیناو مەلەکوتی شاری مەحبوبە لە قودس دروست دەکرێ کەلەکۆتا سفری ئینجیل لەسفری یۆحەنا باسکراوە .

ەرچەندە ئەم دیاری کردنە یەکەم وکۆتادیاری کردن نیە بۆ سێ قۆناغی تالوتی وداودی وسلێمانی قەوارەی جولەکە بەڵام بە ڕەواجترینیانە.

هەندێک مێژووناسی تر دەستپێکی قۆناغی تالوتی قەوارەی جولەکە دەگێڕنەوە بۆ ٣١-تەمموزی ساڵی ١٨٨٢ کە یەکەم ئۆردوگای جولەکە لە نزیک تەلئەبیب بەناوی ڕیتشون لتسون دروستکراوێستا چوارەم شاری ئیسرائیلە وژمارەی دانیشتوانی ٢٢١٥٠٠ کەسە

، وەبەم بۆچونەبێ قۆناغی تالوتی تا ساڵی ١٩٢٢ دەکێشێ ، وە قۆناغی داودی بە ڕادەستکرانی فەلەستین بە بەریتانیا لە کۆنگرەی سانریمۆی ١٩٢٠ ودانانی حایم وایزمان بەسەرۆکی سوپای بەریتانیا لەفەلەستین کەلەهەمان کاتدا وایزمان دووەم سەرۆکی بزاڤی زایۆنیش بوو دوای مردنی هرتزل لە ١٩٠٤ زدا.

وەبەڵگەشیان بۆ ئەوەی کە بەریتانیا داودە کە ئەونەوتی لەجیهان دەرهێناو شاخەکانیش خەڵوزیان پێدا و زمانی باڵەفڕێ وفڕۆکەی زانی.

وە داودی بەریتانی بەسەر جالوتی عوسمانی و هیتلەریدا سەرکەوت کەلەدوای شکاندنی عوسمانیەکان بەڵێنی داولە ١٩٤٨ یش دەوڵەتی دایەجولەکە .

بەم پێیە ئەم قۆناغەش تا١٩٦٢ قۆناغی داودی تەواوبوو و قۆناغی سلێمانی ئەمریکی دەستی پێکرد.

کەدەگوترێ سلێمان پاش چوارساڵ دەسەڵات هەیکەلی بنیاتنا ، ئیسرائیلیش لە دوای چوارساڵ لەقۆناغی سلیمانی ١٩٦٢-١٩٦٦ز لەساڵی ١٩٦٧ دەستی بەسەر قودسدا گرت ، وە سلیمانی ئەمریکی دەسەڵاتێکی گەورەی تەکنەلۆژی و ئەلکترۆنی پێدراوەکەبەکەسی تر لەمێژووی مرۆڤایەتی نەدراوە، کەواتە قۆناغی سلێمانیش دەبێ لە ١٩٦٢-٢٠٠٢ ز دا تەواوببوبێ ، ئێستا دابەی زەوی ودوب و ورچی جیهان کەڕوسیایە خەریکە داردەستەکەی ئەمریکای سام دەخواو ئەمریکای مردوو لە٢٠٠٢ ز کەبەسەرداردەستەکەی ڕاوەستاوە خەریکە هەرەس دێنێ.

داود و سلیمان علیهما السلام لەنێوان تەوڕات وقورئان وفەرمودەدا:

کەلە قورئان دا باسی داود وسلێمان هاتوە کە زمانی باڵندە دەزانن ، ئەوە ئەوەیە کە ئەوان دەتوانن هەزاران تەن وەك بالندە بە ئاسماندا بفڕێن، شاخەکان لەگەڵ داود تەسبیحات دەکەن واتە داود دەزانێ خەلوزی و زێڕ و مەگنیسیۆم وسەدان جۆرە کانزای تر لە کوێ یە؟

لەوانەیە خوێنەر بڵێ کە ئەم دووپاشایەی جولەکە بەرلە سێ هەزارساڵ پێش ئێستا پاشا بوون وچ پەیوەندیەکیان بە ئێستاوە هەیە ؟،بۆیەبەکورتی دەڵێم ،ئەوپاشایەتیەی داودو سلێمانی قورئان وفەرمودە کە باس دەکرێن کە ئەوان:-

-خەلیفە وجێنشینی هەموو زووین وهەموو زەوی لە ژێردەستیانە وەک قورئان دەفەرموێ:

﴿يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ .... (ص 26)﴾

واتە:

ئەی داود: بەڕاستی ئێمە تۆمان کردۆتە جێنشین لە سەر زەویەکە....

هەروەک چۆن بە باوکە ئادەمی فەرمو :

﴿وَإِذْ قالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي جاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً [الْبَقَرَة: 30]﴾

کەتەنیا قورئان بەم دوو پێغەمبەرەی فەرموە خەلیفەو جێنشین ، وەکاتێ(الْأَرْضِ)بە ئەلف ولامەوە واتە زەویەکە وەک چۆن(الشمس ،القمر)واتە خۆرەکەومانگەکە وەهەموو مانگ وخۆر وزەوی دەگرێتەوە ، کەواتە هەریەک لەداود وئادەم جێنشینی هەموو گۆی زەوی بوون ، ئیبن عەتیە دەڵێ جگە لە پێغەمبەران بەکەسی تر ناگوترێ خەلیفەی خوا ،چونکە خەڵکی تر نازانن مەبەستی خواچیە بۆیە ناتوانن خەلیفەی خوابن.

وەدەفەرموێ :

﴿وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ وَقَالَ يَا أَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَيْءٍ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْفَضْلُ الْمُبِينُ (نمل16)

واتە:

سولەیمان جێنشینی داودی باوکی پێبەخشرا، بۆیە گوتی: ئەی خەڵکینە ئێمە فێری لۆژیکی باڵندە کراوین و لە هەموو شتێکمان پێدراوە، بەڕاستی ئەمە هەر فەزڵ و ڕێزێکی ئاشکرایە (لەلایەن خواوە پێمان بەخشراوە).

گێڕدراوەکان ئەوەباس دەکەن کە داود سولەیمان علیهما السلام پاشای گشت زەوی بوون،بەتایبەت سولەیمان کەیەکێکەلەوچوارپاشایەی حوکمی هەموزەوی کردوە .

هەریەک لە حاکم وزەهەبی وتەبەری و ئیبن ئەبوشەیبەو ئیبن تەیمیە وئیبن جەوزی و ئیبن کەسیر لەچەندین سەحابەی وەک معاویەو ئیبن عباس دەگێڕنەوە کە(ملك الأرض أربعة: سليمان بن داود وذو القرنين...) کەواتە سليمان یەکێکە لەوانەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی زەوی گرتووە ، نەک تەنیا وەک ئەوەی لەمێژوو دا هاتووە دەسەڵاتی لە بەشێکی فەلەستین کورت هەلاتبێ.

-وەک لە قورئان دەفەرموێ :

وَلَقَدْ آتَيْنَا دَاوُودَ مِنَّا فَضْلًا يَا جِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ (سبأ 10)

(ئێمە) ڕێزێك و بایەخێکی زۆرمان بەخشیوە بە داود (فەرمانمان داوە کە): ئەی کێوەکان و باڵندەکان (تەسبیحات و سرودی ستایشی) لەگەڵدا بڵێنەوە، هەروەها ئاسنیشمان بۆ نەرم کردووە (وەکو (معجزة)یەك تا پێداویستیەکانی بە ئاسانی لێ دروست بکات).

﴿أَنِ اعْمَلْ سَابِغَاتٍ وَقَدِّرْ فِي السَّرْدِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (11)

(هەروەها فەرمانمان پێدا) کە چەک وتفاقی زرێپۆش و قەڵغاندار دروست بکات، ئەڵقەکانی بەرێک و پێکی ڕێك بخات و لە یەکیان تێهەڵکێش بکات، ، (هەروەها فەرمانمان پێ دان): کارو کردەوەی چاکە ئەنجام بدەن، دڵنیاشبن کە من بینام بە کارو کردەوەتان.

﴿وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ وَأَسَلْنَا لَهُ عَيْنَ الْقِطْرِ وَمِنَ الْجِنِّ مَن يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَمَن يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ السَّعِيرِ (12)

بۆ سولەیمانیش بامان خستە ژێر فەرمانیەوە، بەیانیان یەك مانگە ڕێی ئەسپسوار دەڕۆیشت و ئێواران یەك مانگە ڕێی ئەسپسوار دەهاتەوە، کانی قەترانمان بۆ تواندەوە، لە پەریيانیش هەندێکمان بۆ ڕاهێنا کە لەبەردەستیدا کار بکەن بە مۆڵەتی پەروەردگاری، جا ئەوەی لە فەرمانی ئێمە دەرچێت سزای دۆزەخی پێ دەچێژێت.

﴿يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَاءُ مِن مَّحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَاتٍ اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ (13)

سولەیمان هەرچی بویستایە، پەرییەکان بۆیان دروست دەکرد، لە شوێنی خوا پەرستی و پەیکەرو حەوزو مەنجەڵی گەورەی بەجۆرێك کە لە جێگەی خۆی دامەزراوەو ناجوڵێت. ئەی نەوەو شوێنکەوتوانی داوود: ئێوە بە کردارو گوفتار سوپاسگوزاربن، هەرچەندە کەمێك لە بەندەکانم سوپاسگوزارن.

﴿فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ الْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَىٰ مَوْتِهِ إِلَّا دَابَّةُ الْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الْغَيْبَ مَا لَبِثُوا فِي الْعَذَابِ الْمُهِينِ (14)

کاتێ کە بڕیاری مردنی (سولەیمانماندا، پەرییەکان نەیانزانی کە مردووە)، تا مۆرانە گۆچانەکەی کلۆر کرد، کاتێ کە کەوت ئەوسا پەرییەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەگەر غەیب زان و نهێنیزان بوونانیە ئاوا لە کارو فرمانی ناخۆشدا بەردەوام نەدەبوون، (هەر کە زانیان سولەیمان وەفاتی کردووە دەستیان لە کار هەڵدەگرت).

چیاکان لەگەڵ داودتسبیحات دەکەن وکانگاوکانزاو مەنجەڵی زەبەلاحی کانزاکاری وچاوگی نەوت وغاز وعین القتر دەردێنێ وقەڵغانی ئاسنین دروست دەکاو شۆڕشی پیشەسازی بەرپادەکا.

-سلێمان غەواسی ژێردەریا دروست دەکاو سامانی ژێردەریا دەردێنێ وزمانی باڵندەوفڕین دەزانێ وڕێگای یەک مانگی ئەسپ ،واتا مەسافەی دیمەشق بۆ مەکە ، بەنمونە بۆئەو دەبێتە یەک دانەڕۆژی (ڕەواح) یان (غدا)،دانەڕۆژێکی بەیانی تا خۆر دەرکەوتن.

جاکە زانیمان کەچوار پێوەربۆ ڕاکردنی ئەسپ هەیە کەجیهانین.

-بڕینی چوارمیل -شەش کیلۆمەترونیو-لەکات ژمێریک بەرۆیشتنی ئاسایی.

-گورگەلۆقە لە١٣-١٩کم لەکاتژمێرێکدا دەبڕێ.

-نەرمەغار کە١٩-٢٤کم دەبڕێ لەکاتژمێرێکدا.

-ڕاکردن کە٤٠-٤٨کم دەبڕێ لەسەعاتێکدا.

بەڵام خێراترین ئەسپ لەجیهانداتائێستا ٨٨کم لەکاتژمێرێک تۆمارکردوە.

جائێمە بۆ تەفسیری ئایەتەکە خێراترینیان وەرناگرین، بەڵکو ئەوئەسپەوەردەگرین کە ٣٠کیلۆمەتری بڕبێ لەکاتژمێرێک وەدەڵێین کە ڕووبەری شانشینی سلێمان علیه السلام =٢٤کاتژمێر×٣٠کم=٧٢٠کم/٢٤کاتژمێر.

٧٢٠کم×٦٠ڕۆژ=٤٣٢٠٠کم ئەمە ئەوپانتاییەیە کەسلیمان علیه السلام لە بەیانیان دەیبڕی.هێ ئێوارانیشی بەهەمان شێوەبوو.

جاکە ئەوەمان زانی کە ڕوبەری هەموو چواردەوری زەوی =چل هەزار کیلۆمەتر بەپێی پێوەری پێوانەی فرۆکەوانی نێودەوڵەتی.

کەواتە بەم پێوەرەش بێ شانشینەکەی سولەیمان هەژمونی لە ئەوروپاوئاسیاوئەفریقیاو

هەردووئەمریکاوئوستورالیادابووە، هەموو زەوی هەر چل هەزارکیلۆمەترە.

کەواتە چیرۆکەکانی قورئان ناکرێ هەرتایبەت بکرێن بەڕابردووەوە،قورئان کتێبێکە کات وشوێن تێدەپەڕێنێ..

- ئەم سوڵتان ودەسەڵاتە کە بەسلێمان دەدرێ ،دوعای کردوە کە دوای خۆی بەکەس نەدرێ.

وەک دەفەرموێ :

﴿قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّن بَعْدِي إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ (ص :35)

وتی: پەروەردگارا لێم خۆش ببە و دەسەڵاتێکم پێببەخشە کە نەتدابێتە کەسی تر لە دوای خۆم، چونکە بەڕاستی تەنها تۆ بەخشێنەری هەموو ناز و نیعمەتێکیت.

﴿فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ (36)

ئێمە نزامان گیراکرد و - با - مان بۆ ڕام هێنا، کە فەرمانی ئەو بەنەرمی هاتووچۆ بکات، بۆهەرشوێنێک ویستی.

﴿وَالشَّيَاطِينَ كُلَّ بَنَّاءٍ وَغَوَّاصٍ (37)

هەروەها شەیتانەکانیشمان کردە خزمەتگوزاری، لە هەموو جۆرە بیناسازێک و مەلەوانێکی ژێر دەریا.

﴿وَآخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي الْأَصْفَادِ (38)

هەندێکی تریش بەکۆت و زنجیر بەسترابوونەوە (تا نەتوانن خراپەکاری ئەنجام بدەن).

- سلێمان یەکێکە لەوپاشایانەی حوکمی گشت جیهان دەکا،کیشوەری نەدۆزراوە لەسەردەمی ئەودانیە.

-بەڵام ئەوداودوسلێمانەی مێژوو ،کە لە ساڵی ٩٠٠پێش زانین حوکمیان لە فەلەستین کردوە، کەناکاتە سەدایەکی جیهان وزەوی.وەنیوەی زەویش نەدۆزرابۆوە کە کیشوەرەکانی ئەمریکای سەروو وخوارو ئۆقیانیا ودوورگەکانی باکوروباشوری زەوی هێشتا ئاشکرا نەبووبوون .

-داودوسلێمانی مێژووی جولەکە وەک سەرچاوە مێژوویەکان وتەوراتت باس دەکەن،نە چیا یان بۆ ژێردەست کراوەو نەنەوتیان دەرهێناوەو نەژێردەریایان هەبووەونەفڕۆکەیان هەبوە کەڕێ ی مانگێک بەسەعاتێک ببڕێ.

-بوونی ئەم دەسەڵاتانە کە لە قورئاندا بۆ داودوسلێمان دانراوەو ئێستاش لای ئەوروپاوئەمریکایە ،دەری دەخاکەئەوان داودوسلێمانن ،چونکە ئەم دەسەڵاتانە لە مێژووی مرۆڤایەتی یەک جاردەدرێن ودوایش لەبەردوعاکەی سلێمان ،بۆشارستانی تردوبارە نابنەوە،وە ئێستا کەلەدەست ئەم شارستانیەی ئەم سەردەمەن،ئەمە یەکەم جارەولەوەوپێش مرۆڤایەتی ئەو تەکنەلۆژیایەی نەبوە، کەواتە ئەمانە داودو سلێمانن.

چونکە کەئەمانە داودوسلویمان نەبن کەواتە دەبێ بڵێین دوعاکەی سلویمان قبوڵ نەبووەو ڕەتکراوەتەوەوئەمەش پێچەوانەی هەواڵی قورئانە کەدەفەرموێ دوعاکەی گیرابووەودەسەڵاتێکی پێدراوەکەنەلە ڕابردوو بەکەس دراوەونەلەداهاتووش بەکەسی تردەدرێ، ئەی چۆن دەبێ ئێستا بە ئەمریکا بدرێتەوە لەم سەردەمەدا؟؟

-رسول الله ی هەواڵ پێدراو لەو سەردەمەی خۆی هەواڵی ئەو هەزارەی ئەو تیای دا لەدایک بووەو دوو هەزارەی دوای خۆشی پێداوین لەفەرمودەیەک کەلەهەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیم وزۆرێک لەکتێبی فەرمودەهاتووە ، کەفەرمویەتی :

ئەو هەزارەی ئەو تیای دا نێردراوە بۆ ئیسلام وعەرەب دەبێ ورۆژی جومعەیە ، کەئەوەش وابوو لە ساڵی ٦٠٠ تا کو ١٠٠٠ی زاینی دەسەڵاتی ئیسلام وعەرەب بوو، پاشان فەرمویەتی:هەزاری دوای هەزارەی ئێمە هەزارەی سەبتی یەهودە ،واتە لەساڵی هەزاری زاینی کە تیای داخاچ پەرست وتەتەر و مەغۆل وپرتوگال وفەڕەنساوئیسپان و دواتری ئیتالیای تالوتی وو بەریتانیای داودی ١٦٠٠ز-هەتا ئێستا بەردەوامە .

سلیمانی ئەمریکی کەتائێستا میراتگری داودی بەریتانیای باوکیەتی لە ١٧٧٦ز دامەزراوەوتا ئێستا بەردەوامە ،ئەمانە هەمویان پاشاکانی جولەکەن.

ئێمە ئێستا لەسەرەتای ڕۆژی سێیەمین کە ڕەسولی ئەکرەم هەواڵی پێداوین ،کە هەزارەی دوای هەزارەی شەممەی جولەکە ،هەزارەی نەسارایە، دەبێ گۆڕانکاری لەم هەزارەشدا بکرێ ودەسەڵاتی سلێمان وداودی جولەکە کە لەسورەتی ئیسرا هەواڵ دراوە کەجولەکە دووجار فەسادی گەورە لەزەوی دەنێنەوە ،ئەوەی ئێستا جاری دووەمیانە .

وەلەفەرمودەیەکی تر کەباسی گەورەیی ڕۆژی جومعەدەکا وفەرمویەتی :ئادەم لەئاخر کاتژمێری جومعە دروستکراوەو هەرلەجومعەش چۆتە بەهەشتەوەو هەرلەئێوارەی جومعەش لەبەهەشت دەرکراوە ،وە منیش لەڕۆژی جومعە دا بە پێغەمبەر نێردراوم ...

هەڵبەت مەبەست لەجومعەی ئادەم دەبێ لەوڕۆژانە بێ کەهەزارساڵن چونکە زانایان دەڵێن ئەوسەعاتەی جومعە لە چل ساڵ بۆ هەشتاساڵی زەوی بوو کەئادەم لەبەهەشت بوو ،وەکەبەم فەرمودە تەمەنی جیهان بپێوین وهەرڕۆژەی هەزارساڵ بێ ،هیچ کام لە ساڵژمێرەکانی جولەکەو مەسیحی ڕاست دەرناچن ،چونکە کەسەرەتای هاتنی ئادەم بۆزەوی سەرەتای هەزارەی شەممەبێ ،شەممە تاسەرەتای جومعە دەبێ شەش ڕۆژی شەش هەزارساڵی بێ ، وەهەزارەی یەکەم ی زاین هەزارەی حەوتەم بێ کە لەسەرەتاکەی عیساو لەناوەڕاستەکەی پێغەمبەرمان علیهما السلام نێردراون ، وەهەزارەی هەشتەمیش لەساڵی ١٠٠٠-٢٠٠٠ز هەزارەی شەممەی جولەکەبووبێ وئێستاش سەرەتای هەزارەی مەسیحیان بێ کە یەک شەممەیە .

لێرەدا بەچەندین بەڵگەوشوێنەواری شارەزایانی مێژوو بۆمان یەکلابۆوەکە ئەوشانشینە پێشکەوتوەی سلێمان وداود کە قورئان وفەرمودە ئاماژەی پێدەکەن لە سەر زەوی واقع ولەناو ڕوداوەکانی مێژوودا بوونی نیە ، فەرمودەکان دەڵێن سلیمان هەموو جیهانی فەرمانڕەوایی کردوە ،بەدەق قورئان خوا موڵک ودەسەڵاتێکی دراوە بەسلێمان کەلەمەولاش بەکەسی تری نادات .بەم لێکدانەوە دەبێ بڵێین یان مێژوو درۆ دەکات یان دەبێ هەواڵەکانی قورئان ڕاست نەبن

، کەواتە ئەوەش نابێ وهەرگیز گونجاونیە کەهەواڵەکانی قورئان وفەرمودە ناڕاست دەرچن ، کەواتە بۆ ئەوەی هاوکێشەکەی قورئان وفەرمودە لەسەداسەد ڕاست دەرچن ، دەبێ بگوترێ کە قورئان وفەرمودە پێش ١٤٠٠ساڵ هەواڵ لەپاشانشینێکی ئایندەیی دەدەن کەلەمەودوادێت بەناوی شانشینی داود وسلێمان وبەوشێوە پێشکەوتووە دەبێ کەقورئان وفەرمودە دیاریان کردووە ، کەواتە لەکاتی هاتنی ئەم هەواڵەی قورئان وفەرمودە تاکو ئەم ساتە هەر دەوڵەتێکی ئەو وەسفانەی کە قورئان وفەرمودە بۆو شانشینەیان دیاری کردوە تیایدا بێنە دی ئەو دەوڵەت ودەسەڵاتە پێی دەگوترێ دەوڵەت ودەسەڵاتی هەواڵ لێدراو لەقورئان وفەرمودە دا .

ئێمە دەزانین کە وڵاتی بەریتانیا گەیشتە ترۆپکەی پێشکەوتن لە بەکارهێنانی کانزای ئاسن وپۆڵا لەسەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا ولەدەرهێنانی کانی خەڵوزی چیاکان و پێچانەوەی دەشت ودەروچیاکان بەهۆی شەمەندەفەر.

وە ئەمریکاش کوڕی بەریتانیایە ودرێژکراوەی ئەوە ، کە دیارە ئەویش هەژمون وسەروەری لەڕۆژئاواوڕۆژهەڵات هەیە وبۆتە تاکەجەمسەری دەسەڵات لە سەرزەوی. وە ڕۆیشتنی دانەڕۆژێکی کەشتیگەل و پۆلە فڕۆکەکانی هێندەی ڕێڕۆیشتنی مانگێک ئەسپی تیژڕەودەبڕن .

وە ئەو ڕۆیشتنی دانەڕۆژە کەهێندەی مانگێکی ئەسپ بێ بە پێوەری کیلۆمەتریش لەجیهانی کۆندا جێی نابێتەوە، چونکە ئەوکاتە سێ کیشوەرببزربوون وە گەشتێک نەبوو پێی بگوترێ سوڕانەوە بەدەوری هەموو زەوی ،بەڵام بەپێوەری کیلۆمەتر ڕێگای ماگێکی ئەسپ وگەڕانەوەی مانگێک واتە سوڕانەوە بەدەوری هەموو زەوی کەلەکۆندا ئەم جۆرەگەشتە لەو سنورەی کە لەوسادا هەبوو جێگای نەدەبووەوە.

وەلەلایەکی تریش کەئێستادەبینین کە ئەوروپاوئەمریکا سەدان جار لە شانشینی سلێمانی مێژوویی پێشکەوتوترن کەواتە لێرەش هەواڵەکەی قورئان دەکەوێتە ژێرپرسیار ،چونکە ئێستا دەسەڵاتێک دراوە بە ئەمریکاوناتۆ کەلەوەوپێش لەسەرزەوی وێنەی نەبووەو لەوەیە بۆداهاتوش دوبارەنەبێتەوە .

کەواتە هاوکێشەکە دەڵێ ئەگەر شانشینی داودوسلێمانی قورئان هەبن ئەوەتەنیا بەریتانیاوئەمریکان .

لەکۆن ونوێشدا زۆرێک لەزاناو بیرمەند ولێکدەرەوەوهزرمندانی مسوڵمان ئاماژەیان بۆ بەشێک لەم بۆ چوونە کردوە کاتێ بینیویانە ئەوشانشینەی داودوسلێمان بەودەسەڵاتەی قورئان دەیفەرموێ لەڕابردوودابوونی نەبووە ، بۆیە وەک نمونەیەکی ئایندەیی ئاماژەیان پێکردوە بەڵام لای ئەوان ئەودەوڵەتە دەوڵەتێکی پابەند بەئاینە ، ئەوان ئەم شانشینە بەدەقەکانی قورئان وسونەت لەبارەی داودو سلێمان لەگەڵ دەسەڵاتی مەهدی و مەسیح علیهم السلام ئاوێتەدەکەن.

ئەوان وێنای ژێرباربوونی باو جنەکان وەک دیاردەیەکی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو دەکەن کەبۆ ڕەزامەندی خوا بەکاردەهێنرێ و بەمەش پێش بینیە ئاینیەکان لەگەڵ ڕوداوەکانی ئەم سەردەمە هاوپێچ دەکرێن ، لێرەباسی هەندێک لەوشیکردنەوانەدەکەم:

- پەیجی "إسلام ویب" کاتێ لێی دەپرسن چۆن دەتوانین ئەو ڕادەپێشکەوتنەی کەقورئان بۆ شانشینی سلێمان باسی کردوە لەگەڵ ئەو ڕاستیە مێژوویانەی کە دەڵێن شانشینی سلێمان تەنیا لە فەلەستیندابووە ؟ ئەو لەوڵامدا دەڵێ:

ئیبن کەسیر وزۆرێک لە تەفسیر کاران لە موجاهید دەگێڕنەوە کە سلێمان فەرمانڕەوای هەموو جیهان بووە ، وەئیبن تەیمیەش لە فەتواکانی دەڵێ کە مەهدیش دەبێتە پاشای هەموو جیهان و هەموو زەوی .

- تەنانەت ماڵپەڕی(شموس نجد) وباسی شانشینی سلێمان دەکا کە پرۆژەیەکی پێشکەوتوی داهاتوویە وناوی ناوەشانشینی داهاتوو.

-وەلە توێژینەوەیەکی تر بەناونیشانی شارستانی وشانشینی پێغەمبەر سلێمان لە پەیمانگای نێودەوڵەتی توێژینەوەقورئانیەکان چیرۆکی سلیمان وەک پرۆژەیەکی ئایندەئامێز بۆ نەوەکان باس دەکا.

- ئیبن کەسیریش باسی سلیمان و زو القەرنەین وباس دەکا کەئەوان پاشای هەموو جیهانبوون ودەسەڵاتێکی لەسەروو خەیاڵیان هەبووە.

- بیرمەندی مسوڵمانی هیندی (ئەنور شاە کشمیري" (کەلە ساڵی 1933 مردووە):

لە کتێبی(فیض الباري على صحیح البخاري" (ج4، ص 323)) دەڵێ کەهەندێ موعجیزەی پێغەمبەران وەک ژێرباربوونی با بۆ سلیمان دەکرێ وەک چەند هێمایەکی ئایندەیی بۆ ئوممەتی ئیسلامی سەیری ئەو گێڕانەوانە بکرێ کەلە ئاخر زەماندا ڕوودەدەن وئەم کەلەپورەی پێغەمبەران دەکەوێتە دەستی ئەوان وپەرەی پێدەدەن .

- بیرمەند و پێشەوای مسوڵمانان لە هیندوپاکستان ئەبو ئەعلای مەودودی کەلە 1979 مردووەلە تەفسیرەکەی کەبەناوی "تفهیم القرآن" تێگەیشتنی قورئانە لە تەفسیری سورەتی

سبأ دا دەڵێ : ئەم ڕێکردنی بایە کەدانەڕۆژێک هێندەی مانگێک ڕێگابڕێ لەوەیە هۆکارێکی گەشتکردن بێ کەلەداهاتوودا پێی بگەین ولەسەروتواناکانی ئێستامان بێ ، وەخوای گەورە کاتێ ئوممەتی ئیسلامی پابەندی شەریعەتەکەی بێ وەک سلیمان پێغەمبەر هۆکارەکانی بۆ ئاسان دەکاودیاردەکانی بۆ ژێربارەدەخا.

- دکتۆر عومەر عبدالله کامل کەنوسەرێکی میسریە لە کتێبی المسیح الدجال وأسرار الدولة العالمیة" (دار الإیمان، 2007) دا دەڵێ :

ئەو دەوڵەتەی کەلەقورئاندا بۆ شانشینی سلێمان باسکراوە هیچ پەیوەندی بەسلێمانی مێژوویی جولەکەکانەوە نیە ،بەڵکو ئەو شانشینێکە کەلەداهاتوودا ڕوودەداو جیهان لەژێرسایەی دادگەریەکەیدا پشوو دەدا . بەڵام پاڵەوانەکەی مەهدیە نەک سلیمان، ئەو قۆناغەیە کەبەگەڕانەوەی (الخلافة الراشدة على منهاج النبوة)ئاماژەی پێدەکرێ .

-تەنانەت لای شیعەکانیش مەرجەعێکی شیعی لوبنانی وەک عەلی کورانی لەکتێبی عصر الظهور" (دار المعروف، 2003) دادەڵێ :

مەهدیش وەک سلیمان پێغەمبەر هەموو دیاردەکانی بۆ ژێربارەدەخرێ.

-تەنانەت بانگخوازی بەناوبانگ ئەحمەد دیدات دەڵێ مەبەست لە ئایەتەکەی سورەتی سبأ فرۆکەی پێشکەوتوو ورۆکێتی ئاسمانین و موعجیزە خواییەکانیش بەدەرنین لەهاوکێشە زانستیەکان باخەڵکیش دەرکیان نەکەن.

ئەگەر بۆ پێزانین وژێدەری ئەم جۆرەپلانە ستراتیژیە ئایندەییانە بگەڕێی زۆر کەم پێزانینت دەست دەکەوێ ،ئەویش لەبەرچەندهۆکارێک ئەم جۆرەدابەشکاری وپلانە ستراتیژیانە لەلایەن جولەکەو مەسیحیەکان هەرگیزئاشکراناکرێن.

-چونکە ئاشکراکردنی ئەم پلانە بەرچاوڕوونی دەدات بەدوژمنەکانیان.

-دەبێتە مای ڕەخنەوبێزاری ڕەوت وپارتەعەلمانیەکانی ئەوروپاکەدەیانەوێ دین لەدەوڵەت جیابێ.

-هاندەر وپاڵنەر دەبێ بۆئەوەی خەڵکی تریش بگەڕێتەوە سەرئاینەکەی ، بۆیە لەجیاتی زمانی ئەکادیمی لەسەرشێوەی ڕۆمان وفلیمی سینەمایی پێشکەشیان دەکەن.

تەنانەت ئەم چیرۆکانە لەناو سیاسیەکانەوە گوازراوەتەوە ناو ڕۆماننوسەکانیش ورۆمانی ئەندێشەیی، ئەوەتا ڕۆماننوسی ئاینی تیموثي لاهاي (١٩٢٦-٢٠١٦) لەرۆمانی (المعبد والحجر ساڵی ٢٠٠٠)و دەیان کاری هونەری تر سیناریۆیی ڕۆژی دوایی لەروانگەی کتێبی پیرۆز باسدەکا.

رەوتی نوسینی ڕۆمانی ئاینی ودرامای لاهوتی لەسەدەی ١٩دا ٧٠٪ئەورووپای کاسۆلیکی و ٣٠٪ئەمریکابەرهەمی دێنا بەڵام لە سەدەی ٢٠و ٢١٩٠٪ی ووێژەوهونەری لاهوتی هی ئەمریکایە ولەسەرهرمجدۆن وبنیاتی هەیکەل وپێشگۆیەکانی حزقیال سەدان بابەتی تر ڕۆمان وفلم پێشکەش کراون .

ئەگەرڕێژەی سەدی وەرگرین بۆ ئەدەب وفلم ودراما دەبینین کەلە سەدەی بیست ٧٪بوو بەڵام لەسەدەی ٢١ دابۆتە ١٢٪ وەفلیمەکانیش لە ٥٪لەسەدەی بیست هەڵکشاوەبۆ ١٠٪لەسەدەی بیستو یەک وەبۆ خەڵاتەکانی نۆبل و هۆلیۆد وئۆسکار وکان لەسەدەی بیست ٥٪ی خەڵاتەکان بۆ بەرهەمەئاینیەکان بوو ، وەلەسەدەی ٢١ ئەم ڕێژەهەڵکشاوە بۆ ٧٪ .

بێگومان ئەم بابەتەئەوەناگەیەنێ کە هەرچی ئەوان گوتیان دەتوانن بیکەن ، بەڵام بۆئەوەیە کە مسوڵمانان بزانن کەرۆژئاوا بەرووکەش داوای سیکۆلاریزم وپەراوێزکردنی ئاین دەکەن بۆ چاوبەستەکی گەلان وکەچی خۆیان زۆر پەرگیروتوندڕەون لە پەیرەوکردنی ئاینەکەیان ..

پێشبینیە ئاینیەکانی تەورات وئینجیل پایەکانی ستراتیژی سیاسەتمەدارانن .

-ڕۆناڵد ریگانی سەرۆکی پێشوتری ئەمریکا دەڵێ:"هەموو پێشبینیەکانی کە پێویست بوو پێش جەنگی هەرمجدۆن بێتە دی ،هەمووی هاتۆتەدی ،،ئەوەتالە بەشی ٣٨ی سفری حزقیال هاتووە کە خوا کوڕانی ئیسرائیلی پرش وبڵاوبوو لەناو گەلە بت پەرستەکان کۆدەکاتەوە، وەهەموویان دەگێڕێتەوەبۆ زەوی میعاد.

ئەم بەڵێنە تەوراتیە دوای دووهەزارساڵ لەهاتی لەم سەردەمەدا هاتەدی ، ئێستا هەموو شتێک گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی وهەموویان چاوەڕێن بۆ ڕوودانی جەنگی هەرمجدۆن ودوای جەنگەکەش بۆ گەڕانەوەی مەسیح"

وەلەسفری حزقیال وسفری روئیای یۆحەنا پێشبینی زۆر ڕۆشنی تێدان بۆ سیناریۆی کۆتارۆژەکانی گەردون وبونەوەر.

هەنگاوەکانیش بریتین لە :

-کۆکردنەوەی جولەکەکان لەگشت جیهان وگێڕانەوەوکۆکردنەوەیان لەفەلەستین.

-دروستکردن وتۆکمەکردن وپاراستنی دەوڵەتی ئیسرائیل وفراوانکردنی دەوڵەتەکە لە ڕوباری فوڕاتەوە بۆ ڕوباری نیل .

-بنیاتنانەوەی هەیکەلی پیرۆز وپەرستگاوکوشتارگای قوربانیکردن .

(دیارەئەم پەرستگایە لەسەرشوێنی مزگەوتی پیرۆزی سەخرەو ئەقسا دەبێ)

-بەرپاکردنی جەنگی جیهانی و کارەساتی ئەتۆمی هەرمجدۆن.

--بڵاوکردنەوەی تێکدان ونەخۆشی وکارەسات وکوشتنی ملیۆنان کەس .

(ئەمەش لەوجەنگە جیهانیانەی روویاندا ولەوهەموو داگیرکاری وپشێویەی لەسەدەی بیست روویدا خۆدەنوێنێ)

-دەرکەوتن وگەڕانەوەی مەسیحی ڕزگارکەر.

-ئەوجولەکانەی لەوجەنگانە دەربازیان بووە ئیمان بە مەسیح دێنن .

-بەرقەراربوونی ئاشتی و ئاسایش لە شانشینی مەسیح بۆ ماوەی هەزارساڵ.

ئەم بزوتنەوە تەنیالە ئەمریکا چل ملیۆن ئەندامی هەیە ،وەلەناوئەندامەکانی رونالد ڕێگانی سەرۆکی ئەمریکا لەوان بوو.

ئەم بزوتنەوە هەژمونی تەواوی بەسەر دام ودەزگاکانی میدیاو ڕاگەیاندنی ئەمریکا هەیە و ڕۆژبەڕۆژ لەفراوان بوون دایە لە ناووەو دەرەوەی ئەمریکا، ئەندامانی لە دامەزراوەکانی پنتاگۆن وکۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە باڵادەستن وبڕیاری سیاسی وسەربازی لە بەرژەوەندی ئەوانە بەتایبەت لە بابەتی مل ملانێی ئیسرائیل لەگەڵ عەرەب و مسوڵمانان.

لەبیروباوەڕەکانی ئەم بزاڤە دەبوو پێش هاتنی هەزارەی حەوتەم واتە پێش هاتنی ساڵی 2000ز ئەم کارانە بکرێ:

١- هەموو جولەکەکان گەڕابنەوە فەلەستین ولەوێ نیشتەجێ بووبن.

٢-وەدەبێ دەوڵەتێکی جولەکە لەوێ فەرمانڕەوابێ .

ئینجیلیە ئسولیەکان دەڵێن؛

ئەوە مژدەی ئەوەمان پێ دەدەن کە ئێمە لەڕاپەڕاندنی نەخشەکە لەسەر ڕێڕەوە ڕاستەکەین وگەڕانەوەی ڕزگارکەرەکەمان زۆر نزیکە ، وە بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسرائیل گەورەترین رووداوە لە مێژووی هاوچەرخدا

دەست بەسەر گرتنەوەی یەهوداوسامیرە و قودس لەلایەن ئیسرائیل لەساڵی١٩٦٧ز دوای ٣٠٠٠ساڵ بڕوای نوێ کردوینەوە و متمانەمان بە کتێبی پیرۆز زیاتربووە.

٣- دەبێ مژدەی لاهوت وخوا بوونی مەسیح بدرێ بەهەموو میللەتان و لەناویشیان میللەتی ئیسرائیل ، ئەوەسەدەیەکە لە ڕێگەی ڕادیۆوتەلەفزیۆن مژدەی پەیامی مەسیح گەیەنراوەتە گشت جیهان، خاوەنی ٤٠ نێردەی ئینجیلین لە جیهان .

٤- هەڵکشانی هەژمونی کەنیسە کە ئەمەش لەڕابردووکراوەوئێستاش بەردەوامە.

٥- بەرپابوونی ئاشوب وناکۆکی گەورە کە ببێتە هۆی هاتنی مەینەتیەکی گەورە بەسەر مرۆڤایەتیدا ، کەهەموو ئەوانەی بڕوایان نیە توشی ئازارێکی سەخت دەبن ، ئەمەش لەدووجەنگە جیهانیەکەودەردوبەڵاو قەیرانە سیاسی وئابووریەکانی ئەم سەدەی بیستە زۆرمان بینی.

٦-ڕوودانی جەنگی هەرمجدۆن (کەبەنیازبوون لە ساڵانی هەشتاکان لەگەڵ بەرەی پەیمانی وارشۆو سۆڤیەت بێ بەڵام نەکرا).

ئەم ئینجیلیانە دەڵێن ؛ هەرچەندە زۆر شادمانین بەگەڕانەوەی جولەکەکان بۆ فەلەستین ودامەزرانی دەوڵەتی ییسرائیل ، بەڵام وا هەست دەکەین کە جولەکەکان بەتەواوی بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵنەستاون ، پێویستە جولەکەکان هەموو ئەوزەویانە بگێڕنەوە کە خواداویەتی بە عیبرانیەکان کە لەفوراتەوە بۆ نیلە .

قەشە فولویل چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس روبەرت شیر لە٤-٥-١٩٨١دا کردوە :

شیر دەپرسێ:تۆهەمیشە لەنوسینەکانت پێش بینی جەنگی ناوەکی وهەرمجدۆن لەگەڵ ڕوسیادەکەی.

-فولویل:بەڵێ ، ڕوسیا لەبەر ئەوەی پێویستی بەنەوتە و یەدەگی نەوتی لەتەواوبووندایە بۆیە هێرش دێنێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ،بەتایبەتیش کەزۆر ڕقی لە ئیسرائیلە،ئالەم کاتەدا کارەساتی ئەتۆمی بەرپادەبێ ، خوێن لە شەقامەکان تا گەردنی ئەسپ دێ لە دۆڵی ئاسدریلۆن بۆ دووری ٢٠٠ میل ئەم ڕوداوە ترسناکانە وەک توانەوەی توخمەکان ووجەنگی ناوەکی بتروسی سێیەم ئاماژەی پێکردون .

شیر:ئەدی ڕوسیا چی لێ دێ؟

فولویل: ڕوسیا هێرشکارە، هێرشکاریش بەتەواوی وێران دەبێ.

شیر:بەڵام هەموو جیهان وێران دەبێ ،ئەی وانیە؟

فولویل: نەخێر هەموو جیهان نا، چونکە خوادەگەڕێتەوە سەرزەوی ، ئەودێ بۆ ڕزگارکردنی کەنیسە ، دوای حەوت ساڵ لەهەرمجدۆن دەگەڕێتەوە سەرزەوی ، بۆیە هرمجدۆن هەموو زەوی وێران ناکا، لەگەڵ گەڕانەوەی خوا کەنیسەش دەبوژێتەوە ، بۆ ماوەی هەزارساڵ کەنیسە فەرمانڕەوادەبێ، دوای ئەوهەزارساڵە بەهەشتی نوێ و زەوی نوێ و نەمری دێ ، هەمووئەم پێزانینانە لەکتێبی پیرۆز نوسراون .

شیر:بەڵام پێت وایە کەڕوسیابەچەکی ناوەکی لەناوچێ؟ئایا هەموو جیهان لەگەڵ ڕوسیا لەناو ناچێ؟؟

فولویل: من مەبەستم لەهەموو ڕوسیا گشت مرۆڤەکانی ڕوسیانیە ،لەڕوسیاو دەوروبەری ڕوسیاش مەسیحی دڵسۆز هەن ، ئەوانە دەربازدەکرێن ، ،جەنگە لە یەکێتی سۆڤیەتەوە دەست پێدەکا هەتاناوەڕاستی گۆی زەوی ،کە ئیسرائیل وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ، وەگەڕانەوەی مەسیح مسۆگەرە.

ئێمە لەکۆتارۆژەکانی پێش هاتنەوەی پەروەردگارین.

شیر: مەبەستت لە مسۆگەربوون دوای ساڵێکە یان زیاترە ؟

فولویل: خوا هۆشداری داوێ کە مێژووەکە بەساڵ دیاری نەکەین، هەر پێشەوایەکی ئاینی مێژوو دیاری بکا بۆورووداوانە خۆی شەرمەزارکردوە، من پێم وایە پەنجاساڵی ترنابا دەیبینین .

فولویل لەساڵی١٩٨٣ کتێبێکی بەناوی (جەنگی ئەتۆمی وهاتنەوەی دووبارەی مەسیح) نوسی لەناوئەوکتێبە بەشێکی بەناوی (جەنگی داهاتوولەگەڵ ڕوسیا)تێدابوو ،فولویل دەڵێ ڕوسیا هێرش دێنێتە سەر ئیسرائیل بەڵام لە چیاکانی ئیسرائیل ڕوسیا تێک دەشکێ.

لەکۆتایی ئەوجەنگە سفری حزقیال ٢٩/٢ دەڵێ ٨٣٪ی سوپای ڕووس لەناودەچن ،ئەوەش یەکەم ئاهەنگی خوایە لەدوای هەرمجدۆن و هەڕەشەی ڕۆژهەڵات هەتاهەتایە کۆتایی دێ و ماوەی ناشتنی مردووەکان حەوت مانگ دەکێشێ.

گوتاری فۆلۆیل لە قوداسی دووی دیسەمبەری ساڵی ١٩٨٤ز :

لەئیسحاحی ١٦/١٦ی ئینجیل هاتووە :

مەلاکی شەشەم کاسەکەی لەناو ئاوی فورات کردو ئاوەکەی وشك کرد،تاببیتە ڕێڕەو بۆ پاشاکانی ڕۆژهەلات،بینیم کە سێ روحی پیس لە شێوەی بۆق لە دەمی تنینێك دەرچوون،ئەمانە روحی شەیتانی بوون،موعجزەیان دروست دەکرد تاپاشاکانی زەوی کۆبکەنەوە بۆ جەنگی رۆژی گەورە،رۆژی خوای بەتوانا، خۆشی بۆ ئەوکەسەی کە جلەکانی دەپارێزێ و لەورۆژە رووت نابێ، لەو رۆژەدا هەموو کۆدەبنەوە لەوشوینەی پێ ی دەلین هەرمجدۆن]]

پاشان فۆلۆیل گوتی:

ووشەی هەرمجدۆن دەبێتە مایەی ترس وسام لە دەروونی مرۆڤەکاندا ، ئەوە دوابەریەککەوتنە بەرێزان ،چونکە دوای ئەولێکدانە خوا هەسارەی زەوی لەناودەبا ، دەقەکە لە بڕگەی ٢١ و٢٢ پێمان دەڵێ کەخوا ئاسمانەکان وزەوی لەناودەبا.

"بتروس لە نوسینەکانی دا دەڵێ : پلەی گەرما زۆر بەرزدەبێتەوە ، تەقینەوەیەکی گەورە بەرپادەبێ.

لە کاتی بەرپابوونی هەرمجدۆن دوژمنانی مەسیح گەلەکۆمەکی دەکەن و ئۆردویان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێ ودێن پەیکەری خۆیان لە شوێنی قودسی ئەقداس دادەنێن وداواله جیهان دەکەن کە بیپەرستن .

لەم سەردەمەدا ملیۆنەها جولەکە سەردەبڕدرێن ،، کەمێک لەوان ڕزگاریان دەبێ ، پەروەردگار موعجیزە دروست دەکا بۆ شاردنەوەیان ، خواله پێناو خۆی بۆ ماوەی سێ ساڵ ونیو لەشاری بەترای ئوردونی دەیان شارێتەوە کە ئێمەنازانین چۆن لەوێ دەیانشارێتەوە چونکە جولەکە گەلی هەڵبژاردەی خوان"

فۆلویل لە سیحاحی زەکەریا ١٢/١١ و١٦/١٦ وئیسحاحی ئیسحاق ٢٥ و٣٦ و٣٥ دەگوازێتەوە کە:

"گۆڕەپانی جەنگی هەرمجدۆن لە دەشتی مەجیدۆ لەباکورتاکو ئەیدۆم لەباشوور کە دووری نێوانیان ٢٠٠ میل دەبێ، وەلەڕۆژئاوالەکەنارەکانی دەریای ناوەڕاست تاکو گردەکانی موهاب لەڕۆژهەڵات کە ١٠٠ میل پانایيەتی ، دەشتی جزریل وچەقی ناوەڕاستی ئەو گۆڕەپانە هەموویان دەبنە شاری قودس بە بەڵگەی ئیسحاحی زەکەریا١٤ ئایەتی ١-٢"

لەوناوچە نزیکی ٤٠ ملیۆن کۆ دەبنەوە ، لە ئیسحاحی ٣/١٤داهاتووە کە پاشاکان لەهەرچوارلاوەدێن ، و ئەم دۆڵە دەبێتە سەکۆی دیاریکردنی چارەنوسی مرۆڤايەتی .

بۆچی ئەم هەموو جەنگە لێرە ڕوودەدا؟ بۆچی دوژمنان گەلەکۆیی لە مەسیحی خوا دەکەن؟

"یەکەم چونکە ئەوان ڕقیان لەسەروەری خوایە ، هەمیشە شەیتان دژی مەسیح بووە، شەیتان هەموو گەلان گومڕادەکا و لەدژی مەسیح هانیان دەدا، لەم جەنگە ڕوباری فوڕات ووشک دەبێ ئیسحاحی ١٢/١٦ و قودس بەتەواوی وێران دەبێ، لە ئیسحاحی یۆحنا هاتووەکە " هەموو باڵندەگۆشتخۆرەکانی ئاسمان تێردەبن لە خواردنی کەلاکی پاشاکان و سەرکردەو پاڵەوانەکان ..

یۆحەنا لەوخەونە دڕندەیەکی بینی ، وەپاشاکانی بینین کەبۆ شەڕ لەدژی مەسیح کۆبوونەوە ، مەسیح لەوخەونەدا لەسەرشێوەی پیاوێکە کە سواری ئەسپێکی سپیە ، بەوشێوە هەرمجدۆن لەکۆتاییەکەی نزیک دەبێتەوە ، پاشان مەسیح دڕندەکەوپێغەمبەرە درۆزنەکە لەناودەباو فڕێیان دەداتە ڕوباری ئاگرەوەو هەموو ئەو دوژمنانەی سەردەبڕێ کەلەهەرمجدۆن ڕزگاریان بووە"

فالویل لەم قوداسە وێنایەکی سامناکی بۆ کۆتایی جیهان پێشکەش کرد، بەڵام نەک هەر خەمبارنەبوو ، بەڵکو کۆتایی وتارەکەی بە پێکەنینەوە گوتی مژدەتان لێ بێ مەسیحیەکان دوارۆژێکی ڕوون چاوەڕێمانە.

کۆمێنت وتۆمارەکانی فۆلۆیل لە سەر پێشبینیەکانی تەورات وئینجیل :

"ئەوەڕاستیەکە ،بەڵام خۆشبەختانە کە کۆتایی ولەناوچونێکی گشتگیرە بۆ هەمووان".

"چونکە دوای ئەوە پاشایەتی خوای مەسیح بە هێزەوە دەگەڕێتەوە".

"هەموو مژدەدەرەکان دەڵێن گەڕانەوەی خوا مسۆگەرە".

"من متمانەی تەواوم بەوەیە کە ئێمە وەچەی کۆتایین ، ئەو نەوەین کە نامرین تا گەڕانەوەی مەسیح نەبینین".

"ئەو گۆڕانکاریانەی ئێستا لەڕوسیا ڕوودەدەن هەموو لەسفری حزقیال هەواڵی لێدراوە ،ئەوەش ئاماژەیە کە گەڕانەوەی مەسیح نزیکە...

"ئەم پێغەمبەرە عیبرانیە ٢٦٠٠ ساڵ پێش ئێستا هەواڵی پێداوین کە ئوممەتێکی لەوشێوە بێ باوەڕ پێش گەڕانەوەی دووەمی مەسیح لەباکوری فەلەستین بوونیان دەبێ"

نوسەری ڕاستڕەوی ئەمریکی هال لیندسی لە کتێبی داهاتووی جیهانی نوێ دا نوسیویەتی:

"بێننە پێش چاوی خۆتان کە ٢٠٠ ملیۆن سەربازی ڕۆژهەلاتیەکان ڕووبەڕووی ملیۆنان سەربازی ڕۆژئاوا دەبنەوە کە دوژمنانی مەسیح لە ولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا سەرکێشی ئەو ئۆردووە لەشکریەدەکەن... عیسای مەسیح جارێ لە پێشدا گورزی خۆی ئاڕاستەی ئەوانەدەکا کە شارەکەی ئەو -قودسیان- پیس کردووە ، گورزی دواتر ئاڕاستەی ئۆردوی لەشکری کۆبووەوە لە چیای مەجیدۆن دەکا ، هیچ ڕوداوێکی نامۆ نیە کە لێشاوی خوێن هەتا بەرسینگی ئەسپەکان هەستێ لەدووری ٢٠٠ میل لە قودس ، ئەم دۆڵە هەمووی پڕدەبێ لە ئامێرو دەزگای جەنگی و و لاشەی مرۆڤەکان وئاژەڵەکان و لافاوی خوێن"

مەسیحیە ڕاستڕەوەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە مەسیحیە دڵسۆزەکان توانای چونە بۆشایی ودیدارکردن لەگەڵ مەسیحیان لەبۆشایی پێ دەدرێ و ئەو مەسیحیە دڵسۆزانە هیچ زیانیان پێناگا لەوهەموو جەنگە ئەتۆمی وکارەساتانە وتەنیا وەک تەماشاکەرێک لەناوبۆشایی لەشاشەیەک سەیری ئەم کارەساتانە وەک فلیمێکی ئەکشن دەکەن.

کتێبی پیرۆزدەڵێ "لەکۆتایی زەمان دا جولەکەکان دەگەڕێنەوە سەر قوربانی دان بە ئاژەڵان " جا جولەکە بۆ هێنانەدی ئەوداواکاریەی تەوڕات پێویستە هەیکەل بنیات نێنەوە چونکە بە بێ بوونی هەیکەل ناتوانن قوربانی بە ئاژەڵ بدەن ئەوەلە سفری حزقیال ٢٩/٤٤ داهاتووە .

دیواری خۆرئاواحائط المبکی کە بە بەردی سپی دروستکراوەو ٢٠٠ پێ پانە و ١٢٠٠ پێ درێژە ، جولەکەکان پێیان وایە ئەوەتاکە شوێنەوارە کەلەپاشماوەی هەیکەلی دووەم ماپێتەوە.

لەکتێبی پیرۆزدا هاتووە بنیاتنانەوەی هەیکەل تاکە ڕێگەیە بۆ گەڕانەوەی دووبارەی خوا ، کتێبی پیرۆز پێمان ناڵێ کەدەبێ قەبارەی هەیکەل چەند بێ ، بەلام هەواڵمان دەداتێ کە قوربانی دان بەئاژەڵ دەگەڕێتەوە .

شوێنەوارناسان بەتەواوی شوێنی ئەو دووهەیکەلە نازانن ، بەلام پێیان وایە پیرۆزترین مزگەوتەکان لەسەر شوێنی هەیکەلن.

مەسیحیە ڕاستڕەوەکان پێیان وایە کە جولەکە پەرگیرەکان ئەم شوێنەوارە ئیسلامیانە دەتەقێننەوە ،ئەوەش دەبێتە هۆی وروژاندنی جیهانی ئیسلامی و بەرپاکردنی جەنگێکی گەورە دژی ئیسرائیل بەهۆی ئەوگەلەکۆمەکیەی ئیسلام دژی ئیسرائیل مەسیح بۆیارمەتی ئیسرائیل دێتە ناوجەنگەکەوە، ئەو مەسیحە لای جولەکەکان بۆجاری یەکەمە دێ ولەوەوپێش نەهاتووە ، بەڵام لای ئێمەی مەسیحی بۆجاری دووەمە دەگەڕێتەوە .

هۆل لندسی گوتویەتی :"من دڵنیام کە جولەکەکان هەیکەلی سێیەمیان بنیات دنێن

تەنیا یەک ڕوداو لەبەردەم تەواوبوونی ڕۆڵی ئیسرائیل لەشانۆگەریەکەداماوە کەلەودیمەنە گەورەی کۆتاییدا سەروەری مەینەتیە مێژوویەکەی قەرەبوو بکاتەوە ، ئەویش بنیاتنانی هەیکەلە دێرینەکەیە کەبەپێی یاسای موسا تەنیا یەک شوێن هەیە بۆ بنیاتنانی لەسەر گردی مۆری لەهەمان شوێنی دوو هەیکەلی پێشوو"

لێدوانەکانی ئیسرائیل میدای ئەندام لە ڕێکخراوی پەرگیری پارتی دەژیەتەوە و قەشە جیمس دیلۆخیان سەرپەرشتیاری کەنیسەی مەعمەدانی لە هیوستن و زانای شوێنەواری ئەمریکی گۆردن فرانز و حاخام شلۆمۆ گۆرۆن ئمنین و شوێنەوارناسی ئەمریکی جیمس جانگ و ڕۆبەرت فریدمان و یەهودا ئەتزیۆنی پێشەوای ڕوحی گۆش لەسەر هەیکەل و هەوڵی ڕوخاندنی ئەقسا .

ئیسرائیل میدای ئەندام لە ڕێکخراوی پەرگیری پارتی دەژیەتەوە دەڵێ:

"ئەوەی گرنگە تەنیاسەروەریە ،ئەوەی بەسەرشاخی پەرستگادازاڵ بێ بەسەرقودسیش دا زاڵ دەبێ وە هەرکەسێ بەسەر قودس دا زاڵ بێ بەسەر زەوی ئیسرڵێلیش دا زاڵ دەبێ ، ئەم زەویە زەوی ئیسرائیلە وزەوی ئیسماعیل نیە ...

قەشە جیمس دیلۆخیان سەرپەرشتیاری کەنیسەی مەعمەدانی لە هیوستن ،دەڵێ: لەڕاستیدا لەناوبردنی ئەو مزگەوتە خۆزگەی هەموو جولەکەیە کە ، بەڵام دەبێ مزگەوتەکە بە کارەساتێکی خوایی وەک بومەلەرزە و دوورلەدەستی مرۆڤ بڕوخێ .

ریزنهوفر کەسەرمایەدارێکی مەسیحی ئەمریکیە وسەرپەرشتی ڕێکخراوی " پەرستگای هەیکەلە زۆر بە بەخشندەی پارەی بەخشی بەو پارێزەرانەی کە بەرگریان لەو ٢٩ چەکدارە ئیسرائیلیەکرد کەلە ساڵی١٩٨٤دا مزگەوتی ئەقسایان ئاگرباران کرد ، ئەم پارە بووە هۆی بێتاوان کردن وبەردانی ئەو تاوانبارانە.

دەبێ بزانین کەهەموو هێرشەکانی کراونە سەرحەرەم حاخامە پەرگیرەکان پێشەنگیان کردووە ، وە حاخام شلۆمۆ گۆرۆن ئمنین دەڵێ"پێویستە لەبیری نەکەین کەهۆی سەرەکی گەڕانەوەمان لە سەبی و بەرپاکردنی دەوڵەتەکەمان بریتیە لە دووبارەکردنەوەی بنیاتنانەوەی هەیکەل چونکە هەیکەل لوتکەی هەرەمەکەیە "

لەحەفتاكان دا عەدنان حوسێنی بەرپرسی شوێنەواره ئیسلامیەكان دەڵێ "ئەو تونێلەی كە لە ژێر حەرەم لێدراوە هەزار پێ درێژە واتە هێندەی درێژی سێ گۆڕەپانی تۆپی پێ ، ئامانجی تۆنێلەكە بۆ داڕمانی شوێنەوارە ئیسلامیەكانە.

زانای شوێنەواری ئەمریكی گۆردن فرانز كە دووساڵی لەو هەڵكۆڵینانە بەسەربرد ،دەڵێ:هیچ بەڵگەیەک نیە لەوەی هەیكەل لەشوێنی مزگەوتی سەخرە بووە، وەهیچ بەڵگەیەكیش نیە كە لەوێ نەبووە

بەڵام زایۆنیەكان بەهەرنرخێك بێ دەیانەوێ مزگەوتەكە تێك چێ ، ڕوخانی مزگەوتەكە لایان لەبنیاتنانی هەیكەلەكە گرنگترە .

جولەكەیەكی ئیسكۆتلەندی بەناوی ئاشركۆفمان توێژینەوەیەكی كردووە دەڵێ بەڵگەی تەواوی هەیە كە هەیكەل لەشوێنی مزگەوتەكان نەبووە .

شوێنەوارناسی ئەمریكی جیمس جاننگ لەبارەی ئەنجامەكانی توێژینەوەی ئاشركۆفمان دەڵێ .

ئەو توێژینەوە هۆكاری سیاسی لە پشتە.

بۆ خۆلادان لەشەڕێكی دەستەویەخە لەگەڵ سەدان ملیۆن مسوڵمان وخۆنیشاندان بەوەی كەئەوان میانڕەون، دەیانەوێ جارێ هەیكەلێك لەتەنیشت مزگەوتەكە دروستكەن ، جادواتر هەوڵی ڕوخاندنی مزگەوتەكە دەدەن

ئۆردوگا جولەكەنشینەكانی گۆش بە نیشانەی شەرمەزاری وسەرشۆڕی دەزانن كە ڕۆژانە مزگەوت لەشوێنی هەیكەل ببینن ودەڵێن ئێمە كەبەتەواوی پڕچەكین وئامادەی جەنگین لەو سستی نواندنەی ئیسرائیل لە ڕوخانی مزگەوت و بنیاتنانی هەیكەل بێزارین ، دەبێ ئەو مزگەوتە بروخێنین وبەڵێنی تەورات بۆگشت جیهان بسەلمێنین.

ئەوان بۆیەبنیاتنانی هەیكەل دەبەستنەوە بەتێكدانی مزگەوت ، چونكە تێكدانی مزگەوت بەرپابوونی جەنگی جیهانیە ،چونكە دەڵێن: تیایدا سەردەكەوین وعەرەبەكان هەموو دەردەكەین و هەیكەلەكەمان دروست دەكەین وچاوەڕوانی هاتنی مەسیحەكەمان دەكەین"

ئەمانە هەر گوتە نەبوون ، بەڵكو لەساڵی ١٩٧٩ جولەكە پەرگیرەكانی بزاڤی گۆش لە ئۆردوگای كریات٤ لەخەلیلی خۆرئاوا كۆبونەوە بۆ چۆنێتی تێكدانی ڕێكەوتنی كامپ دیڤیدی نێوان عەرەب وئیسرائیل ، ئەویش بەتەقاندنەوەی گۆمەزی سەخرە ، ئەم كۆبونەوە نهێنیە لەساڵی ١٩٨٤ ئاشكرابوو و جولەكە پەرگیرەكان دانیان نا بەچەندین تاوانی سامناك.

لە ١٢-١١-١٩٨٥ لە گۆڤاری دەنگی لادێ ڕۆبەرت فریدمان لەتوێژینەوەیەک بەدرێژی باسی پلانی لەناوبردنی مزگەوتەكە دەكا بەم شێوە:

"مناحیم لیگنی کەسەرکردەی یەکەی یەدەگی دەستەی هەندەسەی ناوسوپای ئیسرائیلی و هەروەهاسەرکردەی بزاڤی نهێنی گۆش بوو ، وێنەونەخشەیەکی نوێی مزگەوتەکەی دەست کەوت ، پاشان ڕێککەوت لەگەڵ فرۆکەوانێکی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل کە فرۆکەیەکی هێزی سەربازی برفێنێ و مزگەوتی پێ بۆردومان بکا

، بەڵام لە کۆتایی دا لیگنی ڕای خۆی گۆڕی و گوتی کەبەهێرشی زەمینی بروخێنرێ باشترە ،" شارەزایانی جولەکە دیوارەکانی مزگەوتیان پێوانە کرد و بۆمبەکانیان بۆ تەقاندنەوەی لە بیابان تاقی کردەوە ، تەنانەت لیگنی کات وچۆنێتی تەقینەوەی مزگەوتەکەی دیاری کرد و حسابی زیان نەگەیشتن بە دیواری مەبکا و جولەکەکانی دەوروبەری مزگەوتیشی کردبوو.

لەدادگایی ڕێکخراوی گۆش بەرگریکارەکان گۆشیان وەک پارێزەری شکۆی ئیسرائیل پێناسەکرد، دەزگای شین بیتی ئیسرائیلی خۆی ئاگای لەهەموو جوڵەیەکیان بوو ، نەیدەویست بیانگرێ وخۆی ڕێ وشوێنی خۆحەشاردانی بۆدادەنان.

یەهودا ئەتزیۆنی پێشەوای ڕوحی گۆش گوتی :من لەساڵی ١٩٨١ بیر لە تەقاندنەوەی ئەو مزگەوتە دەکەمەوە کە دەبوو دەوڵەتی ئیسرائیل هەرلەگەڵ دەست بەسەراگرتنی قودس لە ساڵی ١٩٦٧ وە بیڕوخێنێ ، بۆیە کەئەو نەیڕوخاند ، گوتم دەبێ بۆخۆم ئەوکارەبکەم.

دڵنیام لە مێژوودا من بەتاوانباردانانرێم چونکە بوونی گۆمەزی سەخرە تاوانەکەیە ودڵنیاشم لەداهاتوودا ئەوتاوانە دەسڕێتەوەو ئەو گومەزە دەڕوخێنرێ و منیش دەبمە پاڵەوان وهێمای بێ تاوانی"

دوای سێ ساڵ لە گیران هەموو ئەندامانی پلان دانەر بۆ تەقاندنەوەی گومەزی سەخرە ئازاد کران .

پرۆفیسۆر ی بواری کۆمەڵناسی ورەگەزناسی گۆلدن واڵتی لە زانکۆی ڕایت لە ئۆهایۆ دەڵێ:

"وەک چۆن هەرئەم ئەمریکیانە لەناو بردن و جینۆسایدکردنی ملیۆنەها هیندەسورەی ئەمریکیان بە کارێکی باش وپیرۆز دەزانی ،هەتا هەموویان لەناوبردن .

وەک چۆن ئەمریکا خەونی سپی پێستەکان بوو ،ئێستاش زەویە پیرۆزەکان خەونی مەسیحیە زایۆنیەکانە ، هەمان ئەزمونی ئەمریکالەگەڵ هیندەسورەکان لە ئیسرائیل دووبارە دەکرێتەوە .

نەخشەڕێگای هەڵێنجراو لەسەرەتای سورەتی ئیسرا :

هەڵبەت ئەوەی لە قورئان لە سورەتی ئیسرا ئایەتی ٤-٧ ئاماژەی پێکراوەو فەرمویەتی:

...-نەوەکانی ئیسرائیل لە بەرنامەی ئێمە لادەدەن و یاخی دەبن) و فەسادو خراپە یەکی گەورە دووجار لە زەویدا بەرپا دەکەن ★

جا کاتێك بەڵێنی بەرزبوونەوەی - یەکەمیان کۆتاهات ،ناردمانە سەرتان بەندەگەلێکی ئێمە کە خاوەنی هێزو توانایەکی توندوبەزەبروزەنگ بوون .

بەرزبوونەوەی یەکەمیان دوای تالوت وداودوسلیمان بوو کەخاوەنی پەرستگای

هەیکەل وحوکم ڕانی ومزگەوتەکەش لە ٩٦٠ پ ز سلیمان دروستی کرد ، ودەسەڵاتیان گەورە و گەورەبوون تا نەبوخزنەسر لە ٥٨٦ پ ز ڕوخاندی.

لە دوای ئەو-داڕوخانەتان - بۆمان گێڕانەوە هەل وگەڕانەوەی دووەم وپێمان بەخشین ماڵ و سامان وبە هەژموون وسەروەری لەوانمان زیاترکردن ولەهەڵمەت برندا لەوانمان بەهێزترکردن.★

.. جا کاتێك کە هات بەڵێنی -کۆتایی هاتنی بەرزبوونەوەی دووەم ،- دوژمنانتان کارێکتان پێ دەکەن -کە ئاوی ڕووتان دەڕێژن ولوتتان دەشکێنن، ئەوسا -دژەکانتان- دەچنە مزگەوتەکەوە- وەکو یەکەمجار چوونە ناوی هەرچی بڵندتان کردوە ئەوان بەسەریەکدادەیڕوخێنن.★

- لەجاری دووەم باسی ئاخیروکۆتایی تێدایە.

-لەدەیان فەرمودە باسی گەورەترین فیتنەوئاشوبی جیهان دراوە کە فیتنەوئاشوبی دەجالە کەهەموو پەیامبەران ئومەتەکانیان لەم ئاشوبە ترساندوەو بەچەندین فەرمودەی متواتر باس لەم دەجالەکراوە کە پاشاو دەسەڵاتدارێکی جولەکەیە ، پایتەختەکەی قودسە ، ئەم حوکمڕانە لەکاتی هاتنەوەی مەسیح علیە السلام لەترۆپکەی دەسەڵاتدا دەبێ، تەنانەت مەهدیش پێی ناکوژرێ ، تا مەسیح علیە السلام دەیکوژێ.

-بوونی ملیۆنەهاجولەکە لە قودس لەدوای کوژرانی دەجال کەئەوەندەزۆرن داروبەرد هاواردەکەن لەفەلەستین ودەڵێن مسوڵمان وەرن ئەو جولەکانە بکوژن ، وەک لەفەرمودەی دروستدا گێڕدراوەتەوە.

وەئایەتەکە بەڵگەیە کە جاری دووەمیش جولەکەکان لەترۆپکەی دەسەڵات وبەدکاری دووەمیان دا دەبێ هەیکەلەکەیان بنیات بنێن ، تا کاتێ دەڕوخێرێن و کۆتاییان دێ دوژمنەکەیان هەیکەلەکەیان وەک جاری یەکەم لەساردەمی نبوخوزنەسر بڕوخێنێ ، چونکە کەهەیکەل نەبێ مسوڵمان کەئێستا قودسیش بگرنەوە مزگەوتەکانی خۆیان ناڕوخێنن ، کەواتە دەبێ پێش ڕوخانی ئیسرائیل هەیکەل بنیاتنرێ ،تاکاتی کەوتنیان مسوڵمانان بیڕوخێنن ، جا بوونی هەیکەل واتای ڕوخان یان نەڕوخانی مزگەوتی ئەقساو سەخرە نیە ، هەرچەندە ئەودوو شوێنەوارە لە سەردەمی خاچپەرستەکانیش ڕوخێنراون وئەوەی ئێستاهەیە هی سەردەمی ئەیوبیەکانە نەک هی ئەمەویەکان.

وەلە دوای نوسینی ئەو کتێبەش لە ١٩٨٦ تاکو ئێستا ٢٠٢٤ سەدان جار هەوڵی شێواندنی ئەقساو سەخرە دراوە، هەتا ئینتیفازەی دوەمی ئەقسا بەهۆی ئەوەوەبوو کەئاریەل شارۆنی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بەهێزێکی زۆرەوە هاتە ناو مزگەوتی ئەقسا لە ساڵی ٢٠٠١ز ، لەدوای ئەوکارەساتە جولەکەکان ئەنجومەنی (سنهدرین)

یان لە ساڵی ۲۰۰٤ز دروستکرد کە ئەنجومەنی حاخامەکانە ، ئەوئەنجومەنە کەوتنە گەڕان لەدوای مانگا سورەکە کەلەمێژووی جولەکەدادەیەم مانگایە ، دەبێ ئەومانگایە لە کوشتارگەی پەیکەر سەربرِدرێ وبسوتێنرێ وبەخۆڵەکەی ئەوحاخامانە پاک بکرێنەوە کە مافی چونەناوهەیکەل وبەڕێوەبردنی هەیکەلیان هەیە، سەنهەدرێن لە ساڵی ۲۰۱۸ مانگایەکی سوریان دۆزیەوە، لەساڵی ۲۰۲۳ بوونە سێ مانگا ودەبێ باشترینیان هەڵبژێرن، پێش تۆفانی ئەقسا ئەنجومەنی سەنهەدرێن گوتاریان ئاڕاستەی سەرانی عەرەب کردوە کەدەیانەوێ بە ئاشتی ڕێیان پێ بدرێ ئەقسا تێکدەن و هەیکەل دروستکەن ، چونکە ئەوان چاویان لە هەنگاوەکانی مەسیحەکەیانە وخەریکە دێ ودەبێ ئامادەکاری بکەن بۆ پێشوازی لێ کردنی.

کاردانەوەی سەرۆکە عەرەبەکانیش بەقسەی یەکێ لەحاخامەکان ئەوەبووە ئەوان لە ئیسلامی سیاسی وتوندڕەودەترسن ودەبێ پێشدا ئیسلامی ئسوڵی لەناوبەن ئەوجار پێکەوە مزگەوتی ئەقساش دەڕوخێنن و هەیکەلی دینی ئیبراهیمی بنیات دەنێن .

بەراوردی جەنگ وهەرای هەرمجدۆن لەنێوان دەقە دینیەکان و ولێدوانەکان وئۆپراسیۆنەکاندا:

ئایاجیهان لە کەیەوە چۆتە ناو جەنگی هرمجدۆنی کۆتا جەنگی جیهانی؟؟

هەرمجدۆن لای جولەکەومەسیحیەکان

هەرمجدۆن لای جولەکەومەسیحیەکان

لەسیحاحی شازدەهەمی سفری روئیا هاتوە:

[[مەلاكی شەشەم كاسەكەی لەناو ئاوی فورات كردو ئاوەكەی وشك كرد,تاببێتە ڕێڕەو بۆ پاشاكانی رۆژهەلات,بینیم كە سێ روحی پیس لە شیوەی بۆق لە دەمی تنینيك دەرچوون,ئەمانە روحی شەیتانی بوون,معجزەیان دروست دەكرد تاپاشاكانی زەوی كۆبكەنەوە بۆ جەنگی رۆژی گەورە,رۆژی الله ی قەدیرو بەتوانا,خۆشی بۆ ئەوكەسەی كە جلەكانی دەپارێزێ و لەورۆژە رووت نابێ, لەو رۆژەدا هەموو كۆدەبنەوە لەوشوینەی پێ ی دەلین هرمجدۆن]]

باسی وشک بوونی ئاوی فوڕات ودەرکەوتنی کێوی زێر لە فەرمودەی بوخاری و موسلیم یش هاتووە دەڵێ:

لەشام لاشەکان وەک گرد کەڵەکە دەبن وکەس نامێنێ بیان نێژێ وباڵندە لە ئاسمانەوە لەبەربۆنی ناخۆش دەکەوێتە خوار،لەسەد کەس نەوەدونۆ دەکوژرێ وهەمووشی بۆ زێرەکەی فوڕات وگەنجینەکەی کوڕە خەلیفەکانە ،ئەم کوشتارە نەهی لێ کراوە کە ئیماندار تیای دا هەوڵی بەشداربوون بدا.

لە چەندین فەرمودەدا هاتووە لەوانە بوخاری وموسلیم و ئەبوداود وتورموزی و عبدالرزاق وئیمام ئەحمەد وئبن ماجە و نەعیمی کوڕی حەماد وئبن کەسیر لە چەندان سەحەبایەوەوبەچەندین ڕێگا ئەم فەرمودەیان گێڕاوەتەوە بۆ دڵنیاییتان ئاماژە بە بەناوبا نگترینیان دەکەم .

١- أبو هريرة رضي الله عنه دەڵێ : قال رسول الله ﷺ: «لا تقوم الساعة حتى يُحْسَر الفرات عن جبل من ذهب يقتتل الناس عليه، فيقتل من كل مئة تسعة وتسعون، فيقول كل رجل منهم: لعلي أكون أنا أنجو»

واتە:قیامەت بەرپانابێ تاشاخێکی زێڕبەری ڕووباری فوڕات نەگرێ،خەڵکی هەموو لەسەرئەوزێڕە یەکتردەکوژن،لە سەدکەس نەوەدونۆیان دەکوژرێن،هەریەک لەم سەد کەسە دەڵێن:بەڵکوئەوەی لەکۆتایی دەمێنمەوەمن بم.

ئیمامی بوخاري لە صحیحە کەی لە کتاب الفتن (8 / 100)بەشی   خروج النار گێڕاویەتیەوە، وەمسلم لە کتاب الفتن (ژمارە 2894) بەشی لا تقوم الساعة حتى يحسر الفرات عن جبل من ذهب،گێڕاویەتەوە.

٢-فەرمودەی دووەم:

قال رسول الله ﷺ: «يوشك الفرات أن يحسر عن كنز من ذهب فمن حضره فلا يأخذ منه شيئاً» واتە:

نزیکە گەنجینەیەک لەزێڕ بەری فوڕات بگرێ هەرکەس لەوسەردەمە لەوێ بوو باهیچی لێ هەڵنەگرێ.

أبو داود (بە ژمارە 4313) گێڕاویەتیەوە والترمذي (بە ژمارە 2572) گێڕاویەتیەوە.

٣-فەرمودەی سێیەم:

عبد الله کوڕی الحارث کوڕی نوفل رضي الله عنه دڵێ : لەلای أبي بن كعب ڕاوەستابووم، گوتی: هەتائێستاش خەڵک هەر چاویان چڕدارگرتووەومل ملانێیانە بۆ دەستکەوتنی دنیا؟؟ گوتم بەڵێ.

گوتی : من گوێم لێ بوە کە رسول الله ﷺ دەیفەرموو: يوشك الفرات أن ينحسر عن جبل من ذهب، فإذا سمع به الناس ساروا إليه، فيقول من عنده: لئن تركنا الناس يأخذون منه ليذهبن به كله، قال: فيقتتلون عليه، فيقتل من كل مئة تسعة وتسعون.

لە أبي هريرة رضي الله عنه دەڵێ: قال رسول الله ﷺ: لا تذهب الدنيا حتى ينجلي فراتكم عن جزيرة من ذهب، فيقتتلون عليه، فيقتل من كل مئة تسعة وتسعون.

مسلم (بە ژمارەی2895)گێڕاویەتیەوە.

حنبل کوڕی إسحاق لە کتابی الفتن (ل 216) بە سەنەدی صحيح. گێڕاویەتیەوە.

عبدالرزاق لەمصنفه کەی (11/ 382) له أبي هريرة، گێڕاویەتیەوت وئیمام أحمد له مسنده کەی بەسێ ڕێگا:

- (2 / 306) له معمر.

-هەروالە (2 /332) لە ڕێگەی زهير

-هەروەها (5 /139 140) لەڕێی کعب.

گێڕاویەتیەوە

وەأبو داود له سننه کەی(4 /493) وترمذي له سننه کەی (4 / 699)، وابن ماجة له سننه کەی (2 / 1343).
گێڕاویانەتەوە.

هەروەها أبي عمرو الداني له کتابی السنن بەچەندین ڕێگاگێڕاویەتیەوە.

وەشێخی بوخاری الإمام الحافظ نعيم کوڕی حماد لەکتێبی الفتن لەچەندان شوێن گێڕاویەتیەوە.

هەروەها ابن کثير له کتابی النهاية في الفتن والملاحم گێڕاویەتیەوە.

زانایانی مسوڵمان ئەم نیشانەیان بەیەکێ لەنیشانە بچوکەکانی هاتنی قیامەت داناوە.

زۆری کوژراوەکان وکەمی ڕزگاربوەکان ئاماژەدانەبەوەی چەندکەسێکی کەم لە مرۆڤەکانی بەشدارلەم جەنگە بەشداریان دەبێ و تەنیا یەک لەسەرسەدی خەڵکی شام دەمێننەوەو لەسەدانەوەدونۆیان دەکوژرێن ولەناودەچن.

نەوەوی لەشرح صحيح مسلم (18 / 98).

دەڵێ لەوەیە بەهۆی وشک بوونی ئاوی ڕوبارەکە ،یان لادرانی ڕێڕەوی ئاوی فوڕات ئەم شاخەزێڕە دەرکەوێ.

ئیبن حجر لەالفتح (13 / 80).دەڵێ :

لەهەندێ فەرمودە کەنزوگەنجینەیە ولەهەندێ شاخی زێڕ، پێش دەرکەوتنی زێڕەکە گەنجینەیە،دوای دەرکەوتنی لەبەرزۆریەکەی شاخی زێڕە.

قورتوبی و حەلیمی کە باسی ئەو ڕۆژگارەدەکەن کە کەس زێڕ وزیو وەرناگرێ ،دەڵێن دوای دەرکەوتنی ئەوشاخە زێڕەوکەم بونەوەی خەڵکی ودابەزینی عیسی عليه السلام پەردەی ڕاستیەکان لەسەرچاوی خەڵک هەڵدەماڵرێ وکەس دڵی بەدنیاخۆش نامێنێ چونکە دەزانن ئیدی جیهان کۆتاییەتی وسەردەمی کەڵەکەکردنی ماڵ وسامان نەماوە.

بەڵام بەرزنجی له اشاعه دەڵێ کە وشک بوونی فوڕات و دەرکەوتنی ئەوزێڕە پێش هاتنی مەهدیە.

لە ماڵپەڕی معرفە داهاتووە:

درێژی ڕوباری فوڕات 2 780 کیلۆمەترە،بەرزی سەرچاوەکەی لەڕووی دەریا 4500 مەترە وڕێژەی818 متر^3/چرکە یە وڕووبەرەئاویەکەی 673 000 کم^2

شوێنی هەڵقوڵینی تورکیاوسوریاوعیراقن،دەڕژێتە کەنداوی عەرەبی.

فوڕات یەکێکە لەڕوبارە گەورەکانی باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا ،لەتورکیا دوو بەشە، بەشی ڕۆژهەڵات پێی دەگوترێ ئاوی موراد ئەم ئاوی مورادە لە نێوان چیای ئارارات و دەریاچەی وان لە وڵاتی ئەرمینیا هەڵدەقوڵێ.

بەشی ڕۆژئاوا پێی دەگوترێ ئاوی ڕەش لەباکوری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ هەڵدەقوڵێ،ئەم دوو ڕووبارە سەرەتاهەردووکیان بەرەوڕۆژئاوا دەڕۆن،پاشان یەک دەگرن و بەرەوخواردەکشێن وزنجیرەچیای نۆرۆس بەجێدێڵن، پاشان ڕوبارەکە بەرەوخواروی ڕۆژهەڵا دێ وزۆر لقی دیکەی دەڕژێنەناوپاشان لەشاری جەرابلوس دێتەناوسوریاوە، لەوێ ڕوباری بەلیخ ی تێ دەڕژێ، پاشان ڕوباری خابوری تڕ درژڕ، پاشان بەشاری ڕقە دا تێدەپەڕێ وبەرەوپارێزگای دێر الزورڕ دەڕواولە شاری بوکەمال لەوپارێزگایەدەردەچێ ولەلای شاری قائیم دێتە نوعیراقەوەوزۆرفراوان دەبێ تاهۆرەکانی ناوەڕاستی باشوری عیراق پێک دێنێ،دواترلەگەڵ ڕوباری دیجلە یەک دەگرێ وشەتی عەرەب پێک دێنن وبۆ نەوەد میل بەیەکەوەدەڕۆن ودەڕژێنەکەنداوی عەرەبەوە.

درێژی فوڕات 2700 کم (1800 میل) دەبێ،پانیەکەی لە نێوان 200 بۆزیاترلە 2000 مەترە لەکاتی ڕژانی بۆکەنداوی عەرەب ..

فوڕات لە زمانی عەرەبی واتە ئاوی شیرین ،لەقورئانیش ناوی هاتووە

{وأسقیناکم ماء فراتاً }

ووشەی فرت لەئارامی کۆندا بەواتای گەشەسەندن بوو.

ئەم ڕووبارە لە زمانی عەرەبی فرات ولەئەکەدی پورات ولەئارامی فرۆت ولە ئەرمەنی یاپرات ولەگریکی ئیۆفرتس لەعیبری پێرا ولەکوردی فەرات ولەفارسی فۆرات ولەسامری بورانون ولەتورکی فیرات ی پێ دەگوترێ.

لەهەزاران ساڵ لەمەوبەراوە لەدامێنی ئەم ڕوبارە یەکەم گوند-گوندی حەسونە- دروست بووە، جێگای ڕاوو بازرگانی ودەریاوانی وکشتوکاڵ بوو.

هەزاران شاروگوندوبەندەری لە لە کەنارەکان دروستکرا.

فوڕات لەکۆندا سنوری سروشتی جیاکەرەوەی نێوان ئاشوریەکان وبابلیەکان بووە،هەروەها جیاکەرەوەی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات بووە.وەلەسەردەمی گریکەکان جیاکەرەوەی دەوڵەتی سلۆقیەکان بوو،لەسەردەمی فارس ڕۆمانیش سنوری نێوان فارس وڕۆم بوو.

پایتەختی حیسیەکان کرکمیش لەسەرئەورووبارەبوو.

لەکەناری ئەوڕووبارە نەبوخوزنەسری بابل بەسەر فرعەون نخۆی میسردا سەرکەوت لەساڵی ٦٠٥ پ ز دا.

لەیەکەم سفری تەوڕات دائەم ڕوبارە لەسفری تەکوین داولەسفری روئیای ئینجیل کە کۆتاسفری ئینجیلە باس کراوەو وشک بوونی وەک نیشانەی کۆتایی ونزیک بوونی دابەزینی مەسیحی ڕزگارکار دانراوە.

وەلەفەرمودەش بە یەکێک لە ڕوبارەکان بەهەشت هەژمێردراوە وەک لەبوخاریدا هاتووەکەلە شەوڕەوی سەرووەرمان فەرمویەتی :

«رفعت إلى سدرة المنتهى منتهاها في السماء السابعة نبقها مثل قلال هجر وورقها مثل آذان الفيلة فإذا أربعة أنهار نهران ظاهران ، ونهران باطنان . فأما الظاهران : فالنيل والفرات ....».

وەلای موسلیم یش گێڕدراوەتەوەکە: «سيحان وجيحان والفرات والنيل كل من أنهار الجنة ».

دیارە مادام ئەم ڕووبارە بەهەشتی بێ دەبێ لەکۆتایی جیهانیش وەک حجرالاسود وکەعبە و قورئان دەبێ لەسەرزەوی نەمێنێ.

لەم سەدەی دوایی دا لەتورکیا 22بەربەست / سەدی ئاوگل دانەوەو و 19 وێستگە کارەبای لەسەردروستکراوە. کە817 کم² ئاوی خەزن کردوە.

لەسوریا پێنج بەربەستی لەسەردروستکراوە کەسێیان زۆرزەبەلاحن ولەشەستەکانی سەدەی بیست بەربەستی شۆڕش وبەربەستی ئەسەدی لەسەردروستکراوە کە11.6 ملیار متر مکعب لەخۆدەگرێ.

تائێستاش سوریا پرۆژەوبەربەستی تری هەیە وهێشتاتەواونەبوون.

لەعیراق 7 بەربەستی لەسەردروست کراوە لەحەفتاکانەوە تا هەشتاکان.

هەرسێ دەریاچەی (الثرثار، والحبانية، والرزازة) بـ11.6 ملیار متر مکعب هەزار هیکتار دانرابوو، ئێستا زیاتر لەنیوەی ووشک بووە.

ئاوی عیراق کە 77 ملیار متر مکعبە ولەوبڕەش 29 ملیار متر مکعب هی ڕوباری فوڕاتە ، پێش بینی دەکرێ بە پێی دوو ڕاپۆرتی ڕێککخراوە نێودەوڵەتیەکان ئامادەیان کردوون کە هەردوو ڕووباری دیجلەوفوڕات بەهاتنی ساڵی 2040

ووشک دەبن،ئەوەش بەهۆی بەردەوامی کردنەوەی بەربەست لەوڵاتانی دراوسێ وکەمبونەوەی باران وبەردەوام زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان و....هتد.

هرمجدون لەتەوڕاتدا:

یۆئیلی نەبی لەبارەی ئەم رۆژە گوتویەتی:

فوبەکەڕەناداکەن لە زایۆن،هاوارکەن لای شاخی موقەدەس وپیرۆز،گشت دانیشتوانی زەوی ڕاچڵەکن،ڕۆژی رەب بەڕێوەیە،زۆرنزیکە،ڕۆژی تاریکی وئاوابوونە،ڕۆژی هەوروتەم وموژانە.

هرمجدون (دەربڕاوێکی گریکی یۆنانی و : [2][1],Harmagedōn (Ἁρμαγεδών لاتینیە: [3]Armagedōn)

بە پێ ی بۆچوونی نوسەرەوانی کتێبی پیرۆز،ئەو جێگایەدەبێ کە لەشکرەکانی جیهان بۆ جەنگی کۆتایی جیهان لەسەری کۆدەبنەوە،جاری واشە بۆ ئاماژەکردن دێ بۆ سیناریۆی کۆتایی جیهان.

ئەم ووشە تەنیا یەک جارلە ئینجیل دا هاتو.:

ووشەکە بەم شێوە کراوەتە یۆنانی لە زمانی عیبریەوە. har məgiddô (הר מגידו),

هار قوية، - H2022 - واتە حەڕە ،بەشاخەکەی تەنیشت مەدینەش دەڵێن حەڕرە،بۆ گردو زنجیرە گرد دەگوترێ،قەویە، کەلە زمانە هیندوفارسیەکان دەبێتە کێو،دیارە بنچینەی کێو لە قەوی عبری وسامی وەرگیراوە،وشەی کێومەرد،قەوی مەرد،کەهەندێ دەڵێن ئادەمە، بەڵام ئەو لەڕاستیدا قاپین وقەوی وبەهێزوکێوی دارو ماڵی ئوم ودایکیەتی ،واتە ئەوەی پێ ی دەڵێین قابیل ی کوڕی ئادەم.

کەواتە حرە بۆ کێوو بەقوەت وحەرڕەو گرد وتەپۆلکە وبەرزایی هاتوە، "

الجبل.-تلة، جبل". 'مجدو' - قوي מְגִדּוֹן H4023 /میج آی دی- / مجدون یان مجدو، شوێن وگۆڕەپانی کۆبونەوەی لەشکر") "جبل "گردی مجدو لەڕاستیدا گرد نیە،بەڵکو تەپۆلکەیەکە کە دروست کراوەو نەوە دوای نەوە ئەم بەرزاییە نوێ کراوەتەوەلەسەرهەمان شوێن،،قەڵاکان لەکۆندا لەسەر بەرزاییەکانی کە بەسەرڕێ بازرگانیەکاندا دەروان دروست دەکران،بۆپاسەوانیکردنی ڕێگەی دەریاکە ڕێ یەکی بازرگانی بوو کە شارستانی میسری گرێ دەدا بە ئیمپراتۆریەکانی شام وئەنادۆڵ و وڵاتی دووروبار.

ئەم شوێنە جێگای جەنگێکی گەورەبووە لە پازدە سەدە پێش زایین ،هەروەها جەنگێکی ترلەهەمان شوێن لەساڵی 609 پ ز ڕووی داوە.

مەجدۆ شارۆچکەیەکە چل کم لە باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەی تەبەریە یە،لەناوچەی ڕووباری کیشون..

ئەم شوێنە دەکەوێتە مێرگی ئیبن عامرلەنزیک شاری جەنین،ستراتیژی ئەم بەرزاییە لەوەدایە کە دەکەوێتە سەرڕێگای بەیەک گەیاندنی باکوری فەلەستین بە باشوری فەلەستین..

55 میل لە باکوری تەل ئەبیب و20میل لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری حەیفاوبە دووری 15میل لە کەناری دەریای ناوەڕاست،ئێستا لای عەرەبەکان ئەم گردە،بەگردی مستلم ناسراوە.

لە فەرهەنگی یانگی کتێبی پیرۆزدا هاتوە کە.

ناوی شوێنێکە کەجەنگی ڕۆژەگەورەکە ،ڕۆژی پەروەردگاری بەتوانا،هەمووان کۆدەکاتەوە لەهەرمجدۆن،شاخی لای شاری مەجدۆن کە جەنگە گەورەکانی ڕابردوو تیایدا ڕووی داوە،لەداهاتوش جەنگی گەورە لەو دۆڵەی یزرعیل دەبێ، بەرزایی یزرعیل دەشتێکە لە حەیفاوە بەرەو دەریای ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە،کەبەلای شاری مەجدۆدا تێدەپەڕێ وبە یزرەعیل دا شۆڕدەبێتەوە بەرەو بیت شان کەلە لە دۆڵی ئەردەن دالە ئاستی دەریا نزم ترە،ئەم دۆڵە ناوچەی شاخاوی جەلیل لەباکورو بەرزایی ناوچەی ڕیف وگوندەکان لە ناوەڕاست وباشور جیادەکاتەوە.

ئەم شارە یەکێک بوە لەشارە گرنگەکانی سلێمان علیه السلام.

هەریەک لە یەهودی ومەسیحیەکان ئەم بەشەی کەلە روئیای یوحەنا هاتوە بۆ سەرکەوتنی داهاتوی خۆیان بەکاردێنن،هەرئەم روئیایە وای کردوە کەدوای دەیان سەدە دوژمنایەتی ئێستا ببنە یەک،چونکە وادەزانن خەونی داهاتویان یەکە،هەردوکیان باوەڕیان وایە کە مەسیح سەرکردایەتی ئەم جەنگە دەکا،بەڵام مەسیحی یەهود بۆیەکەم جارەو مەسیحی کریستیان بۆ دووەم جارە،جولەکەکان چونکە بێ قەوارەیی زۆریان چەشتوە ،لە خەڵکانی دی زیاتر چاوەڕوانی ئەو ڕوداوەن،پێ ی دەڵێن ڕۆژی الله ،ئاژانسی ڕۆژنامەوانی فەڕەنسا لەکا تی جەنگی کەنداو لەساڵی 1991 دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ حاخام مناحیمسیزموتای پێشەوای ڕوحی بزوتنەوەی بێ لایەنی جولەکە کردووەوبراو پێ ی وایەئەم جەنگەی کەنداو پێشەکیە بۆ هاتنی مەسیحی چاوەڕوانکراو،.

تیودۆرهرتزلی دامەزرێنەری بزاڤی جولەکە لە سەدەی نۆزدەدا دەیگووت(من لە ڕوئیادا مەسیح،لەسەرشێوەی پیرەمێردێک، خۆی پیشان دام وپێ ی گوتم ،:برۆهەموو جولەکەکان ئاگاداربکە،من لەمەولا بەم نزیکانەدێم ،موعجیزەو دەستەوستان کەری زۆرگەورە وکرداری زۆرمەزن لەبەرچاوی گەلەکەم وگشت جیهان دروست دەکەم.)

جەنگی هرمجدۆن ،ئاماژەیە بۆ جەنگ ملانێ ی کۆتایی لە نێوان حکومەت ودەسەڵات دارە کانی مرۆڤایەتی دژبە الله ،چونکە ئەو حکومەتانە دژایەتی الله دەکەن وڕەتی دەکەنەوە کە مل کەچ بن بۆ دەسەڵاتی الله،هەروەک لە مەزامیری داود دا هاتوە،،هەربۆیە جەنگی هەرمجدۆن دوا لاپەڕەی مێژووی فەرمانڕەوایی مرۆڤایەتی دەپێچێتەوە ،وەک لە سفری دانیال ئاماژەی پێ کراوە.

جەنگی هرمجدۆن جەنگێکی جیهانیە،چونکە هەموو فەرمانڕەواکانی جیهان تیایدا بەشدارن وهەموویان لە سوپاولەشکرکێشیەدا هێزەکانیان دەنێرن،لەو ڕۆژەدا یەسوع ودەستەیەک لە مەلائیکە جەنگ لەگەڵ دوژمنانی الله دا دەکاوبەسەریان دا سەردەکەوێ، ئەم دوژمنانە کە دژایەتی حوکمی الله دەکەن ،وەک لە سفری ڕوئیا ئاماژەی پێ کراوە.

جیاوازی تێڕوانینی مەسیحیەکان لە تێڕوانینی جولەکە ،لەوەدایە کە مەسیحیەکان پێ یان وایە کە جەنگەکە شوێنێکی دیاری کراوی نیەو هەموو زەوی دەگرێتەوە.

بەپێ ی یەکێ لە تەفسیرە مەسیحیەکان بۆورۆئیایە کە راڤەی بریمیلینیالە،دەڵێ: یسوع لەمەولا دەگەرێتەوە سەرزەوی ودەجال -وەحش ودرندە- دەبەزێنێ وبەسەر نەبی وپەیامبەری درۆزن وشەیتان دا سەردەکەوێ لەجەنگی هرمجدۆن، پاشان شەیتان بۆماوەی هەزارساڵ دەخرێتە ناو هاویەوهەزارەی قیامەتی بچوک دەست پێ دەکا،.

پاش ئەم هەزارەش ،شەیتان ئازاد دەکرێ ویاجوج وماجوج لە هەرچوارلای زەوی بانگ دەکاو شاری خۆشەویستی قودس گەمارۆدەدەن،بەڵام ئاگرێک لەلای الله دێ وهەموویان دەسوتێنێ،لەوکاتە ئەو ئاگرە شەیتان ویاجوج وماجوج وئەوانەش کەناویان تۆمارنەکرابێ لە کتێبی ژیانداهەموویان دەسوتێنێ وفرێ دەدرێنە جەهەنەم ودەریاچەی ئاگرەوە.

ئەمەی باس کرا عەقیدەو بیروباوەرێکی مەسیحیە،جولەکەش باوەریان بەبەشێکی هەیە،هەردووکیان کۆکن لەسەر هاتنی رۆژێک کە تیایدا خێروشەر لێک دەدەن ،جەنگی هەرمجدۆن دەبێ ولەشکرێکی دووسەدملیۆنی تیایدا بەشداردەبێ.

مال لیندیسێ نوسەر، لە کتێبی ئەستێرەی مەزنی زەوی دا دەڵێ:ناپلیۆن کەهاتە سەربەرزایی هرمجدۆن وسەیری دۆڵەکەی کردوگوتی،هەموو سوپاکانی جیهان دەتوانن مانۆربکەن،بۆئەو جەنگەی کەلەم شوێنەدا بەرپادەبێ.

لەساڵی 1984دا راپرسیەک کرالەلایەن رێکخراوی بانکلۆفینش ،دەرکەوت کە ٣٩٪ی ئەمریکا ،باوەریان بە وەیە کەرۆئیای ئینجیل بەجەنگێکی ناوەکی وێران کەر دەبێ ،پێش هاتنی قیامەت .

خانمە نوسەری ئەمریکی جریس هاسل لە کتێبی پێشبینی وسیاسەت دا دەنوسێ:ئێمەی مەسیحی ئیمانمان بەوەهەیە کەمێژووی مرۆڤایەتی کۆتایی پێ دێ لە جەنگێکدا کە هەرمجدۆنی پێ دەگوترێ،ئەم جەنگە بەگەرانەوەی مەسیح تەواودەبێ،وەکە گەراشەوەفەرمانرەوایی بەسەرهەموو مردوو وزیندوانی جیهان دادەکا.

رۆناڵدرێگانی سەرۆکی ئەمریکا لە 1980-1988دەڵێ:ئەم نەوەی ئێستا بەدیاری کراوی ئەو جیلە یە کە هەرمجدۆن دەبینێ.

جیری فولویل ی سەرۆکی مەسیحیە ئوسولیەکان دەڵێ:هەرمجدۆن راستەقینەیە،،راستەقینەیەکی دارێژراوە،بەڵام ئێمە سوپاسی الله دەکەین کە کۆتاییەکی گشتی دەبێ ،واتە بەقسەی ئەم قەشە مرۆڤایەتی هەموو لەوجەنگەدالەناودەچێ..

قەشە بیلی گراهام لە ساڵی 1977گوتویەتی:

رۆژی مەجدۆ ،وا لە پێشمانە،گشت جیهان زۆربەپەلە بەرەو جەنگی مەجدۆ دەروا،بۆیە ئەم نەوەی ئێستا کۆتایی نەوەیە لە ژیان ،ئەم جەنگە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە دەست پێ دەکا.

هەربەم واتایەش سەرۆکی قەشە ئەنگلیکانەکان دەڵێ:مەسیح پاشا کەهاتەوە ،بەملیۆنان لە هێزەکانی دیکتاتۆری شەیتانی لەناودەبا.

هەرمجدۆن ،نهێنی گەورەی هەڵبژاردنەکان وکێ بەرکێکانی ئەمریکایە،بەشی هەرەگەورەی هەیە لە بانگەشەکان،هەریەک لە جولەکەو مەسیحیە کان بۆ گەیشتن بەپۆستەباڵاکان بەکاری دێنن،

جریس هالسل لە کتێبی پێشبینی وسیاسەت دەنوسێ: (پێشبینیەکانی تەوڕات لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا،بۆتە ژێدەرێک کە دەیان ملیۆن کەس بیروبۆچون وبنەماکانیانی لێوە دادەڕێژن،لەناوئەمانەش کەسانێک کە خۆیان بەربژێردەکەن بۆسەرۆکی ئەمریکا،ئەمانە هەموویان باوەڕیان بەوەهەیە کە کۆتایی هاتنی جیهان نزیکە،ڕودانی جەنگی هەرمجدۆن لەبەردەرگایە،،هەربۆیەش هەردەم لەپێشبڕکێ دان بۆ خۆپڕچەک کردن،ودروست کردنی چەکی ناوەکی وزۆربەپەلەن بۆ ئەوەی ئەم جەنگە ڕووبدا ،چونکە پێ یان وایە ئەم جەنگە هاتنی مەسیح نزیک دەکاتەوە).

لەساڵی 1980دا سەرۆکی ئەمریکا ڕونالد ڕیگان لەچاوپێکەوتنی لەگەڵ پێشکەشکاری ئینجیلی جیم بیکر،گوتبوی:

-ئەم نەوە دیاری کراوە کەنەوەی بینەری هەرمجدۆن بێ.

-ئێمە ئەونەوەین کە هەرمجدۆن دەبینین.

هەروەهاسەرۆکی ئەمریکی جۆرج دەبلیو بۆش لەساڵی 2008بۆگۆڤاری دێرشپیگلی ئەڵمانی گوتبووی:لەوساتەوەی کەبۆش بووەبەیەکێ لەوشەست ملیۆنەی کە باوەڕمان بە لەدایک بوونەوەی دووەم هەیە بۆ مەسیح ،بۆیە کە پێم وایە مەسیح گەورەترین فەیلەسوفی سیاسی هەموو سەردەمەکانەچونکە ئەویارمەتی دام کەواز بێنم لەمەی نۆشین.

ڕاپۆرتی ساڵانەی مافی مرۆڤ کەلەساڵی 1990لە قوبروس دەرچوە نوسیویەتی:

(چەندین دامەزراوگروپی سیاسی وئوسولی هەن لە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاوزۆرێک لەوڵاتانی جیهان ،کە هەموو کۆکن لەسەرئەوەی کە کۆتایی جیهان نزیکە،ئێمە ئێستالەڕۆژانی کۆتایی دا دەژین،کە جەنگی هەرمجدۆنی تێداڕوودەدا،ئەوجەنگەش جەنگی یەکلاکەرەوەیەولەوەوە دەست پێ دەکا کە هەموو جیهان جەنگ دژی ئیسرائیل ڕاگەیەنێ،جادوای تێشکانی جولەکە مەسیح دێتە خواربۆ لێپێچینەوە لە دوژمنانی ئیسرائیل ودەست ختنی سەرکەوتن،پاشان مەسیح فەرمانڕەوایی جیهان دەکابۆماوەی هەزارساڵ بەئەوپەڕی ئاشتی وخۆشەویستی)

بڵاوبونەوەی ئەم جۆرەبۆچونانە بوو کەوای لەشوکری مستەفای سەرۆکی بزوتنەوەی هجرەوتکفیرکرد،کەدایکی بزوتنەوەکانی قاعدە وتالیبانە ،پێ ی وابێ کە کۆمەڵەکەی ئەو کەشتی نوحە وئەوی

باوەڕی بەبنەماکانی کۆمەڵەکەی ئەونەبێ بەهۆی جەنگی سۆڤیەت وئەمریکا لەناودەچێ تەنیا ئەوان لە جیهاندا دەمێننەوە.

هەربۆیەش کاتێ ئەم ئاڕاستە لەسەرئاستی کۆشکی سپی هەبێ ،بۆیە زۆرێک لە چاودێروشرۆڤەکاران وادەبینن کە قاعیدەوتاڵیبان وداعش وجەنگی تیرۆروبەرەی شەڕو ئەو هەموو دەوڵەتانەی لەدژیان کۆدەکرێنەوە ،هەمووی سیناریۆی فیلمێکی ئەمریکیە تا ئەو خەونەیان بێننە دی، وەک ئەوەی الله لەبەدی هێنانی سیناریۆی کۆتایی دەستەوستان بێ وهەموو ڕۆڵی دەرهێنان ونمایشی دابێتە ئەو دەوڵەتانە، ،بێگومان ئەم بەهەدەردانی سامان وکەرەستە خاووژیانی ملیۆنەها کەسانە، تاوانێکی گەورەیە وگاڵتە بەخۆ کردنە وباری کردنە بەچارەنوسی مرۆڤایەتی ،لە شانۆگەری جەنابی موفەتیش دەچێ ،کە پێش هاتنی موفەتیشی حەقیقی ،ئەوان قومارچیەکیان لێ ببوبە موفەتیشی گشتی وهەموو پارەکانیان دایە.

ئەم یاریەش هەروایە ،چونکە نهێنی هاتنی قیامەت ونیشانەکانی ،وەک لەکۆتایی سورەی ئەعراف هاتوە ،نهێنیەکە ئاسمانەکان پێ یان گرانە ودادوبێدادیانە لەدەستی،هەروەها لەسورەی تەها الله بەموسی دەفەرموێ ،باوەڕت بەساعەوقیامەت هەبێ کە هەرخەریکم دەیشارمەوە.

نهێنیەک الله هەرخەریکی شاردنەوەی بێ وئاسمان دادوبێ دادی بێ لەدەستی وەک لەکۆتایی سورەتی ئەعراف هاتووە:

يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلَّا هُوَ ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (187) واتە:

(ئەی محمد(صلى الله علیه وسلم) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی قیامەت: کەی بەرپا دەبێت؟ پێیان بڵێ: بەڕاستی زانینی کاتی بەرپا بوونی هەر لای پەروەردگارمە، لەکاتێکدا کەس لە سات و کاتی خۆیدا دەری ناخات و بەرپای ناکات پەروەردگار نەبێت، بەرپا بوونی قیامەت زۆر گرانە و زۆر دەکەوێت لەسەر دانیشتوانی ئاسمانەکان و زەوی (چونکە شیرازەی هەمووی تێکدەچێت و لێکهەڵدەوەشێت) ڕۆژی قیامەت بەرپا نابێت کوتوپڕ نەبێت، لە پڕ یەخەتان پێدەگرێت، وا پرسیارت لێدەکەن هەر وەک تۆ زۆر عەوداڵی زانینی هاتنی ڕۆژی قیامەت بیت و پرسیاری زۆرت لە بارەیەوە کردبێت!! پێیان بڵێ: بەڕاستی زانینی بەرپا بوونی قیامەت تەنها لای الله یە، بەڵام زۆربەی خەڵکیش (ئەمە) نازانن.

وەلەسورەتی طە دەفەرموێ:

إِنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا تَسْعَىٰ (15) واتە:

بێگومان ڕۆژی قیامەت بەڕێوەیە و هەر دێت، نزیکە بیشارمەوە، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بە گوێرەی کارو کردەوە و هەوڵ و کۆششی پاداشت بدرێتەوە.

بێگومان بەیاری وتێگەیشتنی سلێمانی ئەمریکیش نازانێ ،چونکە هودهود یش لەو زیرەکتربوو..

باسی مهدی لە دووتۆی ڕاپۆرتێکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکادا:

ئەم ڕاپۆرتە کە شیخ سامر ئیبراهیم بلاوی کردۆتەوە دەڵێ ، ئەم ڕاپۆرتە هی پێش چەند ساڵ لەمەوپێشە ، بەلام دیارە تازە پارێزبەندی لەسەرهەڵگیراوەو ئاشکراکراوە بە مەبەستی پێوانی لێدانی دڵی مسوڵمانان.

ئەم پیاوە لە ڕاپۆرتەکەدا مەسیحی دەجال کە داوای خوایەتی دەکا بە مەسیحی حەق دەزانێ ، چونکە لای وان مەسیح خوایە وکوڕی خوایە ، ئەو زۆر بەترسەوە باسی مهدی دەکا کەدێ دەوڵەتی ئیسلامی دروست دەکاوحەوت ساڵ هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل دەبەستێ ، وەکە باسی مەسیحی حەق دەکا دەڵێ ئەوە مەسیحی مسوڵمانانە بۆ پشتگیری مەهدی دێ و پرۆژەی مهدی تەواودەکا و مەسیحە خواکەی کریستیانەکان دەکوژێ و خاچەکەیان واتە دەسەلاتی کەنەسیان لەناودەباوتێک دەشکێنێ و ئینجیلەکەیان و بیروباوەڕی هەزارساڵەیان بەدرۆدەخاتەوەو دەیسەلمێنێ کە ئەو خوانیەوهەڵ نەواسراوەولەپێناوی هەڵەی ئادەم قوربانی نەداوە ،بەکورتی ئەودینەمەسیحیەی هەزاران ساڵە هەیە لێکدانی سفری دەکا ودەوڵەتێکی ئیسلامی بەرپادەکا کە پایتەختەکەی قودس دەبێ.

دیارە ئەوان بەم ڕاپۆرتە هەموو شتێک دەزانن بۆیە شێتگیرانە هەوڵی لەناوبردنی هەموو بەلایەکی ئیسلامیان داوە، نەک لەبەر ناشیرنی وناتەواوی ئیسلام بەڵکو لەبەرئەوەی ئیسلام هەرچەندە حەق وجوان وڕاست بێ مادام بوون و قەوارەی ئەوروپاوئەمریکالەناودەبا ومادام ڕیسی هەزاران ساڵەیان دەکاتەوە خوری ، هەرچەند حەقیش بێ دەبێ لەناوچێ ، هەرچەن خێزانداری وڕەوشت باش بێ دەبێ پەرەبەجێندەرونێربازی بدرێ، هەرچەند دادوەری جوان بێ دەبێ پەرە بەقڕی وبڕی بدرێ ، هەرچەند ئازادی وسەربەخۆیی جوان بێ دەبێ ڕەگەزپەرستی و ستەم و جینۆسایدی فکری وکۆمەلایەتی وشارستانی بەزۆری بسەپێنرێ.

ئەوان وەک موسەیلەمەی درۆزن ،وەک ئەبوجەهل ، دەڵێن مادام حەق وڕاستی و داد وماف وڕەوشت ، درۆودەلەسەو کەڵەکی چەواشەکاری وداوێن پیسی و گومرایی ئەوان لەناودەبا ئەوان دەبێ بەهەموو شێوەیەک دژی بوون و مانی ئەو ڕوناکی حەقە بوەستن وهەوڵی لەناوبردنی بدەن بەلام یمکرون ویمکر الله والله خیر الماکرین ....

مەلاحم وداستانەکانی کۆتایی جیهان،

لای مسوڵمانەکان:

یەکیك لەو بابەتانەی پیویستی بە لیکۆلینەوەو بەدواداچونی ئەکادیمی ورد هەیە ,ئەو دەق وفەرمودانەن کە باسی داهاتوو وئاخرزەمان ومحمدی مهدی ومەلاحم وڕوداوەکانی پێش ڕۆژی قیامەت وهەڵسەنگاندن وهەڵسانەوە دەکەن ,ئەم دەقانە دەبێ ئاراستە بکرین و لەگەڵ

یە ك بەراورد بكرین وبزانرێ كامیان پیش كامیان دەبێ ,هەروەها لەگەڵ واقع ورووداوەكانیش كە تائیستا روویان داوە یان نا، وە لەگەڵ هەواڵەكانی كتیبەكانی تەورات و ئینجیل و كتیبەكانی تریش بەراورد بكرین ,ئەم دەقانە زۆربەی جاران بونەتە هۆی پشیوی وسەر هەلدانەكان,لە پیناوی دەقێ چەند فەرمودە لە سەر ئالای ڕەش هەر لە سەردەمی شۆڕشی عەباسی یەكان لە خۆراسان دژی ئەمەویەكان ئالای ڕەشیان هەڵكردن وخەڵكیش بەوئالا ڕەشانە هاوسۆزیان بوون، عوسمانیە كانیش هەمان شێوازیان بەكار هێنا لەدەست گرتن بەسەر وڵاتاندا،دەوڵەتی مەهدی بیوهی ومەهدی فاتمی ومەهدی ئیبن تۆمەرتی موەحدینی مەغریب وئەندەلوس ودەوڵەتی مەهدی لە سودان كەهەریەكێک لەم دەوڵەتانە سەدان ساڵێ خایاند ودەیان ویلایەتیان حوكم كرد،دامەزرێنەرانی هەموویان دەیانگووت كە محمدی مهدین، تا ئەمرۆ هەر سەد سال جاریك مەهدیەك دروست دەكەن و بە ئالاڕەشەكان دەبیتە خونكاری ناوچەكە ,بۆیە كەسانی وەك ئیبن خلدون و محمدڕشید رەزا وزۆر لە زانایانی تریش بۆئەوەی ئەم دەرگای موزایەدەو گاڵتەبازاڕیە بەدین وفەرمودەوئالوبەیتی رسول الله داخەن ،هەموو فەرمودەكانی كە باسی مەهدی دەكەن بەلاوازوبێ بنەمای دەزانن وبەدەست نێژو هەڵبەستراوی كۆمەڵێک گێرەشێوێنی دەزانن بۆگەیشتن بەدەسەڵات ، ,لە دوای ئیبن خلدونیش لەرۆژئاواو رۆژ هەلات ئەم یاری بە هەست ونەست وسۆزی دینی خەلك كردنە تائیستا بەردەوامە,هۆكەشی پشت گوێ خستن و نەبوونی لیكۆلینەوەی پیویستە بە ئەو روداوو ملاحمانە,شۆڕشی محمد عبدالوهابی تەمیمی و رەشیدیەكانی قەسیم لەسەردەمی خۆیاندا خۆیان بەقەحتانی ودژە دەجالی تەمیمی دەزانی ودواتر جوهەیمان وئوسامە بن لادن بە قەحتانی دەزانران ،ئەسەدوسەدام و موبارەک و شاحسێن وزۆربەی شاوسەرۆكەكانی ناوچەكە ناونرابوون سوفیانی،تائێستاش ئەمە سەدان ساڵە ئەم سوفیانی وقەحتانی ومەهدیانە ملیۆنەها كەسیان بەكوشت داوەو هێشتاش تەواونەبوون.

داعش و قاعدەش بەم ئالارەشانة خەلكیان فریودا , بەلام كە مسولمانان لە فەرمودەكان باش ورد ببنەوە ,مەبەستی ئەم جارەی دروست كەرانی داعش دروست كردنی دەجال بوو،ئەوان هاتن لە موسڵ ودێر الزور،ئەوشوێنەی فەرمودەكان ئاماژەی پێ دەكەن كە دەجالی لێ دەردەكەوێ لەخلە و سەرسنوری نێوان شام وعیراق دەوڵەتی خلافەی ئیسلامی ،دخ، یان دروست كرد ،ئەم دخە مەبەستیان فەرمودەكەی ئیبن سەیاد بوو كە دخ ی تێدایە، ئەم حوجەتیانەی شیعە و هەواڵگری وڵاتانی ناوچەكە بەم یاریە ،مەبەستیان ئیستفزازكردنی پەروەردگار بوو ،كە مادام تۆ نە دجال دەنێری ونە مەهدی ،ئێمە خۆمان ئەو یاریە دروست دەكەین،فەرمودەكان باس لەوەدەكەن هێزی ڕۆم بنكەكەی دابقە،ئەوان چون دابقیان دایە دخە كانی داعش و رۆژنامەی زمانحاڵی دخی دەوڵەتی خیلافە - داعش ،دابق بوو كە لەفەرمودەكاندا هێمای گەلەكۆمەكی ڕۆمە دژی ئیسلام ،ئەوان غۆتەی دیمەشق ودەوروبەریان دایە جیش الاسلامی زەهران عەلوشی سەربە سعودیە و هێزەكانی جمال معروف وفەیلق الرحمن وسوپای ئازاد لەوناوە بوون كە گوایە ئەمانە سەربە ئەمیری مەدینەن، تائێستا چەسپاندنی لەوشێوەویاری وچەواشەكاری لەوشێوە لەلایەن پاشاوسەرۆكەكانی ئیسلام بەدەقە وفەرمودەكان نەكراوە،هەروەک ڕۆژئاواییەكان سەدساڵ لەمەوبەر وێنەی نیشتمانی عەرەبیان لەسەرشێوەی

بەراز داناوەو دەوڵەتی ئیسرائیلیان وەک چەقۆ لە پشت ملی بەرازەکە ناوە ،گوایە ئەوە ئەوبەرازەیە کە عیسا هاتە خوار سەری دەبڕێ .

جاری وایە ئەو روداوانە باسی هێماو رەمزین ,بەلام ئێمە نامانەوێ دان بەمەدا بنیین,بۆ نمونە ئەو فەرمودەی کە دەفەرموێ :من زەویم بۆ ویك هینرایەوەو رۆژهەلات ورۆژئاوام بینی ,دینەکەم دەگاتە ئەو شوینەی کە بۆم ویك هینراوەتەوە,وە الله دینەکەی خۆی دەگەیەنیتە رۆژهەلات ورۆژ ئاواوا بە عزی عەزیز ,یان بە زلی زەلیل ,عیزەتیك کە الله دینەکەی پێ بلند دەکا و زەلیلەك کە الله دوژمنانی پێ زەلیل دەکا,

ئەگەر لە لایەنی ئاشکرای فەرمودەکە رامێنی دەڵێی ئەمە راگەیاندنی جەنگە لەگەڵ جیهان هەمووی, بەلام تۆ وەرە ئەم فەرمودە لەچوار چێوەی ئەم فەرمودەی خوارەوە ببینە:

رسول الله دەفەرموێ :من بەریم لەهەر مسولمانیك کە جێنشین بێ لەناو خاکی مشرکان ,مالەکانیان ببینێ و ئاگرۆچکەو بەرئاگردانیان ببینێ,وەفەرمویەتی :سەفەر بە قورئان مەکەن بۆ ناو خاکی دوژمن,

کەواتە کە فەرمودەکە دەفەرموێ :ما زوی لی منها:کەواتە هەموو زەوی نیەو بەشێک لە زەویە ,چونکە ما لە عەرەبی بۆ بەشێکە لەگشتی وبۆ تبعیزە,ئەوەی ئیسلامەتی بە عزیزی دەگاتێ ئەوە ئەو سنورە دیاری کراوەیە کە الله بۆ ئەم دینەی دیاری کردوە,بەلام بەشە سەرشۆری وزەلیلیەکە ئەو بەشە یە کە الله ورسول نەهیان لێ کردوە کەچی هەندێک سەرەڕۆو و چاوچنۆك و مغامر چی فەرمانەکە دەشکێنن و دەچنە ناو ولاتی مشرکان و بە بیانوی بانگەواز وبازرگانی و خویندن وهتد دەمیننەوە,ئەمانە دوژمنی خۆیانن چونکە رسول لە وان بەریە ,کەواتە الله ش لێ یان بەریە ,یان ئەوانەی قورئان دەبەنە ناو خاکی دوژمن,چونکە کە مسولمان چوو,حەتمەن فاتیحا ومصحەفیش لەگەڵ خۆی دەبا بەوشیوە ئەم دوژمنی خۆی و الله یە لەوێ سەرشۆڕ دەبێ.

جیاکەرەوەکانی سەردەمی پێش هاتنی مەهدی.

١- نەمانی خەلافەت وحوکمی ئیسلام و بەلانرانی شەریعەت وبلاوبونەوەی بێ سەرەوبەرەیی وبێ یاساوڕێسایی وحوکمی جەنگەڵ وپارچە پارچە بوونی کۆمەڵگا ودەسەڵاتی میلیشیاو دەستەوچەتەکان وبڵاوبونەوەی ڕاووڕووت وتاڵان وڕێبڕی ونەمانی ئاسایش وئەمن ونەمانی عەدالەت ونەگەیشتنی خەڵک بەمافەکانی وداگیرکرانی مافەکان وکەس نابێ ستەم لێ کراو سکاڵای لەلا بکاو هێزێک ودەسەڵاتێک نابێ مافەکانی ستەم لێ کراو بستێنێتەوە لەستەم کار.

٢-بڵاو بوونەوەی دیاردەی کوشتن وبڵاوبونەوەی کوشتاری زۆر،کوژراونازانێ بۆ کوژراوەو وبکوژنازانێ بۆچی کوشتویەتی،جەنگ وشەڕزۆردەبێ وکارەساتی سروشتی ومرۆڤ کردو وێرانکاری زۆردەبن.

٣- زۆربوونی درۆو چاوبەستەکی وچەواشەکاری وخەڵەتاندن وکەم بونەوەی ئەمین وئەمانەت، شەست دەجال ودرۆزن لەپانتایی جیهاندا دێن وهەموویان بانگەشەی زانستی غەیب وشاراوەو زانینی داهاتوودەکەن،ودەڵێن ئێمە پەیامبەرین .

٤- زۆربوونی مل ملانێ وکوشت وکوشتار لە سەر پلەوپایەکانی دنیاو خۆشیەکانی ،کوڕەخەلیفە ومیرەکان هەموولە دەوری گەنجینەکان دەکوژرێن وغەدروناپاکی ورووپامایی ودووڕوویزۆردەبێ.

٥-بەهاکان هەموو دەبنە رووکەش،مزگەوت دەڕازێنرێنەوە،کتێب وقورئان دەڕازێنرێنەوە،قورئان خوێن بۆ شانازی ودەنگ خۆشی وبە ئاوازی گۆرانی دەگوترێ وزۆربەی قورئان خوێنەکان دووڕوودەبن وفێربوونی زانست هەربۆلوت بەرزی دەبێ،پێنوس زۆردەبێ ،خەڵک خوێندەواردەبن،بەڵام نەزان دەبن، بازاڕ لێک نزیک دەبن وسیلەی ڕەحم نامێنێ،ڕێزلە گەورەکان ناگیرێ ،بەکورتی ،هەموو بەها ڕەوشتی وپەرستنەکان توێکڵی بێ کاکڵ وبێ ناوەرۆک دەبن .

٦- کارەساتی سروشتی هەرچەندزۆردەبن ،کەس پەندیان لێ وەرناگرێ، لەوانەش ،هاتنی بومەلەرزەی زۆر،بورکان ولافاوو ڕۆچوونی زەوی وتسۆنامی زۆر، ئاگرکەوتنەوەی زۆر، دەرکەوتنی نەخۆشی نائاسایی وزۆربوونی مردنی لەنکاو، ڕۆچوون لە ڕۆژئاواوڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست روودەدەن، خەڵکێکی زۆر بەهۆی ئەوکارەساتانە دەمرن و ئاوارەو بێ سەروشوێن دەبن .

٧-زۆربوونی ژن وکەم بوونی پیاو،ژنان جلی شەرم وشکۆ فڕێ دەدەن،زۆربوونی زیناو شەڕواڵ پیسی و ،کەزینازۆربوو مناڵی زۆڵ وبێ سەرپەرشت زۆردەبێ ومتمانەی خێزانی نامێنێ ، وجۆرەهانەخۆشی بڵاودەبنەوە ،زۆربوونی ژنی چاوەش وسەماو بێ ڕەوشتی ،لەکارکەوتنی زەکات دان ودەست گرۆیی هەژاران ونەمانی گرێنتی کۆمەڵایەتی ،بڵاوبونەوەی قرِی وپرِی وکەمێکی زۆڵ وبێ بنەچە وپێخواس وڕووتەڵە دەبنە خاوەن کۆشک وتەلارو کەسانی نەجیبزادەو خاوەن ڕەوشت کۆستیان دەکەوێ،.

٨- زۆر زانستی وەک میرات بەشکردن لەکاردەکەون ،چونکە مەرجەکانی نامێنن،ڕاووڕووتی پەرستگاو کاروانی حاجی وشوێنە پیرۆزەکانیش دەگرێتەوە ،تەنیا بەهێزەکان دەتوانن بازرگانی ودنیاداری بکەن .

٩-تورک دەبنە دەسەڵات دارو ئەسپەکانیان بەکۆڵەکەکانی مزگەوتی مەکەومەدینەوە دەبەستنەوەو دین وەک کاڵاو بابەتی بازرگانی بۆ هەژموونی خۆیان بەکاردێنن ،ئەمەش چونکە ئەوسنورەی فەرمودە بەزێنراوە،.

١٠-ڕوداوی سروشتی سەرسوڕهێنەر زۆردەبن هەم لەزەوی ،وەک زریان وبومەلەرزەوتسۆنامی وبورکان وخۆڵ باران وزەوی وشاروگوند ڕۆچوون،،هتد،،هەروا دیاردەی ئاسمانیش لە زۆری خۆرومانگ گیران ودەرکەوتنی ئەستێرەو وکلکدارو کەوتنە خوارەوەیان .

لەفەرمودەدا لە نوێژی خۆرومانگ گیران دا پێشوامان محمد علیه السلام ،باسی ئەوەی کردوە کە الله غەیورە وئەم دیاردە پەیوەندی بەزۆربوونی دیاردەی زیناوە هەیە ،بۆیە لەو گوتارە باسی زینای کردوە، ئەم دیاردە کە لەنێوان خۆروزەوی ومانگە کە دایک وباوک وخوشک وبران ،سێبەری هەندێکیان ،ئەوی تردادەپۆشێ، لەڕاستی دا ئاماژەیەکی هێما ئامێزە بۆ زیادبوونی زینا وداوێن پیسی لەنێوان نێرومێ نامەحرەمەکان لەو پارچەی کە دیاردەکەی لێ ڕوودەدا، بۆیە الله بەئەدەب وشەرمەوە ئاگادارمان دەکاو پەیامبەریش لەگوتارەکەی کنایە ودرکە وئاماژەیەکی بەشەرمەوە ئاگاداری کردوینەوە.

١١-دەرکەوتنی چەند دەستەو باندو خونکارێکی دژبەیەک لە ڕۆژهەڵات ورۆژئاواوشام وعیراق وحجازو یەمەن وخۆراسان باس کراون کە لەنێوان خۆیاندا شەڕدەکەن ولەشام لاشەکان وەک گرد کەڵەکە دەبن وکەس نامێنێ بیان نێژێ وباڵندە لە ئاسمانەوە لەبەربۆنی ناخۆش دەکەوێتە خوار،لەسەد کەس نەوەدونۆ دەکوژرێ وهەمووشی بۆ زێڕەکەی فوڕات وگەنجینەکەی کوڕە خەلیفەکانە ،ئەم کوشتارە نەهی لێ کراوە کە ئیماندار تیای دا هەوڵی بەشداربوون بدا.

لێرەدا دەقێک دەگوازمەوە کەزۆرێک لە کتێبەکان باسیان کردوە:

ئەم دەستنوسە لە کتێبخانەی ئەستەمبوڵ ،ئەمین جمال لە دەستنوسی هەرمجدون گواستویەتیەوە،ئەو دەست نوسەش لە کتێبخانەکە بەژمارەی 3664 وناوی دەست نوسەکە-اسمی المسالک لایام المهدی الملک لکل الدنیا بامرالله المالک:واتە باشترین ڕێ وشوێن بۆ ڕۆژگاری مەهدی کامڵ بۆگشت دنیا بەفەرمانی الله ی خاوەن .

نوسەرەکەی ناوی کلدە ی کوڕی زەیدی کوڕی بەرەکە بووولەسالی سێ سەدی کۆچی ئەم دەست نوسەی لە شاری مەدینە نوسیوەتەوە.

لە گێڕانەوەی ئەبوهورەیرەدا ،کە لە پێش مردنی دا ترسابەوەی بەشاردنەوەی زانست تاوانبارێ ،بۆیە ئەم هەواڵەی باس کردوە:

لەباسی هیتلەروجەنگی دووەمی جیهانی دەڵێ :

((وفي عقد الهجرة بعد الألف وثلاثمائة واعقدوا عقودا يرى ملك الروم أن حرب الدنيا كلها يجب أن تكون ، فأراد الله له حربا. ولم يذهب طويل زمن، عقد وعقد فسلط رجلا من بلاد اسمها (جرمن) له اسم الهر ، أراد أن يملك الدنيا ويحارب الكل في بلاد ثلج وخير، فأمسى في غضب الله بعد سنوات نار أراده قتيلا سر الروش أو الروس.))

واتە:

لە دەیەی کۆچی هەزاروسێ سەدودە، یان بیست ١٣١٠-١٣٢٠ک/١٨٩٢-١٩٠٣ز ،پاشای ڕۆم وای پێ باشە جەنگی هەموو دنیا ڕووبدا، الله ویستی لەسەرئەم جەنگە بوو،دوای دوو دەیەی ترلەساڵان،پیاوێک ناوی هڕی تێدابوو،بەسەر وڵاتێک داپاشابوو کەناوی جەرمەن بوو،ویستی دەست بەسەرهەموودنیادابگرێ وجەنگی وڵاتی بەفروخێری کرد،بەڵام توشی تورەیی الله بوو ،دوای چەندساڵان بە ئاگری ڕوش ،یان ڕوس بەکوژراوی دۆزرایەوە،.

دیارە سەرەتای ١٣١٠ئاماژەیە بۆ لەدایک بوونی هیتلەر کەلە ١٨٨٩ز لەدوویک بووە ، وە سەرەتاکانی بیروبۆچونە نازیەکانی هیتلر لە ساڵی ١٩١٠ز دەستی پێ کرد .

لە باسی سادات وعبدالناسر وسەدام لەوودەست نوسە دا دەڵێ :

وفي عُقود الهجرة بعد الألف وثلاثمائة، عُد خمسا أو ستا يحكم مصر رجل يكنى (ناصر) يدعوه العرب (شجاع العرب) والله في حرب وحرب وما كان منصورا ، ويريد الله لمصر نصرا له حقا في أحب شهوره ، وهو له ، فأرضى مصر رب البيت والعرب بأسمر سادا ، أبوه أنور منه ، لكنه صالح لصوص المسجد الأقصى بالبلد الحزين .

لە دوای پێنج دەیە لە دوای هەزاروسێ سەدی کۆچی واتە دوای ساڵی ١٣٥٠ک تاکو ١٣٦٠ک /بەرامبەر ١٩٣٢-١٩٤٢،پیاوێک لە میسر فەرمانڕەوایی دەکا ناوی ناسرە،عەرەب بەئازای عەرەب ناوی دەبەن،چەندجەنگی کردن ولەهیچیان سەرکەوتوونەبوو،الله سەرکەوتنێکی بۆ میسرهێنا لە مانگێکی پیرۆزدا،کە میسری خاوەن ماڵ وعەرەب ی ڕازی کردن بە ئەسمەری سادا،باوکی ناوی ئەنوەرە ولەوڕوناکترە،بەڵام لەگەڵ داگیرکەرانی مزگەوتی ئەقسا پێک هات لە وڵاتی خەمبار.

جمال عبدالناسر لەساڵی ١٩١٨ز لەدایک بووە، لەوساڵەی ئاماژەی پێکراوە ١٣٥٠ک دا کە ١٩٣٣ز ئەوساڵەیە کە عبدالناسر وەک بچوکترین خۆپیشاندەر بریندارببوو وە وێنەکەی ڕۆژنامەنوسەکانی میسری پڕ کردبوو ، ساڵی ١٣٦٠ک کە ساڵی١٩٤٢ز ساڵی هاتنی ئەفسەری بەتوانا عبدالناسرە بۆناو ڕێکراوی ئەفسەرانی ئازاد و ئیخوان المسلمین .

پاشان لەباسی سەدام دەڵێ:

روي أبو داود في سننه بسنده عن عبد الله بن عمر قال (كنا قعودا عند رسول الله صلى الله عليه وسلم فذكر الفتن فأكثر في ذكرها .. الى أن قال " ثم فتنه (السراء) دخنها من تحت قدمي رجل من أهل بيتي يزعم أنه مني وليس مني..")

وفي عراق الشام رجل متجبر ...... و...... سفياني، في إحدى عينيه كسل قليل، واسمه من الصدام وهو صدام لمن عارضه، الدنيا جمعت له في كوت صغير دخلها وهو مدهون، ولا خير في السفياني إلا بالإسلام، وهو خير وشر، والويل لخائن المهدي الأمين.

وحرب في بلد اصغر من عجب الذنب يجمع أهل الدنيا لها كأنها أغنى بلد أولم عليها الوالمون وأمير فيها سلم رايته لزعيمه الشر الأتيه من الشواطىء البعيده الغريبه بدايه اخر الزمن فتجمع له صريخها من كل الدنيا وترد له عرش الملك ويخرب عراق في ملاحم بدايه اخر الزمن ويحارب امير الذنب الصغير جيوش المهدي وحان خراب البلد مره اخرى لان اميرها سر الفساد المهدي يقتله ويعود الذنب الى جسد.

واتای فەرمودەکە:..ئاژاوەوئاشوبی دەوڵەمەندی وخۆشگوزەرانی دێ،دوکەڵەکەی لە ژێر پێ ی منە،-واتە بەناوی نەوەی پێغەمبەرەوە ئاژاوەگێڕی دەکرێ-پیاوێک لە ئەهل وبەیتی من ،بانگەشەی ئەوەدەکا کەشوێن کەوتەی منە،بەڵام ئەو شوێن کەوتەی من نیە،،

لە عێراقی شوم فەرمانڕەوایەکی خۆسەپێن هەیە،...و....سوفیانیە وچاوێکی تۆزێک کزە،ناوەکەی لە سیدام وبەریەک کەوتنەو لە سیدام ولێکدان دایە بۆهەرکەسێک کە دژایەتی بکاونەیاری بێ،...دنیا گشتی لە کوت یێکی بچوک بۆی کۆبۆوە،بە چەوری چوەناوی ،ئەم سوفیانیە خێری پێوەنیە ،مەگەربە ئیسلامەوە نەبێ ،ئەوهەم خێروهەم شەڕە،واوەیلا بۆ ناپاکی کەر لە مەهدی ئەمین.

جەنگێک لەولاتێکی بچوکتر لە ئێسکی کلێجە بەرپادەبێ،هەموو لەشکری دونیای بۆکۆدەبێتەوە،وەک ئەووەی دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان بێ،خەڵک وەک پێشبڕکێ بۆهاتنەسەرخوانی وەلیمە بکەن ،دێنە ناو ئەو ئاژاوە،ئەمیری ئەوشوێنە ڕێشمەی خۆی داوەتە دەست پێشەنگی هێزێکی بەدکارکە لە ولاتێکی دووری ناو دەریالوشەکانەوەهاتوەو نامۆیە،ئەم ڕوداوە سەرەتای ئاخیرزەمانە،هاواری ئاژاوەگێڕی گشت دنیای بۆکۆدەبنەوە،حوکم وتەخت بۆو ولاتە دەگێڕنەوە،عیراق وێران دەکەن لەسەرەتای داستانی ئاخرزەمان دا،ئەمیری ولاتی ئێسکی عەجبی زنب وکلکەکە جەنگ لەگەڵ سەربازەکانی مەهدی دا دەکا،چونکە ئەمیرەکەی سەری هەموو بەڵاوبەدکاریەکانە،بۆیە جارێکی تر ولاتەکەی وێران دەبێ،بەدەستی مەهدی دەکوژرێ و کلکەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ لاشەکەی.

واتە جارێکی تر لەسەردەمی مەهدیدا عیراق کوێت دەگرێتەوە بە پێی ئەم دەست نوسە .

دیاری کردنی ساتی دەرکەوتنی مەهدی لەم دەست نوسەدا :

(وفي عقود الهجرة الإلف وأربع مائة ، واعقد اثنين أو ثلاثا...... يخرج المهدي الأمين ،[24] ويحارب كل الكون يجمعون له الضالون والمغضوب عليهم ،والذين مردوا على النفاق في بلاد الإسراء والمعراج عند جبل مجدون ، وتخرج له ملكة الدنيا والمكر زانية اسمها (أمريكا) تراود العالم يومئذ في الضلال والكفر ، ويهود العالم يومئذٍ في أعلى عليين يملكون كل القدس والمدينة المقدسة . وكل البلاد تأتي من البحر والجو إلا بلاد الثلج الرهيب وبلاد الحر الشديد.ويرى المهدي ان كل الدنيا عليه بالمكر السيئ، ويرى الله أشد مكرا، ويرى أن كل كون الله له، إليه المرجع والمصير، وكل الدنيا شجرةٌ له أن يملكها فرعاً وجذرا (......) فيرميهم الله بأكرب رمي ويحرق عليهم الأرض والبحر والسماء وتمطر السماء مطر السوء، ويلعن أهل الأرض كل كفار الأرض، ويأذن الله بزوال كل الكفر))

لە دوای دوویان سێ دەیە لەدوای هەزاروچوارسەد١٤٢٠-١٤٣٠ک ٢٠٠٠-٢٠١٠ز ،مەهدی ئەمین دەردەکەوێ،جەنگی هەموو گەردوون دەکا،هەموو مەسیحیە گومڕاکان وجولەکە غەزەب لێ گیراوەکان و دووڕووە دەغەڵەکان هەموو لە ولاتی شەوڕەوی وئیسراومیعراج لەلای چیای مەجدوون، ،گەلەکۆمەکەی لێ دەکەن ،پاشای دنیای شەڕواڵ پیس کەناوی ئەمریکایەخەڵکی پەلکێش دەکابۆ گومڕایی وبێ باوەڕی،جولەکەی

جیهان لەوکاتەدا لەترۆپکەی دەسەڵات دان ،قودس وولاتی پیرۆزیان بەدەستەوەیە،هەموو جیهان لەم جەنگە بەشدارن، تەنیا وڵاتە بەفراویە زۆرساردەکان وولاتە زۆرگەرمەکان نەبێ.

مەهدی کە دەبینێ کە هەموو جیهان بەفێل وتەڵەکە لەدژی ڕاوەستاون،باڵام فێڵ وتەڵەکەی الله پتەوترە،چونکە هەموو بونەوەروگەردوون بەدەست ئەووچارەنوسی گشت شتێک لای ئەوە،جیهان هەمووی درەختێکەو ڕەگ ولقەکانی بەدەستی ئەون...... الله بە مەکری خراپ گیرۆدەیان دەکا،دەریاوئاسمان وزەویان لێ دەسوتێنێ،بارانی خراپ بەسەریان دادەبارێ،خەڵکی زەوی هەموو کافرانی زەوی بەنەفرەت دەکەن،الله مۆڵەت دەداکە هەموو کوفر لەسەر زەوی نەمێنێ وبپێچرێتەوە.))

بە پێی ئەم دەقە دەرکەوتنی مەهدی لە دەوروبەری قودس وچیای مەجدوون ، حەماس کەلەساڵی١٩٨٧ ز دامەزراوە و بزاڤە هاوپەیمانەکانی لە جیهاد ولیواکانی ئەقساوسەلاح الدین لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ز لەهەڵبژاردن سەرکەوتن و لە ساڵی٢٠٠٥ز هەرێمی کەرتی غەزەیان کۆنترۆڵ کرد ، زۆر گەلەکۆمەکی جیهانیان لێ کرا ، بەڵام هەر بەخۆڕاگری مانەوە، لەتۆڵەی ئەم گەلەکۆمەکیانەی دەوڵەتانی کوفرومل هوڕی چەندان دەردوبەڵای ئایدز و ئەنفلەوەنزاوکۆرۆنا وچەندان بومەلەرزەو تسۆنامی وزریان وچەندان قەیرانی وەک قاعیدەوتالیبان وداعش ڕووبەڕووی ئەو وڵاتانە بۆتەوە.

بە پێی ئەم دەقەبێ هێزی گەلەکۆمەک لەدواجاردا بەڕوداوی سروشتی لەناو دەچن .

مێژوو وناوەکانی ئەم دەست نوسە زۆر بەجوانی هاتونەدی ،هەرلەجەنگی یەکەم ودووەم وهیتلەرو ئەڵمان وڕوسیا،تا عبدالناسرو ئەنورساداتی میسرو ئیسرائیل وئەمریکا، هەرلەسەدام وشەڕی کوێتەوە تادەگاتە شەڕەکانی گەلەکۆمەکی،بەڵام گەلەکۆمەکیەکە تەنیا لەسەر هرمجدۆن وفەلەستین نەبوو،ئەم دەقە هەر تێکستەکەی تەوڕاتە وئینجیلە وبەڵام مەسیحەکەی ئینجیل و یەهودی تەوڕات کراونە مەهدی،لە تێکستەکەی ڕوئیای یۆحەننا دا مەسیح سوپایەک لە مەلایکە دێنێ،دژی هەموو خەڵکی زەمین کە بوونی حوکمڕانی الله ڕەت دەکەنەوە دەجەنگێ .

لە شیکردنەوەی ڕوداوەکانی روئیای یۆحەنا کەکۆتا سفری ئینجیلە باسی بەشێک لەو ڕوداوانە کراوە .

ئەم نبوئە وپێش بینیە کە مەسیحیەکان لەهاتنەدی بێ ئومێدبوون ،ئەم دەستنوسەیان لە کردارێکی هەواڵگری دا ئاخنیوەتە ناوکتێبخانەی ئەستەمبووڵ.

پێشبینیەکە بە داڕشتنی سیناریۆی موفەبرەک وپەلەکردن نایەتەدی، ئێستا ئەوان پێشبینیە ئینجیلەکەیان کردۆتە ئیسلامی ،لەدەست نوسەوە کردویانەتە کتێب وبڵاوکراوە،پاشان سیناریۆی ئەم نەخشەیان داناوە ،ڕێکخراوەکەیان لە فەلەستینەوە هێناوەتە عێراق وسوریا،تائیسرائیل لەو کوشتاروشێوە دووربخرێتەوە ،هەرمجدۆن بوە عیراق مجدۆن،گەلە کۆمەکیەکەی جیهان بەرۆژهەڵات ورۆژئاواوە لە سەدامی سوفیانی وزەرقاوی وابو ئەیوب وئەبوبکری بەغدادی مەهدی گەیشتە ئەوپەڕی ،شەست وڵاتی رۆژئاواوپەناویەک وڵاتی ئیسلامی وڕوسیاوهاوپەیمانانی هەموویان گەلەکۆمەکیان کرد،بەڵام ئەم ڕێکخراوانە لەهەموو قۆناغەکان تێک شکان ونەسوپای مەلائیکەومەسیح هاتن ونەئاگری ئاسمان وزەمین ودەریا.

بەڵام هەرچەندە ئەوان ویستیان گەلەکۆمەکیەکان بێننە عیراق وئەفغانستان وسوریا بەڵام سیناریۆی ڕاستەقینە هەر گەڕایەوە فەلەستین و وابۆ ساڵێک دەچێ جەنگی گەلەکۆمەکی زلهێزان لە دژی موجاهیدانی حەماس لەچڵەپۆپەدایە ، ان شا الله کۆتایی ئەو دەست درێژیە نارەوایەش وەک دەست نوسەکە ئاماژەی پێ کردووە:

((فيرميهم الله بأكرب رمي ويحرق عليهم الأرض والبحر والسماء وتمطر السماء مطر السوء، ويلعن أهل الأرض كل كفار الأرض، ويأذن الله بزوال كل الكفر)) واتە :الله بە مەکری خراپ گیرۆدەیان دەکا،دەریاوئاسمان وزەویان لێ دەسوتێنێ،بارانی خراپ بەسەریان دادەبارێ،خەڵکی زەوی هەموو کافرانی زەوی بەنەفرەت دەکەن،الله مۆڵەت دەداکە هەموو کوفر لەسەر زەوی نەمێنێ وبپێچرێتەوە.))

ئەم تەحریف ولارێ کردنە لە پێشبینی ودەقەکان لە دینێکەوەبۆ دینێکی ترولە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ولە سەدەیەکەوەبۆسەدەیەکی تر، وادەکا کە تێکستەکان متمانەی خۆیان وبەهای دیکۆمێنتی وبەڵگەنامەی مێژوویان لەدەست بدەن وئیمانداران تووشی دڕدۆنگی ودوودڵی ببن لە بەڵێن وپێشبینیەکان ،ئامانجی هەموو ئەمانەش گاڵتە کردنی زلهێزانە بەدین وتێکستەکان ،،ئەم گاڵتە کردنە تائەوکاتە بەردەوام دەبێ کە وەک ئایەتەکە دەفەرموێ ،،يحيق بهم ماكانوا به يستهزئون،،،،

ئاشوبی یاجوج وماجوج واتە ی بنەبڕبوونی مرۆڤایەتی ومانەوەی ئەوچەندسەدکەسەی لەگەڵ عیسی علیه السلام لەکێوی تور پەنادراون..:

ئایا کێوی توری سینین لەکوێیە ؟ ئایا وئەوناوچەسێگۆشەبەردبەردەڵانەیەکەدەکەوێتە نێوان ئاسایاوئەفریقیاو دەریاسوروسپی ونیل؟ ئەی بۆچی ئەوناوچە هیچ کاتێک بە داری زەیتون بەناوبانگ نەبووە؟ بەڵکو بەوبەرزاییە دەگوترێ شاخی زەیتون کەهەردوو مزگەوتی ئەقساو سەخرەی لەسەرن، بروادارانی لەگەڵ عیسا علیه السلام لەسفری رۆئیای یۆحەنا لە قەڵای مەحبوبەی ئۆرشەلیم گەمارۆ دەدرێن ولەئینجیل توری سینین هەمان شاری قودسە .

بەبەڵگەی ئەوەش کە فەرمودەوشوێنەوارەکان باس لەوەدەکەن گۆڕی موساعلیه السلام تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە قودس دورە ،بەڵام ئەو نیمچەدوورگە سێگۆشە زۆرلە قودس دوورەو هەمیشەش بە میسر حساب بووە ، وە لەچیرۆکی ئیسراومیعراجیش بوراق بەلای شوێنی ناشتنی موساو توری سینادا ڕەت بووە کە ئەو نیمچەدوورگەسێگۆشەیە بەهیچ شێوە لەسەرڕێی نێوان مەککەو قدس نیە ، وە دوای فەتحی ئیسلامیش عومەرو هیچ کام لەسەحابەکان وزاناکانیش گرنگیەکی ئاینی ئەوتۆیان بەو دوورگەسێگۆشە نەداوە ، ئەمانەهەموو دەیسەلمێنن کە ئەودوورگە سێگۆشەییە وری سینا نیە و توری سینا لە فەلەستینە .

شاخی موسا یان شاخی توری سینا یان شاخی حۆریب=ڕوناکی ، یان ناوچەی خەراب و وێرانە، بەعیبری شاخی חֹרֵב بەیۆنانی سەبعینی Χωρήβ بەلاتینی Horeb)پێشی دەگوترێ جبل الله وجبل یهوە.لەهەردووسفری خروج وکتێبەکانی ملوک ی تەورات بەجبل الله وجبلی یهوەהַר הָאֱלֹהִים ناوی هاتووە.

ووشەی طوربەئارامی واتە چیاو شاخ وکێو .

دەکەوێتە باشوری نیمچەدوورگەی سینا ، شاخی حۆریب واتە شاخی ڕوناکی بەعیبری بەرزیەکەی لەڕوی دەریا 2285 مترە

دێرێک ومزگەوتێکی بچوکی لەسەرکراوە،گەشتیارانی هەرسێ دینەکە سەردانی دەکەن وبەپیرۆزی دەزانن،تەوڕات ودەڕاسپاردەکە لێرە دراونە موسی علیه السلام ولای جولەکەکان ولای مەسیحیەکان پیرۆزە .

هەرچەندە هەندێک لە شارەزایانی مێژوو پێیان وایە کە زانایانی یەهود بەهەڵەداچوون وتوری سینا ئەو دورگەسێگۆشەی نێوان ئەفریقیاوئاسیا نیە ،چونکە ئەوناوچە هیچ کاتێک دارزەیتونی لێ نەڕواوە ،بەڵکو توری سینا هەمان جبل الزیتونە کەئێستا هەردوو مزگەوتی ئەقساو سەخرەی پیرۆزی لەسەرن ولەهەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە ئەو شوێنە شوێنی درەختی زەیتونە . وە مسوڵمانان لەبابەتی دیاریکردنی شوێنە جوگرافیەکانی ناوقورئان وتەوڕات بێ چەند وچون باوەڕیان بە بۆچونی یەهود ومەسیحیەکان کردوە ،بەڵام مەرج نیە بۆچونی ئەوان ڕاست بێ .

بەپێی سفری یۆحەننای دواسفری ئینجیلیش یاجوج وماجوج لە شاری مەحبوبە وئۆرشەلیم دا عیساو پەیڕەوانی گەمارۆ دەدەن نەک لە شوێنی تر .

لەقورئانداچەندجارباسکراوە، وەلەفەرمودەش دا ئەم چیایە پەنای ئیماندارانە لە ئاشوبی یاجوج وماجوج، وەک لە سەحیحی موسلیم هاتووە:

«أخرجت عبادا لي لا يدان لأحد بقتالهم فحرز عبادي إلى الطور»

کەواتە کەس ناتوانێ بەرگەی یاجوج وماجوج بگرێ ،بۆیە تور بۆ ئیمانداران دەبێتە پەنا بەم فەرمودە قودسیە..

ئایا ئەم شاخە جێی چەندکەسی لێ دەبێتەوە تاکوتیای دا بحەوێنەوە؟

لە ڕوئیاکەی یۆحەننا وادەخوێنرێتەوە کە پاش ئەوەی هەزارساڵ بەسەردەچێ لەژیانی مەسیح ئەوجار یاجوج دێن،وەک لەسیحاحی بیستەم دا دەڵێ:[سیحاحی بیستەم:هەزار ساڵ:

پاشان مەلائیکەیەك هات کلیلی هاویەی پێ بوو ,هاویەی کردەوەو تەنینەکۆنەکە –ئیبلیسی-خستەناو هاویەو کلیلی دا بۆماوەی هەزار سال,بۆی نیە تا هەزار ساڵ خەلك گومڕا بکاو پاشان بەردەدرێ ,بینیم کە ئەوانەی سوجدەیان بۆ وەحشەکە نەبردبو، وەشم وتاتۆی دڕندە وەحشەکەیان لە خۆیان هەڵ نەکەندبوو ,ژیانیان بۆماوەی هەزار ساڵ لەگەڵ مەسیح پێ بەخشرا,بەڵام مردووەکانی تر لەم هەزارە زیندونابنەوە,ئەمە قیامەتی یەکەمە, جاکاتێ هەزارەکە تەواو بوو ,ئیبلیس بەردەبێ تا گەلانی یاجوج وماجوج لە کەنارەکانی زەوی گومرا بکا, وە ئامادەی جەنگی کردن,ژمارەیان وەك لمی دەم دەریا بوون,هاتن گەمارۆی شاری مەحبوبە -خۆشویستن -یان دا بەلام ئاگریك لە ئاسمانەوە هات و هەموی لەناو بردن,پاشان ئیبلیس لەودەریاچە هاویژرا کە پەیامبەری دڕۆزن و وەحشەکەی تێ هاویژرابو تاکو بۆ هەمیشە بسوتێن,

هەروەها لەسیحاحی نۆزدە دەڵێ:[پاشان بینیم ئاسمان کرایەوە,ئەسپێکی سپی سوارەکەی پێ ی دەگوترێ (ئەمینی صادق) ,بە عەدل فرمان دەکاو جەنگ دەکا,چاوەکانی وەك بلیسەی ئاگرن و تاجی زۆری لەسەرە و نوسراویکی لێ نوسراوە، بیجگەلەو کەس نازانێ بیخوێنیتەوە, ,بەرگێکی لە خوین هەلکیشراوی لەبەرەو ئەم سوارە ناوی (کلمه الله) یە,چەندین ئەسپی سپی لە دواوەن سوارەکانیان کەتانی سپیان لەبەرە,ئەمانە سەربازی ئاسمانن,لەدەمی سوارەکەوە شمشێرێکی تیژ هەیە بۆ لیدانی ئومەتەکان ,بە گۆچانی ئاسن شوانی گەلان دەکا پێ لە معصرەوگوشەری مەیی توڕەیی الله دەنێ.

مەلائیکەیەکی تر هاوار لە بالندەکان دەکا تابێن بۆ وەلیمەی الله و لە گۆشتی پاشاو میرو سەرۆك و دەسەلات دارەکا ن بخۆن ,دیتم پاشاکانی زەوی بۆ جەنگی سوارەکە کۆ بونەوە, بەلام سوارەکە و سوپاکەی هەمویان دیل کردن ,وەحشە دڕندەکەو دڕندەی دوەم کە پەیامبەری دڕۆزن بوو فڕێ درانە ناو دەریاچەی کبریت,ئەوانی تریش بە شمشێری دەمی سوارەکە کوژران و تەیروتور لە گۆشتیان تیر بوون,][

کەواتە مسیحی قافیەی پێغەمبەران کلمه الله و محمدی خاتمی النبیین هەواڵدەران سادق ئەمین یەک کەسن لەوڕۆژەدا...

بەڵام لە فەرمودەکانی پێغەمبەرعلیه السلام بە پێچەوانەیە هەردوای کوشتنی دەجال و دڕندەکە یاجوج وماجوج دێن،بۆیە فرمان بەعیسا دەکرێ بەندە ئیماندارەکان ببابۆ کێوی تور،لەفەرمودە هاتووە کەمەکەومەدینە پەنان کاتێ دەجال دێ،وە کێوی تور پەنایە لەبەڵای یاجوج وماجوج.

ئایاکێوی تور جێی چەند کەس دەبێتەوە؟ ئایا ڕاستە کەوەک لەهەندێ فەرمودە هاتووە کەژمارەی ئەوئیماندارانەی کەلەتور گەمارۆ دەدرێن هێندەی مسوڵمانانی شەڕی بەدرە کە٣١٣کەس بوون؟؟ ووەک لە فەرموودەکان دەردەکەوێ یاجوج وماجوج جگەلەوگەمارۆدراوانە هەموو خەڵکی سەرزەوی دەکوژن وقەتڵ

وعام دەکەن، ئایایاجوج وماجوج هەرهندوچین وکۆریان وەک هەندێ وا نیشان دەدەن؟ یان یاجوج وماجوج شاراوەن ولەناوناخی زەوین وزەوی کلۆرە وگۆزەیەکە وئێمەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەنیانەخشەی سەرڕوکاری گۆزەکەین وئەوەی ناوگۆزەکە یاجوج وماجوجن کە نەوەدونۆجار لە ئێمە زۆرترن، وەتەمەندرێژن و تانەوەی نەوەش نەبینن نامرن و نەوەووەچەیان زۆرەوشێوەیان جۆراوجۆرە؟؟

دەقەکان ی قورئان وسونەت وئینجیل وتەورات ودەقە پیرۆزەکان وهەندێ ئاماژەو دۆزراوەی تازەش پشتگیری ئەوەدەکەن کە ئێمە تائێستا زەویمان نەناسیوەوئەوەی زانست لێی کردوینە یەقین کەزەوی هەرئەوچەند کیشوەرو ئۆقیانوسەیە و هەمووی دۆزراوەتەوەو پشکنراوەو هیچ کون وکەلەبەرێکی نەماوە ڕاست نیەو خۆچەواشە کردنە وخۆخەڵەتاندنە..

کەواتە دەقەکان باسی کارەساتێکی وەک کارەساتی نوح دەکەن ،زەوی لەلایەن یاجوج وماجوج پاک ماڵ دەکرێ وکەس ناهێڵن، ئایا یاجوج وماجوج دیاردەن وەک لافاوەکەی نوح ؟؟

لەئینجیلی مەتا ئیسحاحی ٢٤ دا دەڵێت:

[پێشبینی وێرانبوونی پەرستگا

24

عیسا لە پەرستگا هاتە دەرەوە، هێشتا لە ڕێگا بوو کاتێک قوتابییەکانی لێی هاتنە پێشەوە تاکو سەرنجی بۆ تەلارەکانی پەرستگا ڕابکێشن. 2 عیسا پێی فەرموون: «هەموو ئەمانە دەبینن؟ ڕاستیتان پێ دەڵێم: لێرەدا بەردی بەسەر بەردیەوە نامێنێت و هەمووی دەڕووخێت.»

نیشانەکانی کۆتایی زەمان

3 کاتێک لەسەر کێوی زەیتوون دانیشتبوو، قوتابییەکان بە تەنها هاتنە لای و گوتیان: «پێمان بفەرموو کەی ئەمە ڕوودەدات؟ هەروەها نیشانەی هاتنەوەت و کۆتایی زەمان چییە؟»

4 عیسا وەڵامی دایەوە: «ئاگاداربن، کەس چەواشەتان نەکات، 5 چونکە زۆر کەس بە ناوی منەوە دێن و دەڵێن ”من مەسیحەکەم،“ زۆر کەسیش چەواشە دەکەن. 6 جەنگ و هەواڵی جەنگیش دەبیستن، وریابن مەتۆقن، چونکە دەبێت ئەمە ڕووبدات، بەڵام هێشتا کۆتایی نییە. 7 نەتەوە لە نەتەوە ڕاست دەبێتەوە و شانشین لە شانشین، قاتوقڕی و بوومەلەرزەش لە شوێنی جیاجیا دەبێت. 8 بەڵام ئەمانە هەمووی سەرەتای ژانەکانن.

9 «ئینجا بۆ چەوسانەوە بە گرتنتان دەدەن و دەتانکوژن، هەموو نەتەوەکان لەبەر ناوی من ڕقیان لێتان دەبێتەوە. 10 ئەو کاتە زۆر کەس واز لە باوەڕەکەیان دەهێنن و یەکتری بە گرتن دەدەن و ڕقیان لە یەکتری دەبێتەوە. 11 زۆر پێغەمبەری درۆزن دەردەکەون، زۆر کەس چەواشە دەکەن. 12 لەبەر زۆربوونی خراپە، خۆشەویستی زۆر کەس سارد دەبێتەوە. 13 بەڵام ئەوەی‌پێغەمبەرەی تاکو کۆتایی دانبەخۆیدا بگرێت

ودەمێنێتەوە، ،هەر ئەو ڕاستەو هەر پەیامی ئەو ڕزگاری دەبێت. 14 ئەم مزگێنی پاشایەتییەش لە هەموو جیهاندا ڕادەگەیەنرێت، وەک شایەتییەک بۆ هەموو نەتەوەکان، ئینجا لە جیهان کۆتاییەکە دێت.

گەورەترین تەنگانە

15 «لەبەر ئەوە کاتێک دەبینن [قێزەونی وێرانکەر]a لە شوێنی پیرۆزدا ڕاوەستاوە، ئەوەی پێغەمبەر دانیال باسی کردووە (با خوێنەر تێبگات)، 16 ئینجا با ئەوانەی لە یەهودیان بەرەو چیاکان ڕابکەن، 17 ئەوەی لە سەربانە با نەیەتە خوارەوە تاکو شتەکانی لە ماڵەوە ببات. 18 هەروەها ئەوەی لە کێڵگەیە با نەگەڕێتەوە تاکو جلەکەی ببات. 19 لەو ڕۆژانەدا قوڕبەسەر دووگیان و شیردەر! 20 نوێژ بکەن با هەڵاتنتان لە زستان یان لە شەممەدا نەبێت، 21 چونکە لەو کاتەدا تەنگانەیەکی وا گەورە ڕوودەدات کە لە سەرەتای جیهانەوە هەتا ئێستا ئاوا نەبووە و نابێت.

22 «ئەگەر ئەو ڕۆژانە کەم نەکرابوونایەوە، کەس ڕزگاری نەدەبوو. بەڵام لە پێناوی ئەوانەی هەڵبژێردراون، ئەو ڕۆژانە کەم دەکرێنەوە. 23 ئەگەر ئەو کاتە یەکێک پێی گوتن: ”ئەوەتا مەسیح لێرەیە!“ یان: ”ئەوەتا لەوێیە!“ باوەڕ مەکەن، 24 چونکە چەند مەسیحێکی درۆزنb و پێغەمبەرانی درۆزن دەردەکەون، نیشانەی گەورە و پەرجوو دەکەن، بە شێوەیەک ئەگەر بکرێت تەنانەت هەڵبژێردراوانیش چەواشە دەکەن. 25 ئەوەتا پێشوەخت پێم گوتن.

26 «لەبەر ئەوە ئەگەر پێیان گوتن: ”ئەوەتا لە چۆڵەوانییە!“ مەڕۆن، یان ”ئەوەتا لە ژوورەوەیە!“ باوەڕ مەکەن، 27 چونکە وەک چۆن هەورەتریشقە دێت و ڕووناکی دەدات لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژئاوا، هاتنەوەی کوڕی مرۆڤیش ئاوا دەبێت. 28 کەلاک لەکوێ بێت، داڵ لەوێ کۆدەبێتەوە.

هاتنەوەی عیسا

29 «دەستبەجێ دوای تەنگانەی ئەو ڕۆژانە،

«[خۆر تاریک دەبێت، مانگ ڕووناکییەکەی نادات،

ئەستێرەکان لە ئاسمان دەکەون،

تەنی ئاسمانی دەهەژێن.]c

30 «لەو کاتە نیشانەی کوڕی مرۆڤ

ئاسمانەوە بە هێز و شکۆیەکی مەزنەوە دێت.d 31 فریشتەکانی بە کەڕەنایەکی دەنگ بەرزەوە دەنێرێت، لە ئاراستەی هەر چوار بایەکە، لەم سەری ئاسمانەوە هەتا ئەو سەری، هەڵبژێردراوانی خودا کۆدەکەنەوە.

پەندی دار هەنجیر

32 «پەند لە دار هەنجیر وەربگرن: کاتێک لقەکانی نەرم بوون و گەڵایان کرد، دەزانن هاوین نزیکە. 33 بە
هەمان شێوە، کاتێک ئێوەش هەموو ئەم شتانە دەبینن، بزانن کە نزیکە و لە بەردەرگایە. 34 ڕاستیتان پێ
دەڵێم: ئەم نەوەیە بەسەرناچێت، هەتا هەموو ئەمانە نەیەنە دی. 35 ئاسمان و زەوی بەسەردەچن، بەڵام
وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن.

کەس ئەو کاتە نازانێت

36 «سەبارەت بەو ڕۆژ و کاتە کەس نایزانێت، نە فریشتەکانی ئاسمان و نە کوڕەکە، تەنها باوک نەبێت.
37 ڕۆژانی نوح چۆن بوو، کاتی هاتنەوەی کوڕی مرۆڤیش ئاوا دەبێت. 38 وەک چۆن لە ڕۆژانی پێش لافاوەکە
دەیانخوارد و دەیانخواردەوە، ژنیان دەهێنا و مێردیان دەکرد، هەتا ئەو ڕۆژەی نوح چووە ناو کەشتییەکە،
39 کەس نەیدەزانی چی ڕوودەدات، هەتا لافاوەکە هات و هەمووی برد. هاتنەوەی کوڕی مرۆڤیش ئاوا دەبێت.
40 لەو کاتەدا دوو پیاو لە کێڵگە دەبن، یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێدەهێڵدرێت. 41 دوو ژن دەستاڕ
دەگێڕن، یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێدەهێڵدرێت.

42 «لەبەر ئەوە ئێشک بگرن، چونکە نازانن لە چ ڕۆژێکدا مەسیحی خاوەن شکۆتان دێتەوە. 43 بەڵام ئەوەش
بزانن: ئەگەر گەورەی ماڵ بزانێت لە چ کاتێکدا دز دێتە سەری، ئێشک دەگرێت و نایەڵێت ماڵەکەی ببڕدرێت.
44 کەواتە ئێوەش ئامادە بن، چونکە کوڕی مرۆڤ لە کاتێکدا دێتەوە کە بیری لێ ناکەنەوە.

نموونەی کۆیلەی دڵسۆز

45 «کەواتە ئەو کۆیلە دڵسۆز و ژیرە کێیە کە گەورەکەی کردوویەتی بە لێپرسراوی خزمەتکارەکانی دیکەی تاکو
لە کاتی خۆیدا خواردنیان بداتێ؟ 46 خۆزگە دەخوازرێت بەو کۆیلەیە کاتێک گەورەکەی دێتەوە دەبینێت ئەرکی
خۆی جێبەجێ دەکات. 47 ڕاستیتان پێ دەڵێم: بەسەر هەموو ماڵەکەیەوە دایدەنێت. 48 بەڵام وای دابنێ کە
ئەو کۆیلەیە خراپە و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: ”گەورەکەم دوادەکەوێت،“ 49 بەو هۆیەوە دەست دەکات بە لێدانی
کۆیلە هاوکارەکانی و لەگەڵ سەرخۆشان دەخوات و دەخواتەوە. 50 ئیتر گەورەی ئەو کۆیلەیە لە ڕۆژێکدا
دێتەوە کە چاوەڕێی ناکات و لە کاتژمێرێک کە نایزانێت. 51 ئەوسا پارچەپارچەی دەکات و بەشی لەگەڵ
دووڕوواندا دادەنێت، جا گریان و جیڕەی ددان لەوێ دێت]

هەروەها لە ئیسحاحی ١٤ی ئینجیلی یۆحەننا دەڵێت :

[بەڵێنی هاتنی ڕۆحی پیرۆز

15 «ئەگەر منتان خۆشبوێ کار بە ڕاسپاردەکانم دەکەن. 16 منیش داوا لە باوک دەکەم یارمەتیدەرێکیc
دیکەتانd بداتێ کە هەتاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە، 17 ڕۆحی ڕاستی، کە جیهان ناتوانێت وەریبگرێت، چونکە
نایبینێت و نایناسێت. بەڵام ئێوە دەیناسن، چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لەناو ئێوەدا دەبێت. 18

25 «ئەمانەم پێ گوتن کە هێشتا لەلاتانم. 26 بەڵام یارمەتیدەرەکە، ڕۆحی پیرۆز

26 بەڵام یارمەتیدەرەکە، ڕۆحی پیرۆز، ئەوەی باوک بە ناوی منەوە دەینێرێت، ئەو هەموو شتێکتان فێردەکات و هەموو ئەو شتانەی پێم گوتوون بیرتان دەخاتەوەe.

ئاشتی عیسا

27 «ئاشتیتان بۆ بەجێدەهێڵم، ئاشتی خۆمتان دەدەمێ. ئەوەی من دەتاندەمێ وەک ئەوە نییە کە جیهان دەتانداتێ. نیگەران مەبن و مەترسن.

28 «گوێتان لێبوو پێم گوتن: ”دەڕۆم و دێمەوە لاتان.“ ئەگەر منتان خۆشبوێ، دڵشاد دەبن کە دەچمە لای باوک، چونکە باوک لە من مەزنترە. 29 ئەوەتا ئێستا پێش ڕوودانی پێم گوتن، تاکو کاتێک ڕوویدا باوەڕ بهێنن. 30 لەمەولا زۆر قسەتان لەگەڵ ناکەم، چونکە سەرۆکی ئەم جیهانەf وا دێت. هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر مندا نییە، 31 بەڵام ئەو دێت تاکو جیهان بزانێت باوکم خۆشدەوێت و بەو شێوەیە کار دەکەم کە باوک ڕایسپاردووم.]

ئایا ئەوان داروددرەخت وڕوەکن چونکە لەفەرمودە هاتوە کە دوای مردنیان ئاژەڵە شیردەرەکان دەیانخۆن؟؟

هەرچیەک بن ئەوان هەموو مرۆڤایەتی لەناودەبەن وجگەلەو ٣٠٠کەسە گەمارۆدراوەی ناوکێوی تور کەس ناهێڵن، ئایا کێوی تور جێگای ژیان وبژێوی وحەوانەوەی ٣٠٠کەسی تێدادەبێتەوە یان وەک کەشتیەکەی نوح ئامادە دەکرێ؟ بێگومان عیسی علیه السلام ئامادەکاریەک دەکا، ئایا کێوی تور هەرهەمان ئەوکێوە مێژوویەیە یان ناوی کێوی تور هێمایە بۆئەوەی کە ئەوەی لە کارەساتی ئەم جارە دەربازی دەبێ سێ سەدکەسن کەپەنادەبەنە بەرچیا؟ ئایا دەکرێ بڵێین کەئەم سێسەدکەسە لەپانتایی هەموو جیهانی کۆن ونوێ هەرلە ئەمریکاکان وئۆرپاسیاوئەفریقیاوئۆقانیا پەنادەبەنەبەرچیاکان وپاشان دەبنەوە دووبارە ئاوەدانکەرەوەی زەوی بۆ هەزارساڵی مەسیح؟ یان مەرجە کە ئەمانە لەشاخێک لەشاخەکان ولەوشوێنەی تور بەیەکەوەبن؟؟ ئەوەی دەقەکان دەیڵێن ئەمانە هەموو لەیەک شاخن وبەیەکەوەن وعیسایان لەگەڵەو برسێتی وتینوێتی وترسی زۆریان لەسەرە، پاش لەناوچوونی هەموو خەڵکی سەرزەوی وپاشان لەناوچوونی یاجوج وماجوج بەدوعای عسی علیه السلام ئەم سێسەدکەسە بۆماوەی هەزارساڵ لەگەڵ عیسی ولەژێر فەرمانڕاوای دادگەروعەدالەت دەژین وئەوکاتە دنیاپڕدەبێ لەدادوعەدالەت وفەڕوبەرەکەت بۆ ئەم کۆمەڵگا بچوکە وئەمانە وەک هەشتاکەسەکەی گەڵ نوح باوکێکی تری مرۆڤایەتین ،ئایا دوای ئەو هەزارساڵە یەکسەر مرۆڤایەتی لەناودەچێ؟ بێگومان نەخێر،لەوەیە دوای ئەوەش هەزاران ساڵی تربەردەوام بێ بەڵام کارەسات ئامێزدەبێ ودیاردە سروشتیەکان تەنگ بەژیان هەڵدەچنن..

چونکە دوای هەزارساڵەکە ئیمانداران دەمرن، کەواتە ئەمن وئاسایش لەسەرزەوی نامێنێ...

لە هەندێ گێڕدراوە هاتووە کە عیسی علیه السلام چل ساڵ دەمێنێتەوە،پاشان بایەک دێ ورِوحی ئیمانداران دەکێشێ ،دەڵێن لەگەڵ ئەوبایە ئیمان وقورئان لەسەرزەوی نامێنێ،،،

پێم وایە کە دوای ئەوەی کە تەنیالەسەرزەوی کۆمەڵێکی ئیمانداردەمێنن ولەسەریانە زەوی ئاوەدان کەنەوە دەبێ هەزارساڵەکە ڕاستربێ ،چونکە کە پەروەردگارهەموو مرۆڤایەتی بۆ ئەوانە لەناوبردوە ،نابێ دوای چل ساڵ خەڵکی بێ ئیمان پەیدابینەوە،بەهەزارساڵ ئەوجار خەڵک دووبارە توشی لادان ولاڕێ بوون دەبن ،هەروا قیامەت وساعەت لە ڕۆژی یەک شەمە هەڵناستێ چونکە فەرمودە دەفەرموێ کە قیامەت ڕۆژی جومعە هەڵدەگیرسێ،وەبەدەق فەرمودە ئێستا سەرەتای ڕۆژی یەک شەممەیە ،تابگەینە ڕۆژی جومعە پێنج هەزارساڵی ماوە ...

ئەگەر یاجوج وماجوج یافسیەکان بن کە بنەچەتورک وچین وهند وسلاڤی وئاری وئەوروپیەکان بەگشتی دەگرێتەوە ئەوانە زیاتر لە پێنج ملیاری سەرزەوی پێک دێنن، سامی وحامیەکان کەمترلەدوو ملیارن، ئەم ئاریانە پێش ئەوەی بەدوعاکەی عیسی لەناوبچن دوو ملیارە حامی وسامیەکە لەناودەبەن تەنیائەو چەندسەد کەسە دەمێنن کەلە لەوەوپێش لەدەجال پەنادرابوون ولە ئاشوبی یاجوج وماجوجیش پەنادەدرێن ،جگەلەوان بە پێی دەقەکان هەموو مرۆڤایەتی لەناودەچێ، ئەم دەقانە هەم لە ئیسلام ولەناو مەسحیەت ولەناو جولەکەو دین ورۆشنبیریەکانی تریش باوەڕپێ کراون وباسیان هەیە،ئایا دەوڵەتە پێشکەوتوەکان کە خاوەنی تەکنەلۆژیان وحسابی هەموو شتێکیان کردوە، بیریان لەوکارەساتە نەکردۆتەوەونەخشەیان بۆ نەکێشاوە؟؟

ئایا کە یاجوج وماجوج بێ چۆن زلهێزەکان دێلن ئەو سێسەدکەسەی تور لە ئیمانداران بن؟ عیسی چۆن ئەم بابەتە یەکلا دەکاتەوە؟

کەعیسی علیه السلام هات وڵامی ئەم پرسیارانە بەکردەوەدەداتەوە،بەڵام زۆر گەل ونەتەوەودین بێ ئومێد دەبن چونکە عیسی وەک نوح جیهان لەناودەباو لەچەند کەسێکی کەمەوە مرۆڤایەتی دەست پێ دەکاتەوە، کەئەمە قیامەتی بچوکی مرۆڤایەتیە،پاشان عیسی علیه السلام بۆ ئەوەدەستەکەمەی لەگەڵنی ،کەدێ دەستیان بەسەردادێنێ وهەواڵیان دەداتێ بە پلەوپایەیان لەبەهەشت، وەک لەفەرمودە هاتووە،بۆئەمانە جیهان پڕدەبێ لەعەدل ودادوەری وزەوی بەرەکەتی خۆی دەردەخا ودرەختێک بەشی تیرەیەک میوەدەگرێ وخۆشگوزەرانی ڕوو لەمرۆڤایەتی دەکا،تا ئەوانیش پاش چەندسەدە نەوەکانیان توشی لەڕێلادان دەبن وئیمان وقورئان و دەستەواژەی الله و کەعبەو حجرالاسود لەسەرزەوی نامێنن ودەبرێنەوەبۆئاسمان.

جاڕوداوەکارەسات بارەکانی قیامەت یەک لەدوای یەک لەسەرئەمانە هەڵدەستن..

تضرع المؤمنين من الله رب العالمين للنصرة المرابطين المجاهدين في اكناف بيت المقدس

الحمد لله الذي لا يُهزم جنده، ولا يُغلب أمره، ولا يُعجزه هارب ولا يعوزه غالب، الحمد لله ناصر المستضعفين، ومذل المتجبرين، ومهلك الظالمين، الحمد لله الذي كتب النصر لعباده المؤمنين، وجعل العاقبة للمتقين،

وأشهد أن لا إله إلا هو، وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله، المبعوث رحمة للعالمين، وحجة على الخلائق أجمعين.

الحمد لله، الحمد لله الذي لا يُهزم جندُه، ولا يُخلف وعدُه، ولا يُردُّ بأسُه عن القوم المجرمين.

الحمد لله القوي القادر، الجبار القاهر، ناصر أوليائه، وخاذل أعدائه، مجيب دعوة المضطرين، وكاشف كرب المكروبين، الذي يقول للشيء كن فيكون.

اللهم لك الحمد كما ينبغي لجلال وجهك وعظيم سلطانك، سبحانك لا نحصي ثناءً عليك، أنت كما أثنيت على نفسك.

اللهم لك الحمد ملء السماوات وملء الأرض وملء ما بينهما وملء ما شئت من شيء بعد، لك الحمد حتى ترضى، ولك الحمد إذا رضيت، ولك الحمد بعد الرضا.

اللهم لك الحمد إذ أيقظت قلوبنا للإيمان، وربطتها بكتابك، وشرّفتها بالصلاة على حبيبك خاتم النبيين وامام المرسلين وقرة عين المؤمنين .

اللهم صلِّ على سيدنا محمد، صلاةً تُنير بها قلوبنا كما أنرت الوجود ببعثته، وتُثبّت بها أقدامنا كما ثبّتَّ أقدام أصحابه يوم بدر، وتغسل بها صدورنا من الغِلّ والحزن، وتُعلي بها رايات الحق إلى أن يرث الله الأرض ومن عليها.

اللهم صلِّ وسلم وبارك عليه، وعلى آله الطيبين الطاهرين، وأصحابه الغرّ الميامين، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، صلاةً دائمة متصلة إلى يوم الدين، تُبلّغنا بها شرف الشفاعة، ومقام الطائفة المنصورة، ومرافقة المرابطين في سبيلك عند بيتك المقدس.

اللهم صلِّ وسلم وبارك على سيدنا محمد، الرحمة المهداة، والنعمة المسداة، والسراج المنير، صلِّ عليه صلاةً تُفرّج بها الكروب، وتكشف بها الهموم، وتفتح بها أبواب النصر والتمكين، وعلى آله وصحبه أجمعين، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.

اللهم إنا نسألك ونتوسل إليك بأسمائك الحسنى وصفاتك العُلا، باسمك الأعظم الذي إذا دُعيت به أجبت، وإذا سُئلت به أعطيت، أن تنصر المرابطين في بيت المقدس وأكنافه، في غزة العزة، نصراً مؤزراً، وتمكيناً راسخاً.

اللهم يا حي يا قيوم، يا ذا الجلال والإكرام، يا بديع السماوات والأرض، نسألك كما أمرتنا:

﴿ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ [غافر: 60]،

فها نحن عبادك ندعوك بإلحاح، فاستجب لنا، يا قريب يا مجيب.

اللهم منزل الكتاب، سريع الحساب، اهزم الأحزاب، اللهم اهزمهم وزلزلهم، اللهم اهزمهم وانصرنا عليهم.

اللهم إنّا عبيدك، بنو عبيدك، نواصينا بيدك، ماضٍ فينا حكمك، عدل فينا قضاؤك، نسألك بكل اسم هو لك، سميت به نفسك، أو أنزلته في كتابك، أو علَّمته أحداً من خلقك، أو استأثرت به في علم الغيب عندك، أن تجعل القرآن العظيم ربيع قلوب المرابطين، ونور صدورهم، وجلاء أحزانهم، وذهاب همومهم وغمومهم، وأن تجعله لهم قوة في القتال، وصبراً في البلاء، وثباتاً في الزحف.

اللهم أيِّدهم بروحٍ من عندك، واربط على قلوبهم، وثبّت أقدامهم، وأنزل السكينة عليهم، كما أنزلتها على نبيك ﷺ يوم بدر.

اللهم أمددهم بالملائكة المردفين، كما أمددت المؤمنين من قبل.

اللهم ألقِ الرعب في قلوب أعدائهم، وزلزل أقدامهم، واجعل تدبيرهم تدميراً عليهم، واجعل كيدهم في نحورهم.

اللهم إنهم المرابطون الذين أخبر عنهم نبيك ﷺ أنهم الطائفة المنصورة، اللهم أظهر فيهم وعدك، وحقق فيهم نبوءتك، وأقر أعيننا بنصرهم المبين.

اللهم إن كانت ذنوبنا تحجب إجابة دعائنا، فاغفر لنا ولهم، واغفر للأمة كلها، واغسلها بماء التوبة النصوح، حتى نستحق نصرك الذي وعدت به عبادك المؤمنين.

اللهم إنا نقسم عليك بحبك لنبيك، وبمكانة بيتك المقدس، وبدموع الثكالى والأرامل، وبصرخات الأطفال، أن تجعل هذه الليلة ليلة فرجٍ ونصرٍ وعزٍ وتمكين، وأن تكتبها في صحائف التاريخ نقطة تحول للنصر المبين.

اللهم آمين، اللهم آمين، اللهم آمين.

(لا إله إلا الله العظيم الحليم، لا إله إلا الله رب العرش العظيم، لا إله إلا الله رب السموات ورب الأرض ورب العرش الكريم)

(لا إله إلا الله العظيم الحليم، لا إله إلا الله رب العرش العظيم، لا إله إلا الله رب السموات ورب الأرض ورب العرش الكريم)

اللهم يا قوي يا متين، يا عزيز يا جبار، يا من لا يُغلب جندُه ولا يُرد أمرُه، نسألك في هذه الليلة المباركة أن تنصر المرابطين في أكناف بيت المقدس، في غزة العزة، نصراً مؤزراً، فتحاً مبيناً، وتمكيناً راسخاً.

اللهم إنهم عبادك الضعفاء، قد تكالب عليهم أهل البغي والعدوان، فكن لهم عوناً وظهيراً، وامددهم بجندٍ من عندك، وبملائكةٍ مُردفين.

﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ مُرْدِفِينَ﴾ [الأنفال: 9].

اللهم اربط على قلوبهم كما ربطت على قلوب أهل بدر، وثبّت أقدامهم كما ثبّت أقدام أصحاب طالوت، وأنزل عليهم سكينتك كما أنزلتها على قلب نبيك ﷺ يوم الهجرة ويوم بدر ويوم الأحزاب.

اللهم إن كانت نصرتهم وعداً في الأحاديث المتواترة عن حبيبك المصطفى ﷺ، فأرنا تمام وعدك، وحقق لنا صدق خبرك، واجعلهم الطائفة المنصورة التي لا يضرها من خذلها ولا من خالفها حتى تقوم الساعة.

اللهم اجعل دماء شهدائهم نوراً يضيء بيت المقدس، واجعل أسرهم فداءً للعزّة، وجرحاهم جسوراً للنصر، ونساءهم وأطفالهم حرّاساً للكرامة والإيمان.

اللهم اجعل حولهم حصناً من نورك، ومدداً من قوتك، ونصراً من جندك، وفتحاً من عندك.

اللهم منزل الكتاب، سريع الحساب، اهزم الأحزاب، اللهم اهزمهم وزلزلهم

اللهم اجعل صواريخهم سهاماً في صدر البغي، وارزقهم إصابة الحق، واجعلها برداً وسلاماً على المستضعفين.

اللهم أيقظ في الأمة عزائم الجهاد، وأخرج من أصلابها رجالاً كأُسد الغاب، يرهبون عدوك وعدوهم.

اللهم إنا نستودعك غزة وأكناف بيت المقدس، فاحفظهم بحفظك، واكلأهم برعايتك، وأقر أعيننا بظهورهم، ودوام مرابطتهم، حتى يشهد العالم كله أن وعدك حق، وأنك لا تخلف الميعاد.

يا الله، يا الله، يا الله...

نسألك باسمك الأعظم الذي إذا دُعيت به أجبت، وإذا سُئلت به أعطيت، أن تجعل هذه الليلة ليلة فرجٍ ونصرٍ وعزٍ وتمكين، وأن تكتب فيها لأهل الرباط نصراً مبيناً وعقبى حميدة.

اللهم يا حي يا قيوم، يا ودود يا ودود، يا ذا العرش المجيد، يا فعالاً لما يريد، نسألك بنور وجهك الذي أشرقت له السماوات والأرض، وبكلمة التوحيد التي ملأت الكون: لا إله إلا الله، وبمعقد العز من عرشك، وبمنتهى الرحمة من كتابك، وبحق نبيك محمد ﷺ ووعده الصادق، أن تنصر دينك، وتُعلي كلمتك، وتُظهر آياتك، وتُعز أولياءك، وتذل أعداءك.

اللهم يا حي يا قيوم، لا إله إلا أنت، برحمتك نستغيث، أصلح شأن المرابطين كله، ولا تكلهم إلى أنفسهم طرفة عين، وكن لهم عوناً وظهيراً، ومدداً ونصيراً.

اللهم إن وعدك الحق، وكلامك الصدق، ونبيك ﷺ قد بشّر بظهور الطائفة المنصورة، اللهم فأرنا فيهم وعدك، وحقق فيهم قولك:

﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ﴾ [غافر: 51].

اللهم إنا نسألك بوجهك الكريم، وسيادتك المطلقة، ومقدساتك المباركة، وكلماتك التامات، أن تجعل راية الإسلام عالية في أكناف بيت المقدس، وأن تحفظ دماء وأعراض وأرض المرابطين، وأن تكتب لهم التمكين في الأرض كما كتبت لمن قبلهم.

اللهم هذا وعد نبيك، وهذا دينك، وهذه مقدساتك، وهذه كلماتك، اللهم فأظهرها نصراً مبيناً، وفتحاً قريباً، وعزاً مؤزراً.

اللهم قد دعوناك كما أمرت، وتوسلنا إليك بما أحببت، ورفعنا أكف الضراعة بين يديك، فلا تردّنا خائبين، ولا تجعلنا عن بابك مطرودين.

اللهم إن لم يكن النصر لهذه العصابة المرابطة فمن لها؟ وإن لم يكن العون لهم فمن يعينهم؟ وإن لم يكن الحفظ لهم فمن يحفظهم؟

اللهم أنت رجاؤهم إذا انقطعت الرجاء، وأنت أملهم إذا خابت الآمال، وأنت النصير إذا عزّ الناصر، وأنت المولى فنِعْمَ المولى ونِعْمَ النصير.

اللهم اجعلنا نرى وعدك رأي العين، وافتَح لنا أبواب الفرج من حيث لا نحتسب، واجعل هذه الليلة بداية نصرٍ مبين، وفتحٍ قريب، وعزٍ مؤزر لدينك وأوليائك.

اللهم إنا نسألك كما دعا نبيك يوم بدر:

«اللهم إن تهلك هذه العصابة من أهل الإسلام لا تُعبد في الأرض»،

اللهم فلا تهلكهم، ولا ترفع عنهم يد نصرك، ولا تسلبهم مددك، حتى يرثوا الأرض وما عليها، ويكون الدين كله لك.

يا حي يا قيوم، برحمتك نستغيث، فأغثنا، يا ودود يا ودود، يا ذا العرش المجيد، يا فعالاً لما يريد، يا من لا يُعجزه شيء في الأرض ولا في السماء، انصرهم نصراً مؤزراً، عاجلاً غير آجل.

اللهم صلِّ على سيدنا محمدٍ صلاةً تُنجينا بها من جميع الأهوال والآفات،

وتقضي لنا بها جميع الحاجات،

وتطهرنا بها من جميع السيئات،

وترفعنا بها عندك أعلى الدرجات،

وتبلغنا بها أقصى الغايات من جميع الخيرات في الحياة وبعد الممات،

وعلى آله وصحبه وسلم تسليمًا كثيرًا.

﴿سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ * وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ * وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾.

١٢-٩-٢٠٢٥/٢٠-ربيع الاول١٤٤٧هـ صبيحة يوم الجمعة. ڕانيه/كێوەڕەش

لیستی گرنگترین سەرچاوەکان :

گرنگترین سەرچاوەکان لە دوای قورئانی پیرۆز:

١-تفسير (التحرير والتنوير «تحرير المعنى السديد وتنوير العقل الجديد من تفسير الكتاب المجيد» الشيخ محمد محمد الطاهر عاشور .

٢- سنن الترمذي المؤلف: محمد بن عيسى بن سَوْرة بن موسى بن الضحاك، الترمذي، أبو عيسى (ت ٢٧٩ هـ) تحقيق وتعليق: أحمد محمد شاكر ...

٣-مسند الإمام أحمد بن حنبل المؤلف: أحمد بن محمد بن حنبل (١٦٤ - ٢٤١ هـ) المحقق: أحمد محمد شاكر

٤-المستدرك على الصحيحين المؤلف: أبو عبد الله محمد بن عبد الله الحاكم النيسابوري

٥-مناقب الشام وأهلها في الكتاب والسنة وآثار العلماء، للشيخ أحمد بن عبد الحليم ابن تيمية.

٦- نصب الراية لأحاديث الهداية مع حاشيته بغية الألمعي في تخريج الزيلعي

المؤلف: جمال الدين أبو محمد عبد الله بن يوسف بن محمد الزيلعي (ت ٧٦٢هـ)

٧-فتح الباري بشرح البخاري المؤلف: أحمد بن علي بن حجر العسقلاني (٧٧٣ - ٨٥٢ هـ) رقم كتبه وأبوابه وأحاديثه: محمد فؤاد عبد الباقي.

٨-تاريخ مدينة دمشق، وذكر فضلها وتسمية من حلها من الأماثل أو اجتاز بنواحها من وارديها وأهلها/ أبو القاسم علي بن الحسن ابن هبة الله بن عبد الله الشافعي المعروف بابن عساكر (٤٩٩ هـ- ٥٧١ هـ)

٩-صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان المؤلف: محمد بن حبان بن أحمد بن حبان بن معاذ بن مَعْبدَ، التميمي، أبو حاتم، الدارمي، البُستي (المتوفى: 354هـ)

١٠-البداية والنهاية المؤلف: عماد الدين أبو الفداء إسماعيل بن عمر القرشي الدمشقي المعروف بـ (ابن كثير (ت ٧٧٤ هـ)

١١-كتاب المقدس . العهد القديم - الإصدار الثاني ١٩٩٥ ، الطبعة الثلاثون. جمعية الكتاب المقدس في لبنان.

١٢-صحيح البخاري المؤلف: أبو عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري الجعفي المحقق: د. مصطفى ديب البغا

١٣-أسباب نزول القرآن المؤلف: أبو الحسن علي بن أحمد بن محمد بن علي الواحدي، النيسابوري، الشافعي (ت ٤٦٨هـ)

١٤-: تفسير الطبري = جامع البيان عن تأويل آي القرآن المؤلف: أبو جعفر محمد بن جرير الطبري (٢٢٤ - ٣١٠ هـ)

١٥-صحيح مسلم المؤلف: أبو الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (٢٠٦ - ٢٦١ هـ) المحقق: محمد فؤاد عبد الباقي [ت ١٣٨٨ هـ]

١٥-تفسير القرآن العظيم المؤلف: عماد الدين أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقي (ت ٧٧٤ هـ)

١٦-أطلس الأديان: سامي بن عبد الله بن أحمد المغلوث

١٧-أطلس تاريخ الأنبياء والرسل:سامي بن عبد الله بن أحمد المغلوث

١٨- أطلس الحملات الصليبية على المشرق :

سامي بن عبد الله بن أحمد المغلوث.

١٩-المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج المؤلف: أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت ٦٧٦هـ)

٢٠-سنن أبي داود المؤلف: أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني (ت ٢٧٥ هـ)

٢١-السنن الكبرى المؤلف: أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب النسائي (ت ٣٠٣ هـ) حققه وخرج أحاديثه: حسن عبد المنعم شلبي

٢٢-سنن ابن ماجه المؤلف: ابن ماجة أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني، وماجة اسم أبيه يزيد (ت ٢٧٣ هـ)

٢٣-المعجم الكبير المؤلف: سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي، أبو القاسم الطبراني (ت ٣٦٠ هـ)

٢٤-المعجم الأوسط المؤلف: أبو القاسم سليمان بن أحمد الطبراني (٢٦٠ - ٣٦٠ هـ)

٢٥-مجمع الزوائد ومنبع الفوائد المؤلف: أبو الحسن نور الدين علي بن أبي بكر بن سليمان الهيثمي (ت ٨٠٧ هـ)

٢٦-مسند أبي يعلى المؤلف: أبو يعلى أحمد بن علي بن المثُنى بن يحيى بن عيسى بن هلال التميمي، الموصلي (ت ٣٠٧ هـ)

٢٧-الكامل في ضعفاء الرجال المؤلف: أبو أحمد بن عدي الجرجاني (ت ٣٦٥ هـ)

٢٨-سنن سعيد بن منصور (ت ٢٢٧ هـ) دراسة وتحقيق: د سعد بن عبد الله بن عبد العزيز آل حميد الناشر: دار الصميعي للنشر والتوزيع

٢٩-المصنف المؤلف: أبو بكر عبد الله بن محمد بن أبي شيبة العبسي الكوفي (ت ٢٣٥ هـ)

٣٠-إرشاد الساري شرح صحيح البخاري

شهاب الدين القسطلاني (851 هـ - 923

٣١-فضائل الشام :محمد منصور بن عبد الجبار السمعاني .

٣١-سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها المؤلف: محمد ناصر الدين الألباني [ت ١٤٢٠ هـ]

٣٢-السنن الكبرى المؤلف: أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي (ت ٤٥٨ هـ)

٣٣-أساطير التوراة والصهيونية" (د. عبد الوهاب المسيري، دار الشروق، 1999).

٣٤-الصهيونية ونهاية التاريخ" (د. أحمد دهمش، مركز الزيتونة، 2010).

٣٥- مقال "الرمزية التوراتية في الخطاب السياسي الإسرائيلي" (د. عادل عامر، مجلة شؤون فلسطينية، العدد ٢٥٦، ٢٠١٥).

٣٦-الاستخدام السياسي للتوراة في إسرائيل" (د. عبد الوهاب المسيري، دار الشروق، 1999).

٣٧- دراسة: "الرمزية التوراتية في المشروع الصهيوني" (مركز الزيتونة للدراسات، 2015).

٣٨-حاشية السندي على سنن النسائي (مطبوع مع السنن) المؤلف: محمد بن عبد الهادي التتوي، أبو الحسن، نور الدين السندي (ت ١١٣٨هـ)

٣٩-معجم مقاييس اللغة المؤلف: أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا (ت ٣٩٥ هـ) تحقيق وضبط: عبد السلام محمد هارون [ت ١٤٠٨ هـ]

٤٠-لسان العرب المؤلف: محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل، جمال الدين ابن منظور الأنصاري الرويفعى الإفريقى (ت ٧١١هـ)

٤١-الأعلام : خير الدين بن محمود الزركلي.

٤٢-القيادات والمؤسسات السياسية في فلسطين، 1917. 1948" (1981)؛بيان بنت عجاج نويهض.

٤٣-الشيخ المجاهد عز الدين القسام في تاريخ فلسطين" (1987)بيان بنت عجاج نويهض.

٤٤-فلسطين: القضية، الشعب، الحضارة:بيان بنت عجاج نويهض.

٤٥-التاريخ السياسي من عهد الكنعانيين حتى القرن العشرين :بيان بنت عجاج نويهض.

٤٦-حياة وأفكار عز الدين القسام"، بحث لسميح حمودة"

٤٧-ثورة الشيخ عز الدين القسام / الكاتب د.عبد الجبار رجا محمود خليلية

٤٨-الحلقات الجهادية وحركة الشهيد القسام

محمد عزة بن عبد الهادي دَرْوَزَة (21 حزيران 1887 - 26 تموز 1984)

٤٩-مذكرات الدعوة والداعية ; امام الشهيد حسن أحمد عبد الرحمن محمد البنا الساعاتي (المتوفى: 1368 هـ) ...

٥٠-الحاج أمين الحسيني، رائد جهاد) ، للكاتب حسني أدهم جرار.

٥١-لحائط الحديدي تأليف آفي شليم ؛ تقديم محمد عبد المنعم ؛ ترجمة ناصر عفيفي

٥٢-الحروب العربية الإسرائيلية ، 1948-1982 حاييم هرزوج ؛ ترجمة بدر الرفاعي.

٥٣-حركة المقاومة الإسلامية حماس: دراسات في الفكر والتجربة:تحرير: د. محسن محمد صالح

٥٤-النبوءة و السياسة: الانجيليون العسكريون في الطريق الى الحرب النووية. تأليف: غريس هالسل. ترجمة محمد السماك. الطبعة الأولى: يوليو 1989م.

٥٥-پەیجی ئیسلام ویب :

٥٦-موقع "شموس نجد"حضارة نبي الله الملك سليمان – المعهد الدولي للدراسات القرآنية"

٥٧-فيض الباري على صحيح البخاري"أنور شاه الكشميري" (ت 1933):

٥٨-تفسير "تفهيم القرآن"ابو الاعلى المودودي" (ت 1979):

٥٩-المسيح الدجال وأسرار الدولة العالميةدار الإيمان، 2007)/الدكتور "عمر عبد الله كامل

٦٠-عصر الظهور" (دار المعروف، 2003/الشيخ "علي الكوراني

٦١-استشراف المستقبل/الشيخ أحمد ديدات.

٦٢-نهاية العالم" للدكتور محمد العريفي (دار الحضارة، 2009)

٦٣-الاستشراف المستقبلي في الإسلام" للدكتور جاسم سلطان (مركز الجزيرة للدراسات، 2012).

٦٤-المهدي المنتظر في الفكر الإسلامي" للدكتور علي الصلابي (دار المعرفة، 2010).